24-23

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسی

- دیاریی ژمارە: دوای سەدەیەک، بۆ یەکەمین جار 3 لاپەڕەی خولی دووەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەدۆزرێتەوە
- ڕاپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ کۆنگرەی گشتی سێیەم
- شەشەمین ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی
- لیستی ناوی ئەندامانی کۆنگرەی گشتی سێیەمی سەندیکا

# له ماڵئاوایی کۆنگرەدا

**فەرهاد عەونی**

بەر لە گیرانی کۆنگرەی دووەمی گشتی کە لە ٢٧ – ٢٠٠٧/١٢/٢٩ گرێدرا، بڕیاری خۆنەپاڵاوتنم دابوو، چونکە بڕوای تەواوم بەوە هەبوو، کە سەندیکا کەوتۆتە سەر سکەی پیشەیی خۆی لە چوارچێوەی ئەو دەستە جەمعییەی کە لە پێکهاتەکەیدا هاتۆتە ئاراوە و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ بەتەنیا قۆرخی کار و چالاکی و ڕێڕەوە پیشەییە سەربەخۆییەکەی بە لایەکدا بشکێنێتەوە، کە لەگەڵ دروشم و ئامانجە سەرەکییەکانی نەگونجێ. بڕیارەکەم لەو ڕوانگەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو کە پاش چەندین ساڵ هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە پاش کۆنگرەی دامەزراندن کە لە ٢٧ – ١٩٩٨/١٢/٢٩ بەسترا و دواتریش پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکییەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) و بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەی گشتی یەکەم (کۆنگرەی یەکبوونەوە) لە ١٣ ـ ٢٠٠٣/١٢/١٥ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەم ئەرکە و ئەم لێپرسراویەتییە بۆ خەڵکانی ڕۆژنامەنووسان بوو بە پیشەبوونی ئەم سەندیکا بە جێ بهێڵم. لێرە و لەوێ بابەتی وازهێنانم لەم ئەرکە بە گوێی ئەم و ئەودا دەچرپاند، لە دیدارێکی بەندە و لەگەڵ بەڕێز ؟؟؟؟ کاتی بابەتی ئەم وازهێنانەم لەگەڵ باس کرد.

پاش هەندێ بیرکردنەوە گووتی: (ئەوەی من بیزانم تۆ، ڕۆژنامەنووسێکی بە شێوازی کار و ئەرکەکانی سەندیکا سەربەخۆییەکی تەواوت داوەتە سیمای ئەو ڕێکخراوە، ڕۆژنامەنووسانیش بە جیاوازی بیر و ڕای سیاسی و ئینتیمای نەتەوەییو ئایینیی کۆکن لەسەر مانەوەی تۆ، چونکە هەموو لایەک دەزانن کە تۆ نوێنەرایەتی سەرجەمیان دەکەی و هەوڵت لە پێناوی وەدەست هێنانی ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسان داوە. لە بیرشت نەچێ سەندیکاکەتان ئێستاکەش (دەڵەمەیە) پێویستی بە کاتی دیکەوە هەیە، تاکو بە تەواوی بێتە سەر پێی پیشەیی خۆی، ئەم خوولەش تەواو بکە، کە یاساش ڕێگات پێ دەدا، پاشان بە سەربەرزییەوە ماڵئاوایی لێ بکە.)

وتەکانی ئەم بەڕێزە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە مێشکمدا دەخولایەوە، دیسان ڕا و بۆچوونی چەند ڕۆژنامەنووسێک و چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەم کوردستانەم لێک دەدایەوە، کە هەر هەموویان کۆک بوون بە بەردەوام بوونم لەم ئەرکە. ئەو کاتە منیش لەسەر ڕۆشنایی ئەم کۆک بوونە ناوی خوام لێ هێنا و توانیم بە هاوکاری برایانم لە ئەنجوومەنی تازەی سەندیکا، ئەرک و کارەکان بەرێوە بەرین، سەرەڕای هەندێ لەمپەر و کۆسپی دەست کرد کە بێگومان تا ڕادەیەکی زۆر ماندوو و هیلاکی کردم، بەڵام برایانی ڕۆژنامەنووس، ئەندامانی سەندیکا لە کاتێکدا لێپرسراویەتی ئەم سەندیکایە بۆ برایانی دیکە بەجێ دەهێڵم، سوێندتان لەسەرم نییە، بەڵام ڕێڕەوی کار و چالاکی و شەونخونی و پارانەوەم، کە هەندێ جار تەنازولاتیشم قەبوڵ کردووە (کە هەرگیز لەگەڵ بیر و باوەڕی من ڕێک ناکەوێ) تەنیا و تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئێوەی هاوکارانم، بێ ئەوەی لە هیچ لایەنێک و لەمپەرێک سڵم کردبێتەوە. لەوانەیە لاتان سەیریش بێت بۆ بەرژەوەندی ئێوە و چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان (زەریبەی زۆرم دابێت)، بەڵام دیسان ئەویش بە قوربانی ئێوە بێت، چونکە ویژدانم ئاسوودەیە کە بۆ چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی کە لە قازانجی ئەزموونی گەلی کوردستانە و پاراستنی مافی ئێوەبووە، ڕاپۆرتی گشتی ئەنجوومەن بە هەردوو بەشییەوە (بە داراییەوە) ئەو ڕاستییە بە دیار دەخات کە ئەرکەکانم بە چ ماندووبوونێکی بەرچاو ڕاپەڕاندووە.

# "24-23"

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

kurdistanjournalists.com rozhnamanoos@yahoo.com

### خاوەن ئیمتیاز
- فەرهاد عەونی

### سەرنووسەر
- عەبدوڵڵا زەنگەنە

### جێگری سەرنووسەر
- خالید بەکر ئەیوب

### سکرتێری نووسین
- دوکتۆر ئازاد عوبێد

### دەستەی نووسەران
- ڕەفیقساڵح
- موسەدەق تۆڤی
- هەژار حاتەم
- هێرش ڕەسول

### هەڵەچن و پیتچنین
- یادگار زوار
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- دارا یاسین عەبدولڕەحمان

### نەخشەسازی
- ئەیوب محەمەد بابەکر

### سەرپەرشتی چاپ
- کوردۆ ئەنوەر



ناونیشان: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 255 8111
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| دیاریی ژمارە........................................ | کوردێکی یەکرەنگ | ٣ |
| گۆڤاری رۆژنامەڤانی................................ | ئازاد عەبدولعەزیز | ١١ |
| دەنگی خوێندکارانی کوردستان..................... | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٣٠ |
| رۆژنامەیا کوردیا پێشین.............................. | فەلات دلگەش | ٤٥ |
| وێنە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا.................... | بەختیار پالانی | ٦٣ |
| مێژووی چاپخانە کوردییەکان........................ | غەمبار تەیب عەلی | ٧٩ |
| تیۆرەکانی راگەیاندن و پرسی کەمینەکان.......... | مەلا ئاریان | ٩٥ |
| تیۆرەکانی راگەیاندنی سیاسی....................... | د. حەبیب کەرکووکی | ١٠٣ |
| رۆڵ و بایەخی پلاندانان لەدەزگاکانی راگەیاندن.. | سادق حەمەغەریب | ١٠٩ |
| کوردی ئەردەن و کاری رۆژنامەنووسیی............ | د. محەمەد عەلی سوێرەکی | ١١٩ |
| کاریگەریی لایەنە دەروونییەکان.................... | و: برادۆست محەمەد | ١٣٣ |
| * وێستگەی رۆژنامەنووس........................................................... | | ١٥١ |
| ئەوەش دەستەچیلەی من بۆ هەتاوی کورد......... | د. ئازاد عوبێد | ١٥٣ |
| لە پەراوێزی دەستەچیلەکەی د. ئازاد عوبێد....... | عەبدوڵڵا زەنگەنە | ١٥٦ |
| باری رۆژنامەوانی و رووناکبیری لەشاری کەرکووکدا.... | سمکۆ حەباری | ١٥٧ |
| روونکردنەوەیەک لەمەڕ پێشگۆتنەکەی............ | سمکۆ جەباری | ١٦٣ |
| فەرید زەکەریا........................................ | و: بارام سوبحی | ١٦٥ |
| بەرکولێکی مێژووی راگەیاندن........................ | لاوک | ١٧٤ |
| کورتەیەکی مێژووی ئێزگەو........................... | بەهادین ئەحمەد | ١٨٦ |
| میدیاو رۆشنبیری منداڵان........................... | غازی حەسەن | ١٩٨ |
| سەبارەت بە وتووێژو دیمانە......................... | رەسول سوڵتانی | ٢٠٢ |
| دەستپێکێک بۆ ناسینی راگەیاندنی.................. | عەبدوللەتیف یاسین | ٢٠٩ |
| راگەیاندنی ئیسلامی................................. | هەژار حاتەم | ٢١٥ |
| واقیع و ئاییندەی مەسیحییەکانی عیراق........... | رەوەند پۆڵس | ٢٢١ |
| سوپاس بۆ (ئیحسان موفتی)........................ | ع. زەنگەنە | ٢٢٥ |
| * هەواڵ و چالاکییەکان.............................. | ئا. دیار خالید – جەمال حوسێن | ٢٢٧ |
| * راپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی گشتی سێیەم........................................ | | ٢٥٦ |
| * راپۆرتی شەشەمی لیژنەی داکۆکی............................................... | | ٢٨٩ |
| بەسەرچڵی ژیانی ناکام.............................. | رابەر ئازاد | ٢٩٤ |
| زامداریات............................................ | سەرنووسەر | ٢٩٦ |


ریزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەواڵنامەی کتێب

# دیاریی ژمارە

**◢ کوردێکی یەکڕەنگ = عەبدوڵڵا زەنگەنە**

لە چەند ژمارەیەکی پێشووتری گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**)دا، دواتریش لە زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی ئەو (**رۆژنامەنووس**)ەدا، ئەم گۆشەیە هەبووە و ئیمزای (**کوردێکی یەکڕەنگ**)ی لە پاڵ دانراوە، لە دوو- سێ نووسینی دیکەشدا، بەنموونە کتێبی(**کوردو کوردستان**)ەکەی د.کەمال مەزهەردا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە ئەو ئیمزایە هی(**عەبدوڵڵا زەنگەنە**)یە. خۆشییەکەی لەوە دایە کاتی خۆی برادەرێکی خۆشەویستمان لەناو دۆستانی خۆی توانجێکی خەپۆکەی لە بارەی ئەم (**کوردێکی یەکڕەنگ**)ە فڕێدابوو، گێڕانەوەی لێرەدا دڵان فێنک دەکاتەوە و زەردەخەنە دێنێتە سەر لێوان، کاتی خۆی کە بە تەواوەتی لە (**رۆژنامەنووس**)دا بۆ خۆمان وەکو ئیمزا دامانئابوو، گووتبووی: ئێمە (**چای یەک رەنگ**)مان گوێ لێبووە، بەڵام (**کوردێکی یەک رەنگ**)مان نەبیستووە، بێ ئاگا لەوەی کاتی خۆی ئێمە لە دوای بوونمان بە (**سەرنووسەر**)ی ئەم گۆڤارە، ئەو ئیمزایەمان بۆ خۆمان کردبووە رەسمی، ئەویش لەبەر ئەو ئامۆژگارییەی ئەو بووە کە گوتبووی:( **هیوادارم تەرازووی نێوان لایەنەکان پارسەنگ رابگری و بەرامبەر کەس زمان کورتم نەکەی**). ئەوەبوو دواتر، وەکو دەبینن، وا ئەم داوایەمان هێناوەتە جێ، بڕواش ناکەین کەسێکی وا هەبێ لەم بارەیەوە گلەییەکی ئەوتۆی لێکردبین شایانی باس کردن بێت.

زۆربەی بابەتەکانی ژێر ئەم ئیمزایەش زیاتر لە بارەی هەر ژمارەیەکی دانسقەی گۆڤار یان رۆژنامەیەکی کوردی و جاروباریش پرسێک بووە، بیرمانە بۆ یەکەمین جار هاوڕێ (**مومتاز حەیدەری**)ی سەرنووسەری پێشووی (**رۆژنامەڤانی**) لە ژمارە(٥)دا یەکەمین (**دیاریی ژمارە**)ی ژمارە (١٥ی گۆڤاری (**کوردستان**)ی ١٩١٩ی دانا بوو، دواتریش ژمارە(١) ی رۆژنامەی(**کوردستان**) ی سەردەمی کۆماری کوردستانیان لە ژمارەیەکی دواتردا بڵاوکردەوە، ئەوسا ئەو دوو دیارییە، لە ناو تۆژەران، دەنگێکی زۆری دایەوە، وا دیارە ئێمەش هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە پەرەپێدانی ئەم گۆشەیەمان لە ژێر ئەم ئیمزایەی سەرەوە بەهەند هەڵگرتووە و درێغیمان نەکردووە. ئەوەتا لە ژمارە(١٠) ی (**رۆژنامەنووس**)یش، لە ژێر ناوونیشانی ((**داوەریکردن و وەسیەتنامەکەی پێشەوا قازی محەمەد ..!!**)) بە هەمان ئیمزا بابەتێکی تێروتەسەلمان نووسیوە و دەقێکی ئەو موحاکەمەیە هەڵبەستراوەمان رەتکردۆتەوە کە کاتی خۆی لێرە، واتە لە هەولێر، زۆر بەفراوانی چاپ و بڵاوکرابووەوە.

وا پێدەچێ لەلای هەندێک کەسان هەر شتێک، ئەگەر بنەمایەکی زانستیشی نەبێت، تەنیا پیاهەڵدان بێ و وشە و دەستەواژەی وای بۆ هەڵدەبەسترێت لە هەمووان ئاسانتر بچنە ناو دڵ و دەروونی ناشێیانەوە، بۆیە وەکو ئاگرێک لە پووش و پەڵاش بەربێت،

ئاوەها بــڵاو دەبێتەوە، دیارە ئەوانە هەمووی ئاســایین، بــەڵام دەبــێ چ بــە خوێنــدەوار و توێژەرێــک بگوتــرێ کــە بەبــێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ئەو جۆرە بابەتانە بۆخۆی بکاتە ســەرچاوە و باکیشــی بــە ئاگادارکردنەوەی دڵســۆزانیش نەبێت، ئەوەتا مامۆســتا (**حامید گەوهــەری**)، کــە تاوەکــو ئێســتا لــە بارەی مێژووی کۆماری کوردســتان ئێمە گومانمان لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو نەبووە، هاتووە دەقی ئەو داوەری کردنەی خستۆتە دووتوێی ئــەو کتێبــەی خــۆی کە بــە نــاوی (**کۆماری کوردســتان**)، پەرلەمانــە بەڕێزەکەمــان، بــە پــارەی ئێمە، واتە پــارەی میللەت، بۆی چاپ کردووە، لێرەدا لەگەڵ مێژوونووسان دەڵێین: کاکی خۆم (**لا تأریخ بدون وثائق، واتە: مێژوو بەبێ بەڵگەنامە نابێ**)، تکایە ئەو مێژووە پاکەی جەنابی (**قازی محەمەد**) و (**مســتەفا بارزانی**) ی تێکۆشەرمان لێ لەکەدار مەکەن، ئەوانیش پێویستیان بەم کارە بێ بنەمایانە نییە.

لــەوەش قەباحەتتــر کاکــە حامیدمــان گرفتێکــی زۆر زۆر گــەورەی دیکــەی بــۆ ئێمــە و هاوەڵانمــان دروســت کــردووە، بە تایبەتــی بۆ من وەکو عەبدوڵڵا زەنگەنە، ئەوە مــاوەی پتر لــە مانگێکە پێیــەوە دەتلێیەوە، تا دوواجار ئینجــا بۆمان دەرکەوت ئەو بەڕێزە لــە پشــت ئەو(**تەفرەقــە**)ی نێــوان (**دەزگای ئــاراس**) و (**بنکــەی ژیــن**)ە، کــە لــە ژمارەی پێشــووی(**ڕۆژنامەنووس**)دا باســی پــڕۆژە هاوبەشە جوانەکانی نێوانیانمان کردبوو، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەو بەڕێزە بووەتە هۆی دابڕانی ئێمە لەگەڵ بەرپرسی(**دەزگای ئاراس**)، کە تاوەکو ئەو گرفتە دروست نەبووبوو ئێمە وامــان دەزانی(**بــەدران ئەحمــەد حەبیــب**)ی هاوکارمان و بەرپرســی ئەو دەزگایە بەکەس هەڵناخەڵەتــێ، لەو لاوەش کەلێنێکی بە قەدەر دەربەنــدی بازیانــی خســتۆتە نێــوان ئێمە و برادەرانی (**بنکەی ژین**). هەندێ دەپرسن کاکە مەســەلە چییە؟ ئەوەتا کاکە حامیدمان وەکو بڵێــی هەنگوینی لــە قەڵشــی دار دۆزیبێتەوە، دوای چــوار ســاڵ لــە لەچاپدانــەوەی (٨١) ژمارەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی سەردەمی کۆمــاری کوردســتان، بەو شــێوە جــوان و ناوازەیە، تازە بە تازە هاتووە هەڵەیەکی چاپی تێــدا دۆزیوەتەوە،گوایــە ئاشــکرای کردووە لاپــەرە(٣)ی ژمارە (٢٢)ی لە شــوێنی هەمان لاپەرە (٢٣)دا دووبارە بۆتەوە.

لێــرەدا بــەر لە هەر شــتێک دەمــەوێ بە خوێنەران و کاکە حامیدیش بڵێین لە دۆزینەوەی ئەم هەڵەیە تەنیا خۆمان مامۆســتاین، چونکە دوای تەواوبوونی چاپــی کتێبەکە ئێمە دوای چەند ڕۆژێک هەستمان پێی کردبوو، ئەوەبوو بە بێ ئەوەی لای کەســێک بیدرکێنین یان لە ســەندیکای ڕۆژنامەنووســان بــۆ ئــەم کارە پرس بە کەس بکەین، لە ژووری کۆمپیوتەری گۆڤــاری (**ڕۆژنامەنووس**)دا کارمەندێکی تازە دامەزراومان بە تایبەتی تەرخان کرد تا هەموو ژمارەکانــی ڕۆژنامەکــە بە ڕێنووســی نوێ بنووســێتەوە، دیارە ئەو کارەشمان لەوساوە تاوەکو ئێستا بووە جێی پرسیاری هاوەڵانمان لە (**دەســتەی نووسەران** )ی (**ڕۆژنامەنووس**) و تەنانــەت نەقیبــی ڕۆژنامەنووســان و کارمەندانی دیکەش، بە تایبەتی (**یادگار زوار**)، کــە ئــەم کارەی پــێ ســپێردرابوو، ئەوەبوو زۆرجــاران ناڕەزایــی خــۆی لــەم کارەمان نیشــان دەدا، چونکــە زۆر پێیــەوە مانــدوو دەبوو و ئێمــەش، لەپاڵ مەرامە تایبەتییەکەی خۆمان دەمانەویست فێری کاری کۆمپیوتەری بکەین، بۆیە کە ئەو چەند جارەی دەیەویست لای نەقیبی ڕۆژنامەنووســان شکایەتمان لێ بــکات، نەک هــەر گوێمان پێی نــەدەدا، بەڵکو زیاتر هانمان دەدا، ئەوەبوو جارێکیان نەقیبی ڕۆژنامەنووســان، سەرســوڕمانی خۆی لەم کارەمان دەربڕیبوو، تاوەکو ئەم ساتەش پێی نەزانیوە ئەم تایپکردنەوەمان بۆچی بووە؟

لــەوەش قەباحەتتــر کاکە(**گەوهــەری**) مــان هاتــووە دەڵــێ: هەبــێ و نەبــێ ئــەوە ســەڵاحی موهتەدی، کە نووسینێکی لە بارەی حەســەنی قزڵجی لە کتێبی (**کوردستان**)ەکەدا بڵاوکراوەتــەوە، هەروەهــا عەلــی کەریمــی و نەوشــێروان مســتەفا گوایە ئــەو هەڵەیان بــە مەبەســت خســتبێتە دووتوێــی کتێبەکە، ئیحتیمالی ئەوەشــی بــۆ دانــاون گوایە ئەمە

لەبەر (**نوطقێکی محەمەد مەحموود قودسی**) بووبێ، کە ئەوسا لە جیاتی جەنابی (**مەلا مستەفای بارزانی**)، لەبەرامبەر جەنابی پێشەوا (**قازی محەمەد**) خوێندوویەتیەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی کەلەژێر ناونیشـــانی (**نوتقی محەمەد مەحموود ئەفەندی لە رۆژی هاتنی مەلا مستەفا لە حزووری حەزرەتی پێشەوای کوردستاندا**) بڵاوکراوەتەوە:

**پێشەوای موعەزەم**

**گەورە بەڕێزەکانم**

**بە نـــاوی کـــوردی وریابـــووەوە لەژێر ماوەی پەیڕەوی کۆتی زەبربەدەســـتی، بە ناوی ســـەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان، شۆڕشی بەرهەڵستی سەرگەردانی، شۆڕشی نەهێشـــتنی زوڵم و ئیســـتبداد، زۆر باش پێشکەشی دانیشـــتوانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم، کـــە ئاڵای پیرۆزیان لە ســـێیەکی نیشـــتمانیی گەورەدا بڵند کردووە بە ناوی خوێنی پاکی گەلی کۆششـــکەرانەوە کە لە مەیدانـــی ئازادیدا پێشکەشـــیان کردووە، هاوارتان دەکەینی کە ئـــەم بەرە پیرۆزە و ئازادی و ســـەربەخۆیی پـــێ بگەیەنن. بە ناوی فرمێســـکی چـــاوی بێوەژنان و ئـــاە و نالینـــی هەتیوانـــەوە هاوارتان دەکەینـــی کـــە پەیمانـــی حقووقی گەل بدەن، ئیقتیصادیاتی بپارێزرێت، پشتی فەرهەنـــگ بگرن بـــە پەروەردەکردنێکی گیانی دیموکراتییـــەوە، پارێزگاری لە دیموکراتی بفەرموون کەمە کەمە ڕێگەی پێشخستنی گەل و سەربەخۆیی نیشتمان و رویشتنە بەری وەیە لە گەل کاروانی گەلانی ئـــازادی بەرەو تەواوەتی و مرۆوانی.**



نطقی محەمحمود افندی لەرۆژی هاتنی مەلامصطفی لە حضوری حضرتی پیشوای کوردستاندا

محمد صلی الله علیه وسلم

**وێنـــەی ئـــەو لاپەڕەیەی ژمـــارە (٢٣)ی رۆژنامەی کوردستان، کە گۆیەندەکەیان پێ ناوەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٢دا ئێمە لە ئازاد گیوی موکریانی-مان وەرگرتووە**

**بێگومـــان لەبیر ناکرێـــت کە حکومەتی کوردســـتانی ئازاد هێشـــتا لە یەکەم قۆناغیەتی وە کۆششی ئێوەی پێ دەوێت، بۆ ســـەرکەوتنی کوردستانی مەزن و رزگاربوونی و یارمەتی گەلیشـــی پێویستە ئەو بەشـــانەی نیشتمانی مەزنمان کە لەژێر دەســـتی بیگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بڕیوەتە یارمەتی ئەو ئاڵایە کە لەســـەر ئەم حکومەتە دەشەکێتەوە، دەیەوێت بێتە ژێر سێبەرییەوە، لە پیاوەکانی حکومەت دەخوازن کە براکانیان لەو پەیوەندی ئاسنینە رزگار بکەن کە تیدا دەناڵێنن.**

**پێشەوای موعەزەم: گەورەکانم.**

**ئەو سیاســـەتە حەکیمە جوانەی کە حیزبی دیموکراتی**

**کوردستان لەسەری رۆیشت و سەربەخۆیی نیشتمان و ئازادی کوردی وەرگرت، ئامادەیە کە بچێت بە هاواری نیشتمانی گەورە و گەلی کورد سەرتاپا رزگار بکا.**

**لەم کاتەدا، لە هەموو کانی دڵمانەوە و یاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شەخسیەتی کورد، ئەو شەخسیەتەی کە گەلی کورد بە بیری بەهێزی و سەرکردەیەکی حەکیمانەوە بە رێگای دیموکراتیدا برد و گەیاندییە سفرەی ئازادی، بە کۆششێکی عەبقەری و عەزمێکی قایم و سەرکردەی دیموکرات، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد، خۆمان پێشکەش دەکەین. با هەموو پێکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی موخلیسی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیموکراتی، بژی پارتی ئازادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیموکرات، بژی نیشتمانی مەزنمان بە سەربەخۆ و ئازادی، بژی یەکێتی سۆڤیاتی مەزن هەتا بی گەلانی خۆشبەختی ئازادی و سەربەخۆ بی.**

تا ئێرە دیسان هەموو لێکدانەوەکان ئاسایین، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو لوغزەمان بۆ حەل نەبووە، تۆ بڵێی تاوەکو ئێستا ئێمە سەرچیغ چووبین یەکێکی وەکو کاکە (**بەدران ئەحمەد حەبیب**)مان حسی رۆژنامەنووسی وەکو ئەوە نەبێ کە تاوەکو ئیستا ئێمە بۆی چووبووین. هەرچی برادەرانی (**بنکەی ژین**) یشن، وا دیارە بەم دواییانە ئەم هەواڵەیان پێ گەیشتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە کۆرێکی رۆژنامەی (**بارزان نیوز**)دا کە بەگژ ئەو بابایەدا چووینەتەوە و بەرگریمان لە جەنابی (**بارزانی مستەفا**) و راستی کردووە، د.نەجاتی عەبدوڵلاش، کە لە کۆرەکەدا ئامادە ببوو و بەچاوو گوێی خۆی بینیبووی و بیستبووی زۆر بەبێ دوودڵی بەرگری لە راستی دەکەین، چووە بۆ لای ئەوان و شەفاعەتی بۆ کردووین، ئینجا ئەوانیش دڵیان نەرم بووە و لە کەلی شەیتان هاتوونەتە خوارەوە، ئەو دیارییە دانسقەیەی خوولی دووەمی رۆژنامەی (کوردستان)یان بۆ ناردووین کەوا لێرەدا دەیخەینە بەردەست ئێوەی خۆشەویست.

بە تەمابووین هەموو دەقەکانی ئەو رۆژنامە تازە دۆزراوەتان بە رێنووسی نوێ بۆ بنووسینەوە، بەڵام دەبێ ئەم ژمارەیەی (**رۆژنامەنووس**) بەر لە ٢٠١١/٢/٢٢ بۆ کۆنگرە ئامادە بکرێ، بۆیە تا ئێستا نەکراوە ئەو حەزەمان بێنینە دی.

دەبوایە کاکە(**حامید گەوهەری**)مان ئاوەها وەکو برادەران، وەکو چۆن ئەوان ئەو چەند لاپەرەیەی خولی دووەمی رۆژنامەی (**کوردستان**)یان دۆزییوەتەوە، ئەویش ئاوەها لە دەرەوە خەباتی بکردبا و ژمارەکانی دیکەی (**کوردستان**)ەکەی سەردەمی کۆماری بۆ بدۆزیبایناوە، نەوەکو بێتەوە لە کوردستان ببێتە میوانی میللەت و ئاوەهاش دڵی ئازیزانمان لە یەکدی برەنجێنێ.

هەرچی کاکە (**بەدران**)مانە، شانازی پێوە دەکەین کە جارێکیان لە پێش مامۆستا رەفیقی سەرۆکی بنکەی ژین و خۆمدا گوتی: (**ئەو عەبدوڵلا زەنگەنەیە هیچ خێری بۆ ئێمە نەبووە، بەڵام ئامۆژگاری چاک و جوانمان دەکات**)، بۆیە وا جارێکی دیکەش ئامۆژگاری دەکەینەوە و دەڵێین: حەزمان نەدەکرد ئەو ئاوەها بە مستە ئاوێک بکەوێتە مەلە.

جارێکی دیکەش دۆزینەوەی ئەو چەند لاپەرەیەی ژمارەکانی خولی دووەمی کوردستان لە هەموو لایەک پیرۆزبێ .

با ئەو چەند دێرەی سەرەوەشمان دوایین نووسینمان بێ لەم گۆشەیەدا، چونکە دەمێکە پڕ بەدڵ حەز دەکەین ئەو ژمارانەی دواتر یەکێکی کارامە و لێوەشاوە ئەو مەسئولیەتەی (**سەرنووسەر**)ی لە کۆڵ ئێمە بکاتەوە و (**رۆژنامەنووس**)یش هەر لە پێشکەوتن دابێت.

دواجار بە نەقیبی رۆژنامەنووسان و ئەنجومەنی سەندیکا و هاوکاران و هاوزمانە خۆشەویستەکانمان دەڵێین: ماڵئاوا (**رۆژنامەنووس**)، خولی دادێ و لەدوای کۆنگرەی (٣) دیمانەت بەخێر.

**دۆزینەوەی چەند لاپەڕەیەکی**
**دووەم خولی ڕۆژنامەی "کوردستان"**
**(ئەستەمووڵ، ١٩٠٨)**

بنکـەی ژیـن، کـە ئـەرك و ئامـانجێکی سـەرەکیی پەیـداکردن و کۆکردنـەوەو پاراسـتن و بووژاندنەوەی سامانی ڕۆژنامەوانیی کوردییە، هەر لە سەرەتای کاریەوە تێ کۆشاوە بۆ دەست خستن و بڵاوکردنـەوەی زۆرترین ژمارەی —بەتایبـەت— ڕۆژنامـەو گۆڤاری کۆنی کـوردی، لـەو ڕووەوە —خۆشبەختانە—، بە هاوکاریی دۆستان و خەمخۆران، خزمەتێکی بەرچاوی کردووەو کەلێنێکی دیاری مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیی پڕ کردۆتەوە.

دۆزینـەوەی ژمارەکـانی دووەم خـولی ڕۆژنامـەی "کوردسـتان" کـە پـاش ڕاگەیانـدنی مەشرووتییەتی عوسمانی لە (١٩٠٨)دا، لەلایـەن ئەحمەد سورەییا بەدرخانـەوە لـە ئەستەمووڵ دەرچووە، یەکێك بووە لە هەوڵەکانی، کە ئەم ڕۆژانە بە خۆشحالییەوە بەو ئەنجامە گەیشت کەوا سێ لاپەڕەی هەردوو ژمارەی (٣،٤)ی ئەم خولە لە سەرچاوەیەکەوە—خوا کاری ڕاست بێنێ— دەست کەوت و ئێستا لە هەوڵی بەدەستهێنانی تەواوی ئەو دوو ژمارەیەو ژمارەکانی دیکەیدایە. بۆیە وا بۆ یەکەم جار ئەم سێ لاپەڕەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرواران بە هیوای ئەوەی وا سەرجەمی ژمارەکانی لە داهاتوویەکی نزیکدا پەیدا بکرێ.

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

٢ی شوباتی ٢٠١١

لەوانەیە نەکرابێ وەکو پێویست ئەم لاپەڕانەی دیارییەکەمان بە کۆمپیوتەر پاک بکەینەوە، هەر تۆژەر و ڕۆژنامەنووسـێک، بیەوێ هەر سێ لاپەڕەکە وەکو خۆی ببینێ دەتوانی سەیری ئەو ماڵپەڕەی بنکەی ژین بکات:

bnkaizhin@yahoo.com

ئەمەش دەقی ئاگەدارییەکە لە ڕۆژنامەکەدا هاتووەو وەکو نموونە هێناومانەتەوە.

کوردستان

مالباتا ئەمیر بەدرخان ژ قەنجیا کوردان دلخۆشـی ژ خراپیا کوردان دل ناخۆشـی دبن. مەقسەدا دەرخستنا ڤی جەریدەیی ژی سـەلامەتا ولات رایە چ قەنجیا ژ دەستی مالباتا ئەمیر بەدرخان ببت وی بکن هون ژی حالێ ولات ژ مەرا بنڤیسـن دا ئەم بزانبن چاوە خدمەنی ژ ولاتێ خۆرا بکن.

ت خوشیا كسی نامینت خابك زار دبن خلبك
ـو دكوژن دبت سیبا خسارا آخرت و دنیایی
وك ژنك زار وپریشان دبن. نیاری حتامرنی
ی دبت .

زیر فان حالی خراب چقا كتبی ز آلی بی
دی هاتنه آری كارنی امر دكیت . اطاعت
ناف امری لسرمه فرضه دفی فی امری توجارا
زبیر نكن و كی آری كرن لناف خلكیده
اسه و هوقا سال پریشانی غریبی فقیری زلیلی
شتن نه دبی مالا خلكی خراب نه‌دبی . حمدی
ودیره بكن آزادی كت دستی معده . باش
آری كرن و تفاق خوشترزی دبت دفی ام
ی قدری فی آزادی‌یی بزانین آری هفدو بكن
بیژن اف ارمنی‌یه اف قتولیكه .

فرق نكن هون حمی مروفی ولاط كنه
ناف وده دائما تفاق وآری كرن هبت
ك هون هرآری هفدو بكن ولاطی ده بی
لك حتا قیامتی معمور .و مسعودبت ظلم
ستبداد توجا نابیت زاری وفقیری نامینت وكی
قی وآری كرن ناق بینا و دبت صنعت ومعرفت
ی وی حاصل بیت هون حمی زی دولمند بین
تاج كسی نابن فی حاجتی صاغی هبت آری كرن
آری كرن تفاق هرتفاق .

فی جا ام بحكی زی بحنا سبیا اری كری بكن
آری كرن چاوه حاصل دبت .

وك از زانم كس مالی كسی نخوت كسی تعدابی
كی نكت كسی دلی كسی نشكینت كی مروفی
وری استبدادی مالی یكی خواربت یان حق وی
ت یان دلی وی چیكت د او حق لی حلال بیت
لی خوده نیاری نه هیت چقا قنجی زدست
روف بیت آری كاریا هفدو بكیت امری خودی
یغمبر قانونا عثمانی توجا زبیر نكیت ولی اطاعتی
كین دیك دل وجان بن

دفی ام بحنا اری كرنا عمومی زی بكن ام
ج بزانن تفاقا عمومی زمره فرخه كسی نه‌بیژه
ی تركه كسی نه بیژه اف عربه كسی نه بیژه او
نوده كس نه‌بیژه اف چركسه كس نه بیژه اف
زه كس نه بیژه اف بوشناقه كس نه بیژه اف
ه‌یه بیژمن ام حمو برانه آری كاریا فان حمیا بكیت
ی ملت بنی نافی عثمانیده خوبی تفاق و محبت
ن كنكی یك دوملتا خو دان آلیكی استبداد
پریشانی ظلم وتعداوك بری مه‌حمیا خراب وزار
كیت . زبر فی سبی تفاق هرتفاق حتی عاقبتی‌وكی
فاق هبت توفیقا خودی.زی وی هر هفالبت .

لاوی امیر بدر خان

امین عالی

لكردستانی بچی‌هنه

بلی ولاطی خوه بجوبنن : براینده‌و . كالك
مردن كرد هنه خوندایی وزیهاتینه . عمری خوه
لغربتا بوراندنه . حمی تشتا وزانن . ایكی زوان
ولاطی‌یه خوه‌ده‌خبركی ریكن. بخو ازن ویدری.
اوی بجیه . فكره چه‌ممدن هنه انساو ولاطده
صرف‌دیه . ای نهوره امتیازاوی بخوازه وبدست
درایناوی تنه‌بكه. زوی زی‌فانداه مزن أوه‌پره‌بن
ولاطیا لولاطده‌ای بمینه . زارین كروازی‌این‌لولاطه
ایشا بنین . ایدی خوه ناویژن غربتا . فابن
اسیری‌نه توا .

پاشی زی‌ای‌روزك‌بی . دولتی وان‌حمیا چیكه .
هر آلی‌یه ولاطوی شمندوفر بجی .

مثلا نهولوانی فابریقه‌ك یا آری‌ویا قماشی‌چیكن.
نیزیك واندرازی معدنكی كوری بینن . بشغلینن.
بزرحفه ژهه‌یاوی پزی قماشاچیكن . شونا قماشی
جاین خوه‌زدر بینن بكرن . هنده‌پره بدن . هونی
هریاری خوه بفروشن . زوی فانداوه‌بی ببه .
زاروین زارای دركه‌ون دشتی كیاهن بویایی ویك
بدن بفروشن اوزی زوی ای برابدن‌هو . میرین
بی‌شغل این لوان فابریقا بشغلن نفقاروژا خوه‌وی
دریخن . وبلكی‌زیده دریخن . روزك‌بی‌بین خوی
.ا.ل ونوال . كنجی هرتی لوندری نقنج بفروشن
هونی قماش وآری دنهوارزان تركرن . اوحمی
فانده‌یی‌ونه‌كی ولاطیا بزمانكی هنده كده‌دولخنده كن.

هن عردی ولیط نه‌ای چاندنی‌یه لی‌بارامزن
فی‌چاندن وقنج محصول دده . عردی لناو فرات
و دجله‌یی . عردی جزیره‌وه قابلی زراعتی‌یه .
زعردی نوالانیلی چنتره. لی‌چاندنی زی‌قنج‌زانی.
بعادتن بری دكرن . دوی ام وان عادتا بردن .
نهو عادتن قنجوبفاندمهنه . اموان بكبدن وچاندنی
ولی‌بكن . هنكه هكه نهو لسری صداده بیت بی
لسری صدا بجی بیت .

عجیا حكومت زی كنكی وی‌بنت بیراخوه
لولاطی كردازی مكتبن صنعت وچاندنی وكت .
هكه دولتی مكتب لواندراوه‌كر . كوجه زی
بعلماندنا . چاندن كالك بیا . هنكی فاندا حكومتی
زولاط ژنهو زیده‌تر ، كلك زیده‌تره‌دبی .

بوی كبره‌ژی اوایشن‌مه‌كوتی ، بی آری كاریا
حكومتی نابت . دوی دولت آری كرد ابكت .
هنكی اوحمی ای‌بین وقنج چی‌ببن .

## ولاطی دوی چاوه بن

بری چند روزكی عبداه ذهدی بك خوبی
یكی غزته‌یی : بانكلیز كی‌خون قلم خورت شتغلیه .
انكلیزی كوتی‌بی :

ترق بكی . بری‌حمیادوی هشی ولاطیاتریبه بكن
ومزن بكن انكلیز بیاپوریی خوی شری‌ناوداه
لناو دولتاده ژحمیا خورترین . اودولتا خورت
ومزن زیاپوریی خوزیده پشتاخوه بهشی خلكی
خوه قایم دكت و بهشی وان سر بلند دبیت . این
ایشی وی دولتی چید كت . بی‌چاو لایشی وی‌و.
دكت ودده چیكرن حمی‌هشی خلكی وچاو وكریتا
خلكی وینه . لویدری وكی ناظرك ژوان روتینه
مزلا ایشی خوه‌ده دوشفله دزانه‌كی چاوی خلكی
حمیا لسروی وكری به . ده ایدی یكی هولی‌بزانه
كو حمی خلك بهشن وجاودانه سرحركتن وی .
توجا دكاره تشتی خراب بكه . او پیكاهتنا مزن
زوی دولتا خورت ومزن تنیره‌یه . خلكی دولتا
فرانسز كلك مروین بلزن ، زتشتنك كجك خوه
دین دكن ، زهشی خورت پتربی لزبینه دكهون .
خراین هاتی سری وی دولتی حمی زوبكی بی
لی اوان زی اوخرابی لخوه دی وزانی .

دست هلانینی ، شغلین دابردن . ریك قنج
وبفانده‌بكرنی . نهوایدی زحمی تشتاره قنج فكر
دكنی . بی‌خبری ناكهون . برنهویك زوانی قنج
بیژه ، آن قنج بنویسه ادبی زاخربیا ناظركی
دشتفلی ، ونویسی . هما اوخلك لهود كه‌تی .
تكلهودبین . ناظرتی خوه‌حمی دكیهاوتی
نهونه ومیه . كی‌بوی‌وكه‌دوی ابیژه» دنویسه‌اوتی
كوه‌ددنی . هكه خبری‌دی‌راست‌بت، دبژن‌راسته.
زدولتاخوه‌وی تشتی دخوازن . هكه‌نه وان‌خبر
بشنوه داویژن وكوه نادنی .

دولتا آلمانیایی‌زی دولتكی زقنجیاخلكی‌خوه
وزبلندیا حكومتا خوه‌كالك دشفله . وی‌دولتی
هرهشی خلكی لسرمرانی‌یه ولسرعسكرلی‌یه خوبی
كریه . مروان بینه دبیژه‌فی حمی عسكرن .
قومانداری‌دائری حكومته. لی‌نهواوزی‌سرخوه
هاتن . زانین‌كی مرانی تی ایش‌نا كه . خوه‌بهش
كرن ، دا ایش بمرانی‌یه زی‌نبت بكارنی بكن .
ایدی هون عثمانلی‌زی محتاجی‌هش وحكمتی‌نه .
دوی هون‌هردست هلینن . بیژن بشقلن واهشی
ولاطی‌یه خوه روخایی بكن . قنجی وخرابی‌یه
بزانین . برمانكی سیس كوندی وبازاری بزانن .

پاشیاوی هیه

## اعلان

اخوت مطبعه‌سنده بودفعه‌طبع اولنان كتابلر

| | |
|---|---|
| ( نخبة‌الفكر ترجمه‌سی ) | اصول حدیثدن |
| ( بیك ایكیوز حدیث شریف ) | كتب نادره‌دن |
| ( روش ورد ) | اسماء حسنا شرحی |

هربری اوچر غروشه‌در .

احمد ثریا : مطبعهٔ اخوت

صحیفه ٤ کردستان عدد ٤

## کردستان

غزته وعائله‌مزحقنده ابراز بیوریلان توجهاته تشکر ایده‌رز . طلب ایدیلان پروغرام وسائره بوپوسته ایله کوندریلدی . عفو عمومی مسئله‌سی ایچونده داخلیه نظارتنك اهمیتله نظردقتنی جلب ایده‌رز .

## نصیحتا مالباتا امیر بدرخانه ژبو حمو کردا تفاقی

تفاق پیروزی‌یه سبی خوشبی وراحت وقوت وسرفرازی وسلامتا ولاطی‌یه تفاق نه یارا زار دکت بیتفاق سبی خرابیا مال ودین دنیایی ولاطه وقوم وعشیرت وملتایه کی توجها ضرر ژی تفاق نه دیتیه عاقلا ژی هولی کوتینه اکر قوم وعشیرت به تفاق بونا سرا یلدزی هولی ام به تالانی وکوز تنای وی بدانا

هن رتبهٔ فردانه وه هون بردانه هف وکو دیکلوکا هون ژی خرابی بیفه توفانده نه کهشت وه‌ونه کها ولاط

تفاق مروفا ژی ظلما خونکاران امین دکت حق سیدالصادقین فرمان کریه (یداه علی الجماعته) مقصدا فرمانا [illegible]

وقدرتا خدی هافالی تفاقایه قیجا چرا امدستکیری وهڤالی وامری خدی بردن ریا شیطانی بکرن رضا خدی ویاعفدا لتفاقیدایه ژی بیتیفاقی ولاطده بونه‌مایه حموغریب وژار بونه کتنه ولاطه وکوندن خلکیده ژی نا کسانرا حمالی دکن ژنو زاروك زارو ربن بونه ادبا زامه کهشتیه کالی ژبو خدی انصاف بکن

ای کلی بك ومازن وآغاین کردا تفاق بکن نه هلن شقاق ونفاق ببه ایدی بسه هونژی وکو خلکی مکتبا فکن زاروا بعلمین صنعت وخوندنی قدری سیدا وملا بزانن بی‌سیدا ریا قنج وندا دبت جهل ونازانین زیده دبت نه هلن کمی بت وقارو کالاسیدا هرژی زده‌یاوانر بشوغلن قدری زیده بدن‌وان سیدا رهبری دین وقنجیا دنیا یئه (العلماء ورثت الانبیا) سیدا وملا وارث انبیا نه خدی ژی قدری سیدا بکرن فرمان دکت

اوشفلی درحقا مفتی جزیره یده بویه عاره بیفهتیك مظنه ژی بوحمو کردان تودین وناموس قبول ناکن خدی زی نه راضی‌یه او شفلی نه قنج بویه سبی شرمیا حمو کردا

ای قوم وقبیله وعشیره‌تن کردا ریا باب وباپیرا برنه‌دن حمیت وشجاعت وناموس وجامری وصداقت عدالت وراستی ژی باب وباپیرا ژی مارہ میرانه مازن خو دفی مروف هر مازن بزانت مازنژی [illegible]

باب کوری کوربابی دکوزه برابرای خومام برازی برازی مام خووکوزه کس کسی ناپاریزه رحما کس لکسی تونه اف نه‌شفلی مروفانه ولاط خراب بویه نه‌زان زحف بونه بخت وباوری رابویه ادب و معرفت نه‌مایه اف ریباها نه‌رکك قنجه نه لایق نجابتا کردانه

قیجادی امدستی خوزی کوشتنابی زی تالانی وخرابیی بکشن فرقا کسی نه‌کن کرد حمو کردن یك قومن ولاطی دکوندیی خوره خوش ببورین دست دریژیانه کن مال وعرض وآخ وزه‌فی هفودو نه‌بن یك دل بن غیرتا هف دو بکشن ظلمی نه‌کن بلا خدی ژی بوظالمن ظلم دکن لسر ژارا حاضره یادافع البلا .

## غزل

اسمی ته‌یه مکتوب ، ددیوان قدمدا
حرفك قلمی علم بتقویم رقمدا
اشکال وخطی دائرهٔ نقطهٔ عشقن
او نقش مثالی دخیالات عدمدا
میم مطلق شمساحد ، آینه صفت کر[illegible]
لامع زعرب ، برق لغنار عجمدا [illegible]
ساهد دسمائی بهمه وجه بناسی
[illegible]
یك کرت بزانی ، بیکی خال نمائی
آینه باسکندر ، هم جام بجمدا [illegible]
ارواح مقدس شب قدر ، ته‌دخوازن
نورانه‌یه مصباح ، دقندیل حرمدا
داوقت لقائی بته‌حی بن دبقائی
من نقد ، دل وجانی زمانی بسلمدا
یاقوت فروشان شکست بکف آلماسی
اوصفحهٔ آلمانه که نقاش ، قلمدا
شکری ژی خدائی که‌ببدخو (ملا) ئی
اکسیر غمی عشقه نه دینار ودرهمدا

ملاجزری

مطبعا میرا مایه‌الافتخارا کردانه قلب هر بیای کردان قلب وانا ویر مسرور کیریه‌کی حتی نوها اف سروره نه‌دیته وقدرا کردان وعلویت وشرفا وانا بتمامی رویا هرملت دایه خال‌ه کی حتی فی‌وقت ملتا کردان بر چافی هرملتان ویر حقیر بونکی احاق وانان تشبها کردان دیکرین... مثلا کورت میش «کورز کی» ویرضربا مثل دهانین حالبوکه عقل وذکاوت وعلم ودرایت وزهد وصلاحیت وسخاو وشجاعتا کردان تطرانکار نینه وفا کلاما زی لی دیرایتا وانه دلالت دیکه‌کی.. العقل عشرة واحد للاقالیم وتسعة لورائی مانهر وورائی مانهر زی مسکنا کوردانه ایشته حمو کردان لمطبعا میران [illegible]

## باشی ولاطی دوی چاوه‌بی

جریدا درین . کیتباجیکن . دامثلا الاناطولی محمد دایبك ، لکردستانی علوك ، حسنك لباش جوتی خوه بجر وبزانبه محکومتی ، لاستانبولی چه دبت . امروه‌بیژنکی ناظری مالیه‌یی ایرو لمجلسا مبعوثانی زوبر کووقامجوریه تشتن کوتنه . جریدانویس . هائی ولاط . دونه خوندایین کرداتی بزانین . دوی جوتیار وشوانی بزی ژی قنجی وخرابیاوان خبراسح بکن .

آن هکوك بزی هرچه بیت ام بیژن ایثی دولتی یه لسرمبرا وسرچاوا . ام توجا نابن مروه ولاط ژی ژمره نامینه . امی بکوون بن لنك وححی هسی دژمناده .

کلی کردنو ! پیغمبری مه صلی الله تعالی علیه وسلم کوتی یه‌مه هون کریکن . لی هرا یك ژوه شوانی وی کریه‌یه . دوی ام جاو کن . ژوی امری پیغمبر ام بزانین کو . نجك مزن هرا یك ژمه دوی حج خرابیا بینه بیژه وقنجیا ولاط وولاطیاره چه چه هبه نجازه . هکه مه وه کر . حکومت ژی ای بزانه کی مه جاوی بن خوه وکری‌یه ام بهش بینه . ابدی کس نکاره خرابیکی له بکه ژقنجیامه ده چه هبت وی بدن مه .

ژخوه لسروی کی مه اوجریداهه بکرمانجی دردانی و نهو ژی مه درانی . کوه بدن مه . مه ژقنجیا وره دست هلالیه . هکه هون ژی کوه بدن مه . حذی تعالی ـ انشا اه ـ ای جنس مه کرد اژی وه‌که قومین‌دی بلند وسرفراز بکه‌لی هکه نه امی هرزار وربن بن الین دستی خلکی ده‌وه‌که خلامانی .

صالح بدرخان

## اعلان

### ترکجه قصیدهٔ برده شرحی

نام بنامی ، محتویات قدسیت اتسامی قدر خواص شفا ثیه‌سی ده مجرب اهل ایمان اولان قصیدهٔ مبارکه بردهٔنك ترکجه برشرحی ده بوکره اخوت مطبعه سنده تمثیل ایدلدی اخوت کتبخانه‌سنده ارباب عشق ورغبته توزیع ایدلکه باشلانمشدر بوشرح شریف شمدی‌یه قدر یازلمش ، طبع ونشر ایدلمش شرحلردن اولمایوب تألیف اعتباریله قدیم وتمثیل یکیدر . اولجه طبع ونشر اولنان شرحلرك هیچ برینه بکزه‌من .

طرز ترتیبی شو وجه ایله‌در :

١ ـــ قصیدهٔ شریفه‌نك ابیات مبارکه‌سی .
٢ ـــ هر برینك زیرینه کله بکلمه احوال اعرابیه‌سی
٣ ـــ ترکجه معانیٔ شریفه‌سی .
٤ ـــ بربیت فارسی ایله ) علی وجه النظیر ترجمه‌لری
٥ ـــ ترکجه بربیت ایله )

قصیدهٔ برده تدریس ویاتدرس ایدن درسعام وطلبهٔ علوم افندیلر وکندی کندینه مطالعه ایله تفهیم وتبرك ایتمك ایسته‌ینلر ایچون من کل الوجوه مفید ومفیض برشرح شریفدر . هدیه‌سی بش غروش

... دین و طنداشلری ارمسنده حتی
یونون عالم اسلامیتده بربرینه یاردم ایتمك حالنده
یاشایه‌جق اولوردلرسه منافع شخصیه‌لرینه الڭ زیاده
خدمت ایتمش اولورلر بناءً علیه طبیعیدرکه عینی
طاغلر اتکنده عینی ایرماقلر کولر کنارنده عینی
سما آلتنده یان یانه طوغوب بیومکده اولان کردلر
ارمنیلر نه قدر بربرینك منافعنی کوزه‌دیر و برادرانه
اشارلرسه اونسبتده سعادت وراحتلرینی تأمین ایتمش
اولورلر . مسلمدرکه قیافةً بربرینه مشابه اولان
شخاص احوال روحیه‌ده دخی بربرلرینه بکزرلر
کرد وارمنیلرك قیافتنده‌کی مشابهتلرینی کوریورسکز . دیمك‌که بونلر حسیات خصوصنده دخی
بربرلرینه‌بکزرلر و برملتك تمالیسی اوملت افرادینك
نکن مرتبه احوال روحیه‌ده بربرینه مشابه اولسیله
وله بیلیر . دیمك اولیورکه وطنکز سزی خالقةً
بربرینه یاقلاشدیرمش ، یکوجود ایتمش اولدیغنی
ن منفعتکزده سزه بونی توصیه ایدر .

لسانه کلنجه : اوت کرد وارمنیجه‌نك طبیعی
لەرق بربرینه مشابه اولدیغی اشکار اولمقله برابر
ایدی بونلری بربرندن تماماً آیری ایکی لسان
ض ایدەلم ؟ مجبا منافع شخصیه‌مزك تعاون دستورینه
ابت ایتمکله بینمزده دائما صلح وصلاحك
کمفرما اولمسیله حاصل بربریمزله قارداشجه‌سنه
نامقله اولدیغی اکلاشلدقدن صکره کردك بك
رمنینك بك‌برینه‌ملت دیمسی ازیجق عقل وانصافی
لان بر انسان ایچون سبب اختلاف ونفاق
...

شمدی بعضاً اسباب وفاق وبعضاده موجب
ق اولان دین مسئله‌سنه کله‌لم :

تکمیل انسانلرك وعلى الخصوص وطنداشلرك
اد ووفاق اوزره امرار حیات ایلملرینك عمومك
م منفعتی اولدیغنی سویلدك مجبا بوقاعدهٔ کلیه‌یی
جب سعادت بشر اولان شودستوری جامعات
زیه‌نك رهنمای فوزوفلاحی اولان شو حقیقتی
رد ایدیورمی ؟ خیر ! البته ایتمز !

مسلمانلقده خرستیان قارداشلرمزك حقوقنه
وجانه تجاوز ایتمکه جواز ویرمجك ، زره
ار مساعده‌یی ایتا ایده‌جك هیچ برسوز اولمدقدن
ه بالعکس خرستیان ومسلمان حقوقی بیننده
یاً برفرق اولمدیغنه وبر خرستیانك حقوقنه
وز تماماً برمسلمانك حقوقنه تجاوز درجه‌سنده
جرم عظیم اولدیغنه وبناءً علیه بوندن قطعیاً
اولنمسی لزومنه دائر اوامر قطعیه واردر .
ج شبهه ایتمم ؟ که خرستیان وطنداشلرملتده
وب اولدقلری دین برمسلمانك حقوقنه تجاوز
سنه اصلامساعده ایتمزدیك اولیورکه اختلاف

دین ومذهب حقوق افراد بشرك سبان طوتلمه
لزومنی مانع دکل امردر .

ارمنیلرله کلدیه‌یه دوام ایتسه‌لر بر کرده
نه‌ضرر اوله‌بیلیر ؟ هیچ . کردك جامعه کیتمسنده
ارمنی‌یه نه‌زیان اوله‌بیلیر ؟ هیچ بینه هیچ ! !
بناءً علیه انسانلر بیننده نفاق وفسادك وقوعی
حاشا ادیانك ایجاباتندن دکل تماماً وتماماً انسانلرك
تعصب جاهلانه‌سی اثریدر .

ای عزیز وطنداشلر !

امدی کوریورسکزکه انسانك دینك اختلافی
ارامزی آچه‌جق احوالدن اولمدیغی کبی بروطن
اولادی اولمقلغمز ومنفعت عمومیه وشخصیه‌مز
یك‌وجود اوله‌رق یشامغی توصیه ایدر شمدی‌یه
قادار روابط قویهٔ طبیعه‌مزی مع التأسف اخلاله
موفق اولان اولادی باباسندن آنانی قیزندن
قارداشی قارداشندن آیران سرایك افساداتی
سوندرمش اولدیغندن عینی عرقدن اولان کردلرله
ارمنیلرك بوندن بویله بر برینه ال ویره‌رك جان
وکوکلدن برابر چالیشه‌رق اوتوز ایکی سنه‌دنبری
بونجه مظالمه چاتلره لجیه‌لره تماشا کاه اولان او
عزیز دیچاره وطنمزك اعمارینه چالیشه‌جقلرینی
امید ایده‌رم .

عبدالرحمن بکدن صوکره وان مبعوثی پاپازیان
افندی طرفندن ارمنیجه وبدرخان پاشازاده حسین
پاشا طرفندن کردجه ومعلومیان افندی طرفندن
ارمنیجه وخاجاطور افندی طرفندن ترکجه نطقلر
ایراد ایدلمش ومومی الیه خاجاطور افندی دور
استبداده وقوعه کلن فلاکتلرك آرتیق تکرر
ایده‌میه‌جکنی وکرد وارمنیلرك سعادت وطنه متفقاً
چالیشه‌جقلرندن قطعیاً امیدوار اولدیغنی بیانتدن
صکره بدرخانیلره شمدی‌یه قدر ویریلان قوتلرل
نسلرده‌کی افاده‌لرندن وارمنیلرك حقوقنه تجاوز
ایتمکدن قطعیاً توقی ایدلمسی لزومنه دائر کردستانك
بعض رؤساسنه کشیده ایتدکاری تلغرافلردن
ارمنیلرك پك‌چوق متشکر اولدقلرینی بیان ایتدکدن
صکره عبدالرحمن بکك اون ایکی سنه‌دنبری کردستان
عزیمتیله کردلره نصایح انسانیتکارانه‌ده بولندیغنی
واستبدادك الڭ زیاده حکمفرما اولدیغی دورلرده بیله
ترکجه وکردجه اساسی اوزرینه واقع اولان نشریاتنك حسن
تأثیری حسبیله ارمنیلرك چوق استفاده ایتدیکنی علاوه
ایتمش وداشناقسوتیون جمعیتی نامنه عبدالرحمن بکه
دست اخوتی اوزاتدیغنی سویلمشدر .

بونك اوزرینه عبدالرحمن بك تکرار کرسی
خطابه‌چیقه‌رق انسانیت وسعادت ملك وملت نامنه
کمال افتخار ایله کندیلرینه اوزادیلان شو یداخوتی
عن صمیم القلب صیقدیغنی بیان ایتمش وشو لوحهٔ
انسانیتدن بالطبع پك چوق متأثر اولان حضار
شدتلی آلقیشلرله ممنونیتلرینی بیان ایتمشلردر .

## هدمالی مه‌ی کرمانجی

دولةممری خوندنی وزانینی فالازوده آزای
برینه زظلم واسیریا شاه و بادشاهان آزابونه ژی
مال وجان وعرض خو امین بونه ژنواتشا طرسا
وان نه‌مازی خورا مکتب ومدرسه فه‌کرن جو
بونه خودی هنر ومعرفت وه‌کو هستز ا نه‌مانه ابن
بارا شکر ژی خدیرا آزای ایدی کهاشت مه‌ژی
وه‌کو امژی ریا دولت نك خویکرن دست خو
ی ظلم وکوشتنا بکشین مالی کس نه‌دزین الحلالی
خو راضی بیبن مکتبا فه‌کن علم و هنرو معرفت
وصنعتین قنج ژی خورا بکرن نزانك که علم وهنر
ومعرفت وصنعت لدنیای وآخره‌تی مروفا ژی
عذاب وسفالت ورذیلی دزاری مه هادکت ده
ما مروف نه سفیل نه ژاریه‌ن دفی سرفرازو
نامداربه ای قوم نجیب کردان ای کردن خوی
ناموس وحمیت وسخاو شجاعت سرفرازی زدیقی
ژفقیری چتره سرفرازی ژی چیدبه ژی علم
وخوندنی قنجیا آخره‌تی ژی‌چه حاصل‌دبت ژی
علم وخوندنی رضا خدی مروف ژی‌جه وزانت
ژی خوندنی ایدی جهل بهسه ژبو خدی مکتبا
فه‌کن زاروکا بدن خوندن بعلمنك صنعتا وحتی
حدیثا فخر عالم « اطلب العلم من المهد الى اللحد »
روص خدای پیغمبر ژی تحصیلا عاصی ژی مهتکی
حتاوبی زمان دکی افدریا نه‌زانا کرتی نه‌ربکك
قنجه ایدی ریاخدی وپیغمبر بکرن نه‌ریی بهسه
ای ملاو سیدای مین خودی وقار ای فضلاو
سیدای مین سرفراز ولاط ولاطین‌مه او کردن دل
پاك او کردن خوی بخت ونجیب کلك هیستانی‌تین
السرریبا راست فضل وکالاوه راستیاوه ام دزانك
ژی ولاطیاره بژین ریا قنج نیشان وان بکن اف
شقرژی سفلی سیدای مای خدان کالن اون همت
بیکن ترقی ژی ژی خدی‌یه باشی روژا قیامتی
لحضورا خدیده ملاو سیدا شرمسار دین بژانین .

لاوی امیر بدرخان

حسین کنعان

## کردستان

مالباتا امیر بدرخان ژی‌قنجیا کردان دلخوش
ژی‌خرابیا کردان دلناخوش‌دبن مقصدا درخستناق
جریده‌یی ژی سلامتا ولاطرایه چه قنجیاژدستی
مالباتا امیر بدرخان بیت وی بیکن هوتژی حالی
ولاط ژی‌مرا بنویسین دا ام بزانین چاوه خدمتی
ژی ولاط خورا بکن .

---

## آدی کرن هر . آدی کرن

شیرتك ژ کردارە

آدی کرن لناف حمی خلکیده لازمه لناف
ولاطیا زیده‌تر لازمه وکی آدی کرن لناف ملتاده

# گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە

ئازاد عبدالعزیز

**پاری یەکەم:**

### دامەزراندن و گەشەسەندنی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی

گۆڤارێکی وەرزییەو تایبەتە بە کلتووری ڕۆژنامەنووسییەوە[١]. لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەردەکرێت.

پاش ئەوەی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کە لە ٢٧-١٩٩٨/١٢/٢٨ گرێدرا، ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاری دەرچوون و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەنووسی دا لە سەر بنەمای ئەو خاڵانە[٢]:

**یەکەم:** گۆڤارەکە تایبەت بێت بە بەسەرکردنەوەی هەر بوارێکی ڕۆژنامەنووسیی پەیوەندار بە گەلی کورد و کوردستانەوە، بەبێ جیاوازی بیروڕا، ئایین، نەتەوە و ڕەگەز.

**دووەم:** سەربەخۆیی گۆڤارەکە ببێتە (ڕێڕەو و مەڵبەندی) سەرجەم ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان بۆ هەر بابەتێک کە پەیوەندی بەم بوارەوە هەبێت.

**سێیەم:** جەختکردن لەسەر ئازادیی نووسین دوور لە هەموو ململانێیەکی سیاسی، نەتەوەیی و ئایینی.

ئەگەرچی ژمارەی مۆڵەتی گۆڤارەکە (٧٧)ە و لە ڕێکەوتی ٩ی/٤ی/١٩٩٩ ـە، بەڵام یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠ دەرچووە، لە بارەی ئەم دواکەوتووە مومتاز حەیدەری دەڵێ: پاش ئەوەی کە کۆنگرە کۆتایی هات، ئێمە بارەگامان نەبوو، تواناشمان نەبوو بە تەنیا لە ڕۆژنامەی (**خەبات**) ژوورێکمان هەبوو، هەفتەی جارێک ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا تیایدا کۆدەبووینەوە، وەک وتم توانامان نەبوو بارەگامان هەبێت، کە هەموو کاتەکان تێدا ئامادەبین و کارەکانمان بە باشی بەڕێوەببەین، چونکە ئامادەکردن و دەرکردنی گۆڤار پێویستی بە دەستەی نووسەران و کۆمپیوتەر و کادری کۆمپیوتەری هەیە، بەڵام دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ بارەگامان کردەوە و ژووری تایبەتمان بۆ گۆڤارەکە دانا، ژوور بۆ سەرنووسەر و کۆمپیوتەرمان کڕی و خۆمان ڕێکخست، بڕیارماندا یەکەم ژمارە وەک دیارییەکی مەزن بۆ جەژنێکی مەزن لە ٢٢ی نیسان لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەڤانی پێشکەش بکەین، کە یەکەم ژمارەی تایبەت بوو بە ژیانی ڕۆژنامەنووسی لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش[٣]. دواین ژمارەشی (١١-١٢)بوو، کە لە ساڵی چوارەمی ٢٠٠٣ دەرچووە.[*]

ژمارەی یەک بەپێوانەی (١٨،٠ × ٢٨ )سم دەرچووە، ژمارەی ( ٢، ٣، ٤، ١٠، ١١-١٢)، بە پێوانەی ( ٢٩×١٩،٥) سم دەرچوونە، ژمارەی ( ٦-٧، ٨، ٩ ) بە پێوانەی ( ٢٩،٥ × ١٩،٥) سم دەرچووە، ژمارەی ( ٥ ) بە پێوانەی ( ٢٩،٥

× ٢٠) سم دەرچووە.

لــە ژمــارە یەکــەوە خــاوەن ئیمتیــاز: فەرهــاد عەونــی، سەرنووســـەر: مومتاز حەیدەری، لە ژمارە (٤)ەوە ســکرتێر: عەبدوڵڵا زەنگەنە و سەرپەرشتیاری زمانەوانی: عەبدولکەریم شێخانی زیادکراون، لە ژمارە (٦-٧)ەوە دەستەی نووسەران **(ئــازاد حەمەدەمین، ئەکەد مــراد، حامد محەمەد عەلی، زادوق ئــادەم، زیرەک کەمــال، عەبدولڕزاق عەلــی، فەهیم عەبدوڵڵا)** دەستنیشـانکراون، لــە ژمارە (٨)ەوە، هەنـدێ گۆڕانکاری تیا روویداوە، زیرەک کەمال دەبێتە سەرنووسەر، مامۆستا مومتاز نامینــێ کە لــە چاوپێکەوتنێکـدا ئاماژە بەمــە دەکات و دەڵێ: **«لــە ئەنجامی ناکۆکییە لاوەکییەکانــی ئەوێم (رۆژنامەڤانی)م بەجیهێشــت و ئەو دەســکەوتە گەورەیەم لەدەست چوو[٤]»**، لــە ژمارە (١٠)ەوە، لە دەســتەی نووســەران: ئاکــۆ محەمەد زیادکرێ.

لــە ژمــارە یەکەوە مومتــاز حەیدەری، لە ژمــارە (٨)ەوە، تایپ و نەخشەســازی پێکەوەدانراون: توانا محەمەد و هەوار محەمــەد، لەژمــارە(١٠) هــاورێ محەمەد زادە شــوێنی توانا محەمەد دەگرێت، لە ژمارە (١١-١٢) تایپ و نەخشەســاز لێک جیاکراوەنەتــەوە، نەخشەســاز و بەرگ: هاورێ محەمەد زادە.

- تــا لە ژمــارە یەکــەوە فەرهاد موحســین وەک پیــت چنیــن و جێبەجێکردنــی هونــەری دەستنیشــانکراوە، لــە ژمــارە (٣)ەوە، توانــا جەمــال زیــاد دەبێــت لــە ژمــارە(١١-١٢)ەوە یوسـف محەمــەد بەکر زیــاد دەکرێت، هەروەها سەرجەم ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە چاپخانــەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراون.




- ماڵپــەری گۆڤــاری رۆژنامەڤانــی لەسەر ئینتەرنێت:

www.roshnamavani.com
roshnamavani@hotmail.com

**لەرووی نەخشەسازییەوە:**

بایەخێکــی زۆری پێـدراوە و لــە ئاســتێکی باشـدایە، بــەڵام ئــەوەی شایانی باســە ئەوەیە، کە لە رووی وێنەوە لاوازە، بەتایبەت وێنەی رەنگاورەنگ.

**بودجەی رۆژنامەڤانی:**

زۆر هەوڵـی ئەوەمـان دا کـە بزانیـن بودجەی گۆڤـاری رۆژنامەڤانی چەندە، بەڵام عەبدوڵـڵا زەنگەنە گوتـی: گۆڤارەکەمان هیچ بودجەیەکـی دیاریکراوی نییـە، بەڵکو بەپێی پێویسـتی ژمارە، پارەمان بـۆ دابین دەکەن، ئەویش لە سەندیکاوە دێت، بەڵام سەندیکاش لـە حکوومـەت وەردەگـرێ(٥). کەواتە بۆمان دەردەکەوێـت کـە لایەنـی داراییەکـەی(**) (**رۆژنامەڤانـی**) حکوومەتـی هەرێـم دابینـی دەکات. سـەبارەت بـە پاداشـت دان بـەو نووسـەرانەی کـە بابەتیـان بـڵاو دەبێتەوە زەنگەنـە گوتی: ئێمـە بەپێی بابەت پاداشـت دەدەیـن، چونکە بابەت هەیە زۆر باشـە یان کەسـەکە لـەلای گۆڤارەکەوە رادەسـپێردێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسـەر بابەتێک، ئەمە پاداشتی زیاتـری دەدەینـێ، واتـە دەبـێ جیـاوازی هەبێ، کە کەمتریـن (٢٥) هەزارە و زۆرترین (١٥٠) هـەزارە(٧)، بەڵام ئەکەد مـراد ئەندامی ئەنجوومەنـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـان، هەنـدێ لایەنەکانی بودجەکەمان بۆ ئاشـکرا دەکات و دەڵێ: خەرجییەکان، چاپکردن، تایپ، پاداشـتی نووسـەران، دەسـتەی نووسەران و مەسـرەفی تـر، هـەر ژمارەیەک لـە نێوان (٨،٥٠٠،٠٠ - ١٠،٠٠،٠٠٠)(٨)دا. ئـەوەی شـایانی گوتنە ئەوەی بۆمان لێـرەدا روون دەبێتەوە، گۆڤارەکـە بودجەیەکـی(***) دیاریکـراوی نەبـووە، یانیـش ئـەوان نەیانویسـتووە بـە شـەفافانە بۆمان ئاشـکرا بکەن، چونکە هەر گۆڤارێک کە لەلایـەن حکوومەتەوە هاوکاری بکرێت یان دەربچێت، تەنانەت ئەگەر لەلایەن حیزب و رێکخراوە کۆمەڵگەی مەدەنیشـەوە بـڵاو بکرێتەوە، بودجەیەکـی دیاریکراو بۆی دابین دەکەن، گەرنا ئەوە بڵاوکراوەیە ناتوانێت گەشە بکاتوو و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**هەیکەلی ئیداری رۆژنامەڤانی:**

لـە بـارەی هەیکەلـی ئیـداری گۆڤارەکە، زەنگەنە دەڵێ: ئێمە وەک گۆڤاری رۆژنامەڤانی هیـچ هەیکەلێکـی ئیداریمـان بە شـێوەیەکی رێکخراو نیمانە، تەنیا ژووری سـەرنووسـەر و ژوورێکـی بچووکی کۆمپیوتەرمان هەیە(٦). بۆیـە کاتێ لێکۆڵەریـش سـەردانی بارەگای گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**)ی کرد، تەنیا ئەو دوو ژوورەی بەرچاوکەوت. لەبەر ئەوەی ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، کە گۆڤارێکی وا گەورە کە دکتۆر کەمال فواد بەم شێوەیە وەسفی دەکات و دەڵێ: «**تاوەکو ئێستا لە مێژووی عێراقیش گۆڤارێکـی وا دەرنەچـووە**»(٩)، هەیکەلێکـی ئیداری نەبێـت، چونکە بەبێ هەیکەلی ئیداری هەم کارەکان بە باشی ئەنجام نادرێن، هەمیش لە ئاستی پێویست سەرکەوتوو نابن، بۆیە لە رۆژگاری ئەمرۆی رۆژنامەنووسـی جیهانیدا رۆژنامەیەک نییە کە هەیکەلی ئیداری نەبێت.

**ناونانی گۆڤاری رۆژنامەڤانی**

پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی سـەندیکای رۆژنامەنووسان و کۆتایی هێنان بە کۆنگرەی یەکـەم، کـە بڕیـاردرا گۆڤارێـک بـە نـاوی سـەندیکاوە دەربچێـت. نووسـەری بەتوانـا ممتاز حەیدەری دەڵێ: ئەنجوومەن(مەبەستی ئەنجوومەنی سـەندیکایی رۆژنامەنووسـان - لێکۆلەر)ە، لە (٩) ئەندام پێکهاتبوو، لە نێوانیان من وەکو ئەندامێکی سـەربەخۆ، (٤)یان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردسـتان بوون، (٤)ی دیکەش سـەر بە (**حیزبی شوعی، ئاسووری، یەکگرتووی ئیسلامی، پارتی کار**) بوون.

بڕیاردرا بەپێی تاقیکردنەوەی خۆم خاوەن ئەزموونێک بووم، ئەو کاتە هیچ کارێکی دیکەم نەبوو لە رۆژنامەیەک وەک سەرنووسەر یان سکرتێر یان جێگری سەرنووسەری گۆڤارێک، هەتا پێـم نەکرێت، بۆیە بڕیـاردرا من ببم بە سەرنووسـەری گۆڤارەکە، واتە «**بە بڕیاری ئەنجوومەنی سـەندیکابوو بە سەرنووسەری گۆڤارەکـە و بە گیانێکی لـە خۆبووردنەوە و بەوپەڕی پەرۆشییەوە بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە شەونخوونی دەکرد**»(١٠)، کاک فەرهاد عەونی نەقیبی سـەندیکاش ببێت بە خـاوەن ئیمتیاز. پاشان هاتینە سـەر دەستنیشانکردنی ناوێک کـە چ ناوێکی لێ بنێین، شـەش نـاو پالێوان کـران، یان پالێورابوون مـن دامنابوو ناوەکە بکرێتە (**٢٢ی نیسان، یان کوردستان سەدەی**

٢١) ئەمە پێشنیاری من بوو، پێشنیاری دیکەش وەک (**کوردستان، ڕۆژنامەنووسان... تاد**) هەبوون.

هەروەها حەیدەری دەڵێ: دوای ئەوە ئازاد عەبدولواحد وەک ئەندامی ئەنجوومەن لەسەر لیستی پارتی گوتی من پێم باشە ناوەکە بکرێتە (**ڕۆژنامەڤانی**)، چونکە زاراوەیەکی نوێیەو بەکارنەهاتووە، هەموو لایەک پەسەندیان کرد و لەسەر پێشنیاری ئەو کە ئەوکات سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان بوو بڕیاریاندا گۆڤارەکە بەو ناوە دەرچێت، ئەمە بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا، زاراوەیەکی جوان و ڕێکوپێک بوو، کە زاراوەیەک لە کرمانجی سەروو بەکاربێت و لە کرمانجی خواروو(****) ببێتە ناونیشانەیەکی گۆڤارێک بەرچاو بەکارێکی باشمانزانی.(١١)


## گۆڕینی ناوی (ڕۆژنامەڤانی) بۆ (ڕۆژنامەنووس)

گۆڕینی ناوی هەر ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، یان بڵاوکراوەیەک، کارێکی ئاساییە لە گێتی ڕۆژنامەگەریدا، بەڵام هەر گۆڕینێکیش هۆکاری خۆی هەیە، بۆیە گۆڕینی ناوی (**ڕۆژنامەڤانی**) بۆ (**ڕۆژنامەنووس**) چەند هۆکاری خۆی هەبووە. وەک دیارە ئەو کاتەی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) دەردەچوو، بەداخەوە حکومەتی هەرێم ببووە دوو ئیدارە، یەکێکیان لە سلێمانی و ئەوی دیکەیان لە هەولێر، لە ژێر سایەی ئیدارەی سلێمانی.. ڕۆژنامەنووسانی ئەوێ، دوای دامەزراندنی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان دامەزراندبوو و گۆڤارێکیشیان بە ناوی (**ڕۆژنامەنووسان**) دەردەکرد، لە هەولێریش گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) دەردەچووە(١٢).

دواتر باروزروفێک هاتە ئاراوە هەر دوولا بڕیاریاندا ماڵی ڕۆژنامەنووسان تێکەڵ بکەنەوە، لەم بارەوە ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێ: «ئەگەرچی من ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا نەبووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەندامانی ئەنجوومەن نزیک بووم، ڕۆژانە پەیوەندیم پێیانەوە هەبووە، بە تایبەتی (**فەرهاد عەونی**) بۆیە هانم دەدان پرۆژەی تێکەڵکردنەوەی ماڵی ڕۆژنامەنووسان سەربخەن، ئەوە بوو فیدراسیۆنەک لە هەردوولا پێکهێنرا، لە بارەی گۆڤارەکە وا پێکهاتبوون کە ناوی گۆڤارەکە بکرێتە(**ڕۆژنامەنووسان**)(*****)، کە ئەو ناوە پێشتر ناوی گۆڤارێک بوو، بەرلە تێکەڵبوونەوەی ماڵی ڕۆژنامەنووسان تەنیا (٣) ژمارەیان لێ دەرکردبوو، دواتر کە کۆنگرە بەسترا و ئەنجوومەنی نوێ بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان دا ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە ببێتە (**سەرنووسەر**)ی نوێ(١٣).

بەپێی وتەکانی زەنگەنە پێی ناخۆش بووە گۆڤارەکە بەو ناوە دەربچێت: یەک لەبەر ئەوەی ناوەکە بۆنێکی دارشتنی زمانێکی دیکەی لێ دەهات «**وەکو بلێی تەرجەمەی (الصحفیون) بێت**»(١٤). دووەمیشیان نەماندەزانی بە چ ژمارەیەک دەست بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بکەین؟ ئایا ژمارە (١٣)مان بدابایە وەکو درێژەپێدەری (**ڕۆژنامەڤانی**) یان ژمارە(٥)مان بدابایە وەکو درێژەپێدەری (**ڕۆژنامەنووسان**)، کە دیارە لەم حاڵەتەنەدا، دواتر ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبووینەوە، بۆیە بەردەوام دەبێت و دەڵێ: من وەکو (**سەرنووسەر**)ی گۆڤارەکە و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەنەکانی بەشداربووی ئەنجوومەنی سەندیکا، کارەکەم زۆر بە قورس دەزانی، بۆیە نزیکەی ماوەی دوو مانگێک بیرم دەکردەوە کارێکی وا بکەم خۆمان لەم ناوە ڕزگار بکەین، ئەوەبوو ڕۆژێکیان سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ (**خالد بەکر ئەیوب**)، کە ئەوسا بە سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە دانرابوو لەسەر لیستی یەکێتی بوو باسم کردووە(١٥)، بەپێی وتەکانی زەنگەنە ئەو لەم بەپەرۆشتربووە بۆ گۆڕینی ناوەکە، دوای ئەوە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و وەرگرتنی ڕاوسەرنجی ئەوانیش، پاش ڕەزامەندی ئەوان یاداشتێک بۆ ئەم مەبەستە درا بە ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەوەبوو ئەنجوومەنی بەڕێزیش لە ڕۆژی(٢٩)ی شوباتی ٢٠٠٤دا(١٦) بەبێ گرفت، ڕەزامەندی

پیشـــاندا کـــە ناوەکـــە بکرێتـــە (رۆژنامەنووس)
(******)



**ئاستەنگەکانی (رۆژنامەڤانی)**

ئەنجامدانی هـــەر کارێک بەبێ ئاســـتەنگ و گیرۆگرفـــت تێپەڕنابـــێ، بـــەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێـــت کـــە رێگـــری بـــکات لـــە بـــەرەو پێشـــەوەبردنی کارەکان، بۆیـــە گۆڤـــاری (رۆژنامەڤانی)، وەک هەمـــوو گۆڤارەکانی دیکەی کە لە ناو کوردســـتان بڵاودەبنەوە ئاســـتەنگ و گیرۆگرفت دەبنەوە، ئەمەش هـــۆکاری تایبـــەت بە خۆی هەیـــە، کە لە گرنگترینیان:

• یـــەک لـــەو ئاســـتەنگانەکەدەبووە تەگـــەرە لەبـــەر دەم دەرچوونـــی (رۆژنامەڤانـــی) و ئێســـتاش (رۆژنامەنـــووس)، ئـــەوە بـــوو لەگەڵ دەرچوونـــی هـــەر ژمارەیـــەک، رووبـــەڕووی ســـەرفکردنی پـــارەی تێچووی کاغەز و پێداویســـتییەکانی دیکە و کرێی چاپخانە و پاداشتی نووسەران و تۆژەران دەبووەوە، چونکە رۆژنامەڤانـــی بودجەیەکی تایبەت بە خـــۆی نەبووە، تەنانەت سەرپەرشـــتکاریش، بە سەرنووســـەر و ســـکرتێری نووسین و جێگری سەرنووســـەر و دەســـتەی نووسەرانیشـــەوە، هیچ مووچەیەکی رەسمیان نەبووە، مەگەر لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەک، هەر یەکەو پاداشتێکی بەپێی ماندوو بوونی خۆی لەگەڵ گۆڤارەکە بۆ سەرف کرابێت.(١٧)

• گرفتێکی دیکە، رێنووس و لایەنی زمانەوانییە، لە ئەمڕۆی رۆژنامەنووســـی کوردیـــدا کۆمپیوتـــەر و کارمەندانی ســـەر کۆمپیوتەر کاریگەریی خۆیان بە ســـەر هەر بڵاوکراوەیەکەوە هەیـــە، کە لـــە کوردســـتان بڵاودەکرێتـــەوە، ئەو کەســـانەش هـــەر یەکەو ئاســـتی خوێندن و زیرەکی خۆی هەیە، ئێســـتای رۆژنامەنووسی کوردی وەکو جاران بڕگە و دەستەواژەکانی، وەکـــو پێشـــان بە قەڵەمی ســـوور لێـــک جیا ناکەنـــەوە، بۆیە دەبینیـــن هـــەر گۆڤارە و رۆژنامەیەک بە شـــێوە رێنووســـێک بـــڵاو دەکرێتـــەوە، ئەگەرچـــی (رۆژنامەڤانـــی) و دواتریـــش (رۆژنامەنووس)، هەوڵیان داوە لەسەر رێنووسی ئەکادیمیای کـــوردی، واتە رێنووســـی یەکگرتوو بەکاردێنـــن، بەڵام لەبەر ئـــەوەی زۆرجار بابەتەکان لەســـەر (CD) بـــۆ دێن، بۆیە لەم لایەنەوە کەموکوڕی هەر هەیە.

• لایەنێکی تری زمان کە هەر پەیوەندی بە (رێنووس)یەوە

هەیە گرفتی (**خاڵبەندی**)یە، هەندێ بابەتیان بۆ دێت، سێ بەشی هەر لاپەڕەیەکی بخوێنریتەوە، خاڵ یان کۆمایەکی تێدا نادۆزریتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەستەمە، بۆ کادرانی **«ئەو زمانە چۆن زمانێکە پتر لە پانزدە رستەی لێ بخوێنییەوەو نەتوانی هەناسەیەک بدەی یان پشوویەک بخۆیتەوە؟[18]»**

• گرفتێکی تر، ئەو بابەتانەن کە بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی دەدرێت، بەڵام هەیانە دەستنووسەکەی بە فۆتۆکراوی دەنێرێ، هەشیانە تاقە وێنەو هێلکارییەکی لەگەڵدا نەنێردراوە[19].

• هەرچی ئەو بابەتانەی لەسەر دیسکی کۆمپیوتەر بە تایپکراوی بۆیان دەنێردرێت، وایان پێ باشە دەستنووسەکەی لەگەڵدا بێت، چونکە ئەو جۆرە بابەتانە زۆر جاران لە کاتی گواستنەوەی لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕان بەسەر فۆنتەکەیدا دێت، یان ئەو کەسانەی تایپیان دەکەن شارەزا نین تا بە دروستی تایپیان کردبێت، بۆیە ئەوان ناچاردەبن هەڵەکان کەتێی دەکەوێ، بەسەلیقە راستیان بکەنەوە، گۆڤارەکەش حەز ناکات کارەکان بە سەلیقە بێت.

## پێوەرەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان

پێش ئەوەی رۆژنامەڤانی دەربچێت و بکەوێتە دەست خوێنەر و رۆژنامەنووسان، نووسەرانی گۆڤاری رۆژنامەڤانی بانگەوازێک ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەوان و پسپۆڕ و شارەزا و رۆشنبیرانی کوردییان کردووە، کە هاوکارییان بکەن، بەڵام لەو بانگەوازەدا هەندێ پێوەر و مەرج و بنەما دانراوە[20]:

١. مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی.

٢. لە بارەی مێژووی رۆژنامەنووسی جیهانەوە.

٣. لێتوێژینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڤار و رۆژنامە کوردییانەی کە لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا دەرچوون.

٤. هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی لە خەباتی شۆڕشگێریی شاخدا.

٥. رۆڵی بزووتنەوەی رۆژنامەنووسی بە گشتی لە پێشخستنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی.

٦. هەر بابەتێکی وەرگێڕدراو لە بارەی راگەیاندنەوە. بە هەموو کەناڵەکانییەوە. تکایە دەقە ئەسلییەکەی لەگەڵ دابێت.

٧. کورتەیەک لە ژیانی نووسەری بابەتەکە و وێنەیەکی تازەش.

٨. دروستکردنی ئیندێکس و بیبلیوگرافیا بۆ بابەتی رۆژنامەنووسی کوردی[21].

٩. زیندووکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە دانسقە و دەگمەنەکان، کە ماوەیەکیان بەسەردا تێپەڕیوە ئێستا دانەیان چنگ ناکەون و هەر جارە بەناوی دیاری ژمارە بڵاودەکرێنەوە.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم بوارە عەبدوڵلا زەنگەنە دەڵێ: گۆڤارەکە بایەخ بە رۆژنامەوانی نەتەوەکانی دیکە (**ئاسووری، کلدانی، تورکمان**) کە لە کوردستان دەژین - دەدات و زۆرجار دۆسیە و فایلی لە بارەیانەوە بڵاودەکەینەوە. سیفەتێکی دیکەی (**رۆژنامەڤانی**) و دواتریش (**رۆژنامەنووس**)، ئەوەیە تاوەکو ئێستا نەمانهێشتووە هیچ ژمارەیەکی بەبێ بڵاوکردنەوە چەند بابەتێک بە شێوازی کرمانجی سەروو تێپەڕ بێت، لەم لایەنەوە دەمانەوێت گۆڤارەکەمان سەردەستەی بەیەک گەیاندنی زاراوەکانی کوردی بێت.

کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەم پێوەرانە دەستنیشانی بابەتەکان دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە «**دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش، بە خاوەن ئیمتیازیشەوە شارەزایەکی باشیان لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا هەیە، بەڵکو هەندێکیان لەم بوارەدا پسپۆڕن - بۆ دەسنیشانکردنی بابەتەکان هیچ ئاستەنگێکی ئەوتۆمان نایەتە پێش**»[22]

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە رۆژنامەڤانی وەک بناغەیەک بۆ بەرێوەچوون و پێشڤەچوونی خۆی پابەندی بەم رێنماییانەی کردووە، «**چونکە ئەگەر ئەمرۆش نەبێت، بەیانی دەبێتە سەرچاوەیەکی دیار و بەرچاو بۆ دەیان نووسەر و تۆژەر و**

**بەئاسانی دەکەوێتە بەردەستی، لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە وەکو لەســەر بەرگی نووســراوە، تایبەتە بە کلتووری ڕۆژنامەنووســی ـ وەکو گۆڤــار و ڕۆژنامەکانی دیکــە نییە ئەم جۆرە بابەتانەی تێدا ون بێت»**(٢٣)

**سیاسەتی گشتی ڕۆژنامەڤانی**

وەک زانــراوە لە ســەر لاپــەڕەی یەکەمی ژمــارە یەکــی گۆڤــاری (**ڕۆژنامەڤانــی**)دا نووســراوە «**پەیاممان لە پێناو چەسـپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووســیی و دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووســانە لــە کوردســتان.**»، تایبەتە بــە کولتووری ڕۆژنامەنووســییەوە، بەڵام لە «**بارەی ســەربەخۆ و ئەهالی بوونیشــییەوە، جیاوازی لە نێوان هیچ دەستە و تاقم و حیزب و نەتەوەیەکی نەکردووە.**»(٢٤)

سەبارەت بەمە نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵــڵا زەنگەنــە دەڵــێ: مــن وەکــو (ســەرنووســەر)ی ڕۆژنامەنووس، هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکــەم ژمارەی گۆڤارەکە، لەگەڵ نەقیبــی ڕۆژنامەنووســان، فەرهاد عەونی کە خــاوەن ئیمتیــازی گۆڤارەکەیــە، پێکهاتــم و هیــچ جیاوازییەک نەکەین، نووســەرانی هەر دەســتە و لایەنێک ئازادن لەســەر چ بابەتێک دەنووســن ئێمە بۆیان بڵاودەکەینەوە، ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی (**ڕۆژنامەڤانی**) و دواتریش (**ڕۆژنامەنــووس**)، بکەیــن دەبینیــن لەســەر بڵاوکراوەکانــی پارتــی و یەکێتی و شــیوعی و یەکگرتــوو و کۆمــەڵ و حیزبە ئاســووری تورکمانییــەکان وەکــو یــەک نووســراوەو بڵاوکراوەتەوە».(٢٥)

لێرەدا گومانێک لە وتەکانی زەنگەنە لەلای لێکۆڵەر دروســتکردبوو، ئەویش ئەوەیە کاتێ ئەو پرســیارەمان لە زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤارەکــەی پرســی، وەک ئەو دەڵــێ داوای لــە فەرهــاد عەونی کــردووە، کە جیــاوازی لــە بڵاوکردنــەوەی بابەتــەکان نەکرێــت، کەوابێ دەبێ پێشــتر ئەو جیــاوازی کردبێت، ئەگەرنــا بۆچی لــە دەرچوونی ژمــارە یەکی ڕۆژنامەنووســی لەگــەڵ خــاوەن ئیمتیــازی گۆڤارەکە ڕێکەوتووە، نووسەرانی هەر دەستەو گرووپێک ئازادن لەسەر چ بابەتێک دەنووسن بۆیان بڵاوبکرێتەوە و شــەو و ڕۆژ خەریکن هەوڵیــان داوە یــەک ســەنگ و تەرازوویــان بــۆ بڵاوکردنــەوەی بابەتــەکان هەبێت، بەڵام ئەمە ئــەوە ناگەیێنێت کــە وەک لێکۆڵەر بڵێم ئــەو جیاوازییە کــراوە بەپێچەوانەوە، چونکە لێکۆڵەر بە ناو ناوەڕۆکی سەرجەم ژمارەکاندا چوومەتەوە بابــەت و لێکوڵینەوەکانی هەموو نەتــەوە و حیــزب و ئاراســتە جیاوازەکانــی ئایدیۆلۆژیایــی کۆمەڵــگای کــوردەواری تیادا جێیــان گرتووە. وەلێ هەر کەســی ئەم دەســتەواژەیە بخوێنێتەوە، بەوشــێوەیەی کە لێکۆڵەر لێکیداوەتەوە دەخوێنێتەوە.

**ئامانجی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی**

هــەر بڵاوکراوەیــەک، ڕۆژنامــە، یاخــود گۆڤارێک کە دەردەچێــت، پەیام و ئامانجێکی دیاریکراوی خــۆی هەیــە، (**ڕۆژنامەڤانی**)ش وەکو هــەر بڵاوکراوەیەکی دیکــە ئامانجێکی تایبــەت خۆی هەبووە، کــە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژووی لــە ناو ویژدانی خەڵک بۆ خەڵک دروســت دەبێ، دەبێتــە ئامرازێکی تێکۆشــان، بێگومــان ئەویش ئامــرازی خۆی دەیەوێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بگەیێنێتە خەڵــک، ئامرازی ئــەو پەیامــەش بریتییە: لە ئامرازی چاپەمەنی، گۆڤار، نامیلکە، بڵاوکراوە، ڕۆژنامــە یاخــود کتێــب. یەکــێ لــە ئامرازە گەورەکانی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســان کە دەوری خۆی بگێڕێت و پەیامەکەی بگەیێنێت بــە خەڵک یــان نەوەیەکــی تازە لــە مەیدانی کادری ڕۆژنامەنووســی دورســت بکات، کە ئامانجــی ئەو گۆڤارەیە، بۆیــە بەتایبەتمەندی خۆی وایکرد ببێتە قوتابخانەیەک بۆ ئامانجی دوارۆژی دروســتکردنی ژمارەیــەک کادری چاکی ڕۆژنامەنووس و نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەم مەیدانەدا ئامانجی پیرۆزی، پیرۆزی قەڵــەم بگەیێنێت بە خەڵک، پیــرۆزی وشــە، پیــرۆزی خودی دیــاردەی ڕۆژنامەگــەری و ڕاگەیانــدن، بــۆ بــەرەو دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم(٢٦).

لە ڕاســتیدا گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ڕۆلێکی

بەرچــاوی گێڕاوە لــە مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردیــدا بەتایبــەت لــە ســاغکردنەوە و دۆزینــەوەی هەمــوو ئــەو ڕۆژنامــە و بڵاوکراوانەی کە چەندین ســاڵە دەرچوونەو لەبەر دەســتی نووســەر و ڕۆژنامەنووسانی کــورد نەکەوتوون و پێیان ئاشــنا نە بوون و خســتوویانە بەرچاوی ئێمە و لــە ونبوون و فەوتان ڕزگاریان کردن.

هەروەهــا یــەک لــە ئامانجەکانــی دیکــە هەوڵیداوە ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە و ببێتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی جیهانی و دەنگ و ڕەنگی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووســانی کورد بگەیێنێت بە سەرتاپای دونیا.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەیدەر ئاماژە بە ئامانجێکی دیکە ڕۆژنامەڤانی دەکات و دەڵێ: ســەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشم، کە لە ژمارە(٢)دا بەنــدی مافی مرۆڤم لــە بەرگی یەکەم داناوە، بــۆ ئەوەی مافــی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووســی بەیەکــەوە ببەســترێتەوە، چونکــە لــە هــەر شــوێنێک مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت، ئازادی ڕۆژنامەنووســی نییە، تاوەکو چەمکی بوونی مرۆڤ، گەورەیی مــرۆڤ تێدا ڕەنگبداتەوە و ڕۆژنامەڤانی ببێتــە قوتابخانەیەک بۆ ئەوەی خەڵک هوشیار بکاتەوە، ئەمە یەک لە ئامانجە پیرۆزەکانی ڕۆژنامەڤانی بوو[٢٧].

**پاری دووەم:**

**لایەنی شیکاری**

هەواڵنامەی کتێب

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ١٢ | ١٥٤ | ٪٧٠,٩٦٢٢٤١ | ٢١٧ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٥ | ٥٥ | ٪٢٥,٣٤٥٦٢٢ | |
| | بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری | ١ | ٢ | ٪٠,٩٢١٦٥٨٩ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪٠,٩٢١٦٥٨٩ | |
| | وتاری ڕۆژنامەگەری | ١ | ٤ | ٪١,٨٤٣٣١٧٩ | |

خشتەی ژمارە –١–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٦ | ١٣٣ | ٪٧٠,٧٤٤٦٨ | ١٨٨ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٥ | ٥٥ | ٪٩,٠٤٢٥٥٣١ | |
| | بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری | ١ | ٢ | ٪١,٠٦٣٨٢٩٧ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪١,٠٦٣٨٢٩٧ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ٣ | ٨ | ٪٤,٢٥٥٣٣١٩١ | |
| | بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری | ١ | ٣ | ٪١,٥٩٥٧٤٤٦ | |
| | ئیندێکس | ١ | ٢٠ | ٪١٠,٦٣٨٢٩٧ | |
| | بروسکەی ڕۆژنامەگەری | ٣ | ٣ | ٪١,٥٩٥٧٤٤٦ | |

خشتەی ژمارە –٢–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٨ | ١٢٥ | ٥٥,٣٠٩٧٣٤٪ | ٢٢٦ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٤ | ٣٣ | ١٤,٦٠١٧٦٩٪ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٠,٨٨٤٥٥٥٧٪ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ٢ | ٥ | ٢,٢١٢٣٨٩٣٪ | |
| | خوێندنەوەی کتێب | ١ | ١٧ | ٧,٥٢٢١٢٣٨٪ | |
| | وتاری ڕۆژنامەگەری | ١ | ٤ | ١,٧٦٩٩١١٥٪ | |
| | ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسان | ٢ | ٤٠ | ١٧,٦٩٩١١٥٪ | |

خشتەی ژمارە –٣–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٢ | ١٤٨ | ٤٤,١٧٩١٠٤٪ | ٣٣٥ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٢ | ٥٣ | ١٥,٨٢٠٨٩٥٪ | |
| | بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری | ١ | ١ | ٠,٢٩٨٥٠٧٤٪ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٠,٥٩٧٠١٤٩٪ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ٣ | ٣١ | ٩,٢٥٣٧٣١٣٪ | |
| | بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری | ٤ | ٣٣ | ٩,٨٥٠٧٤٦٣٪ | |
| | ئیندێکس | ٢ | ٢١ | ٦,٢٦٨٦٥٦٧٪ | |
| | ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسان | ٢ | ١٤ | ٤,١٧٩١٠٤٤٪ | |
| | دیاری ژمارە | ١ | ٥ | ١,٤٩٢٥٣٧٣٪ | |
| | خوێندنەوەی کتێب | ٢ | ٢٧ | ٨,٠٥٩٧٠١٤٪ | |

خشتەی ژمارە –٤–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٩ | ٢١٩ | ٦٣,٦٦٢٧٩٪ | ٣٤٤ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٢٠ | ٩٣ | ٢٧,٠٣٤٨٨٨٣٪ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٠,٥٨١٣٩٥٣٪ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ٣ | ٦ | ١,٧٤٤١٨٦٪ | |
| | ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسان | ٢ | ٨ | ٢,٣٢٢٥٨١٣٪ | |
| | دیاری ژمارە | ١ | ١٦ | ٤,٦٥١١٦٢٧٪ | |

خشتەی ژمارە –٥–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦–٧ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ١١ | ٢٤٧ | ٪٦٨,٨٠٢٢٢٨ | ٣٩٥ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٥ | ٥٦ | ٪١٥,٥٩٨٨٨٥ | |
| | سەروتار و دواوتار | ١ | ٢ | ٪٠,٥٥٧١٠٣ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ١ | ٣ | ٪٠,٨٣٥٦٥٤٥ | |
| | بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری | ٢ | ٢٠ | ٪٥,٥٧١٠٣٠٦ | |
| | نامەی ڕۆژنامەنووسان | ١ | ١ | ٪٠,٢٧٨٥٥١٥ | |
| | چاوپێکەوتن ڕۆژنامەگەری | ١ | ١٤ | ٪٣,٨٩٩٧٢١٤ | |
| | خوێندنەوەی کتێب | ١ | ١٦ | ٪٤,٤٥٦٨٢٤٥ | |

خشتەی ژمارە ٦–٧

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٢٩ | ٣٣١ | ٪٧٩,١٨٦٦٠٣١ | ٤١٨ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٢ | ٩ | ٪٢,١٥٣١١ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪٠,٤٧٨٤٦٨٨ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ١ | ٢ | ٪٠,٤٧٨٤٦٨٨ | |
| | ئیندێکس | ٣ | ٣٨ | ٪٩,٠٩٠٩٠٩ | |
| | ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسان | ٢ | ١٥ | ٪٣,٦٨٨٥١٦٧ | |
| | دیاری ژمارە | ١ | ٦ | ٪١,٤٣٥٤٠٦٦ | |
| | چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری | ١ | ١٥ | ٪٣,٥٨٨٥١٦٧ | |

خشتەی ژمارە –٨–

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٢٦ | ٢٨٠ | ٪٦٤,٥١٦١٢٩ | ٤٣٤ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٩ | ٦٣ | ٪١٤، ٥١٦١٢٩ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪٠,٤٦٠٨٢٩٥ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ٢ | ٥ | ٪١,١٥٢٠٧٣٧ | |
| | وتاری ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری | ٢ | ٣١ | ٪٦,٦٨٢٠٢٧٦ | |
| | ئیندێکس | ٣ | ٣٧ | ٪٨,٥٢٥٣٤٥٦ | |
| | دیاری ژمارە | ١ | ١٢ | ٪٢,٧٦٤٩٧٧ | |
| | چاوپێکەوتن ڕۆژنامەگەری | ١ | ١٣ | ٪٢,٩٩٥٣٩١٧ | |

خشتەی ژمارە –٩–

هەواڵنامەی کتێب

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٢١ | ١٧٧ | ٪٥٦,٩١٣١٨٣ | ٣١١ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٥ | ٣٩ | ٪١٢,٥٤٠١٩٢ | |
| | ڕاستکردنەوەی ڕۆژنامەگەری | ١ | ١ | ٪٠,٣٢١٥٤٣٤ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪٠,٦٤٣٠٨٦٨ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ١ | ٧ | ٪٢,٢٥٠٨٠٣٨ | |
| | وتاری ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری | ٧ | ٢١ | ٪٦,٧٥٢٢١١٥ | |
| | بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری | ١ | ١٠ | ٪٣,٢١٥٤٣٤ | |
| | ئیندێکس | ١ | ٦ | ٪١,٩٢٩٢٦٠٤ | |
| | دیاری ژمارە | ١ | ٤٤ | ٪١٤,١٤٧٩٠٩ | |
| | چاوپێکەوتن ڕۆژنامەگەری | ١ | ٤ | ٪١,٢٨٦١٧٣٦ | |

**خشتەی ژمارە –١٠–**

| گۆڤار / ڕێژە | بابەتەکان | دووبارە | ژمارەی لاپەڕەی | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١–١٢ | مێژووی ڕۆژنامەگەری | ٢١ | ٢٩٣ | ٪٥١,٤٠٣٥٠٨ | ٥٧٠ |
| | تیۆری ڕۆژنامەگەری | ٣ | ٩٧ | ٪١٧,٠١٧٥٤٣ | |
| | سەروتار و دواوتار | ٢ | ٢ | ٪٠,٣٥٠٨٧٧١ | |
| | هەواڵ و چالاکییەکان سەندیکا | ١٢ | ١٢ | ٪٢,١٠٥٢٦٣١ | |
| | وتاری ڕۆژنامەگەری | ١ | ١ | ٪٠,١٧٥٤٣٨٥ | |
| | ئیندێکس | ٣ | ١٠٦ | ٪١٨,٥٩٦٤٩١ | |
| | ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسان | ١ | ٣ | ٪٠,٥٢٦٣١٥٧ | |
| | دیاری ژمارە(*******) | ٥ | ٦١ | ٪١٠,٧٠١٧٥٤ | |

**خشتەی ژمارە ١١–١٢**

## شرۆڤەی خشتەکان

لێرەدا هەوڵدەدەین بە پێی ئەو خشتەی سەرەوە و بە شێوەیەکی شیکاریانە، ئەو لایەنە ڕوون بکەینەوە، کە گۆڤاری **(ڕۆژنامەڤانی)** لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بایەخ و گرنگی پێی داوە، هەر لایەنێکیش بە جیا یان بەپێی یەک لە دوای یەک هاتنی بابەتەکان کە لە خشتەکەدا هاتووە باسی لێوە بکەین.

**خشتەی ژمارە** (١)

لە ژمارە (١) دا کە کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی (٢١٧)یە، بابەتەکان بەسەر پێنج بواردا دابەشکراون، بیاڤی یەکەم مێژووی ڕۆژنامەگەرییە، کە دووبارەی بابەتەکان ژمارەیان (١٢)یە، و (١٥٤) لاپەڕە بۆی تەرخانکراوە و ڕێژەکەشی (٪٧٠،٩٦٧٧٤١) دەکات. لە دوای ئەمە تیۆری ڕۆژنامەگەری دێت، کە سەرجەم بابەتە دووبارەکان (٥)ە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٥٥) لاپەڕە پێکهاتووە، ڕێژەکەشی (٪٢٥،٣٤٥٦٢٢) دایە. بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری لە یەک (١) بابەت پێکدێت، دوو لاپەڕەشی بۆی دابینکراوە و ڕێژەکەشی (٪٠،٩٢١٦٥٨٩)دایە. سەروتار و دوا وتار کە لە هەموو ژمارەکاندا، لەلایەن خاوەن




ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکەدا نووسراون، وەک دیارە ژمارەیان (٢)وە، دوو لاپەڕەشی، کە لە ناوەوەی بەرگی یەکەم و دووەم بۆ ئەم بوارە تەرخانکراوە و ڕێژەشی(٠،٩٢١٦٥٨٩٪) کە هەمان ڕێژەی بەڵگەنامە دەکات. دوا بواری ئەم ژمارەیە، وتاری ڕۆژنامەگەرییە، کە ژمارەی دووبارەی یەک (١)ە، و (٤) لاپەڕەشی گرتووە، ڕێژەشی لە نێو (١،٨٤٣٣١٧٩)دایە.

**خشتەی ژمارە** (٢)

ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەڤانی سەرتاپایی ژمارەی لاپەڕەکانی (١٨٨)ە، بە سەر هەشت بوار پارڤەکراوە، مێژووی ڕۆژنامەگەریی ژمارەی دووبارەی (٦)ە و (١٣٣) لاپەڕەشی پێدراوە و کۆی ڕێژەش (٧٠،٧٤٤٦٨٪)ە. تیۆری ڕۆژنامەگەری لە ڕیزبەندی دووەمی خشتەکەوە دێت، دوو جار دووبارە بۆتەوە و(١٧) لاپەڕە بۆی دابینکراوە و ڕێژەکەشی (٩،٠٤٢٥٥٣١٪)ە. بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری ژمارەی دووبارەی (١)ە، دوو ڕوپەلی بە خۆیەوە گرتووە و کۆی ڕێژەی(١،٠٦٣٨٢٩٧)ە، سەروتار و دوا وتار ژمارەیان (٢)ە و لە دوو لاپەڕەش پێکدێت، ڕێژەی (١،٠٦٣٨٢٩٧)کە هەمان ڕێژەی بەڵگەنامە دەکات. هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا وەک بوارێکی سەربەخۆ، ڕێژەی دووبارەی (٣)یە لە تووی (٨) لاپەڕەدا، ڕێژەشی (٤،٢٥٥٣١٩١٪)دەکات. بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری وەک بوارێکیتر (١) بابەتی لە خۆی گرتووە و (٣) لاپەرەشی بۆی تەرخانکراوە و ڕێژەکەشی (١،٥٩٥٧٤٤٦٪)ە. هەروەها ئیندێکسی ڕۆژنامەگەری کە بۆ جاری یەکەم دەبینرێت لە گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**)، تەنیا یەک بابەتی لە خۆی گرتووە و لە (٢٠) لاپەڕەدا، ڕێژەشی (١٠،٦٣٨٢٩٧٪)ە. بروسکەی ڕۆژنامەگەری (٣) جار دووبارەبۆتەوە و (٣) لاپەڕەشی لە خۆی گرتووە، ڕێژەشی(١،٥٩٥٧٤٤٦٪)ە.

**خشتەی ژمارە** (٣)

لە ژمارە (٣)دا سەرجەم لاپەڕەکانی (٢٢٦) لاپەڕەیە، هەمدیس لە حەوت مژار پێکهاتووە، یەکەمیان مێژووی ڕۆژنامەگەرییە، کە دووبارە بوونەوەی (٨)ە، رووبەری (١٢٥) لاپەڕە پێکدێنێت، ڕێژەکەش (٥٥،٣٠٩٧٣٤٪)ە، تیۆری ڕۆژنامەگەریی دووبارە (٤)ە، ژمارەی ڕوپەلەکانی (٣٣) یە، ڕێژەش ( ١٤،٦٠١٧٦٩٪)ە، سەروتار و دوا وتار وەک جارگەلێک ڕێژەی دووبارە یە(٢)ە و لە دوو لاپەڕەش پێکدێت، ڕێژەشی (٠،٨٨٤٥٥٥٧٪)ئەکات. هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا دوو جار دووبارە بۆتەوە و (٥) لاپەڕەشی گرتووە، ڕێژەشی (٢،٢١٢٣٨٩٣٪)ە. خوێندنەوەی کتێب، واتە ئەو کتێبانەن کە لە بارەی تیۆریی یاخود مێژووی ڕۆژنامەگەری

نووسـراون، خوێندنەوەیان بـۆ کراوە، ڕێژەی دووبارە (١) و (١٧) لاپەڕەشی بە خۆی گرتووە، ڕێژەکەشی (٧،٥٢٢١٢٣٨٪)ە. ئەوەی لە دوای ئەو بابەتە دێت، وتاری ڕۆژنامەگەرییە، کە یەک جار دووبارەبۆتەوە و لە تووی (٤) لاپەڕەدا، ڕێژەکەشی (١،٧٦٩٩١١٥٪)دەکات. ژیانـی ڕۆژنامەنووسـان، کـە وەک بابەتێکـی گرنگی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی لە ژمارەدا دوو جار بڵاوبۆتــەوە، و ژمارەی لاپەڕەکانی (٤٠)ە، ڕێژەکەشـی لە سەدا (١٧،٦٩٩١١٥٪)دایە.




**خشتەی ژمارە** (٤)

ژمارە (٤) کە سـەرتاپایی لە (٣٣٥) لاپەڕە پێکهاتووە، بـۆ (١٠)دە بـوار دابەشـمان کـردووە، مێـژووی ڕۆژنامەگــەری کە ژمــارەی دووبارە (٢) ە و بەســەر (١٤٨)هاتووەتــە پارڤەکرن، ڕێـژەی ئەو دوو بابەتەش (٤٤،١٧٩١٠٤٪) دەکات. دیســان تیۆری ڕۆژنامەگەری دووبـارە بوونەوەی (٢) یـە و ڕووبەری لاپەڕەکانی (٢٣)یە، و ڕێژەکەشی (١٥،٨٢٠٨٩٥٪)یە. بەڵگەنامەی ڕۆژنامەگەری یەک جار و لە یەک لاپەڕەدا جێیگرتووە و ڕێژەشــی (٠،٢٩٨٥٠٧٤٪)ە. سەروتار و دواوتار کـە لە هەموو ژمارەکاندا پێکەوەمان داناوە، دووبارەیان (٢)ە، و ژمــارەی لاپەرەکانیشــی (٢) لاپەڕەیــە و ڕێژەشــی (٠،٥٩٧٠١٤٩٪)دەکات. هــەواڵ و چالاکییەکانــی ســەندیکا دووبارە (٣)ە، بەســەر (٣١) لاپەڕەدا، دابەشکراوە و ڕێژەشی (٩،٢٥٣٧٣١٣٪)ە. بەدواداچوونــی ڕۆژنامەگــەری دووبــارە (٤)ەو (٣٣) لاپــەڕە جێدەگــرێ وریــژەش (٩،٨٥٠٧٤٦٣٪) دەکات. ئیندێکســی ڕۆژنامەگەری دووبــارە (٢)ە، ژمارەی لاپەڕەکانــی (٢١)ە و ڕێژەکەشــی (٦،٢٦٨٦٥٦٧٪)ە. ژیانی ڕۆژنامەنووسان دووبارە دوو جار دووبارەبۆتەوە، لە (١٤) لاپەڕەشــدا خۆی دەبینێتەوە و ڕێژەشــی (٤،١٧٩١٠٤٤٪) دەردەکەوێــت. دیاری ژمارە، یەک جــار دووبارەبۆتەوە و ژمارەی لاپەڕەکانــی (٥)ە، ڕێژەکەش (١،٤٩٢٥٣٧٣٪) دەکات. خوێندنەوەی کتێب، ژمارەی دووبارە (٢)ە و لە (٢٧) لاپــەڕەدا پارڤەبووە و ڕێژەشــی (٨،٠٥٩٧٠١٤٪) دەرکەوتووە.




**خشتەی ژمارە** (٥)

ژمارە (٥)ســەرجەم لاپەڕەکانی (٣٤٤) لاپەڕەیە، بەسەر شەش بوار دابەشکراوە، یەکەمیان مێژووی ڕۆژنامەگەرییــە، کــە (٩) جــار دووبارەبۆتــەوە و ژمــارەی لاپەڕەکانــی (٢١٩)ە، ڕێژەکــەش (٦٣،٦٦٢٧٩٥٪) پێکدێــت. تیــۆری ڕۆژنامەگەریــش دووبــارە (٢٠)، لــە (٩٣)

لاپـــەڕە پێکهاتووە، ڕێژەشـــی (٢٧،٠٣٤٨٨٣٪)یە. ســـەروتار و دوا وتـــار هەمدیـــس دووبـــارە و ژمـــارەی لاپەڕەکانی لە (٢) لاپەڕە پێکدێت، ڕێژەشـــی لە نێوان (٠،٥٨١٣٩٥٣٪)دایە. هەواڵ و چالاکییەکانـــی ســـەندیکاش دووباربوونـــەوەی (٣)جارە، و ژمارەی لاپەڕەکانیش (٦)ە، و ڕێژەشی (١،٧٤٤١٨٦٪)ە. ژیانی ڕۆژنامەنووســـان، نەمازە ئەوانەی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیـــدا ڕۆڵیان هەبووە تارادەیەک لە گۆڤارەکەدا شـــوێنیان بۆ تەرخانکراوە، لەم ژمارەیەدا ژمارەی دووبارەبۆنەوەی (٢) ە و ژمارەی لاپـــەڕەکان (٨)ە، ڕێژەش (٢،٣٢٥٥٨١٣٪)دەکات. دیاری ژمارە، یەک جار دووبارەبۆتەوە و (١٦) لاپەڕەشـــی گرتووە، ڕێژەکەش (٤،٦٥١١٦٢٧٪)ە.




**خشتەی ژمارە (٦-٧)**

لـــە ژمـــارە (٦-٧) کـــە لە یـــەک بەرگدا چاپکـــراون، لە (٣٥٩) لاپەڕەدا، بەسەر ئەم هەشت بوارانە دابەشکراون: مێژووی ڕۆژنامەگەری، دووبارەبۆنەوە (١١٩)ە، ژمارەی لاپەڕەکانـــی (٢٤٧) لاپەڕەیە، تیـــۆری ڕۆژنامەگەریش دووبارەی (٥)ە، و لە پانتایی (٥٦) لاپەڕەدا، و ڕێژەشی (١٥،٥٩٨٨٨٥٪)ە. سەروتار و دوا وتار دووبارە (٢)ە، لە (٢) لاپەڕەشدا جێیانگرتووە، ڕێژەکەشی (٠،٥٥٧١٠٣٪) دەکات. هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا دووبارە (١) ە، و ژمـــارەی لاپەڕەکانی (٣) لاپەڕەیە و ڕێژەشـــی (٠،٨٣٥٦٥٤٤٥٪)ە.بـــە دواداچوونـــی ڕۆژنامەگەری دووبارە (٢) و ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٠) لاپەڕەیە، ڕێژەشی (٥،٥٧١٠٣٠٦٪)ە. نامـــەی ڕۆژنامەنووســـان، کـــە بۆ جاری یەکـــەم جێیگرتـــووە، دووبـــارە (١)ە، و یـــەک لاپەڕەشـــی گرتـــووە و ڕێژەکەش(٠،٢٧٨٥٥١٥٪)دەکات. چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری ئەویش یەک جار دووبارەبۆتەوە و ژمارەی لاپەڕەشـــی (١٤) لاپەڕەیە، ڕێژەکەشی ( ٣،٨٩٩٧٢١٤٪)ە. خوێندنـــەوەی کتێـــب، ژمارەی دووبارە (١)ە و بەســـەر (١٦)لاپەڕەدا دابەشـــبووە و ڕێژەشـــی (٤،٤٥٦٨٢٤٥٪) دەرکەوتووە.




**خشتەی ژمارە (٨)**

ژمارەیەکی دیکـــەی ڕۆژنامەڤانی (٨)ە، لە (٤١٨) لاپەڕە پێکهاتووە و بەسەر هەشت بوار دابەشکراوە: مێـــژووی ڕۆژنامەگەری، دووبـــارە (٢٩)، ژمارەی لاپەڕەکانی (٣٣١) لاپەڕەیە، ڕێژەی (٧٩،١٨٦٦٠٢٪)یە. تیۆری ڕۆژنامەگەری، دووبارە (٢)، ڕووبەری لاپەڕەکانی (٩)، ڕێژەی

(٢،١٥٣١١٪)دەکات. سـەروتار و دواوتار دووبارە (٢)، لە (٢) لاپەڕەشدا جێیانگرتووە، ڕێژەکەشی (٠،٤٧٨٤٦٨٨٪)ە. هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا دووبارە (١)ە، و ژمارەی لاپەڕەکانی (٢)یە و ڕێژەشــی (٠،٤٧٨٤٦٨٨٪)ە. ئیندێکسی ڕۆژنامەگەری دووبارە (٣)، ژمارەی لاپەڕەکانی (٣٨) لاپەڕەیە و ڕێژەکەشی (٩،٠٩٠٩٠٩٪)ە. ژیانــی ڕۆژنامەنووسـان دووبـارە دوو جـار دووبارەبۆتەوە، لە (١٥) لاپەڕەشـدا خۆی دەبینێتەوە و ڕێژەشــی (٣،٦٨٨٥١٦٧٪)ە. دیـاری ژمـارە، یـەک جار دووبارەبۆتــەوە و ژمــارەی لاپەڕەکانــی (٦)، ڕێژەکــەش (١،٤٣٥٤٠٦٦٪) دەکات. چاوپێکەوتنــی ڕۆژنامەگــەری، ژمــارەی دووبـارە (١)، و لە (١٥) لاپـەڕەدا پارڤەبووە و ڕێژەشی (٣،٥٨٨٥١٦٧٪) دەرچووە.




**خشتەی ژمارە (٩)**

ژمارە(٩)ی ڕۆژنامەڤانی، ژمارەی گشتی لاپەڕەکان (٤٣٤)ە، و بەسـەر هەشـت بیاڤ دابەشـکراوە لەوان: مێـژووی ڕۆژنامەگـەری، دووبـارە (٢٦)، ژمـارەی لاپەڕەکانی (٢٨٠) لاپەڕەیـە، ڕێژەی (٦٤،٥١٦١٢٩٪) یـە. تیـۆری ڕۆژنامەگەری، دووبـارە (٩)، ژمارەی لاپەڕەکانی (٦٣) لاپەڕەیە، ڕێـژەی (١٤،٥١٦١٢٩٪) دەکات. سـەروتار و دوا وتـار دووبـارە (٢)، لــە (٢) بەرپەڕدا جێیانگرتووە، ڕێژەکەشــی (٠،٤٦٠٨٢٩٥٪)ە. هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا دووبارە (٢)ە، و ژمارەی لاپەڕەکانی (٥) و ڕێژەشی (١،١٥٢٠٧٣٧٪)ە.وتاری ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری دووبارە(٢)، ژمارەی لاپەڕەکان (٣١)، ڕێژەشی (٦،٦٨٢٠٢٧٦٪) ە. ئیندێکســی ڕۆژنامەگــەری دووبــارە (٣)، ژمــارەی لاپەڕەکانــی (٣٧) لاپەڕەیە و ڕێژەکەشــی (٨،٥٢٥٣٣٤٥٦٪) ە. دیــاری ژمــارە، یەک جــار دووبارەبۆتــەوە و ژمارەی لاپەڕەکانی (١٢) لاپەڕەیە، ڕێژەکەش (٢،٧٦٤٩٧٧٪)دەکات. چاوپێکەوتنــی ڕۆژنامەگەری، ژمارەی دووبارە (١)، و لە (١٣)لاپەڕەدا دابەشکراوە و ڕێژەشی (٢،٩٩٥٣٩١٧٪)ە.




**خشتەی ژمارە (١٠)**

ژمــارە (١٠) کــۆی لاپەڕەکانــی لــە (٣١١) لاپەڕە پێکهاتووە، بەسەر دە (١٠) بواردا دابەشمان کردووە، مێـژووی ڕۆژنامەگەری کە ژمــارەی دووبارە (١٢) یــەو و ژمــارەی لاپەڕەکانــی (١٧٧)، ڕێژەشــی (٥٦،٩١٣١٨٣٪) دەکات. دیسان تیۆری ڕۆژنامەگەری دووبارەبۆنــەوەی (٥)، و ڕووبــەری لاپەڕەکانــی (٣٩)ە، و ڕێژەکەشــی (١٢،٥٤٠١٩٢٪)ە. ڕاستکردنەوەی ڕۆژنامەگەری،

واتــە هەنــدێ جــار بابــەت کــە لــە گۆڤــاری رۆژنامەڤانــی بڵاوبۆتــەوە، لە رووی زانیارییەوە هەڵەی تێدابووە، بۆیە هەر بەو ســەردێرەش ناونراوە، لەبــەر ئەوەی ئێمەش وەک خۆی دامانناوە، یەک جار و لە یەک لاپەڕەدا جێیگرتووە و رێژەشی (٠،٣٢١٥٤٣٤٪)ە. ســەروتار و دوا وتــار، دووبارەیان (٢)ە، و ژمارەی لاپەڕەکانیشی (٢)ە و رێژەشی (٠،٦٤٣٠٨٦٨٪)دەکات. هــەواڵ و چالاکییەکانی ســەندیکا دووبارە (١)ە، بەســەر (٧) لاپەڕەدا، دابەشــکراوە و رێژەشــی ( ٢،٢٥٠٨٠٣٨٪)ە. وتاری رۆژنامەگــەری، دووبارە (٧)، ژمــارەی لاپەڕەکان (٢١)، رێژە (٦،٧٥٢٢١١٥٪)ە. بەدواداچوونــی رۆژنامەگەری دووبارە (٤) ە و لــە (٣٣) لاپــەڕەدا جێدەگــرێ وریــژەش (٩،٨٥٠٧٤٦٣٪) دەکات. ئیندێکســی رۆژنامەگــەری دووبــارە (١)، ژمــارەی لاپەڕەکانی (١٠)یە و رێژەکەشــی (٣،٢١٥٤٣٤٪)ە. ئیندێکســی رۆژنامەنووســی دووبــارە یەک جــار دووبارەبۆتەوە، لە (٦) لاپەڕەشــدا خــۆی دەبینێتــەوە و رێژەشــی (١،٩٢٩٢٦٠٤٪) دەردەکەوێــت. دیــاری ژمارە، یــەک جــار دووبارەبۆتەوە و ژمارەی لاپەڕەکانی (٤٤)ە، رێژەکەش (١٤،١٤٧٩٠٩٪) دەکات. چاوپێکەوتنــی رۆژنامەگەری، ژمارەی دووبارە (١)ە و لە (٤) لاپەڕەدا پارڤەبووە و رێژەشی (١،٢٨٦١٧٣٦٪)دەرچووە.

**خشتەی ژمارە (١١-١٢)**

لە ژمارە (١١-١٢)دا گشــت لاپەڕەکانی (٥٧٠)ە، لە هەشــت مــژار پێکهاتووە، یەک مێژووی رۆژنامەگەرییە کە دووبارە بوونــەوەی (٢١)ە، رووبــەری (٢٩٣) لاپــەڕە پێکدێنێــت، رێژەکەش (٥١،٤٠٣٥٠٨٪)ە، تیۆری رۆژنامەگەریی دووبارە (٣)، ژمارەی رووپەلەکانی (٩٧)، رێژەش ( ١٧،٠١٧٥٤٣٪)ە. سەروتار و دوا وتار وەک جارگەلێک رێژەی دووبارە (٢) ە و لە دوو لاپەڕەش پێکدێت، رێژەشــی (٠،٣٥٠٨٧٧١٪) دەکات. هــەواڵ و چالاکییەکانی ســەندیکا دووبارە(١٢)، و (١٢) لاپەڕەشــی گرتووە، رێژەشــی (٢،١٠٥٢٦٣١٪) ە. وتــاری رۆژنامەگــەری، دووبــارە (١)، و لــە (١)دا، رێژەکەشی (٠،١٧٥٤٣٨٥٪)ە. ژیانی رۆژنامەنووسان، لــەم ژمــارەدا یــەک جــار بڵاوبووتــەوە، و ژمارەی لاپەڕە (٣)، رێژەکەشــی لە سەدا (٠،٥٢٦٣١٥٧٪)دایە. ئیندێکســی رۆژنامەنووســی دووبارە (٣)، ژمارەی لاپەڕەکان (١٠٦)، رێژەشی (١٨،٥٩٦٤٩١٪)ە. دیاری ژمارە، دووبارە(٥)، ژمــارەی لاپەڕەکانی (٦١) لاپەڕەیە وریژەکەش (١٠،٧٠١٧٥٤٪) دەکات.




ئەوەی لەو خشتەیەدا بۆمان دەرکەتووە، ئەوەیە کە گۆڤاری رۆژنامەڤانی زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکەی رۆژنامەگەری، بایەخ و گرنگی بە بیاڤی مێژووی رۆژنامەگەری دایە، هەروەها

کەمترین بواریش کە گرنگی پێدابێت، جگە لە (**نامە، بروسـکە و ڕاستکردنەوە**) کە ناچنە ناو قاڵبی تیۆرە ڕۆژنامەوانییەکان، بواری وتاری ڕەخنـەی ڕۆژنامەگەرییـە، ئەمـەش خۆی لە خۆیـدا یەکێکە لـە کەموکورییەکانـی، چونکە ئێمەی کورد، بەتایبەت لەم سەردەمەدا زیاتر پێویسـتیمان بە بواری تری وەک: لێکۆڵینەوە تیۆرییـەکان هەیـە، ڕاسـتە ئـەم بـوارە و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری فەرامۆشـی نەکردوون، بـەڵام بەرای لێکۆڵەر لە ئاسـتی پێویستدا نین.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە لەسـەر بنەماکانـی زانسـتی ئەنجامدراوە، گەیشـتین بـە چەنـد ئەنجامێک،گرنگترینیـان ئەمانـەی خوارەوەن:

١. ڕۆژنامەڤانـی وەک گۆڤارێکی تایبەتمەندی بـواری ڕۆژنامەگـەری، بایەخـی بـە هەموو لایەنەکانـی ڕۆژنامەنووسـی داوە و هیـچ بوارێکی فەرامۆشـی نەکـردووە، بەڵام زیاتر گرنگـی بـە بـواری مێـژووی داوە بەتایبەت مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سـەرەڕایی بایەخ و گرنگی بە ڕۆژنامەگەری نەتەوەکانی دیکەی کوردستان نەمازە (**ئاسووری، کلدانی، سریانی و تورکمانی**).

٢. گۆڤـاری ڕۆژنامەڤانـی، بـە یەکێکـە لـە گۆڤارە هەرە چاکەکانـی ئەمڕۆی کولتووری ڕۆژنامەگەری کوردسـتانی دادەنرێت، بەڵام تاوەکو ئێسـتا خاوەن هەیکەلـی ئیداری نییە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە بۆشـاییەکی گەورە لە ژیانی ئەم گۆڤارەدا دەژمێردرێت.

٣.گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) بە پێی شوناسەکەی کـە لەسـەر بەرگەکەیـدا هاتووە لە ئاسـتی سـێیەمدا خۆی دەبینێتەوە، بـەڵام نەیتوانیوە پەیڕەوی ئەو شوناسە بکات، کە ئەمڕۆ وەک پێوەرێکـی جیهانـی ڕێڕەوی خـۆی گرتووە، لەبـەر ئەوەی هەندێ بابەتـی بڵاوکردۆتەوە، بـۆ نموونە:(**بەڵگـەی ڕۆژنامەگـەری، نامـە، بروسـکە**)، کە ئەمانە لە بڵاوکراوەیەک دهێن وەشاندن، کە تایبەتمەندبێت، بەڵام بۆ ئاستێکی مامناوەند،کە ئەویش خۆی لە ئاستی دووەمدا دەبینێتـەوە، کەواتە جـۆرە تێکەڵییەک لەگەڵ ئاستی دووەم تێدا دەبینرێت.

**پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

لـە دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەدا، زۆرێک لـە کارە چاک و داهێنەرانە بۆمان دەرکەوتن، هەروەها سـەرەڕای ئەمانـەش کەموکوڕیش روون و ئاشکرابوون، ئەمەش سروشتی گشت لێکۆڵینەوەکانە، لە بواری زانستیدا، بە کارێکی ئاسـایی دادەنرێت، بۆیە بە پێویست دەزانین هەندێ پێشنیار و ڕاسپارە بخەینەڕوو:

١. هەوڵبدرێـت هەمـوو ئـەو ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکراوانەی کـە لە دوای ڕاپەڕین دەرچوونـە، کۆبکرێنەوە و بـەرگ بکرێن، بۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی ئاسـان، نووسـەران و لێکۆڵـەران بتوانن بە دەسـت بهێنـن. چونکە گەڕان بە دوایاندا کارێکی زەحمەتە، هەروەها زۆربەیـان دیار نین یان ونبوونە، بە ڕاسـتی ئەم کارە هەنگاوێکی گەورە و پیرۆزە، چونکە خزمەت بـە بـواری ڕۆژنامەگـەری کوردی دەکات.

٢. کاتـێ ڕۆژنامـە یـان گۆڤارێک مۆڵەتی دەرچوونی پێدەدرێت، پێویسـتە لەسـەر ئەو بڵاوکراوانـە پلانێک بۆ خۆیان دابنێن، چونکە پلان مەرجـی سـەرکەوتنیەتی، بۆیە زۆرێک لـە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان پلان و هەیکەلی ئیداریـان نییـە، ژبـەر هندێـژی نەتوانـراوە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک و سـەرکەوتوانە ڕۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە دەربکرێت، لەبەر ئەوە دەبینین بڵاوکراوەکان تووشی هەڵبەزین و دابەزین دەبن و هەر یەکەیان لە ژێر چەندین پێناسـە و لۆگـۆی جیـاواز بڵاودەکرێنـەوە، سـەرەڕای لاوازی و لە دەستدانی شوناسی، بـە ڕای لێکۆڵـەر ئەمـەش لەگـەڵ یاسـا و ڕێساکانی ئەم سەردەمەی ئێستای دەرکردنی ڕۆژنامەگەری ناگونجێت.

٣. نەبوونـی ڕێنووسـێکی یەکگرتـووی کـوردی لە نێو ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکان بە دیدەکرێت، ئەگەرچـی ئێمەی کـورد تاوەکو ئێسـتا زمانێکـی یەکگرتوومان نییـە، نەبادە

ڕێنووس، گەر زمانی یەکگرتوو کارێکی ئەستەم بێت، بەڵام یەککردنی ڕێنووس کارێکی ئاسانە. جا وەک پێشنیارێک دەخەمەڕوو، کە گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی کوردستان پەیڕەوی یەک ڕێنووسی کوردی بکەن.

٤- گرنگی زیاتر بە ڕۆژنامەگەری **(ئابووری، تەندروستی و ڕۆژنامەگەری)** بدرێت، چونکە کوردستان بەتایبەت لەم سەردەمەدا، پێویستی بەم بوارە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم بیاڤانە بناغەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی هەر وڵاتێک و کۆمەڵگایەکن.

٥- نەبوونی هەیکەلی ئیداری گۆڤاری **(ڕۆژنامەڤانی)** و دواتر **(ڕۆژنامەنووس)**، واتە نە بوونی پلان ئەمەش کەموکوڕییەکی حاشا هەڵنەگری گۆڤارەکەیە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، کە بە سەردەمی جیهانیبوون و تەکنەلۆژیا ناسراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بەم گۆڤارە بدرێت، و هەیکەلی ئیداری تایبەت بە خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بڵاوکراوەی دیکەی تایبەتمەندی وردتر لە بارەی لایەنەکانی تری ڕۆژنامەگەری بڵاوبکرێنەوە، تاوەکو خزمەتێکی بێ هەمپا بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بکرێت.

٦- گۆڤاری **(ڕۆژنامەڤانی)**، زێدەتر بایەخی بە بواری مێژووی ڕۆژنامەگەری داوە، ئەمەش وایکردووە بوارەکانی دیکە کەمتر گرنگی پێبدرێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لەمەو دوا گۆڤاری **(ڕۆژنامەنووس)** کە تەواوکەری **(ڕۆژنامەڤانی)**یە، زیاتر گرنگی و بەها بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری و تیۆرییەکان بدرێت، چونکە ئێمەی کورد لەم چەرخەدا پێویستیمان بەم لایەنە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**• چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێزان:**

**١- دکتۆر حەبیب کەرکوکی، لە ڕۆژی٢١/١١/٢٠٠٩ .(هەولێر)**

**٢- م.حامد محمد، لە ڕۆژی٢١/١١/٢٠٠٩.(هەولێر)**

**٣- محەمەد ساڵح پێندرۆیی، لە ڕۆژی٢٠/١١/٢٠٠٩. (هەولێر)**

**٤- مومتازحەیدەری، ڕۆژی ٥ /٣ /٢٠١٠. (هەولێر)**

**٥- مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی ١٦/٣ /٢٠١٠ وە لە ڕۆژی٢١ ٢/٣ /٢٠١٠ .(هەولێر)**

**٧- ئەکەد مراد، لە ڕۆژی٢١ ٢٤/٣ /٢٠١٠.(هەولێر)**

**پەراوێزەکان:**

**١– بڕوانە: لاپەڕەی یەکەمی، ژمارەی (١ )ی ڕۆژنامەڤانی.**

**٢– فەرهاد عەونی، ڕاپۆرتی گشتیی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ کۆنگرەی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، گۆڤار: ڕۆژنامەنووس، ژمارە: ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٣.**

**٣– چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، لە شوێنی نیشتەجێبوونی، ٥ /٣ /٢٠١٠.**

**(*)بڕوانە: پاشکۆی ژمارە:( ١٩-٢٠).**

**٤– سەلام عومەر، دیمانە لەگەڵ مومتاز حەیدەری، گۆڤار: K٢١، ژمارە: (٢-٣)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٦٤، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەم دیمانەیە بۆ جاری یەکەم لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوبۆتەوە، وەک لە گۆڤارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.**

**٥– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە ڕۆژی ١٦/٣ /٢٠١٠.**

**** مومتاز حەیدەری دەڵێ: دەبێ لە مەیدانی ژیانی ڕۆژنامەنووسی ناوێک بنووسرێ ئەویش پیاوی گەورەی**

کورد (شەوکەت شێخ یەزدین)ە، کە پاڵپشتی گەورەی ڕۆژنامەڤانی بوو، کاتێ کە تەنگاو دەبووین، پێویستمان بە پارە هەبووایە من نامەیەکم بۆی دەنووسی و ڕۆژی دواتر وەڵامی دەدایەوە، پارەکەمان وەردەگرت، منیش پارەکەم دەخستە بەر دەست برادەران، دەمگووت ئەمە پارەکەیە، کاک شەوکەت ناردوویەتی بۆ گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، بۆیە پێویست دەکات لە ژیانی ڕۆژنامەگەری کوردی ناوی بنووسرێت.
٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٨– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکەد مراد، لە ڕۆژی ٣/٢٤ /٢٠١٠.
*** تەنیا ئەوەی لێکۆڵەر بزانێ لەم ڕۆژگارەدا، گۆڤاری ((k٢١، کە لەلایەن مومتاز حەیدەری بڵاودەکرێتەوە، وەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (تاکە گۆڤارە بێ بودجەیە، بێ بارەگایە). جگە لەوەش لە دەمی خودی حەیدەری ئەم وتەیەم بیستم، کاتی بۆ چاوپێکەوتن سەبارەت بە گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی سەردانم کردبوو.
٩– چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، لە ڕۆژی ٥ /٣ /٢٠١٠.
١٠– فەرهاد عەونی، (دیاریی ژمارە)ی پێشووم خوێندەوە، گۆڤار: ڕۆژنامەنووس، ژمارە: ١٨، هەولێر، پایزی ٢٠٠٩، ل١٧١.
**** پێم باشتربوو گووتبان باشووری کوردستانی، چونکە لە باشوور دوو شێوە زاری سەرەکی (کرمانجی سەروو و خواروو) هەیە، کەواتە گۆڤارەکە تەنیا تابیەت نەبوو بە شێوە زاری خواروو.
١١– چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەریسەرچاوەی پێشوو. هەروەها بڕوانە: مومتاز حەیدەری، ئەم گۆڤارە، بۆ لە دایک بوو؟!، گۆڤار: k٢١، ژمارە: (١)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٨١.
١٢– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە ڕۆژی ٣/٢ /٢٠١٠.
***** بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ژمارە یەکی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ل٥ و ٣٤.
١٣– (٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٤– عەبدوڵڵا زەنگەنە (لە جیاتی دەستەی نووسەران)، بەڕێزان ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، گۆڤاری: ڕۆژنامەنووس، ژمارە: ١، ٢٢ /٤ /٢٠٠٤، هەولێر، ل٥.
١٥– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو.
١٦– عەبدوڵڵا زەنگەنە(لە جیاتی دەستەی نووسەران)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
****** ئەگەرچی سەبارەت بەمە بابەتێک لە ژێر ناوی» بەڕێزان ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان»، لە ژمارەی(١)ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ، ٢٢ /٤ /٢٠٠٤، هەولێر، ل٥ خستووتەڕوو، بەڵام لە چاوپێکەوتنێکی، کە لێکۆڵەر لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە لە ڕێکەوتی ٣/٢ /٢٠١٠، وتی ئەوەی لە ڕۆژنامەنووساندا هاتووە راستی مەسەلەکە نییە، بەڵکو ئەم ناونیشیانە هەر پێشنیازی خۆمان بوو، دوای پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێک و شارەزای زمان ناوەکەیمان هەڵبژاردبوو. لە ڕۆژنامەنووسدا(مەبەست لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس)ە، وامان نیشانداوە کە پێشنیازی ناوی گۆڕینەکە هی (سکرتێری نووسین) ی گۆڤارەکەمان بووبێت، بەڵام لە راستیدا وەکو چۆن بۆت باس دەکەم ئاوەهابووە، تاوەکو ئەمڕۆکەش هیچ گرفتێکمان لەم بارەوە نەهاتۆتە پێش و ناوەکە وەکو ناوێکی سەربەخۆ چۆتە ناو مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا جێگرەوە و میراتگری هەردوو گۆڤاری (ڕۆژنامەنووسان) و(ڕۆژنامەڤانی) یە.
١٧– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو.
١٨– عەبدوڵڵا زەنگەنە، با (ڕۆژنامەنووس) لە خزمەتی (ڕۆژنامەنووس)دا بێت!!، گۆڤاری: ڕۆژنامەنووس، ژمارە: ١، ٢٢ /٤ /٢٠٠٤، هەولێر، ل٤.
١٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤.
٢٠– ڕۆژنامەڤانی، هەندێ، لە دیکۆمێنتەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، گۆڤار: ڕۆژنامەڤانی، ژمارە:١، هەولێر، ٢/٢٢ /٢٠٠٠، ل١٨٩.
٢١– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ٣/٢ /٢٠١٠.
٢٢– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٣– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٤– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٦– چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو .
٢٧– هەمان سەرچاوە پێشوو.
***** گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی لە زۆربەی ژمارەکانی ژمارەیەک یان چەند دانەیەک لەو گۆڤارا دانسقانەی کوردی، کە بە درێژایی دیرۆکی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ناوی دیاری ژمارە بڵاوی دەکردنەوە. کە لێکۆڵەر بە کارێکی پیرۆز دەزانێ، چونکە ئەو ژمارانە لەوانەیە لە بەردەستی لێکۆڵەران نەکەون، بۆیە ئەمە کارئاسانییەکی باش دەکات بۆیان، تاوەکو بتوانن زیاتر خزمەتی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی پێی بکەن.

# دەنگی خوێندکارانی کوردستان

## گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

هەواڵنامەی ڕێبین

**سەرەتا**

لـە درێـژەی ئـەو کار و بەرهەمـەی، کـە چەند سـاڵێکە سەرچاوەی بۆ کۆدەکەمەوە، بریتیە لە خستنە ڕووی مێژووی ڕێکخراوە خوێندکارییە کورد و کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات، لەو ڕووەوە سـەدان لاپـەڕەم کۆکردۆتەوە، کە بریتین لە بەرهەمی چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی خوێندکاریی. دیارە لەو ڕووەوە تا ئێسـتا چەند نووسین و بەرهەمێکم پێشکەش بـە کتێبخانـەی کـوردی کردووە. لـە دوو سـاڵی ڕابردوودا کاتێکـی کورتی ژیانـی ڕۆژانە و هەفتانـەم تەرخان کردووە بۆ خۆئامادەکردن بۆ نووسـینی کتێبێکی تا ئاستێک ئەکادیمی سـەبارەت بە مێژووی **«کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردسـتان لەدەرەوەی وڵات- ئەکسا ١٩٧٥- ١٩٨٨»**.

بە گوێـرەی ئەو ڕەشنووسـانەی کارم لەسـەر کردوون جـۆرە قەڵەباڵغیەکـم دروسـت کـردووە و لەوەدەچێـت ئەو بەرهەمـە بەمزووانە خۆی نەداتەدەسـت، بۆیە بڕیارمداوە بە گوێرەی دەرفەت ناوە ناوە ڕەشنووسـی چەند پەڕەکاغەزێک بڵاوبکەمـەوە. ئـەم نووسـینەی ئێستاشـم ڕەشنووسـی بەرهەمێکـی ڕێکخـراوی ناوبـراوە. کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات- ئەکسا، یەکێک بوو لە چالاکترین ڕێکخـراوی خوێندکارانـی کورد لە دەرەوەی وڵات لە سـاڵی ١٩٧٥ تـا ١٩٨٨، کـە خاوەنی دەیـان کاری ڕۆژنامەگەریی و هەروەها خاوەنی سەدان چالاکی دیکەیشە.

### دەنگی خوێندکارانی کوردستان

لەژێـر ناوی گۆڤارەکەدا **«دەنگی خوێندکارانی کوردسـتان»** نووسـراوە، **«گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات»** ئەم گۆڤارە زیاتر وەک گۆڤارێکـی خوێندکارانە خۆی ناسـاندووە. لـە ژمارەدا بابەتێک بڵاوبۆتەوە بە ناوونیشـانی **«ئـەم گۆڤارە بۆچی- وتاری ژمارە»** و ئیمزای **«دەسـتەی نووسـەران»**ی لەسـەر داندراوە، کـە ئەمـە دەقـی وتارەکەیە، **«ئـەوە ژمارەی یەکەمـی گۆڤارەکەتان» دەنگـی خوێندکارانی کوردسـتان»** دەخەینـە بەردەسـتتان، کـە هیوادارین ببێتـە جێگای بـاوەڕی هەموو خوێندکارانـی کوردسـتان وەبەجـۆش و خرۆشـەوە هـاوکاری لەگـەڵ بکـەن و بـە بەرهەمـە رەنگینەکانیـان بەشـداری تیـادا بکـەن، بەو مەبەسـتە، کـە پەرە بە گۆڤارەکـە بـدەن و بـەرەو پێشـەوەی بەرن، بۆ خزمەتی تەواوی بزووتنەوەی خوێندکارانـی کوردسـتان لە دەرەوەی وڵات و گەیاندنـی دەنگـی زوڵاڵـی گەلەکەمـان و ناسـاندنی کەلتـوور و کەلەپوری بە گەلانی جیهان.




کۆمەڵەمـان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردسـتان لەدەرەوەی وڵات هەمیشـە لـە ریزەکانی پێشـەوە خەباتی کـردوە بۆ یەک خسـتنی ریزەکانـی خوێندکارانی کوردسـتان و لەسـەر هەمان رێ بەردەوام دەبێ، کۆمەڵەمان هەمیشـە دەستپێشخەری خۆی کـردووە لەم بارەوە، چونکە لـەو باوەڕەداین کە لە یەک بووندا هێز و توانا و بڕوا بەدی دەکرێ و لە ویسـت و خواسـتەکانمان زیاتـر نزیکمـان دەکاتەوە، ئەوەبـوو پاش هـەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانـرا لـە مانگـی ئابـی ١٩٨٢دا لـە شـاری فرانکفـورت کۆنگـرەی یەکگرتـووی کۆمەڵەمـان پێک بێت کە تیـادا هەردوو باڵەکـەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردسـتان لە دەرەوەی وڵات یەکیـان گرتەوە، ئەوەی جێگـەی داخە کە هەوڵ تەقەلاکانمان بۆ یەکگرتنەوەی تەواوی کۆمەڵە خوێندکارییە پێشکەوتووخوازەکانی کورد و کوردستانی هەتا ئێستە نەهاتۆتەدی، تا لەم کاتە ناسکەدا، کـە کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـەوە کەوتۆتە ژێـر پەلاماری ئیمپریالیزم و رژیمە رەگەزپەرسـت و رەفتار فاشیسـتەکان، کە بە هەموو شـێوەیەک هەوڵ و تەقەلای لەناوبردن و تواندنەوەی گەلـی کوردمان ئـەدەن، ئەرکێکـی مێژوویی خۆی بەسـەرمان ئەچەسـپێنێ، کـە ناکۆکیەکانمان لە بیربەرینـەوە و مەچەکی لێ هەڵماڵیـن بۆ گەیشـتنە ئامانجەکانمان لە یەکگرتنـەوەی کۆمەڵە

خوێندکارییــە پێشــکەوتووخوازەکانی کوردی و کوردســتانی لە دەرەوەی وڵات.

هەر وەک ئاشکرایە ئەم کارە زۆر ئاسان نیە و ناتوانرێ بە دانیشــتنێک و بەدوو دانیشتن بەسەر هەمــوو ئــەو گیروگرفتیانــەدا زاڵ بیــن، کە دێنە ڕێمان، بەڵکو پێویســتیمان بە جۆرەها دانیشــتن و لێکۆڵینــەوە و گفتوگــۆ هەیە، ئێمــە دەبێ لەو ڕوانگەوە بۆ مەســەلەکە بچین کە ئەو خاڵانەی لــە یەکمــان نزیــک دەکەنــەوە زۆرتــرن لەو خاڵانــەی لەیەکمــان دوور دەکەنەوەوە دەبێ هەوڵدانەکەمــان بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان لەســەر بناغەیەکــی پۆڵاییــن و پتەوبــێ کە کۆمەڵەی یەکگرتوو پرنسیپە سەرەکیەکانی خۆی لەدەس نەدا، کە خۆی لە کوردستانی، دیموکراتــی، پێشــکەوتووخوازی و ســەربەخۆیی دەبینــێ، ئەگینا ئــەو یەکگرتنەوەیە هەر بــە مردوویی لەدایک دەبێ».




ئەوەندەی پرســم کردووە، ئەوانەی ئەم گۆڤارەیــان بەڕێوەبردووە بریتین لــە، د.کەمــال فوئاد، ســەلاح ڕەشــید، عەبدولموئمیــن دەشــتی و لــە ژمارەکانــی بەرایشــدا چەنــد برادەرێک لــە ئەندامانی پارتی سۆسیالیســتی کوردســتانی تورکیا سەرپەرشــتی بەشــی کرمانجی ســەرووی گۆڤارەکەیان کردووە.

لــە بــاری فۆرمــدا، زۆربــەی ژمارەکانــی ئــەم بەرهەمە لە فۆرمی گۆڤاردایە، ئەگەرچــی چەند ژمارەیەکی لە قاڵبی گۆڤاردا چۆتــەدەرەوە و دەکرێــت لــە خانــەی بڵاوکــراوەدا دابندرێــت. دیزاینی تەواوی ژمارەکان سادەیە، بەڵام هونەرکاری تێداکراوە. لەوەدەچێت، بۆ تایپی بابەتەکان ماشێنی تایپی دەستی و برازەری کارەبایــی بەکارهێنرابێــت و پاشــان بەرۆنیــۆ یــان بــە ئامێری فۆتۆکۆپی ژمــارەی لەبەرگیرابێتەوە. گرنگــی بە بڵاوکردنەوەی وێنــەداوە و لــە بەرگی ئــەو ژمارانەی کە لە فۆرمــی گۆڤاردان وێنەی مێژوویی و سەرنجڕاکێشەر داندراون.

ناوەڕۆکــی گۆڤارەکــە، وەک هەر بەرهەمێکــی ئەوێ ڕۆژێی ئۆپۆزســیۆنی کوردی و کوردســتانی نەیتوانیوە خۆی لە ژیانی حزبــی و سیاســی دوورەپەرێــز بگرێــت، بەڵکــو لــە زۆربــەی هــەرەزۆری بابەتەکانــدا ئەوەنــدەی گرنگــی بە ژیانی سیاســی و حزبــی دراوە، نیــو بەقــەد ئەمــە لای بەلای خەباتی پیشــەیی خوێندکاریی نەکراوەتەوە. زمانی گۆڤارەکە دوورە لە ناوزڕاندن و ســەنگەربەندی بۆ لایەنێک لە لایەنە حزبییە کوردســتانییەکان.

هەروەها گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشـــنبیری و ئەدەبی و هونەریش داوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کۆمکردۆتەوە تەنیا ٩ ژمــارە لەم گۆڤارە دەرچووە، کــە لە بەرگدایە، چونکە یەکێک لە بەرگەکان جمکەژمارەیە. ئەوەی زیاتــر کارەکــەی ئاڵۆزتــر کــردووم زۆربــەی ســاڵەکان زنجیــرەی ژمارەکانــی گۆڤارەکــە لە ژمارە دەستی پێکردۆتەوە!




**ئیندێکسی ژمارەکان**

بۆ ئەوەی زانیاری وردترمان سەبارەت بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە هەبێت ئەمە ئیندێکســی ژمارەکانی گۆڤاری ناوبراوە.

ژمارە، کانوونی دووەمی ســاڵی ١٩٨٣، بەرامبەر بــە بەفرانباری ٢٦٨٢ی کوردی، ٢٨ لاپەڕەیە. قەبارە، ٥ بە،٣ سم. بەرگدارە و بۆ بەرگ رەنگی سوور و رەش و سپی بەکارهێنراوە.

بەشی پیتی لاتینی:
- گۆتەری ژمارێ
- پێویسبینا یەکێتیا خوەندەکارێن کوردستان ل دەرڤای وەلات
- رۆژا ب قەدر؛ ٢٢ چلەیێ پاشین سالا ١٩٤٦
- ئاگرێ رۆژهلاتا ناڤین
- کۆچاویا هەڤالەک ئەکسا «پەرویز»
- چەند کریارێن بەعسێن فاشیست ل ناڤچەشنگار
- ٦٠ سالیا ئاڤاکرنە یەکیتیا سۆڤیەتیستانی هاتە پیرۆزکرن
- گەلێ کورد مێرانە دبەل کوردستانا ئیران
- چەند رێز ل سەر کوردێن ئێزدی
- فیلمی رێ و کوردستانا تورکیا
- رەوشــا کوردســتانێ و رۆژهلاتەناڤین، کۆمیتــە بەڕیوەبەری گشتی کۆمەلا خویندکارێن کوردستان ل دەرڤای وەلات.

بەشی پیتی عەرەبی:
- بۆچی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لبنان دەستی پێکرد، دانا
- گەشتێک لە نێو زەنگەوە بۆ بۆکان..! سەلام محەمەد
- پاشەڕۆژی دیناسۆر، بەشیر مشیر
- بیرەوەری شەهیدێکی قارەمان، فاتح
- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران

ژمارە، مارتی ١٩٨٣، بەرامبەر «نەورۆز» خاکەلێوی ٢٦٨٣ی کوردی، ٦٠ لاپەڕەیە، هەمان قەبارەی ژمارەی هەیە. بەرگەکەشی وەک بەرگی ژمارەیەک- ە

- وتاری ژمارە. نەورۆز پیرۆزبێت
- دەنگوباسی کوردستان
- بیرەوەری ٥ ساڵەی شەهید ئارام «بەپیتی لاتینی»
- چالاکییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی، شتێک دەربارەی کورد لە تەلەفزیۆنی مۆسکۆدا «بەپیتی لاتینی»
- چەند کورتەیەکی مێژوویی لە نێوان پەیوەندییەکانی هەردوو گەلی کورد و تورک
- گفتوگۆیەک لەگەڵ یەلماس جونی ی دەرهێنەری فیلمی ڕێگا «بەپیتی لاتینی»
- شیرین.. «چیرۆک»
- ڕەوشی ئەمریکا «بەپیتی لاتینی»..
- مام فەتاح و دووشەش. «چیرۆک»، نەبەز
- کاروباری ڕێکخستنی ئێمە «بەپیتی لاتینی»
- لە یادی جەژنی ئافرەتانی جیهاندا
- ئافرەتی ئێمە. «شیعر»
- کوردستانە وڵاتەکەم. «شیعر»
- باسێک دەربارەی خەباتی گەلانی چەوساوە
- صەدام و ئاشتی ئیسرائیل
- ڕاهێنان بۆ فێربوونی نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی.

ژمارە، ١٩٨٣، بەرامبەر بە پوشپەڕی ٢٦٨٣ی کوردی، ٦٤ لاپەڕەیە، هەمان قەبارەی ژمارەی هەیە. بەرگەکەشی وەک بەرگی ژمارەیەک- ە

بە پیتی عەرەبی،

- وتەی ژمارە.. دەستەی نووسەران
- خەباتی ڕاستەقینەی ئەو قۆناغەمان دەبێ چۆن بێ. عبدالمۆمن دەشتی
- خەیاڵیان خاوە، چیرۆک. نەبەز
- چالاکییەکانی ئەکسا
- هێرشی جونتای فاشی بۆ سەر کوردستانی عیراق. دانا
- پیاوێکی بەکرێگیراوی عیراقی
- دوو هۆنراوە. محەمەد بەدری
- نیشتمانی لەخاچ دراوم. زۆزک
- گەشتی شیعر، ب. ب. کوردستان
- گەر دەتەوێ بزانی کێم، یاسین وەرزێر
- چاوپێکەوتنی ئەکسا لەگەڵ Angel Colom
- بەعسی فاشیست لە نێوان ڕەفتار و کردەوەدا. نزار خەیلانی
- بانگەوازێک. دەفتەری سیاسی کۆمیتەی ناوندێتی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا
- ڕاهێنان بۆ فێربوونی نووسینی کوردی بە لاتینی

بە پیتی لاتینی؛

- ڕۆژین بوری و بانگامە.
- ٥ ساڵەی شۆڕشی ئەفغانستان..
- هەر گەلێک گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە سەربەست نیە
- لە زیندانی فاشیستی تورکیادا
- لە ئەمریکای لاتینی چی ڕوودەدات
- هۆنراوە
- هەفتەی هاوکاری گەلی کوردستان و گەلی کەتەلۆنیا لە بەرشلۆنە

ژمارە ٢، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٣، ١٨ لاپەڕەیە، قەبارە،٥ بەسم. تەواوی ژمارەکە بە پیتی عەرەبییە، تەنیا چوار بروسکە بە پیتی لاتینی بڵاوکراونەتەوە. زۆربەی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە تایبەتن بە کۆنگرەی ٢٤ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا».

- سەروتار، کۆنگرەی کۆمەڵە و گرنگیەتی گۆڤارەکەمان
- کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کورد
- سەرکەوتوتر بێ شۆڕشی گەلە قارەمانەکەمان
- گۆشەی پیشەیی؛ ڕێکخراوی پیشەیی دیموکراتی و مەسەلەی سەربەخۆیی. کەریم. ع
- بیری سەربەست؛ بزوتنەوەی خوێندکاری و چەند هەڵەیەکی کوشندە. هەڵکەوت
- بەڵگەنامە؛ کورتەیەک دەربارەی کۆنگرەی ٢٤ هەم.
- ئەدەب؛ چارەنوس، کورتەچیرۆک، نەجمەدین کەریمی

هەولێرنامەی کتێب

- رازی پێشمەرگەیەک، شیعر، کامەران محەمەد
- لە گۆرانیەکانی ناو پێشمەرگە، دلێر رەشید
- لەوتەکانی شەهید ئارام
- ئاشتی جیهانی، چۆن؟. ک- بلێسە..

ژمارە، مارس- نیسان، ١٩٨٤، ١٢ لاپەڕە، قەبارە، ٢٣،٥ بەسم. بۆ لاپەڕە و دوالاپەڕە سەرەڕای رەنگی رەش و سپی رەنگی سووریش بەکارهێنراوە. تەواوی بابەتەکان بەپیتی عەرەبین.

- سەروتار؛ نەورۆزێکی تر
- ناڕەزایی لە کردەوەکانی رژێمی فاشیستی تورکیا هەموو وڵاتانی ئەوروپای گرتوەتەوە
- کۆڕی جیوپۆلیتیک لەسەر کوردستان
- راپۆرتی کوردستان، کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئیران، کوردستانی عیراق
- ئەندام بوون بەناو یان بەکردەوە. سکاڵا
- ئامانجی بەڵێنەکانی رژێمی بەعس بۆ گەلی کورد
- خەباتی ئافرەتان؛ دژی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی. هەڵۆ
- پرسیارێکی بەجێ. کوردێکی بەپەرۆش
- بۆچ رۆژنامەکانمان لە ئاستی پێویستیدانین. رەنج
- مافی مرۆڤ لە وڵاتانی لای ئێمەدا چۆن دەپارێزرێت
- هێندێ لە چالاکی لقەکانی کۆمەڵەمان لە نەورۆز

ژمارە، ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٤، ١٦ لاپەڕە، قەبارە بەسم. تەواوی بابەتەکان بەپیتی عەرەبین.

- سەروتار؛ خوێندکارانی کوردستان قارەمانانە رووبەڕووی بەعس دەبنەوە. دەستەی نووسەران
- گفتوگۆیەک لەگەڵ هەڤاڵ گادانی
- خومەینی و سەدام شارەکان وێران دەکەن
- کۆنگرەی ٢٥- مم و خۆئامادەکردن. هەڵۆ
- تا خوێنی شەهیدانی قەڵادزێ و هەڵەبجە بەفیرۆ نەڕوات
- باری کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی ئەوروپای رۆژئاوا
- کۆڕی جیۆپۆلیتیکی کوردستان کارەکانی بە سەرکەوتوانە ئەنجام ئەدات
- مافی مرۆڤ
- کێشەی خوێندکاران و کرێکارانی بێگانە لە ئەوروپای رۆژئاوادا. ئاوارە
- یادی راپەڕینە مێژووییەکەی ١ی ئایار و خەباتی کرێکاران. هیوا
- راستی هەڕەشەی ئیمپریالیزم بۆسەر ناوچەی خەلیج
- بزوتنەوەی کرێکارانی وڵاتانی سەرمایەدار بە چ قۆناغێکدا تێ ئەپەڕێت
- دەربارەی مێژوو. لە کتێبی «مێژوو»ی دکتۆر کەمال مەزهەر وەرگیراوە
- خەباتی گەلی ئەرمەن دژی رژێمی تورکیا
- تیشکێک لە شەوەزەنگدا. نەریمان

ژمارە، ساڵی ١٩٨٥، ٣٢ لاپەڕە، قەبارە بەسم. بەرگدارە. زۆرترین بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بۆ کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا» تەرخانکراوە.

- راپۆرتی ئەکسا بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ
- بە یادی کۆماری مەهاباد
- یەلماز گۆنای
- دژایەتی چۆن دەکرێ؟
- خەباتی گەلی شیلی
- هاوکاری عیراق و تورکیا بۆچی. ؟
- راپۆرتی کۆنگرەمان و کوردستانی عیراق
- گرنگی پاراستنی کولتوری نەتەوایەتی
- پەیامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
- راپۆرتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان..
- پەیامی سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران- کۆمەڵە
- نزیک، رازی پێشمەرگەیەک
- راپۆرتی کۆنگرەمان و کوردستانی ئیران
- کوردستانە سەنگەری ئازادی
- رێکخراوی خوێندکاران و ئەرکی شۆڕشگێرانەی
- جگەرخوێن هەردەم لە دڵی میللەتا ئەژی
- راپۆرتی کۆنگرەمان و کوردستانی سوریا
- جونتای فاشست
- راپۆرتی کۆنگرەمان و کوردستانی تورکیا

ژمارە، ئازاری ١٩٨٧، ١٩ لاپەڕە، قەبارە بەسم بەگدارە. لەم ژمارەدا ناوی گۆڤارەکە گۆڕانکاری تێداکراوە و کراوەتە؛ (**دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا»**)

- وتەی ژمارە؛ با خەباتی راستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران بێ. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەروەی وڵات- ئەکسا
- بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان. نەجمەدین کەریم
- رژێمی جۆنتای رەفتار فاشستی تورکیا جاریکی تریش هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی باشوور دەداتەوە
- بۆ هەمیشەیی لەبیر و ویژدانی گەلە چەوساوەکەتدا دەمێنیتەوە
- پایەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە روانگەی مارکسیزم- لینینیزمەوە
- لەو کاتەی شۆڕشی یەمەنی خواروو ڕێگای پەرەسەندنی پتەو کردبوو. ئا؛ نەجمەدین کەریم
- ئەفریقای خواروو. وەرگێران و ئامادەکردنی ئەنوەر
- بژی یادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. پۆستەرێک
- کوردستان. وێنەیەک لە شێوەی پۆستەردا

**بابەتی هەڵبژاردە**

بۆ ئەوەی باشتر و وردتر لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بگەین، بە تایبەتیش لە باری زمان و تایبەتمەندی بابەتەکان و ئەو پەیامەی، کە گۆڤارەکە هەوڵیداوە بیگەیەنێت، وا ئەم چوار بابەتە دەنووسمەوە، کە هەریەکێکیان پەیوەستن بە هونەرێک لە هونەرەکانی بواری نووسین و دنیای رۆژنامەنووسیدا:

**بابەتی یەکەم:**

**گەشتێک لە نێوزەنگەوە بۆ بۆکان..!**

( ١ )

ئەو شەوەی بۆ سبەینێ سەفەرێکی کوردستانی ئێرانم لەبەربوو تووشی باری دەروونی ئەو کورە عاشقەبووم، کە بۆ یەکەم جار دەچێتە ژوانی دڵخوازەکەی. هەرچەندە چەند جارێکی تریش کوردستانی خۆشەویستی ئێرانم دیوە، بەڵام ئەوسا جیاوازی یەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئێستادا هەبوو هەرچی شار و دێهاتە بە وێنەی حەمەرەزاشای گۆڕبەگۆڕ رازێنرابۆوە (**ساواک**)ییەکان هەمیشە دەمی تیغەکانیان لەسەر هەسان بوو بۆ سەربڕین و تۆقاندن و سەرکوت کردن. مرۆڤ نەیدەتوانی فززەی لێوەبێ، هەر کەسێک بە ئاستەم لەو رێگایەی خۆیان نەخشەیان بۆ کێشابوو لای بدایە راستەوخۆ ئەنجامی تیرەباران و زیندان بوو.

بەچکەشێرانی سنە و سەقز و سابلاخ و بۆکان و هەموو شارەکانی تر. چەکیان هەڵگرتووە و بەرامبەریان لە ساوکی ریش داری سەرو پۆتەڵاک بە (**عەمامە**) پێچراو گرتووە..

کوردستانی ئێستا کوردستانێکی ئازادە و هێزی پێشمەرگە دەستەڵاتی بەسەردا گرتووە. دیواری مزگەوت و قاوەخانەکان لە جیاتی وێنەی حەمەرەشا و خومەینی و گشت ئایەتوڵڵاکان، بە دروشمی شۆڕشگێڕانەی وەک (**سەرکەوتن بۆ شۆڕشی کوردایەتی، بژی دیموکرات، بژی کۆمەڵە**) رازێنراوەتەوە..

ئەوەندەم دەربارەی رووداوە جەرگ بڕەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییی کوردستانی ئێران بەرگوێ کەوتبوو (**بە تایبەتی کارەساتە خوێناوییەکانی سنە و سابلاخ**) هەستم دەکرد شەوەکەم لێ تێناپەڕێت و دڵنیام ئەگەر کاتژمێرەکەم ئاگاداری لێدانی دڵم نەببوایە خێراتر دەکەوتە تکەتک..

تاریک و روونی بەیانی لەگەڵ هاوڕێ کەمدا رێگامان گرتەپێش. مەگەر تەنیا مرۆڤی شاخاوی لەمەڕ کوردەکەی خۆمان هوشیارانە تێ بگات کاتێ دەڵێم (هیچ عەتر و گوڵاوێک ناگاتە بۆن و بەرامەی هەوا و گژوگیا و درەخت و دارستان لە تاریک و روونی بەیانیانی ناو شاخدا هەستێکی پیرۆز ناخی داگرتووم لەسەرخۆ و بە هەورازە سەختەکاندا سەردەکەوتین بە نشێوی

هەواڵنامەی کتێب

هەڵدێر و ملەی خزدا شۆڕدەبووینەوە، هێشتا هەتاو شانەی زێڕینی بەقژی دارچنارە باڵابەرز و لووتکە سەرکەشەکاندا نەهێنابوو، کە ئێمە گەیشتنە (**قاسمەرەش**)، نان و چایەکی پەلەمان خوارد پریاسکەیەکمان پڕ کرد لە وردە شتی پێویست و ڕێگامان گرتەوە پێش، ئەگەرچی یەکەم جاربوو بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشتم بەڵام هەستم دەکرد نابەڵەد نیم و شارەزام هەستم دەکرد ئەو شوێنەی بۆی دەچم وەکو موگناتیس بە لای خۆیدا رامدەکێشێت لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیەکەم لە من شارەزاتر و گورج و گۆڵ تر و شاخاوی تریش بوو، هەر ئەوەندەی ڕێگامان دووڕیان و سێ ریانی لێ دەبۆوە بەزەردەخەنەیەکی ناسک و خاوێنەوە دەیگوت هاوڕێ بە رای تۆ کام تووڵەڕێ بگرینەبەر..

سەرنجێکی توولە ڕێیەکانم دەدا، هەریەکەیان بە لایەکدا پێچی دەکردەوە و لە پەنا شاخێکدا لە ناو تاشەبەردە زەلامەکاندا ون دەبوو. پێش ئەوەی لێوەکانم بکەونە جووڵە و وەرامی هاوڕێیەکەم بدەمەوە، ئەو دەیگوت توولەڕێی چەپیان بەرەو گوندی ( **مەزرا** ) دەچێت و لای راستیش بەرەو (**واوان**). هەرچەندە ڕێگای نێوان (**قاسمەرەش**) و (**واوان**) چوار پێنج سەعاتە، بەڵام ئێمە بە دە سەعات بڕیمان، لەسەر هەر کانیاوێک پشوویەکمان دەدا و بە ئاوە ساردەکەی هەناومان فێنک دەکردەوە، بە لای هەر باخ و رەزێکدا تێدەپەڕین، دەبووایە لە میوەکەی بخۆین، خاوەن رەزەکان زۆریان هەوڵ دەدا ئەوە شەوە (**میوان**) بین، هەرچەندە هەتاوی مانگی گەلاوێژ بە تینە، بەڵام سەرانسەری ڕێگا بە سێبەری دار و درەخت داپۆشرابوو، لە ترێی رەش هێشووە بەرسیلەی سەوز. هەرمێ. هەڵوژە.. سێوی سپی و سێوی لاسوورە. یەک پارچە دۆڵەکانیان کردبووە تابلۆیەکی رەنگاوڕەنگ.

ناو بەناو لە چەقی ڕێگادا خوڕەی قەڵبەزەیەک هەڵوێستەیەکی پێ دەکردین. لە بەرزایی چەند مەترێکەوە دەهاتە خوارەوە و ناسکترین سیمفۆنیای سروشتیی دەدایە گوێماندا..

گۆرانی ئەڤین و خۆشەویستی و ئاشتی بۆ مناڵانی کورد و پێشمەرگە چاونەترسەکانی کوردستان دەچڕزاند. لە ناکاو هەر ئەوەندەی گوندێکی تازەمان دەکەوتە پێش چاو خوڕپەیەکی شیرین دڵمانی دەگوشی موچڕک و تەزوو بەلەشماندا دەهات، گوندێکی خنجیلانەی رازاوە لە نێوان هەردووماڵێکدا دارچنارێک سەری بەرز کردۆتەوە و تیشکی خۆرەتاو بەقەد لاسک و گەڵا و گەڵا سەوزەکانیا رەنگ دەداتەوە.

رووبارێکی بچوک گوندەکە دەکاتە دوو بەشەوە و بەرەو ئامێزی دۆڵەکانی خوارەوە سەری هەڵگرتووە، منداڵان بەدەم مەلەکردنەوە شڵپە شڵپی شەڕە ئاویانە، هەر ئافرەتە و تەنەکە و گۆزەی خۆی پڕ دەکات لە ئاوی سارد، ماسییە زەردە بچکۆڵەکانیش لەژێر تیشکی رۆژدا دەبریسکێنەوە، پیاوەکان لەسەر سەکۆی مزگەوتا کۆبوونەتەوە و باس و خواسی ئیش و کاری ئەو رۆژە بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. گوندەکانی کوردستان هەرچەندە هێشتا دەستی تەکنۆلۆژیا و شارستانیەتیان پێنەگەیشتووە، بەڵام هەریەکەیان چیرۆک و داستانی خوێناوی تایبەتی خۆی هەیە. چەندەی خومبارە و فانتۆمەکانی ساواک و خومەینی وێرانی کردوون، هێشتا جوانتر و دڵگیرتر لە جاران دێنەپێش چاو. گوندەکانی کوردستان دەمێکە بە خومبارە و ناپاڵم و سارووخی زل زل (**ئاوەدان دەکرێنەوە**)، بەڵام هەرگیز خۆیان نەداوەتە دەستەوە. هەر ئەوەندەی سارووخێک دەکەوێتە گوندێکەوە منداڵانی ئەو گوندە پەتێک دەخەنە قەوانە سێ سەرەکەی و بە کۆڵانەکاندا رای دەکێشن و قوشمەی پێ دەکەن، منداڵانی وڵاتەکەم لە جیاتی ئەوەی بە چوکلات و دیاری مناڵانە گوڵباران بکرێن. ناپاڵم و سارووخیان تێ دەگرن. منداڵانی وڵاتەکەم ئاهەنگی جەژنی لەدایک بوون ناگێڕن، بەڵام هەموو نەورۆزێک سەرلەنوێ لە دایک دەبنەوە. منداڵانی وڵاتەکەم نازانن باخچەی ساوایان چییە، سەریان لە کەمانچە و پیانۆ دەرناچێت، بەڵام چاک دەنگی فانتۆم و زرێپۆش و تۆپ و رەشاش دەناسن. تانک و زرێپۆش کێڵگەکانی وڵاتەکەم وێران دەکەن، بەڵام وەرزێرەکان جوانتر لە جارانی شین دەکەنەوە. فڕۆکە رەزەکان دەسووتێنێ و باخەوانەکان چاکتر لە جاران ئاوەدانی

دەکەنــەوە. منداڵانــی وڵاتەکەمیــش. نــەورۆز لــە دوای نەورۆز گەورەتر دەبن و ئەمجارەیان لە جیاتی راکێشـانی سـێ سەری سـاروخ و فانتـۆم دەخەنـە خـوارەوە و تانک و زرێپۆش تێک دەشکێنن..


دەنگی
خوێندکارانی کوردستان
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ( ئەکسا )
کۆمەڵە رێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دیموکراتی سەربەخۆیە لە دەرەوەی وڵات
١٩٨٣
ئۆکتۆبەر، دیسەمبەر
ژمارە (٢٠١)
کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کورد
سەروتار
کۆنگرەی کۆمەڵە و گرنگیەتی گۆڤارەکەمان
سەرکەوتوترین شۆڕشی گەلە قارەمانەکەمان

(٢)

عەسرێکی درەنگ گەیشتنیە (**واوان**) کە بیست کیلۆمەتر لە خوارووی شارۆچکەی (**سەردەشت**) ەوەیە. ئەگەر لە هاویندا زەوی وشـک دەبێ و سـەوزایی پێوەنامێنێ ئەوا ئەو دۆڵەی واوان، کە دەیانــی گوندی خنجیلانەی تــری گرتۆتە باوەش بــەو چلەی هاوینە لەناو سـەوزاییدا دەبریسـکێتەوە. زۆرجـار، کـە لە شـاخێک سـەردەکەوتین و ئـەو دۆڵـە سـەوزانەم دەکەوتەپێـش چاو بە هاوڕێیەکەم دەگوت: وا هەسـت دەکەم لە پێستی خۆم چومەتە دەرەوە و بوومەتە پارچەیەک لەم شاخ و دۆڵانە. تۆ بیسـتووتە مرۆڤ ببێتە شـاخ یان دۆڵ؟ ئەویش بە بزەیەکەوە دەیگوت: کاتێ دەمرین بە تەواوی لەگەڵ شـاخ و دۆڵەکاندا تێکەڵاوی یەکدی دەبین. وتم بەڵام من لە ئێستاوە هەست بەو تێکەڵاو بوونەدەکەم. وتــی ئەمەیان تێکەڵاوبوونێکی رووحییــە و پـاش مــردن تێکەڵابوونــە (**ماددی**)یەکـە لە دایک دەبێت. کاتێ لەوتەکانی هاوڕێیەکەم وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت مەبەسـتی لــە مردن خۆبەخـت کردنە لە پێناوی شـاخ و دۆڵ و مرۆڤی چەوسـاوەدا. بەو عەسـرە خۆمان کردە بارەگای (**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران** )دا لە واوان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین، هەرچەندە برسـیمان نەبوو، بـەڵام نانیان بۆ هێنایـن. ئەو شــەوە بە قســەی تێروتەســەڵی پێشــمەرگە و دەنگوباسی مەفرەزەکانــی ئەو ناوچەیــە و بەرەنگار بوونەوەیــان بەرامبەر هێزەکانــی (**ئەرتەش و پاسـدار**) ماندوێتی رێگامان حەسـایەوە. تاریـک و روونی بەیانیش سـواری گەلابەیــەک بووین و رێگای (**بۆکان**)مان گرتە پێش..

(٣)

لە رێگادا چەند جارێک ماشـێنەکە بۆ پشـکنین دەوەسـتا.. لە کوردسـتانی عیراقدا (**وەکو هەموو بەشــەکانی تری کوردستان**) نوختەی پشکنین مانای تایبەتی خۆی هەیە، بێچووە هیتلەرەکانی بەغـدا هەمــوو دەمێ کەماشــێن رادەگرن بۆ کوردێکی رەســەن و دڵســۆز دەگەڕێــن، بــە وردی لــە شناسـنامەکەی دەکۆڵنەوە، پرسـیاری زۆری لێ دەکـەن، لە ئەنجامی ئـەم جۆرەکردەوە و

ڕەفتار فاشـــییانەدا ڕقێکی پیرۆزم بەرامبـــەر هەموو نوختەیەکی پشکنین لە دڵدا هەڵگرتبوو. وشەی (**پۆلیس**) قەبەترین وشەبوو لام، هەمیشە وتە بەناوبانگەکەی (**بەرناردشۆ**) لە گوێمدا دەزرنگایـــەوە، کە دەڵێ: (**ئەگـــەر ئافرەت برووخێ، دەبێتـــە قەحپە،بەڵام ئەگەر پیـــاو برووخێ دەبێتە پۆلیس**). وا دیارە نوختەی پشـــکنین کوردستانی ئازادکراوی ئێرانیشـــی گرتۆتـــەوە... بەڵام ئای. خـــۆ ئەوانەی ماشـــێنەکان ڕادەگرن ئەرتەش و پاســـدار و پۆلیس نین. هەموویان پێشمەرگەن و لە جیاتی گەڕان بە شوێنی کوردی دڵسۆزدا لـــە ڕوخســـارە دەمامکـــدارەکان دەگەڕێن، لە خۆفرۆش و ســـیخوڕ و زۆڵەکورد دەگەڕێن. فەرامۆشـــیم پیادا هاتەوە و لـــە دڵی خۆمدا وتم ئەمانە هەتاو دەپارێزن..


دەنگی
خوێندکارانی کوردستان
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
لە دەرەوەی وڵات (شـەگـا)
زمارە (٢)
کۆمەڵە ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دیموکراتی سەربەخۆیە لە دەرەوەی وڵات
١٩٨٤
نەورۆزێکی پیرۆز
ناڕەزایی لە کردەوەکانی ڕژێمی فاشیستی تورکیا هەموو وڵاتانی ئەورووپای گرتوەتەوە.
کۆڕی جیوبولیتیک لەسەر باری کوردستان

(٤)

هەتـــا لـــە واوانـــەوە دەگەیتـــە بۆکان، دەیان دیمەنـــی دەگمەنت دەکەوێتە پێش چاو، کـــە هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە.. لە هەموویان دڵخۆشکەرتر، دیمەنی تانکی تێکشـــکێنراو و جیـــبی ســـووتێنراوی ئەرتەش و پاسدار و کەلاکی دەیان ماشێنی خاکی و سەوزە.. دەســـتتان خۆش ئەی پارێزەرانی تیشکی ڕۆژ لە گورگێکی برسی و داگیرکەر...

(٥)

ماوەی نێوان واوان و بۆکان بە لاڕێ و .. قاچاخەڕێدا شەش ســـەعات دەبێت. شـــەش سەعات بە سواری ماشـــێن و بە خاکی پیرۆزی کوردســـتانی ئازادکراوی ئێراندا. شـــەش سەعات لەژێر سێبەر و چاودێری لوولەی بڕنەو و کلاشینکۆفی پێشمەرگەدا.

(٦)

شاری بۆکان دەکەوێتە نێوان سەقز و سابڵاخەوە، هەرچەندە لـــە هەمـــوو قەزایەکی کوردســـتانی عێـــراق گەورەتـــرە، بەڵام بە (**ناحیە**) ناو دەبرێ. هەمیشـــە دوژمنانی گەلی کورد هەوڵ دەدەن شارەکانی کوردستان بچووک و. بچووکتر بکەنەوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئارەزووە گەندەڵەکانیان بە پێچەوانەشـــەوە ئەو شارانەی خۆیان مەبەســـتیانە گەورە و. گەورەتری دەکەنەوە، ئەوەتانێ لە کوردستانی عێراقیشدا دوژمن هەموو توانایەکی خستۆتەگەڕ بۆ ڕاگوێزانـــی گوندەکانی سەرســـنوور و گوێزانەوەی دانیشـــتوانی کوردســـتان بۆ خـــوارووی عێـــراق و بچووککردنەوەی شـــار و

شارۆچکەکانی کوردستان بە پێچەوانەوەشەوە قەزای تکریت کە مەڵبەندی لە دایک بوونی صدام حسین و هەندێک لە دەست و پێوەندە قەپڵ لێدەر و زۆرناژەنەکانیەتی کرایە (**پارێزگای صلاح الدین**). لە کوردستانی تورکیاشدا ئەوە هەر لە کۆنەوە ئەم سیاسەتە رەچاو کراوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمانە هەموو لە لایەک و (**پشتێنی سەوز**)یش لە لایەکی تر. واتە داگیرکەرانی کوردستان بە تێکڕایی لەسەر ئەو خاڵە رێکەوتوون، کە سیمای مێژووی شارە کوردنشینەکان بگۆڕن و جۆرەها پلان سازبکەن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم نیازە گڵاوەیان.

(۷)

شاری بۆکان یەکێکە لە شارە خۆڕاگر و قارەمانەکانی کوردستانی ئێران، سێ ساڵی رەبەق لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوو. پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتنەجێ. هەموو شتێک سەرنج راکێشەرە. هەموو شتێک نیشانەی چوست و چالاکی و کارکردنی پێوەدیارە. پێشمەرگە چاپووکەکانی (**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**) و (**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**) دەسەڵاتی تەواویان بەسەر شاردا گرتووە. لە نێوان خۆیاندا برایانە دەزگاکانیان دابەش کردووە. شەرداری (**شارەوانی**) دیموکرات بەڕێوەی دەبات، (**تەندروستی**) کۆمەڵە سەرپەرشتی دەکات.. هتد.

بەڵێ گەلی کوردیش وەک هەر گەلێکی زیندووی ئەم سەرزەمینە توانای خۆبەڕێوەبردنی هەیە، باشترین بەڵگەش کۆماری مەهاباد و شارە ئازادکراوەکانی کوردستانی عیراق (**پێش هەرەسهێنانەکەی ١٩٧٥**) شارە ئازادکراوەکانی کوردستانی ئێرانە پێش ئەوەی دوژمن دەستیان بەسەردا بگرێتەوە. شەقامە درێژ و تایبەتییەکەی شاری بۆکان هەموو رۆژێ کارەسات و رووداوێکی تازەی بەخۆیەوە دەبینێ. هەموو شتێک ئاساییە. قاوەخانەکان ئاوەدانن. بازاڕی کڕین و فرۆشتن هەتا بڵێی گەورەیە، تاکسی دێت و تاکسی دەڕوات، هاڵاوی (**چڵ و کەباب**)ی چێشتخانەکان دڵ و دەروون دەکەنەوە، زەڕەنگر و کوتاڵ فرۆش و بازرگانەکان خەریکی سەودا و مامەڵەی خۆیانن. هەموو شتێک ئاساییە، هەموو شتێک بە رێکوپێکی دەجوڵێتەوە. لەم لاوە پێشمەرگەیەک بەیاننامەی دیموکراتی بڵاودەکاتەوە، لەو لاوە پێشمەرگەیەکی تر بانگەوازێکی نوێی کۆمەڵە بە خەڵکی رادەگەیەنێ. لە ناکاودا غەڵبەغەڵبێک پەیدا دەبێت و حەشاماتێکی زۆر کۆدەبنەوە، مرۆڤ وا هەست دەکات خوا نەخواستە شەڕێک یان گرفتێک رووی دابێت، کەچی پاشان دەردەکەوێت پێشمەرگەیەکان (**کۆمپاین**)ێکی (**دەراسەی گەنم و جۆ دوورین**)یان هێناوەتە شار سەبارەت بە موڵکی ئاغایەکی جاش و بەکرێ گیراو بووە و ئەمانیش دەسەڵاتیان بەسەردا گرتووە..

لە هەموو لایەکەوە چەپڵە بەرز دەبێتەوە و ئافەرین ئاراستەی پێشمەرگەکان دەکرێت. یەکێک لەو دیمەنانەی هەرگیز لە بیر ناچنەوە، ئەوەیە جاروبار دەنگی زرێپۆشێکی خاکیی گوێچکەت کاس دەکات. بەڵام کە دەبینی پێشمەرگەیەکی باڵابەرزی چوارشانەی بە سەرەوەیە و توند توند بە هەردوو دەستی رەشاش برێن و دۆشکەکەی گرتووە و لوولەکەی بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە، لە کامەرانیدا موچڕکە لەشت دادەگرێت....

(۸)

لە هەموو دیمەنێک شیرینتر و دڵگیرتر و رازاوەتر. دیمەنی ئەو پێشمەرگانەیە دەمە و ئێواران، یەک لە دوای یەک، لە شار دەچنە دەرەوە بۆ جێ بەجێ کردنی کارێکی شۆڕشگێڕانە و دەست وەشاندن لە گورگ و بەرازە ڕیشدارەکان. هەر ئەوەندەی خۆر لە کەل ئاوابوو، شار خامۆش دەبێت. بەڵام لە دوورەوە قرمەژنی گوللە ئاوازێکی کوردانە و شۆڕشگێڕانە دەدەنە گوێدا و لەگەڵ ئاوازی لاوک و حەیراندا تێکەڵاو دەبن و داستانێکی تر لە مێژووی ئازایەتی و قارەمانیەتی شۆڕشی خوێناوی گەلی کورد و پێشمەرگە نەبەزەکاندا تۆمار دەکات...

(٩)

بــۆکان. بە زەبری خومبــارە و ناپاڵم و فانتۆم و تــۆپ بــاران کردن گیرایەوە. بــەڵام باوەڕی هەتا دێ لە پتەوبووندایە و هەرگیز ناگیرێت. ئێستا لە بەردەم هەرماڵێکدا لەسەر سووچ و کۆڵان و شەقامێکدا پاســدارێکی ڕەزا گران و ئەرتەشێکی خوێن تاڵ ڕاوەســتاوە و چڕنووکی ژەهراویان چەقاندۆتە گوشــتی ناســکی زارۆک و دانیشــتوانی شار. بۆکان شمشــاڵێکی خەمگینە. بــۆکان. بوکێکی زاوا بریــندار کراوە.. بەڵام هەرگیز جلی ڕەش لەبــەر ناکات و لە ناو ڕەنگی ســوور و ئاڵدا ســەمای ژیــان و سەربەســتی دەکات. ئەو ڕۆژەش نزیــک بۆتــەوە بــاوەش بــە ڕۆڵە وەفادارەکانی خۆیدا بکات و توند توند بیان ئاخنێتە ســنگ و گەردنــەوە. وەکو تۆز و خۆڵی سەر فەرش و مافووریش دوژمنی بێگانە هەڵتەکێنێ. ئەو ڕۆژە نزیک بۆتەوە لە جیاتی بۆکانێکی ئازاد، سنە و سابلاخ و کرماشانێکی ئازاد بە زەردەخەنە و بە دەسماڵی فیداکاری، چاوی فرمێسکاوی و چاوەڕوانــی، بســڕنەوە و لێــوەکان بگەشــێنەوە و چەپــک چەپک نێرگزی ســەرکەوتن بە ئینجانەکانی شۆڕشدا بێنە خوارەوە.


دەنگی
خوێندکارانی کوردستان
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

کۆمەڵە ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دێموکراتی سەربەخۆیە لە دەرەوەی وڵات

ژمارە (٤)

ئابار، یونی ١٩٨٤

سەروتار
خوێندکارانی کوردستان قارەمانانە ڕووبەڕووی بەعس دەبنەوە

گفتوگۆیەک لەگەڵ هەڤاڵ "گادانی"

نوێترین وسردام شارەکان وێران دەکرێن

کۆنگرەی (٢٥)یەم و خۆئامادەکردن

سەرنج: ئەم دەقە لە نووسینی سەلام محەمەد-ەو دیارە ئەو کاتە لە بەرلین-ی ڕۆژئاوا بووە و ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٦، ئەم دەقەی نووسیوە. من دەقاودەق تێکستەکەم گواستۆتەوە، تەنیا دەستکاری یەک وشــەم کــردووە، نووســەر لــە جیاتی بنووســێت «**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**» نووسیویەتی: «**پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران**». ئەم دەقە لە ژمارە، کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣، لاپەڕە تا ٢٢ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاوبۆتەوە.

**بابەتی دووەم:**

**هەواڵ، چالاکییەکانی ئەکسا**
**لقی ئەمریکای باکوور**

١- کالیفۆرنیا- بەشــداری کردن لە هەفتەی جیهانی کە لە شاری لوس ئەنجلس بەسترا، بەشداری کردن لە جەژنی ڕادیۆی دەستە چەپەکانی ئەمریکا لە هەمان شــار، بەشــداری کردن لە ئاهەنگی شــەوی کوردستان کە لە لایەن کۆمیتەی بەرگری لە کوردستان دامەزراوە تونرا یارمەتیەکی زۆر کۆبکرێتەوە بۆ کڕینی دەرمان وەنــاردرا بــۆ مەکتەبی شــێخ عزالدین حوســەینی لە فەڕەنســا.

بەشـــداری کردن لە کۆنفرانس لە مەکسیک بۆ پشتیوانی لە گەلی سلفادور.

٢- ئوهایــو- گێڕانی ســیمینارێک لە زانکۆی ئۆکــران دەربارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و شێوازی چەوساندنەوەی گەلی کورد.




٣- فلۆریـدا- دەرکردنـی بەیاننامەیەک بە زمانی ئینگلیــزی دژ بــە داگیرکردنــی لوبنــان لە لایەن زایۆنیزمەکان و دەربڕینی پشتیوانیمان لە گەلی لوبنان و فەلەستین. بەشداری کردن لە هەفتەی جیهانی و نیشاندانی جل و بەرگی کوردی لەسەر شانۆی دانیشگای فلۆریدا. بەشداری کردن لە جەژنی ســیاهکل و وتارێــک خوێندرایەوە لە لایەن نوێنەری ئەکســاوە. دەرکردنی ژمارە ٧ی گۆڤــاری راپەڕین. بەشــداری کردن لە سیمینارێک کە لە دانیشگای فلۆریدا گێڕدرا بۆ پشتیوانی لە گەلی فەلەستین و وتارێک خوێندرایەوە. گێڕانــی جەژنی نەورۆز بە شــێوەی ســەیران کە جگە لە ئەندامانی ئەکســا هەندێ لــە دۆســتانی بێگانەش بەشــداریان تیا کــرد. کۆکردنەوەی ٦٠ پەتــو (**بەتانــی**) وە ناردنی بۆ نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشــانی ئێران کە لە رێـگای خۆیانــەوە ئەینێرێ بۆ کوردســتانی ئێران.

٤- فرجینیا- واشنتن- بەشداری کردن لە خۆپیشاندانێک بەرامبەر کۆشــکی ســپی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و پشــتیوانی کردن لە گەلی ســلفادور. بەشداری کردن لە ســیمینارێک بۆ پشتیوانی لە گەلی فەلەســتین. گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە شــاری واشنتن. گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە شــاری نیویورک. بەشداری کردن لە ئاهەنگی لایەنگرانی فدائی خلق ١٩ بەهمەن.

٥- ئیندیانــە گێڕانــی ســیمینارێک بۆ قوتابیانی زانکــۆی ئیندیانە بۆ روون کردنەوەی کێشــەی گەلی کورد و نیشــاندانی ســلاید. بەشــداری کردن لە ئاهەنگێک کە لە لایەن چریکهای فدائی خلقی ئیرانــەوە گێــرا وە وتارێــک خوێندرایــەوە. دیســانەوە لە چەند ئاهەنگێکی تر کە لە لایەن قوتابییە عەرەب و ئیرانیەکان گێرابوون بە بۆنەی چەند مناسەباتێک.

سەرنج: ئەم هەواڵە لە ژمارە، پوشپەڕی ٢٦٨٣ ی کوردی، لە لاپەڕە ٥٥ی گۆڤارەکەدا بڵاوبۆتەوە.

**بابەتی سێیەم:**

**پاشەڕۆژی ديناسۆر**

**تايبەتە بە دڕندەی ناسراوی عيراق سەدام حوسين**


دەنگی کۆمەڵەی
خوێندکارانی کوردستان
لە دەرەوەی وولات ، ئەکسا ،
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات
یەکگرتنی فاشیزمەکان بۆ لێدانی گەلە چەوساوەکان
جوتشای قاتی جاریکی ترش دەو لی داگیرکردنی
کوردستانی باشور دەداتەوە

لە وڵاتێکدا ئەگەر گەل..
دەنگی بە پۆستاڵ و بارووت نەخنکێرێ
ئەگەر ووشەی ڕاست و ئازاد..
زمانی بەگڕ و تيزاب نەخنکێنرێ
هەرگيز لاتێکی هەرزەکار
بە تەنەکە و سەرەسيفۆنی سەرشانی
نابێتە سەرۆکی کۆمار..
.........
دوانزەساڵە وەک گورگی هار
چڕنوکـی تيـژی لە پێسـتی وڵاتەکـەم گير
کردووە و
سێ ژەمەخواردنی خوێنە
دوانزە ساڵە دياری بۆ منالی هەتيو
مژدەی بۆ کۆرپەی باب نەديو
تف و جوێنە..
دوانزە ساڵە رق و تاوان
بۆ ماستی دڵی هەوێنە
کۆتاييە..
ئەمجارەيان پێش ئەوەی تەنەکەی تەرفيع
بکەيتە شان
پێش ئەوەی ويسامی تازەی ديجلە و فورات
بئاخنيتە قەد و باڵات..
دادگەی گەل چاوەڕێت ئەکات..
.......
ئەی هەژارانی گەلەکەم
ئەگـەر بيخـەينە دەنگەوە بۆ.. «ئەم وشـەيەم بـۆ نەخوێندرايەوە
نەوزاد» کاری
ئەم هەرزەيە. هەڵئەبژێرن..
بەشێک ووتيان: مردن. زيندان
بەشێک ووتيان: پۆليسی جادە و ڕێگاوبان
بەشێک ووتيان: بليت وەرگری بەردەرگای سينەماکان
بەشێکی تر ووتيان نەخێر
دڕندەيەک کە لە تيرەی مرۆڤ نەبێت
دەيبەينە باخی ئاژەڵان

<u>سەرنج</u>: ئەم شيعرە ئيمزای «**بەشير مشير**»ی لەسەر داندراوە و لـە ژمـارەی کانوونی دووەمی سـاڵی ١٩٨٣، لـە لاپەڕە٢٣ی گۆڤارەکەدا بڵاوبۆتەوە.

**بابەتی چوارەم:**

**با خەباتی راستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران بێ**

کۆنگرەی ٢٧- ەمینی کۆمەڵەمان لە رۆژی ١٥-١٩٨٦/٨/١٧ لە شاری بەرلینی رۆژاوادا لەژێر دروشمی «**با خەباتی راستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران بێ**» بەسترا. کۆنگرەمان لە نوێنەرانی لقەکانی کۆمەڵە و نوێنەرانی ئەم رێکخراوانە پێک هاتبوو. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- ناوەندی پراگ-، یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا- یوکسی، کۆمەڵەی خوێندکارانی عیراقی لە بەرلین و ئەڵمانیای رۆژاوا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- ناوەندی بەرلین-، رێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لە ئەوروپا، فەیکا کوردستان، کۆمەڵی پشتگیری لە نەتەوەکان GESELLSCHAAFT FUR BEDROHTE VÖLKER، جونالیستی ئیتاڵی ماریا گالیتی و هەندێ لە دۆستانی ئەکسا.

کۆنگرەمان بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سەرجەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی بن دەستی جیهان، دەستی پێ کرد.

لە پاش بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کۆنگرە ووتاری ئەو رێکخراوانە خوێندرانەوە کەب انگ کرابوون. بۆ بەیانی رۆژی دووهەم کۆمیتەیەک هەڵبژێردرا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کۆنگرە. پاشان راپۆرتی سیاسی لە لایەن ک. ب. گ- یەوە خوێندرایەوە، بە دەست پێ کردنی باری جیهانی و بەستنەوەی بە باری کوردستانەوە وەکو جێگایەکی ستراتیژی بۆ ئیمپریالیزم و پیلانەنوێ و شاراوەکانیان.

رەوشی ژنانی جیهان لە سەردەمی شۆرشی پیشەسازی یەوە و شێوەی چەوساندنەوەیان بە جوانی تا ئەمرۆ دارێژرا. کۆمەڵەمان لەو باوەرەدایە کە ژنان تەنها لەژێر سایەی کۆمەڵگایەکی یەکسانی سۆشیالیستدا لە چەوسانەوە رزگار ئەبن. خاڵی دوای ئەوە باری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و گرنگی دانی وەڵاتە سەرمایەدارییەکان بەو ناوچەیە هەروەها کۆنگرە لە هۆ و ئامانج و ئەنجامەکانی شەڕی عیراق و ئیران کۆڵییەوە.

پاشان کوردستان بە گشتی و پارچەکانی تورکیا و ئیران و سووریا و هەروەها کورد لە یەکێتی سۆڤیەت و لوبنان یەک بە یەک بە درێژی باسکرا و بەسترایەوە لەگەڵ تازەترین رووداوی ئەمرۆدا.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا باسی هۆکانی پارچە پارچەبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری کراو بریاری زیاتر کارکردن بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە درا. راپۆرتەکە بە گشتی لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ ئەو گۆرانانەی کە لە پاش گفتوگۆیەکی زۆر چەسپێنرابوون. وە لە پاشاندا راپۆرتی چالاکی ک. ب. گ و لقەکان خوێندرایەوە و بە زۆربەی وەرگیرا.

ئەوەی شایانی باسە زۆر بریاری بە کەڵک بۆ ساڵی نوێ پێشکەش کرا.

لە کۆتایدا ک. ب. گ هەڵبژێردرا و کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ کاری یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاری هەڵبژێردرا و ئینجا بە سروودی نیشتمانی ی – ئەی رەقیب- کۆتایی بە کۆنگرە هێنرا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا-

١٩٨٦/٨/٢٠

<u>سەرنج</u>: ئەم بەیاننامەیە لە ژمارەی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٧، لە لاپەرەی گۆڤارەکەدا بڵاوبۆتەوە. لێرەدا لە جیاتی بنووسرێت «**کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی**» تەنیا رەمزەکانی «**ک. ن. گ**» داندراوە.

nawzad.ali@hotmail.com

# رۆژنامەیا کوردی یا پێشین کوردستان

## بەشێ ٣

فەلات دلگەش
ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی: شمک زەر

**دەنگڤەدانا رۆژنامەیا کوردستان**

دەرخستنا رۆژنامەیا کوردستانێ د دەمەکە کورت دە بال کشاندیە سەر خوە. کوردێن کو های ژ چاپکرنا رۆژنامەیێ چێبوونە و ب تایبەتی رۆژنامە کەتنە دەستێ وان، ب نامە و تەقریزێن خوە یێن دەستەک و پشتگرێی شاهیا خوە ئانینە زمێن، حەساسیەتا خوە نیشان دانە و ل رۆژنامەیا خوە خوەدی دەرکەتنە. رۆژنامەیێ، چقاس د ناڤ کوردان دە خوەشی و گەشیەکە پەیدا کربە، هێڤی دابە وان، کێفا وان ئانیبە، ئەوقاس و بەلکی ژ وێ زێدەتر ژی ترس و خۆف خستیە دلێ نەیار و دلڕەشان. رەژیما عەڤدلحەمید، ژ بۆ کو ژ چاپکرن و بەلاڤبوونا رۆژنامەیێ رە ببە ئاستەنگ، زووکا ئەمرنامە دەرانینە و کەسێن کو رۆژنامە ل سەر وان هاتنە دیتن، شکەنجە ب وان هاتیە کرن و هاتنە گرتن.

ب زار و ب ئاستەنگ بە ژی کوردستان گهیشتیە وەلات و ل دەر و دۆرێن جهێ هاتیە بەلاڤکرن و خوەندن. ژ هەژمارا سسیان وێ ڤە، هن نامەیێن کو ژ ئالی خوەندەڤانان ڤە هاتنە شاندن، د ناڤ رووپەلێن کوردستانێ دە جە دستینن، ژ شامێ، ژ مێردینی، ژ دیاربەکرێ، ژ جزیرێ، ژ مووسلێ، هەتا ژ بۆسنایێ نامە ژ عەڤدرەحمان بەدرخان رە تێن شاندن.

د تەقریزا کو د هەژمارا سسیان دە چاپ دبە و ل سەر ناڤێ لاوێ شێخ. أ. فەتاح ژ شامێ تێ رێکرن دە، وەها تێ گۆتن:

**((ئەڤ جەریدەیا میرێ مە دەرخستی هات شامێ، من یەک پەیدا کر. چ ڤا کوردێ نێزک هەنن من جواندن. وەکی ئەڤ جەریدە دیتن ناڤێ وی (کوردستان)ە، خوەییێ وێ میرێ مە یە، حەمیان عەوولی ماچ کرن، دانین سەر سەرێ خوە. گەلەک شا بین، پاشێ من ژ وان رە خوەند، وە ڤە دلێ وان خوەش بوو، حەچکو تە دنێ دایە وان))**[١].

د هەژمارا پێنجان دە نامەیەک ژ ئەدەنێ تێ چاپکرن. نامە ژ ئالی سەید تاهرێ بۆتی ڤە تێ شاندن. سەید تاهرێ بۆتی ناما خوە ل سەر ناڤێ: (**ژ بۆ جەریدەیا کوردستانێ**) دشینە و وەها دەست ب نڤیسینا نامەیا خوە دکە:

**(حەیفا من گەلەک ژ کوردێ مە رە دهات. من رۆژ و شەڤ گازند دکرن، چ ڤا کرمانج هەنە حەمێ میرو ژێهاتی نە، چ رە هۆلێ بێمەعریفەت و سنعەت مانە! نڤیساندن و خوەندنا حەمی کوردان چرە نینە! ئەز ل ڤان کول و دەردان**

**ژار و کال بیبم، حەیری مابیم. نوهۆ ژ خوەدێ تەعالا شکر دکم، ئەو جەریدەیا تە ل سەر قەنجیا کوردا دەرخستی یا تە ژ مە رە رێکری، هات و کەت دەستێ من. حەچکو چقا مرادێ من هەبین، حاسل بین. قەنجیا ل سەر دنێ دە حەو قا دبت، مەزناهی ژی ل ڤی زەمانی ها قا چێدبت[٢])**.

سەید تاهرێ بۆتی، شاهیا خوە یا ل سەر رۆژنامەیێ ب کوردێن دن رە ژی پاری دکە و وەها ل ناما خوە بەردەوام دکە:

**(وەکی ئەڤ جەریدە من خوەند، ئەز دەرحەقا دوا مەدحێ حەیری مام. ئەز ژ خوەندەنا وێ تێر نەبیم.م من گازی کورد و کورمانجا کر، ژ وان رە خوەند. ئەو ژی گەلەک شا بین، بەلکی ژ شابینێ لال بین. ل ناڤبەینا دو – سێ رۆژا دە هەقێ بیست جەریدەیا دان هەڤ و ژ من رە ئانین، کەرەم بکە ل جەریدەیا خوە دە بنڤیسینە، ئەز رێکم کودەرێ؟ وەکی تو هێڤیا مە قەبوول نەکی، هێڤی دکم تو هەر پۆستێ ژ مە رە چل پێنجی جەریدەیا ریکی[٣])**.

سەید تاهرێ بۆتی، د هەر عەینی ناما خوە دە. دەستوورا شاندیتیا **(قاسدیا)** رۆژنامەیێ ژ میقداد میدحەت دکە و دخوازە کو ئەو، وەک بەرپرسیار، نووچەگیهان و بەلاڤکارێ رۆژنامەیێ یێ ل ئەدەنێ بخەبتە. دیسا ئەو د ناما خوە دە دیار دکە کو سالێ دە پانزدەه هەزار کورد ل ئەدەنێ رێنجبەریێ دکن و پاشێ ژی هن ژ وان ل باژێر ب جە دبن.

میقداد میدحەت، د عەینی هەژمارێ دە، د بن ناما سەید تاهرێ بۆتی دە بەرسڤەکێ ددە وی و وەها دنڤیسە: **(هەر جارێ ئەزێ پێنجی جەریدەیا ژ تە رە رێکم، لێ چکو حکومەتێ هێ ئیزنا جەریدەیا من نەدایە، لۆما ئەز نکارم ب پۆستەیێ رێکم. ئەزێ تەخلیدکە دی ژ تە رە رێکم، بهێنم دەستێ تە[٤])**.

د هەژمارا (٨)ان دە، نامەیەکە ژ مێردینێ د ناڤ رووپەلێن کوردستانێ دە جە دستینە. نامە ب زمانێ عەرەبی هاتیە نڤیسین ژ ئالی «عەلی کوڕێ حوسەینی ئامەدی» ڤە هاتیە شاندن.

عەلی کورێ حوسەینێ ئامەدی د ناما خوە دە دنڤیسە کو **:(ئەز ب عومرێ خوە سۆند دخوم کو، ئەڤ رۆژنامە وسا قەنجە کو هێژا یە قالا وێ بێ کرن و ژ بۆ وێ سپاس بێ کرن[٥])**.

د هەژمارا (١٣)ان دە، د بن سەرنڤیسا، **(کاغدەک ژ کوردستانێ هاتی)** دە، نامەیەک گەلەک بالکێش هاتیە دایین. نڤیسکارێ نامێ تەڤاهیا ناڤێ خوە نەدایە. ل بن ناما خوە، **(ژ ئەشرافێن دیاربەکرێ ش.م)** نڤیسییە. ئەڤ ناما بالکێش، ل ترکی ژی تێ وەرگەڕاندن و د عەینی هەژمارێ دە، وەک داخوازنامەیەکە ژ سولتان عەڤدلحەمید تێ چاپکرن. ش.م. وەها دەست ب نڤیسا خوە دکە:

**"میقداد میدحەت، د عەینی هەژمارێ دە، د بن ناما سەید تاهرێ بۆتی دە بەرسڤەکێ ددە وی و وەها دنڤیسە: (هەر جارێ ئەزێ پێنجی جەریدەیا ژ تە رە رێکم، لێ چکو حکومەتێ هێ ئیزنا جەریدەیا من نەدایە، لۆما ئەز نکارم ب پۆستەیێ رێکم. ئەزێ تەخلیدکە دی ژ تە رە رێکم، بهێنم دەستێ تە)"**

**(ئەلحەمدولیلا ژ وی خالقێ کەون و مەکان رە کو کورمانج ژی ل عالەمێ دان ناسکرن! خوەدێ علم و عومرێ میرێ مە زێدە بکە! زەمانێ بابێ تە جەنەتمەکان بەدرخان بەگێ، حەمی کوردستان ل سایا عەدالەتا وێ ماموور و راحەت بێ! نوها ژی، ئەلحەمدولیلا ل سایا عیلم و قەلەما تە وە. پاش نوهو کورمانج حەمی وێ مەسعوود و بەختیار ببن**[٦]**).**

ش.م. د نامەیا خوە دە ل سەر ئاستەنگێن ل بەر رۆژنامەیا کوردستانێ ژی رادوەستە و وەها دبێژە:

**(ئەڤ دوو-سێ هەیڤە جەریدەیا کوردستانێ تێت وەلاتێ مە. لێ مەئموورێن حوکومەتێ ناهێلن ئەم سەربەست بخوێنن، دگرن، دەستێ کێ ببینن، وی مرۆڤی حەپس و ئەزا دکن. دیسا ژی کورمانج حەمی گەلەک مەیلا جەریدەیێ دکن، ژ وێ نابوورن، ڤێ رێ دە ئەمێ گەلەک تشتا فیدا بکن، حەتا وەک قەوم و ملەتێن دی ئەم کورمانج ژی ساحبێ تەراقی ببن**[٧]**).**

ش.م. رەوشا کوردستانێ یا دەما میر بەدرخان و پشتی کو کەتیە دەستی عوسمانیان رووبڕو دکە و وەها د ناما خوە دە دنڤیسە: **(وەقتێ بابێ تە گوندێن سەد خانی، دەە مال نەمانە، ئەو ژی رەبەن و ژار ن. گەلەک کورمانج ژ کوردستانێ هیجرەت دکن، هن ژی ژ رەبەنیێ مەحو دبن، ژ برچا دتەلفن**[٨]**).**

ش.م د ناما خوە دە دیار دکە کو رەژیما عوسمانی چارەیەکێ ژ رەوشا گەلێ کورد رە نابینە. وێ ئەڤ گەل ریەکێ پەیدا بکە. ش.م وەها بەردەوام دکە **(ئەم کورد ژ تە هێڤی دکن کو تو جەریدەیا خوە دە ب ترکی ژ خونکار رە بنڤیسی، دا فەکرە حالێ کورمانجا، دا بزانە کوردستان خراپ دبە. ڤێ مسلمان حەمی بزانبن کو، وەکی کورمانج نە ل ملێ کوردستانێ بینە، هەتا مۆسقۆف هاتی ئانادۆل زەبت کری، وێ هنگێ موسولمانیا ئانادۆلێ، حالێ ترکا وێ یەکجار خراب ببیا. لۆما، دڤێ حالی ژ خونکار رە عەزر بکن، دا مەئموورێن راست و عادل رێکە کوردستانێ. هەکی ئەڤ حالێ ها وەها دەوام بکە، کورد ژی هەو ڤێ زولمێ رە تەحەمول دکن، وێ ببن هەڤالێ ئەرمەنیا، وێ ب هەڤ رە ئەسبابێن عەدالەتێ بخوازن (ئەز هێڤی دکم ڤێ ژی بنڤیسە کو، ڤان نێزکیان دە دەرێن ژ دەستێ خونکار دەرکەتن، وەک بولگارستان و گریدێ، حەمی سەبەبا زولما مەئموورا بی. ئەڤ مەعلوومێ عالەمە کو عەدالەت ل کی ملی بە، مرۆڤ خوە ددە وی ملی**[٨]**).**

**ش.م د ناما خوە دە دیار دکە کو رەژیما عوسمانی چارەیەکێ ژ رەوشا گەلێ کورد رە نابینە**

دیسا د هەژمارا سیزدەیان دە، عەڤدرەحمان بەدرخان ب خوە پچەکێ ل سەر دەنگدانا کوردستانێ رادوەستە و ئینتیباعەکێ **(هشیاری، بالکێشی)** چاپ دکە. هەروەها د ڤێ ئینتیباعێ ئەم تێ دگهژن کو پێناسی و دۆستانیا عەڤدرەحمان بەدرخان، ب کوردۆلۆگێن وەک مارتین هارتمان رە چێبوویە و ئەو ب خوە ژی کوردستانێ دخوینن[٩]. عەڤدرەحمان بەدرخان

د ڤێ ئینتیباعا خوە دە وەها دنڤیسە:

**(گەلی عولەمایێن کوردا! هنگێ من ئەڤ جەریدا کوردستانێ نەشر کری، گەلەک مرۆڤێن ئەجنەبی ژ ئەلمان، ژ نەمچە (ئاوستوریا – ف.د) و ژ ئینگلیزا، جەریدا من ئیشترا دکن، دخوینن. ئەلخوسووسی یەکێ ئەلمان هەیە، ناڤێ وی موسیۆ مارتین هارتمانە، ئەکسەرێ لیسانێ شەرقێ دزانە، هەتا لیسانێ کوردی ژی تەعەلوم دکە، ئەز ئومێد دکم ئەڤ غیرەتا ئەجنەبیا، کوردا رە موجبێ ئینتیباع بت[١٠])**

خویا یە کو تێکلیا عەڤدرەحمان بەدرخان، ب رۆژهلاتناسێ ڤیانایی هوگۆ ماکاس رە ژیی هەبوویە[١١]. ب ئاوایێ کو جەلیلێ جەلیل دنڤیسە هۆگۆ ماکاس د کتێبا خوە دە وەها دبێژە:

**(سپاسەکێ مەزن ل بەرێز عەبدورەحمان بەدرخان دکم، ئەوی کار پر پاش دزانی، هەر تشتەکی کو من نەدزانی ئەوی ژ بۆ من رۆناهی دکر و من تێدگهاند. ژ بەر ئالیکاریا وی یا د ڤێ قونجێ دە یە کو ئەز ئالیکاریا ئەدەبا کوردی ئیرۆ دکم[١٢]).**

د هەر عەینی هەژمارێ دە، عەڤدرەحمان بەدرخان دیار دکە کو وی ژ دیاربەکرێ ٢٠٠ قورش، ژ سلێمانیێ(١٢١) قورش، ژ ئەدەنەیێ ١٢٠ قورش پەرە ستاندنە[١٢]. ئەڤ یەک نیشان ددە کو گەلێ کورد عەڤدرەحمان بەدرخان و رۆژنامەیا وی ب تەنێ نەهشتیە، مایێ کو ژ دەستێ وان هاتیە، خواستنە بکن.

د هەژمارا (١٤)ان دە نامەیەک کو ژ مێردینێ هاتیە شاندن تێ چاپکرن. ئەڤ نامە ژ ئالی (مەلا سالحێ جزیری) ڤە هاتیە شاندن. مەلا سالح وەها دەست ب ناما خوە دکە: **(میرێ من، ئەڤ جەریدا کو وە دەست پێ کری هەر پازدە رۆژا جارەکێ دەردێخن، جارنا تێ وەلاتێ مە، نادیرەن دگیهە دەستێ مە، ئەم دخوینن، ئون حەمی لاوێن بەدرخان بەگێ نە، میرێ مە کوردانن. ژ میرێن وەک وە، هەر قەنجیا ئەم ئینتیزار دکن. قەنجیا خزمەتا بابێ تە، وەلاتێ مە گەلەک بییە. ئەڤ هیممەتا، موجبێ شوکرانا مە یە. هەما خوەدێ هەوە موەففەق بکە. ئەڤ خزمەتا وە ئینشائەللا ل نک خوەدێ و پێغەمبەر ژی مەقبوولە. ب ڤێ جەریدەیێ، هەتا دنێ هەیە تە ناڤێ خوە ئیبقا کر[١٤]).**

مەلا سالحێ جزیری، پشتی کو ل سەر گرینگیا زانینی رادوەستە و رەخنە ل رەژیما عەڤدلحەمید دگرە، بێی کو نەفسبچووکیا خوە بدە ئالیەکی، رەخنە ل عەڤدرەحمان بەدرخان ب خوە دگرە و وەها دنڤیسە: **(ئەزبەنی، نە حەدێ منە، لاکین تە ژی دەرەنگ دەست پێکر، چرە بەری دەە بیست سالەکێ وە ئەڤ جەریدە ئیحداس نەکر؟ ئەڤ مەئموورێن ل سەرێ مە، زولمێ ل مە دکن، مالێن مە تالان دکن. لاکین ژ لوتف و کەرەما خوەدێ ئومێد دکم کو پاش نوها ئەڤ حال گەلەک دەوام نەکە. ئەم ئومێد دکن کو ئینشائەللا ژ ئیرۆ پێ ڤە، دەمێ ئیقبال و سەعادەتا کوردا ژی هات[١٥]).**

ژ ناما مەلا سالحێ جزیری تێ فێمکرن کو ئەو د بن تەئیسرا نڤیسێن عەڤدرەحمان بەدرخان دە مایە و رکەکە مەزن ژ شێرومەندێ عەڤدلحەمیدێ ب ناڤێ ئەبولهودا گرتیە، کو عەڤدرەحمان بەدرخان گەلەک جاران د نڤیسێن خوە دە ژێ گازن کرنە. مەلا سالح ب ئاوایەکی کوشتنا ئەبولهودا دخوازە و ڤێ کاری ژی کوردێن ستەنبۆلێ دبێ. ئەو وەها دنڤیسە:

**(حەیڤا من تێت کو هندە هەزار کورد ل ستەنبۆلێ هەنە، یەک ژ وان رۆژەکێ دەربەکێ ل وی متربێ ئەبولهودا نادە، وجوودا وێ قبتیونەسەبی مەحو ناکە، ئەز دمینم حەیری کو پادشاهەک چاوا موسەخەرێ متربەکی بییە[١٦]).**

د هەژمارا شانزدەها دە نامەیەک کو ژ تەرابلوسشامێ هاتیە شاندن تێ چاپکرن. ئەڤ نامە ژ ئالی شێخ حەسەن ڤە هاتیە شاندن، شێخ حەسەن سەرۆکێ **(باشکرنێ ل تەرابلۆسشاسێ)**یە. نامە ب عەرەبی ب رۆژنامەیێ دە هاتیە دەرخستن. شێخ حەسەن د نامەیا خوەدە، رازیبوونا خوە یا ژ چاپکرنا رۆژنامەیا کوردستانێ تینە زمان و دیار دکە کو ئەوێ دانووستاندنا خوە پێشڤەتر ببن و هن وەعزو نەسیحەتان د رۆژنامەیێ دە بەلاڤ

بکن[١٧].

دیسا د عەینی هەژمارا رۆژنامەیێ دە عەڤدرەحمان بەدرخان دیار دکە کو وی نامەیەک ژ بۆسنەیێ ژی گرتیە د هەژمارا (١٧) ان دە نامەیەک کو ژ کوردستانێ تێ چاپکرن نامە ب زمانێ عوسمانی هاتیە نڤیسین و هەر ب ڤی زمانی هاتیە وەشاندن. خوەدیێ نامێ، د بن نامەیا خوە دە (**بیرکورد**) (**کوردەک**) نڤیساندیە.

خوەدیێ نامێ دیار دکە کو وی غەینی ژ هەژمارەکە رۆژنامەیا کوردستانێ، هەموو هەژمارێن وێ یێن دن خوەندنە. پشتی کو ئەو پەسنێ کوردان ددە، وەها دنڤیسە:

(**دکارن ب ئیعتیراز ژ وە بپێژن کو، (ب زمانێ مللەتەکی کو خوەندن د نڤیسینا وان ژ هەزاری یەکە چ فەیدا رۆژنامەیێ دەرخستنێ هەیە؟ ئەو یێن کو ڤان ئیعتیرازان دکن نزانن کو ملەتەک لەزاندنا شیاربوونا خوە جارنا دەینداری دوو-سێ کەسانە، ئیجار ب تایبەتی مللەتەک وەک مللەتێ کورد، کو شاعیرەک وەک فزولی و لەشکەرەک وەک سەلاحەدینێ ئەیووبی ژ ناڤ دەرکەتیە، چما ب زانین و رۆناە دەرکرنا گرووپەک بچووک و رەوشەنبیر رۆناهیدار نابە[١٧]؟**).

**د رۆژنامەیێن دن دە کوردستان:**

د هن رۆژنامەیێن ترک و ئەرمەنییان ئێن کو ب کوردستانێ رە هەمچاخ بوون دە، ل سەر رۆژنامەیا کوردستانێ هن تشت هاتنە نڤیسین و ب هن ئاوایان گلیێ وێ هاتیە کرن. جاڤیت ئۆرهان توتەنگیل، د کتێبا خوە یا کو ل سەر رۆژنامەگەریا ترکا ل ئینگلستانێ رادوەستەدە، جە ددە رۆژنامەیا کوردستانێ و وێ ژی د ناڤ رەفێن رۆژنامەیێن ترک ئێن کو ل ئینگلستانێ دەرکەتنە دە نیشان ددە. د گەل کو د کوردستانێ دە ب زمانێ عوسمانی نڤیس دەرکەتنە و هن هەژمارێن کوردستانێ نیڤەنیڤ کوردی و ترکی (**عوسمانی**) نە ژێ، کوردستانێ وەک وەشانەک ترکان حەسباندن، نە هەلوەستەک راست و د جە دە یە.

یەک ژ رۆژنامەیێن کو تێ دە ل سەر کوردستانێ تشت هاتنە نڤیسین رۆژنامەیا (**عوسمانلی**) یە. ئەڤ رۆژنامە وەشانا ناڤەندی یا (**ئیتتیحاد و تەرەقی**) بوو و دوو بەرپرسیارین وێ یێن هەری چالاک. د عەبدوللا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی کورد بوون. عەڤدرەحمان بەدرخان گاڤا کو ل جەنەڤرێ بوو، مرۆڤ دکارە بێژە کو ب وان رە بوو و نێزکاهیەک وان ژ هەڤ رە هەبوو. ژ بەر ڤێ یەکێ، د رۆژنامەیا عوسمانلی دە جهستاندنا کوردستانێ. تشتەکی گەلەک تەبیعییە. وەک کو ئەمێ دوو رە ل سەر راوەستن، ل گۆر هن ئیدعایان. د. عەبدوللا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی ب خوە ژی د رۆژنامەیا کوردستانێ دە دنڤیساندن(١٨) و عەڤدرەحمان بەدرخان ژی ئالیکاریا رۆژنامەیا (**عوسمانلی**) دکر[١٩].

د هەژمارا (٢٢)ا رۆژنامەیا عوسمانلی دە، کو د ١٥ێ چریا پێشین سالا (١٨٩٨)تان دە تێ چاپکرن، وەها تێ نڤیسین:

(**برادەرێ مە عەڤدرەحمان بەگێ بەدرخان پاشازادە، ژ بۆ دەرخستنا رۆژنامەیا کوردستانێ یا کو ل مسرێ ئاڤا کری و وەشاندیە، هاتیە باژارێ مە و د مەتبەعەیا مە دە هەژمارێن شەش و حەفتان وەشاندیە(؟)**).

د هەژمارا (٤٩) ئان رۆژنامەیا عوسمانلی دە، کو د (١)ێ چلەیێ پێشینێ سالا ١٨٩٩ ئان تێ وەشاندن ل سەر ژ نووڤە ڤەگەرینا عەڤدرەحمان بەدرخانا مسرێ تێ راوەستاندن و وەها تێ نڤیسین:

(**عەڤدرەحمان بەدرخان بەگ، ژ نیزکی دوو سالان ڤە ل جەنەڤرێ، ب ناڤێ کوردستانێ رۆژنامەیەک ب کوردی دوەشاند. ڤێ جارێ ڤووجوودا وی ژ زڤستانا جنەڤرێ یا هشک رە د بەر خوە نەدا، جنەڤرێ تەرک کر و بەر ب قاهیرەیێ ڤەکەت رێ[٢٠]**).

د هەژمارە (٦٥)انا عوسمانلی دە ژی ب ئیعلانەکێ (**ئاگاهداری**) ژ رۆژنامەیا کوردستانێ تێ قالکرن ئەڤ هەژمارا عوسمانلی د تەباخا سالا ١٩٠٠ی دە تێ چاپکرن. دڤێ ئیعلانێ دە تێ دیارکرن کو ژ بۆ ل لۆندەرارێ دەرخستنا رۆژنامەیێ سەردانەک هاتیە کرن. د رووپەلێ (٨)ان ئێ رۆژنامەیا عوسمانلی دە وەها

دنڤیسە:
(**برادەرێ مە عەڤدرەحمان بەدرخان پاشازادە هەفتا چوویی گهشتبە لۆندرایێ ژی، ژ بەر کو کێماهییێن مەتبەعەیا مە نەهاتییە تەمامکرن، وەشاندنا کوردستانێ چەند** هەفتەیێن دن ب دەرەنگی کەتیە[٢١]).

د هەژمارا عوسمانلی یا ٣٥ (١ گولان ١٨٩٩)ئان دە ژی، ب سەرنڤیسا (**رۆژنامەیا کوردستان**) نڤیسەک هەیە[٢٢]

د هەژمارە (٣١)نا رۆژنامەیا (**ئەلخیلافەتێ**) دە ژی، کو د ١٥ێ چلەیێ پێشین سالا ١٩٠٠ دە دەرتێ، ل سەر رۆژنامەیا کوردستانێ نووچەیەک هەیە[٢٣]

ل گۆر ئاگاهداریا کو جەلیلێ جەلیل ددە، د کۆڤارو رۆژنامەیێن ئەرمەنییان ئێن هەمچاخ دە ژی ل سەر رۆژنامەیا کوردستانێ و خوەدیێ وێ عەڤدرەحمان بەدرخان تێ راوەستاندن. د هەژمارا (٢٢٦)انا (**نووردار**)ێ (**سەدسالا نوو**) دە، کو د (١٣)ێ چلەیێ پێشینێ ١٩٠٠ێ دە دەرکەتیە، ژ عەڤدلرەحمان بەدرخان تێ قالکرن(٢٤) د هەژمارا (١)ا (**درووشاک**)ێ (**ئال**) دە، کو د چلەیێ پێشینێ ١٩٠٠ دە دەرکەتییە و د هەژمارا چاران دە، کو د حەزیرانا (١٩٠٠) ان دە دەرکەتییە، ژ عەڤدلرەحمان بەدرخان و رۆژنامەیا وی هاتیە گلیکرن(٢٥). د هەژمارا (٤) کۆڤارا (پرۆ ئارمەنیا) دە، کو د ١٩٠٠ێ دە دەرتێ و دە هەژمارێن (٤٥) ن کۆڤارا (**ئاناهیت**) دە ژی، ژ عەبدولرەحمان بەدرخان و رۆژنامەیا وی هاتیە قالکرن[٢٦].

ب ڤی ئاوایی ئەم دبینن کو رۆژنامەیا کوردستانێ، د ناڤ وەشانێن کو ب وێ رە هەڤچاخن دە هاتیە ببیرانین و ل سەر وێ و خوەدیێ وێ هاتیە راوەستاندن، وەک وەشانەکە کوردستانی بالا دەرو دۆرێن جهێ کشاندیە.

### وێێن کو د رۆژنامەیا کوردستانێ دە نڤیسینە

نڤیسێن کو د رۆژنامەیا کوردستانێ دە هاتنە وەشاندن، هەتا هەژمارا پێنجان پرانی ژ ئالی میقداد میدحەت بەدرخان ڤە، ژ هەژمارا شەشان، هەتا هەژمارا داوی یا کو د دەستێ مە دەیە، ئانگۆ هەژمارا (٣١) ئان، ب پرانی ژ ئالی عەڤدرەحمان بەدرخان هاتنە نڤیسین.

هەم میقداد و هەم عەڤدرەحمان بەدرخان، ل بن هن نڤیسان ناڤێن خوە نڤیساندنە، لێ بەلێ ل بن هەر نڤیسا کو ناڤێن خوە نەنڤیساندنە، هن جاران هەم ژ ستیلی و هەم ژی ژ سالخدانێ تێ فێمکرن کو کێ نڤیس نڤیسییە. لێ بەلێ گەلەک نڤیسێن کو بێ ئیمزە د رۆژنامەیێ دە هاتنە چاپکرن، هەنە.

د رۆژنامەیێ دە، نامە و تەقریزێن (**نڤیسێن پیرۆزکرنێ**) یێن کو ژ شام، مێردێن، ئەدەن، ئامەد (**دیاربەکر**) و دەرێن وەک ترابلوس شامێ هاتییە شاندن،

تەقریز، نڤسین و هەلبەستێن وان د کوردستانێ دە هاتنە وەشاندن، ئەڤن:

١- ئەحمەدێ خانی.
٢- حاجی قادرێ کۆیی(٢٧)، ژمارە (٣)
٣- لاوی شیخ.أ . فەتاح، ژمارە (٣)
٤- سەید تاهرێ بۆتی، ژمارە (٥)
٥- عەلی کورێ حوسەینێ ئامەدی، ژمارە (٨)
٦- شەرەفخان، شەرەفنامە(٢٨)، ژمارە (٨)
٧- ژ ئەشرافێن دیاربەکرێ ش. م. ژمارە (١٣)
٨- مەلا سالحێ جزیری، ژمارە (١٤)
٩- شێخ حەسەن، ژمارە (١٦)
١٠- بیرکورد (کوردەک)، ژمارە (١٧)
١١- بەحریەلی رزا، ژمارە (٢٢)
١٢- رەئوف (پاشا) ژمارە (٢٢)
١٣- بیر جگەرخوین (جیگەر خوینەک)(٢٨)، ژمارە (٣٧)

ب تایبەتی نامە و تەقریز ژ دەرێن جهێ هاتنە شاندن، گاڤا مرۆڤ بالا خوە ددە نامەیا، هنگێ مرۆڤ دبینە کو ناڤەرۆکا وان دەولەمەندە، ب مەساژێن سیاسی داگرتی نە. دەبە کو میقداد میدحەت و عەبدولرەحمان بەدرخان نامەیێن کو دگەهشتن دەستێن وان و دبژارتن جهە ستاندنە ل گۆر رێزا هەژماران، کەسێن کو نامە، دەولەمەندە، ب مەساژێن سیاسی داگرتی نە. دبە کو میقداد میدحەت و عەڤدرەحمان بەدرخان نامەیێن کو

دگهشــتن دەستێ وان دبژارتن و یێن نەقاندی د رۆژنامەیا خوە دە چاپ دکرن.

د رۆژنامەیــێ دە چاپکرنــا کتێبا ئەحمەدێ خانــی یا ب ناڤــێ (مەم و زیــن)ێ د هەژمارا ســیان دە دەســت پێ دکە، هەژمارین، ٤، ١٤، ٢٧ و (٣١) نــە تێ دە، د هەموو هەژمارین دن یێن کو دەستێ مە دە نە، تێ وەشاندن.

گەلــۆ خەینــی ژ وانێن کو مــە ناڤێ وان ل ژۆر ب بیر ئانی، کەســێن دن یێن کو نڤیســێن وان د رۆژنامەیــێ دە هاتبــن چــاپ کــرن و ناڤین وان نەهاتبن دایــن هەنە؟ بێگومان ئەڤ پرســەک گرینگە. د هەژمارا (١٨) کوردستانێ دە، ب سەرنڤیســا (**تەبلیــغ**)، کورتە نڤیســەک وەها هەیە:

(**گەلەک مرۆڤ ژ من رە نڤیســین کو نزانن کرمانجی بخوینن، لەوما قسمەک ترکی جەریدا مــن دە دخوازن. ســەر تەلەبــا وان ب ئیزنیلا ئەزێ پاش نهۆ نیمێ جەریدا خوە ب ئینزیمامێ غیرەتــا خوارزیــێ خوە فــەوزی بەگی، ترکی تەبع بکم، خوازریێ من فەوزی بەگ ل ئۆردیێ زابیت بی، لاکین پەریشانیا ناڤ عەسکەر، زلم و ئیستبدادا فەریق و موشیرا، رەبەنیا نەفەرەتا ئەو موتەعەلم دکر هەتا کو حەو کاری ســەبر بکە، ئەو ژی رابی هات دیارێ غەریب حوریەت و تەرەقیا مللەتێ رە بخەبتە**[٢٩]).

د هــەر عەینی هەژمــارا کو ئەڤ تەبلیغ تێ دە جە دگرێن. ب سەرنڤیسا: (**کورتەیا خرابیێ حوکوماتــێ و وەک ئەنجاما ڤانا چیرۆکا ژیانا من**) نڤیســەک ب عوسمانی هەیە. د ڤێ نڤیسێ دە گلیێ رەڤا لەشکەرەکی ژ ئۆردیا عوسمانی و هاتنا وی یا (**جەنڤرێ**) تێ کرن، د بن نڤیسێ دە ناڤ نینە. لێ بەلێ ئیحتیمالەکە مەزن، ئەڤ نڤیس ل سەر خوارزێ عەڤدرەحمان بەدرخان فــەوزی بەگ و دیســا ئیحتیمالەکە کو ژ ئالی فــەوزی بەگ ب خوە ڤە هاتیە نڤیســین چمکی عەڤدرەحمــان بەدرخان ب خــوە ڤە دبێژە کو ئــەوێ ل گــەل خوارزیــێ خوە فــەوزی نیڤێ رۆژنامەیێ ب ترکی چاپ بکن.

لــێ دڤێ مرۆڤ ژ بیر نەکــە، هێ بەریا کو خــوارزێ عەڤدرەحمان بەدرخان فەوزی بەگ وەرە جنەڤرێ ب خالێ خوە رە دەست ب خەباتا خوە یا وەشــانی و سیاسی بکەن د رۆژنامەیا کوردســتانێ دە نڤیســێن ب ترکی (**عوسمانی**) تێن چاپکرن هەم ژی ب عوســمانیەک گەلەک بلند و خورت.

ب ئاوایی کو شوکرو هانیئۆغلو دنڤیسە، دو ئاڤاگارێــن ئیتتیحادو تەرەقی ژی د رۆژنامەیا عەڤدرەحمان بەدرخان دە دنڤیســن. شــوکرو هانیئۆغلو وەها دنڤیسە:

((**ب ڤــێ ئاوایی، ئەم دبینن کو دو ئەندامێن ئاڤاکار ئیسحاق سکووتی و عەبدوللا جودەت ژی خــوەدی جۆت ناســنامەیانن ئەو هەردوو ســەرۆک، ژ هێلەکێ ڤە نڤیسێن کو بانگی هەر کەســی دکــن کو ببن عوســمانی دنڤیســن، ژ ئالــی دن ڤە ژ کۆڤــارا عەڤدرەحمان بەدرخان ئا کو جارنا ل ســەر مەســەلەیێن ئەتنیکی یێن حەســاس رادوەستە رە نڤیســان دنڤیسن ئان ئامادە دکن.**

**دیسا ل گۆر ئاگاهیا کو شوکرو هانیئۆغلو ژ (ئارکڤــی قەنــدرۆر) ددە، عەڤدرەحمــان بەدرخان ب خوە. ژ بۆ رۆژنامەیا کوردستانێ، ژ ئیســحاق ســکووتی داخوازا نڤیســینێ دکە، ئیســحاق ســکووتی ژی، گۆتــارا خــوە یا ب ناڤێ: (ئارناوودو کورد) بەرێ ژ بۆ رۆژنامەیا کوردستانێ رە ئامادە دکە**[٣٠].

د هەژمــارا (٣٠)انــا کوردســتانێ دە، دبن سەرنڤیســا: (**هوندایــێ مــەزن**) دە نووچەیا ل ســان رەمۆیی مرنا د. ئیســحاق سکووتی تێ دایــن[٣١]. هەروەها د ڤێ ئیعلانێ دە ب پەســن ژێ تــێ ڤالکــرن و مرنــا وی ژ بــۆ گــەل و ئازادیخوازێن عوســمانی وەک وندایەک مەزن تێ پەژراندن[٣٢]

د هەژمارێن کوردستانێ یێن کو د دەستێ مە دە نە، ل بن تونڤیسەکێ ئەم راستی ناڤێن د. عەبدوللا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی نایێن. تەنێ ئــەم دزانن کو ئەڤ هــەردوو ئاڤاکارێن (**ئیتتیحادو تەرەققی**) ب عەڤدرەحمان بەدرخان رە دۆست و هەڤالن. هەرسێ ژی مەسنووبێن ملەتــێ کوردن د کرووبا ئیتتیحادو تەرەققی یا (جنەڤرێ) دە ب هەڤ رە دەخەبتن.

**بەشی ٤**

## عەڤدرەحمان بەدرخان و ئیتتیحاد و تەرەققی:

### أ- دوو ئاڤاکارێن ئیتتیحاد و تەرەققیێ ییێن کورد

ئیتتیحاد و تەرەققی وەک کۆمەڵ (**جەمعیەت**)، جارا یەکەم ب ناڤێ (**ئیتتیحادی عوسمانی**) (**یەکەتیا عوسمانیان**) ل ستەنبۆلێ، ل تاخا دەمیرکاپ (**سیرکەچی**)، د دبستانا ئاسکەری تببیە (**تبپیەیێ شاهانە**) دە، د ٣ یێ حەزیرانا سالا ١٨٨٩ ان دە تێ ئاڤاکرن. پشتی ئاڤاکرنا ئیتتیحاد عوسمانی، دانێرێن کۆمەلێ د عەینی سالێ دە، ب سەرۆکێ ژۆن ترکان ئێ ل پاریسێ ئەحمەد رزا بەگ رە تێکلی داتینن و ناڤێ کۆمەلێ دکن (**عوسمانلی ئیتتیحاد و تەرەققی جەمعییەتی**) (**کۆمەلا ئیتتیحاد تەرەققیا عوسمان**[١]).

ئاڤاکارێن ئیتتیحادی عوسمانی، وان خۆرتێن کو د مەکتەبی تببییەیی شاهانە دە دخواندن، هەموو ژی ل هەمبەر هلوەشینا ئیمپراتۆریا عوسمانی بوون، دخوەستن کو ڤێ یەکێ بدن راوەستاندن و د ڤێ ناڤێ دە ل هەمبەر رەژیما عەڤدلحەمیدا ئیستیبدادێ بوون.

پێنج ئاڤاکارێن ئیتتیحادی عوسمانی ئەڤ بوون: ئیبراهیم تەمۆیێ ژ ئوهریێ، عەبدوللا جەودەتێ ژ ئەرەبگیرێ، ئیسحاق سوکووتیێ ژ دیاربەکرێ، محەمەد رەشادێ ژ قافقاسیایێ، حوسەینزادە عەلی یێ ژ باکوویێ. ژ پێنج ئاڤاکارێن ئیتتیحادی عوسمانی دوو کەس، ئیسحاق سکووتی و عەبدوللا جەودەت کورد بوون[٢]. ژ ناڤ هەر پێنجان هەرسێێن هەری چالاک عەبدوللا جەودەت، ئیسحاق سکووتی، کورد و ژ کوردستانێ، ئیبراهیم تەمۆ ئارناوود و ژ ئارناوودستانێ بوو.

د سەری دە کۆمەل وەک ئاڤاهیەکە شاگرتانە. ب تێکلی دانینا کەسێن موخالف ئێن ل دەرڤە و ل هوندر، د ناڤ وەلێت دە و ل دەرڤەیێ وەلێت هن شوعبەیێن ریخستنێ تێن ئاڤاکرن[٣].

ب فەسادیا هن شاگرتێن کو د مەکتەبی تببیە دە دخوینن، دلخواز و ئەندامێن ریخستنێ تێن گرتن و گەلەک شاگرت ژ ئالی رەژیما عەڤدلحەمید ڤە سوورگوونی فیزان و ترابلوسغەرپێ تێن کرن[٤].

عەبدوللا جەودەتێ کو د ٤ێ تەمموزا ١٣١٠ (١٨٩٤)ان دە مەکتەبی تببیە تەمام دکە. (٢٧ێ تەباخا ١٣١٠ ان دە. ل با دیران عەجەمیان ئەفەندی ب ئاسیستانی، ل نەخۆشخانەیا حیدەر پاشایێ دەست ب دکتۆریێ چاڤان دکە. عەبدوللا جەودەت ل سەر بەلاڤبوونا نەخوەشیانا کۆلەرایێ یا ل دیاربەکر، د (١)ێ چرپا یاشین سالا ١٣١٠ان دە دچە دیاربەکرێ و چەند مەهان ل وێ دەرێ دمینە، عەبدوللا جەودەت ل ور زیا گۆکئالپ د کۆمەلێ دە قەید دکە[٥]، دوو رە عەبدوللا جەودەت دزڤرە ئادا پازارێ، ل تابوورا وێ دەرێ دەست ب کار دکە. گلیێ وی تێ کرن، ب سی و سێ هەڤالێن خوە رە تێ گرتن و پشتی کو چل و پێنج رۆژان د نەزارەتا زابتیان دە، دەه رۆژان د گرتیگەها گشتی و رۆژەکێ ژی ل قەرەقۆلا بەشیکتاشێ دمینە، وی ژی ب ڤاپوورا سکاریایێ سوورگوونی ترابلوسغەرپێ دکن. عەبدوللا جەودەت ژ تەرابلووسێ درەڤە تونووسێ ژ وێ دەرێ تێ مارسیلیایێ و د ورە دەرباسی ئەورووپایێ دبە[٥].

کۆمەلا ئیتتیحادو تەرەققی یا کو ل هوندر ب ئێرشێن رەژیما عەبدولحەمید قەلس دبە و گەلەک دلخواز و مەنسووبێن وێ تێن سوورگوونکرن، ل دەرڤە خورت دبە. هنگێ شوعبا (لقا) پاریسێ یا کو ئەحمەد رزا بەگ سەرۆکاتیا وێ دکە، یا قاهرێ یا کو خۆجا قادری سەرۆکاتیا وێ دکە، یا جەنەوەرێ یا کو د بن کارگەریا عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی دە یە و لقێن کو ل بالکانان ئاڤا بوونە و ئیبراهیم تەمۆ ئیدارە دکە، ب کار و خەباتێن خوە بالێ دکشینن(٦) لقا پاریسی رۆژنامەیێ (**مەشوەرت**)ێ و زیدایا وێ یا ب فرانسی Mechveret، لقا جەنەڤەرەیێ رۆژنامەیێن (**میزان**) و (**عوسمانلی**)، لقا قاهیرێ رۆژنامەیێن (**حەق**) و (**قانونی ئەساسی**) دەرتینە.

عەبدوللا جەودەت گاڤا کو ژ فیزانێ درەڤە و دگهیژە پاریسێ، زووکا د ناڤ کادرۆیا وەشانی یا مەشوەرەتێ دە جهە دستینە، دەولەتا

عوسـمانی، ژ بۆ کو وەشـانا مەشوەرەتێ بدە راوەستاندن، چاپخانەیێن کو لێ تێ دەرخستن دگـرە و ژ بۆ کـو نەکەڤە وەلاتێ عوسـمانی، هەولدانەکە گرینگ نیشان ددە.

د (١)ێ چرپا پێشـینا سـالا ١٨٩٧ان دە ل جەنەڤـرێ هەژمـارا پێشـی یـا رۆژنامەیا عوسمانلی تێ وەشاندن. رۆژنامە ب دیرەکتیڤا ئیسـحاق سـکووتی تـێ دەرخسـتن و پەرێ کـو وێ پـێ چـاپ ببـە ژێ ژ ئالی ئیسـحاق سـکووتی ڤە ل مسـرێ، ب بازارا ب ئەحمەد جەلالەدین پاشا رە هاتیە بدەستخستن. ئەحمەد جەلالەدین پاشـا، ب سۆزێ گرتنا لقا کۆمەلێ یا مسـرێ، هەزار لیرەیێ ئینگلیز ددە ئیسحاق سکووتی[٧].

عەبدوللا جـەودەت رادەکتۆرێ رۆژنامەیا عوسـمانلی یە. عوسـمانلی وەشـانا ناڤەندی ئیتتیحاد و تەرەققیە.

ب- تێکلیـا عەڤدرەحمـان بەدرخـان ب رێخستنێ رە

عەڤدرەحمـان بەدرخـان، هەژمـارا (٦)انا رۆژنامەیا کوردسـتانێ، د (١١)ێ چریا پێشینا سـالا ١٨٩٨ان دە، ل جەنەڤرەیـێ دوەشـینە، رۆژنامــە ل ڤر د **«چاپخانەیا کۆمەلا هەڤگرتن و ڤەنجیا مسلمانان»** دە تێ چاپکردن، هەژمارا (١٩)ان د دەسـتێ مەدا تونە، لێ بەلێ هەژمارا (٢٠)ان ل مسرێ دەرتێ. پشتی کو چار هەژمار ل ڤـر دەرکەت، ئیجار دیسـا جهە دگوهێرە و دچە ئینگلستانێ، هەژمارا (٢٤)ان ل لوندەرایێ دەرتێ. هنگێ عەڤدرەحمان بەدرخان ئیعلانەک وەها داتینە سەر رۆژنامەیێ:

((**ئەڤــە پێلەکە مــن ژ جەنەوەرەیــێ نەقلێ لۆندرایــێ کــر. لۆما من نــەکاری جەریدا خوە نەشــر بکم، ژ نوهــۆ و پێ ڤە ئومێـد دکم کو هەر هەیڤ جارەکێ مونتەزەمەن جەریدا خوە ئەزێ نەشر بکم**[٨]).

ئەڤ ئیعلان ب ترکی، د بەشـێ رۆژنامەیێ یـێ ب ترکی دە ژێ تێ داین، هەژمارا (٢٤)ان د(١)ی ئیلونا ١٩٠٠ی دە تێ چاپکرن، هە ژمارا (٢٣)یان ژ (٢٤)ێ سـباتا ١٩٠٠ی دە دەرکەتیە و دەرا کو لێ هاتیە چاپکرن قاهرەیە.

تەنـێ هەژمـارا (٢٤)ان ل لۆندارایـێ تـێ دەرخسـتن. ب هەژمـارا (٢٥)ان رە جهگوهاسـتنەک دن چێدبـە و کوردسـتان ژ لۆندرایـێ بـاری بـاژارێ فۆلکسـتۆنێ دکـە، هەژمارێن ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨ و ٢٨ ل فۆلکستۆنێ تێـن چاپکـرن. رۆژناما دیسـا ژ فۆلکسـتۆنێ بـاری جەنەوەریـێ دکە و هــەردو هەژمارێن داوی یێن کو د دەسـتێ مــە دە نە، هەژمارێن (٣٠) و (٣١)ان ل ور دەردکەڤن.

دەولەتا عوسـمانی یا کو ژ وەشانێن وەک (**عوسـمانلی**) و (**کوردسـتانێ**) گەلەک عاجزە، ژ بـۆ کو ڤان وەشـانان بدە راوەسـتاندن، ل گەل دەولەتێـن ئەوروپایێ هەولدانەکە گرینگ ددە. ب چاپکرنـا رۆژنامەیا «**عوسـمانلی**» رە لقـا ئیتتیحاد و تەرەققی یـا جەنەورەیێ، ژ بۆ تەڤاهیا رێخسـتنێ دبە ناڤەند و کارێ گەراندنا رێخستنێ دکەڤە دەستێ عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سـکووتی. دەولەتا عوسـمانی پر ب سـەر عەبدولـلا جەودەت ڤە دچـە، ژ دەولەتا سوسـرەیێ دخوازە کو وی بئاڤێژە دەرەڤەیێ سـینۆرێن خوە و ب ڤی ئاوایـێ خەباتێن وی یێن سیاسی بدە راوەستاندن.

ل سـەر ناڤێ دەولەتا عوسـمانی، ئەحمەد جەلالەدین پاشـا، د (٥)ێ ئیلۆنا (١٨٩٩) ان ب عەبدوللا جەودەت و ئیسـحاق سکووتی رە ل هەڤ دکە. عەبدوللا جەودەت، کارێ دوکتۆریا سـەفارەتا ڤییانایـێ، ئیسـحاق سـکووتی ژێ یێ سـەفارەتا رۆمایـێ قەبوول دکـە. ل گۆر لهەڤکرنـێ، ژۆن ترکێـن کـو بخـوازن، وێ ئەحمەد جەلالەدین پاشا دو هەزار و پێنجسەد فرانکـی بـدە وان، ب وان رە دەخالەتنامەیـێ ئیمزە بکە و وان ب شوون ڤە بشینە، عەبدوللا جەودەت و ئیسـحاق سکووتی، ژ بۆ کو زێدە پەرە بسـتینن، چەند جاران دچن جهێن کارێن خوە دوو رە ڤەدگەرن جەنەڤەرێ(١٠). ل گۆر ڤێ پەیمانا کو ب عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی رە تێ کرن، وێ ئەو و هەڤالێن وان، خەینی ژ بەشـێن خوە یێن ئیختساسـی، ل تو وەلاتەکـی، ب توزمانـی ل هەمبـەر سـولتان تشـتەکی نەنڤیسـن. ل هەمبەر ڤێ یەکێ ژێ، وێ دەسـتهلاتیا عوسـمانی، گرتیێن سیاسـی یێـن ل فیزان و تەرابلوسـغەربێ سەربەسـت

بەردە[١١].

ب ڤـێ پەیمانـێ رە عەبدولـلا جـەودەت حەفتـێ هەڤالێـن خـوە یێـن کـو ل فیزانێ ل سـوورگوونێ نە، ددە بـەردان[١٢]. ل گۆر هن نێرینـان عەبدوللا جەودەت هەتـا داوییا ژیانا خـوە، ڤێ یەکێ وەک تەسـلیمیەتێ دبینە و ب سالان پێ دئێشە[١٣]، چمکی ئەو، ڤێ یەکێ وەک بەرتیل دحەسـبینە[١٤]. پشـتی مرنـا عەبدوللا جەودەت، د ناڤ کاغزێن وی دە بەلگەیەک تێ دیتـن. ئەڤ بەلگە بەیاننامەیەکـە و ژ هەڤالێن وی یێن ل فیزانێ ژێ رە هاتیە شـاندن. د ڤێ بەیاننامێ دە، ئیمزا هەفتێ کەسـێن کو ب سایا عەبدوللا جـەودەت ژ سـوورگوونا ل فیزانێ رزگار بوونـە، هەیـە و ئەڤ کەس ژ عەبدوللا جەودەت رە سپاس دکن[١٥].

ب ڤـێ لهەڤکرنـێ ژۆن تـرک ب ئاوایەکی زمەن (**سـەرگرتی**) راوەسـتاندنا وەشانا خوە یـا ئۆرگانـا ناڤەنـدی (**عوسـمانلی**) قەبـوول دکن. (**عوسـمانلی**) ب ئاوایەکی رەسمی، د بن کارگەریا ئالبەرت کارلەن ئی سویسـرەیێ دە دەرتێ، لێ دیسـا یێن لێ پشـت کار عەبدوللا جەودەت و ئیسـحاق سـکووتی نـە. رۆژنامە ب ئالیکاریـا پەرێ وان و دیسـا ب دیرەکتیفا وان، ژ ئالـی ئەدهەم روحی یێ تبییەیی یێ کو ژ ترابلـووس غەربێ رەڤیایـە جەنەڤرێ، ژیانا خوە بەردەوام دکە.

سەرخەفیێ سولتان عەبدولحەمید، ئەحمەد جەلالەدیـن پاشـا، گاڤـا کـو ب مەنسـووبێن ئیتتیحاد و تەرەقـی یێن جەنەڤرێ یێن چالاک رە روودنـێ و ب وان رە دکەڤە بازارەکێ، دا کـو وان ژ خەباتا وانا سیاسـی یـا ل هەمبەر دەولەتا عوسـمانی سست بکە، ئان ب تەڤاهی داوی لێ بینە، هنگێ ب عەڤدرەحمان بەدرخان رە ژی روودنـێ و ژ بـۆ کـو وی ژی بـدە راوەستاندن، پێ رە بازارەکی دکە.

عەڤدرەحمان بەدرخان، د هەژمارا (١٨) انا کوردسـتانێ دە، د بن سەرنڤیسا (**حەوادیس**) دە، ل سـەر چالاکیێن ئەحمەد جەلالەدین پاشا وەها دنڤیسە:

((**عەبدولحەمیـد ژ نەشـریاتا ئەربابـێ حەمییەت دترسـە. گەلەک پەرا، روتبا، نیشـانا ژ وان جوانیـن وەلاتێن خـوە تەرککری هاتن هـرە (و) جەریـدا دەردێختـن (رە) وەعد دکە دا، ژ فکـرا خـوە ببـوورن، لاکین ئـەم حەمی زەحمەتـا خوەیـا ب نامـووس تەرجیحـێ سـەعادەتا مەشـئووما خونـکار دکـن. لەوما حەمـی حەرەکەتێـن خونـکار (د) ڤـێ رێ دە عەقیـم دمینە. حەتتا بـەری هەیڤەکێ یاوەرێ خوە ئەحمەد جەلالەدین پاشا رێکر هرە، ئەوی گەلەک ئیحسان و ئینعامێن خونکار ژ مە حەمیا رە وەعد، لاکین لەهولحەمد نکاری مە کەسـی ئیغفال بکە، مەیئووسـەن ڤەگەرا ئیسـتانبولێ، چوو جەوابێ یەئیس دا خونکاری خوە خودێ ساحب غیرەتا ژ ملەتێ کێم نەکت**[١٦]).

عەڤدرەحمـان بەدرخـان و خوارزیـێ وی تەگمەن فەوزی (**فەیزیێ تەیمان**) د ناڤ ئیتتیحاد و تەرەققـی یا جەنەڤرەیێ دە جە دیسـتینن[١٧] ب چووینـا عەبدولـلا جـەودەت و ئیسـحاق سـکووتی، کارگەریـا ئیتتیحـاد و تەرەققی د دەستێ گروبا جەنەڤرێ دە دمینە. دڤێ گروبێ دە ئەدهـەم روحـی، عەڤدرەحمـان بەدرخـان، تەگمان فەوزی، بورهـان بەهائەددین و ئاکیل موختـار هەنـە(؟)، د ناڤ گروبێـن ئیتتیحاد و تەرەققـی دە، گروبـا کـو قەسـرا عوسـمانی هەری پر ژێ عاجز بوو و ژێ دترسیا، گروبا جەنەڤـرێ بـوو. عەڤدلحەمید، ژ وان کەسـێن کـو ل ڤر جڤیابوون پـر فکرە دکر[١٨] لۆما وی دسـتهەلاتی دابوو سەرخەفیەتی خوە ئەحمەد جەلالەدین پاشا، دا کو ب ئاوایەکی ڤێ گروبێ ژ هەڤ بەلاڤ بکە.

سـولتان عەڤدلحەمید، د بیرانینێن خوە دە وەها ژ گروبا جەنەڤرێ قال دکە:

((**ژۆن ترکێـن جەنەوەرێ، تام ب مانا خوە کۆنگرەیەکـێ چێکرنـە و د گـەل کـو جڤینن خـوە ب دیزی ژی چێکرنە، ئەز ڤێ یەکێ هین بوومە، خەفییێن مە ١٧ ناڤ دان من**[١٩])).

ئیحتیمالەک مەزن، د وێ لیستا کو ژ هەڤدە ناڤان پێک تێ و خەفییێن عەڤدلحەمید دانە وێ، عەڤدرەحمان بەدرخان و خوارزیێ وی تەگمان فەوزی ژی هەنە.

پشـتی عەبدولـلا جـەودەت و ئیسـحاق سـکووتی، ژۆن ترکێـن ل جەنەڤـرێ، ئانجاخ

کارن هەتــا (١٨)ێ گولانا ١٩٠٠ی ل ور بمینن موخالەفەتــا خوە بــەردەوام بکن. هنگێ گرووبا ژۆن ترکێــن جەنەڤرەیێ خــوە بەردەوام بکن. هنگێ گرووبا ژۆن ترکێن جەنەڤرەیێ دەرباسی ئینگلســتانێ دبــە ل ڤر دجڤن. تــام د ڤێ دەما کــو د نــاڤ ژۆن ترکان و دەولەتا عوســمانی دە بــازارەک هەیــە، زاڤــی عەبدولحەمیــد، دامــات مەحمود پاشــا و کوڕێــن خوە. پرەس ســەباحەتێن پاشــا و کوڕێن خــوە، بەرپا کو بێن ئەورووپا ل مســرێ ب جە دبن و ب هاتنا وان رە، موخالەفەتــا ل هەمبــەر عەڤدلحەمیدا ل قاهــرێ خورتتر دبــە[٢٠]. رەڤین و هاتنا وانا پاریســێ. وەک نووچەیەکــی د ناڤ رووپەلێن کوردســتانێ دە ژی جە دستینە و پەسنێ وان تێ دایین[٢١].

دامــاد مەحموود پاشــا پێشــی ب گرووبا ئیتتیحاد و تەرەققی یا ل فرانسایێ، ب ئەحمەد رزا بــەگ و هەڤالێــن وی رە دلڤــە، پشــت رە ب وان رە ل هــەڤ ناکــە و دوو رە ئــەو ژی بەشداری گرووبا جەنەڤرێ یا کو عەڤدرەحمان بەدرخــان تێ دە یە، دبە[٢٢]. ب هاتنا مەحموود پاشــا یا جەنەڤرێ رە، ئیســحاق سکووتی یێ کــو هنگــێ ل رۆمایێ یــە، تــێ زیارەتا وی و خوەدانتیــا عوســمانلی دســپێرێ مەحمــوود پاشا، ب ڤێ ئاوایی مەحموود پاشا مەسرەفێن رۆژنامەیێ ژی دگرە ســەر خوە[٢٣]. ئیســحاق ســکووتی، هەتــا دەمــا کــو دمرە، هەتا ســالا ١٩٠٢ان ئالیکارییا رۆژنامەیێ دکە.

هــە ژمــارا (٦٢) **«عوســمانلی»** د (١٥)ێ حەزیرانــا ١٩٠٠ دە ل لوندرایــێ تێ چاپکرن. پشــتی کــو رۆژنامەیــێ دەمەکە کــورت ل ڤر ژیانــا خوە یا وەشــانی بــەردەوام کــر، دوو رە بارکــر فولکەســتۆنێ و ل ڤــێ بــازاری دەرکەت. بەرپرســیارێن دەوڵەتا عوســمانلی، ل ئینگلســتانێ ژی ل هەمبــەر ڤــێ گرووبــا ئیتتیحاد و تەرەققی یا کو ژ جەنەڤرێ هاتبوو، تێکۆشــیان. ل ڤــر کادرۆکیەکــە نڤیســینێ یا نــوو، کو دەمــا مەحموود پاشــا کوڕێن خوە، ئیسماعیل کەمال و عەلی حەیدەر میدحەت تێ دەنــە، تێ ئاڤاکرن، لێ بەلێ دیســا کۆنترۆل و بژارتنا نیڤسین د دەستێ عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی دەیە[٢٤].

أ . أ رامــزور، عەبدورەحمــان بەدرخــان د وەشــاندنا عوســمانلی دە وەک ئالیکارەکــی نیشــان ددەو وەها دنڤیسە: ((**گاڤا کو ئەم بێن ســەر کــوردان، عەڤدرەحمــان بەدرخانێ کو کوڕێ شــێخەکی کوردانە و هەتا سالا (١٨٤٠) ان، چاخێ کو ژ عەڤدلمەجید رە سەری دانین، ب ســالان ل هەمبــەر ســەروەریا ترک ل بەر خــوە دان، ل لۆندرایــێ ب ناڤێ کوردســتانێ گۆڤارەکــێ چــاپ دکــە و ئالیکاریــا وەشــانا عوسمانلی دکە**[٢٥])).

جەلیلــێ جەلیل ژ عەڤدرەحمان بەدرخان د ناڤ گرووبا ژۆن ترکان جەنەڤەرێ دە نیشان ددە و دیــار دکە کو ئــەو ئالیکاری ب ئۆرگانا ژۆن ترکان ناڤەندی، عوسمانلی رە دکە[٢٦].

عەبدوڵلا جەودەت، پشــتی کو ل سەفەرەتا عوســمانیانا ڤیانایێ دەســت ب کار دکە، هەتا کو ژ دەستێ وی تێ، نڤیسێن سیاسی ب ناڤێ خوە نانڤیسە. لێ بەلێ دەوڵەتا عوسمانی های ژ خەباتێن وی هەیە، نانجاخ ئەو ب ڤێ ئاوایی ســەکنینا عەبدولــڵا ژی رازینە. د ڤێ دەمێ دە عەبدوڵلا جــەودەت لێکۆلینین فەلســەفێ دکە، کتێبێــن هەڵبەســتان چاپ دکــە و ژ ئەدەبیاتا ئەورووپایــێ وەرگەران چێدکە. ب ڤان خەباتێن خوە دبە کەســەک وســا کــو ل دەرووەدۆرێن ئەورووپایی ل وی تێ پرسین[٢٦].

عەبدولــڵا جەودەتــێ کــو ب ســەفیرێ عوســمانیێن ئــێ ڤیانایێ مەحمــوود نەدیم رە ل هــەڤ نەدکــر، چەنــد جاران لــێ حەقارەت کربوو و جارەکێ ئــەو داوەتێ دوئەلۆیێ ژی کربــوو(٢٧). ژ ئالی حکوومەتا ئاوســتوریایێ ڤــە، دەر ســینۆر تــێ کــرن. دخــوازە هــەرە پاریســێ. عەبدولــڵا جــەودەت، د ١٧ێ ئێلۆنا (١٩٠٣) ئــان دە ژ ڤر ژی تێ دەرســینۆرکرن. ل ســەر ڤێ یەکێ عەبدوڵلا جەودەت دیسا تێ جەنەڤەرێ[٢٨].

ژ نوو ڤە هاتنا عەبدوڵلا جەودەتا جەنەڤەرێ، ب بەرپرسیارێن دەوڵەتا عوسمانی رە شک و ترسەکێ پەیدا دکە. ب ئاوایێ کو ئەم ژ ئاگاهیا سەرکۆنسۆلۆسی عوســمانیان ئێ جەنەڤەرێ هایــدار هین دبن، عەبدولــڵا جەودەت ل ڤر ب

عەڤدڕەحمـان بەدرخـان رە ب هەڤ رەنە [٢٩].
عەبدوللا جەودەت و عەڤدڕەحمان بەدرخان ژ ئالمانیایێ سپاریشا مۆتۆر و مەکینا مەتبەعایا موتەحەریـک دکـن و دلـێ وان هەیـە کو ب ڤەکرنا مەتبەعایێ تیجارەتی بکن[٣٠].

ئەدهـەم روحیـێ کـو پشـتێ مرنـا داماد مەحموود پاشـا ب پرەنس سـەباحەددین رە ل هـەڤ ناکە، ناڤەنـدا رۆژنامەیا عوسـمانلی دبـە مسـرێ و ل ور رۆژنامەیـێ دەرتینە. ب هاتنـا عەبدوللا جەودەت جەنەڤـەرێ رە، ئەو ژی دزڤـرە و هـەردو ئەندامێـن کۆمەلێ یێن کەڤن، دەسـت پێ دکن، دیسـا (**عوسمانلیێ**) ل جەنەڤرێ چاپ دکن[٣١].

جەنەڤرە، لوندرا، فۆلکستۆن و قاهرێ ژ بۆ رۆژنامەیا عوسـمانلی چ بـن، ژ بۆ رۆژنامەیا کوردسـتانێ ژی یەکن. هەردوو رۆژنامە ژی، هەمـا ببێژە د عەینی دەمـێ دێ ل ڤان دەران گەریانە، کێم زێدە تاریخێن جهگوهارتنێن وان یەکـن. بێگومـان ئەڤ گـەرا کوردسـتانێ بێ سـەدەم نینە، چمکی عەڤدڕەحمان بەدرخان و خوازرەیـێ وێ تەگمەن فـەوزی، هەردو ژێ دو ئەندامێن ئیتتیحاد و تەرەققی نە و ناڤەندا ئیتتیحـاد و تەرەققی یا جەنەڤـرێ دە، ل گەل دو کوردێـن دن، د. عەبدولـلا جـەودەت و د. ئیسحاق سکووتی دخەبتن.

میـم کەمـال ئۆکـە، دەرێن کـو رۆژنامەیا کوردستانێ لێ هاتنە چاپکرن، وەک ئیسپاتەک خەباتـا خوەندیێـن وێ یا د نـاڤ موخالەفەتا ژۆن تـرکان دە نیشـان ددە. میم کەمال ئۆکە وەها دنڤیسە: ((**دەرێن کو کوردستان لێ هاتنە وەشـاندن نیشانی مە ددە کو خوەندیێن وێ د ناڤ موخالەفەتا ژۆن ترک دەنە**[٣٢])).

د سـالا ١٨٨٩ ان دە، پۆلیسـێ سویسـرێ ژ ئەندامێـن ئیتتیحـاد و تەرەققـی یـا گرووبا جەنەڤرێ ل سـەر شـکا کو دکن ژ سـولتانێ عوسـمانی رە سوئیکاسـتەکی چێکـن، دگـرە و دکشـینە بەر پرسـێ. ل گەل کەسـێن وەک نووری ئەحمەد، نازمی سالح و عاکل موختار، عەڤدڕەحمان بەدرخان ب خوە ژی هەیە. ئەڤ هەموو ژی ئەندامێن ناڤەندا جەنەفرێ[٣٣].

ژ خـوە رۆژنامەیـا کوردسـتانێ، گاڤا کو ل جەنەڤـرێ دەردکـەت، د چاپخانەیا ئیتتیحاد و تەرەققـی دە دهات چاپکـرن، عەڤدڕەحمان بەدرخان، د داویا هەژمارا (٦)ان دە دنڤیسە کو «**مەتبەعا، جەمعیەتا تەفاق و قەنجیا موسلمانا تەبع بوویە**» ئـەڤ چاپخانە، چاپخانا ئیتتیحاد و تەرەققییە د بن دەستێ عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتێ دە یە.

رۆژنامەیا کوردستانێ گاڤا کو ل لۆندرەیێ تێ دەرخسـتن، دیسـا د چاپخانـا ئیتتیحاد و تەرەققی دە تێ چاپکرن[٣٤].

د داویـا هەژمارێن ٢٨، ٢٩، ٣٠و٣١ ان ئێن کوردسـتانێ دە «**ل مەتبەعـا ئینتیقامـێ تەبع بوویـە» تێ نڤیسـین، ل جەنەڤـرێ، ب ناڤێ»** ئینتقامچـی و یەنـی عوسـمانیلار، جەمعیەتی (**کمەلا تولهلدێرا عوسـمانیێن نوو**) رێخستنەک تێ ئاڤاکرن و ئەڤ رێخستن، کو ژ مەنسووبێن گروبـا ئیتتیحاد و تەرەققی یـا جەنەڤرێ پێک تـێ، ب ناڤێ (**ئینتیقام**) رۆژنامەیەکی ژی چاپ دکن(٣٤) ئیحتیمالەک مـەزن، ڤێ چاپخانێ کو کوردستان بێ لێ چاپکرن، چاپخانا رۆژنامەیا ئینتیقامێیە.

کوردستان، تەنێ د چاپخانەیێن ئیتتیحاد و تەرەققی دە نەدهات چاپکرن، هەروەها ئیتتنیحاد و تەرەققـی ژ بۆ چاپکرنا رۆژنامەیێ ئالیکارێ ژی دکر د نڤیسـەکە کو ل بنی هەم ب فرەنسی و هەم ژی ب ترکی ئیمزا، عوسمانلی ئیتتیحاد و تەرەققـی جەمعیەتـی (**کۆمـەلا ئیتتیحـاد و تەرەققی یا عوسـمانی**) هەبوو و ل ژێر تاریخا (١)ێ تەشرینی سانی ١٨٩٨ دنڤیساند دە وەها دگـۆت: ((**ب هـەزار ئالیـکاری و تەنگاهیێ ب هەموو بەدەلێ خوە یێ مەسـرەفی عوسمانلی هات وەشـاندن بەبەروحـی دەرنەدکەت، ئەو ژی هات وەشـاندن. کوردسـتان ژی، ل سەر ڤێ یەکـێ (ئەفەندی) ژی، کۆلـە ژی وەک کو بروسک لێ کەتبە شاش ما**[٣٤])).

ب ئاوایـێ کو شـوکرو هانیئۆغلـو دبێژە، کوردسـتان دبن کۆنترۆلا کۆمەلێ (ئیتتیحاد و تەرەققـی) دە تێ دەرخسـتن. هانیئۆغلو وەها دنڤیسە:

**((کۆمەل ل گەل ڤێ رۆژنامەیێ « رۆژنامەیا بەبەروحی ف.د» رۆژنامەیا کوردستانێ یا کو**

**ژ ئالی عەڤدڕەحمان بەدرخانێ کو بەشداری وان بوویە ڤە تێ ئامادەکرن، لێ ئەندامێن ئاڤاکار ئێن وەک ئیسحاق سکووتی و عەبدوللا جەودەت ژی تێ دە دنڤیسن، د بن کۆنترۆلا خوە دە دەردخە(٣٥))).**

وێ ئالیکاریا ئیتتیحاد و تەرەقیێ یا کو ب دەستێ کەسێن وەک عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی دگیهژە رۆژنامەیا کوردستانێ، د ناڤ هن ئەندام و ئالیگرێن ئیتتیحاد و تەرەققی دە نارازیبوونەکی پەیدا دکە. تونالی حلمی یێ کو هێ وێ دەمێ (**عوسمانیتی**) و (**ترکایەتیێ**) یەک دحەسبینە، ڤێ نەرازیبوونا خوە وەها دیار دکە: ((**دەرخستنا کوردستانێ یا ژ ئالی عەڤدڕەحمان بەدرخان ڤە بەلایەک دنە**[٣٦])).

## چما ب ئیتتیحاد و تەرەڤقی رە؟

دو ئەندامێن چالاک ئێن ئیتتیحاد و تەرەققی، عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی کورد بوون(؟). ئیبراهیم تەمۆ ئارناوود، مەحەمەد رەشاد چەرکەز(؟)، حوسەینزادە عەلی ئازەری(؟) بوو. عەبدوللا جەودەت، د ناڤ یەکیتیا دەولەتا عوسمانی دە، لهەڤکرنا نەتەوە و هندکانیین کو د سینۆرێن ئیمپراتۆریێ دە دمان دپاراست. ئەو ب توندی ل هەمبەر بەلاڤبوون، بچووکبوون و تێکچوونا دەولەتا عوسمانی بوو. وی دخوەست کو گەل و نەتەوەیێن جهێ، دیسا د ناڤ یەکیتیا عوسمانی دە، بکاربن کولتورا خوە یا ملی پێش ڤە ببن، ل زمان و خوسووسیەتێن خوە یێن تایبەتی خوەدی دەرکەڤن.

گاڤا کو ئارناوودان ل هەمبەر دەولەتا عوسمانی تێکۆشینا دەرباسبوونا ئالفابا لاتینیدان، عەبدوللا جەودەت ئەو پاراستن، هنگێ دەولەتا عوسمانی ب تووندی ل هەمبەر ڤێ یەکێ بوو، عەبدوللا جەودەت، ژ بۆ کوردان ژی، دەڤ ژ ئالفابا عەرەبی بەردان و دەرباسبوونا ئالفابا لاتینی، وەک ریەکە پێشڤەچوونێ ددیت. عەبدوللا جەودەت، د نڤیسەکە خوە یا کو د (**رۆژی کورد**) دە هاتیە چاپکرن دە وەها دگۆت: «**دڤێ پێشی مرۆڤ چارا، ب کێمانی هەژمارا خوەندەڤانان دەرخستنا ژ سەدان چلی ببینە، دوو رە، دەڤ ژ حەرفێن کەڤن بەردە و حەرفێن کو زارووکەک حەفت ر هەشت سالی د ناڤ مەهەکێ دە پێ خوەندن و نڤیسینێ هین دبە و ژ هینبوونێ رە دەست ددە، قەبوول بکە**(؟).

ب تایبەتی د سەری دە، ئاڤاکار و رێڤەبەرێن ئیتیحاد و تەرەققی، هەتا کو دەستێ وان دهات، وەکهەڤیا هەموو گەل و نەتەوەیین کو د ناڤ سینۆرێن دەولەتا عوسمانی دە دژیان، دپارستن. پێشەواییێن ژۆن ترکان، گاڤا ل ئەورووپایێ پەنابەر بوون، بانگ ل مەنسووبێن نەتەوێن کورد، ئەرمەنی، گریک و مەکادۆنی دکرن، دا کو ب هەڤ رە ببن یەک، عەڤدلحەمیدێ زۆردار ژ سەر تەخت بینن خوارێ و رەژیمەکە قانوونی یا کو ل سەر بنگەهەکە ئازاد و وەکهەڤ روونشتیە ئاڤا بکن(؟).

ژ بۆ وان، ناسناما «**عوسمانیتی**» د سەر ناسناما ملی دە بوو. بەرێ هەر تشتێ هەموو کەس عوسمانی بوو و خوەدیێ تەڤاهیا وەلات بوو، دوو رە کورد، بولگار و ئەرمەنی بوون. د رۆژنامەیا عوسمانلی دە، هەتا کو ژ دەست دهات، د ناڤ ئیمپراتۆریێ دە، ملەتەک د سەر یێ دن رە نەدهات دیتن. عەبدوللا جەودەت، بانگ ل هەموو نەتەوەیێن کو د ناڤ سینۆرێن ئیمپراتۆریێ دە دژیان دکر کو ژ بۆ وەلاتەکی ببن یەک. عەبدوللا جەودەت «**ئەز کوردم، ژ کوردان و کوردیتیێ حەز دکم، لێ مادەم ئەز هەموەلاتیێ ترکیێ مە، ئەز بەری هەر تشتی ترکم**» د گۆت و وەها بەردەوام دکر، «**ژ ڤێ پەیڤا منا، مادەم ئەز هەموەلاتیێ ترکیێ مە، بلا نەیێ فیمکرن کو بلا زمانێ کوردی وەرە ژ بیرکرن، کوردبوونا من بێ ژبیرکرن. بەرەڤاژیێ ڤێ، بلا کورد کوردییا خوە، ئەرمەنی ئەرمەنەییا خوە بدە ژیاندن**(؟).

ژ بۆ ئیتتیحاد و تەرەققی، ژ تەخت ئانینا خوارێ یا عەڤدلحەمید، پێکانینا قانوونی جڤاندنا مەجلیسی مەبعوسان داخوازێن هەری گرنگ بوون(؟). ل گۆر عەبدوللا جەودەت، هێژ کو وێ یەکیتیا وەلاتی عوسمانی پێک

بئانیـا، نە خانەدان، لـێ بەرژوەندیا نەتەوەیێن هەڤپـار بـوو، بێگومـان د ڤـێ هەڤپاریـێ دە پاراســتنا جهێتیێن خوە یێن ملـی هەبوو. وی یەکتییـەک مۆنۆتـۆن نەدپاراســت، عەبدولـلا جەودەت ئیمپراتۆریەتەکە رەنگین و پرکولتور دخوەســت. د وی وەلاتـێ کو وێ دخواسـت عــەرەب، ئارناوود چەرکەز، کــورد، ئەرمەنی، جهوو، کەلدانی، سوریانی، ترک، لاز، گورجی، مســلمان و خریســتیان، حەمی گەل و نەتەوە، دین و باوەری هەبوون(؟).

بێگومان نێرینێــن ئیتتیحاد و تەرەققی یێن پێشــی و ب تایبەتی یێــن عەبدوللا جەودەت، ب تـو ئاوایــی ژ عەڤدرەحمــان بەدرخــان رە غەریب نەبوون. وی ژی تشــتێن وەها دگۆت، د رۆژنامەیــا خوە دە ئەڤ یــەک دئانی زمێن، ژ بــەر ڤێ یەکێ، ژ بۆ عەڤدرەحمان بەدرخانێ کـو ل دەرێــن وەک جەنەڤرە، لۆندرا و قاهرێ ب مەنســووبێن ئیتتیحاد و تەرەققی رە یە، ب وان رە خەبات ژی غەریب نەبوو.

هەتا پـرێ جاران ناڤەرۆکا مەســاژێن کو د رۆژنامەیــا عوســمانلی و کوردســتانێ دە دهاتــن دایــن یــەک بــوون. وێ حەساســیەتا کـو عەڤدرەحمان بەدرخان ل ســەر مەســەلا گریتــێ د رۆژنامەیــا خــوە دە نیشــان ددا. د ناڤ رووپەلێن عوســمانلی دە ژی دهات دیتن. ناڤەرۆکا مەساژان ل سەر پرسا ئەرمەنیا ژی عەینی بوو.

شــەریف ماردین، د کتێبا خوە یا ل ســەر ژۆن ترکان دە دیار دکە کو عەبدوللا جەودەت، ب لاوێــن بەدرخان پاشــا یێن کو ل جەنەڤرێ موخالەفەتــا کورد دکن رە هەڤکاری نەکریە و ترکی وەک واســتایەکە کو کولتــورا ملی پێک تینە حەسباندیە(؟). هەروەها شەریف ماردین، کوردبوونــا عەبدولــلا جــەودەت ژی د نــاڤ نەینۆکان دە نیشان ددە و شکەکێ داتینە سەر ڤێ یەکێ، بێگومان ئەڤ نێرنێن وی بێبنگەهن. چمکــی عەبدوللا جەودەت د هەر فەرســەندێ دە کوردبوونا خوە دیار دکە.

عەبدولــلا جەودەتێ کو دگــۆت: «**گاڤا کو کوردەک ل گوندێ خوە ئاڤاکرن و مامۆستەتی کرنا دبستانا سەرەتایی، د سەر موودورتی و قایمقامتیــا دەرەکە لالەتەین (ژ دۆری – ف. د) دە بگرە، هنگێ ریا راست هاتیە دیتن**»(؟). چاوا ترکی وەک واستایەکە کولتورا ملی دبینە؟

ژ خوە عەبدوللا جەودەت، د دەما چاپبوونا کوردســتانێ دە، د رۆژنامەیێــن جهــێ و ب تایبەتی د رۆژنامەیا عوســمانلی یا کو ئەو ب خوە راداکتۆرێ وێ یە دە، ل ســەر کوردان و کوردســتانێ گەلەک نڤیس نڤیسینە. د هەژمارا (٢٠)ا رۆژنامەیــا عوســمانلی دە، عەبدولــلا جەودەت ل ســەر بەدرخانیان ژێ نڤیســەکێ نڤیســـیە(؟). عەبدولــلا جەودەت کــو ژ نێزک ڤــە دانووســتاندنا وی ب بدرخانیان رە هەیە، د نڤیســا خــوە دە ل هەمبەر ســوورگوونکرنا بەدرخانیان دەرتێ و ڤێ یەکێ شەرمەزار دکە. هەر تشــت ب ئاشــکەرایی بێبنگەهیــا گۆتنێن شەریف ماردین نیشان ددن.

پشــتی شــەرێ جیهانێ یێ یەکەم. د دەما بەلاڤبوونا ئیمپراتۆریا عوسمانی و دەڤژەنیکرنا پرەنســیپێن ویلسۆن دە، د. عەبدوللا جەودەت هەلوەســتا خوە یا ل هەمبەر گەلێ کورد، هێ بێتر ئاشــکەرە دکە(؟). و مافێ پێشەرۆژا خوە ب دەســتێ خوە دیارکرنا گەلێ کورد دپارێزە. د نڤیسەکە خوە یا کو د هەژمارا پێشینا کۆڤارا ژینێ دە دەرتێ، وەها دبێژە:

**(کوردینۆ! د قیامەتا دەمەکە وەها دە رازان مومکونە؟ ئەز پێویســت نابینم کو ببێژم: ئەی کورد هشــیار بە! چمکی هەکە کورد د خەوێ دە بـن، هــێ ژی د خەوێ دە بن، ئەڤ تێ وێ مانێ کو زوو ڤە، ژ زوو ڤە مرنە.**

**کورد هشــیارە و ئەوێ وان ئەفەندییان کو ژ سەدان سالان ڤە یە بانگی وان و خەوێ دکە و د خــەو رە چوویــە ژی ب خوە رە هشــیار بکە**(؟).

### عەڤدرەحمان بەدرخان و کۆنگرەیا ئیتتیحاد و تەرەققی یا ١٩٠٢ان

کۆنگرەیا ئیتتیحاد و تەرەققی، کو د گەلەک چاڤکانیــان دە ب ئاوایــێ کۆنگرەیــا یەکەمینا ژۆن ترکان تێ ســالخدان(٦) د ســالا ١٩٠٢ان دە، ل پاریســێ جڤیا. خوەدی و بەرپرســیارێ رۆژنامەیا کوردستانێ عەڤدرەحمان بەدرخان

ب خوە ژی بەشداری ڤێ کۆنگرێ بوو و د هەژمارا ٣١انا کوردستانێ دە، کو هەژمارا داوی یا رۆژنامەیێ یا د دەستێ مە دەیە، هەم ب کوردی و هەم ژی ب ترکی ل سەر کۆنگرێ نڤیسی.

کۆنگرە، ل سەر بانگکرنا کورێن داماد مەحموود پاشا، پرەنس سەباحەدین و لوتفوللا بەگ کارێن ئامادەکرنا جڤینێ ل دەر دخە. ل گۆر ئاگاهداریا کو عەڤدرەحمان بەدرخان دکە، کارێ جڤاندنا کۆنگرەیێ ژ سالەکێ بەرێ ڤە دەست پێ دکە[٧]. عەڤدرەحمان بەدرخان، ب ڤێ ئاوایی ل سەر جڤینا کۆنگرەیێ دنڤیسە:

**(ئاخر بەری دوو هەیڤا، وان ئەنجالێن مەحموود پاشا سەباحەدین بەگ و لوتفوللا بەگ هاتن پاریس، داوەتنامە ل گەلەک ئەحرارێن عوسمانلی (ئازادیخوازێن عوسمانیان – فی.د) رە رێکرن. ئەحرار حەمی ل پاریس ئیجتیماع کرن. سالا ئەفرەنجی (میلادی – ف.د) هەزار و نەه سەدو دویێ دە ل پاریس موئتەمەر تەشەکیل کر، ئەم چ (چل. ع. زەنگەنە) ئەعزا هەبین. ئەو ملەتێن حوکومەتا مە تەشکیل دکن، موسلیم و غەیری موسلیم ژ حەمیا دو – سێ ئەعزا هەبین، ژ کۆنگرەیێ ئەسڵ مەقسەدا مە ئەو بوو کو چ قاس ئەحرار هەنە حەمی ئیتتیفاق بکن و مەقسەدا خوە یا عەینی رە حەمی ژی یەک رێ بچن، دا رۆژەکێ ئەولتر نائیلێ ئەمەل بکن**[٨].

کۆنگرە ل پاریسێ، د ناڤبەرا رۆژێن ٤-٩ێ سباتێ دە تێ کرن. عەڤدرەحمان بەدرخان ژی دیار دکە کو ئەو شەش جاران چڤیانە پێشی کۆنگرە دخوازە د ١٥ێ چلەیێ پاشین دە بێ چێکرن. ل سەر ب دەرەنگی کەتنا ئیسماعیل کەمال بەگ و دەلەگەیێن نەتەوا ئەرمەنی و نەهاتنا وان پاریسێ، ئانجاخ دکارە د چارێ سباتێ دە دەست پێ بکە. دیسا عەڤدرەحمان بەدرخان، بەشدارێن کۆنگرێ د دۆرا چل کەسان دە نیشان ددە. ل گۆر هن چاڤکانیان، بەشدارێن کۆنگرێ ٤٧ کەس و مەنسووبێن گەلێن ترک، ئەرمەنی، عەرەب، رۆم، کورد، ئارناوود، جهوو و چەرکەسن[٩].

عەڤدرەحمان بەدرخان(.. **موسلیم و غەیری موسلیم ژ حەمیان دو – سێ ئەعزا هەبین)** دبێژە ب ڤی ئاوایی ئەم تێدگهێژن کو بەشدارێن کۆنگرێ نونەرێن گەلێن جهێ نە و ل سەر ناڤێ هەر گەلی دو – سێ کەس بەشداری ڤێ کۆنگرێ بوونە. ل سەر ناڤێ ئەرمەنیان پێنج دەلەگە بەشداری کۆنگرێ دبن[١٠].

د کۆنگرێ دە عەڤدرەحمان بەدرخان وەک نوونەرێ گەلێ کورد بەشدار دبە. لێ بەلێ ئەو ب تەنێ نینە، حیکمەت بابان ژی ب وی را یە.

کۆنگرە د بن سەرۆکاتیا پرەنس سەباحەدین دە دجڤە. ل گۆر ئاگاهیا کو م.م. رامسور ژ رۆژنامەیا ئەرمەنیانا ب ناڤێ پرۆئارمانیای ددە. رووەک ب ناڤێ ساتهاس و ئەرمەنیەن ب ناڤێ سیسیان، د کۆنگری دە وەک ئالیکاری سەرۆک تێن بژارتن(؟).

پرەنس سەباحەدین، د ئاخافتنا خوە یا ڤەکرنێ دە وەها دبێژە: **(دڤێ ئەڤ باش بێ زانین کو، ترکێن کو پرانیا ئیمپراتورییێ پێک تینن، حەقێن کو ل سەر ناڤێ خوە دخوازن، چ موسڵمان و ئان نە موسڵمان، بێ قەیدو شەرت ل سەر ناڤێ هەموو هەموەڵاتیان دخوازن.**

**(ئیجار ب سەردە، ئیمپراتوریا عوسمانی ژ رۆژا کو ئاڤا بوویە و فرەه بوویە هەتا نها، ل هەمبەر زمان و عادەتێن گەلێ، کو دبن دەستهلاتیا وێ دە بوونە، تو جار قووسور نەکریە.**

**(ئەم دیسا دوبارە بکن: وێ ئیسلاحاتا کو ئەم دخوازن ل وەلاتێ مە جێببە و ئەم د ریا وێ دە ب هەموو هیزا خوە دخەبتن، نە ژ بۆ گەل، ئان دین ئان ژی کروبەک دەستنیشانکری یە، بێ ئیستسنا، ئەم ل سەر ناڤێ هەموو عوسمانیان ئیسلاحاتێ دخوازن**[١١]).

زمانێ کۆنگرێ ب ترکی و فرەنسی یە. ل سەر داخوازا نوونەرێن ئەرمەنی، پرانیا پەیڤینان ب زمانێ فرانسی تێ کرن. عەڤدرەحمان بەدرخان و هن دەلەگەیێن دن ژ پەیڤینا ب فرانسی نە رازینە. عەڤدرەحمان بەدرخان ڤێ نەرازیبوونا خوە وەها تینە زمان:

**(ڤێ موئتەمەرێ دە حالەک دی، گەلەک یەئس و ئینکیسارا ئەعزایا مووجیب بی. ئەو**

**ژی ئـەو بی کو موزاکەرات ب عەزمانێ ترکی و فرەنســەوی جەرەیان کر. حەتا نیهایەتێ دە پارا گەلەک موزاکەرە، ب فرانســەوی بی، ئەو موئتەمەر ئیجتماعەک عوسمانی بی، ئەعزائین وێ دەرێ حەمی عوسمانی بین، لۆما جەرەیانا موزاکەراتــێ ب عەزمانێ فرەنســەوی گەلەک کرێــت بی. واقیعا ل مەجلس تەرجومان هەبی، موزاکەراتێــن فرانســزی ب ترکــی تەرجومە دکــر، لاکین قســمێ کوللی نەدهــات تەرجومە کرن. ئەعزایێن فرانسزی نەدزانین، ژ ئەعزایێن فرانســری دزانین گەلەکتر بین، لۆما ســەبەبێ مەشروع ژ ڤی حالی رە نە مەوجوود بی(١٢)).**

ئەرمەنــی ب زانیــن د کۆنگرێ دە ب ترکی نەپەیڤیــن و داخــوازا وان پەیڤینا ب فرانســی، هەلوەســتەکە سیاســییە. رەئاکســیۆی و نەرازیبوونەک ل هەمبەر سەروەریا ب زمانی ترکییە. ژ مەنسووبێین دەلەگاسیۆنا ئەرمەنیان، مۆزۆرۆسی کیکیس، کو ب سالان ل ستەنبۆلێ ئەندامێتیا شــورایی دەولەتــێ کریە و باش ب ترکــی دزانــە، د کۆنگرێ دە وەک هەلوەســت ئاخافتنا خوە ب زمانی فرانسی دکە. دگەل کو ژ دەلەگەیــان هن کەس ژ مــۆزۆرۆس کیکس رجا دکن کو ب ترکی بپەیڤە ژی، ئەو ناخوازە ب ترکــی بپەیڤــە و ب فرانســی دئاخڤە. ئەڤ یــەک ل زۆرا عەڤدرەحمان بەدرخان و گەلەک بەشدارێن کۆنگرێ یێن دن دچە(١٣).

گازنەکــە دنــا عەڤدرەحمــان بەدرخــان ژ کۆنگــرێ ژی، د کۆنگرێ دە ئامادەبوونا چەند کەسێن ناســنامە نەدیارە، خوەدیێ رۆژنامەیا مەشــوەرەتێ ئەحمــەد رزا بــەگ، داخــوازا دیارکرنا ناســنامەیێن کەســێن کو بەشــداری کۆنگــرێ بوونە دکــە، لێ بەلێ ئــەڤ داخوازا وی، ب هشــکی ژ ئالــی ســەرۆکێ کۆنگــرێ پرەنس سەباحەدین ڤە تێ رەدکرن و سەرۆک دیار دکە کو هەر کەسێن گازیکری ژ ئالی وی ڤە هاتنە ڤەخوەندن و نە حەوجەیە کو ناسناما هەمــوو کەســێ بــێ دیارکــرن. عەڤدرەحمان بەدرخان ب ڤی ئاوایی ژ یێن ناســناما نەدیار گازن دکــە: (**حالەکــی دی گەلــەک کرێــت ل موئتەمەرێ مەوجوود بێ.**

**«نــاڤ ئەعزایێن مەوجوود دە هنەک ئەعزا هەبیــن، نەمرۆڤێن کفش بیــن.. وەقتا کو چەند مرۆڤەک ل سەر مەقسەدەک موهیم موزاکەرە دکن، دڤێ ئەو مرۆڤ هەمی هەڤدوو ناس بکن. ئەڤ گەلەک تشتەک تەبیعی یە کو جەمعیەتەکێ دە دڤێ ئەعزا حەمی هەڤدوو ناس بکن. وەکی مــرۆڤ ل هەڤدوو بیانی یە، نکارە هەڤدوو رە موداوەلەتــێ ئەفــکار بکــە و هەتا نــە جائیزە. هەتــا مرۆڤ هەڤدو ناس نەکە، نکارە رایا خوە ئەشــکەرە بێژە. لاکین رەئیس ئەڤ حەق ناس نەکر، ئەڤ ســوئالا هندە موهیم رەد کر، هەتا ب گەلــەک عــەرن جەواب دا، یانی ب راســتی ئەو ئەعزا ســەر وێ تەلەبــێ تەقدیر کر. زیرا نــەدکاری هوویەتــا وان کفــش بکــە. رەئیس دزانــی کو ئەو نەمرۆڤێن تەمامن. ئەوی دزانی کو نــاڤ وان دە هنەک هەبین کو ژ حوریەتی زێدەتر، ئینتیســاب ل ســەفارەتا مــە یا ل وێ دەرێ دکرن(١٤)).**

بەشــدارێن کۆنگرەیــا ١٩٠٢ان ل ســەر چەند تشــتێن گرینگ دەڤژەنی کرن. تشتێ کو هەری زێدە دەڤژەنی ل ســەر هات کرن، فکرا موداخــەلا بیانیان بوو. ژ بەشــدارێن کۆنگرێ هنەکان، فکرا کو پێویســتە بلا دەولەتێن بیانی ل هەمبەر دەولەتا عوســمانی سەری ل زۆرێ بدن دپاراســت. لێ هنەکێــن دن ب توندی ل هەمبــەر ڤێ نێرینێ بوون. نێرین ســەریلیدانا زۆرێ یا دەولەتێن بیانی، د ســەری دە ژ ئالی ئەرمەنیــان ڤــە، ژ ئالی ســەرۆکێ کۆنگرێ و پرانیا بەشداران ڤە دهات پاراستن.

د کۆنگــرێ دە، ب تایبەتی بازکێ ئیتتیحاد و تەرەققی یێ ترکپەرست ل هەمبەر موداخەلا دەولەتێن بیانی رادوەست و داخوازا موداخەلێ ب توونــدی ژ ئالــی وان ڤــە دهــات رەدکرن. سەرۆکاتیا ڤی باسکی ئەحمەد رزا دکر.

عەڤدرەحمــان بەدرخــان ب خوە ژی یەک ژ وان کەســان بوو کــو ب توندی ل هەمبەر موداخەلا بیانیان رادوەست. یێن کو ل هەمبەر موداخەلا دەرڤە دســەکنین، باوەری پێ دئانین کو، هەر جارا کو بیانی دەست دئاڤێژن کارێن ئیمپراتۆریێ، ئەو خەسارێ ددن وەلات و چێترە کــو ئەو تێکلــی ناڤ کارێ وەلاتــێ وان نەبن. ناڤێ یێن کو سەرێ ڤی بازکی دکشاندن ب ڤی

ئاوایی د رۆژنامەیا کوردستانێ دە تێن دایین: (کورمای فەرید، کورمای یوسوف، کورمای سلیسترەلی حەمدی، مۆسیۆ فاو ئەحمەد رزا، نازم، خۆجا قادری و عەڤدرەحمان بەگ(١٥)

**داخوازا دەلەگۆیێن ئەرمەنی و هەلۆەستا عەڤدرەحمان بەدرخان**

تشتێ کو پرانیا بەشدارێن کۆنگرێ ل سەر ل هەڤدوو دکرن، پێکانینا قانوونی ئەساسی و گۆهارتنا عەبدولحەمید بوو، دەلەگەیێن ئەرمەنی د کۆنگرێ دە ل سەر بجهئانینا ریفۆرم و جهێتیێن کو د پەیمانا بەرلینێ دە ژ بۆ وان سۆز هاتبوو داین، راوەستین، گاڤا کو ئەڤ نێرینا وان، ژ ئالی یێن دن ڤە هات رەدکرن، هنگێ وان دەڤ ژ کۆنگرێ بەردان و خەیدین. چاخێ دەلەگەیێن ئەرمەنیان کۆنگرێ تەرک کرن، ژ یێن موداخەلەپارێز و ل دژی موداخەلێ رە وەها گۆتن: (کنگێ هوون بوون یەک، هنگێ ئەمێ بێن و ب وە رە هەڤ بینن[١٦]).

مەسەلا ئەرمەنیان، پشتی شەڕێ رووسان و عوسمانیێن ئێ سالێ ١٨٧٨ ئان دە ل سەر بهیستنا کوشتنا ١٢ هەزار بولگاری یا ژ ئالی عوسمانیان ڤە، شەڕ ئیعلان کربوو[١٧]. ئۆردیا رووسیایی، د مەها چلەیی پێشینێ سالا ١٨٧٨ان دە، هەتا ستەنبۆلێ هاتبوو. ب ئیمپراتۆریا عوسمانی رە پەیمانا ئایستەفانۆسی هاتبوو ئیمزاکرن، ل گۆر ڤێ پەیمانێ، میرەکتیەکە بولگارستانێ یا فرەە دهات ئاڤاکرن، رۆمانیا، سربستان و قاراداغێ سەرخوەبوونا خوە ب دەست خستن، ل دەرێن کو ئەرمەنی لێ دژیان ریفۆرم دهاتن کرن و ژ ئالی رۆژهلات ڤە بژارێن وەک قەرس، ئارداهان و بایەزیدێ ژی ب سەر ئاخا روسیایێ ڤە دهات بەردان.[١٨]

ل گۆر پەیمانا ئایەستافانۆسێ هەتا کو دەولەتا عوسمانی ل دەرێن کو لێ ئەرمەنی دژین ریفۆرم نەکرا، وێ رووسیا ژ وان جهێن کو داگر کرن ب شوون ڤە ڤەنەکشیا(؟).

دەولەتێن مەزن، د سەری دە ئینگلستان و ئاووستوریا ل دژی پەیمانا ئایەستەفانۆسی دەرکەتن. گاڤا کو تەنگاڤا ستەنبۆلێ بکەتا دەستێ روسیایێ، هنگێ ریا ئینگلتەرێ یا هندستانێ ژی دکەت بن کۆنترۆلا رووسان و ئینگلیزان ب تو ئاوایی نکاربوون ئەڤ یەک قەبوو ل بکرنا. گەمیێن رووسان و ئینگلیزان ئێن شەڕ، شەش مەهان ل ستەنبۆلی ل بەر هەڤ مان. یا وێ رووسیایێ دەڤ ژ پەیمان کەڤن بەردا و ژ بۆ پەیمانەکە نوو رازی ببوویا، یان وێ ب ئینگلستانی رە بکەتا شەڕ(؟).

ل سەر ڤێ یەکێ، د ١٣ێ حەزیرانا ١٨٧٨ ئان ل بەرلینێ، د بن سەرۆکاتیا بسمارک دە، دەست ب پەیڤینا شەرتێن پەیمانا نوو هات کرن. کۆنگرەیا بەرلینێ مەهەکێ ئاژۆت و ئینگلیزان یا کو دخوەستن ب دەست خستن. ب ڤێ پەیمانێ بولگارستان هاتبوو بچووککرن، ریا تەنگاڤان ل رووسیایێ هاتبوو گرتن، قوبرس وەک دیاری ژ ئینگلستانێ رە هاتبوو هێشتن[١٩]، سەرخوەبوونا رۆمانیا، قاراداغ و سربستانێ دهات ناسکرن، ئیدارا بۆسنا ـ هەرسەکێ ژ ئاووستوریایێ رە دما، گراڤا گریدێ موختاریەتا خوە دستاند، ئەلەشگرت و بایەزید ب سەر ئاخا رووسیایێ ڤە دهات بەردان[٢٠].

ب پەیمانا بەرلینێ ژی، ل دەرێن کو ئەرمەنی رووندشتن دڤیابوو رەفۆرم بهاتنا کرن، لێ بەلێ ئەڤ شەرت، ل گۆر پەیمانا ئایەستافانۆسی هاتبوو سڤککرن، ب ڤێ پەیمانێ رە شەرتێ کو هەیا رەفۆرم چێکرن وێ رووسیا ل دەرێن کو داگر کریە بمینە هاتبوو راکرن[٢١].

پەیمانا بەرلینێ، مەسەلا ئەرمەنیان وەک مەسەلەیەکە هوندرینا ئیمپراتۆریا عوسمانی هێشتبوو. پشتی ڤێ پەیمانی وێ ئەرمەنیان ب رێخستنێن وەک خنجاک و تاشناکێ دۆزا بدەرخستنا مافێن خوە بکرانا.

نە مەنسووبێن ئیتتیحاد و تەرەققی و نە ژی عەڤدرەحمان بەدرخان، ب تو ئاوایی گەرم ل دۆزا ئەرمەنیانا ژ دەولەتا عوسمانی فەقەتینێ و ب سەرێ خوە ئاڤاکرنا سەربخوە نەدنهارتن. عەڤدرەحمان بەدرخان، د هەژمارا (٣٠) ان کوردستانێ دە، د نڤیسەکە کوردی یا ب سەرنڤیسا **«ل کوردستانێ دە ئەساسا نیفاقێ»**

دە، ل سەر سەدەمێن سەرهلدانا ئەرمەنیان ل هەمبەر دەولەتا عوسمانی رادوەست و وێ تەڤگەرێ وەک ناڤتێدانا مسیۆنەران و رووسیایێ نیشان ددا. ئەڤ نڤیس، ب ترکی ژی وەک رێزنڤیس د هەژمارێن (٣٠) و (٣١) ان دە تێ داین. ل گۆر کو عەڤدرەحمان بەدرخان دنڤیسە بەریا کو مسیۆنەر بکەڤن کوردستانێ و ناڤ د گەلێ خرستیان بدن. نە ل کوردستانێ و نە ژی ل دەرەکە دن پۆزێ تو ئەرمەنیێ خوینی نەبوویە[٢٢].

عەڤدرەحمان بەدرخان، پشتی کو تەڤگەرا ئەرمەنیان وەک فەسادی و ناڤتێندانا مسیۆنەران و رووسیایێ نیشان ددە، وەها دنڤیسە:

**(زەمانێ تەیموور لەنگ، رووسیایێ دڤیا ژ قافقاسیایێ تەجاوزێ کوردستانێ بکە، ئەرمەنیا ژ هەڤالێن خوە یێن موسلمان زێدەتر کوردستان مودافەعەکر. ئەڤە ژ ڤان دەلیلا ژی ماعلووم دبە کو ئەڤ نیفاقا ئیرۆ، نە ژ سەبەبەکە دیگەرە، نەتیجا مەسەلەیێ دە، وەکی حوکومەتێن ئەوروپایێ داوا دکن، ئەم دبینن کو هەر مەرکەزا تەلەبا وان، سەر مەنفەعەتا خوە، تەبەعە و مسیۆنەرێن خوە یە، نەخوینا ئەرمەنیایە**[٢٣]).

ب ڤێ هەلوەستێ عەڤدرەحمان بەدرخان ناخوازە کو مەسەلا ئەرمەنیان وەک پرسەکە ملی یا ل هەمبەر ئیمپراتۆریێ ببینە. عەڤدرەحمان بەدرخان، د پەیمانا بەرلینێ دە ژ بۆ ئەرمەنی و خریستیانان جهێتیێ و رەفۆرمان خوەستنێ، سەدەمێ هێرسبوونا نەتەوا سەروەر دبینە. ل گۆر نێرینا وی، ڤێ جهێتیا کو رووسیا و دەولەتێن دن دخوازن ژ ئەرمەنیان رە بێ ناسکرن، د ناڤ مەسنووبێن ئیمپراتۆریایێ دە نەفرەتەکێ رە پەیداکریە. ل سەر ڤێ یەکێ بەرێ مسلمان و خرستیان کەتیە هەڤ. ل وەلاتەکی کو پرانیا وی مسلمان بەو ژ مسلمانان بێتر، هن جهێتی ژ خریستیانان رە بێن ناسکرن، ئەڤ یەک خوەس نایێ دیتن[٢٢].

عەڤدرەحمان بەدرخان ب خالێن پەیمانا بەرلینێ یێن کو ژ بۆ ئەرمەنیان جهێتی و رەفۆرمان دخوازە نە رازییە. ئەو ڤێ نەرازیبوونا خوە وەها دیار دکە:

**(هەکە شەرتێن رەفۆرمان ئێن کو د خالێن ٢٣ و ٦١ ێن پەیمانا بەرلینێ دە جهە دستینن، وەک کەفرەکێ نەمانا و ب ئاوایێ کو رووسیا دخوازە بکەتانا رێ، ل رۆژهلات ئاشتی، تو جارەکێ ژ ڤێ دەمێ بێتر نکاربوو بهاتا پاراستن. بەلکی ژی شەرێ کو چێبوویە بێتر خویندار بوویە**[٢٣].

خویا یە عەڤدرەحمان بەدرخان ناخوازە مەسەلا ئەرمەنیان وەک مەسەلەیەک مللی یا گەلەکی ببینە. ژ بەر ڤێ یەکێ، چارەسەریا کو ژ ڤێ پرسێ رە پێشنیار دکە ژی، نە چارەسەریەک ئەساسینە. ل گۆر وی هەکە قانوونی ئەساسی بێ قەبوولکرن و عەڤدلحەمید ژ تەخت بێ خوارێ، وێ مەسەلێ چارەسەر ببە. لۆما ئەو وەها دنڤیسە:

**(حاسلی، چارا ڤان بەلا حەمیا قانوونی ئەساسییە. وەقتا کو وەلاتێ مە دە ئەڤ قانوون تەئەسوس کر، ئیدی وێ هنگێ خەلق حەمی ژ حوقوقێن خوە ئەمین دبە، تەسەلوتا خونکار موستەبید و مەئمورێن وی نامینە و ئیدی مسیۆنەر و ژی ئیفسادا خەلقێ رە تو جارا نابینن، حەتا دووەلێ ئەجنەبیە ژی موداخەلە مەعلوماتێن مە ناکن)**[٢٤].

# وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا*

"یەک وێنە بەهای سەدان وشەی هەیە"
کۆنفۆشیۆس



◪ بەختیار پاڵانی*

وێنە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە جوان نیشاندانی ڕۆژنامە و سەرنجدانی زیاتری خوێنەران و ڕاکێشانیان بەرەو خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، بەڵام تا ئێستا لە ڕۆژنامەگەریی کوردی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوتۆ لە بارەی وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا نەکراوە. ئەم وتارەش هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی گرنگی وێنە لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، هەروەک هەوڵدراوە پێناسە و تایبەتمەندی وێنە لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە و دەرخستنی گرنگی وێنە لەو بوارەدا شیبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ناوەڕۆکی وتارەکەم چڕکردۆتەوە لە چەند بەشێک لەوانە:

- پێشەکی
- بەشی یەکەم: پێشکەوتنی وێنەی فۆتۆگرافی و..
- بەشی دووەم: پێناسە و تایبەتمەندییەکانی وێنە
- بەشی سێیەم: وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
- چەند پێشنیازێک
- سەرچاوەکان

## پێشەکی

وێنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا وێنە زمانێکی جیهانییە، لە هەموو دونیادا خەڵک تێی دەگات. هەندێ جار دەتوانرێت لەگەڵ وشەدا بە شێوەیەکی هارمۆنی بەرجەستە بکرێت. بۆیە بەر لەسەرهەڵدانی نووسین، مرۆڤی چاخە دێرینەکان وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ گوزارشت لە بیر و شێوازی ژیانی وێنەی بەکارهێناوە و بە هۆی وێنەوە بە شێوەی تەعبیری چیرۆکی ژیانی خۆی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان گێراوەتەوە، بە هۆی ئەم وێنانەوە مێژوونووسان توانیویانە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی بنووسنەوە. ئاشکرایە کە هەردەم وێنە بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە لە تێگەیشتن و تێگەیاندنی مرۆڤ. هەروەک وێنە پێش نووسین پەیدابووە و هەبووە و مرۆڤ بۆ یادداشتکردنی بیر و هزری خۆی بەکاریهێناوە، بۆ تۆمارکردنی سەربوردەی خۆی لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوت و دوایش خانوو و شارەکان و دیواربەندەکان وێنەی بەکارهێناوە. لە ئەرشیفکردنی رووداوە مێژوویی و شارستانییەکانیش وێنە رۆڵێکی دیار و گرنگ و بەرچاوی هەبووە و دەبێ، بۆیە ئێستا وێنە رۆڵێکی گرنگتر و پێشکەوتووتر دەبینێ لە بواری مەعریفی و زانستی و شارستانی و پەروەردەیی و رۆشنبیری و هونەریی و رۆژنامەگەریشدا[1].

لەگەڵ ئەوەی وێنە بەشێکی سەرەکییە لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا لەهەمان کاتیشدا دەگوترێت «**جیهان بریتییە لە وێنە**»، ئەو دونیایەی ئێمە لەسەری دەژین هەر چی تێدایە بریتییە لە وێنە، هەر بۆیە بە سەردەمی ئەمڕۆ دەگوترێت «**سەردەمی شارستانی وێنە**»، لێرەوە وێنەی بینراو پێویستی و گرنگی بەدەردەکەوێت بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی لە بوارەکانی پەیوەندی و راگەیاندندا هاتۆتە کایەوە[2].

لە کۆنەوە گوتراوە کە «**کامێرا درۆ ناکات**»، بەو مانایەی ئەو وێنەیەی لە کامێراوە دەردەچێت و بەرهەم دێت، گشتی راست و دروستن، ئەگەرچی ئەمڕۆکە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە فراوانەی بوارەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر هەندێ جار گومان دەخرێتە سەر وێنەکان و ئەگەری دەستکاری و گۆڕانکاری لێ بەدی دەکرێت.

دیارە وێنە لەناو بواری رۆژنامەگەریدا رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریی هەیە، بە بەشێکی سەرەکی بواری رۆژنامەگەری دەژمێردرێت، بەهۆی ئەو گرنگییەی وێنە لە رۆژنامەگەری هەیەتی بە تایبەت لە لاپەرە (**یەک**)ی رۆژنامەکان. رۆژنامەدا بە بێ بوونی وێنە لە زۆر باردا بێ بەها دەبێت، چونکە وێنە زمانێکی جیهانییە و یەکسانە بە سەدان وشە و دەستەواژەی نووسراو و چاپکراو، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا لەو سەردەمەی ئێستا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێک دەبینی کە وێنەی تێدا نەبێت؟ نەک وێنە بەڵکو هێڵکاری و کاریکاتێر و نەخشە و وێنەی دەستکرد و..هتد، هەموو ئەوانە بوونەتە کەرەستەی سەرەکی رۆژنامە. وەک دەوترێت «**وێنە نیوەی هەواڵە**» لە زۆر باریشدا وێنە تەواوی هەواڵەکە دەگەیەنێ، چونکە وێنەکە تەواوی رووداو و هەواڵەکە روون دەکاتەوە و دەیخاتەڕوو بە تایبەت ئەو کەسانەی بیرو هزریان فراوانە و ئاستی رۆشنبیری و هۆشیارییان بەرزە[3].

وێنە لەبواری رۆژنامەگەرییدا وەک گوزارشتێک بۆ هەموو چالاکی و جموجۆڵە مرۆییەکان بەکاردێت، هەروەها زیندوویی بە بابەتەکان دەدات، بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ ئەو هەواڵ و بابەتانە بەراوردی بکەین کە وێنەیان لەگەڵدا نییە. لە بواری رۆژنامەگەریدا ئەوەی کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ بە پلەی یەکەم وێنە دێ و بە پلەی دووەمیش ناونیشانە دیار و سەرنجراکێشەکان. بێجگە لەوەی کە وێنە رۆڵێکی جوانکاری بێ هاوتا دەبینێ لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا و دەقەکان جوانتر و پڕ ماناتر و بە پێزتر دەکات و مەودایەکی قووڵیشی پێدەبەخشێ. جگە لەمەش وێنە راستی هەواڵ و هەقیقەتی رووداوێک و چۆنیەتی روودانی رووداوەکە دەخاتەڕوو، واتا بوونی وێنە بەڵگەیەکی تەواوە، دەبێ ئەوەش بزانین وێنەی رۆژنامەوانی باش و سەرکەوتوو خوێنەر بۆ لای هەواڵ و وتارەکە یان ریپۆرتاژەکە رادەکێشێت، وادەکات گرنگی بەو بابەتە بدات، بە تایبەت لە لاپەرە (**یەک**)ی رۆژنامەدا

وەکو دەرگایەک وایە بۆ سەرنجدانی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی رۆژنامەکە. ئەگەر سەیرێکی وێنەیەکی کارەساتی «**هەڵەبجە**» بکەین، ئەو وێنەیەی کە هاوڵاتییەکی کورد منداڵێکی لە باوەش گرتووە، هەروەک چۆن دەبینین ئەم وێنەیە بووەتە نیشانەیەک بۆ گەورەیی ئەو کارەساتە و زۆرجاریش دەگوترێت ئەم وێنەیەی هەڵەبجە بوو بە هۆکارێک، کە ویژدانی هەموو جیهانی هێنایە گۆ و هەستی هەموو مرۆڤدۆستێکی هەژاند.

## بەشی یەکەم
## پێشکەوتنی وێنەی فۆتۆگرافی و سەرهەڵدانی وێنەی رۆژنامەوانی

سەرهەڵدانی فۆتۆگراف دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٣٨ (؟؟؟؟؟؟)، کە زانایەکی فەلەکی عەرەبی بە نێوی (**ابو الحسن بن الهيثم**)ە، خەریکی چاودێری کردنی رۆژگیران و مانگ گیرانی دەکرد، دیاردەیەکی دۆزییەوە، کە بریتی بوو لەوەی کونێکی بچووک لە لادیوارێک یا بنمیچی ژوورێک هەبێت، وێنەی دیمەنی دەرەوەی کونەکە لە ژوورەوە (**کە تاریک بێت**) لە لادیواری بەرامبەری یا لەسەر کاغەزێکی سپی دەردەچێت، لەسەر ئەمە کامیرای ئۆبسکورایان دروستکرد. دوای ئەوە هونەرمەندە نیگارکێشەکان پەرەیان بەم دیاردەیەدا و سوودیان لێ وەرگرت بۆ کارەکانیان، لەوانە هونەرمەندی بلیمەت (**لیۆناردۆ دافنشی**) لە ساڵی ١٤٩٠دا هەندێ بە درێژی باسی لێوە کردووە. پاشان زانایەکی ئیتالی بە ناوی (**جیۆڤانی دێلاپۆرتا**) هاوێنەی قۆقزی لە جیاتی کونە سەرەدەرزی بەکارهێنا، ئەو هاوێنەیە بچووک بوو بەقەدەر بەرینی پەنجە بچکۆڵەی دەست دەبوو، کە لە کتێبەکەی لە ساڵی ١٥٨٩، بڵاوی کردبووەوە. هێندەی نەخایاند کامیرای ئۆبسکورای بچووکی دەستی دروستکرا، ئەمەبوو بەردی بناغەی دروستکردنی کامیراکانی ئەمڕۆمان [٤].

هەڵبەتە وشەی فۆتۆگرافی وشەیەکی ئەغریقی لێکدراوە، بریتییە لە دووبەش (**فۆتوس**) بە واتای تیشک و (**کراپۆس**) بە واتای نووسین دێت، واتە نووسینی تیشکی. وێنەگرتنی فۆتۆگرافی (**تیشکی**) بە چەندان قۆناغی تێپەڕیوە، بۆ نموونە وێنە لە هەردوو سەردەمی هەڤدەیەم و هەژدەیەم لەسەر کاغەزێکی هەستدار لە ناوەوەی کامێرا بەدەردەکەوت، کە گەڵێک جار دوای دەرهێنانی لە کامێرا وێنەکە رەش دەبوو، ئەو کامێرایانە گەورە و گران بوون و بەکارهێنانیشیان ئاسان نەبوو[٥].

لە ساڵی ١٧٥٨، چاویلکەفرۆشی ئینگلیزی، (**جۆن دۆلاند**) سیستەمی تازەی هاوێنەی دۆزییەوە و بۆ کامیرای دانا، وێنەی رێکوپێک بە کامیراکە دەگیرا، جوانتر لە وانەی پێشوو. دیارە سەرەتای وێنەگرتن نەدەتوانرا وێنەکان بچەسپێن، واتە وێنەکان نەدەمانەوە، کە بەهۆی نەتراتی سیلڤەر ئەنجام دەدران، بەڵام لە ساڵی ١٨١٦، بۆ یەکەمجار زانای فەرەنسی (**نیسفۆر نیپس**) توانی وێنەیەکی فۆتۆگرافی لەسەر کاغەزێک کە رووپۆش کرابوو بە کلۆریدی سیلڤەر ئەنجام بدات و سیفەتی بەردەوامی مانەوەی هەبێت[٦].

پێشکەوتنی راستەقینە لە بواری وێنەگرتنی تیشکیدا لەسەر دەستی زانای فەرەنسی (**جۆزیف نیپس**) بووە، کە توانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو بگرێت، کە خاسیەتی مانەوەی لەسەر کاغەزی هەستداری پێ بەخشی واتە دوای دەرهێنانی لەکامێرا تێک نەدەچوو، ئەمەش لە ساڵی ١٨٢٢ دا یان لە ساڵی ١٨٢٦ دابوو[٧].

دوای پێشکەوتنی زیاتر لە بواری وێنەی فۆتۆگرافی ئەوەبوو فەرەنسییەکی دیکە، (**لویس دیگۆرێ**) ئەو وێنانەی بە کامیرای ئۆبسکورا دەستی دەکەوتن، بەهۆی گیراوەی خوێی ئاسایی چەسپ دەکرد، ئەمە لە ساڵی ١٨٣٧ز دابوو. ئەو وێنانەی ئەنجام دەدران پۆزەتیف بوون، لەسەر پلێتی رەق بوون، نەدەتوانرا دانەی زیادەکی لەسەر بچوێنێ، ئەمە وای کرد پەرەی پێ بدرێ تا پیاوێکی ئینگلیزی بە ناوی (**ولیام هنری فۆکس تالبۆت**) کە شێوازی نێگەتیڤ/ پۆزەتیڤ بدۆزێتەوە، ناویان نا بە شێوازی کالۆ تایپ یا تالبۆتایپ. یەکەم کەسیش کە وشەی فۆتۆگرافی بەکارهێنا لە ساڵی ١٨٣٩ بوو، لە لایەن سێرجۆن هارچڵەوە بوو.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٨٨، جۆرج ئیستمان، دامەزرێنەری کۆمپانیای کۆداک، یەکەم



کامیرای ڕۆڵی دروست کرد، کە فیلمی جیلاتینی یان ئەسیتاتی سلیلۆز لە گەڵیا بەکار دەهات، جۆرج ئیستمان ئەو دروشمەی بەرزکردبووەوە: «تۆ تەنها دوگمەی کامیرا داگرە. ئەوەی تری ئێمە تەواوی دەکەین». بەمەش فۆتۆگراف لە دەستی وێنەگرانی تایبەتمەند هاتەدەر و هەموو کەسێکی ئاسایی لە توانایدا هەبوو وێنەی فۆتۆگرافی بگرێت(٨).

پێشکەوتنی وێنەی ڕۆژنامەوانیی لە سەردەستی «**ستیڤن مۆرگان**»ی ئەمریکی بوو لەساڵی ١٨٨٠، دوای ئەو «**میشنباخ**»ی ئەلمانی لە ساڵی ١٨٨٢ توانی ڕێگەی «**هافتۆن**» بۆ دەرهێنای وێنە بهێنێتەکایەوە ئەمیش بە هۆی بەکارهێنانی «**پەردە**»ی دەستکرد، کە وێنەی زۆر جوانی بۆ ئەوکاتە بەرهەم دەهێنا و یەکەم بەکارهێنانی ئەو شێوە وێنەیە لە لایەن ڕۆژنامەی «**دەیلی گرافیک**»بوو لە ئەمریکا لە ساڵی ١٨٨٠دا. یەکەم وێنەش لە ڕۆژنامەگەریی عەرەبیدا لە وڵاتی میسر بەکارهاتووە، ئەمیش لە سەدەی نۆزدەیەم بوو، یەکەم وێنە لە ڕۆژنامەگەریی عەرەبی وێنەی «**عەباس پاشای یەکەم**»بوو، کە لە ماوەی (١٨٤٨-١٨٥٤) فەرمانڕەوایی میسری کردووە، دوای ئەوە هەندێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە میسر وێنەی دەستکردیان بڵاوکردەوە. لەسەر شێوەی قالبی داریان لە مس دروست دەکرا(٩).

لێرەدا ئەو پرسە دێتە پێشەوە ئاخۆ بۆ یەکەمجار وێنە لە کام وڵات گیراوە و چۆنیش کامێرا داهێنراوە؟ لە بەرامبەر ئەمەدا زۆر ڕاوبۆچوونی جیاواز دەبینرێ، بە پێی بۆچوونەکانی دکتۆر سەپان مەغدید شارەزا لە بواری ڕاگەیاندن، پێیوایە وڵاتی فەرەنسا پێشەنگە لەو بوارەدا، هەروەک وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا خۆیان بە یەکەم دادەنێن لە دۆزینەوەی هونەری وێنەگرتن(١٠).

کەواتە وێنە، نەخشە، کاری خۆشنووسی، هێڵکاری..هتد، ڕەگەزە تەواوکەرەکانی دیکەی کاری ڕۆژنامەوانین، زۆر دەمێکە ڕۆڵی گرنگیی و پڕ بایەخی ئەوانە لای ڕای گشتی دەرکەوتوون. گەر مرۆڤ بیەوێت دەربڕینەکانی زیاتر جێی خۆیان لای خوێنەر بکەنەوە و کاریگەرییان زیاتربێت، دەبێت پەنا بۆ ئەو ڕەگەزانە بەرێت. هەروەک لە زووەوە ڕۆژنامەوانی پەنای بۆ ئەو هۆکارانە بردووە، گومانی تێدا نییە هەرسەردەمە و تونای تەکنیک و جێبەجێ کردنی خۆی هەیە(١١).



## بەشی دووەم
## پێناسە و تایبەتمەندییەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی

### ١/١ پێناسەی وێنە

زۆر پێناسە و دەربڕین لە بارەی وێنە گوتراوە، هەروەک کۆنفۆشیۆس (٥٥١- ٤٧٩ پ.ز) دەڵێت **«یەک وێنە بەهای هەزار وشەی هەیە»**، یان **«هەزار وشە ناتوانێ بە ڕەوانی وێنەیەک بێتە گۆ»**.
کەواتە بڵاوکردنەوەی وێنە چەکێکی دووسەرەیە و دەتوانێ ڕای گشتی دروست بکات و بە پێچەوانەوە ڕای گشتیش تێک بشکێنێ، وێنە ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی شێواندنیشیان. ئەگەر وێنەیەکی جوان و سەرکەوتوو بڵاوبکەیتەوە ئاسانترە وەک بڵاوکردنەوەی نووسینێک، کە زۆرجار هەڵە و کەموکوڕی تێدا دەبێت، بەڵام وێنە هەموو ئەو دەربڕینانەی تێدایە ئەگەر بمانەوێ لەکات و ساتێکی گونجاو لەگەڵ هەواڵێک و بابەتێکی گونجاو دابنرێت[١٢].
وێنە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جوانکاری ڕۆژنامەدا، هەربۆیە وێنە لە ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵێگی سەرەکی هەیە، بەو پێیەی وێنە[١٣]:

١. جێگەی سەدان وشە و دەستەواژە دەگرێتەوە.
٢. لایەنی ڕوونکردنەوە و ڕاستی هەواڵ و بابەتەکانە.
٣. ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە جوانکاریی لاپەڕەی ڕۆژنامەدا.
٤. یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێت و زیاتر لە بابەتەکان بگات.

هەروەک یەکەم دەرکەوتنی ڕۆژنامە لە ڕێگەی وێنەوە بووە، ئەو کاتەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا وێنەی جۆراوجۆرییان دەکێشا، هەروەها وێنە بە یەکەم زمانی نووسراو دادەنرێت دوای ئەوە زمانی پیتەکان هاتە کایەوە[١٤].
پێناسەیەکی دیکەی بۆ وێنە ئەوەیە کە وێنە بە ئاوێنەی ڕووداوەکان دادەنرێت، بە تایبەت کاتێک ڕۆژنامەنووس لەگەڵ نووسینەکەی وێنە بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوەی ڕووداوەکەی وەک خۆی و بۆچوونەکانی زێتر بچەسپێنێ[١٥].
وێنە بە هەموو چەمکەکانییەوە گوزارشتێکی بینایی و ڕێچکەی بیرکردنەوە و وتن دەگرێت، ئەمیش لە ڕێگەی خۆیەوە دەیگۆڕێت

بۆ چەندین بیرۆکە و مانای جیاجیا، کە پابەندی ئەو ژینگە رۆشنبیرییە بێت، لەوێشەوە دەبزوێنێت بۆ گوتاری وێنە، بێگومان ئەمەش بە جیاوازی وێنەکان و پەیوەندییە بەردەوامییەکان دێتە کایەوە[١٦].

### ١/٢ جۆرەکانی وێنە

تا دێت زیاتر بایەخ بە وێنە دەدرێت، رۆژنامە و گۆڤارەکان پێشبرکێیانە بۆ وەرگرتنی هەموو وێنەیەکی نوێ و سەرنجراکێش، تا بەهۆی وێنەی جوان و سەرکەوتوو خوێنەران زیاتر بۆ لای خۆیان رابکێشن.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین وێنە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین[١٧]:

١. وێنەی کەسیی یان وێنەی پۆرترێت. ئەم جۆرە وێنانە زۆر گرنگن و زۆریش بەکاردێت نەک تەنیا لەبواری رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا، بەڵکو لە بواری راگەیاندنی بینراویشدا بەهەمان شێوە بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کاتێک رۆژنامەنووس لێدوانێک لە کەسایەتییەکی سیاسی، وەرزشی یان هونەری وەردەگرێت، یەکسەر پێویستی بە وێنەی ئەو کەسە دەبێت، هەڵبەتە هەریەک لەو بوارانە وێنەیەکی گونجاوی پێویستە و وەکو ئەوەی پێویستە لە کاتی وێنەگرتنی هەر کەسایەتییەک، جوڵەیەک لە کاتی وێنەگرتنەکە هەبێت و خوێنەر هەست نەکات ئەو وێنەیە راست نییە بەو مانایەی کە وێنەکە لە کاتی گفتوگۆکە نەگیرابێت، هەروەها پێویست ناکات لەو جۆرە وێنانە کەسایەتییەکی دیکە لە وێنە دەربچێت.

٢. وێنەی بابەتەکان یان وێنەی بابەتی، دەتوانین وێنەی بابەتی دابەش بکەین بۆ سەر چەند لقێک لەوانە[١٨]:

أ. وێنەی رووداوەکان وەکو کارەساتی سروشتی، پەیمان بەستن و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و خۆپیشاندان...هتد.

ب. وێنەی شوێن و جێگا جوگرافییەکان وەکو شار و شاخ و رووبار و دارستانەکان و...هتد.

ج. وێنەی شوێنەوارەکان.

د. وێنەی شەڕ و جەنگەکان.

ه. وێنەی بۆنەکان وەکو ئاهەنگی رەسمی نیشتمانی و نەتەوەیی و جەژنە ئایینییەکان و سەردان و...هتد.

و. ئەو وێنانەی پەیوەندییان بە چالاکی ئەدەبی و هونەری و وەرزشییەوە هەیە. هەروەها ئەو وێنانەی پەیوەندییان بە لایەنی زانستی و پزیشکی و داو و دەرمانەوە هەیە.

ز. وێنەی پرۆژەکان وەکو پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوە.

ح. هەندێ نەخشەی وڵاتان و هێڵکاری و فۆتۆگرافی تابلۆ و کارە هونەرییەکان.

ط. هەروەها مۆتیڤ و قەڵەمکێش و ئەو کارە هونەرییانەی بۆ مەبەستی ئاگاداری و رێکلام لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

هەروەک چۆن وێنەی بابەتیمان دابەش کردووە، بە هەمان شێوەش دەکرێت وێنەی کەسی دابەشی سەر ئەو بەشانەی سەرەوە بکەین، چەندان وێنەی کەسی هەیە دەچێتە خانەی بۆنەکان یان کردنەوەی پرۆژەکان یان لە کاتی یاری کردندا.. هتد. جگە لەم دابەشکردنەی باسمان کرد، دەتوانین وێنە بۆ چەند جۆرێکی دیکەش دابەش بکەین بە تایبەتی لە بواری ئامانجی بەکارهێنانیدا بەم شێوەیە:

١. وێنەی هەواڵەکان.

٢. وێنەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسیی.

٣. وێنەی هونەری و ستاتیکا.

### ١/٣ سەرچاوەکانی وێنە

دەزگاکانی رۆژنامەوانی لە چەندان سەرچاوەدا وێنە بەدەست دەهێنن، کە دەتوانین سەرچاوەکانی وێنە لەمانەی خوارەوە کۆ بکەینەوە[١٩]:

١. ئەو وێنانەی کە وێنەگرانی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەیگرن لە کاتی گەشتی رۆژنامەنووسیی و لە بۆنە و ئاهەنگ و رووداوەکان و..هتد.

٢. ئەرشیفی رۆژنامە و گۆڤارەکە خۆی.

٣. ئەو وێنانەی لە رۆژنامە و گۆڤاری دیکە وەردەگیرێت.

٤. ئاژانسەکانی دەنگوباس، کە هەندێکیان هەر تایبەتن بە وێنە و هەندێکیان بەشی تایبەتیان بۆ وێنە تەرخان کردووە، وەکو ئاژانسەکانی **(یونایتد پرێس، ئەشیەتیس پرێس، رۆیتەر، AFP..هتد)**.

٥. ئـەو وێنانــەی دیاریــن یــان لــە لایــەن وەزارەتــەکان و کۆمپانیا و نووســینگەکان و... هتد، بۆ دەزگاکانــی رۆژنامەوانی دەنێرن و بۆ بڵاوکردنەوە گرنگن.

٦. ئــەو وێنانــەی کــە خەڵک بە دیــاری یان بە فرۆشتن بە دەزگاکانی راگەیاندنی دەدەن.

٧. ئــەو وێنانەی لە وێنەگرە **(ئارەزوومەندەکان یان پیشــەوەرەکان)** دەیکرن، کە وێنەی بابەتی و کەســی و گرتــەی هونــەری بــە رۆژنامە و گۆڤارەکان دەدەن.

٨. نووســینگەکانی پەیوەندیــدار بــە راگەیاندن لــە فەرمانگە و دەزگا رەســمییەکاندا، جۆرێکی دیکــەن لــە ســەرچاوەی وێنــە بــۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان.

٩. مۆزەخانــەکان و هەروەهــا هونەرمەندانــی شێوەکار بە تابلۆ و قەلەمکێشەکانیانەوە.

١٠. ئــەو وێنانــەی لە رێگای گۆڕینــەوە لەگەڵ رۆژنامــە و گۆڤارە ناوخۆیــی و دەرەکییەکان دەست دەکەوێت.

**١/٤ هەڵسەنگاندنی وێنە**

کۆمەڵێــک پێوانــە و پێــوەر هەیــە وێنــە هەڵدەســەنگێنێت، هــەروەک لــەم خاڵانــەی خوارەوەدا دەردەکەوێت[٢٠]:

١. پێویستە وێنەکان رەنگدانەوەی واقیعی حاڵی هەواڵەکە یان بابەتە بڵاوکراوەکە بێت، پێویستە ئــەو وێنــەی کــە بڵاودەکرێتــەوە تەواوکەری رووداوەکە بێت و گونجاویش بێت.

٢. پێویســتە کاریگەریــی لە لای خوێنەر هەبێت و ببێتە هۆیەک، کە خوێنەران زیاتر ئارەزووی خوێندنــەوەی ناوەڕۆکــی هەواڵەکــە یــان بابەتەکەیان هەبێت.

٣. پێویستە رەچاوی قەبارەی وێنەکە بکرێت تا لەگەڵ شــوێنی دیاریکراو بگونجێت، بە تایبەتی نابێت لە دەقەکە گەورەتر بێت.

٤. پێویستە وێنەی روون و ساف و دەربڕ بێت، بە تایبەتی رووخسار و دیمەنی دوور، یان ئەو وێنانەی کە شتی وردیان تێدایە.

٥. رەچاوکردنی کاتــی وێنەگرتنەکە لەگەڵ ئەو هــەواڵ و بابەتــەی بڵاودەکرێتــەوە، پێویســتە تازەترین وێنە بڵاوبکرێتەوە تا بگونجێت لەگەڵ شێوەی ئێستادا و هاوسەنگییەک هەبێت لەگەڵ کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکە.

٦. رەچاوکردنــی لایەنــی مرۆڤایەتــی، بڵاوکردنەوەی وێنە بەبێ ئەوەی هەستی کەس بریندار بــکات، وەکــو قوربانیانــی نامووس و کوشتن و تاوانی کۆمەڵایەتی و..هتد[٢١].

٧. پێویستە وێنەکە واتادار بێت و زۆرترین مانا ببەخشێت.

٨. لەگــەڵ سیاســەتی رۆژنامە یــان گۆڤارەکە بگونجــێ، ئەگــەر وانەبــێ خوێنــەر بــڕوای بە رۆژنامەکە لەق دەبێ[٢٢].

٩. هەروەهــا پێویســتە وێنە بۆنــی پیاهەڵدان و پروپاگەنــدەی بــۆ کەســانی دیاریکــراوە تێــدا نەبێ.

١٠. وێنــەکان وەک خــۆی بڵاوبکرێنــەوە و نەشێوێنرێن.

١١. پێویستە وێنەی زیندوو بۆ خوێنەران لەسەر لاپــەرەی گۆڤار و رۆژنامــەکان بڵاوبکرێتەوە، نەک وێنەی وەســتاو و مــردوو!! بۆیە وێنەکان دەبێ لە گەرمەی رووداوەکاندا بگیرێن.

١٢. هەروەها لەکاتــی بڵاوکردنەوەی وێنەکاندا رەچاوی بارودۆخی بابەتەکە و هەواڵەکە بکات، نابێ لە کاتی ئاشــتیدا وێنەیەکی هەڕەشە ئامێز بڵاوبکرێتەوە[٢٣].

**١/٥ شێوەکانی وێنە**

وێنە کۆمەڵێک شێوەی جیاوازی هەیە، هەروەک لە خوارەوە ئاماژە بە شێوەکانی وێنە دەکەین:

**١. وێنەی ئاسایی (ڕەش و سپی):**

کۆنتریــن شــێوەی وێنەیــە، کــە لــە بــواری رۆژنامەگەریــدا بەکارهاتــووە و لــە رووی بەرهەمهێنــان و چاپــەوە تێچوونــی کەمترە لە بەرامبەر وێنەی رەنگاوڕەنگدا، چونکە پێویستی بە جیاکردنــەوەی رەنگەکان نییە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونــەوەی وێنــەی رەنگاوڕەنــگ ئــەوا بەکارهێنانی وێنەی رەش و سپی سنوورداربووە و کــەم بووەتــەوە، بــەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا تا ئەمــڕۆش زۆر لــە وێنــە رەش و ســپییەکان بەکاردەهێنرێت و وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی سوودی لێ دەبینرێت.

ئــەم جــۆرە وێنانــە بــە دوو جــۆر دروســت دەکرێن، یەکەمیان فیلمــی ئۆرتۆکرۆماتیکە، کە

زۆر هەستیار نییە بەرامبەر شەبەنگە ڕەنگی سوور، هەربۆیە ئەم جۆرەیان لەبەر ڕۆشنایی سێف لایتی سووری تۆخ دەشۆرێنەوە، ئەم جۆرەیان بە زۆر بۆ وێنەگرتنی پۆرتریتی لەگەڵ بەڵگەنامەکان دەست دەدات. جۆری دووەمی پێیدەگوترێت فیلمی پان کرۆماتیک، کە هەستیارە بەرامبەر گشت ڕەنگەکانی شەبەنگ، بۆیە دەبێ لە تاریکی تەواودا بشۆرێتەوە، ئەم فیلمانە بۆ گشت بوارەکان زۆر گونجاون و وێنەی جوان ئەنجام دەدەن[٢٤].

**٢. وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ:**

بڵاوبوونەوەی ڕەنگ وای لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کرد، کە پەرە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی فۆتۆگرافی بدەن، بە تایبەتی لە لاپەرەی یەکەم و دوا لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، هۆکاری ئەو بایەخی پێدانەش بە پلەی سەرەکی پەیوەستە بە خاسییەتەکانی ڕەنگ کە ئەمانە گرنگترین خاسییەتن:

أ- ڕەنگ بەندە بە کەلوپەل و هەڵوەستە و بابەتی دیاریکراو، ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات بابەتەکە بخوێنێتەوە، یان سەیرکردنی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ دەبێتە هۆیەک بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە یان بابەتەکە.

ب- ڕەنگ کاریگەریی دەروونی هەیە، هەروەک ڕەنگەکان کۆمەڵێک واتایان هەیە، کە لێکۆڵەرەوان و زانایانی دەروونناسی پێیگەیشتوون لەوانە:

١. <u>ڕەنگی زەرد:</u> خۆشی، گەشبینی، بەهار، ڕەونەق، لاو، قین، بریقە.

٢. <u>ڕەنگی سوور:</u> جووڵە، ئاگر، سۆز، ژیان، تووڕە، خوێن.

٣. <u>ڕەنگی سپی:</u> پاکی، بێگەرد، ترس، ئاشتی، بەزەیی، نەخۆش.

٤. <u>ڕەنگی شین:</u> ساردی، متبوون، سەفا، پاک، هەقیقەت، قووڵ.

٥. <u>ڕەنگی سەوز:</u> لاو، سروشت، بەهار، ئیرەیی، غیرەت، نەزانین.

٦. <u>ڕەنگی مۆر:</u> خەمخۆر، حورمەت، بەلادا داشکاندنەوە، نائومێدی[٢٥].

**٣. سلایدەکان:**

سلاید بریتییە لە وێنەیەکی روونی فۆتۆگرافی لەناو چوارچێوەیەکی کارتۆنی یان پلاستیکی دەپارێزرێت، چەندان قەبارەی جیاوازی سلایدی فیلمی هەیە، کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت، بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا سوودی لێ دەبینرێت، ئینجا بۆ بەرگ بێت یان لاپەرەکانی ناوەوە بێت، بە تایبەتی ئەگەر وێنەی فۆتۆگرافی ئاسایی دەست نەکەوێت، سلاید لە کاتی بڵاوکردنەوەدا زیاتر جوانی بەرووبەر دەدات.

**١/٦ ڕێکخستنی وێنە**

دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بەردەوام پێویستیان بە وێنە دەبێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی زانستی وێنەکان ڕێک بخرێن، دەتوانین پرۆسەی ڕێکخستنی وێنە جێبەجێ بکەین بە گوێرەی زانیاری و خاسییەتەکان ئاماژەی پێبدرێت، ئەمەی خوارەوە بریتییە لەو زانیاری و خاسییەتانەی کە وێنە دەناسێنن:

١. بابەتی وێنەکە، وەکو شوێنی جوگرافیا (**شار و قوتابخانە و کارگە، یان ئەو بۆنەیەی کە وێنەکەی تێدا گیراوە، یان لە کاتی خۆپیشاندان لە شوێنێکی گشتی..هتد**).

٢. ناوی کەسەکە (**کەسەکان**) کە لە وێنەکەدا دیارن، ئەمەش بۆ وێنەی کەسێتی زۆر گرنگە.

٣. ناوی بابەت و کەسەکە، ئەگەر وێنەکە لە یەک دوو شت تێکەڵاو بوو، پێویستە ناوی کەسەکە (**کەسەکان**) و بابەتی وێنەکە بهێنین.

٤. مێژووی گرتنی وێنەکەی لێ بەدەست هاتووە وەکو ڕۆژ و مانگ و ساڵ.

٥. ئەو سەرچاوەی وێنەکەی لێ بەدەست هاتووە، ناوی سەرچاوەکە و ناوی وێنەگرەکە بهێنرێت کە وێنەکەی گرتووە.

٦. مێژووی بڵاوبوونەوەی وێنەکە بۆ یەکەم جار.

٧. ژمارەی ئەسڵی وێنەکە، ئەمە و ئەگەر بێتو بە شێوەی کامێرای فیلم گیرابێت، خۆ ئەگەر بێتو بە شێوەی کامێراکانی سەردەم و پێشکەوتوو بگیرێت پێویستی بە ژمارە ناکات، بەڵکو لە ناو ئامێرەکانی وەکو کۆمپیوتەر و فلاش میمۆری هەڵدەگیرێت.

٨. هەر سەرنجێکی دیکە کە لێپرساوی

کتێبخانەی هەولێر

ئەرشـیفکردنی وێنـە پێی گرنگ و پێویسـتە لە کاتی هەڵگرتنی وێنەکان بنووسرێت.

### ١/٧ ئەرشیفکردنی وێنە

کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ پاراسـتنی وێنە، کە بۆ هەر هۆکارێک لایەنی سەلبی و ئیجابی هەیە، لە خوارەوە رێگا گرنگ و باوەکانی پاراستنی وێنە دەخەینە روو:

١. دانانی وێنە لە ناو کۆمپیوتەر و هەڵگرتنی لە نـاو هاردەکان، هەندێ جار هـاردی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت.

٢. هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی وێنە لە ناو (**سیدی، فلاش، فلۆپی، هارد**) هەر یەک لەوانەی باس کران ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێن.

٣. زەرفی قەبارە جیاواز، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، وێنەی بچووک و مام ناوەندی لـە زرەفی قەبـارە فۆلسـکابی گونجـاودا یان کەمێک گەورەتر دادەنرێت..هتد.

٤. دۆکۆمێنتـی هەڵواسـراو، ئەمـە جۆرێکـی تایبەتە بۆ پاراسـتنی دۆکۆمێنتەکان، کە یەکێک لـە لاکانـی دۆکۆمێنتەکە بە کانزایـەک کۆتایی دێت، کە شیاوە بۆ نووسینی وردە زانیاری.

٥. پەیـژەی کانزایی یان پەیژەی دارینی فراوان و پـان، کـە یەکێکە لە رێگا سـەرکەوتووەکانی پاراستنی وێنە.

٦. هەروەهـا پاراسـتنی وێنـە لـە ئەلبوومـی تایبەتـدا، بەڵام دەبێ رەچـاوی چەند مەرجێکی دیکەی پاراسـتنی وێنە بکەیـن، نابێت وێنەکان لـەو شـوێنانە بپارێزرێـت کە پلـەی گەرمیان زۆر بـەرزە، نابێـت وێنـە لە شـوێنی شـێدار دابنرێت، هەروەها نابێت وێنە لەو شوێنانەی کە دووچاری غوبار و پیسـبوون دەبێت دابنرێت، جگە لەم هۆکارە سروشـتیانە، هۆکاری دیکەی مرۆییـش هەیـە، دەبێ رەچـاو بکرێت، ئەویش بەکارهێنانـی وێنەکان بە شـێوەیەکی رێکوپێک و بـێ ئەوەی پەرتوبڵاویان پێ بکرێت و دانانی وێنـەکان لـە دوای بەکارهێنانیـان لە شـوێنی خۆیدا بپارێزرێت[٢٦].

### ١/٨ خەسڵەتەکانی وێنەگری سەرکەوتوو

بێگومـان فۆتۆگـراف هـەر ئـەوە نییـە کامیرا بەدەسـتەوە بگـرێ و وێنـەی بەرامبەرەکـەت بگـری. بەڵکـو زۆر لـەوە زیاتـرە چونکـە فۆتۆگرافییـش هونەرێکـە وەکـو هونەرەکانی دیکەی وەکو شـێوەکاری و شـانۆ و مۆسیقا.. هتد، وێنەگرتن چەند رێسایەکی تایبەت بەخۆی هەیـە ئەگـەر وێنەگـر پەیـڕەوی بـکات، ئەوا ئاسـۆیەکی فراوانـی لە بـەردەم واڵا دەبێت و جوانتریـن و کاریگەرترین گرتـەی فۆتۆگرافی دەتوانێ ئەنجامی بـدات، کە بەهۆیەوە دەتوانێ بچێتە ناخ و دڵ و دەروونی بینەر و مەبەسـتی خـۆی بـە ئاسـانترین و جوانتریـن شـێوە بیگەیەنێـت، کـە ئەمـەش دەرەنجامـی کۆتایی وێنەی فۆتۆگرافییە[٢٧].

لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێـک دەکەین، کە پێویستە لە کەسێتی وێنەگر هەبێت لەوانە:

١. وێنەگـر دەبـێ دوای ئـەوەی لـە بابەتەکـە دەکۆڵێتەوە بڕیاری خۆی بدات، کە چۆن وێنەکە بگرێت.

٢. گرنگترین لایەنی هونەری فۆتۆگرافی داڕشتنە، خاڵێکی گرنگ هەیە، کە گشت وێنەگران لەسەری رێککەوتوون، ئەویش ئەوەیە جوانترین داڕشتن ئەو وێنەیە کە بەهێزترین هەسـت جووڵاندن لە لای بینەر ئەنجام بدات و پەیدا بکات.

٣. لەبـەر ئـەوەی رووناکی رۆڵێکـی کاریگەر دەبینـێ لـە پێکهێنانـی وێنـەی فۆتۆگرافـی و دەرخسـتنی، بۆیـە پێویسـتە شـارەزاییەکی تەواوی پەیدا بکات لەسـەر جۆرەکانی رووناک کردنەوە و کوالیتییەکانی رووناکی.

٤. ئـەو وێنـەی دەیگرێت، پێویسـتە پەیوەندی راستەوخۆی بە بابەتەکەوە هەبێت، جگە لەمەش پێویسـتە ئـەو کەسـەی وێنـەی رۆژنامەوانی دەگرێـت رەچـاوی واتـای وێنەکە بـکات بەو مانایـەی وێنەکە واتایەک ببەخشـێ و تینوێتی خوێنەر بشـکێنێ و سـەرنجی بۆ بابەتەکە یان هەواڵەکە بدات[٢٨].

٥. لەگـەڵ ئەوەی دەبێ کەسـێتی وێنەگر دەبێ رەچـاوی لایەنـی مرۆڤایەتی بـکات، بەڵام ئەو وێنەیـەی دەیگرێـت، پێویسـت دەکات جێگەی بایـەخ بێت و لە گۆشـەنیگای جوان و پڕ بایەخ گیرابێـت، بە تایبـەت لـە رووداوی هاتوچۆ و کارەساتی دڵتەزێن بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر

رابکێشێت.
٦. راستە زۆرجار وێنە خۆی ئاماژە بەخۆی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسێتی وێنەگر دەتوانێ کاپشنێکی جوان لەسەر وێنەکە بنوسێت و پێناسەیەکی وێنەکە یان سەرنجێکی جوان لە دە وشە تێپەر نەکان لەگەڵ وێنەکە بنووسێت[٢٩].
٧. شارەزایی لە تەکنۆلۆجیای وێنەگری هاوچەرخ و کامێرای پێشکەوتوو.
٨. شارەزایی لە بواری رووناکی و رەنگەکاندا هەبێت.
٩. بەهەند وەرگرتنی کات و شوێن بۆ وێنەگرتن لە کاتی رووداوەکاندا.

**١/٩ ئامانجەکانی وێنەی رۆژنامەوانی**

وێنە زمانێکی جیهانییە و یەکسانە بە سەدان وشە و دەستەواژەی نووسراو و چاپکراو، وێنە لە بواری رۆژنامەگەرییدا وەک گوزارشتێک بۆ هەموو چالاکی و جموجوڵە مرۆییەکان بەکاردێت.
دەتوانرێت سوودەکانی وێنە لەم چەند خاڵەی خوارەوە بە دیار بخەین:
١. زیندوویی بە بابەتەکان دەدات، بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ ئەو هەواڵ و بابەتانە بەراوردی بکەین کە وێنەیان لەگەڵدا نییە.
٢. وێنە راستی هەواڵ و رووداوێک و چۆنیەتی روودانی رووداوەکە دەخاتەروو، واتا بوونی وێنە بەڵگەیەکی تەواوە.
٣. وێنە وا لە خوێنەران دەکات، کە وردتربن و بتوانن دەلالەتی دیکە بدۆزنەوە لە رێگای هەواڵێکی وێنەداردا.
٤. وێنەی رۆژنامەوانی باش و سەرکەوتوو خوێنەر بۆ لای هەواڵ و وتارەکە یان ریپۆرتاژەکە رادەکێشێت، وادەکات گرنگی بەو بابەتە بدات.
٥. وێنە لە رۆژنامەدا دەگەرێتەوە سەر ئەوەی چەند رووبەری پێدەدرێ، بە گشتیش تا رووبەری زۆرتر پێ بدرێ، ئەوا زۆرتر کار دەکاتە سەر خوێنەران[٣٠].
٦.خوێنەر لە رێگای وێنەوە زانیاری و بیرۆکەی چنگ دەکەوێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وردەکاری زۆر و نووسینی درێژدادڕ سەبارەت بە بابەتەکەوە هەبێت.
٧. وێنە یارمەتیدەرە تا زانیارییەکان لە مێشکدا جێگیر ببن.
٨. لە رێگای وێنەوە مرۆڤ کۆمەڵێک زانیاری و رۆشنبیری گشتی وەردەگرێت، وێنە ئاسۆی رۆشنبیری بۆ خوێنەر واڵا دەکات.
٩. بەهای جوانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو کاریگەریی باشی لەسەر خوێنەران هەیە، شێوەیەکی هونەری جوانی سەرنجڕاکێش بە هەواڵەکە یاخود بابەتەکە دەدات[٣١].
١٠. وێنە تۆمارێکی مێژوویییە، بەڵگەنامەیە، زامنێکی سەرتاپاگیرە، هەموو تێی دەگەن، کاری راگەیاندن تێرتر و تیژڕۆتر دەکا و کاری پێگەیشتن و تێگەیشتن خێراتر دەکا.
١١. وێنە لە رۆژنامەدا بەهایەکی ئیستاتیکی دەداتێ و چالاکی وەبەر لاپەڕەکان دەنێ. ناوەرۆکی دەقە بڵاوکراوەکان لەبال خوێنەر دەکا، رای دەگرێ، پرسیاری دەخاتە پێش.
١٢. وێنە پێویستییەکی سایکۆلۆژی بۆ ئادەمیزاد زامن دەکا و پێداویستییە عەقڵی و ئارەزووەکانی بۆ جێبەجێ دەکا[٣٢].
١٣. بەهۆی وێنەوە رۆژنامە و گۆڤارەکان دەتوانن کێبرکێ لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن بکەن وەکو تەلەفزیۆن و رادیۆ و..هتد[٣٣].
١٤. وێنە راستی رووداوەکە دەسەلمێنێت.
١٥. جگە لەوەی وێنە زمانێکی جیهانییە، هەروەها گەنجینەیەکی هونەرییە و زۆرتر بەکارەکانی رۆژنامەنووسی و نەخشەسازی بەستراوەتەوە، ئامانجێکی دیکەی وێنە دەبێتە هۆی یادکردنەوە و جێگرکردنی زانیارییەکان لەبەر ئەوەی ئەو بابەت و هەواڵانەی کە بە وێنەوە بڵاودەبنەوە زیاتر لای خوێنەر لە یاد و بە زیندوویی دەمێننەوە[٣٤].
١٦. وێنەی سەرنجڕاکێش خوێنەر یان کڕیار زیاتر بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان پەیدا دەکات.
١٧. وێنەکان لە ئایندەدا دەبنە کەرەستەیەکی بەڵگەنامەیی گرنگ، بە تایبەتی وێنەی کەسایەتی و زانا و سەرکردەکان.
١٨. لە زۆربەی رۆژنامەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوادا، رووداوی گەورە، زۆرتر بە وێنە روون دەکرێتەوە، تا بە نووسین. ئەو

ڕووبەرەی بە وێنە دەدرێ، زۆرجار چوار هێندەی ڕووبەری نووسینەکەیە[٣٥].

**بەشی سێیەم**

**وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا**

**١- وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا**

هەر چەندە وێنە مێژوویێکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام بەکارهێنانی لە ڕۆژنامە گیانێکی زیندوو بەبەر ڕۆژنامەدا دەکات، وەکو وێنەی ڕیپۆرتاژی، وێنەی سەرکردە و وێنەی کەسی دیار لە بوارەکانی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و وەرزشی..هتد. وەکو باسمان کرد بۆ یەکەمجار کامێرا لە ساڵی ١٨٨٨ وەکو کامێرای هەڵگیرا و لە جیهان داهێنرا لەو ساڵەشدا ماوەیەکی کورتی هەیە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨).

هەڵبەتە کورد لە دوای گەلانی دیکەوە بە هۆی چەندین هۆکاری بابەتی و خۆیی، بووە بە خاوەن ڕۆژنامەگەری خۆی و یەکەم ڕۆژنامەی لە ساڵی ١٨٩٨ بڵاوکردۆتەوە، ئەمیش لەسەر دەستی (**میقداد مەدحەت بەدرخان**) لە شاری قاهیرە بووە، بەڵام بە داخەوە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە ڕۆژنامەی «**کوردستان**»ە، بە درێژایی ماوەی دەرچوونی لە قاهیرە و لەندەن و فۆلکستۆن و ژنێف بە بێ وێنە دەرچووە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک بووە لەوانە:

١. لاوازی باری ئابووری ڕۆژنامەکە.

٢. کەمی بڵاوبوونەوەی ئامێری وێنەگرتن.

٣. هونەری دابەزاندنی وێنەکە لەسەر ڕۆژنامەکە.

لێرەدا کە باس لە وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەکەین دەبێت ئاماژە بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بکەین، کە وێنەی بڵاوکردۆتەوە، ئەویش ڕۆژنامە یان گۆڤاری (**کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی**) بووە، لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری ئەستەمبوڵ. ئەو گۆڤارە لە لایەن کۆمەڵەی (**کورد تعاون و ترقی جەمعیەتی**) بڵاوکراوەتەوە، کە یەکەمین ژمارەی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨دا دەرچووە، لە ژمارە (٩)ی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩دا وەستاوە، خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی پیرەمێرد و سەرنووسەرەکەیشی ئەحمەد جەمیل دیاربەکری (١٨٧٢-١٩٤١)ی سەر بە بنەماڵەی جەمیل پاشای ناودارە. هەروەک لەسەر بەرگی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (**کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی**) وێنەی دیمەنێکی جوانی ئەستەمبوڵ دەبینرێ، لە سێیەمین ژمارەیدا وێنەی (**مەبعوسان دائیرەسی**) هەیە، کە مەبەستی بینای پەرلەمانە و لە ژمارە (٤) یشدا وێنەی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر دیوی پێشەوەی دەبینرێ و وێنەی ساڵۆنی مەجلیسی ئەعیان لەسەر دیوی پشتەوەی هەیە، هەروەها لە ژمارە (٥)دا وێنەی ساڵۆنی تایبەتی زاتی شاهانەی ناو مەجلیسی مەبعوسان و لە لاپەرەیەکی ناوەوەیدا وێنەی دیوی ناوەوەی (**مسجد الاقصی**)ی قودس هەیە، لە ژمارە (٦) یش وێنەی پردی مووسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە دەبینرێ.

هەروەها لە ژمارە (٨)یشدا وێنەی ئەندامانی مەجلیسی مەبعوسان، کە بەکۆمەڵ لە چاوەڕوانی زاتی شاهانەدان و لە ژمارە (٩) وێنەی پێشوازی هەندێ لە مەبعوسەکانە، هەروەها لە دوا ژمارەیدا وێنەی «**خلیجی دەری سەعادەت**» ڕازاوەتەوە[٣٦].

شایەنی باسە ئەم گۆڤارە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە زەنگوگراف وێنەی بڵاوکردۆتەوە، لەو (٩) ژمارەی کە بڵاوکراوەتەوە (١٢) وێنەی جۆراوجۆری تێدایە.

هەر چەندە تا ساڵی ١٩٣٠ لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا وێنە زۆر بە کەمی بەکاردەهات، لە ساڵەکانی ١٩٣٠ لە ڕێی ئەرمەن و جوولەکەکانەوە ستۆدیۆی وێنەگرتن لە سلێمانی کراوەتەوە، لەوکاتەوە هونەری فۆتۆگراف لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کاریگەریی خۆی هەبووە[٣٧].

لە هەولێریش کتێبی (**غونچەی بەهارستان**)ی حوسێن حوزنی موکریانی کە لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوبۆتەوە، زیاتر لە ٢٠ تابلۆی تێدابووە، کە ناوبراو بۆ خۆی کێشاویەتی، بەمەش دەبێ بە یەکەم نووسەری کوردی هاوچەرخ، کە کتێبی خۆی بەگرافیک و نیگار ڕازاندبێتەوە، ئەمەش سەرهەڵدانی هونەری گرافیکە لە کوردستان و هەولێر بە تایبەتی[٣٨].



گۆڤاری (**ڕۆناهی**-Ronahi) کە لەساڵی ١٩٤٢ لە شام دەرچووە بە یەکێک لە گۆڤارە ناسراوەکان دادەنرێت کە وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەم گۆڤارە تا ساڵانی ١٩٥٨ دەکرێ بگوترێ هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک ئەوەندەی گۆڤاری «**ڕۆناهی**» بایەخی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە، هەرچەندە هەندێکیان وێنە و وێنەی بەدەست کێشراوی بڵاودەکردەوە.

بڵاوکردنەوەی وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا قۆناغ بەقۆناغ هەنگاوی ناوە و بەرەو پێش چووە، ئەمڕۆکە بە هۆی هونەری نەخشەسازی لە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، نەخاسمە دوای ڕاپەڕین و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر. دەبێ ئەوەمان لە یادبێت، کە سەرەتای ئەم هونەرە لە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر سادە بووە. وێڕای ئەوە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە هەر دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار خۆی لەخۆیدا گەورەترین دەستکەوتە، بێ لەوەی نە ئەزموون و نە توانا و تەکنیک و داراییەک لە رووی نەخشەسازییەوە لەبەر دەستی ئەو کەسانەدا هەبووە، کە بتوانن لە ئاستێکی لەوەی کە هەیە پێشکەوتووتر جێبەجێی بکەن. کاتێک باس لە وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەکەین، ناکرێ ئاماژە بە گۆڤاری «**زاری کرمانجی**»ی حوسێن حوزنی موکریانی نەکەین، کە یەکەمین ژمارەی لە ١٩٢٦/٥/٢٥ لە ڕواندز دەرکردووە. ئەگەرچی لە «**زاری کرمانجی**»دا وێنە زۆر کەم بڵاوکراوەتەوە، هۆی ئەمەش ئەوەبووە کە وێنەکان بە زەحمەت ئامادەدەکران (**وێنە دوای ئەوە هەڵکۆڵین لەسەر دار یان زەنک یان مس**) چونکە ئەو دوو کانزایە نرخیان گران بوو و پێویستییان بە ماددەی کیمیایی هەبوو بۆ هەڵکۆڵین و لەوکاتەشدا لە جێگەیەکی وەک ڕەواندز دەست نەدەکەوتن[٣٩].

کەسێکی وەکو (**حوسێن حوزنی موکریانی**) سوارچاکێکی مەیدانی کاری تەکنیکی ئەو ڕۆژگارە بووە و شوێن دەستی بەسەر چاپەمەنییەکانیەوە دیارە، گشت کارە هونەرییەکانی گۆڤارەکەی لە ئەستۆ گرتووە، ئەم گۆڤارە (٢٤)ی ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا دوو وێنە دەبینرێ، ئەوەی لای ڕاست وێنەی منداڵێکە لە نێو گوڵزاردا و بەرز بۆ دوور دەڕوانێ، هیوای



نـەوەی نـوێ نیشـان دەدات. هەرچی وێنەکەی لای چەپیشـە دیمەنی پیاوێکـی لەخۆگرتووە بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە و فەقیانەکـەی شـۆڕبۆتەخوار، گۆڤارێکـی «زاری کرمانجی» بە دەستەوەیە و لێی دەنواڕێ، هەردوو وێنەکەش لە حاڵەتی ڕاوەستاندان(٤٠).

**٢- وێنەی کاریکاتێری لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا**

لـە کاتێکدا باس لـە وێنە لە ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا دەکەیـن، لایەنێکـی دیکـە هەیە کە ناکرێ فەرامۆشـی بکەین، ئەویش وێنەی کاریکاتێرییە، دیـارە کە مێـژووی وێنـەی کاریکاتێری بە درێژایـی مێژووی پەیدابوونـی نیگارکێشـانەوەیە کە لە پێش نووسـینەوە هەبووە و شـێوازی نووسـینی تەنزئامێـز و گاڵتەجـاڕی ڕەخنەیـی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژوویێکی دێرینی هەیە، تەنانەت ئەرستۆ لـە کتێبی (**پیوتیکا**) ئاماژەی بۆ کردووە و لە سـەردەمی یۆنانی و ڕۆمانیشـدا سـەرنجی ڕاکێشـاون و ئەرسـتۆ پێیوایە تەنز و کۆمیدیاش هەروەکـو تراژیدیا ڕۆڵێکی گرنگ لـە پاکبوونەوەی دەروونی مرۆڤدا دەگێڕێ، کە ناوی ناوە (Cathersis)، وشەی کاریکاتێریـش لە کاریکاتۆراوە هاتووە، کە وشـەیەکی ئیتالیاییە و مانـای وێنەی کێشـراو بـە زێدەڕۆییـەوە یان وێنـەی گاڵتە ئامێزییـەوە دێ. ئەگـەر کاریکاتێر سـادەترین هـۆی دەربڕینی ڕۆژنامەنووسـیی بێ، بەڵام بەهێزترینیانە. تەنانەت کاریکاتێرێک بـە قـەد چەندین لاپەڕەی نووسـین توانای دەربڕینـی هەیە. لە دەست نیشانکردنی ئەرک و پەیامی تەنز و کۆمیدیاش لە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، لـە پاڵ دیاریکردنی چەوتـی و دیاردە دزێو و ناهەمووارییەکاندا لە ڕووی دەروونیشەوە ئاسوودەیی و خۆشی دەبەخشێ.

یەکەم کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە گۆڤاری (**ڕۆناهی**– Ronahi) لە سـاڵی ١٩٤٢ کە لە شام دەرچووە بڵاوکراوەتەوە و کاریکاتێرەکـەش لـە ڕۆژنامەیەکـی بیانییـەوە وەرگیـراوە، هـەروەک زۆربەی ئەو وێنانەی کـە تێیدا بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ هەبوونی چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی عەرەبی و فارسـی و تورکی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر، بەڵام تا ساڵانی حەفتاکان ڕۆژنامەیەکـی ئەوتـۆ نابینرێ، کە کاریکاتێـری بڵاوکردبێتەوە، ئەگەرچـی کەسـێکی وەک (**نـوری سـابت**)، کە کـورد بووە و بەرپرسی گۆڤاری (**حەبەزبوز**)ی کاریکاتێری بووە، کە بە زمانی

عه‌ره‌بی له عێراق یه‌كه‌م ژماره‌ی له ١٩٣١/٩/٢٩ بڵاوكراوه‌ته‌وه‌. تا دوای ڕاپه‌ڕینی به‌هاری ١٩٩١ی خه‌ڵكی كوردستان گۆڤاری تایبه‌ت به‌ هونه‌ری كاریكاتێری كوردی ده‌رنه‌چووه‌، یه‌كه‌مین بڵاوكراوه‌ی گاڵته‌جاڕیی ته‌نزئامێز له‌ كوردستان ده‌رچووبێ بڵاوكراوه‌ی «**فشقی تایمز**»بوو، یه‌كه‌مین ژماره‌ی له‌ ساڵی ١٩٩٤ له‌ لایه‌ن چه‌ند خوێندكارێكی زانكۆی سه‌لاحه‌ددین له‌ شاری هه‌ولێر ده‌رچووه‌ و یه‌كه‌م گۆڤاری كاریكاتێری كوردی له‌ شاری سلێمانی له‌ مانگی ١٩٩٧/٢ به‌ ناوی «**سیخورمه**» ده‌رچوو و دوای پێنج مانگیش یه‌كه‌م گۆڤاری كاریكاتێری له‌ شاری هه‌ولێر له‌ مانگی ١٩٩٧/٧ به‌ ناوی «**مه‌لا مه‌شهور**» ده‌رچوو. له‌ گۆڤار و ڕۆژنامه‌كانی دیكه‌شدا مه‌گه‌ر تاك وته‌را نه‌بێ، ئه‌و بایه‌خ و گرنگییه‌ شایسته‌یه‌ی ئه‌و هونه‌ره‌ی پێنه‌دراوه‌، زۆرجاریش بۆ زیاتر به‌هێزكردنی بابه‌تێكی نووسراو به‌كاردێ یان له‌سه‌ر داوای به‌رپرسی ڕۆژنامه‌كه‌ یان به‌رپرسی لاپه‌ڕه‌كه‌ كاریكاتێرێك ده‌كرێ بۆ ئه‌و بابه‌ته‌ی كه‌ ئه‌و به‌رپرسه‌ مه‌به‌ستیه‌تی، ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا كه‌ له‌ زۆربه‌ی ڕۆژنامه‌ و گۆڤاره‌كانی ده‌ره‌وه‌دا كاریكاتێر له‌گه‌ڵ گرنگترین نووسینی ڕۆژنامه‌كه‌، كه‌ سه‌روتاره‌ به‌یه‌ك چاو سه‌یرده‌كرێ و له‌ شوێنی شایسته‌ و له‌ لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌مدا بڵاوده‌كرێته‌وه‌[٤١].

# چه‌ند پێشنیازێك
# بۆ پێشكه‌وتنی وێنه‌ له‌ ڕۆژنامه‌گه‌ری كوردیدا

له‌ دوای گه‌یشتن به‌ چه‌ند ئه‌نجامێك به‌ باشی ده‌زانین چه‌ند پێشنیازێك بخه‌ینه‌ڕوو:

١- هه‌وڵ بدرێت له‌ كاتی بڵاوكردنه‌وه‌ی هه‌ر وێنه‌یه‌ك ناوی سه‌رچاوه‌كه‌ ئاماژه‌ی پێ بكرێت، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ڕووی یاسایی و ته‌نانه‌ت له‌ دزینی وێنه‌ به‌دوور بێت.

٢- هه‌روه‌ها زیاتر بایه‌خ به‌و وێنانه‌ بدرێت كه‌ وێنه‌ی زیندوون و له‌گه‌ڵ هه‌واڵه‌كه‌ ده‌گونجێت، چونكه‌ خوێنه‌ر زیاتر گرنگی به‌و وێنانه‌ ده‌دات، كه‌ وێنه‌ی زیندوون و له‌ كاتی ئێستا گیراون و له‌گه‌ڵ هه‌واڵه‌كه‌ گونجاویشن، دیاره‌ ئه‌مه‌ش به‌ زیادكردنی تۆڕی په‌یامنێران ده‌بێت بۆ ده‌ستكه‌وتنی وێنه‌كان و گرێبه‌ست له‌گه‌ڵ ئاژانس و سه‌رچاوه‌كانی وێنه‌ ئه‌نجام بدرێت.

٣- له‌ ڕۆژنامه‌كانی ناوخۆدا پێوسته‌ وێنه‌كانی هه‌مه‌ چه‌شن بێت، نه‌ك ته‌نیا گرنگی به‌ وێنه‌ی سیاسی و كێشه‌ و ململانێكان بدرێ، چونكه‌ خوێنه‌ر تێنوێتی ته‌نیا به‌و وێنانه‌ ناشكێ و گه‌ره‌كییه‌تی هه‌موو جۆر و چه‌شنێكی وێنه‌ له‌گه‌ڵ هه‌واڵ و بابه‌ته‌كان بڵاوبكرێنه‌وه‌.

٤- له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پێویسته‌ وێنه‌ی ڕوون و ساف بڵاوبكرێته‌وه‌، له‌ هه‌مان كاتدا هه‌وڵ بدرێت كاغه‌زی ڕۆژنامه‌كه‌ ڕێك بخرێت چونكه‌ زۆرجار وێنه‌ی نارۆشن بڵاوده‌كرێته‌وه‌، كه‌ ئه‌مه‌ش به‌ها و گرنگیی هه‌واڵه‌كان وه‌كو خۆی ناگات به‌ خوێنه‌ر و سه‌رنجی خوێنه‌ر كه‌م ده‌بێته‌وه‌ بۆ خوێندنه‌وه‌ی هه‌واڵ و بابه‌ته‌كان.

٥- هه‌روه‌ها پێویسته‌ وێنه‌كان به‌ قه‌باره‌ی گونجاو بڵاوبكرێنه‌وه‌ تا بكرێ خۆیان له‌ وێنه‌ی بچوك بپارێزن، بۆ ئه‌مه‌ش ده‌كرێ ده‌قی هه‌واڵه‌كان یان بابه‌ته‌كان كه‌م بكرێنه‌وه‌ تا زیاتر له‌گه‌ڵ وێنه‌كه‌ بگونجێت.

٦- خاڵێكی دیكه‌ نووسینی ده‌قێكی كورت (**كاپشن**) له‌ ژێره‌وه‌ی وێنه‌كان، كه‌ له‌زۆربه‌ی ڕۆژنامه‌ و گۆڤاره‌كان جیهان به‌رچاو ده‌كه‌وێت، بۆیه‌ به‌ نووسینی كاپشن له‌ ژێره‌وه‌ی وێنه‌كان جوانییه‌كی ڕه‌ها به‌ وێنه‌كان ده‌دات.

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

## پەراوێزەکان:

١– هەندرێن ئەسـعەد خۆشناو، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە شاری هەولێر، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە ١٤، هاوینی ٢٠٠٨، ل٨٩.
٢– ابراهيم الفچيلات، پقافه الصوره الفنيه وأپرها الاجتماعى والتربوى، بحپ مقدم إلى مؤتمر جامعه فيلادلفيا الدولى الپانى عشر، عمان– الّردن، ٢٤–٢٦ ابريل ٢٠٠٧.
٣– الكاتب ابراهيم الفچيلات، أعدها د.حسن التجانى أحمد، ورقه عمل علميه حول أهميه الصوره الفوتوغرافيه فى الصحافه.
٤– فارس سەعدی، سەرەتایەک بۆ تەکنیک و هونەری فۆتۆگراف، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل٩.
٥– نەژاد عزیز سـورمێ، رۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٧.
٦– فارس سەعدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
٧– نەژاد عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
٨– فارس سەعدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
٩– نورالدين احمد النادي، رسـتم ابو رسـتم، فن الاخراج الصحفي، مكتبة المجتمع العربي للنشـر، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٤، ل٦٤.
١٠– بڕوانە د.مەغدید سـەپان، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠–١٥٠٠، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥، ل٩٧.
١١– قادر میرخان، رایەکی سـەرپێیی لەسـەر بەشـێک لە کارە هونەرەییەکانی گۆڤاری «زاری کرمانجی»، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)ی هاوینی ٢٠٠٢، ل٢٦٩.
١٢– عامر ئیبراهیم قەندیلچی، ئەرشـیفکردنی وێنە لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەرییدا، وەرگێڕانی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، شوێنی چاپکردن نەنووسراوە، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، ل١٩.
١٣– هاونیاز سامی، دیزاینی رۆژنامە، سلێمانی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧، ل٣٨.
١٤– عبدالجبار محمود على، التصوير الصحفي، محاضرات القيت على طلبة المرحلة الاول، قسم الاعلام/ كلية الاداب، دار المعرفى، ١٩٨٠. ل١٤.
١٥– بڕوانە د. مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤
١٦– شەوکەوت هادی قادر، وێنە و عەولەمەی راگەیاندن، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (١٢)، پاییزی ٢٠٠٧، ل ١٥٢، ١٥٥.
١٧– الدكتور عبدالباسط سلمان، البورتريت في الصحافة، www.dahsha.com
١٨– عامر ئیبراهیم قەندیلچی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١ –٢٥.
١٩– نەژاد عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.
٢٠– عامر ئیبراهیم قەندیلچی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ تا ل٤٠.
٢١– نورالدين احمد النادى، رستم ابو رستم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
٢٢– نەژاد عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.
٢٣– د.مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.
٢٤– فارس سەعدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.
٢٥– عامر ئیبراهیم قەندیلچی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢–٤٤.
٢٦– نەژاد عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.
٢٧– فارس سەعدی، هەمان سەرچاوەیەکی پێشوو، ل٧٩.
٢٨– د.سعيد الغريب النجار، مدخل الى الاخراج الصحفى، القاهره، الدار المصريه اللبنانيه، ٢٠٠١، ل١٥٧.
٢٩– سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.
٣٠– د.مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥
٣١– عامر ئیبراهیم قەندیلچی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.
٣٢– نەژاد عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
٣٣– نورالدين احمد النادى و رستم ابو رستم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.
٣٤– دلێر عەونی، زانیاری رۆژنامەوانیی یان ئەرشیفی رۆژنامەوانیی (بەشی دووەم)، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (٦)، ساڵی ٢٠٠٥، ل٢٤١.
٣٥– د.مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨
٣٦– نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسـی، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢، ل٨٩.

٣٧- شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەی کوردستان و کاریگەری لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی، خوولی یەکەم (١٨٩٨-١٩٠٢)، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (٥)، ٢٠٠٥، ل١١٥.
٣٨- هەندرێن ئەسعەد خۆشناو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.
٣٩- تاریق کارێزی، «زاری کرمانجی» سەرنجێک لە هونەری چاپ و دەرهێنانی گۆڤارەکە، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢، ل٢٦٢.
٤٠- قادر میرخان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.
٤١- هەندرێن ئەسعەد خۆشناو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

## سەرچاوەکان:


١. فارس سەعدی، سەرەتایەک بۆ تەکنیک و هونەری فۆتۆگراف، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨.
٢. نەژاد عزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، ٢٠٠٦.
٣. عامر ئیبراهیم قەندیلچی، ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییدا، وەرگێڕانی نەوزاد عەلی ئەحمەد، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨.
٤. هاونیاز سامی، دیزاینی ڕۆژنامە، سلێمانی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧.
٥. نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنیی کوردیدا (١٩٦١-١٩٩١)، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٥.
٦. د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.
٧. زانیاری ڕۆژنامەوانیی یان ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی (بەشی دووەم)، ئامادەکردنی دلێر عەونی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (٦)، ساڵی ٢٠٠٥.
٨. وێنە و عەولەمەی ڕاگەیاندن، شەوکەوت هادی قادر، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١٢)، پاییزی ٢٠٠٧.
٩. بڵاوکراوەی دەستنووسی «یاخی بوون» لە هەولێر-١٩٧٣، ئازاد عوبێد، گۆڤاری K٢١، ژمارە (٧)، ساڵی ٢٠١٠.
١٠. کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢.
١١. «زاری کرمانجی» سەرنجێک لە هونەری چاپ و دەرهێنانی گۆڤارەکە، تاریق کارێزی، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢.
١٢. ڕایەکی سەرپێیی لەسەر بەشێک لەکارە هونەرەییەکانی گۆڤاری «زاری کرمانجی»، قادر میرخان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)ی هاوینی ٢٠٠٢.
١٣. مێژووی هونەری کاریکاتێر لە شاری هەولێر، هەندرێن ئەسعەد خۆشناو گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ١٤، هاوینی ٢٠٠٨.
١٤. نورالدين احمد النادى، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، عمان، مكتبة المجتمع العربي للنشر، ٢٠٠٤.
١٥. عبدالجبار محمود على، التصوير الصحفى، محاضرات لطلبة الصف الاول-قسم الاعلام/ كلية الاداب، دار المعرفة، ١٩٨٠.
١٦. د.سعيد الغريب النجار، مدخل الى الاخراج الصحفي، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١.
١٧. الكاتب ابراهيم الفضيلات، أعدها د.حسن التجاني أحمد، ورقة عمل علمية حول أهمية الصورة الفوتوغرافية في الصحافة، www.foto-master.com
١٨. الدكتور عبدالباسط سلمان، البورتريت في الصحافة، www.dahsha.com
١٩. الكاتب ابراهيم الفضيلات، ثقافة الصورة الفنية وأثرها الاجتماعي والتربوي، بحث مقدم إلى مؤتمر جامعة فيلادلفيا الدولي الثاني عشر، عمان- الأردن، ٢٤-٢٦ ابريل ٢٠٠٧، www.foto-master.com


* دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات/ بەشی ڕاگەیاندن bakhtear_palany@yahoo.com

* ئەم وتارە توێژینەوەیەکی دەرچوونە، لە کۆلیژی ئەدەبیات- بەشی ڕاگەیاندن بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠١٠ پێشکەشکراوە، لەبەر درێژی توێژینەوەکە ئەو بەشەی وەرگیراوە کە تایبەتە بە وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

### لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە بارەی

# مێژووی چاپخانە کوردییەکان تا ساڵی ١٩٩١

ئامادەکردنی: غەمبار تەیب عەلی

ئەم باسەی وا لەبەر دەستە و دەیخوێنینەوە، ئێمە لە دەستەی نووسەران بەتەمابووین ئەو چەند لاپەڕەی پێش (**مێژووی پەیدابوونی چاپ لە کوردستاندا**)ی لێ لابدەین و ئینجا بڵاوی بکەینەوە، بەڵام دوای پێداچوونەوەی هاوکارمان (**د. ئازاد عوبێد**) لە دەستەی نووسەران، ئەم مەرامەمان وەلانا، چونکە هاوکاری ئاماژەبۆکراومان وا دیاربوو وەکو مامۆستایەکی زانکۆ حەزی کردووە هەردەم قوتابییەکانی لە هەڵە و کەم و کورییەکانیان ئاگادار بکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێک هەڵەی لە بڕگە و دەستەواژەکان راست کردۆتەوە یان لایبردوون، بەمەش بابەتەکە قاڵبی راست و دروستی خۆی وەرگرتووە.

ئومێدەوارین ئامادەکاری بابەتەکە سوود لە تێبینی و سەرنجەکانی مامۆستا وەربگرێت و سوودیشی بۆ خوێنەران هەبێت.

**پێشەکی**

دیـارە چاپخانە تا گەیشـتۆتە ئەم ڕۆژە زیاتر لە ٥٠٠ سـاڵ خەباتـی ویسـتووە پێنـج سـەدەیە ئـەم ئامێـرە پڕ هەسـتیارە توانیویەتی گەلانی دونیا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە سادەترین ئاسـتی ئامێری چاپەوە تا نوێترین و گەورەترین چاپخانە ئەمڕۆ بـە هـەزاران چاپخانە لە جیهاندا هەن، مەبەسـتیان خزمەتکردنە بە مرۆڤایەتی. ڕۆڵـی کارگێڕان و کرێکارەکانی چاپخانە ڕۆڵێکی مـەزن و دیـارە بە جـۆرێ ئـەوان دەرهێنەر و نەخشەسـاز و ڕێکخـەری هەمـوو بەرهەمـە چاپکراوەکانـن، بێگومـان ئێمەی خوێنـەر ئەو کتێبەی دەگاتە دەسـتمان یـان دەیبینین لە ماوەی چەند سـەعاتێکدا دەیخوێنینەوە، کە هەندێکیان لە سەعاتێ کەمتر دەخوێندرێنەوە، بەڵام هەر ئەو کتێبانە بە چەندین شەو و ڕۆژ و شەونخوونی دەزگاکانی چاپخانە هاتوونەتە بەرهەم، بۆیە کارمەندانی چاپخانەکان بە سـەربازی ون ناودەبرێن، وەکو ئامادەکاری ئـەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵم داوە تیشـکێک بخەمە سـەر مێژووی چاپخانـە کوردییـەکان، هەروا ناوی چاپخانەکان لە شـارەکانی کوردسـتان، ئاماژەشـم بـە خاوەنەکانیشـیان کـردووە. ئاشـکرایە ئەگـەر بمانەوێت حەقی تـەواو بە بابەتێکـی وا بدەیـن، ئەوا بێگومـان بە دەیان لێکۆڵینـەوە (بحـث) تـەواو نابێت، سـەرجەم مرۆڤایەتـی قـەرزداری ئامێـری چاپـە، هەر لەگەڵ داهێنانی ڕێـڕەوی مرۆڤایەتی گۆڕی. بـە هیوام کە بتوانـم لە ئایندەدا ئـەم بابەتە دەوڵەمەند بکەم بە هاوکاری دڵسۆزانی ئەم بوارە. بێگومـان لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە بێ کەموکورتی نابێت.



**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**


ئـەم توێژینەوەیـە وەکـو ئەرکێکـی خوێنـدکاری ئامادەکـراوە، بـە ئامانجـی ئـەوەی کـە زانیارییەکـی بخەمە بەردەسـت، چ کات و سـەردەمێک چاپخانە هاتۆتە کوردستانەوە.

جێگـەی خۆیەتـی بڵێیـن ڕۆژنامەنووسـان کەمتەرخەمن لە باسـکردن و ئاوڕدانەوە لە کارمەندانی چاپخانەکان، چونکە ئەوا وەکو سـەربازی ون لە پشـت ئـەو هەموو کتێـب و ڕۆژنامە و گۆڤـار و نووسـراوانەوەن، کـە ڕۆژانـە دەردەچـن، بۆیە حەقە لەیـادی ڕۆژنامەگـەری کوردیـدا ئاوڕێک لـە ماندووبوونی ئەم سـەربازە ونانە بدرێنەوە. ئەگەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردسـتان نیو هێندەی هەواڵ و وتـار و بابەتەکانی دیکە باس

لـەم ماندووبوونەیــان بکەن، ئــەوا خوێنەرانیش ئاشــنادەبن بە ماندووبوونیان و هەوڵەکانیان بەرز دەنرخێنن.

بێگومــان ئەگەر کــورد چاپخانەی نەبوایە ئــەوا خاوەنی ئەو هەمــوو ئەدەب و ویــژە و ڕۆشــنبیرییە نەدەبوو لەپــاڵ ڕەوتی ڕۆژنامە گەریمان ئەو ڕاســتیەمان بۆ داگیرکەران ســەلماند، کە میللەتێک هەیە بەناوی کورد، کە خاوەنی کولتوور و ســەروەری خۆیەتــی، کــە ئەگەر بە ئاگر و ئاســنیش لەناوی بــەرن ناتوانن وشــەی پیرۆزی کوردی و توانا ڕۆشنبیرییەکانیان زیندە بەچاڵ بکــەن. دیارە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشــێکە لە مێژووی ســەرەتایی ئامێری چاپ ئاخۆ دەبێت لە ئەمڕۆی پڕ تەکنۆلۆژیادا ئەم ئامێرە سەرەتاییە گەشتۆتە چ ئاستێک..

**گرینگی لێکۆڵینەوەکە**



وەکــو ئامــادەکاری ئــەم توێژینەوەیــە، بــە باشــم زانی کــە باس لەســەر بابەتێکی لەو جۆرە بکــەم و تــاڕادەی توانا تیشــک بخەمــە ســەر لایەنی مێــژووی ئامێــری چاپخانــە و هاتنــی بــۆ کوردســتان. گرنگــی ئــەم بابەتــە لــەوەدا بــە خوێنــەران بــە مێژووی چاپخانەکانی کوردســتان و گرنگییــان ئاشــنا دەکات، بە تایبەتیش ڕۆژنامەنووســان و نووســەران، کــە دەبینین ڕۆژانە بە هەزاران ڕۆژنامە و گۆڤــار لە سەرتاســەری جیهانــدا بــە هــۆی ئــەم ئامێــرەوە چاپ دەکرێت و دەگەیەنرێتــە بەردەســتی خوێنەران.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

گرفتــی مێــژووی چاپخانــە لــە کوردســتاندا ئەوەیــە، کە بە شــێوەیەکی ڕێکوپێک مێژووی چاپخانە لە کوردســتاندا لە لایەن نوســەران و مێژوونووســانەوە لــە دووتوێی کتێبێکــی تایبەتیدا نەنووسراوەتەوە، ئەوەی کە هەیە و باس کراوە لە بارەی مێژووی ئــەم بابەتەوە ئەوەیە کە تەنیا لە شــێوەی چەنــد وتارێک یان لە بابەتێکدا باس کراوە. ئەوەی کە تا ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەیە و باس لە مێژووی چاپخانە بکات، تەنیا کتێبەکەی نووسەر

و ڕۆژنامەنووس (**ئەسعەد جەباری**)یە بە ناوی (**سەرەتایەک بۆ مێژووی ئامێری چاپ**)ەوەیە، بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێت زانیاری تەواوی لە بارەی مێژووی ئەم ئامێرە لە کوردستاندا دەست بکەوێت، ئەوا زانیارییەکان زۆر پەرش و بڵاون، کە خوازیارانی زانست و خوێندنەوە دووچاری گرفتی کەمی سەرچاوە و زانیاری دروست دەکات.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژووی ئامێری چاپخانە دەکات، بۆیە توێژینەوەکە بە ڕێبازی مێژوویی نووسراوەتەوە و ڕێبازی مێژووییش یەکێکە لەو شەش ڕێبازەی کە پێویستە هەر لێکۆڵینەوەیەک یان هەر توێژینەوەیەکی پێ بنووسرێتەوە.

**بەشی دووەم:**

**تەوەری یەکەم:**

**سەرەتایەک بۆ مێژووی چاپ**

چاپخانە، المطبعة–Print shop: یەکێکە لە هۆیەکانی گەیاندن لە چەرخی نوێدا، دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە لە زۆر بواردا، وەکو ڕۆژنامە و گۆڤار و پروپاگەندە و پەرتووک و سەرجەم بوارەکانی دیکەی نووسین لە ژیاندا.(١)

ئامێری چاپ: بۆ یەکەم جار لە چینییەکانەوە دامەزرا دواتر دوا چەند سەدەیەک گەیشتە ئەوروپا و لە ئەڵمانیا لە لایەن گۆتنبێرگەوە داهێنرا، یەکێکە لەو دەسکەوتە هەرە گەورە و مەزنانەی کە سەرجەم مرۆڤایەتی قەرزدارێتی. ئەم ئامێرە بووە مایەی خۆشبەختی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بابەتیان لێرە و لەوێ لە شێوەی گێڕانەوە و حیکایەتخوان و مەنەلۆج دەگێڕایەوە و لەبەریان دەکرد، چاپخانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسینانە لە لەناوچوون بپارێزێت، ئیتر لەوکاتەوە بە هەزاران چاپخانە لە سەرتاسەری جیهاندا دروست بوون و بە ملیۆنان بڵاوکراوە و کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ دەکەن، بۆیە سەرتاپای جیهان ئەمڕۆ قەرزداری دەستی گۆتنبێرگ و داهێنرانی چاپخانەیە.(٢)

لە ڕۆژهەڵاتدا یەکەم نەتەوە چینییەکان بوون لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شەشەمی زایینییەوە فێربوون لەسەر پارچە تەختەی گەورە پیت و وشە و وێنە بە ڕێکوپێکی هەڵکەنن و بە هۆی مەرەکەبی ڕەنگاوڕەنگەوە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ بکەن.(٣)

هەرچەندە ئەم دۆزینەوەیە گرنگ بوو، بەڵام ئەنجامی کەم و کێشەی زۆر بوو، وێنە چاپ کردن ماوەیەکی زۆری دەویست.

بۆیە دەوترێت چینییەکان یەکەم نەتەوە بوون بەر لە ئەوروپییەکان بە نزیکەی چوار سەدە یەکەم هەنگاویان نا بۆ دروست کردنی ئامێرێک، کە تارادەیەک لە مەکینەی چاپ دەچوو(٤)

هەر چینییەکان بوون توانییان هونەری چاپ بەشێوەی نوێ بەکار بهێنن، لەسەر قاڵبی داریی بە شێوازی جۆراوجۆر لە پیت و وێنەی جیاواز، کە کەرەستەکانی بریتی بوون لە مەرەکەب لەسەر تەختە هەڵکۆڵراوەکە و بەکارهێنانی کاغەز بۆ چاپ کردنی.(٥)

ئەگەر بمانەوێت بەدوای کۆنترین ڕۆژنامەدا بگەڕێین لە جیهاندا ئەوا ڕۆژنامەی (**کین بان**)ی چینییە لە ساڵی ٩١١ پ ز دەرچووە، کە بە زمانی ڕەسمی حکومەتی چین کە باوەڕیش وایە ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستاش بەردەوام بێت.(٦)

ئاماژە بەوە دەدرێت بەر لە داهێنانی چاپ و نووسین ڕەوتی ڕۆشنبیری دەماودەم دەگواسترایەوە، بۆیە پێویست بوو مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی ژیانیدا بیر لە شتی نوێ بکاتەوە و پەرە بە ئامێری چاپ بدات.(٧)

**تەوەری دووەم:**

**ڕۆڵی وڵاتان لە دۆزینەوەی ئامێری چاپدا**

ئەگەر بێینە سەر وڵاتان و نەتەوە کۆنەکان و بیرۆکەی دۆزینەوەی چاپ دەبینین یۆنانییە کۆنەکان پێش وڵاتان هەوڵیان داوە لە هونەری دۆزینەوەی چاپ نزیک ببنەوە ئەویش لە ڕێگای مۆرەوە.

نووسەری یۆنانی (**بلۆتارکۆس**) نزیکەی ٥٠ ی زایینی لەدایک بووە بۆمان دەگێڕێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

کەپاشـــایەک بە نـــاوی (**ئەکســـیلاوس**) لە کاتی ئاهەنگی پاداشـــت ســـەربازەکانی، وشـــەی نیکە (NIKH) بە مانای ســـەرکەوتن لە دەستی خۆی بە پێچەوانەوە دەنووسێت، بۆ ئاهەنگەکە ئاژەڵ دەکەن بە قوربانی پاشـــا دەســـتی نووســـراوی بەســـەر جەرگـــی ئاژەڵەکـــە دادەنـــێ و چەنـــد چرکەیـــەک لەگەڵ ســـەربازەکانی قســـە دەکا و دەستیشـــی هەر لەســـەر جەرگی ئاژەڵەکە ماوە دواتر تەوقە لەگەڵ سەربازەکان دەکات وشەی «**سەرکەوتن**» بەڕاستی چاپ دەبێت، ئەم هەوڵە لە ڕاســـتیدا زۆر ســـوودی لێ وەرنەگیرا، وەکو مۆر مایەوە نەبوو بە چاپ[8].

لێرەشـــدا ڕۆمانـــی و یۆنانییـــەکان دوای چینییەکان دێن، کـــە هەوڵی دۆزینەوەی چاپیان دابێـــت[9]، ئەگـــەر بگەڕێینـــەوە ســـەر چاپکردن هونـــەری لەچاپدانی کارتی گەمە، بۆ یەکەم جار لـــە چین چاپکرا دواتر لـــە ڕێگەی عەرەبەکانەوە گەیەنراوەتە ئەورووپا[10].

لـــە کۆنـــدا ســـوود لـــە دوو شـــێوەی چـــاپ وەردەگیـــرا، یەکێکیـــان بـــە نـــاوی مـــۆر ئەوی دیکەشـــیان بەناوی پەترۆن، لە مـــۆردا تیپەکان یـــان نووســـینەکان بـــەرز بوون، لـــە پەترۆنیش بـــە پێچەوانەوە شـــوێنی پیتەکان قـــوڵ دەکران، میســـرییە کۆنـــەکان ســـوودیان لـــە پەتـــرۆن وەردەگرت بۆ نووســـینی ســـەرگۆڕ و کێلەکان، بەڵام تا چ ڕادەیەک سوودیان لە هونەری پەترۆن وەرگیـــراوە بۆ داهێنانی چـــاپ، ئەوا جارێ لای هیچ کەس ئاشکرا نییە، لەزووشدا قەیسەرەکان لە جیاتی مۆری خۆیان پەترۆنیان بەکاردەهێنا، ئەو بەکارهێنانەش لای کەس ئاشکرا نەبوو، بەڵام ئەگەر بـــاس لە مۆر بکەین، ئەوا لە ســـەردەمی بابلییەکانـــەوە بـــەکار هاتـــووە، ئـــەوان مۆریان بۆخشـــت دروســـتکردن بەکار دەهێنا، ڕۆمەکان وشـــەیان بە پێچەوانەوە دەنووســـی و لە کاتی چاپدا بە ڕاســـتی دەردەکەوت و دەخوێندرایەوە بەم کارەشیان دەگووت تێســـێرای سیگناتۆریا، یۆنانـــە کۆنەکانیـــش مۆریان بـــۆ کاری خۆیان بـــەکار هێنـــاوە ئەو مۆرانە لە بـــەرد نەک لە دار دروست دەکران.

ڕۆمەکان مۆریان بۆ زۆر شت بەکار دەهێنا وەک، یۆنان، کتێبفرۆشـــەکانیش لەو کاتە مۆری خۆیان هەبوو، بەم جۆرە دەزانرا کتێبی ناوبراو لای کامە کتێبفرۆش نووســـراوەتەوە یان ئامادە کراوە[11]، بۆ یەکەم جار لە ئەورووپا ئیسپانییەکان کارتـــی گەمەیان لە چاپ دا لە ١٣٨٨ز، لە لایەن نیگار کێشیوهاشی یەکەمی کاستێل، لە فەرەنسا لە ســـاڵی ١٣٩٢ز لە لایـــەن هونەرمەند یاکوێمین گوینگونێوێـــر چاپکران، بـــەڵام چاپکردنی کارت بە شـــێوەی ئەمـــڕۆ بۆ یەکەم جار لـــە دەوڵەتی ئەڵمانیا بوو. ئەویش لە ســـاڵی ١٤٣٣ز لە لایەن کارت دروســـتکەر نورنبێرگـــەر بورگەربوچەر بوو. لە شاری ڤینێسیاش لە ساڵی ١٤٤١ کارتی گەمە بۆ یەکەمجار چاپکرا[12].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە چاپخانە بەر لە داهێنانی لە لایەن (**یوهانس گۆتنبێرگ**)[13]ەوە بـــەم هەمـــوو قۆناغانەدا تێپەڕیـــوە، کە زۆربەی وڵات و شارســـتانییە کۆنـــەکان هەریەکەیان بە شـــێوەیەک هەوڵی خۆیـــان داوە بۆ دۆزینەوەی چاپ و مۆر و کاغەز.

داهێنەری هونەری چاپ (**یوهانس گۆتنبێرگ**) ی ئەڵمانـــی، کە لە ناوەڕاســـتی گرێی ســـێیەمی ســـەدەی پازدەهەمیندا خەریکـــی داهێنانی چاپ بـــووە[14]. (**گۆتنبێـــرگ**) پاش ١٣ ســـاڵ دواتر لە شاری سترسبۆرگ بە قورقۆشم پیتی دروست کردووە بە شـــاراوەیی ئەم داهێنانەی داهێناوە، کـــە بە یەکێـــک لـــە دەنگەکانی چـــاپ دادەنرێت، کەواتە شـــوێنی یوحەنا گۆتێنبێرگ لە ١٤٠٠ بۆ ١٤٦٨ لە بەرەو پێشچوونی بیری شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بە هۆی داهێنانەکەی ئەوەوە زادەی بیـــری زانایان بووە موڵکی هەمـــووان. داهێنانی چاپ لە ســـاڵی ١٤٣٦ی زاینییدا لەســـەر دەستی (**گۆتنبێـــرگ**)ی ئەڵمانـــی شۆڕشـــێکی گـــەورە و بەرفراوانی بەرپاکرد، ئـــەو داهێنانە نوێیە بووە هۆی بڵاوکردنـــەوەی هەواڵ بەنـــاو خەڵکیدا بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک، هەروەها دەستێکی باڵای هەبـــووە لە بڵاوکردنەوەی وێژە و زانســـتیی بە ڕێگایەکی ئاســـان، (**گۆتنبێرگ**) کۆششی زۆری کرد تاتوانی ئەم داهێنانە پەرە پێبدات، لە ســـاڵی ١٤٤٥ ئامێری چاپی دروست کرد، کە بە دەست ئیشی دەکرد پاش ڕێکخستنی لاپەڕەی پێویست بەپیتی نەچەسپاو، چەند لاپەڕەی مەبەست بوایە بـــەو مەکینەیـــە چاپ دەکـــرا و دواتـــر پیتەکانی

دیسان بەسەر قاسەی تایبەتدا دابەش دەکرانەوە بۆ بەکارهێنانی جارێکی دیکە، کە لە سـەعاتێکدا ئـەم ئامێرە ١٠٠ لاپەڕەی چاپ دەکرد[١٥]. لە ڕۆژهەڵاتیشـدا لە سـاڵی ١٥١٤دا یەکەمین کتێب بە نـاوی (**حلوات دينيه**) لـە دوایدا زەبوور بە چـوار زمان چاپکرا. لـە سـاڵی ١٥١٦، کـە عەرەبیش یەکێک بـوو لەوانـە، دواتریش لـە سـەدەی حەڤدەهەمینـدا چاپخانـەی (**دیزفزحەیا**) لـە لایەن ڕەبەنێکی لوبنانییەوە دروسـت کرا بە پیتی سـریانی. لە سەدەی هەژدەهەمینـدا چاپخانە لە شـاری حەلەب پەیـدا بوو و کتێبێکی ئینجیلی بە عەرەبی لە ساڵی ١٧٠٢دا، پێ چاپکرا.

لە سـاڵی ١٨٢٢دا ئەمریکییەکان بۆ چاوڕاوی ئاینیی عیسایی چاپخانەیەکیـان هێنایـە ماڵتـا. لـە سـاڵی ١٨٤٨دا، چاپخانـەی کاسـۆلیکییان دامەزراند. لـە سـاڵی ١٧٩٨دا چاپخانە گەیشـتە میسـر، محەمەد عەلی کە دەسـتی بەسـەر وڵاتی میسردا گرت، چاپخانەیەکی تێدا دامەزراند لە ساڵی ١٨٢٦دا، دواتریش چەندین چاپخانەی دیکە لە میسر دامەزرێنراوە.[١٦]

**تەوەری سێیەم:**

**ئامێری چاپ لە عێراقدا**

عێراقیـش وەکـو سـەرجەم وڵاتانـی جیهـان لەکاروانـی پێشـکەوتنەکاندا دوانەکەوت کەئەمانیش هەوڵـی هێنانی چاپیان داوە، وەکو یەکێک لە بوارە گرنگەکانی زانست و ڕۆشنبیری.

لـە عێراقـدا یەکەمین چاپخانـە لە سـاڵی ١٨٥٦دا لە کەربەلا دامـەزرا، کـە لـە ئێرانـەوە هێنرابـوو و کتێبێکـی ئاسـوس و شـەهابەددینی موفتـی بەغـدادی پێ چاپکـرا[١٧] وەک ئەسـعەد جەباری لە کتێبەکەیدا دەڵێت: «**هەردوو نووسـەر** (شـهاب احمد حميـد و ناصـر جەرجيس) **مێـژووی دامەزراندنـی چاپخانە لە عێراقدا دەگێڕنەوە بۆ سـاڵی ١٨٢٠، سـەردەمی دەسەڵاتی داود پاشای والی عوسمانی لە بەغداد**».[١٨]

یەکەمیـن چاپخانە کـە پیتی عەرەبـی بەکارهێنابێت، لە ڕۆما دامەزرا لە ساڵی ١٩١٤دا.[١٩]

لە سـاڵی ١٨٦١دا (**کامیل تەورێزی**) چاپخانەیەکی لە ئێرانەوە هێنا کە والی عوسـمانی (**مدحت پاشـا**) هاتە بەغـداد، چاپخانەی ویلایەتی دامەزراند، کە لە پاریسەوە هێنرابوو.[٢٠] دیارە چاپخانەی (**ویلایـەت**) چاپخانەیەکی نوێ بوو و کادرێکی پسـپۆڕی بواری چـاپ لە فەرەنسـاوە، هەر لە لایـەن والی بەغـدادەوە هێنرابوو، ئیتر لەو سـاڵە بەدواوە جموجۆڵی چاپ لە بەغدادا گەشـەیەکی بەرچاوی کرد. لە ساڵی ١٨٩٢دا (**ئیبراهیم پاشا**)[٢١] چاپخانەیەکی نوێـی دامەزرانـد بە ناوی (**دار السـلام**) لە شـاری بەغداد، ئەم چاپخانەیە کەرەستەکانی نوێ و پیتەکانی تازە بوون کە چەندین کتێبی ئەدەبـی و فیکـری پێ چاپکـرا و بە یەکێک لـە چاپخانە چالاکەکانی ئەوکاتە دەژمێردرا. سـاڵانە ساڵنامەیەکی نوێی چاپ

**چاپخانە بەر لە داهێنانی لە لایەن (یوهانس گۆتنبێرگ)(١٣)ەوە بـەم هەمـوو قۆناغانـەدا تێپەڕیوە، کە زۆربەی وڵات و شارستانییە کۆنـەکان هەریەکەیـان بە شـێوەیەک هەوڵـی خۆیـان داوە بۆ دۆزینـەوەی چاپ و مۆر و کاغەز**

دەکرد بە ناوی (**دار السلام تقويمى**).[٢٢] هەر سەردەمی مدحت پاشادا چاپخانەیەکی بەردی هێنابوو ناوی نابوو (**مطبعة فیلق**) تەنیا کاری چاپەمەنی سوپایی پێ چاپ دەکرا.

لە موسڵیشدا چاپخانەی (**دومینیکان**) لەساڵی ١٩٥٦دا دامەزرا کتێبی ئایینی عیسایی پێ چاپ دەکرا، ڕۆژنامەیەکیشی بە ناوی موسڵ لە ١٨٨٥دا دەرچوو دواتر لە ساڵی ١٨٨٩دا پەرەی سەند و ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەشی پێ چاپ دەکرا[٢٣].

لە سەدەی بیستەمیش بایەخ بە دامەزراندنی چاپخانە درا لە عێراق. لە ساڵی ١٩٠٢دا (**عەزرا دنکور**)ی بە ڕەگەز جولەکە چاپخانەیەکی نوێی دامەزراند، لە ساڵی ١٩٠٥دا (**حازم بەگ**) چاپخانەیەکی لە شاری بەغداد دامەزراند، لە ساڵی ١٩٠٧ و دواتریش چەندین چاپخانەی نوێ هاتنە عێراقەوە و وەکو گەورە بازرگانی بەغداد (**محەمەد شا بەندەر**) چاپخانەکەی بە ناوی (**شابەندەر**)ی دامەزراند، کە خاوەنی دوومەکینەی هەڵمی بوو و هەریەکەیان ٣٠٠٠ لاپەڕەی پێ چاپ دەکرا، جگە لەمەش ئامێرێکی دیکە، کە بە پێ کاری دەکرد و ئامێرێکی دیکەیش بە خەڵوز کاری دەکرد، ئەم چاپخانە گەورەیە لە شاری بەغداد توانی پیتەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی دابین بکات و هەموو چاپەمەنییەکانی لەسەر شێوازی نوێی ئەوکات چاپ دەکرد.[٢٤]

لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤دا کاتێک ئینگلیزەکان بەسرەیان داگیر کرد، دەستیان گرت بەسەر هەردوو چاپخانەی ئەهلی (**عبدالوهاب افندى الطباطبائى**) و (**يوسف افندى ذياب**) چاپخانەی سێیەمیش کە چاپخانەیەکی حکومی[٢٥] بوو بە ناوی (**الولاية**) بوو داگیریان کرد، بۆ ئەوەی سیاسەت و بڵاوکراوەکانی خۆیان و کاروباری سەربازەکانی بەریتانی پێ بکەن لە جەنگی ناوخۆی عێراق و دەرەوەی عێراق.[٢٦] ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەردەکرد، بۆ پڕوپاگەندە بڵاوکردنەوە لەناو خەڵکی عێراق، گوایە بەو شێوەیە ڕووی سپی خۆیان بۆ خەڵکەکە پیشان دەدەن.[٢٧]

لە عێراقدا لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩ز تا ١٩١٨) بە تەنیا (١٥) چاپخانە دامەزراون لەژێر دەسەڵاتداریێتی عوسمانیدا.

هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٣١ تا ١٩٧٤)، (٢٠٦) چاپخانەی تێدا بوو، کە تەنیا (١٤) چاپخانەیان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەبووە.[٢٨][٢٩]

**بەشی سێیەم**

**تەوەری یەکەم:**

**مێژووی پەیدابوونی چاپخانە لە کوردستاندا**

بێگومان کوردستانیش وەکو سەرجەم ناوچەکانی دیکەی دونیا بێبەش نەبوو لە سوودمەندبوون لە ئامێری چاپ بۆ گەشەدان بە سیاسەت و کولتوور و ئەدەبیاتی میللەتەکەی بە دەرکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارە.

**بێگومان کوردستانیش وەکو سەرجەم ناوچەکانی دیکەی دونیا بێبەش نەبوو لە سوودمەندبوون لە ئامێری چاپ بۆ گەشەدان بە سیاسەت و کولتوور و ئەدەبیاتی میللەتەکەی بە دەرکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارە**

د.فەرهادپیربال لە کتێبی (**چەند باسێک لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە**) باسی ئەوە دەکات، کە لەسەر هەردوو ژمارە ٤و٥ی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک، کە لە وڵاتی میسر لە قاهیرە «**لمصریٚ ل مطبعا جریدەیا کوردستانیٚ طبع بیە**»(٣٠) بەڵام ئەم چاپخانەیە هیچ سەرچاوەیەک باسی لێوە نەکردووە، ڕەنگە ئەو چاپخانەیەی د.فەرهاد پیربال باسی لێوە دەکات چاپخانەیەکی بازرگانی بووبێت، کاتێک چاپخانە بە موڵکی نەتەوە دادەنرێت و مێژوو باسی دەکات کە چاپخانەکە لە خاکی وڵاتدا بێت یان خزمەت بە بزاڤی ڕۆشنبیری نەتەوە بکات.(٣١)

گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر لەسەر چاپخانە لە کوردستاندا کراوە لە ڕابردوودا. ئەو بایەخەی لە کوردستاندا دراوەتە چاپخانە پاش دامەزراندنی چاپخانەی (**ویلایەت**) لە ساڵی ١٨٨١دا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە لایەن (**فەیزوڵڵا پاشای کوڕی حسێن پاشا**)وە لە شاری کەرکووک دێت و ئەوەش بە یەکەم چاپخانە دادەنرێت لە کوردستان کە کەرەستەکانی ئەم چاپخانەیەیان لە شاری ئەستەنبوڵەوە هێناوە بۆ عێراق لە ڕێگەی ئاوییەوە(٣٢).

لە ساڵی ١٨٨٥ز دا والی فیچ پاشای کوڕی حوسێن پاشا چاپخانەی ویلایەتی دامەزراند، ئەمەش دوای ئەوە بوو کاتێک کەرکووک وەکو ویلایەتێکی سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ جیاکراوەتەوە.(٣٣)

ئەم چاپخانەیە سەرەتا بۆ کاروباری دەوڵەت و پاشان بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری و هونەری لە دوای جیابوونەوەی ویلایەتی کەرکووک لە ویلایەتی موسڵ و سەربەخۆیی ویلایەتەکە ئەم چاپخانەیە لە موسڵەوە هێنرایە کەرکووک، پێشتریش ئەم چاپخانەیە لە ئەورووپا کڕابوو.(٣٤)

یەکەمین چاپخانەی کوردی کە توانای بۆ گەلی کورد تەرخان کرد بێت لە ساڵی ١٩١٥زدا لە شاری (**حلب**) لە لایەن خوالێخۆشبوو (**حسێن حوزنی موکریانی**)یەوە دامەزرا.(٣٥)

لە ساڵی ١٩٢٥ز دا ئەم چاپخانەیە گوێزراوەتەوە بۆ ڕەواندز. دواتر گۆڤاری (**زاری کرمانجی**) پێ چاپ دەکات.(٣٦) د.کەمال مەزهەر دەڵێت:»ڕوناکبیری ناسراوی کورد حسەین حوزنی موکریانی بە هەزار ئەمسەر و ئەوسەر و بە کولەمەرگی چاپخانەی کوردستانی پێکەوە نا کەچی لەگەڵ ئەوەش بە شەش ساڵی ڕەبەق (**لە ١٩٢٦ تا وەکو ١٩٣٢**) نەیتوانی زیاتر لە ٢٤ ژمارەی (**زاری کرمانجی**) چاپ بکات.(٣٧) لە ساڵی ١٩٤٧دا و پاش کۆچ کردنی خاوەنەکەی بە یەکجاری هێنراوەتەوە بۆ شاری هەولێر بە ناوی (**کوردستان**) لە لایەن مامۆستا گیوی موکریانییەوە ئیش و کارەکانی هەڵدەسوڕێندرا.(٣٨)

لە شاری سلێمانیش لە ساڵی ١٩١٩ز دا (**مێجەرسۆن**)(٣٩) حاکمی شاری سلێمانی لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا یەکەم دەزگای چاپخانە دادەمەزرێنێ.(٤٠) مێجەرسۆن هەر لە هەنگاوی یەکەمیدا کەوتە هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک کەببێتە زمانحاڵی حکومەتەکەی و لە هەمان کاتدا هەتا بتوانێت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە کاربکاتە سەر بۆچوون و هۆشیارکردنەوەی کوردان و لە دژی دەسەڵاتی تورکی هانیان بدات.(٤١)

مێجەرسۆن لە ٢٩ی نیسانی١٩٢٠ەوە دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامەی (**پێشکەوتن**)ی تا ساڵی ١٩٢٢ پێ بڵاوکردەوە.(٤٢)

**تەوەری دووەم :**

**مێژووی چاپخانە لە شارەکانی کوردستاندا**

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە یەکەم دامەزراندنی چاپخانە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨١ز، کە لە لایەن والی و پاشاکانی عوسمانییەوە چاپخانەی (**ویلایەت**) دامەزراوە لە شاری کەرکووک دواتریش لە ساڵی ١٩١٨ز بۆ جاری دووەم چاپخانەیەک دەهێننە شاری کەرکووک، ئەم دوو چاپخانەیە بە دوو چاپخانەی بەرایی دەژمێردرێ لە کوردستاندا، بەڵام ئەم چاپخانانە بە زمانی تورکی و عوسمانی ڕۆژنامە و گۆڤاریان پێ چاپکراوە!.(٤٣)

ئەمە جگە لە چاپخانە کەی حسێن حوزنی موکریانی، کە پێشتر باسمان کرد کە لە ساڵی ١٩٢٥ز دا هێناویەتییە شاری ڕەواندز. هەر

دوابەدوای ئەو چاپخانەیە، چاپخانەی **(ژین)** لە لایەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە لە شاری سلێمانی دامەزرێنرا، بۆ ئەوەی ڕۆژنامە و بەیاننامە و پڕوپاگەندەی پێ دەربکەن[٤٤]

هەرچی دکتۆر **(کەمال مەزهەر ئەحمەد)**ە. پێی وایە یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی لە لایەن **(مێجەر سۆن)** ساڵی ١٩١٩ ز دامەزراوە، ئەمەش ڕاستە چونکە ئەو چاپخانەیە بۆ ئەدەبیاتی کوردی دامەزراوە و لە خزمەتی دەوڵەتی ئینگلیزدا بووە، بەڵام ئەو چاپخانەیەی کەرکووک کە باسمان کرد عوسمانییەکان خۆیان دایان مەزراندووە و بە زمانی تورکی عوسمانییەکان ئەدەبیاتی خۆیان پێ چاپکردووە نەک کوردی![٤٥]

هەرچی شاری هەولێریشە سەرەتای دامەزراندنی چاپخانە لەم شارەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی ماندوو نەناسانەی حسێن خوزنی موکریانی و گیوی موکریانی، ئەو دەمانەی بڕیاری گواستنەوەی چاپخانەی زاری کرمانجییان دا لە شاری ڕەواندزەوە بۆ شاری هەولێر، ئەوەش سەرەتای دەستپێکردنی دامەزراندنی مێژووی چاپخانە بووە لە شاری هەولێر.[٤٦]

لە شاری دهۆکی دەلالیش تەنیا چاپخانە دامەزرابێ لە سەرەتای حەفتاکان چاپخانەی **(دهۆک)** بووە، لە لایەن **(جەمال یوسف)** ناوێکەوە دامەزراوە. گۆڤاری ڕەوشەن و گۆڤاری هێڤی و گۆڤاری چیا ی پێ لەچاپداوە. هەروەها چەندین نامیلکە و کتێبی دیکەی لەچاپداوە.[٤٧]

### تەوەری سێیەم:
### ناوی چاپخانە کوردییەکانی کوردستان تا ١٩٩١ز

چاپخانەکانی شاری کەرکوک تا ساڵی ١٩٩١ز ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. **چاپخانەی شارەوانی**: کۆنترین چاپخانەی شاری کەرکووکە، پێشتر ناوی چاپخانەی **(الحوادث)** بووە. لە ساڵی ١٩٢٦ز چاککراوەتەوە و ئیشی پێکراوە تا ساڵی ١٩٥٨ز ئەو چاپخانەیە جارێکی دیکە نۆژەن کراوەتەوە و ناوی لێنراوە شارەوانی **(البلدیة)**.

ئەم چاپخانەیە بە کۆنترین چاپخانە دادەنرێت لە مەیدانی کاردا. لەم چاپخانەیەدا چەندین بەرهەمی کوردی چاپکراوە، لەو کاتەدا ئەم چاپخانەیە لە کوردستانی عێراقدا بێهاوتا بووە لە ڕووی هونەری و ڕێکخستنی چاپەوە.[٤٨] چاپخانەی **(الحوادث)** لەلایەن ڕۆژنامەنوس **(ئەحمەد مەدەنی)** دامەزراوە، ماشێنەکانی لە بەلجیکا هێنراون تا ساڵی ١٩١٨ز ئینگلیزەکان داگیری دەکەن و کارەکانی بەڕێوە دەبەن، لەم چاپخانەیەدا ڕۆژنامەی **(الحوادث)** دەرکراوە، لەدوای ساڵی ١٩١٨ز ئینگلیزەکان **(النجمة)**یان پێ چاپکردووە، هەر ئەم چاپخانەیەشە دەبێتە چاپخانەی **(شارەوانی)**.[٤٩]

٢. **چاپخانەی عەصری**: خاوەنەکەی محەمەد ئەمین عەصرییە، بە یەکەم چاپخانە دەژمێردرێت کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کتێب و نامیلکەی کوردی لەچاپ داوە، ئێستاکە سەبارەت بە کۆنی مۆدێلەکەی ئەوەندە بەکارناهێنرێت، ئەم چاپخانەیە بەدەیان کتێبی کوردی خستۆتە کتێبخانەکانەوە.[٥٠]

٣. **چاپخانەی شیمال**: خاوەنەکەی **صەبری عبۆیە**، لە ساڵی ١٩٦٥ز دامەزراوە. ئەم چاپخانەیە چەندین کتێب و گۆڤاری کوردی تیا لەچاپداوە و لەم بارەوە بەپێی توانا خزمەتی نواندووە، لە هەمان کاتیشدا چاپخانەکەی گەلێ ڕێک و پێکە و توانای چاپکردنی فراوانە.[٥١]

٤. **چاپخانەی تتویج کەرکووک**: لە ساڵی ١٩٥٣ز دامەزراوە، پاش شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ز ناوی ئەم چاپخانەیە گۆڕاوە بۆ **(کەرکووک)**، بەڵام هەرگیز کتێبی کوردی چاپ نەکردووە.[٥٢]

٥. **چاپخانەی نەینەوا**: ساڵی ١٩٥٣ز دامەزراوە. چاپکراوەکانی کلدانی چاپکردووە و خاوەنەکەی ناوی **(شەماس داود سوسونیسیان)** بووە.[٥٣]


٦. **چاپخانەی الهلال**: لە ساڵی ١٩٥٥ز دامەزراوە لە لایەن **(موشیفی)** ئەرمەنەوە، زیاتر کاروبار و چاپکراوەکانی کۆمپانیای نەوتی چاپکردووە.[٥٤]

٧. **چاپخانەی جمهوری**: لە ساڵی ١٩٦٧ز دامەزراوە و خاوەنەکەی ناوی **(ئیبراهیم ئیسماعیل ئاغا)**یە ماشێنی چاپخانەکەی لە بەغداوە هێنراوە بۆ کەرکووک، ئەگەرچی توانای چاپیان کەم بووە سەبارەت بە کۆنی چاپەکەیان، بەڵام چەندین کتێبی خستۆتە ژێر

چاپـەوە.(٥٥) پاش دوو سـاڵ کارکردن فرۆشـتوویەتی بە یونس عەلـی خاوەنی کتێبخانەی کەرکووک، لـەم چاپخانەیەدا چەندین بڵاوکراوە لە چاپدراون بە زمانەکانی کوردی عەرەبی تورکمانی.(٥٦)

٨. **چاپخانـەی الحکمـة**: زیاتر بۆ چاپکردنی ڕیـکلام و ئاگاداری بووە، ئەم چاپخانەیە مامۆسـتا سـەید ئەحمەد لە محەمەد ئەمین عەسـری کڕیوە، پاش دوو سـاڵ ئەم چاپخانەیەی فرۆشـتوە و بەخاوەن چاپخانەی (ڕاپەڕین) لە سلێمانی.(٥٧)

٩. **چاپخانـەی التجارة**: لە ساڵی ١٩٧١ز دامەزراوە و چاپخانەیەکـی ئەڵمانی بووە، چەندین کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی...هتد چاپکردووە، محەمەد ئەمیـن عەسـری سەرپەرشـتی کردووە.(٥٨)



هەروەهـا ئـەم چاپخانانەش لە کەرکووک هەبوون.
١. چاپخانەی الذهب الاسود.
٢. چاپخانەی المعرفة
٣. چاپخانەی عەسری

**چاپخانەکانی سلێمانی**

وەکو دکتـۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ئاماژەی بۆ دەکات «لە **سـاڵی ١٩١٩ز دا یەکەمیـن چاپخانـە لـە لایەن مێجەرسـۆنەوە هێنراوەتە شاری سلێمانی**».

• **چاپخانـەی ڕاپەڕیـن** : سـاڵی ١٩٦٣زدا لـە شـاری سـلێمانی چاپخانەی (**ڕاپەڕین**) دامەزراوە و بە سێیەم چاپخانە دەژمێردرێ و خاوەنـی (**عەبدولعەزیـز تالبی**) بـووە، هەر لـەو چاپخانەیەدا ڕۆژنامـەی (**ڕاپەڕیـن**) بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی پێ دەرکـراوە. بەڵام ئـەو چاپخانەیە بە هۆی کەم توانایی ودەسـت کورتییـەوە نەیتوانیـوە هیچ بڵاوکـراوە و نامیلکەیەک دەربکات، سەرەڕای ئەوەش چەند کتێب و نامیلکەی لە چاپداوە.

• **چاپخانـەی کامەرانی**: چاپخانەی کامەرانـی یەکێکی دیکەیە لە چاپخانەکانی شـاری سـلێمانی و سـاڵی ١٩٥٩ز لە لایەن محمد عەزیـز قەفتانـەوە دامەزراوە، ئـەم چاپخانەیە توانایەکی باشـی هەبـووە و دەزگا و ئامێرەکانـی نوێ بوون لە چاو چاپخانەکانی دیکەی شـاری سـلێمانی بە درێـژای تەمەنی ئـەم چاپخانەیە تا سـاڵی ١٩٩١ز چەندیـن کتێب و گۆڤـار و ڕۆژنامەی کوردی لە چاپ دراوە.

• **چاپخانـەی کاکەی فەلاح**: لە شـاری سـلێمانی سـاڵی ١٩٧٢ز دامـەزراوە، ئەم چاپخانەیـەش موڵکداریتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ




شـــاعیری بەناوبانگ کاکەی فەلاحی ڕەحمەتی، ئێســتا لە لایەن شــەماڵ کاکــەی فەلاحــەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەم چاپخانەیــە چەندیــن کتێــب و نامیلکــە و بەرهەمــی ئەدەبــی و پەروەردەیی چاپکردووە و ڕۆژنامەی (ژین)ی پێ دەرکردووە.

• **چاپخانــەی ژیــن:** چاپخانــەی (ژیــن) دووەم چاپخانەیــە بەم نــاوەوە لــە لایەن عومەر مســتەفا (**عومەر دەبابە**)وە لە ســاڵی ١٩٦٨ دامەزراوە لە شــاری ســلێمانی. لەم چاپخانەیەدا دەزگای ئەنتــەر تایپ هەبووە، بۆ یەکەم جار لە کوردســتاندا دامەزراوە، دەزگایەکی نــوێ و کەلوپەلێکی نوێی هەبوو، گۆڤاری (**رزگاری**) لــەم چاپخانەیــە لە چــاپ دراوە، هەر لەم چاپخانەیەدا تا ســاڵی ١٩٧٢ چەندیــن کتێب و نامیلکە لە چاپ دراوە، بەڵام زۆر کەلێنی تێ کەوتووە تا دواجار هەر لەو ساڵەدا بە یەکجاری شوێنەواری ون بوو.

• **چاپخانەی سەرکەوتن:** (**کامل محەمەد عەزیز قەفتان**) لە شاری ســلێمانی لە ٢٧-١١-١٩٧٩ز دایمەزراندوە و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ز بەدەیــان کتێــب و نامیلکە و نووســراویان چاپکــردووە، جگە لە ڕۆژژمێری ســەرکەوتن. ئامێرەکانی ئــەم چاپخانەیە بە بەراورد لەگەڵ چاپخانەکانی دیکەی شــاری سلێمانی پێشکەوتوتربووە و شارەزایی کرێکار و فەرمانبەرەکانی لەوانی دی زیاتر بوو.

• **چاپخانــەی زانکۆی ســلێمانی:** لە ڕێککەوتی ٧-٤-١٩٧٥ز دا لە شاری ســلێمانی و لە زانکۆی سلێمانی چاپخانەیەک دامەزرێنن، یەکەم بەڕێوەبەری ئەم چاپخانەیە مامۆســتا (**ئەمین باڵدار**) بووە و ســەر بە (**مدیریة دار الکتب للطباعة والنشــر**) بووە..مامۆســتا کامــەران موکری سەرپەرشــتیاری چاپخانەکە بــووە. هەروەها هەریەک لە (**عبد علی خفاف واســتاذ جاسم و اسماعیل سامرائی و حسین عەبدوڵڵا قەرەداغی**) ناو بە ناو بەڕێوەبەری چاپخانەکە بوون.

تــا ئــەو کاتەش گواســترایەوە بــۆ زانکۆی ســەلاحەددین لە شــاری هەولێر، هەریەک لە (**عبدالکریم رشــید و حســین حسن**)

بە وەکالەت بەڕێوەبەری چاپخانەکەیان کردووە.. دواتریش لە شاری هەولێر هەریەک لە (**دکتۆر لەتیف حەسەن بخار واستاذ ئەحمەد**) سەرپەرشتیاری چاپخانە بوون تا ساڵی ١٩٩١ز. یەکەم بڵاوکراوەی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی (**دلیل التلفونات**) بوو وەک ئەم دەلیلە دەرکراوە... دووەم گۆڤاریشی زانکۆی سلێمانی بووە، کە زانکۆ خۆی دەری کردووە.[٥٩].. چەندین بەرهەمی دیکەی پێ چاپ کراوە.

شاری سلێمانی جیاواز لە شارەکانی دیکەی کوردستان لە گرنگی ئامێری چاپ گەیشتوون هەر بۆیە بەدەیان نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی تیا هەڵکەوتووە.

## چاپخانەکانی هەولێر

دیارە سەرەتای دامەزراندنی چاپخانە لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی حسێن حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی، ئەودەمانە بڕیاری گواستنەوەی چاپخانەی زاری کرمانجییان دا لە ساڵی ١٩٣٦ز لە شاری ڕەواندزەوە بۆ شاری هەولێر ئەوەش سەرەتای دەستپێکردنی دامەزراندنی چاپخانە بووە لە شاری هەولێر.[٦٠] بە یەکەم چاپخانەی شاری هەولێر دادەنرێ، لە مێژووی خۆیدا بەدەیان نامیلکە و کتێبی ئەدەبی و هونەری و چەندین گۆڤاری لەچاپداوە...

لە سەرەتای شەستەکانەوە ئەم چاپخانەیە بۆ یەکەم جار توانیویەتی کارتی پیرۆزبایی و ڕیکلام بە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە چاپ بدات، ئەمەش نەک هەر لەسەر ئاستی شارەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستانیش داهێنانێکی تازە بوو لە بواری چاپدا. چاپخانەی کوردستان دەروازە و فێرگەیەک بوو بۆ شارەزایی و فێربوونی دەیان کرێکاری چاپخانە لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان.

• **چاپخانەی سەلاحەددین:** ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٦٣ز دا لە لایەن (**ئەنوەر ئیبراهیم ئەحمەد حەقی**)یەوە دامەزراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم چاپخانەیە لە سەرەتادا کەرەستەکانی زۆر پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام بۆ پێویستییەکانی ئەو شارە باش بوو چەندین دیوانە شیعری و کتێب و نامیلکەی پێ لەچاپ دراوە.

• **چاپخانەی پەروەردە:** ئەم چاپخانەیە لەساڵی ١٩٧٠ز دامەزراوە، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ز ئەم چاپخانەیە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بە ناوی (**ئۆنیکا**) هێناویە بۆ هەولێر بە بڕی ٣٥٠ هەزار دیناری ئەو کاتە. هەروەها لەگەڵ کۆمپانیای (**ئەلینۆتایپ**) ڕێککەوتوون بۆ هێنانی دوو ئامێری چاپی (**لاینۆ**) لەگەڵ هەموو کەرەستەکانی بە ٦٠ هەزار دیناری ئەوکاتە ئەم سێ بەشەی بۆدانرا:

١. بەشی بەرهەمهێنان
٢. بەشی کرێکارەکان
٣. بەشی کارگێڕی

پاش ئەوەی کە هەموو چاپخانەکە تەواو بوو بە بڕی ( ٦٠٣) هەزار دیناری ئەو کاتە لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٥ز لە ئاهەنگێکدا چاپخانەکە کرایەوە. ئەم چاپخانەیە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە لەچاپدانی کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندنگەکان، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستنی بزووتنەوەی ڕووناکبیری گەلەکەمان.

• **چاپخانەی شارەوانی هەولێر:** ئەم چاپخانەیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤ز دامەزراوە. لەم چاپخانەیەدا دەزگایەکی نیوبەتاڵ و دەزگایەکی بچووکی بازرگانی تیابووە، جگە لە هەبوونی مەقەس بۆ بڕینی کاغەز، ئەم چاپخانەیە لە لایەن شارەوانی هەولێرەوە سەرپەرشتی کراوە، توانای زۆر کەم بووە.

• **چاپخانەی ڕۆشنبیری:** ئەم چاپخانەیە لە کاتی خۆی بە مەبەستی خزمەتکردنی باری ڕۆشنبیری کوردی دامەزراوە لە ١٩٨٤/١/٧ بۆ یەکەم جار دەست بەکار بووە و یەکەم نامیلکەشی هەر لەو ساڵەدا چاپکردووە، کە کتێبێکی (**دکتۆر نافع ئاکرێیی**) بووە. ئەم چاپخانەیە هەموو بەشەکانی لە خۆ گرتووە کاتی خۆی یەک ملیۆن دیناری تێچووە بەشەکانیشی بریتی بووە لە:

١. بەشی مۆنتاژ.
٢. بەشی وێنە گرتن.
٣. بەشی چاپ.
٤. بەشی کارگێڕی.

٥. بەشی ڕێکخستنی کارە هونەرییەکان.
٦. بەشی بەرهەم.
٧. بەشی وەرشەی هونەری.
٨. بەشی گەنجینە.

لەم چاپخانەیەدا دوو دەزگای (**ئەلدینۆ**) تایپیان هەبووە لەگەڵ ئامێرێکی کۆپی و ئامێرێکی دابەزاندنی ڕەنگاوڕەنگ.

بە درێژایی تەمەنی ئەم چاپخانەیە تا بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەیان کتێبی چاپکردووە جگە لەچاپدانی ڕۆژنامە و گۆڤار.

• **چاپخانەی ئاسۆ**: ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن عەبدوڵڵا ئەبو زێد دامەزراوە، زیاتر چاپخانەیەکی بازرگانی بووە، کارتۆن و تابلۆی کاغەزی سەر کەرەستەکانی خواردنی پێ لە چاپ دراوە. چاپخانەیەکی بەتاڵ بووە کارمەندی سەرەکی ئەم چاپخانەیە عەبدوڵڵا مەحموود بووە.

• **چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**: ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٨٥ لە زانکۆی سلێمانییەوە گواستراوەتەوە بۆ زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر بە هەموو کەرەستەکانییەوە (**دکتۆر لەتیف حەسەن نەجار و أستاذ أحمد**)ەوە سەرپەرشتی کراوە تا ساڵی ١٩٩١ لەم چاپخانەیەدا چەندین کتێب و نامیلکە و پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆ چاپکراوە.[٦١]

### دامەزراندنی چاپخانە لە دهۆک

نووسەر ئەسعەد جەباری دەڵێ «**گەلێ هەوڵم دا بزانم ئایا شاری دهۆکی دەلال تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ چاپخانەی تێدا بووە یان نا بە داخەوە هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت، ئەم ڕاستیانەم بۆ دەر بخات تەنیا چاپخانەش دامەزرابێ لە سەرەتای حەفتاکان چاپخانەی (دهۆک) بووە، لە لایەن جەمال یوسف ناوێکەوە دامەزراوە گۆڤاری ڕەوشەن و گۆڤاری هێڤی و گۆڤاری چیای پێ لە چاپ دراوە لەگەڵ چەندین نامیلکە و کتێب**».[٦٢]

گۆڤاری چیا: یەکێک لەبەرهەمەکانی چاپخانەی دهۆک

پاشکۆ

پیرەمێرد و چاپخانەکەی:

چاپخانەی (ژین) لە لایەن داگیرکەرانی ئینگلیزەوە لە شاری سلێمانی دامەزرێندرا بۆ ئەوەی ڕۆژنامە و بەیاننامە و پڕوپاکەندەی خۆیانی پێ بڵاوبکەنەوە ئەوە بوو چەند ڕۆژنامەیەکیشیان پێ دەرکرد....

پاشان چاپخانەی (ژین) کەوتە دەست (**پیرەمێرد**)ی بوێژ، ئەویش بایەخێکی زۆری پێدا و لە رووی کەرەستەوە پێویستیە هونەرییەکانی جێ بەجێ کرا، توانی لە ماوەی پتر لە ٢٠ ساڵ ڕۆژنامەی (**ژین**) و چەندین نامیلکە و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە لە چاپ بدات، بەهۆی دڵسۆزی پیرەمێردی نیشتیمان پەروەرەوە خزمەتی ڕاستەقینەی بە کەلچەری کوردی نواند.[٦٣]

لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگەستی ١٩٣٤ز بەم لاشەوە، پیرەمێرد چاپخانەکەی بەکرێ گرت و خستیە سەرناوی خۆی، پیرەمێرد چەندین کتێب و ٥٣٨ ژمارەی ڕۆژنامەی (**ژیان**)ی بەم چاپخانەیە چاپکرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٧ز دا پیرەمێرد عەقدی چاپخانەکەی لەگەڵ شارەوانی سلێمانی تەواو بوو، شارەوانی چاپخانەکەی سەندەوە و خستیە ژێر ڕکێفی خۆی[٦٤].

مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە بیرەوەرییەکی خۆیدا لە ژمارە (١٠١٥)ی ڕۆژنامەی (**التآخی**) ڕۆژی ٢١-٤-١٩٧٢ دا لە دوا لاپەڕەدا مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی دەڵێ «**بۆیەکەم جار لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٦ز دا سەردانی شاری سلێمانیم کرد لەو شارەدا ڕۆژنامەیەکی بچووکم بینی بە ناوی (ژیان) لە لایەن پیرەمێردی ڕەحمەتییەوە دەردەکرا. سەردانم کرد لە نزیکەوە ویستم بچمە شوێنەکەی و لەبەر بچووکی جێگای چاپخانەکە نەمتوانی بچمە ژوورەوە و پاشە کشەم کرد**».

هەروەها مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی دەڵێت «**هەر بە هۆی نەبوونی چاپخانە لە سەرانسەری کوردستاندا وای کرد کە کاروانی ڕۆشنبیری کوردی دوابکەوێت، ئەو دوواکەوتنەش بە ئاشکرا دیار بوو. ئەگەر بهاتبا و زووتر چاپخانە لە کوردستاندا پەیدابوایە بەتایبەتی بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر و**

**کۆیسنجاق ئەوا گومانی تیا نەبوو کە کورد خەرمانەیەکی زیاتری دەبوو لە چاپەمەنی و بڵاوکراوە وەک لەوەی کە ئێستا هەیەتی»**[٦٥].

ترووسکەی یەکەمینی ئەو چاپخانەیە ڕۆژنامەی ژیانەوە بوو، کە بەرەسمی بڕیاری چاپ و بڵاوبوونەوەی درا، پاشان گۆڕدرا بە **(ژیان)** کە مامۆستا حوسێن نازم سەرنووسەری بوو، لە ٥-٥-١٩٣٢شدا پیرەمێرد بوو بە سەرنووسەری. ئەو بابەتانەی لەم چاپخانەیەدا بڵاوکراونەتەوە زیاتر ڕۆشنبیری گشتی و ئەدەبی بوون کە سانسۆرێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبوو ماوەی کارکردن زیاتر لە (٨) سەعات بوو مووچەکەی لە دوانزە دینار کەمتربوو .

ئەو کەسانەی لەم چاپخانەیەدا کاریان دەکرد (**ئەحمەدی مەلا محەمەد کە بە ئەحمەدی ژین ناسرابوو، هەروەها فەرەج محەمەد و تالیب محەمەد شەریف و براکەی لەگەڵ عەلی ئەسعەد و خەلیل ئەمین**)، لەدوای کۆچکردنی پیرەمێرد، لەسەر وەسیەتی خۆی هەموو ڕۆژانێکی پێنج شەممە بە بەردەوامی ڕۆژنامەکە بڵاودەبۆوە، هەر لەوەسییەتەکەی پیرەمێردا هاتووە کە نابێت هیچ شتێک لەو چاپخانەیە بفرۆشرێت و لێی زیادوکەم بکرێتەوە، بەڵام ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٣ز دا فرۆشرا بە شۆڕش و پاش ئەوەی دەسەڵاتی میری گەیشتە ناوچە ئازادکراوەکان دەستی بەسەردا گیرا و کەلوپەلەکانیان تەقاندەوە، ئێستا چاپخانەکە لە مۆزەخانەی سلێمانی ماوەتەوە و هەڵگیراوە، کە ئەم چاپخانەیە بە دەستکاری دەکرد، کە ئەمەش کارمەندانی ئەم چاپخانەیەی ماندوو دەکرد.[٦٦]

بێگومان نابێت ڕۆڵی (**حوسێن حوزنی موکریانی و براکەی گیوی موکریانی**) مان لە بیر بچێت، کە خزمەتێکی گەورەیان بە کاروانی کەڵچەری کوردی گەیاند لە ڕێگەی ئامێری چاپەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١. سایتی** alargam@alargam.com

**٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەسعەد جەباری لە بەرواری ٢٠١٠/٥/٧.**

**٣. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٤.**

**٤. ئەسعەد جەباری، سەرەتایەک بۆ مێژووی ئامێری چاپ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٨-٩.**

**٥. سایتی** alargam@alargam.com

**٦. سمکۆجەباری، کۆی بەرهەمە کوردییەکانی جەبار جەباری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٢.**

**٧. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٩.**

**٨. د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٦٨.**

**٩. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٩.**

**١٠. د. مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوە، ل١٦٩.**

**١١. هەمان سەرچاوە، ل١٦٧.**

**١٢. هەمان سەرچاوە، ل١٦٩.**

**١٣. یوهانس گۆتنبێرگی ئەڵمانی لە ١٣٩٧ز دا لەدایک بووە، لەبەر هەرا گۆتنبێگ ناچار بووە لە ساڵی ١٤٣٤دا چووەتە سترسبۆرگ. گیوی موکریانی، دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، (هەتاو ، گ)، ژ١٦٩، ساڵی شەشەم، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠.**

**١٤. گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوە.**

**١٥. هەمان سەرچاوە.**

**١٦. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل١٢-١٣.**

١٧. گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوە.
١٨. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە.
١٩. الدكتور، وائل عزت البكري، تطور النظام الصحفي في العراق ١٩٥٨-١٩٨٠، دراسة تحليلية، مطبعة دار شؤون الثقافة العامة - بغداد، ١٩٩٤، ص١٠.
٢٠. گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوە.
٢١. ئیبراهیم پاشا، یەکێک بوو لە والییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە لەم ساڵەدا بەڕێوەبەری خانوبەرەی شاری بەغداد بوو.
٢٢. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە.
٢٣. گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوە.
٢٤. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٣٤-٣٦.
٢٥. لەو سەردەمەدا عوسمانییەکان حوکمی عێراق و ویلایەتی بەسرەیان دەکرد، ئەم چاپخانەیەیان بۆ کاروباری حکوومی خۆیان بەکار دەهێنا، توێژەر. (دەبێ سەرچاوەی بۆ بەکاربێت «د. ئازاد عوبێد»).
٢٦. هادی طعمة، الاحتلال البريطاني والصحافة العراقية، دراسات فی الحملة الدعائية البريطانية ١٩١٤-١٩٢١، دار الحريه للطباعة، بغداد، ص١٠٥-١٠٦.
٢٧. عبدالجبارمحمد الجباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، ١٩٧٠، سلێمانی، ل٧٠.
٢٨. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦١.
٢٩. دیارە لێرەدا تەنیا مەبەست لەو چاپخانانەیە، کە لە کارکردندا بوون نەک ئەوانەی کە هەبوون.
٣٠. د.فەرهادپیربال، چەند باسێک لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٨.
٣١. توێژەر. (ئەوەی ئێمە بزانین بەو شێوەیە ئاماژە بە رای (توێژەر) ناکرێت، دیارە دروستیش بۆی نەچووە، ئەگینا کێ ئەو سەردەمە چاپخانەی بازرگانی بە ناوی کوردستانەوە لە وڵاتێکی دیکە دادەمەزرێنێ؟!! (د. ئازاد عوبێد).
٣٢. عمر علی شريف، استذكارات من تاريخ الكورد الحديث، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥، ط١، ص١٩٣.
٣٣. د.عباس ياسر الزيدی، لمحات من تأريخ الطباعة فی العراق، مجله الطباعة، العدد ٧ أيار ١٩٧٩.
٣٤. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٥٧.
٣٥. عبدالجبار محمد الجباری، هەمان سەرچاوە، ل، ٧٠.
٣٦. سمکۆ جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٧٦.
٣٧. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٨٥.
٣٨. سمکۆ جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٧٦.
٣٩. ئیلی بانستەر سون Ely banister soane (١٨٨١-١٩٢٣)/یەکێکە لە ئەفسەرە سیاسی و بەناوبانگەکانی ئینگلیز، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی بە ناوی (میرزا حسێن غولامی شیرازی)یەوە هاتۆتە ناوچەی کوردستان، لێپرسراوێتی زۆری پێدراوە لەوکاتەدا.. پاشتریش بووەتە حاکمی شاری سلێمانی. هەر لە ڕۆژانی کارکردنیدا بە نەخۆشی سیل و بەو دەردەوە سەری ناوەتەوە.
٤٠. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٥٧.
٤١. د.ئاراس محمد ساڵح، ڕۆڵی ئیستیعماری بەریتانی لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (٤٢١)، یەکشەممە، ١١/٥/٢٠٠٨ لا بیرورا.
٤٢. د.فەرهاد پیربال، هەمان سەرچاوە، ل١٤.
٤٣. هەمان سەرچاوە، ل٩٥.
٤٤. هەمان سەرچاوە، ل٨٦.
٤٥. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦٢.
٤٦. هەمان سەرچاوە، ل٦١-٦٢.
٤٧. سمکۆجەباری، هەمان سەرچاوە، ل٧٦.
٤٨. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٤٩. جەبارجەباری، هەمان سەرچاوە، ل٧٣.
٥٠. سمکۆجەباری، هەمان سەچاوە، ل٧٨.
٥١. غازی حەسەن -ئەمەریکا یەکەم چاپخانەی کوردستان لە کەرکووکەوە بوو ژمارەی تایبەت بە کەرکووک- ژمارە (٤٧) تشرینی یەکەم ٢٠٠٦.

٥٢. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦٦.
٥٣. هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٤. هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٥. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٦. سمکۆجەباری، هەمان سەچاوە، ل٧٩.
٥٧. ئەسعەد جەباری، هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٨. هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٩. هەمان سەرچاوە، ل٧٤ –٧٩.
٦٠. هەمان سەرچاوە، ل٨٦.
٦١. هەمان سەرچاوە، ل٨٧–٩٤.
٦٢. هەمان سەرچاوە، ل٩٥.
٦٣. عبدالمجيد لطفي، (التآخي، ج )، الصفحة الاخيرة، ٢١–٤–١٩٧٢.
٦٤. د.فەرهاد پیربال، هەمان سەرچاوە، ل١٥.
٦٥. عبدالجبار محمد الجباری، هەمان سەرچاوە، ل٧١.
٦٦. ئارام ئیسماعیل، (هەرێمی کوردستان، ر) لێکۆڵینەوە، (ڕۆژنامەگەری کوردی، دەرفەتێک بۆ پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری دەرئەنجامێک لەنێو لاپەڕەکانی (ژیانەوە–ژیان–ژین)دا، تیۆری کارپێکراو و وەقائیعەکان لایەنی ڕاستی و بەڵگەی ڕووداوەکان) ٣٨٦ یەک شەممە ٢٢–٤–٢٠٠١ ل٥.


سەرچاوە کوردییەکان:

١. جەباری، ئەسعەد: سەرەتایەک بۆ مێژووی ئامێری چاپ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی–کەرکوک، سلێمانی٢٠٠٩.
٢. جەباری، عبدالجبار محمد: مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠.
٣. سەپان، د.مەغدید، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠–١٥٠٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٤. پیربال، دکتۆر فەرهاد: چەند باسێک لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
٥. جەباری، سمکۆ: کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤.
٦. ئەحمەد، دکتۆر کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد–١٩٧٨.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. طعمة، هادی: الاحتلال البريطاني والصحافة العراقية دراسة فى الحملةالدعائية البريطانية ١٩١٤–١٩٢١، دار الحرية للطباعة – بغداد ١٩٨٤م .
٢. شريف، عمر علی: استذكارات من تاريخ الكورد الحديث، مطبعة وزارة التربية، اربيل ٢٠٠٥ ط١.
٣. الكبرى، الدكتور وائل عزت: تطور النظام الصحفي فى العراق ١٩٥٨–١٩٨٠ دراسة تحليلية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد–١٩٩٤ .
٤. الى الصفحة الرئسية ALARGAM.COM.

سەرچاوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی:

١. (هەرێمی کوردستان) –سلێمانی– ژمارە (٣٨٦) یەک شەممە ٢٢/٤/٢٠٠١.
٢. (هەتاو)، هەولێر، ژمارە (١٦٩)، ساڵی شەشەم، ١٥ کانونی دووەم ١٩٦٠.
٣. (التآخي) –بەغداد– ژمارە(١٠١٥)، ٢٢/٤/١٩٧٢.
٤. (مجله الطباعة) بغداد العدد (السابع)، ١٩٧٩.
٥. (بارزان)–ئەمەریکا–ژمارەی تایبەت بە کەرکووک ژمارە (٤٧) تشرینی یەکەم ٢٠٠٦.
٦. (هاوڵاتی)–ژمارە (٤٢١) یەک شەممە ١١/٥/٢٠٠٨.
٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ( ئەسعەد جەباری) ٧/٥/٢٠١٠.


هەواڵنامەی کتێب

# تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و پرسی کەمینەکان

مەلا ئاریان

تیۆرەکانی ڕاگەیاندن هەریەکەو بە پێی سروشتی ژینگە سیاسی و ئایدولۆژیا و هێڵە فکرییەکانی مامەڵەی لەگەڵ گەلانی دیکە یاخود کەمینە نەتەوەییەکان کردوە و ئەو مامەڵەیەش دابڕاو نەبووە لە دروشم و بانگەشە سیاسییەکان و بەکارهێنان و تەوزیفکردنی میدیا بۆ ئەو ئامانجانە، بۆیە دەشێت لە پەنای خوێندنەوەی دیدی تیۆرەکان و هەڵوەستەکردنیان لەسەر پرسە مرۆییەکان، مامەڵەی ئەو تیۆرانە لەگەڵ گەلان و کەمەنەتەوەییەکان بخوێنینەوە، چونکە لە بەشێک لەو تیۆرانەدا ئاماژەی ڕوون بەو پرسە نەکراوە و وەک بنەمایەک، لە بنەماکانی کارکردنی ئەو تیۆرانە لە بواری میدیا هیچ هێمایەک بۆ کەمینەکان نەکراوە.

تیۆری دەسەڵات، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی شانزە و حەڤدە دەگەڕێتەوە و پشتی بە ئاراستە فکرییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بەستووە و باوەڕی بە ڕەهایی دەسەڵاتی حاکم هەیە و ئەمەش لە تیۆرەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و میکاڤیلی ڕەنگیداوەتەوە، مامەڵەکردنی لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکان یاخود لەگەڵ گەلانی دیکەدا، لەسەر بنەمای شکۆمەندکردنی گەلی سەردەست و وێناکردنییەتی وەک نەتەوەی باڵا، ئەوە لە کاتێکدا لە پەنای ئەم لۆژیکەوە گەلانی دیکە لە کەمترین ئەگەردا پەراوێز دەخرێن، ئەگەر ڕووبەڕووی سەرکوتکردن نەبنەوە.

لەسەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە ئەم تیۆرە لە ڕێگەی سیستەمە سیاسییە سەرکوتکەرەکانەوە دێتەوە سەر شانۆی میدیای جیهانی و سیستەمە دیکتاتۆرییە نوێیەکان لە فاشی و نازی و نەتەوەپەرستەکان، وەک تیۆری سەرەکی میدیا جاریکی دیکە بەکاری دێنن،خواستنی ڕەفتاری هەریەک لەو سیستمە سەرکوتکارانە و مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەلانی دیکە، لەژێر ڕۆشنایی لۆژیکی شکۆمەندکردن و باڵایی بەخشین بوو بە نەتەوەی سەردەست و سەندنەوەی مافی ژیان و ئازادی لە نەتەوەکانی دیکە.

بزوتنەوەی نازیزم بە سەرکردایەتی هیتلەر تیۆریای باڵایی ئەڵمانی نەژادەکانی وەک کەرەستە و کاڵایەک بەکاردەهێنا و جەوهەری سەرەکی تیۆریەکە لەسەر بنەمای بەخشینی

مافی سەرکردایەتی و گەورەیی ئەڵمان بوو بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا و لەســەر ئەو بنەمایەش بنیاتنرابوو، لەبەرئەوە میدیا لــەو کۆمەڵگایە و لەکۆمەڵگاکانی دیکە ژێر هەژموونی تیۆری دەسەڵات جگە لە شکۆمەندکردن و بەخواکردنی سەرکردە و باڵایی بەخشین بە نەتەوەی سەردەست، ڕۆڵیکی دیکە میدیایی نەبووە و پرسی نەتەوەکانی دیکە، نەک هەرجێی خەمی میدیا نەبــووە، بەڵکو بــە پێچەوانەوە میدیا وەک چەکێکی کوشــندە لــە بــە (دێو)کردنــی ئەو گەلانــە و هانــدان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری توندوتیژی ڕۆڵی باڵای بینیووە. دەشــێت لەو جۆرە مامەڵەشــەوە، شوناسی ڕاســتەقینە و دیدی جێگیری تیۆری دەسەڵات بۆ گەلان بخوێنینەوە.

بەرەنجامی سەرکوتکردن و بە کۆیلەکردنی تاک لە سایەی دەســەڵاتی ڕەهــا و پەراوێزخســتنی لــە تیۆری دەســەڵاتدا، تیۆری ئازادی ڕاگەیاندن، لە هەناوی ئازارەکانی چەوسانەوە و جیــاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاســی لە دایکبوو، لە دایکبوونــی ئــەم تیــۆرە دەرفەتی هەم بۆ تــاک و هەمیش بۆ کۆمەڵگا ڕەخســاند لە کۆت و بەندەکانی ستەمکاری ڕزگاری بــێ و مافە سروشــتییەکان بگەڕێنەوە دۆخی ڕاســتەقینەیان. هەڵوەســتەکردنی ئەم تیۆرە لەسەر پرســی تاک و پاشانیش گەڕاندنــەوەی هێــز بۆ گــەل، لە ڕواڵەتــە هــەرە گرنگەکانی ســەرهەڵدانی چەشــنێکی دی لە دنیابینی بــوو، کە دەرەنجام دەرفەتی بۆ گەلان و کەمینەکان ڕەخســاند، ئەوە ســەرەڕای ئەوەی لە ئاستی ناوخۆشدا جاریکی دیکە دەسەڵاتی چاودێری بــە گــەل بەخشــیەوە و شــکۆمەندی و ســیفەتی خودایی لە دەسەڵات ســەندەوە. دەشــێت دەرکەوتن و دیدی جۆن لۆک لەمبــارەوە خاڵی جەوهەریــی دەســتپێکردن و گەڕاندنەوەی شــکۆمەندی بێــت بۆ گــەل کاتێک دەڵێت **«گەل ســەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، هەرکات بیهەوێت توانای وەرگرتنەوەی ئەوەی هەیــە کــە بەخشــیویەتی»**، بەو پێیەش پرســی گــەل لە تەک هەڵوەســتە لەســەر مافەکانی تاک گرنگترین ڕوخســارەکانی تیۆری ئازادییە.

یەک لە بنەما و بناغە ســەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لە دیدی بیرمەندانیدا هەڵوەستەکردنە لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئــازادی و مافی چارەنوس و لەمەشــدا کەمینە نەتەوەییەکان توانــای دەرکەوتن و مافی ژیانیان هەیە، ئەم پرانســیپەش لە میدیــادا ڕەنگدەداتــەوە، بەڵام ڕەهایی لە ئــازادی و نەبوونی بەرپرســیاریەتی میدیــا دەشــێت وەک چــۆن تاک تێــدا ببێتە قوربانــی، بەم چەشــنەش کەمینــە نەتەوەیــی و ئیتنییەکان و گەلانــی دیکەش قوربانی بن و هۆکانی ڕاگەیاندن زیادەڕەوی لــە نیشــاندان و وێناکردنی وێنــەی ئەو کەمینانــە بکەن، ئەم ترســەش لە ئێســتادا لــە چەندیــن دەوڵەت بوونــی هەیە کە

**- بزوتنــەوەی نازیــزم بــە ســەرکردایەتی هیتلەر تیۆریــای باڵایــی ئەڵمانی نەژادەکانــی وەک کەرەســتە و کاڵایــەک بەکاردەهێنــا و جەوهەری سەرەکی تیۆرەکە لەســەر بنەمای بەخشــینی مافــی ســەرکردایەتی و گەورەیی ئەڵمان بوو بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا و لەسەر ئەو بنەمایەش بنیاتنرابوو.**

**- بەرەنجامی سەرکوتکردن و بــە کۆیلەکردنــی تاک لە ســایەی دەســەڵاتی ڕەها و پەراوێزخســتنی لــە تیۆری دەســەڵاتدا، تیۆری ئازادی ڕاگەیانــدن، لــە هەنــاوی ئازارەکانــی چەوســانەوە و جیــاکاری نەتەوەیــی و مەزهەبــی و سیاســی لــە دایکبوو.**

سیاسەتی میدیایی خۆیان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لیبراڵیدا دادەڕێژن.

لە دەوڵەتانی لیبراڵی قەیرانی سەرەکی لەوەدایە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەستی بژاردەیەکی سەرمایەدار یاخود سەرمایەدارانی لۆبیەکی نەتەوەییدایە، بەمەش نەک هەر ئەم ئامرازانە لە چوارچێوەی بنەما باڵاکان بەکار نایەن، بەڵکو بۆ شێواندن و ناشیرینکردنی روخساری میللەتانی دیکەش بەکاردێن، ئەمەش لە غیابی بەرپرسیاریەتی و خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بێ سنوورەیە کە لە سایەی ئەم تیۆرەوە فەراهەمکراوە، بۆ ئەمەش هەوڵەکانی بەشێک لە میدیای خۆرئاوا لە ناشیرینکردن و وێناکردنی عەرەب وەک نەتەوەیەکی شەرانگێز دەکرێ وەک نموونە پەسەند بکرێت.

لەبەرئەوە دەشێت ئەوە بوترێت کە تیۆری لیبرالیزم لە تەک هەڵوەستەکردنی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە کەمینەکان، بەڵام هاوکات بە هۆی رەهایی ئازادی و نەبوونی بەرپرسیاریەتی ناتوانرێت پرسی کەمینەکان، وەک هەڵوەستە و بایەخدانێکی راستەقینە تەماشا بکرێت.

> - لە دەوڵەتانی لیبراڵی قەیرانی سەرەکی لەوەدایە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەستی بژاردەیەکی سەرمایەدار یاخود سەرمایەدارانی لۆبیەکی نەتەوەییدایە، بەمەش نەک هەر ئەم ئامرازانە لە چوارچێوەی بنەما باڵاکان بەکار نایەن، بەڵکو بۆ شێواندن و ناشیرینکردنی روخساری میللەتانی دیکەش بەکاردێن.

> - تیۆری لیبرالیزم لە تەک هەڵوەستەکردنی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە کەمینەکان، بەڵام هاوکات بە هۆی رەهایی ئازادی و نەبوونی بەرپرسیاریەتی ناتوانرێت پرسی کەمینەکان، وەک هەڵوەستە و بایەخدانێکی راستەقینە تەماشا بکرێت.

هەرچی تیۆری بەرپرسیارییەتی کۆمەڵاتیشە، کە بەرەنجامی نشوستی تیۆری لیبراڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی رەها هێنایە ئارا، توانی گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەر میدیادا بێنێ، ئەمەش لە ڕێگەی بەستنەوەی چەمکی بەرپرسیاری بە ئازادییەوە، یاخود پەیوەستکردنی رۆژنامەوان و دەزگای رۆژنامەگەری بە لیپرسراویەتی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەگەر تیۆری ئازادی دەرفەتی وتنی هەموو شتێکی بێ سانسور بۆ میدیا دەستەبەر کردبێت، ئەوا تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەیوەستکردنی روحییەوە رۆژنامەنوس ناچار دەکات توانای وتنی هەموو شتێکی نەبێت، ئەمەش ئەگەر بەدیوێکدا سنووردانان بێت بۆ ئازادی و هەڵسوڕانی رۆژنامەوان، ئەوا بە دیوەکەی دیکەدا ئەم رۆژنامەوانە دەخاتە بەردەم بەرپرسیاری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادییەکەی، چونکە لەو شوێنەی ئازادی کەسێک کۆتایی دێت، ئازادی کەسێکی دیکە دەست پێدەکات، بەم پێوەرەش ئازادی رەهای بێ بەرپرسیاری لە میدیا، بە مانایەک لە ماناکان بریتی دەبێت لە فەرامۆشکردنی ئازادی خەڵکی دی و بەهەند وەرنەگرتنی مافی ئەوی دیکە.

ئەگەر تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئازادی لە تەنیا مافەوە بگوازێتەوە بۆ ئەرک و بەرپرسیاری، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا سەقامگیری سیاسی و جێگیری باردۆخەکە لە ئاستی ناوخۆ و هەرێمیدا بە هۆی بەخشینی زانیاری دروستەوە بە هاوڵاتی دەپارێزن. ئەمەش دەرفەتی کاریگەری و ئەگەری ناسەقامگیری لاواز دەکات، لەتەک ئەوەشدا بە

هۆی زانیاری دروستەوە وێنەیەکی زەینی راستەقینەی ئەوی دی، دوور لەتایبەتمەندییە رەگەزی و ئایدۆلۆژی و ئاینییەکەی دروست دەبێت.

لیژنەی ئازادی رۆژنامەوانی لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئەمریکا چەند راسپاردەیەکی سەبارەت بەپرسی بەرپرسیاری میدیا خستەڕوو، یەک لە خاڵە گرنگەکانی ئەو راسپاردە بریتییە لە «**پێویستی بەخشینی وێنەیەکی رۆشن سەبارەت بە گروپە جیاواز و خاوەن ناسنامە جیاوازەکان لە ریگەی میدیاوە**» کەوا بێت ئەم تیۆرە نە تەنیا لە ئاستی ناوخۆ بە تەنگ گواستنەوەی وێنەیەکی دروستە، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەوەش جەخت لەسەر گواستنەوەی وێنەیەکی بابەتیانە و بەرپرسانەی گەلان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو وێنە زەینیانەی کە لە یادەوەری تاکدا دروست دەبن، وێنەیەکی واقیعی بن و رەنگدانەوەی رەهەندی مرۆیی بێت.

لە کتێبی (بەرپرسیاری بەرزکردنەوەی پێوەرەکان) هوگێرتسی مۆنتگری ئەکادیمی ئەمریکی دەڵێت «**کاتێک میدیا ئاگاداری خەڵکی کردەوە کە پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانیان بکەن و بەها کەلتووری و ئیتنیەکانیان لە بەرچاو بگرن، ئەوە نیوەی بەرپرسیاریە، بەڵام نیوەکەی دیکەی بەرپرسیاری، دەربڕینی بەرپرسیاریەتی خەڵکە، لە بەرامبەر ماددەی بڵاوکراوە، نابێت ئەوەی لە میدیا وەریدەگرن وەک ژەمە خۆراک تەماشای بکەن، بەڵکو دەبێ خۆیان بەر لە پەسەندکردن بیری لێبکەنەوە و زانیارییەکان هەڵبسەنگێنن، چونکە وێنە زەینیەکان ئەو زانیارییانە دروست دەکەن**» بیرکردنەوەکانی (رۆبەرت رای) لە کتێبی (بەرپرسیاریەتی رۆژنامەکان) جەخت لەسەر هەمان بنەما دەکاتەوە و وردبینی و راستگۆیی و بابەتیبوون لە گواستنەوەی ئەو زانیارییانە بە بنەما دەگرێت.

لەوانەیە ئەو حەوت بنەما سەرەکیەی کە (**دینس ماکویل**) بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی خستویەتیە روو لە هەموویان رۆشنتر بێت، بە تایبەت لە یەک لەو بنەمایانەدا بە رۆشنی پرسی کەمینەکان و بەرپرسیاریەتی میدیا دیاریدەکات و دەڵێت «**دەبێت میدیا خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەر شتێک ببوێرێ کە سەرەنجام بەرەو تاوان ئاراستەی دەکات، یاخود بەرەو توندوتیژی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، یاخود لە ئاراستەکردنی هەر تۆمەت و ئیهانەیەک بۆ کەمینە**»

بەم پێودانگەش ماکویل ئیهانەکردن بە کەمینەکان لەگەڵ هاندان بۆ توندوتیژی و ئاراستەکردنی خەڵک بۆ تاوان یەکسان دەکات، ئەمەش وەک جەوهەریترین خاڵ و بناغەی ئەم تیۆرە دەرهەق بە کەمینەکان یان گەلانی دی دەشێت لێکبدرێتەوە.

ئەو میکانیزمە مۆراڵیەی ئەم تیۆرە لەسەر میدیای داناوە و ئەو چوارچێوەش لە بنەماو و بەرپرسیاری بە پلەی یەکەم لە

**"لیژنەی ئازادی رۆژنامەوانی لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئەمریکا چەند راسپاردەیەکی سەبارەت بەپرسی بەرپرسیاری میدیا خستەڕوو، یەک لە خاڵە گرنگەکانی ئەو راسپاردە بریتییە لە «پێویستی بەخشینی وێنەیەکی رۆشن سەبارەت بە گروپە جیاواز و خاوەن ناسنامە جیاوازەکان لە ریگەی میدیاوە».."**

هەوالنامەی کتێب

خزمەت جیاوازییەکاندایە و میدیا ناچاردەکات لە چوارچێوەی ئـەو بەرپرســیارییەی هێڵەکانـی بـۆ کێشــاوە لــە رێگــەی پەیامەکانییەوە هۆشیاری یەکتر قەبووڵکردن و کەلتوری پێکەوە ژیان و هەڵکردن جێگەی، کەلتووری رەتکردنەوە بگرێتەوە و کۆتایی بە پرۆســەی بەرهەمهێنانی وێنە زەینییە ترسناکەکان بێنێ، لەمەشــدا سەرەنجام براوە خودی مرۆڤ خۆی دەبێت، بــێ ئەوەی جیاوازییە ئەتنی و ئایدولۆژی و ژینگەییەکان ببنە بەربەست. کەواتە ئەگەر لە تیۆری دەسەڵاتدا کەمەنەتەوەکان پەراوێزخرابــن و زۆرجــار ســەرکوتیش کرابــن و لە تیۆری ئازادیشــدا زیــادەڕەوی لە مامەڵەکردن لەگــەڵ نەتەوەکان بە هــۆی ئازادی رەهــاوە هەندێک جار وێنەکەیانی شــێواندبێت ئەوا لە تیۆری بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتیدا رۆژنامەنوســی پەیوەســت دەکرێت بە بەرسیاریەتیەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان و رێی ئیهانەکردن و ناشــیرینکردنی کەمینەکان بە هیچ شێوەیەک نادرێ و وەک تاوان ئەژمار دەکرێت.

ئــەوەی پەیوەستیشــە بەپرســی کەمینــە و گەلانــی دیکە لە تیۆری سۆسیالیســتیدا، ئەوا دەشــێت لە نێــوان تیروانینی تیۆرییانەی مارکسیزم و دەرەنجامە پراکتیکیەکانی دەوڵەتانی سۆسیالیســتی سەرەنجام لە راستینەی مامەڵەکە تێبگەین. کە ئایــا پرســی کەمینەکان تــا چەند لە فەلســەفە و ئایدولوژیای مارکســیزم ـــ لینیزمدا جێی گرتووە؟ ئایا بــوون و جێگرتنی ئەم چەمکە پەیوەستە بە باوەڕبوون بە مافی کەمینەکان وەک ئامانجێکی باڵا، یاخود تەنیا بەکارهێنانی بووە بۆ رتوشکردنی رواڵــەت و خۆوێناکردن وەک بەرەیەکــی میهرەبان بۆ دونیا و بەکارهێنــان و مەســتکردنی کەمینــەکان؟ یاخــود دەشــێ پرســیار بکرێ کە ئایــا دەرەنجامەکانی کۆتایــی و داڕوخان و جیابونــەوەی گــەلان، رەنگدانــەوەی بەکارهێنانی کەمینە و سەرمەســتکردنی ژێر دەســتەکانە، یاخود مۆدێلــی دووبارە ســەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی نەتــەوە و کاریگەریی هەژموونی ســەرمایەدارییە بــۆ پەرتکردن و بچوککردنەوی پاشــماوەی دەوڵەتانــی سۆسیالیســتی. لە نێوان دروشــم و ئایدۆلۆژیای تیــۆری و دەرەنجامــە مەیدانییــەکان، حەقیقــەت لەوەدایە کە لۆژیکی مامەڵەی سۆسیالیســتەکان لەگــەڵ کەمینە و گەلانی دیکەدا، لۆژیکیکی شکستخوادووە.

لینین لە گۆڤاری (هیراڵد) دەنوسێت «**خەباتی ئێمە، خەباتی دەستگرتن و پشتیوانی کەمینەکانە، بە تەناوزل و لیبوردەییەوە مامەڵەیــان لەگەڵ دەکەیــن، ئەمەش هۆکارێکــی بنەڕەتییە لە خەباتــی یەکخســتن و یەکگرتنی پرۆلیتاریا**»، ئــەم گوتەیەی لینیــن ئەگەر بە دیوێکدا رەنگدانەوەی باوەڕی سۆسیالیســتی بێ بەپرسی کەمینەکان و خەباتکردن لە پێناو ئەواندا، ئەوا بە دیوەکەی دیکەدا تەماشاکردنیەتی وەک پرسێکی بەستراوە بە

**"لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا رۆژنامەنوسی پەیوەست دەکرێت بە بەرسیاریەتیەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان و رێی ئیهانەکردن و ناشیرینکردنی کەمینەکان بە هیچ شێوەیەک نادرێ و وەک تاوان ئەژمار دەکرێت."**

خەباتی چینایەتی و تێکەڵکردنی بە شۆڕشی پرۆلیتاریا، ئەوە جگە لەوەی رادەی بەرپرسیاریەتی سیستەمی سۆسیالیستی و دەوڵەتی ناوەندی لە بەرامبەر کەمینەکان دیاری نەکراوە.

لە باری میدیا ئەو تیۆرە لەگەڵ لە دایکبوونی بیری سۆسیالیستی لە دایک دەبێت و هێڵ و ئاراستەکانی کارکردنی لە لایەن دەوڵەت و حزبەوە بۆ دیاری دەکرێ. واتا رۆڵی میدیا وەک رۆڵی کۆی ئۆرگانەکانی دیکە لە لایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکرێ، رەنگە دیدی مارکس رەنگدانەوەی تەواوەتی شوێنی میدیا و پەیوەستی بێت بە دەوڵەتەوە، کاتێک دەڵێت «وەزیفەی هۆکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالستیدا، هەمان وەزیفەی ئورگانەکانی دیکەی حوکمڕانین، بە ئامانجی فراوانکردنی سیستەمی سۆسیالیستی میدیای سۆسیالیستی پێویستە ئەوەندەی بە دوای بڵاوکردنەوەی سیاسەت و هۆشیاری سۆسیالیستەوەبن، ئەوەندە بە دوای گەڕان لە راستییەوە نەبن».

بەم پێیە و لە ژێر رۆشنایی بیری سۆسیالیستی کەمینە نەتەوەییەکان و گەلانی ژێردەست وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاریا جێدەگرن و بەشێکیشن لە بەدیهێنانی دیکتاتوری پرۆلیتاریا. ئەوە لە کاتێکدا بنەمای مافی چارەنووس و ئازادی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەت وەک بنەڕەتیک لە بیری مارکسیزمدا شوێن دەگرێ و لە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی بە ئاراستەی دەوڵەتانی دیکەدا رەنگیداوەتەوە.

ئەگەر ئەم پرەنسیپانە بۆ میدیای سۆسیالیستی راست بێت، ئەوا ئەم ئەزموونە شکستی خواردووە، بە تایبەت کە دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و پرۆستریۆیکا زۆربەی گەلانی ژێردەستی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی نەک هەر جیابونەوە، بەڵکو سەرلەبەری سیستەمی سیاسی و سیاسەتی میدیایشیان گۆڕی. کەوا بێت ئەم دەرەنجامە لە دوو گریمانە بەدەر نییە، یان میدیای سۆسیالیستی لە تەوزیفکردنی ئەم بنەمایانە کورتیهێناوە و شکستی خواردووە، یان لە بنەڕەتەوە ئەم بنەمایانە جگە لە خەون و وەهمێکی گەلانی بندەست و سیاسەتی راوکردنی کەمینەکان چی دیکە نەبووە.

پەیوەستکردنی هۆکانی میدیا بە پرسی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتی راگەیاندن تا ئاستی مەسەلە جیهانییەکان، دیویکی گرنگی تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانییە، کە ئامانجی باڵای بەشداری پێکردنی پۆزەتیڤانەی میدیایە لە شەڕی مانەوەی مرۆڤ و پاراستنی جیهان و کۆمەڵگەی مرۆیی لەو مەترسیانەی کە بەردەوام هەڕەشە لە مرۆڤ دەکەن.

> **دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و پرۆستریۆیکا زۆربەی گەلانی ژێردەستی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی نەک هەر جیابونەوە، بەڵکو سەرلەبەری سیستمی سیاسی و سیاسەتی میدیایشیان گۆڕی.**

هەواڵنامەی رۆشنبیر

پێشـکەوتنی زانسـتی و گەشـە تەکنەلۆژییەکان ئەگەر بە دیوێکـدا بـۆ خزمەتی مـرۆڤ و ئاسـودەیی مرۆڤایەتی بێت، ئەوە بە دیوێکی دیکەدا بەهێزبوونی تەوژمی هەڕەشـەکان و زاڵبوونی لۆژیکی بەکارهێنانی هێزە زەبەلاحەکانە. واتا جیهان لەبـەردەم هێز گەلێکدایە، کە ئـەو هێزانە لەپێناو بەرژەوەندی ئابوری و پاوانخوازی سیاسـی کۆی ئـەو چەکە تەکنولۆژیە ترسـناکانەی لە بەردەسـتیانە دەشـێت بەکاربخەن، راگرتنی ئەم شـەپۆلی هەڕەشە ترسناکەش، بە بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگـەری ریکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان و بەرزکردنـەوەی میدیای دەوڵەتان بۆ ئاسـتی بەرپرسـیاریەتی جیهانی دەبێت لەپێناو دروسـتکردنی رای گشتی جیهانی. ئەگەرچی ئیرادەی شەرانگێزی دەوڵەتان زۆر لەوە بەهێزترە رای گشتی جیهانی توانای وەسـتاندنی هەبێ و مرۆڤایەتیـش زۆر لەوە پەرتترە توانای گشت بوونی راکانی هەبێت.

لەم دۆخە ترسناکەدا، کە جارێکی دیکە لەتەک هەڕەشەکان چەمـک گەلێکـی گەردوونـی وەک ئـازادی و برایەتـی و بەرپرسـیاریەتی و سـڕینەوەی جیاوازییـەکان هاتوونـەوە ئارا، تیـۆری بەرپرسـیاریەتی جیهانی میدیـا وەک ریگایەک لە رێگاکانی دورخسـتنەوەی هەڕەشەکان سەریهەڵداوەتەوە، کە لەتەک بەرزبوونەوەی ئاسـتی بەرپرسیاریەتیەکەی میدیا بۆ ئاسـتی جیهانـی، لە ریگەی بەڵگەنامە و یاسـاکانی بواری میدیـا جۆریک لـە چوارچێوە بۆ مامەڵەی میدیـا دیاریکراوە، بە واتایەکی دیکە پرۆسـەی داڕشتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە لە چوارچێـوەی پەیماننامەی ئیتیکی رۆژنامەوانی و یاسـاکانی راگەیانـدنـدا ریکخراوە و ئەمەش بۆ ئـەوەی چوارچێوەیەکی تـا رادەیەک یاسـایی ببەخشـێتە رەفتـاری دەزگا راگەیاندنە جیهانییەکان.

هەڵوەسـتەکردنی ئەم تیۆرە لە بواری راگەیاندن لەسـەر پرسـی مرۆڤ و سـڕینەوە و کۆتاییهێنان بە جیاوازیە ئیتنی و رەگەزی و دینییەکان، لە ئێسـتادا پێویستیەکی جیهانییە، بە تایبەت کە دابەشـبوونی شوناسـەکان لەسەر ئاستی جیهانی و بگـرە لە ئاسـتی ناوخـۆی دەوڵەتانیـش، دابەشـبوونیکی ستوونیەو جیاوازییە ئیتنیی و رەگەزی و دینی و مەزهەبیەکان وەک فاکتەریکـی ناسـەقامگیری سیاسـی و دۆخـی جیهانی سـەریهەڵداوە و شەڕ و جەنگی ترسناکیش وەک دەرەنجام و ئەگـەری کۆتایی ئەم جیاوازیانە وەک ئەگەرێکی چاوەڕێکراو مەزەنـدە دەکرێـت، میدیـاش بەهـۆی قووڵکردنـەوەی ئـەو جیاوازیانـە و بیرکردنـەوەی لۆکاڵیانـە نـەک هـەر توانـای وەڵامدانـەوەی پێویسـتیەکانی قۆناغەکەی نییـە، بەڵکو خۆی بەشێکە یا کاراکتەرێکە لە پرۆسەی دابەشکردنی جیهان لەسەر بنەمای شوناسە ستوونییەکان، لە بەرامبەر ئەم مەترسیانە و

> **پێشـکەوتنی زانسـتی و گەشە تەکنەلۆژییەکان ئەگەر بە دیوێکدا بۆ خزمەتی مرۆڤ و ئاسـودەیی مرۆڤایەتـی بێـت، ئـەوە بـە دیوێکـی دیکەدا بەهێزبوونی تەوژمی هەڕەشـەکان و زاڵبوونـی لۆژیکـی بەکارهێنانی هێزە زەبەلاحەکانە.**

خەمساردی و لۆکالّیبوونی گووتاری میدیای جیهانــی و غیابــی بەرپرســیاریەتی ئــەوەی وەک پێویســتییەک خۆی دەســەپێنێ، تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانییە، وەک چوارچێوەیەک کــە توانای دارِشــتنەوەی ئــەرک و وەزیفەی میدیای لە بەرامبەر پرسە جیهانییەکان هەیە.

پرســی کەمینەکان بە پێی سروشــتی ئەم تیــۆرە، وەک پرســێکی هەســتیار مامەڵــەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو کێشــە چ لە چوارچێوەی ئاشــتکردنەوەی جیهان و گەلانی ناکۆک و چ وەک کەمینەش مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ریشەی ئــەو پرەنســیبانەی بــە هۆیەوە مامەڵەشــی پێــدەکات لــە ریکەوتننامــە نێودەوڵەتیــەکان و پەیماننامەکانــی تایبــەت بــە نەتــەوە یەکگرتووەکان و ریکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە وەردەگرێت. کەواتە سروشتی مامەڵەی میدیا لە ســایەی تیــۆری بەرپرســیاریەتی جیهانی لەگەڵ کەمینەکان، سروشتێکی مرۆییە، بەلاّم ئاخۆ میدیای کوردی کامــە تیۆریای کردۆتە پۆشاکی خۆی، ئەمە پرسیارێکە دۆسییەکە لە ژمارەکانی داهاتووی وەلاّمی دەداتەوە.

هەوالّنامەی کتێب

# تیۆرەکانی راگەیاندنی سیاسیی

د.حەبیب کەرکووکی*

**یەکەم:**

**تیۆری بۆشایی زانین Knowledge Gap:**

مێژووی تیۆری بۆشایی زانین دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیاری (**تیچینۆر**) و (**ئۆلاین**) مامۆستایانی زانکۆی مینیسۆتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بۆ یەکەمجار پێشبینییان کرد هەموو تاکەکانی ناو کومەڵگا، وەکو یەک زانیاری بەدەست ناهێنن، چونکە هەرچەندە ئاستی زانستی و رۆشنبیرییان بەرز بێت، ئەوەندە زیاتر سوود لە پەیامە زانستی و رۆشنبیرییەکانی دەزگاکانی راگەیاندن وەرناگرن.

ئەو جیاوازییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، لەئاستی زانستی و رۆشنبیرییەوە دابەشیان دەکات بۆ دوو کۆمەڵ:

- تاکەکانی کۆمەڵگا کە ئاستی رۆشنبیریان بەرزە.
- تاکەکانی کۆمەڵگا کە ئاستی رۆشنبیریان نزمە.

کۆمەڵی یەکەم زیاتر لەو پەیامانە سوودمەند دەبێ کە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەگوازرێتەوە، بەپێچەوانەی گرووپی دووەم کە کەمترە، بەهۆی تێنەگەیشتنی زۆربەی پەیامەکان، بۆیە کۆمەڵی یەکەم ئاستی بەرزتر دەبێ، بەڵام ئاستی کۆمەڵی دووەم بە هەمان رێژە بەرز نابێ. هەروەها یەکەم کۆمەڵ بەردەوام لە گەڕاندان بۆ زانیاری نوێ، چونکە رۆشنبیران بەردەوام وەک خۆراک پێویستیان بە زانیارییە، هەرچی کۆمەڵی دووەمە تووشی دڵەڕاوکێی بەدەستهێنانی زانیاری نابێ، چونکە وەکو خەوتوو وان و کاتێک هەست بە نەبوونی زانیاری دەکەن، تووشی دڵەراوکێ نابن.

**گریمانەکانی تیۆرەکە:**

- ئەو زانیاریانەی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ خەڵک دەیگوازنەوە، بۆشایی لەنێوان کەسەکان دروست دەکات.
- ئەو کەسانەی رۆشنبیرن زیاتر سوود لە زانیارییەکان وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی رۆشنبیر نین (**نەخوێندەوارن**) یاخود ئاستی رۆشنبیرییان نزمە، سوود لە زۆربەی

زانیارییەکان وەرناگرن.

ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لە بەدیهێنانی بۆشـایی زانین هەیە:
- **جـۆری بابـەت:** توێژینـەوەکان ئامـاژە بەوە دەکـەن، ئەو بۆشاییە زیاتر لە بابەتە زانستییەکاندا سەرهەڵدەدات.
- **جـۆری ئامـراز:** (**تیچینـۆر**) ئامـاژە بـە رۆڵـی رۆژنامەو گۆڤار دەکات لە دروسـتبوونی بۆشـایی زانین، چونکە تەنها خوێندەوارەکان لەو دوو ئامرازانە سوودمەند دەبن.
- **رێژەی بایەخدان:** کەسەکان لە رێژەی بایەخدان بە بابەتەکان جیـاوازن، هەرچەندە بابەتەکان لـە نێوان خەڵکێکی زۆر جێی بایەخ بن، بۆشاییەکە کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بایەخدان بەو بابەتـە تەنها لەلایەن خەڵکێکی کەمەوە بێت، ئەوا بۆشـاییەکە زیاد دەکات.
- **ئاسـتی زانین:** ئەو بۆشـاییە کاتێک روودەدات کە زانیاری خەڵک لەسـەر ئەو بابەتانە یەکسـان نەبێ، واتە رێژەیەک لە تاکەکان زانیـاری زۆر پێیەو رێژەیەکیتر زانیاری کەمی پێیە، بەڵام دوو جۆرە زانین هەیە، زانینی قووڵ و زانینی رووکەش، جۆری یەکەمیان تەنها لای ئەو کەسـانە دەبێ کە رۆشنبیرن، بەڵام جۆری دووەم لای خەڵکی سادەیە.

تیۆری بۆشـایی زانین پەیوەندی بە راگەیاندنی سیاسـی Political Communicationیـەوە هەیە، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکانـدا، چونکە لە بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا پەیامی دەزگاکانـی راگەیاندن تەنیـا پڕوپاگەندە نییـە، بەڵکو هەندێ پەیام بۆ ئامانجی هۆشـیارکردنەوەی دەنگدەرەکانیش پەخش دەکرێ، وەکو: چۆنێتی دەنگدان، روونکردنەوەی فەلسـەفەی مافی دەنگدان، جۆرەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، چۆنێتی دیاریکردنـی نوێنـەر، ئەژمارکردنی رێـژەی دەنگەکان، جگە لەوە دەیان زانیاری سـەبارەت بە دروسـتکردنی حکومەت و پەرلەمان و رۆڵی حزبەکان لە هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردنی سیاسـی. بۆیـە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا کە ئاسـتی زانسـتی و رۆشـنبیریان بەرزە، لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا سـوودمەند دەبن و نوێنەرانی گونجاوی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەو تاکانەی ئاسـتی رۆشـنبیریان نزمـە، بە رێژەیەکی کـەم لـە پرۆسـەی هۆشـیاریکردنەوەدا سـوودمەند دەبن، بۆیـە زۆرجار لە هەڵبژاردنـدا دەکەونە ژێر باری کاریگەریی سۆزەوە.

> **لـە بـانـگـەشـەی هـەڵـبـژاردنـدا پەیامی دەزگـاکـانـی راگەیاندن تەنیا پڕوپاگەندە نییە، بەڵکو هەندێ پەیام بۆ ئامانجی هۆشیارکردنەوەی دەنـگـدەرەکـانـیـش پەخش دەکرێ.**

**دووەم:**

**تیۆری پاسەوانی دەرگا** Gate Keeper:

(**کێرت لیوین**) یەکەم کەس بوو چەمکی (**پاسەوانی دەرگا**)

هەواڵنامەی دیکێ

ی بۆ وەسفکردنی هاوسەرەکەی و دایکی بەکارهێنا، کە تاکە کەس بوون بڕیار بدەن سەبارەت بە جۆری ئەو خواردنەی خێزانەکەی بیخوات. کێرت دەڵێ: بابەتەکانی راگەیاندن لە ئامادەکردنیان بۆ بڵاوکردنەوە، بە کۆمەڵێک فلتەردا تێ دەپەڕن، پاسەوان ئەو کەسەیە کە رێگە دەدات بەوەی دەیەوێ بێتە ژوورەوە یاخود بڕواتە دەرەوە، لە شوێنێکی دیاریکراودا.

لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو (**برێد، کارتەر، ستارک، جیبر، جاد، وایت**) کۆمەڵێک توێژینەوەیان ئەنجامدا، بۆ دیاریکردنی لایەنە سەرەکییەکانی پاسەوانی دەرگا، لەرێگەی لێکۆڵینەوەی ژووری هەواڵ بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و رۆڵی راگەیاندنکارەکان لە رێپێدان بەو هەواڵانە کە بڵاو بێتەوە یاخود بڵاو نەبێتەوە.

(**دێڤید بەرلۆ**) کۆمەڵێک مەرجی دیاری کرد کە دەبێ لە نێرەردا هەبێ، لەوانە: تواناو لێهاتوویی گەیاندن: خوێندن، بیستن، بینین، نووسین، قسەکردن و توانای بیرکردنەوە.

ئاراستەکانی نێرەر، بریتییە لە سێ ئاراستە: ئاراستەیەک سەبارەت بە خۆی، ئاراستەیەک سەبارەت بە بابەتەکە، هەروەها ئاراستەیەک سەبارەت بە جەماوەر.

ئاستی زانینی نێرەرو پسپۆڕیبوونی لە بابەتەکەدا، شوێنی نێرەر لە سیستەمی راگەیاندندا دەگرێتەوە. بەڵام (**ئەلکسس تان**) سێ هۆکاری دیاری کرد بۆئەوەی کاریگەریی نێرەر زیاتر بێ: (**راستگۆیی، سەرنجراکێشی، دەسەڵات**). ئەم توێژینەوانە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، پەیامە جەماوەرییەکان تا دەگاتە وەرگر کۆمەڵێک قۆناغ دەبڕێ.

> **ئاستی زانینی نێرەرو پسپۆڕیبوونی لە بابەتەکەدا، شوێنی نێرەر لە سیستەمی راگەیاندندا دەگرێتەوە. بەڵام (ئەلکسس تان) سێ هۆکاری دیاری کرد بۆئەوەی کاریگەریی نێرەر زیاتر بێ: (راستگۆیی، سەرنجراکێشی، دەسەڵات).**

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پاسەوانی دەرگا هەیە:

**١. پێوەرەکانی کۆمەڵگاو بەهاو نەریتەکانی:**

سیستەمی کۆمەڵایەتی کە دەزگاکانی راگەیاندن تیایدا کار دەکەن، لەچوارچێوەی هۆکارێکی سەرەکییە، چونکە هەر سیستەمێک کۆمەڵێ بەهاو دابونەریت دەگرێتەخۆ، بۆیە راگەیاندنکار هەندێ رووداوو بابەت بڵاو ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەکەڵ بەهاکانی ئەم سیستەمەدا ناگونجێت.

**٢. پێوەرە خۆییەکان کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و فێرکردن:**

تایبەتمەندییە کەسییەکانی راگەیاندنکاران رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە مومارەسەکردنی رۆڵی پاسەوانی دەرگا، وەکو: رەگەز، تەمەن، داهات، چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی زانیاری، لایەنگری فیکری هەروەها هەستکردن بە خۆکردن.

**٣. پێوەرە پیشەییەکان:**

لـە هەموو دەزگاکانـی راگەیاندندا، راگەیاندنکار تووشـی فشار دەبێ، کە کاریگەریی لەسەر کارەکەی دەبێ، لەوانە:

**أ. سیاسەتی راگەیاندنی دەزگاکە:** دوو جۆر فشار دەگرێتەخۆ، یەکەمیـان ناوخۆییـە وەکـو سیسـتەمی ئیـداری، فشـاری بەرهەمهێنـان. دووەمیـان دەرەکییـە وەکو بوونـی دەزگای رکابەر.

**ب. سـەرچاوەکانی هەواڵ:** زۆربەی توێژینەوە زانسـتییەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە راگەیاندنکار ناتوانێ لە سەرچاوەکانی هـەواڵ بێلایەن بێت، بۆیە کاریگەریی سـەرچاوەکانی هەواڵ لەسەر بەهاکانی هەواڵ لەم خاڵانەدا دیاری دەکرێ:

- ئاژانسـەکانی هەواڵ سـەرنجی زۆربەی راگەیاندنکاران بۆ هەندێ بابەت رادەکێشێت.
- ئاژانسـەکانی هەواڵ کاریگەرییان لەسـەر هەڵسـەنگاندنی بەرپرسی بەشەکان (**لاپەڕەکان**) بۆ پەیامنێرەکانیان هەیە.
- ئاژانسـەکانی هـەواڵ کاریگەرییـان لەسـەر دابەشـکردنی پەیامنێرەکان لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەیە.

**ج. پەیوەندی کارو فشـار:** توێژەرەکان کۆکن لەسـەر ئەوەی پەیوەندی کار کاریگەریی لەسـەر راگەیاندنکاران هەیە، بۆیە دابەش دەبنە سەر چەند کۆمەڵێک کە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا دروسـت دەبـێ، ناوی پەیوەندی سـەرەتاییە، بۆیـە تەنانەت مامەڵەکردنـی لەگەڵ جیهانی دەرەکی لەڕێگەی هەسـتکردنی بەکۆمەڵ دەبێت.

**توێـژەرەکان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی پەیوەنـدی کار کاریگەریـی لەسـەر راگەیاندنکاران هەیە، بۆیە دابـەش دەبنە سـەر چەند کۆمەڵێک کە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا دروسـت دەبێ، ناوی پەیوەندی سەرەتاییە.**

**٤. پێوەری جەماوەر:**

(ئیسـێل و دی سۆلاو شۆلمان) هەر سێ توێژەری بواری راگەیاندن دەڵێن: جەماوەر کاریگەری بەسەر راگەیاندنکارانەوە هەیـە، هەروەها ئـەو پەیامانەی راگەیاندنـکار دەیگوازێتەوە، تارادەیەک پێشـبینی دەنگدانەوەکـەی دەکات و وێنەی هزری راگەیاندنکاران لەسـەر جەماوەر کاریگەریی لەسـەر جۆری هەواڵەکان هەیە.

تیۆری پاسەوانی دەرگا لەچەند لایەنێکدا پەیوەندی لەگەڵ راگەیاندنی سیاسی هەیە، چونکە پاسەوانی دەرگا ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە لەگەڵ سیاسەتی دەزگاکە یەکدەگرێتەوە.

**سێیەم:**

**تیۆری ئەجیندا سیتینگ** Agenda Setting:

ئەم تیۆرە باس لە کاریگەریی ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر جەماوەر دەکات، لەڕێگەی پەخشـکردنی زانیاری سـەبارەت بـەو رووداوانەی لای جەماوەری ئەو ئامرازانە جێی بایەخن.

هەواڵنامەی کتێب

ئەجیندا سیتینگ لەساڵی ١٩٧٢ وەک تیۆر لەلایەن ماکۆمبس McCombs و دۆناڵد شۆ D. Show سەریهەڵدا، هەروەها لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن فانکهۆسەرG. R. Fankhouser بەکارهێنراوە بۆ تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان رووماڵکردنی هەواڵی و رێکخستنی ئەجیندای رۆژنامەکان لەلایەک و ئەو بابەتە گرنگانە کە لای جەماوەر جێی بایەخە لەلایەکیترەوە. ماکۆمبس و دۆناڵد شۆ لێکۆڵینەوەکەی چاپڵ هیڵ Chapel Hill یان سەلماند، کە لەنێوان ئەجیندەی ئامرازەکانی راگەیاندن و ئەجیندەکانی جەماوەر پەیوەندییەکی بەهێزی دۆزییەوە.

هەردوو توێژەر (**لانج و لانج**) دەڵین، پرۆسەی دروستکردنی ئەجیندا بە شەش قۆناغدا تێدەپەڕێ:

- راگەیاندن بایەخ بە هەندێ رووداو دەدات.
- هەندێ لەم حاڵەتانە رووماڵکردنی زیاتری دەوێ، بۆئەوەی جێی بایەخ بێت.
- دانانی ئەو حاڵەت و بابەتانە لە چوارچێوەیەک کە جەماوەر بە ئاسانی لێی تێ بگات.
- ئەو زمانە لە راگەیاندن بەکاردەهێنرێت، کاریگەریی لەسەر بۆچوونەکانی جەماوەر دروست دەکات.
- دەزگاکانی راگەیاندن پەیوەندی نێوان ئەو رووداوانەو هەندێ هێمای لاوەکی لە نەخشەی سیاسیدا دروست دەکات.
- ئەجیندا بەخێرا دروست دەکرێ و، خێراتر دەبێ ئەگەر هەندێ کەسی راستگۆ لەسەر بابەتەکە بدوێن.

ئەم تیۆرە لەکاتی هەڵبژاردن بەتایبەتی روون دەبێتەوە، کاتێ لایەنە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ئەجیندای دەنگدەرەکان رێک بخەن لەرێگەی سەرنجراکێشانیان بۆ گرنگترین بابەتەکان لە روانگەی ئەوانەوە (**حزب و لیستە سیاسی و کاندیدەکان**)و، ورووژاندنی کومەڵێ بابەتی لەبیرچوو کە لای خەڵک نیمچە ئاسایی بۆتەوە.

> **تیۆری بەکارهێنان و تێربوون** Uses And Gratification:
> **ئەم تیۆرە لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە باس دەکرێ، بۆئەوەی بزانرێ خەڵک ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ تێربوونی چ ئارەزوویەک لە ناخی بەکاردەهێنێت.**

**چوارەم:**

**تیۆری بەکارهێنان و تێربوون** Uses And Gratification:

ئەم تیۆرە لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە باس دەکرێ، بۆئەوەی بزانرێ خەڵک ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ تێربوونی چ ئارەزوویەک لە ناخی بەکاردەهێنێت. ئەم تیۆرە لە جەماوەری ئامرازەکانی راگەیاندن دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ئەو تاکانە کە راگەیاندن بۆ تێرکردن پێداویستییە دەروونییەکانیان بەکاردەهێنن.

بەپێی ئەم تیۆرە «**هەموو ناوڕۆکی ئامرازەکانی راگەیاندن کاریگەریی لەسەر جەماوەر نابێ، بەرادەیەک کە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەو رەفتاری جەماوەر بکات، بەڵکو جەماوەر بڕیار**

**دەدات سەبارەت بە بەکارهێنانی چ ئامرازێک دواتر بۆ تێرکردنی چ پێداویستییەکی دەروونی».**

ئەو زانایانە کە لەم تیۆرەیان کۆڵیوەتەوە هیچ پرسیارێکیان سەبارەت بە کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەکردووە، وەکو: ئایا ڕاگەیاندن کاریگەری بەسەر جەماوەر دروست دەکات؟ بۆیە بەم پرسیارەیان گۆڕی: جەماوەر چ ناوەڕۆکێک بەکاردەهێنێت؟

ئەو زانایانە هەندێ بواریان دۆزییەوە، کە جەماوەر سەبارەت بەوان ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێت:

- بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە ژینگەی کۆمەڵایەتی.
- کات بەسەربردن.
- سازدانی گفتوگۆ بۆئەوەی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بەو بابەتانە دروست بکرێت.
- پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی بەستنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بەیەکەوە.

لەساڵی ١٩٤٤ (هێرتا هێرزج) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا سەبارەت بە هۆکارەکانی تەماشاکردنی دراما تەلەفزیۆنییەکان و لەڕێگەی بەدەستهێنانی داتاکان، تێربوونەکانی پۆلێن کرد بۆ:

**– تێربوونی سۆز:**

بایەخ بە ئازادکردنی سۆزو هەستەکان دەدات.

**– تێربوونی دەروونی:**

لەڕێگەی هەستکردن بە ڕازی بوون.

**– تێربوونی زانین:**

لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڕووداو و پرسە سیاسییەکان.

لەساڵی ١٩٤٥ بەهۆی مانگرتنی کرێکارەکانی دابەشکردنی ڕۆژنامەکان، پێنج ڕۆژنامەی ئەمریکایی لەشاری نیویۆرک ڕاوەستان، بۆیە بێرلسۆن B. Berlson سەبارەت بەو بابەتانە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، کە خوێنەر لەو ماوەیەدا چاوەڕێی خوێندنەوەی کردووە.

لەساڵی ١٩٤٩ وۆلف و فسک Wolf & Fiske دیراسەتی بەکارهێنانی منداڵیان کردووە بۆ کۆمیدیای منداڵ و بۆ ئەم جۆرە کۆمیدیایە سێ ئەرکیان دیاری کردووە: ئەرکی فراوانکردنی خەیاڵ، ئەرکی پێشکەشکردنی نموونەی پاڵەوان، هەروەها پێشکەشکردنی زانیاری سەبارەت بە واقیع.

*** مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ئەدەبیات / زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر**

**سەرچاوەکان:**

**١. د.محمد عبدالحميد، نظريات الاتصال واتجاهات التأثير، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٤.**
**٢. د.عاطف عدلي العبد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٢.**
**٣. د.محمد سعود البشر، الاتصال السياسي، الرياض، ١٩٩٩.**

# ڕۆڵ و بایەخی پلاندانان
# لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا

سادق حەمەغەریب*

دەزگاکانی راگەیاندن لەم چەرخەدا، بە جیاوازی ئاراستەی کارکردن و جیاوازیانەوە لە ڕووی جۆرو ئەو ئەرکەی رایدەپەڕێنن، لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە پلان وکارگێرییەکی بە هێزو زانستی و ئەکادیمی یەوە هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان چونکە جیهان ئێستا رووبەڕووی گۆرانکاری و گرفت و ڕکابەری زۆرو هەمان کات ئامانج و داواکاری بووەتەوە، ئامرازەکانی راگەیاندن پێویستییان بە بیری نوێ و ئامانجی نوێ و پرۆگرامی نوێ و ئیدارەی نوێ و پلانی نوێ هەیە، هەتاوەکو بتوانن لە ئاست هەرچی باشتر راپەراندنی ئەرکەکانیدا بێت لە چەرخی راگەیاندنی بە جیهانیبوودا.کە بە چەرخی زانیارییەکان ناسراوەو لە گرنگترین سیماکانی ئەم چەرخە لە دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای راگەیاندن و پەیوەندیکردن دا،دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

- شۆڕشی زانیارییەکان و پەیوەندیکردن.
- رۆشنبیری جیهانی و سنوور بەزێن و بێ سنور.
- داهێنان و پێشکەوتنی بەردەوام.
- پسپۆڕێتی ورد و جۆرایەتی بەدیهاتن لەسەرجەم بوارەکاندا.
- گرنگیدان بە چۆنێتی بەسەر چەندێتی دا.
- ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان و بوارەکان.
- پەرەسەندنی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییەکان.
- رکابەری و ململانێی سەخت لە نێوان کۆمپانیاو دام و دەزگاکان دا لەپێناو مانەوەدا.
- دارمانی خێرایی کۆمپانیاکان و هەرەسهێنانی سیستەم و بیرو ئایدۆلۆژیا لاوازەکان.
- گرنگیدانی زیاتر بە کاری گروپی وسستبوون و لاوازبوونی کاری تاکڕەوانە.
- چەرخی گەیشتنی خێرایە بە زانیارییەکان و خێرایی لە بڵاوکردنەوەیاندا.
- گرنگی دان بە گەشەپێدانی مرۆیی.

کەواتە سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم ئەو سیمایانەی زەمەنی نوێ و چەندین سیماو تایبەتمەندی تریش هەوڵ بدەن بۆ ئیدارەو پلانێکی سەرکەوتوو هەتا وەکو بتوانن بە ئەرکی سەرەکی خۆیان رابن.

کارگێڕی و پلان و پراکتیزەکردنیان لە دام و دەزگاکانی راگەیاندندا بە شێوە زانستی و ئەکادیمییەکەی مێژووییەکی دووری نیە،ئەویش لەبەر نوێ بوونی دەزگاکانی راگەیاندن، لە

کاتێک دا کە سیما پێشکەوتووەکانی چەرخی رابردوو هەزارەی سێهەم دەرهاویشتەی گەشەکردنی خێرای ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردنن، پێویستە کارگێری و پلان وەک سەرجەم دام و دەزگا زانستییەکانی کە لە دەزگا میدیاییەکانیش دا گرنگییەکی زۆریان پێ بدرێت لە سۆنگەی چەند لێکچوونێکی نێوانیانەوە وەک:

١- هەموو دەزگایەک بەوە دەناسرێتەوە کە چالاکییەکی دینامیکی لە نێوان بەش و پێکهاتە جیاوازو بنەرتییەکانیدا هەیە،کرداری کارگێری و پلانیش لە دەزگا رۆژنامەوانییەکان دا وەک چالاکییەک بریتییە لە پێکهاتەیەکی گەورەو چەند رەهەند و چەندین لق و بەشی جیاواز، کە پێویستە کارلێکێکی گەورەو بەردەوامی دینامیکی لە نێوانیان دا هەبێت.بۆیە دەزگاکانی راگەیاندنیش پێویستییان بە ستراتیج و پلان هەیە.

٢- هەموو دەزگایەک بەوە دەناسرێتەوە کە کارلێکێکی بەردەوامی لەگەڵ ژینگەی کارکردنەکەیدا هەیەو پێویستی بە پلانێکی زانستییە بۆ گونجان و کارکردن تیایدا، دەزگا رۆژنامەوانییەکانیش پێویستە کارلێکێکی بەردەوامیان لە گەڵ ژینگە جیاوازەکانی کارکردنیاندا هەبێت وەک (**سیاسی- ئابووری- کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری...هتد**)، بێگومان ئەو کارلێکەش کاردانەوەی لە شێوازی کارایی و کاریگەری ژینگە جیاوازەکانی کاری دەزگاکانی راگەیاندندا دەبێت بوونی پلانێکی تۆکمەش بۆ ئەو مەبەستە پێویستە.

٣-گەشەکردن و پێشکەوتن،لە سیما دیارەکانی هەموو دەزگایەکی سەرکەوتووە،کە سیستمێکی کارگێری بەهێز پەیرەو دەکەن،وە بە فاکتەری سەرەکی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان داناوە،لەبەرئەوەی کە دەزگاکانی راگەیاندنیش لەم چەرخەدا پێویستیان بە گەشەکردن و پێشکەوتنی بەردەوام هەیە لەبەرئەوە پێویستە بەهەمان شێوە،پەیرەوی سیستمێکی ئیداری و پلانێکی زانستی بکەن.

٤- ئاڵوگۆری زانیارییەکان لە نێوان بەشەکانی دام و دەزگاکاندا زەرورەتێکی ئەمڕۆییەو پێویستە بەردەوام پەیوەندی زانیاریان بەیەکەوە هەبێت،ئەو زەرورەتە بۆ دام و دەزگاکانی راگەیاندن چەندین بەرامبەرە لە کاتێکدا خودی ئامرازەکانی راگەیاندن و بەشەکانی ئەرکی سەرەکیان بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیارییە.

٥- دام ودەزگا نامیدیاییەکان بە گشتی توانایەکی زۆریان هەیە لە هەستکردن و دەرک کردنی گۆڕانکارییە ژینگەییەکانی دەوروبەردا،ئەو سیفەتەی کەبۆ دەزگاکانی راگەیاندن زۆر زەرورە بە تایبەتی لە کاتی کێشەو رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا و چۆنێتی هەڵسوکەوتی دەزگاکانی راگەیاندن و راگەیاندنکاران لە گەڵیان دا،لەبەر ئەوە پلانێکی فرە رەهەند کە تایبەتمەندی توانای گۆڕانکاری هەنووکەیی و نەرمی تێدا رەچاوکرابێ بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن زۆر پێویستە،هەتاوەک و توانای رووبەڕووبوونەوەی هەر گۆڕانکارییەکی لە ناکاویان هەبێت.

### سوودی کارگێری بۆ دام و دەزگاکانی راگەیاندن

هیچ دام ودەزگایەک بە بێ کارگێرییەکی سەرکەوتوو ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، لەو روانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین سوودەکانی کارگێری بکەین بۆ دام ودەزگاکانی راگەیاندن:

١/ دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامانجانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن و هەروەها ئەو گرفتانەی کە پێویستە چارەسەریان بۆ دابنرێت.

٢/ رێکخستنی کارو ئەرک و چالاکی سەرجەم بەشەکان و دیاریکردنی ئەرک و مافی کارمەندان و هەروەها رێکخستنی زانستی پەیکەری دامودەزگاکان خۆیان.

٣/ ئاراستەکردنی چۆنێتی کارکردنی سەرجەم بەشەکان و جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەرکەکان.

٤/ چاودێری کردنی وردی دامودەزگاکان و

دەستنیشــانکردنی خاڵە لاوازو بە هێزەکان و هەوڵدان بۆ کارکردنی هەرچی باشترلە پێناو نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان.

٥/ هەوڵدانــی بەردەوام بۆ بەرەوپێشــبردنی دامــو دەزگاکان لــە ڕووی ئــەداو ئــەرک و فەرمانەکانیان و هەروەها چۆنێتی و چەندێتی ئەو ئەرک و مافانە.

٦/ دەرکردنــی بڕیــاری گونجــاو لــە کات و شــوێنی گونجــاو و دیاریکردنــی چاکتریــن جێگرەوە (**بدیل**)، هەروەها دەرکردنی بڕیاری خێرا لە دۆزە تایبەتییەکاندا.

٧/ بەهێزکردنــی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی گۆرانکارییــەکان و ئاراســتەکردنی پەیامــی ڕاگەیاندن لە کاتی تەنگژەو ڕووداوەکاندا.

**ستراتیژییەت چەمک و سەرهەڵدان**

چەمکی ســتراتیژیەت وەک هەر چەمکێکی تــری بــواری زانســتە مرۆییەکان پێناســەی زۆرو جیاوازی بۆ کراوە، زانایان و پسپۆرانی بــواری کارگێــری نەیانتوانیوە پێناســەیەکی یەکگرتــوو و گشــتگیر بۆ دیــاری بکەن،بۆیە پێناسە گەلێکی جیاوازی بۆ کراوە وەک.

ئالفریــد شــاندلر جونیــوری ئەمریکــی (١٩١٨-٢٠٠٧)،کــە خاوەنــی ٢٥ کتێبــە لــە بوارەکانــی مێــژووی کارگێڕی و سیاســەت و ڕۆژنامەگەری ســەربازیدا، لە ساڵی ١٩٨٨ (**ستراتیژیەت: بریتییە لە هەوڵی کۆمپانیاو دامو دەزگا و ڕێکخراوەکان بۆ دیاریکردنی ئامانج و خواســتەکانیان بۆ زەمەنێکی درێژ خایەن، هــاوکات لەگــەڵ بەکارهێنــان و تایبەتکردنی توانا ماددی ومرۆییەکان بۆ ئەم مەبەستە**).

هەوڵی دەزگاکان + دیاریکردنی ئامانج + دیاریکردنی کاتیکی درێژخایەن + دیاریکردنی توانای مادی ومرۆیی

زانــای بەناوبانگ Phelep Selzinc)) بــەم شــێوەیە ســتراتیژیەت پێناســە دەکات: (**ســتراتیژیەت بریتییــە لــە پــلان و چالاکــی ڕێکخراوو دامودەزگاکان کە بە شێوەیەک ڕێک دەخرێن،بتوانن هاوســەنگیەک لە نێوان پەیام و ئامانجــی دیاریکراویانــداو ئــەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات بەرجەستە بکات**).

**مێژووی چەمکی ستراتیژیەت:**

ســاڵی ١٩٦٢ زانایی بەناوبانگ (**شاندلر**) وەک یەکەمیــن زانایــی هاوچەرخــی بــواری کارگێــڕی، لــە کتێبێکدابــە نــاوی (**دەســتە درەوشــاوەکان: شۆڕشــی کارگێڕی لە یەکە کاریەکانــی ئەمریکادا**)کــە هــەردوو خەڵاتی جیهانی (**پولیتزەر**) و (**بانکروفت**) ی لەســەر وەرگرت توانی چوارچێوەی تەنزیمی کۆمپانیا زەبەلەحەکان لە ئەمریکا دیاری بکات و چوار جــۆر ســتراتیژی بۆ گەشــەو پێشــکەوتنیان دیاری بخاتەڕوو

لە ساڵی ١٩٦٥ زانای بەناو بانگی بواری کارگێڕی (**جان ودورد**)ی مامۆستای زانکۆی ئشــتون لە ئەمریــکا توانی پەیوەنــدی نێوان گۆرانکاریــە کارگێرییــەکان و تەکنۆلۆژیــای ســتراتیژییەتدا دروســت بکات و بەو پێیەش ڕۆڵ و کاریگەریــی ســتراتیژیەت زیاتــر بەرجەستە بکات.

لەســاڵی ١٩٨٥ زانایــی بەنــاو بانگــی ئەمریکایــی (**ئەومایــا**)، لــە کتێبێکــدا بەناوی (**بیری ستراتیژی**) توانی بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی پێناســەو واتای پلانی ستراتیژی ڕوون کاتەوە و بەیەکەم لێکۆلینەوەی زانستی پێشکەوتوو لەو بوارەدا دێتە ئەژمار.

جۆن ئۆمپســون ســاڵی ١٩٩١ لەبارەی گەشــەپێدانی هۆشــیاری ســتراتیژییەوە توانــی تیۆرییەکــەی خــۆی بخاتــە ڕوو لەبــارەی دیاریکردنــی گۆرانکاری گشــتگیر لەڕێکخراوەکانــدا، کەپەیوەســت بــوو بــە داڕشــتنەوەی ســتراتیژیەت.بە شــێوازێکی نوێ لە بارەی دیاریکردنی ئاراســتەو ڕێگایی گەیشتن بە ئامانجەکان کە تیۆریەکەی تەئکید دەکاتــەوە لەســەر ئــەوەی کــە ڕکابــەری و کارکردنــی ئەکتیــڤ و داهێنان لە ســێ بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی سەرکەوتوون.

لینشــی ئوهامی و چەند مامۆســتایەکی تــری بــواری کارگێڕی هەر ســاڵی ١٩٩١ لە کتێبێکدا بە ناوی (**ســتراتیژییەت**)، چەند بنەما واتایەکی نوێیان بۆ ستراتیژییەت خستەڕوو،

تیایدا زیاتر تەرکیزیان لە سەرکڕیارو کاڵاو نرخ بوو وەک سێ رەگەزی سەرەکی ستراتیژییەتی سەرجەم دام و دەزگاکان.

ساڵی ١٩٩٢ مامۆستای زانکۆی کالیفۆرنیا لە لێکۆڵینەوەیەکیدا رەخنەی توندی لەکۆمپانیا فرەڕەگەزەکان گرت کە چۆن نەیانتوانیوە ستراتیژییەتی چەرخی نوێ پەیڕەو بکەن لەوانەش کۆمپانیاکانی وەک: **(کۆکا کۆلا- ماکدۆناڵد – ڤۆلکس واگن)**، بیری نوێی لە بارەی ستراتیژییەت و پلانەوە لە زەمەنی شۆڕشی زانیاریەکاندا خستە روو.وەک ئاڵوگۆڕی پەیوەندی خێرا لە نێوان پێکهاتەو بەشەکان و کەمکردنەوەی بڕی تێچوون تا ئەوپەڕی توانا، بەرزکردنەوەی ئاستی کاری زانستی و ئەکادیمی و دڵسۆزی لە راپەراندنی ئەرکەکان دا.

دواتر زانایانی زۆر لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دا تا ئەو رادەیەی کە ئەمڕۆ هیچ دەزگایەک بەبێ ستراتیژ وپلان ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و راگەیاندنیش لەو راستییە بەدەر نیە بۆیە دەڵێین:

**(ستراتیژ و پلان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن وەک ئێسکەپەیکەروایە بۆ لەشی مرۆڤ).**

### تایبەتمەندییەکانی پلانی ستراتیژی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن

پلانی ستراتیژی بریتی یە لە کرداری ئاگاداربوونی بەرپرسان و بەڕێوەبەران و سەرکردەکان لە ئامانج و مەبەستەکانیان ودیاریکردنی ئامرازو هۆکارەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەو خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ سەرجەم ڕەهەند و توانا ماددی و مرۆییەکان و ڕێکخستن و ئاراستەکردنیان بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاریکراوەکان لەچوارچێوەی پلانێکی ستراتیژیدا.

یاخود پلانی ستراتیژی ئامرازێکی کارگێرییە،بە مەبەستێکی ئامانجدارو دیاریکراو هەرچی باشتر ڕاپەراندنی کارەکان لە دامودەزگاکاندا،هەروەها یەکخستنی تواناکان بۆ ئەو مەبەستە و بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان.

**"پلانی ستراتیژی بریتی یە لە کرداری ئاگاداربوونی بەرپرسان و بەڕێوەبەران و سەرکردەکان لە ئامانج و مەبەستەکانیان"**

### تایبەتمەندییەکانی پلانی ستراتیژی

-کردارێکی پلاندانانی ستراتیژییە،کە چاکترین جێگرەوەیە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان دەستنیشان دەکات و گونجاوترین وەڵامی کرداری بۆ گۆرانکارییەکان دیاری دەکات.

- پلاندانانی ستراتیژی کردارێکی زانستی و ریکخراوەو خالێکی ئەکادیمی پەیڕەو دەکات،کە پشت بە زانیاری و داتای ورد دەبەستێت.

- پلانــی ســتراتیژی گرنگــی بەئاینده دەدات واتە ئاراســتەی ئایندەو ئیدارەکردنی ئاراســتە دەکات و ڕاســپاردەو بڕیاری گونجاو بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکات.
- پلانی ســتراتیژی ئامرازێکە بۆ بیرکردنــەوەو کارکردن بۆ گۆڕینــی کارێکــی دیاریکراو بــەرەو باشــتر، وەک ئەرکێکی کارگێری مەبەســتی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، بۆ ئەم مەبەستە کورتریــن ڕێگا.کەمترین کات کەمترین بڕی تێچوون دەگرێتە بــەرو زیاتــر گرنگــی بەســەرکەوتنی ئاینــدە دەدات وخۆی بەمەســەلەو بابەتە لاوەکییەکانی ئەمڕۆوە ســەرگەرم ناکات، چوارچێوەیەکــی زەمەنی بــۆ دەرچوون لە دۆخــی نالەباری ئێســتاو گەیشتن بە ئایندەیەکی گەشەکردوو دیاری دەکات و پابەنــد دەبێت بە پراکتیزەکردنی هەنــگاوەکان لەو زەمەنەداو زوو خــۆی لــە گرفتەکان ڕزگار دەکات و چارەســەر دەخاتە بەرچاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
- پلانــی ســتراتیژی کردارێکــی بەردەوامــە، واتــە کارو چالاکییــەکان بــۆ کات و زەمەنێکــی کــورت و دیاریکراو نین و کردارێکــی بــەردەوام و پڕ ئەزموونە، چونکــە کاریگەرییە دەرەکــی و ناوەخۆییــەکان بــەردەوام بوونیــان هەیە کەواتە پلانی ستراتیژی بەردەوام دەبێت حزوری هەبێت و ئامادەیی وەڵامدانەوەی هەر ئەگەرێکی کت وپڕی هەبێت.
- پلانی ستراتیژی چوارچێوەیەکی ستراتیژییە بۆ ئاراستەکردن و ڕێنوێنی کردنی هەنگاوە کارگێرییەکانی ئاینده، وەک دیزاینی پرۆگرامــەکان بــڕی تێچــوون و توانا مــاددی و مرۆییەکان و دانانــی تراکتــۆری گشــتی پرۆگرامــەکان و دیاریکردنــی پێداویستیەکان........).
- پلانی ستراتیجی کردارێکی ئاسان نیە لەئەنجامداندا، چونکە پێویســتی بەهەوڵ و کۆششی زۆر هەیە لەڕووی بیرو ژیری و هەروەها ماددی و دواتر دڵسۆزی ڕاپەڕاندن و پابەند بوون بە بنەماکان و پســپۆڕیەتی و ئەزموون و هۆشــیاری و هێزو توانای ڕووبەڕووبونەوەی ئەگەرەکان.

ئامانــج و گرنگــی پلانــی ســتراتیژی بــۆ دەزگاکانــی ڕاگەیاندن

- هەڵسەنگاندن و وەســف کردنێکی مەنهەجی ژینگەی کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دانانی ســتراتیژیەتێک بۆ کارکردن بە ئاراستەیەکی گونجاو و پێویست بۆ ئەو مەبەستە.
- گەشــەپێدانی تواناکانــی دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن بۆ ئاگادار بوون و لێکۆلینەوە لە هەل و دەرفەتە گونجاوەکان و ســوود لێوەرگرتنیان و چارەسەری کێشەو گرفتەکان.
- بــە هێزکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئاســت دیاریکردنی خاڵــە بە هێزو لاوازەکانداو چۆنیەتی کارکردن بە ئاراســتەی لایەنە ئەرێنیەکان.

**پلانی ســتراتیژی کردارێکی بەردەوامــە، واتــە کارو چالاکییــەکان بــۆ کات و زەمەنێکی کورت و دیاریکراو نین و کردارێکی بەردەوام و پڕ ئەزموونە**

– به هێزکردنی توانای گونجان لەگەڵ ڕووداو گۆرانکارییە چاوەروان نەکراوەکاندا و شکست نەهێنان لە بەرامبەر ئەگەرە نادیارەکاندا.

– فەراهەمکردنی زەمینەیەکی چاکتری ماددی و مرۆیی، بۆ خوێندنەوەی ئایندەو داهاتوو. هەروەها ئاگادار بوون لە پێگەی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

– دارشتنەوەو گەشەپێدانی هاوچەرخانەی پەیام و ئامانجەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێت.

– لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی جەماوەرو هەروەها فەرمانبەرانی خودی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارکردن لەو پێناوەدا،ئەویش بە ڕەنگدانەوەی لە پلانی ستراتیجی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

– کارکردن بۆ بەهێز کردنی لایەنی ئابووری دەزگاکان و دانانی ستراتیژ بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگەی ریکلامی بازرگانییەوە.

– هاوسەنگی دروست کردن و پەیوەندی دروستکردن لە نێوان پەیام و ئامانجەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرژەوەندی جەماوەرو سیاسەت و دەسەڵات.

## تایبەتمەندییەکانی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

**یەکەم: لۆژیکی بوون بوون**

مەبەست لە لۆژیکی بوون بوون بۆ پلانێکی سەرکەوتووی ڕاگەیاندن بریتییە لە:

١- لەبەرچاوگرتنی پێویستی کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی لە قۆناغێکی خراپەوە بۆ قۆناغێکی باشتر، بە هۆیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوەو بوونی پلانێکی سەرکەوتوو بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بنەمایە.

٢- دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕاگەیاندن وئەرکەکانی ئامرازو پرۆگرامەکانی جێبەجێکردنیان هەڵقولاوی خواست و پێداویستیە زانستی و بابەتییەکانی کۆمەڵگە بن، زانستی بەواتای گەشەپێدانی بوارو ڕووگە (بعد)زانستییەکانی کۆمەڵگە لە سەرجەم بوارەکاندا، بابەتی بە واتای زیاتر گرنگیدان بەو بوارو لایەن و ڕووگانەی کە لە زەمەنی ئایندەدا زیاتر سوودیان بۆ کۆمەڵگە هەیە.

٣- دیاریکردنی ئامانجەکان لە ئاست توانا ماددی و مرۆییەکاندا بن و لە سنوری تواناکاندا دابرێژرێن،هەتاوەکو بتوانرێت جێ بەجێ بکرێن.

٤- کات وماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی هەر ئامانجێک گونجاو بێت لەگەڵ توانا ماددی و مرۆییەکاندا، واتە بتوانرێت کە لە ماوەی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت.

٥- پلانەکە پێداویستییەکانی بەردەوامی و توانایی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی تیادا فەراهەم کرابێت لە ڕووی تیۆری و لۆجستییەوە.

**دووەم: گشتگیری بە واتای**

١- سەرجەم چالاکییە میدیاییەکان لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیدا پەیوەندییەکی تۆکمەو یەکتر تەواوکردنیان پێویستە بەیەکەوە هەبێت، چونکە هیچ پلانێک سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر تەنها پشت بە کۆمەڵێک چالاکی دیاریکراو ببەستێت.

٢- پلانی گشتگیر کاردانەوەی ئارەزووی گەشەپێدان بێت بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەش لە پێناوی هەر چی باشتر خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا، دامەزراندنی بەش و ئەنجامدانی کارێک و پارە بۆ تەرخان کردنی بە بێ پێویست،بێجگە لە بەفیرۆدانی توانا مادی و مرۆییەکان کات هیچ دەرەنجامێکی نابێت.واتە پلان دانان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت هەڵقولاوی خواستی گەشەپێدان بێت بۆ دەزگاکە.

**سێهەم: ڕوونی پلان**

١- دیاریکردنی کاراکتەرەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە و زۆربوون و دیاریکردنی ئەرک و مافەکانیان.

٢- پێویستە ئەرک و بەرپرسیاریەتیێن جێبەجێکارانی پلان لەگەڵ تواناو لێهاتوویی و

پسپۆریەتییە کاندا بگونجێ و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دیاری بکرێت.
٣- بوونی پەیوەندی بەردەوام لەســەرەوە بۆ خوارەوە و بە پێچەوانەوە لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیانــدن، لە پلانەکەدا پێویســتە گرنگیەکی زۆری پــێ بدرێت و زۆر بە هەند وەربگیرێت بە مەبەستی ئاگادار بوونی بەردەوام لە کارو چالاکیەکانــی بەشــەکان و پێدانی ســەرنج و تێبینی لە کاتی پێویســت و بە خێراییەکی بەر چاو.

**چوارەم:نموونەیی بوون**

واتە ئامانجەکان پێویســتە بە شــێوەیەک دیــاری بکرێــت کەبــە کەمتریــن کات و بڕی تێچوون جێبەجێ بکرێن، واتە چاکترین بەرهەم، کەمترین نرخ، هەروەها بە فیرۆنەدانی کات و توانا ماددی و مرۆییەکان و بەکارهێنانیان بە چاکترین شێوە.

**پێنجەم: تەواویەتی**

پلانــی تــەواو ئــەو پلانەیە کە ســەرجەم جەستەو بەشــەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خۆدەگرێت و هیچ بەش و لایەنێک فەرامۆش ناکات و ســەرجەمیان بە هەند وەردەگرێت و پلانی گونجاو و باشیان بۆ دیاری دەکات.

**شەشەم: توانایی گۆڕین و نەرمی پلان**

پلانــی نــەرم (**بریتییــە لــەو پلانــەی کە ئەگەرەکانی گۆڕانــکاری تیادا ڕەچاو کراوەو لــە کاتی پێویســت دا دەتوانرێــت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و چەق بە ســتوو نییە، دەتوانرێت بــە کەمترین توانای مــادی و مرۆیی گۆڕانی بەسەر دا بێت، واتە پلانەکە توانای خۆڕاگری هەبێــت لەبــەردەم هــەر ڕووداو پێشــهات و کارەســاتێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو دا**).

**حەوتەم: وردی پلان**

مەبەست لەم بنەمایە بریتییە لە زەرورەتی وردی ناوەرۆکــی پلانەکــە و ڕاســتی داتــاو ژمــارەو زانیارییــەکان و ســەرجەم ئــەو ئەگەرانــەی پلانەکەیــان لە ســەر داڕێژراوە، چونکە هەر پلانێک لەســەر زانیاری ناڕاســت و نارۆشــن دابڕێژرێت سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت ئامانجەکانی جێبەجێ بکات.

**هەشتەم: بەردەوامی پلان**

بەردەوامــی پلان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لــە زەرورەتــی و بەردەوامــی پلاندانانیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئاراستەکردنی کارو چالاکــی و ئەرکەکانیــان، هەر بۆیــە پلان بۆ ماوەیەکــی کــورت و دیاریکــراو نییە،بەڵکــو سیمایەکی بەردەوامی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەو بەبــێ پــلان دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن وەک جەســتەیەکی بێ ئێســکە پەیکەرییان لێ دێت کە توانای خۆڕاگرتنیان نامێنێت.

نۆیەم: پابەند بوون بە جێبەجێکردنەوە:

پــلان بەمەبەســتی جــێ بەجێکــردن دادەمەزرێت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەواتە دوا لێزمــەو گرینگتریــن بنەمــای بریتی یە لە پێویســتی جێبەجێکردنی ســەرجەم پلانەکەو پشتگوێنەخستنی هیچ لایەن و بەشێکی.

**ڕەهەندەکانی پلان دانان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا**

لەکاتی دانانی پلان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێویســتە چەنــد ڕەهەندێک ڕەچــاو بکرێن و پاش توێژینەوەی وردو زانستی لەبارەیانەوە پلانەکــە دابڕێژرێــت کــە گرنگترینیــان ئــەم ڕەهەندانەی خوارەوەن:

<u>١- ڕەهەنــدی ئابــووری:</u> لــە چــوار چێوەی پرۆســەی دانــان و داڕشــتنی پلانــدا بــۆ دەزگاکانــی ڕاگەیاندن،یــان دانانــی پــلان بۆ بــەش و بەرنامەیەکی تایبەت،پێویســتە زۆر بــە وردی ڕەچاوی لایەنی ئابــووری بکرێت و بە پێی توانای ئابووری ئەو نەخشــەو پلانە دابڕێژێت،واتــە بــۆ ســەرجەم چالاکییەکانی دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن و هەرچــی باشــتر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، ڕەهەندی ئابووری بە هەند وەردەگیرێت و بە پشت بەستن بە توانای ئابووری نەخشەی کاری ئایندەی دەزگاکانی ڕاگەیانــدن دادەرێژێــت. لە چاچێــوەی ئەم

ڕەهەندەدا پێویستە بڕی داهات و توانای ئابووری هەبوو زیاتر یان بە لایەنی کەمەوە یەکسان بێت بە بڕی تێچووی دامەزراندن یان هەرچالاکییەکی ئایندەی بەشەکان. واتە چالاکییەکان بە پێی توانا ئابوورییەکان ئەنجامدەدرێن. کاتێکیش پلانی دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن گەڵاڵە دەکرێت،یەکەم هەنگاو بریتییە لە دابینکردنی بڕی تێچوو بۆی و هەروەها داڕشتنی پلانی ئابووری بۆ بەردەوامی لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوام دا بە ڕەچاوکردنی جۆری دەزگاکە بە هەر چوار جۆری،نووسراو،بیستراو،بینراو، مەڵتی میدیا.

٢- **ڕەهەندی زانیاری:** لە دانانی پلاندا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن،پێویستە ڕەچاوی ڕەهەندی زانیاری بکرێت،بەو مانایەی کەس یان گروپی پلاندانەر ئاگاداری نوێترین زانیاری بن لەو بوارو بابەت و ئاراستە فکرییەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە میدیایەکان کاری لەسەر دەکەن،هەتاوەکو بتوانن پلانێکی زانستی و پێشکەوتوو لە ڕووی زانیاری و هۆشیارییەوە دابرێژن و باشتر خزمەت بەبواری زانست و جەماوەر بکات، گرنگی ئەم ڕەهەندە لەوەدایە کە بە ڕچاوکردنی دەتوانرێت پلانی کارو چالاکی بەشەکان بە ئاراستەی پێدانی پێویستترین و باشترین زانیاری بێت بە وەرگر، چونکە پێشتر توێژینەوەی لەسەر کراوەو دەستنیشان کراوە کە چ جۆرە زانیارییەک پێشکەش بە وەرگر بکرێت، یان لە کاتی پلاندانان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک یان دامەزراندنی ڕادیۆ و کەناڵێکی تەلە فزیۆنیدا پێویستە ڕەهەندی زانیاری توێژینەوەی لەسەر بکرێت تا ئاراستەی زانیاری بەخشینی دەزگاکەی لەسەر دیاری بکرێت و تەنانەت ئاستی دەزگاکەشی لەسەر دەستنیشان دەکرێت، ئاراستەیەکی تری ئەو ڕەهەندە ئەوەیە کە دەتوانرێت بە ڕەچاوکردنی ئاستی زانیاری و هۆشیاری تاکەکانی کۆڵگەش بزانرێت و زمانی گەیاندنی زانیاری دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە پێی ئەو ئاستە دیاری بکرێت.

٣- **ڕەهەندی کات:** ڕەچاوکردنی کات لە کرداری پلاندانانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارو چالاکیەکانییدا قورساییەکی زۆری هەیەو زۆر بەگرنگ وەسف دەکرێت،چونکە ڕەهەندی دیاریکردنی تەمەنی پلانەکەیە لە لایەک و ڕەهەندی گرنگی بوونی پلانە لەو کاتەدا کە زۆر پێویستە بەتایبەتی لەکاتی ڕووداو و حاڵەتە خێراو کتوپڕەکان و کێشەو گرفتەکان دا. هەروەها لە داڕشتنی پلاندا بۆ بەرنامەیەک پێویستە کاتی دانانی بەرنامەکەو زەرووڕەتی بوونی شرۆڤە بکرێت،تەنانەت بەبێ ڕەچاوکردنی کاتی ئەنجامدانی سەرجەم کارو چالاکییەکانی میدیاکان ناتوانرێت پلانێکی سەرکەوتوویان بۆ

> **ڕەچاوکردنی کات لە کرداری پلاندانانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارو چالاکییەکانیدا قورساییەکی زۆری هەیەو زۆر بەگرنگ وەسف دەکرێت،چونکە ڕەهەندی دیاریکردنی تەمەنی پلانەکەیە**

هەواڵنامەی کتێب

دابنرێت.لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پلانی پەخشی بڕگەو بابەت و بەرنامەو هەواڵ و...هتد لە ڕووی گونجانی بۆ وەرگر لەلایەک و هەمان کاتی بەرنامەکانی کەناڵە ڕکەبەرەکانی تردا گونجاو بێت، لە گەڵ ڕەچاوکردنی کاتە زیندوو و مردووەکانی پەخشدا، بە تایبەتی لە پەخشی ٢٤کاتژمێریدا، هەروەها کاتی دانانی خودی پلانەکە گرنگە،چونکە کرداری پلاندانان بەردەوامە و پێویستە بزانرێت چ کاتێک گرنگە بۆ دانانی پلان بۆ چالاکی یان بەرنامەیەکی نوێ یان بەرنامەیەکی تایبەت لە هەربوارێکدابێت.

**<u>٤- ڕەهەندی شوێن:</u>** ڕەچاوکردنی ئەم ڕەهەندە لە پلاندانانی ڕاگەیاندنداو لە دەزگاکانی ڕەگەیاندندا بایەخی خۆی هەیە،سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە ڕەچاوی شوێن بکرێت کاتێک کە پلان بۆ دەزگاو کەناڵێکی ڕاگەیاندن دائەنرێت بە تایبەتی لە ڕووی لۆکاڵی یان جیهانی بوونییەوە،هەروەها لە ڕووی جۆری ئامرازی ڕاگەیاندنەوە بۆ نموونە شوێنە دوورە دەستەکان و لاواز لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە،دەکرێت بیر لە دانانی پلان بۆ ئامرازی ڕاگەیاندنی بیستراو بکرێتەوە تا تەلەڤزیۆن کە پێویستیەکانی وەرگرتنی دژوارترو گرانترن،یان ڕۆژنامە بۆ شوێن و کۆمەڵگەیەک کە ئاستی خوێندەواری تیادا لاوازە ئامرازێکی گونجاو نییەو پلانێکی لەو جۆرەش سەرکەوتوو نابێت،هەروەها خودی بەش و پرۆگرامەکانی ناو دەزگاو کەناڵەکان خۆشیان پێویستە ڕەهەندی شوێنیان تیادا ڕەچاو بکرێن کاتێک پلانیان بۆ دائەنرێت.

**پلان وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارگێڕی، لەکاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنیدا لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا پێویستە لایەنی کارگێڕی تێدا ڕەچاو بکرێت**


**<u>٥- ڕەهەندی یاسایی:</u>** پێویستە لە کاتی دانانی پلاندا بۆ کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەچاوی یاساو ڕێسا پەیوەندیدارەناوخۆیی و جیهانییەکان بکرێت،بە پێی ئەو یاسایانەو لە چوارچێوەی ڕەوشتی کاری ڕاگەیاندن پلانەکە دابرێژێت.

لە لایەکی ترەوە شێوازی کارکردن و کارگێری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن داو لەسەرجەم ئەرک و مافەکان لە پلاندانانی ڕاگەیاندن پێویستە دیاربکرێن و بە پێی کۆمەڵێک یاساو ڕێسا ڕێک بخرێن.

**<u>٦- ڕەهەندی کارگێری:</u>** پلان وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارگێڕی،لەکاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنیدا لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا پێویستە لایەنی کارگێری تێدا ڕەچاو بکرێت و سەرجەم بەشەکانی بگرێتەوە، چونکە ئەو ڕەهەندە پلەبەندی جێبەجێکردن و ڕێک و پێکی بە پراکتیزەکردنی پلانەکە دەبەخشێ و چاودێری قۆناغەکانی

پلانەکەو هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی زانستی و ئەکادیمی کەناڵ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات.

٧- **ڕەهەندی توانای مرۆیی:** ئەم ڕەهەندە ئەرکی جێبەجێکردنی پلانەکەی لە ئەستۆیە کە سەرجەم ئەو کادیرو فەرمانبەرو ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکارانە دەگرێتەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیانداو لە چوارچێوەی پلانەکە کاروئەرکیان پێ سپێردراوە،بۆیە ئاستی زانیاری و هۆشیاریان و شارەزایی و پسپۆریان زۆر گرنگەو هەرچی زیاتر بە ئەزموون و پسپۆرو شارەزابن ئەوەندەش پلانەکە زیاترو باشتر جێبەجێ ئەکرێت،لە لایەکی ترەوە پێویستە کادیری میدیایی پێویست و گونجاو هەبێت بۆ پلانەکەو دیاریکردنیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و چالاکییەکان بە پێی شارەزایی و لێهاتوویی و توانایان هەبێت لە بوارەکەدا.




**ڕەهەندەکانی پلاندانان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا**

***مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدیین**

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- روبرت غروس، كلية ثندربيرد تبحث في استراتيجية العولمة، تعريب: د.ابراهيم يحي الشهابي،الرياض، مكتبة العبيكان،٢٠٠١م.
٢- ابراهيم رمضان الديب، مدير المستقبل:مدير القرن الواحد والعشرون، جدة، دار القلاند، ٢٠٠٩م.
٣- د.علي محمد رحومة،الانترنت والمنظومة التكنو-اجتماعية،بيروت، مركز دراسات الوحدة الوطنية،٢٠٠٥م.
٤- د.شادي علي الفقيه ،الادارة الناجحة،السلسلة الادارية الحديثة، لبنان، بيروت، دار نوبليس، ٢٠٠٥م.
٥- د.عبد الجواد سعيد محمد الربيع،ادارة المؤسسات الصحفية:دراسة في الواقع والمستحدثات،القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤ م.
٦- د.عبدالقادر خلف الدليمي ،عبدالكريم فرحان الربيعي ،تخطيط البرامج الاذاعية والتلفزيونية،العراق، جامعة بغداد.١٩٨٨م.
٧- د.ابراهيم عبدالله المسلمي، ادارة المؤسسات الصحفية،القاهرة، بدون سنة.

# کوردی ئەردەن و کاری رۆژنامەنووسیی

د. محەمەد عەلی سوێرەکی*
و: باوکی راستی

لەوەتەی میرنشـینی ئـەردەن دامەزراوە، زۆر لە نووسەر و وێژەوانانی کورد پشکیان لە ژیانـی رووناکبیری ئەو وڵاتـەدا هەبووە، وەک نووسین و بڵاوکردنەوەو رۆژنامەوانی و راگەیانـدن، جـێ پەنجەیـان لەو بـوارەدا درەوشاوەیە.

لە سـاڵی ١٩٤٧ سەعد جومعە "رۆژنامەی ئەلحەق"ی دەرکردووە، کە مۆرکێکی سیاسی رووناکبیـری هەبـوو، بـەڵام هەر لـە دوای دەرچوونی ژمارەی یەکەمی وەسـتا، ئەویش لەبـەر ئـەوەی رەخنـەی گاڵتەجارییانـەی لە هەنـدێ بەرپـرس لەخۆ گرتبوو، هـەر لەبەر ئەوەش خرایە زیندانەوە.

ئەورەحمان کوردیش گۆڤـاری "ئەردەنی نوێ"ی لە ساڵی ١٩٥٠ لە عەمان دەرکردووە، کە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی رووناکبیری کۆمەڵایەتی بـووەو داوای دادی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیـەت و پشـتگیری کردنی ئافرەت و ناسـاندنی ئەدەبـی جیهانی دەکـرد، بەڵام تەنیا شـازدە ژمارەی لێ دەرچووەو چەندین نووسەری ئەردەنی لەخۆی کۆ کردبۆوە.

لێـرەدا کورتەیـەک لـە بـارەی سـەعد جومعـەی دامەزرێنەری رۆژنامەی (ئەلحەق) دەنووسین: دەوڵەتی مامۆستا سەعد محەمەد جومعە ئەیوبی، سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئەردەنییە، بیریار و وێژەوان و سیاسەتمدارە، لە ساڵی ١٩١٥، لە شاری (تۆفیلەی باشووری ئـەردەن لە دایک بـووە، دایکی لە کوردەکانی دیاربەکرە، خوێندنی دواناوەندی لە خوێندنگای دواناوەنـدی سـەڵت لـە سـاڵی ١٩٢٩ تەواو کردووە، بڕوانامەی مافی لە زانکۆی دیمەشق لە ساڵی ١٩٤٥ز وەرگرتووە.

لە وەزارەتی ئیشغال لە ئەربەدو عەجلیون، لـە سـاڵی ١٩٢٩ کاری نووسـەری کردووە، لە سـاڵی ١٩٤٥لە بەشی پێداویسـتییەکان لە وەزارەتی دارایی نووسـەر بـووە، کارگێری گشـتی چاپەمەنـی و پەخش بووە لە سـاڵی ١٩٤٨، سـەرۆکی هۆبـەی سیاسـیی بـووە لـە وەزارەتـی دەرەوە ١٩٤٩-١٩٥٠، لـە سـەرۆکایەتی وەزیران ١٩٥٠-١٩٥٤ سکرتێر بـووە، بریـکاری وەزارەتـی ناوخـۆ بووە تا سـاڵی ١٩٥٧، پارێـزگاری پایتەخـت بـووە ١٩٥٤-١٩٥٨، بریـکاری وەزارەتـی دەرەوە بـووە ١٩٥٨-١٩٥٩، بالیۆزبـووە لـە ئێران و سـوریاو ئەمریـکا، لە سـاڵی ١٩٦٥ وەزیری دەرباری پاشایەتی هاشمی بووە.

دوو جاران لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ سەرۆکایەتی وەزیران هەڵبژێردراوە، بەڵام ماوەکەی کورت بووە، ئەویش بەهۆی شەڕی حوزەیران لەگەڵ ئیسرائیل دەستی لە کارکێشایەوە. دوای ئەوە بەبالیۆزی بەریتانیا دامەزراوە، پاشان بۆ پتر لە خولێک بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵان (پیران) دامەزرا تا لە ١٩٧٩/٨/١ز کۆچی دوایی کرد.



سەعد جومعە لە پیاوە ناودارەکانی ئەردەنە لە بواری سیاسەت و وێژەو هزر و ڕۆژنامەوانیی و وتاردان، لەوانە بووە شارەزای نهێنییەکانی سیاسەت بووەو ببووە مایەی سەرنجی زۆر کەس بە هۆی هەڵوێستی بوێرانەو بیروبۆچوونی ڕوونی لە ناوەوەو دەرەوەی ئەردەندا.

زۆر وتاری سیاسی و ئەدەبی بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆی و عەرەبییەکاندا بۆ بەجێهێشتووین، دانراوەکانی: خود یان کاوڵکاری ١٩٧٢، ڕۆڵەی مارەکان ١٩٧٢، پیلانگێڕان و شەڕی چارەنووس ١٩٦٩، کۆمەڵی بێزلێکراوان ١٩٧٢، کۆمەڵی بەهاکان "دەستنووسە.

بەدرێژایی ژیانی تا ماڵئاوایی کردنی سەرۆکی شانازی کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەدینی ئەیوبی کوردان بووە[١].

ئەمەش پوختەیەکی ژیاننامەی ئەورەحمان کوردی دامەزرێنەری گۆڤاری "ئەردەنی نوێ".

ئەوڕەحمان کوڕی عەلی کوردییە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لەدایک بووی شاری عەمان لە ساڵی ١٩٢٥، سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەکانی عەمان و سەڵت خوێندووە، پاشان چۆتە زانکۆی مەلیک فوئادی یەکەم لە قاهیرە، بەکالۆریۆسی لە ئابووری لە ساڵی ١٩٤٩ز لەوێ وەرگرتووە.

ماوەیەکی کورت لەدام و دەزگای حکومەت کاری کردووە، پاشان ڕووی لە بواری کەرتی تایبەتی کردووە، لە بواری بڵاوکردنەوەو بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کاری کردووە. بەپێشەنگانی ڕۆژنامەوانی دادەندرێت لە ئەردەن، لە ساڵی ١٩٥٠ گۆڤاری "الأردن الجديد - ئەردەنی نوێ"ی

دەرکــردووە یەکەمیــن خانەی بڵاوکردنــەوەی لە ئەردەن دامەزراندووە لەنێوان ســاڵانی ١٩٥٤-١٩٥٧. پاش ئەوە لە بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کاری کردووە.

مامۆستا ئەوڕەحمان کوردی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وتــاری جۆراوجــۆری زۆرن، کە لــە ڕۆژنامــەو گۆڤارە نێوخــۆ و عەرەبییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەو بوو هونەری کاریکاتێری خســتە نێو گۆڤارەکەی لە ئەردەن. دوو کتێبی دەرکــردووە، "دۆڵی ئەردەن جیاوک و پرۆژەکانی - وادی الاردن و امتیازاتە و مشروعاتە) لە ساڵی ١٩٤٩ لە قاهیرە بڵاوی کردەوە، تێیدا تیشک دەخاتە سەر ئەرکی ئەو نێردە ئابوورییــە ئەمریکاییەی کە ئەو ســەردەمە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئابووری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســت نێردرابوون، هەروەهــا کتێبی (خۆشەویســتی دوای مردنــی تەواوەتی - الحـب بعـد المــوت کاملا) لە ســاڵی ١٩٨٧ لــە بەیروت بڵاوکراوەتــەوە، کتێبێکــی دەســتنووس و کتێبخانەیەکــی نایابیشی هەیە[٢].

وا لە خوارەوە گرنگترین ئەو بارودۆخ و پەرەســەندنە سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتییانــەی ســاڵی ١٩٥٠ دەخەینــە بەرچــاو، هــەروەک گۆڤاری ئەردەنــی نوێ کە خاوەنەکەی ئەوڕەحمان کوردی بوو خستبوویە ڕوو.

**مامۆستا ئەوڕەحمان کوردی نووســەر و ڕۆژنامەنووس، وتــاری جۆراوجۆری زۆرن، کە لــە ڕۆژنامــەو گۆڤارە نێوخــۆ و عەرەبییەکانــدا بڵاوبوونەتــەوە، ئەو بوو هونــەری کاریکاتێــری خســتە نێو گۆڤارەکەی لە ئەردەن..**

### پێناسەی گۆڤارەکە

گۆڤاری ئەردەنــی، نوێ گۆڤارێکی هەفتانەیە، یەکەمین ژمارەی لە ٣ی شــوباتی ســاڵی ١٩٥٠ دەرچووە، ماوەی دەرچوونەکەی چوار مانگ بوو و ژمارەی لاپەڕەکانیشــی ٨ تا ٢٤ لاپەڕەبوو.

هــەروەک پێناســەی خــۆی کــردووە گۆڤارێکــی سیاســی کۆمەڵایەتــی ئابووی بووە، لە ژمــارەی یەکەمی بەســەردێڕی "وتــەی ژمــارە یــەک" بە ئیمزای دەســتەی نووســەران، نووســیویە کــەوا "ڕۆژنامەوانــی وەک ئێمە تێیدەگەین ئامرازێکە بــۆ وێنەگرتنی واقیعیانەی کۆمەڵ تا ئەو ئەندازەی کە پێویســتە بیرۆخێنــێ و یارمەتی نەمانی بدەیــن، ئــەوەی دەبێ بمێنێتــەوە یارمەتی گەشــەپێدان و لەســەر بنیاتنانــەوەی بدرێــت "ئــەوەش وێنەیەکمــان لە سروشتی چاکسازی ڕەخنەی بنیاتنەرانە دەداتێ. خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووســەرەکەی مامۆستا ئەورەحمان عەلی کوردییە، هانی خەیری پارێزەریش نووسەری کۆمەڵایەتی و محەمــەد نور عەکاش بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو، بەڵام

ودمەکـەی لە دوادوای دەرچوونی دراوەتە محەمەد عەلی کـوردی برای ئەوڕەحمان کوردی، سەرنووسەرەکەشـی راتـب دەروزەی پاریـزەر و بەڕێوەبـەری کارگێڕیشـی ئەحمەد عوری بووە.

گۆڤارەکـە ژمارەیـەک نووسـەرو رووناکبیـری وەک ئەوڕەحمـان شـقیر، هانی خەیر، حوسـنی فریز، مەحمود موتلـەق، زەیفوڵـڵا حمـود، شـوکری شەعشـاعە، راتـب دەروزە، عیسـا ناعوری، ئیبراهیم حەبیبی، وەرکس کوڕی زاید عەزیزی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە.

ئـەوەی وتـار و راپۆرتەکانـی گۆڤارەکـە بەسـەر بکاتـەوە، سروشـتی پێشـکەوتنخوازانەی گۆڤارەکـەی بـۆ دەردەکەوێـت، کاتـێ داوای ئـازادی بڵاوکردنـەوە، پتەوکردنی بنەما دەسـتورییە دیموکراتییەکان، بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی، دەکات. ئەوەی جێی سەرنجە سروشتی نەیارێکی بەرپرسـانە هەبووە کە خۆی لـەو رەخنەگرتنە زۆرانە دەبینێتەوە کە لە بارودۆخی باوی ئەو سەردەمەی وڵاتـدا لە گۆڕێدا بوو، لەگەڵ خسـتنەڕووی چارەسـەری پێشـنیارکراو لە پێنـاو رزگاربوون لـە ناتەواوییەکان بۆ ئەوەی بەلای باشەیدا ببرێ.

دەکـرێ لەمیانـەی سـەروتاری سەرنووسـەرەکەی ئەورەحمان کـوردی لە ژمارەی یەکەمدا سـۆراخی ئەمە بکـەی، کاتێ کە لـە بارەی سـەرکەوتنی پارتـی وەفد لە هەڵبژاردنەکانـی میسـر دواوەو ئاماژەی بۆ ئـەو هۆیانە کـردووە کـە وای کردووە ئـەو پارتە سـەر بکەوێت، کە گرنگترینیـان، پارێزگاریکردنـی دیموکراتییەتی پەرلەمان بە سروشـتە میللییەکەیەوە، سەلماندنی مافی کرێکاران لە پێکهێنانـی سـەندیکا و دابین کردنی خوێنـدن بە خۆڕایی بـۆ قوتابیـان، بەخشـینی مافـی دەنگـدان بە ئافـرەت لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها پەیڕەوکردنی هەندێ رێوشوێنی سۆشیالیسـتی لە فەرمانڕەوایەتیدا، لە کۆتایی وتارەکەیدا رووی قسـەکانی دەکاتـە پاڵێوراوانـی هەڵبژاردنەکانـی نوێنەران لە ئەردەن لەو سەردەمەدا "ئەگەر دەیانەوێ لێرە گـەل چەپڵەیان بۆ لێبدات، هەروەک چۆن خەڵک لەمیسـر چەپڵەیان بـۆ وەفد لێدا، ئەوا دەبـێ لەبەرنامەکانیاندا ئەو بەڵێنـە بەخەڵک بدەن کـە وەفد بەڵێنیان بـە خەڵک دابوو یـان لەوێ بۆ خەڵکیان بەدی هێنابوو. هەڵبژارنی نوێنەران لەسـاڵی ١٩٥٠ لـە رۆژگاری دەرچوونـی گۆڤارەکەدا، لە سـەر ئاسـتی وڵات رووداوێکی گرنگ بوو، بایەخەکەشی

**پـارێـزگـاریـکـردنـی دیموکراتییەتی پەرلەمان بە سروشتە میللییەکەیەوە، سـەلـمـانـدنـی مـافـی کرێکاران لە پێکهێنانی سەندیکا و دابین کردنی خـوێـنـدن بـە خـۆڕایـی بۆ قوتابیان، بەخشینی مافی دەنـگـدان بـە ئـافـرەت لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها پـەیـڕەوکـردنـی هەندێ رێوشوێنی سۆشیالیستی لە فەرمانڕەوایەتیدا..**

لەوەدابــوو، ئــەوە یەکەمیــن هەڵبــژاردن بــوو کــە لەژێر ســایەی یەکپارچەیی هەردوو کەناردا بەڕێوە دەچوو، کە هەر ئەو پەرلەمانەیە دواتر بڕیاڕی یەکێتی وڵات پەســەند دەکات. گۆڤارەکــە بایەخێکــی گــەورەی بــە هەڵبــژاردن دابوو، ســەروکاری هەمــوو وردەکارییەکانی هەڵبژاردنی کــردووە، بە دەرخســتنی پاڵێوراوەکان، ئەوە ســەرەڕای ئەو وتارانەی کە لە بابەتی هەڵبژاردن دەدوان لە گۆشەی هۆشــیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ ســەبارەت بە مافی هەڵبــژاردن، کــە پێویســتە دەنــگ بدرێتە ئــەوەی توانای خزمەتکردنی وڵاتی هەیە، هانی هاووڵاتیانی داوە بەشداری لە هەڵبــژاردن بکەن کە بــە لەبەرچاوگرتنــی هەڵبژاردنی کەســی شیاو، ئەوەش لەو ئاگادارییە دەردەکەوێت، کە بۆ ئەو مەبەســتە بڵاوی کردۆتەوە، بەسەردێڕی "بانگەواز بۆ هاووڵاتیانــی ئەردەنــی" داوای لە هاووڵاتیــان کردووە کە مافــی پیرۆزی خۆیان لە هەڵبــژاردن پەیڕەو بکەن، دەنگ بۆ ئەو کەســە بدەن کە شــەریفانە خزمەتی خەڵک دەکات، تاکو نوێنەرەکان ئەو ئەمانەتەی ســەر شــانیان بە خراپ بەکار نەهێنن، هەروەهــا گۆڤارەکە لەو مەرجانەش دواوە کە دەبێ هەبن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە پاک و بابەتی بێت، پاشــان لە ئەنجــام و دەرەنجامەکانی ئــەو هەڵبژاردنانەی بەسەر کردۆتەوە.

هەڵبژاردنەکە لەژێر ســایەی یاســای بەرگریدا بەڕێوە چووە، هەرچەندە ئەوکاتە سەرۆکی وەزیران ڕایگەیاندبوو حکومــەت هەڵوێســتی بێلایەنە، بە ئامانجــی ئەوەی کەش و هــەوای ئــازادی فەراهەم بێــت لەکاتــی بەڕێوەچوونی کــرداری هەڵبــژاردن، گۆڤارەکــەش خۆشــحاڵی خۆی بۆ ئــەو ڕاگەیاندنەی ســەرۆکی وەزیــران دەربڕیــوە، بەڵام گومانیشــی دەربڕیوە، چونکە "نەیتوانی خۆی بەو ئازادییە ڕازی بکات کە ســەرۆکی وەزیران بەڵێنــی دابوو، چونکە کۆت و بەندی سانسۆر و دام و دەزگای بەرگری خرابووە بــەردەم"، هەر ئەوەش د.ئەورەحمان شــقیری، کە یەکێکە لە دیارترین نووســەرانی گۆڤارەکــە، لە وتارێکیدا بەناوی "نوێنەرایەتــی وەک مــن تێیگەیشــتووم" وروژاندوویە، لە مەرجەکانی نوێنەرایەتی "لە کەش و هەوایەکی سەربەستی کە بە ئەحکامی عورفی و یاساکانی بەرگری ناکاوی کۆت نەکرابێــت"، تێیــدا نووســیویە هەروەهــا گۆڤارەکە پەنجە بــۆ مەســەلەی نەبوونــی دادپــەروەری لە دابەشــکردنی کورســییەکانی نێوان ناوچە جیاجیاکانی هەڵبژاردن درێژ

**- پێویستە دەنگ بدرێتە ئەوەی توانای خزمەتکردنی وڵاتی هەیە..**

**- دەنــگ بــۆ ئــەو کەســە بــدەن کــە شــەریفانە خزمەتــی خەڵــک دەکات، تاکــو نوێنــەرەکان ئــەو ئەمانەتەی ســەر شانیان بە خراپ بەکار نەهێنن..**

**- مەرجەکانی نوێنەرایەتی «لــە کــەش و هەوایەکی سەربەستی کە بە ئەحکامی عورفی و یاساکانی بەرگری ناکاوی کۆت نەکرابێت».**

دەکات، کــە لەگەڵ ژمــارەی دانیشــتوان ناگونجێت، وەک نموونــە نووســیویە ئەو کورســیانەی بۆ هــەر لیوایەکی باکــوور و ناوچەی کەرک داندراون وەک یەکە، ئەگەرچی جیاوازییەکــی زۆر لــە ژمــارەی دانیشــتواندا هەیــە، بـۆ بەرژەوەندی لیوای باکوور، کەوا پێدەچێت ئەو مەســەلەیە بووەتــە جێــی بایەخــی زۆری خەڵک، بۆیــە گۆڤارەکە لە گۆشەیەکی دیکەیدا بەناوی گۆشەی "لە وتەکانیان" لەسەر هەمــان بابەتــی نووســیوە کە لــە رۆژنامەیەکــی دیکەی وەرگرتووە بەناوی (المیثاق).

هەروەهــا گۆڤارەکە ئاماژە بە هەنــدێ خراپەکاری و کون و کەلەبەری یاســای هەڵبژاردن دەکات، گرنگترینیان بەکارهێنانی سزا یاساییە سەبارەت بە بەکارهێانی فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن لە کرداری هەڵبژارندا ، بەڵام مەسەلەی تانووت دان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا لەگۆڕێ دانەبوو، ئــەوەش مانــای وایــە ناتوانرێــت نوێنەرایەتــی پووچەڵ بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر سەلمێندراش کەوا فێڵی کردووە، لەو بارەیەوە مەحموود موتلەق لەوتارێکیدا سەبارەت بەو بابەتە لەگۆڤارەکەدا، ئاماژە بەوە دەکات پێویســتە دەقێک لە یاســادا هەبێت، رێ بە هەڵوەشــاندنەوەی نوێنەرایەتی نوێنــەری بدات"، هەبوونی ئەو دەقەی بەزامنێکی گەورەی هەڵبژاردن" داناوە، گۆڤارەکە لەوتارەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا پێویســتە دەســەڵاتی فراوان بدرێتە نوێنەرەکان بۆ ئەوەی بتوانــن لێپێچینەوە لە رەفتارەکانی حکومەتــدا بکەن، هەروەهــا پاڵێوراوەکان مافــی ئەوەیان بدرێتێ سەرپەرشتی سندوقەکانی دەنگدان بکەن، پێویستە نوێنەر خوێندەوارو دەســتپاک بێت و داکۆکی لە مافەکانی گەل بکات.

گۆڤارەکە بە شێوازێکی رەخنەگرانە لەرێرەوی کرداری هەڵبــژاردن دەدوا، ئەویــش بەخســتنەڕووی دیارتریــن ســیماکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی دیموکراتی پێشکەوتوو، کە خۆی لە هەبوونی فرە پارتی دەبینییەوە، بەجۆرێ گەل لەســەر بنەمای پارتایەتی دەچوونــە مەیدانی هەڵبژاردن، لەوەشــدا پاڵاوتــن بۆ هەڵبــژاردن بەندبوو بــە لێهاتوویی کەســی بەبێ هیچ لایەنی مادی یان وەجاهی، وای دانابوو کە لە وڵاتدا هیچ چالاکییەکی راست و دروست نییە، چونکە "نە بەرنامەو نە پارت و تەنانەت پروپاگەندەش نییە".

مەسەلەیەکی دیکە جێی بایەخ و بەدواداچوونی گۆڤارەکە بووە، ئەویش مەسەلەی کڕینی دەنگی دەنگدەران بووە بە

> **"پاڵێوراوەکان مافی ئەوەیان بدرێتێ سەرپەرشتی سندوقەکانی دەنگدان بکەن، پێویستە نوێنەر خوێندەوارو دەستپاک بێت و داکۆکی لە مافەکانی گەل بکات."**

هەواڵنامەی کتێب

پـارە، لەلایـەن پاڵێوراوانی باکوور، نرخی دەنگ گەیشـتە دوو جونەیـە، مەحموود موتلەق لە یەکێک لەوتارەکانیدا ئەو دیاردەیەی بۆ بڵاوبوونەوەی نەزانی و نەخوێندەواری و نەبوونـی هۆشـیاری و بڕوابوون بـە قەدەریەتی ڕەها، ترسان لە هەر شتێکی نوێ لە کۆمەڵدا، گەڕاندۆتەوە.

سـەبارەت بە بەدواداچوونی هەڵبژاردنەکان، گۆڤارەکە لەگۆشـەیەکی تایبەتی بەسـەر نـاوی "کەسـایەتییەکانی هەڵبژاردن" پێناسەیەکی پاڵێوراوە هەرە دیارەکانی کردووە، گۆڤارەکە زانیاری لەبارەی (٣٠) پاڵێوراو لە پاڵێوراوەکانی کەنـاری خۆرهەڵات نووسـیوە، لەوانـە (١٣) پاڵێوراویان سەرکەوتوون، ئەوەی جێی سەرنجە لەو بەرچاوخستنەدا ئەوە دەرەخات کە بەلای کەسایەتییە خوێندەوارەکان بووە ئەوەی کە پشـت بە رووەمەتی تایبەتی کەسەکە بەستووە، نەک پشـت بەستن بە دەسـەڵات یان پلەو پایە، دیارترینی ئەوانـەی کـە گۆڤارەکە باسـی کـردوون و بەختیان یار نەبـووە لە هەڵبژاردنەکان زەیفوڵڵا حمودی پارێزەر بووە, کە گۆڤارەکە وا پەسنی دابوو پشتی بەزانست و رابردووی خۆی بەسـتووە، هەرچی رکابەرەکانی بوون پشـتیان بە خزمایەتی و سـامان و پارە دەبەست، مەحموود موتلەقی پارێـزەر ئـەوی وا دانابـوو "ئەگـەر لەو وڵاتـە نەبا ئەوا دەبووە شتێکی ناو بەدەرەوە" ئاگادارییەکی هەڵبژاردنی بۆ بڵاودەکاتەوە تێدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەو, پاڵێوراوی چینـی کرێکارانە. زیائەدینـی زەعیتەری پارێزەر هەروەک گۆڤارەکە وەسفی دەکات، یەکەمین پاڵێوراوە لە عەمان کە بەرنامەیەکـی ڕێک و پێکـی هەڵبژاردنی دانابوو، هەروەها دوکتۆر سۆران ئیتمیزان، یەکەمین ئەرمەنی ئەردەنی بوو، خۆی وەک هاووڵاتییەکی ئەردەنی پاڵاوتبوو "ئەو پێی وایە نوێنەرایەتـی پایەیەکی پیرۆزەو پێویسـتە ئەوانەی دەنگی دەنگدەران بە کڕین بەپارە پیس نەکەن".

هەروەها گۆڤارەکە بواری بۆ هاووڵاتیانیش رەخساندبوو کـە راوبۆچوونـی خۆیان لە میانەی گۆشـەیەک دەربڕن بەناوی "رای خوێنەران" کە دەکرێ لەچۆنیەتی بەدەنگەوە هاتنـی خەڵـک لەگـەڵ هەڵبژاردنـەکان و داواکارییـەکان ئاگاداربن، هاووڵاتییەک ئاماژە بەوە دەکات کەوا پێویستە "پارتی خاوەن بیروباوەڕی چاکسازی پێشکەوتنخوازانەی پتەو و پەیامی بەرز و سیاسەتی دیاریکراو و دەستوورو بنەمـای بەرزو پتەو هەیە" هەرچـی هاووڵاتییەکی دیکەیە پێی وایە نابێ بە رواڵەتی پاڵێوراوان هەڵبخەڵەتێین، بەڵکو

**دوکتۆر سۆران ئیتمیزان، یەکەمین ئەرمەنی ئەردەنی بوو، خۆی وەک هاووڵاتییەکی ئەردەنی پاڵاوتبوو «ئەو پێی وایە نوێنەرایەتی پایەیەکی پیرۆزەو پێویستە ئەوانەی دەنگی دەنگدەران بە کڕین بەپارە پیس نەکەن»**

**«وڵات پێویستی بەو پیاوانە هەیە کە دوورن لە ئینتهازییەت»**

جەخت لەسەر کرۆک و ناوەرۆک بکرێت، چونکە "وڵات پێویستی بەو پیاوانە هەیە کە دوورن لە ئینتهازییەت".

پاشان گۆڤارەکە رووبەرێک بۆ دوان سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەرخان دەکات، کە تا چ ئەندازەیەک پاک بووەو سروشتی نوێنەرە دەرچووەکان لە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو، بە باشی لە کۆمەڵێ نوێنەر دواوە وەک نوێنەری رووناکبیرو وریا دیارترینیان عومەر مەتەر نوێنەری عەمان و هەر سێ نوێنەری کەرک عەتاالله مەجالی و هانی عەکشەو ئەحمەد تراونەو عەبدوڵلا حەلیم نەمر لە سەڵت و شەفیق رەشیدات و محەمەد حجازی و سلێمان خەلیل لە باکوور، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە (١٩) نۆزدە نوێنەر لە پەرلەمانی نوێ سەر بە زانکۆن، بەڵام پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەو گۆڕانە کاریگەری نابێت لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیاو ماقووڵان لەو ئەندامانەن کە پشت بە هێزی عەشایری و هێزی سامان و پارە دەبەستن.

دەکرێ هەڵوێستی گۆڤارەکە لەو هەڵبژاردنانەو بارودۆخی دەوروبەری لەو خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. داوای لە هاووڵاتییان کردووە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن بەو پێیەی مافێکی پیرۆزی خۆیانە.

٢. داواکردنی هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ئەندازەیەکی زۆرتری تێدابێتەدی ئەو مادانە بخرێتە سەر کە مافی تانووت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بدات، پاڵێوراوەکان مافی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانیان هەبێت، هەروەها پێویستی بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی کورسییەکان لەنێوان ناوچە جیاجیاکانی هەڵبژاردن، بە جۆرێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان بگونجێت.

٣. داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی بەرگری کردن بۆ ئەوەی ئازادییەکانی پتر بۆ کرداری هەڵبژاردن مسۆگەر بکرێت.

٤. جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە پێویستە نوێنەر مەرجی تایبەتی تێدابێت بەجۆرێ وای لێ بکات ببێتە جێ بڕوای خەڵک، گرنگترینیان دەست پاکی و لێهاتوویی و خوێندن و ناوبانگی باش و پشت بەستوو بە لێهاتوویی کەس نەک لەسەر پایەو شوێن یان دەسەڵاتی بە میرات بۆ ماوە.

٥. بوونی پارتی بەهێزی خاوەن بەرنامەی رێک و پێک بۆ سازدانی ژیانی سیاسی زۆر پێویستە وەهەبوونی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز گرنگە، بەو مەرجەی کە نەیارییەکە لەسەر هەڵوێستی دیاریکراو بێت.

٦. ئەگەرچی داوای هەموارکردن و چاکسازی لە دەستووردا کراوە بە جۆرێ لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا بەرجەستە بێت و وەزارەت لە بەرانبەر ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرس بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گۆڤار داوای کردووە کە رێز لە دەستووری ئەو کاتە بگیرێت و زێدەڕۆیی لەسەر نەکرێت بەو پێیەی تاکە چوارچێوەی بۆ گەڕانەوەیە.

## بارودۆخی چینی کرێکار

ئەگەرچی چینی کرێکار لە ئەردەن ئەو سەردەمە قەوارەی بچووک بوو، بەڵام ببووە جێی بایەخی زۆری گۆڤارەکە، چونکە کرێکاران دووچاری بارودۆخێکی زۆر سەخت بوونەتەوە هیچ یاسایەکی باشی کار نەبووە، سەندیکای نەبووە بەسەر بەرژەوەندییەکانیان رابگات، ئەمەش وایانی لێ دەکات ببنە نێچیری تایبەتی چەوساندنەوە لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانی خاوەن ئیمتیازو دەسەڵاتی فراوان، کە سانسۆرێکی بە کردەوەی لەلایەن حکومەتەوە لەسەر نییە، بەجۆرێ کرێکارەکان دووچاری دەرکردن دێن بەبێ ئاگادارکردنەوە یان قەرەبووی ئەو بێکارییەی کە تووشی دێن، ئەو بێکارییەی

کە "لای ئێمە وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتووین، شێوەیەکی سەرەوخواری لە کاری تەواو گرتووە، دارمانی ئاستی گوزەران و خۆکوژییەکی لەسەرخۆی لە برسانە"، هەروەک سەرنووسەر وەسفی دەکات، نموونەیەک لە بڵاوبوونەوەی ئەو بێکارییە دەهێنێتەوە، کە کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ئەردەن لە (٥٠٠) کرێکار تێنەدەپەڕی، دوای ئەوەی پێش چەند مانگێک (٣٠٠٠) کرێکار بووە، بێ ئەوەی حکومەت ئاوڕ لەوە بداتەوە.

گۆڤارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر کۆمپانیای تابلاین وەک نموونە لە ئیمتیازاتی بیانی، هەروەها نموونەی ئەوە بووە کە چینی کرێکار دووچاری دەهاتن، گۆڤارەکە وا وەسفی کۆمپانیای تابلاین و ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکات کە ئیمتیازەکەی پێ وەرگیراوەو لە (٨)ی ئابی ١٩٤٦ مۆرکراوە، ئەوا "لەگیانی ئەو ئیمتیازاتانە دەرناچێت کە پێشتر کۆمپانیا ئیستیعمارییەکان بە دەستیان دەهێنا لەو سەردەمەی کە دەوڵەت لەبن سێبەری ئینتیداب بووە"، گۆڤارەکە ئەو بڕگانەی دەرخستووە کە مافی ئەردەنی پێشێل کردووە لەو ڕێککەوتننامەیە لەلایەنی بەخشینی کۆمپانیایەکە لە باجی گومرگ کە تەنیا ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەدات و بڕەکەی تەنیا شەست هەزار جونەیهە، کە حکومەت داوای کردووە دەسکاری بکرێت، بەو جۆرەی لای کەم لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆمپانیاکە لە سوریا لە ساڵی ١٩٤٧ مۆری کردووە بگونجێت، مافی گرنگ بە سورییەکان دەبەخشێت کە دیارترینیان حکومەتی سوریا و سورییەکان لە دامەزراندنی کۆمپانیا لە پێشەوە بن، جگە لەو بەندانەی کە زۆر پێشکەوتووترن لەو بڕگانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ ئەردەن مۆرکراوە لە بواری رەفتاری کۆمپانیاکە لەگەڵ کرێکارە ئەردەنییەکان، گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمپانیای تابلاین ئاگادارییەکی بەسەر شوفێرە ئەردەنییەکاندا دابەش کردووەو ئاگاداریان دەکەنەوە ئەوان بۆ ماوەی سێ مانگ کاردەکەن، لەژێر ئەزموونندا دەبن و دواتر لە خزمەتی هەمیشەیی دەچەسپێن، کۆمپانیاکە مافی لەکار دەرکردنی هەیە بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەکی دەستنیشان بکات و بەبێ ئەوەی هەق دەستیان بۆ خەرج بکرێت، گۆڤارەکە هەر لە دەروازەی "رای خوێنەران"دا نامەی کرێکارێکی کۆمپانیاکەی نیشان داوە کە تێدا نووسیویە کە خۆی و دوو لە هاوڕێکانی دووچاری دەرکردن بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی هەق دەستیان بۆ ببژێرنەوە یان یارمەتی بدرێن، لە کۆتاییدا پرسیار دەکات "تا کەنگی بەرپرسان هەروا بایەخ بە حاڵ و باری هاووڵاتیانی کرێکار نادەن کە کۆمپانیا ئیستیعمارییەکان دەیان هاڕن دوای ئەوەی کارو ئەرکیان دەکەوێتە نێوان کەڵبەی بێکاری و برسیەتی"، لە ژمارەی دواتریش نووسیویە کرێکارێک داوایەکی قەزایی لەسەر کۆمپانیاکە تۆمارکردووە و داوای کردووە قەرەبووی یان بگەڕێتەوە سەرکار، ئەوەی بە پێشینەیەک داناوە کە یەکەمجارە لە بەرانبەر قەزای ئەردەنیدا ڕوودەدات.

هەروەها داوای کردووە کرێکارەکانی دیکەش یارمەتی بدەن و پشتگیری بکەن، لە ئاکامی کەمی بواری کارکردن و بڵاوبوونەوەی بێکاری، ئەوا کرێکاران خەریکە روو لە دەرەوە دەکەن بۆ کارکردن، بۆیە داوای لە حکومەت کردووە بەر لەو دیاردەیە بگرێت، لەبەر ئەوەی کارکردن سامانێکی بەنرخترە لە دراوی قورس، ئەویش لەڕێی دابین کردنی باروذۆخی کاری گونجاو. لە ئەنجامی ئەو باروذۆخە سەختەی کە ڕووبەڕووی کرێکاران دەبۆوە گۆڤارەکە زۆر داوای کردووە مافی کرێکاران نەخورێ و مافەکانیان مسۆگەر بکرێت، لەو پێناوەدا چەند ئامرازێکی خستۆتە روو کە پێی وایە چارەسەرە بۆ ئەو گیروگرفتە،

گرنگترینیان پێویستی دانانی یاسایەکی پێشکەوتنخواز بۆ کار کە کەمترین رادەی کرێی بۆ دابنێت، بارودۆخی کار کردن باش بکات، نابێت کرێکار بەبێ ئاگادار کردنەوە یان قەرەبووکردنەوەی تەواو لە کار دەربکرێت، هەروەها رێدان بە دامەزراندنی سەندیکا وەک مافێکی پیرۆز بەو پێیەی کە تاکە چارەسەرە، دەکرێت کرێکاران لە زوڵم و ستەم بپارێزێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوەبکات.

**ئاستی گوزەران**

گۆڤارەکە ئەوەی روون کردبۆوە کە وڵات دوای شەڕ و بەکارتێکردنی شەڕ دووچاری بارودۆخێکی سەخت ببۆوەو هۆی هەڵکشانی ئاستی گوزەران بە هەڵکشانی نرخی کاڵا سەرەکییەکان بە شێوەیەکی بێ ئەندازە، کاروبارەکە خراپتر بوو و بارودۆخەکەی بۆ سەر کێشەی پەنابەران گرانتر کردووە، ئەوەش سەری بەلای بارودۆخی سەختی گوزەران دەبردەوە، کە هاووڵاتییان دووچاری بووبوون بەتایبەتیش ئەو فەرمانبەرانەی پشتیان بە مووچەی دیاریکراویان دەبەست، ئەویش لە ئەنجامی هەڵئاوسان هێزی کرینی زۆر لەدەست دابوو، گۆڤارەکە روونی کردۆتەوە، لە ئاکامی ئەو بارودۆخە حکومەت رایگەیاندووە بەنیازە سەرمووچە بداتە فەرمانبەران بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات تا بتوانن خۆ لەبەر گرانی بگرن، پاش چەند مانگێک چاوەڕوانی، حکومەت بریاریدا سەرمووچەیەک بە ئەندازەی ٢٠-٢٥٪ لە ئەسڵی سەرمووچەی پێشوو بدات، ئەوەش فەرمانبەرانی بێ ئومێد کرد، چونکە رێژەی زیادکردنەکە کەم بوو، لەکاتێکدا سانسۆر لەسەر کەلوپەلی سەرەکی نییە، ئەوەش بەلای گۆڤارەکە بەس نەبووە بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی فەرمانبەران، سەرنووسەر وتارێک لەبارەی ئەو بابەتەوە لەژێر ناوی "سەرمووچە کێشەکە چارەسەر ناکات" نووسیوەو تێیدا ئازاری فەرمانبەرانی دەرخستووە، کە مووچەکانیان تێری پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان ناکات، بۆیە داوای کردوە ئاستی راستەقینەی گوزەران بەرز بکەنەوە نەک هەر پارە زێدە بکرێت بۆ فەرمانبەر، بۆ ئەوەش پێشنیارێکی کردووە کە بە چارەسەرێکی گونجاوی داناوە بۆ ئەو کێشەیە، ئەویش بریتییە لە دانانی پێڕەوی دڵنیایی تەندروستی، بۆ ئەوەی لە دژی مەترسییەکانی

"نابێت کرێکار بەبێ ئاگادار کردنەوە یان قەرەبووکردنەوەی تەواو لە کار دەربکرێت، رێدان بە دامەزراندنی سەندیکا وەک مافێکی پیرۆز بەو پێیەی کە تاکە چارەسەرە، دەکرێت کرێکاران لە زوڵم و ستەم بپارێزێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوەبکات.."

هەواڵنامەی کتێب

کارکــردن و نەچوونــە ســەر کار یان مــردن و یارمەتی فەرمانبــەران بدرێــت تا بتوانن خانوو بکڕن و پاشــان بە قســت نرخەکان مانگانە لــە مووچەکانیــان بگێڕدرێتەوە، لە هەمان کاتدا پێویســتە سانســۆرێکی ورد بخەنە ســەر کەرستەی بەکاربردن لە نرخی کۆو فرۆشتنی بە خەڵک و زامــن کردنی ئەو مافانە، بەمــەش فەرمانبەران دڵنیا دەبن و کارگێڕی بەگشــتی ڕێک و ساز دەبێت ئەو بەرنامەیەش دەبێتــە کرۆکــی بەرنامەیــەک کــە هەمــوو هاووڵاتییــان بگرێتەوە.

## رۆڵی گەشەسەندووی بازرگانان

بەهــۆی کاریگەریــی شــەڕو کەمبوونــی کەرســتەی خــۆراک لە ئاکامــی ئەوە گۆڤارەکە باســی ئــەوە دەکات حکومەت لەسەردەمی شەڕدا دەرگای هێنانی کالا بەرووی بازرگانان بخاتە سەرپەشــت بــۆ قەرەبووکردنەوەی هەر کەم و کورتییەک کە لە کەلوپەلە سەرەکییەکان روودەدات، ئەمــەش لــەدوای جەنــگ دیــاردەی زۆری لــێ پەیدا بوو دیارترینیــان سســتی بازرگانــی بــوو، ئــەوە ســەرەڕای کەڵەکەبوونــی ســامانی ژمارەیــەک بازرگان، بەدواشــیدا زێدەبوونــی دەســەلاتیان، تا ئەوەی ببوونــە چینێکی زۆر تایبــەت، بەجــۆرێ ئابووری بازرگانی لەســەر حیســابی ئابووری کشتوکاڵی گەشەی کردو بووە سیمای سەرەکی ئابووری ولات، ئینجا لەبەر گرنگی ئەو بابەتانە، گۆڤارەکە رووبەرێکــی زۆری بــۆ تەرخان کــردووە، چ وەک هەواڵ یــان لێــدوان یان وتار، ئــەوەی تێبینی دەکرێــت رەخنەی توونــدی لەو بازرگانانە گرتووە، ئەوانی بە "دەوڵەمەندانی شــەڕ" ناوبردوون و بەرپرســیاریەتی سســتی بازرگانی خســتۆتە ئەســتۆی ئەوان، لێرەدا ئامــاژەی بەوە کردووە کە ئەوان پارەکانیان لە پرۆژەی پیشەسازی، یان پرۆژەی بەرهەمهێنانــی دیکــە خــەرج نەکــردووە، کــە کەڵکــی بۆ بەرژەوەندی نیشــتمان هەبێت، بەڵکو لەپرۆژەی بیناسازی و ئاوەدانــی خــەرج کــراوە، گۆڤارەکە رەخنــەی لە بردنە دەرەوەی ســامان بــۆ دەرەوەی ولات گرتووە بۆ ئەوەی نرخــی هاوردە زۆرەکان بدەن و لە هەمانکات حکومەتیش بەشــێکی ئەو بەرپرسیارییەی لە ئەستۆیە کەوا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هاوردە پێکهێنابوو ئەندامەکانی بازرگان بوون، ئەوانەی پشــکەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشییەوە، ئەوەش دەبێتــە هــۆی قۆرخ کــردن و ســەروەت و کەڵەکەبوونی

**"حکومەتیش بەشێکی ئەو بەرپرسیارییەی لە ئەستۆیە کەوا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هاوردە پێکهێنابوو ئەندامەکانی بازرگان بوون، ئەوانەی پشکەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشییەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی قۆرخ کردن و سەروەت و کەڵەکەبوونی سامان لە دەست کەمینەیەک، لەسەر حسابی زۆرینە.."**

ســامان لە دەســت کەمینەیەک، لەســەر حســابی زۆرینە، گۆڤارەکە لەو بارەیەوە داوای کردووە یاســای تەنگژەکان دابندرێت بۆ ئەوەی بەپێی رێووشــوێنە نووســراوەکان و پێوانە دیاریکراوەکان بازرگانەکان پۆلێن بکرێت، بەجۆرێ بەرژەوەنــدی و ئــارەزووەکان دووربخەنــەوە، هەروەها سیستەمی هاوردەی نوێ رێی لەهەر کەسێک گرتووە ناوی خشتەی هاوردەکان تۆمار نەکراوە کەلێژنەکە داینابوو بۆ ئەوەی کاری هاوردە بکات، ئەوەی کە گۆڤارەکە رەخنەی لێ گرتووە بەرجەســتە بوونی قــۆرخ کردنە، کە بۆ ئێمەو بۆ گەل باشــە لەو وڵاتەدا کە حکومەت خۆی سەروکاری هێنانی شمەکی تەنگژە دەکات لە چوارچێوەی ئەو تەرخانە پێویســتیانە تا ئەوەی دابەشــکردنی ئەو تەرخانانە بدرێنە دەســت ئــەو ســەرمایەدارە مشــەخۆرانەی خوێنــی گەل دەمژن"، لەو رووەوە پێشنیاری کردووە کرداری هاوردن بەجۆرێ رێک بخرێت کە بڕی هاوردە زێدەتر نەبێت لەوەی کــە دەینێرێتە دەرەوەی وڵات و مافــی هاوردنیش بدرێتە هەر کەســێ توانای هێنانی هەبێت تا قۆرخ کردن دروست نەبێت، لــەو رووەوە گۆڤارەکە بابەتێــک دەورووژێنێ کە ســەروکاری راســتەوخۆی بەکارەکانییەوە هەیە، ئەویش هاوردنــی کاغەزی پێویســتە بۆ بڵاوکردنــەوە، کە رێ بە گۆڤــارو رۆژنامەکان نــادەن بیهێنن، بەمــەش تێچووکەی بەرزدەبێتەوە.

گۆڤارەکە داوای لەحکومەت کردووە هاوردن رێک بخات بە مەبەستی پاراستنی هەندێ پیشەسازی سادەی ئێستای لــە وڵات هەن، بۆ پاراســتنی بەرهەمەکانیــان لە کێبڕکێی بێگانە، چونکە ئەو پیشەســازانە رۆڵیان لە بەکارخســتنی کرێــکاری خۆمالی هەیــەو گوزەرانی ژیانیان دەســتەبەر دەکات، هانــی خێــر لەوتارێکیدا فەرمانگــەی هاوردن ئاوا وەســف دەکات "وەکیلەکانــی ئیســتیعمارو بیرکردنەوەی دەولەمەندانی شــەڕی سەرمایەداران دەســتیان بەسەردا گرتووە"، گۆڤارەکە وەسفی بارودۆخەکە لەسەر ئەو ئاستەدا بە پێشکەش کردنی شیعرێکی درێژی وەرگێردراوی "گۆلد سمیث" دەخاتە بەرچاوی بەناوی **(گوندی چۆڵکراو)** ئەوەی ئەو شــیعرە درێژە وێنەی گرتووە، لەسەر وڵات جێبەجێ دەبێت لەرووی "سەرکێشــی دەسەڵاتی پیاوانی بازرگان و پیشەسازو بەکاربردنی کەرستەی کۆمەڵی ئادەمیزاد".

**- کرداری هاوردن بەجۆرێ رێک بخرێت کە بڕی هاوردە زێدەتر نەبێت لەوەی کە دەینێرێتە دەرەوەی وڵات و مافی هاوردنیش بدرێتە هەر کەسێ توانای هێنانی هەبێت تا قۆرخ کردن دروست نەبێت...**

**- حکومەت هاوردن رێک بخات بە مەبەستی پاراستنی هەندێ پیشەسازی سادەی ئێستای لە وڵات هەن، بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان لە کێبڕکێی بێگانە، چونکە ئەو پیشەسازانە رۆڵیان لە بەکارخستنی کرێکاری خۆمالی هەیەو گوزەرانی ژیانیان دەستەبەر دەکات.**

## بارودۆخی پارێزگاکان

گۆڤارەکە لەسەرەتاو بووژانەوەو پێشکەوتنی وڵات لەو ماوەیەدا دواوە، ئەوەش خۆی لە پەرەسەندنی دیاردەکانی ژیـان دەبینییـەوەو ئـەوەی جێـێ سـەرنجە دیـاردەی ئەو پەرەسـەندنە بە تـەواوی خۆی لە عەمانـی پایتەخت دەبینییـەوە کـە بووژانەوەیەکـی ئاوەدانـی و ئابووری و کۆمەڵایەتـی بەخۆیـەوە بینی بوو، ئەمـەش ڕەنگدانەوەی بەسـەر بارودۆخـی پارێزگاکانی دیکە نەبـوو، تایبەت لە باشـوور کە دانیشتوانەکانی دووچاری بێکاری و هەژاری و فەرامـۆش کـردن ببوونـەوە، دەکرێت تێبینـی ئەوە لە هەنـدێ لە لیدوانەکانی گۆڤارەکە بکەین، ئەوە سـەرەڕای ئەوەی کە هاووڵاتیانی ڕۆڵەی پارێزگاکان لە گۆشەی "ڕای هەژاران"دا دەیاننووسـی، تێیدا سـکاڵایان لە بارودۆخی خراپی ناوچەکەیانەوە هەبـوو، بۆ نموونە گۆڤارەکە باس لـە نەبوونی ڕایەڵــەی ڕێگاوبانی ڕێک و پێـک دەکات کە بگاتە باشـووری پایتەخت، ڕایەڵی شەمەندەفەرەکان کۆنن کەچی هاووڵاتییەک سـکاڵا لە نەبوونی نەخۆشـخانەیەکی نـوێ دەکات لــەو شـارەی کـە دووەمین گەورە شـاری شانشینە، جگە لە نەخۆشخانەی خاچی سوور، کە جگە لە نەخۆشی مەترسیدار هیچی دی چارەسەر ناکات، هەرچی هاووڵاتییەکانـی توفەیلییە دەپرسـن" ئایا ئێمـە ڕۆڵەکانی باشـوور ئەوەمان بۆ نییە کە بۆ خەڵکانی شـارانی دیکەی شانشـینی هەیە، تا کەنگـی ئەو چاکسـازییانەی کە مافی هاووڵاتییان بەسـەریاندا سـەپاندوون، لەناومـان دەبات، یەکێـک لـە هاووڵاتییان ئاماژە بـەوە دەکات کە یەکێک لە هاووڵاتیانی باشوور هیچ ژیانێکی بازرگانی لەناوچەکانیاندا نییە، بە بەراورد لەگەڵ عەمان، کەچی یەکێکی دیکە سکاڵا لەدەسـت نەبوونـی قوتابخانـەی دواناوەندی لـە توفیلیە دەکات.

> ڕۆژنـامـەوانـیـی لەژێر سایەی یاسای پەیڕەوکراوە لەو سـەردەمـەدا، لەلایەن کـارگـێـڕی دەوڵـەتــەوە دووچـــــاری تــەنـگ پێهەڵچنین دەبۆوە..

### بارودۆخی ڕۆژنامەوانیی

گۆڤارەکـە بایەخێکی زۆر تایبەتی بـە بابەتی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکانـەوە داوە، وڵات لــەو سـەردەمەدا چالاکییەکـی بەرچـاوی لـەو بارەیەوە بەخـۆوە بینی، لە ژمارەکانـی یەکەمـی ئاماژە بـۆ ئەوە دەکات کـە ڕۆژانە سـێ ڕۆژنامەو چوار گۆڤـاری هەفتانـە دەردەچن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە ژمارەکانی دواتر باسی کردووە، کەوا وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتـی گۆڤارێکی گاڵتەئامێزی بەناوی "العصـا-دار"ەوە داوە، دەکرێ ئەوە ناوبنێین بووژانەوەی ڕۆژنامەوانیی، بەڵام لەگەڵ ئـەوەش ڕۆژنامەوانیی لەژێر

سایەی یاسای پەیڕەوکراوە لەو سەردەمەدا، لەلایەن کارگێڕی دەوڵەتەوە دووچاری تەنگ پێهەڵچنیـن دەبـۆوە، نموونە بـۆ ئەمەش ئەو یاسایەیە کە حکومەت دەریکرد، بەکارنەهێنانی کاریکاتێر "بە مەبەستی شکاندنی ڕێزی پیاوانی حکومەت و دەستە و تاقمە ڕەسمییەکان"، گۆڤار ئەوەی بە کۆسپ داناوە لەبەردەم ئازادی ڕاو ڕادەربڕین، بـە نەختێ سـەمەرەوە ئاماژەی بەنـاوی ئەو یاسـایەی کاریکاتێـری کردووە کـە بەوێنـەی گەپـی گاڵتەئامێز ناوبـردووە، گۆڤـار ئامـاژە بـەوە دەکات کـە حکومـەت گۆڤـاری "الجیـل الجدیـد"ی کەمال ناسـری داخسـتووە، ئەوەی وەک نموونەی سەرکوت و خنکاندنـی ڕۆژنامەوانیی لـە ئەردەن باس کـردووە، هەروەهـا ڕووداوی گرتنی مونیب قازی داخسـتنی ڕۆژنامەی (**النسر–هەڵۆ**) کە کێشـەی ئەنجومەنی نوێنـەران و لێژنەیەکی پەرلەمانـی پێکهـات لەپێنـاو بەرەڵلاکردن و چارەسـەرکردنی کێشـەکە، سـەبارەت بـە بابەتی ئازادییە گشـتییەکان گۆڤارەکە ئاماژە بـە ئازادی را دەکات کە لە دەسـتووردا باس کـراوە، بەڵام بەدی نایەت ئەگەر دەسـەڵات ئامرازەکانـی ڕادەربڕیـن ئامادەنـەکات و بـەر لە هەموو ئەو شـتانە بگرێـت، کە دەبنە کۆسـپی پەیڕەوکردنـی ئـازادی. زەیفولـڵـڵا حمودیـش لەوتارێکیـدا ئاماژە بە پێویسـتی هەبوونی ئازادی کـردووە بۆ ڕۆژنامەوانیی، سـەرەڕای بـەرزی ئامانج و مەبەسـتەکانی تاکـو ئەرکەکانـی جێبەجـێ بـکات، وەک ئامرازێکی دەسـت پاک حکومەت لە سـکاڵای گەل و داواو ئاواتەکانیان لەپێناو پێشـکەوتن و گەشـەکردن، حاڵـی بکات. سـەبارەت بەو ڕۆڵـەی کـە ڕۆژنامەوانیـی دەبـێ هەیبێـت، عەبدولڕەحمـان شـقیر لەوتارێکیـدا بەناوی "ڕۆژنامەوانـی دەسـەڵاتی چـوارەم" ئامـاژە بەوە دەکات "دەسـەڵاتی چوارەم کاریگەریی کارای لـە ئاراسـتەکردنی دەسـەڵاتەکانی دیکـەدا هەیـە، هەڵەکانیان ڕاسـت دەکاتەوە، ڕۆژنامەوانیی دەبـێ دەربڕی ئێش و ئازاری هاووڵاتیـان بێت و ئەوەشـی روونکردۆتەوە ئەگەر ڕۆژنامەوانی ئەوەی نەکرد ئەوا دەبێتە (**ئامرازێکی دەسـتەمۆی ئیسـتیعمارو تاقمی حوکمڕانی**) یان لە هەڵفریواندن و سـڕکردنی گەل بەشداری دەکات".

هەولێرنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**
**لە ئەسڵی وتارەکە بە عەرەبی دابنرێ.**

*** یەکێتی نووسەر و ئەدیبانی ئەردەن – عەمان.**

# کاریگەریی لایەنە دەروونییەکان لە دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیی و نەخشەسازیدا

**وەرگێڕانی: برادۆست محەمەد***

### باسی یەکەم
### هۆکارە دەروونییەکان

**بەرایی**

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بایەخی بە ڕواڵەتە دەروونییەکانی خۆی، وەکو هەستکردن بە برسێتی و تینوێتی ترس و شەرم و خەمباری و دڵخۆشی، داوە. هەروەها هەندێ دانایی دیکەشی هەن، کە بە چاوپۆشین لەوەی هەستییان پێکراوە، هێشتا ڕاڤەی یەکلاکەرەوەیان بۆ نەکراوە. بەدرێژایی تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش ئەوەی دۆزیوەتەوە کە لەناوەوەی خۆیدا جیهازێکی دیکەی ناماددەیی وا هەیە ئەو ژیری و داناییە دەگەیەنێ کە هۆش پێی دەزانێ، ئەو جیهازە نادیارەش، لای یۆنانییە کۆنەکان، بە گیان یان دەروون psyche دەناسرا، ئەفلاتوون لەم بارەیەوە گوتوویە: (**دەروون و هزر یەک شتن، دەروونی ناماددەییشی بە پێچەوانەی ئەو تەنە ماددەییە داناوە کە لەخۆی دەگرێ. هەرچی ئەرستۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بە گیان و جەستە ئاژەڵێکی زیندوو پێکدێنن**)[1].

ئا لێرەدا بوو مرۆڤ کەوتە ووردبوونەوە لە ناخی دەروونی خۆی، بەمەش نهێنییەکانی دۆزییەوە و کاتیشی بۆ خۆماندووکردن بە تۆژینەوە بەم لایەنە دیاری کرد، فەیلەسووفانی ئیسلامیش دەستێکی باڵایان لە گفتوگۆ کردن لەسەر بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ هەبووە، بەمەش بوواریان لە پێش فەیلەسوف و زانایانی دوای خۆیان خۆش کردووە، هەندێک لەوانە ئامانجییان پێکاوە و هەندێکیشیان گومڕا بوونە. بەڵام لەنێوان هەڵە و ڕاستیی ئەوانە هەندێک لە ڕاستییەکانیان نیشان داوە. لەوانەیە باوەڕی (**دیکارت**)، کە (**بابەتیی لە ئالییەتێکی ئاڵۆز زیاتر نییە بەتیشک و دەنگ و کاریگەرییەکانی دیکە کە بەبێ کاکڵەی ناوەوەی نامادیی دەوروژێ**)[2] لەو هەڵانە بێ کە ڕێگەی لە پێش کەسانی دیکە خۆش کردووە تا بە گورجوگۆڵی لێکدانەوە بۆ هەڵسوکەوت و شارەزایی هەست و دەمار و ماسولکەکان بکات.

هەروەها (**ئیبن خەلدوون**)یش، کە زانایەکی مەغریبییە، لەلایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێبازی خۆی لە ڕاڤەکردنی ڕەوشت و خووی لای مرۆڤ هەبووە و زۆر بایەخی بەم لایەنە داوە، لەڕاستیشدا وا سەلمێنراوە کە هۆکارە دەرونییەکان کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و لەنێو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەشدا پەیوەندی بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە دەبێ.

ئا لەو سەرەتایەوەیە کە زانستی دەروون بە زانستی شارەزایی و هەڵسوکەوت ناسراوەو جێگیربووە، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی زانیاری ورد و دروست لەبارەی ناوەوەی

بینای جەستەی مرۆڤ پەیوەندی نێوان گیان و جەستەش وای لێهاتووە لەبەردەم زانایانی پسپۆڕییەکانی دیکە روونتر دەبێتەوە و هەر هەموووشیان لە زانینی زۆرترین نهێنییەکانی ئەو بوونەوەرە زیندوو و ئاڵۆزە، کە ناوی نراوە مرۆڤ، هاوکاربن (**وفی أنفسكم أفلا تبصرون**)[٣].

ئێمەش کە بۆ خۆمان ناتوانین لەو دەریا فراوانە مەلە بکەین و رووبەڕووی شەپۆلە هاروهاجەکانی ببینەوە، چونکە خۆمان بە کەشتیەوانی ئەم بووارە دانانێین. بەڵام کە ڕێگەمان بە خۆمان داوە ئەم کارە بکەین بۆ ئەوەیە چەند دڵۆپێکی پەرش و بڵاوی لێ بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، بەڵکو لە ڕێگەیانەوە ئەو پەیوەندییە گیانییە بدۆزینەوە کە بە پیشەکەی خۆمانەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئەو لایەنە دەروونییانەش بدۆزینەوە کە بەجێهێنان یارییەدەرمان دەبن، ئەوەش لەو بڕوایەمانەوەیە کە هونەری دەرهێنان و نەخشەسازی وەکو زۆر لە هونەرەکانی دیکە بەهۆکاری دەروونی کاریگەر دەبێ، ئافراندنیش تیایدا وەکو ئاوێنەی روون شەوق دەداتەوە تاوەکو مرۆڤ خۆی لەشێوەی واقیعێکی هەست پێکراو و زانراو نیشان بدات، دەتوانین ناوی ئەوەش بنێین کاری داهێنانی خولقێنەر.

### هۆکارە ناوەکییەکان

لەو هۆکارانەی کە هونەرمەندی داهێنەر، لەکاتی دەرخستنی توخمەکانی داهێنان، تێیدا قووڵ دەبێتەوە، وردبوونەوەی ناوەوە و پشکنینی بیرۆکەکانە (The Introspection) کە لە ڕێگەیانەوە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری سنووردار دەدرێنەوە، ئەوەیش بەگەیشتن بە زۆرترین ئەو توخمانەی داهێنان دەبێ کە داهێنەر دەیەوێ بیانگەیەنێتە ئەوانی دیکە.

هەروەها، بە شێوەیەکی وا دەبێ کە بە قەڵەمەکەی خەیاڵی خۆی لەسەر لاپەڕە نادیارەکان وێنا دەکات و لەهێل و دەستەواژە دەیانبینێ. هەندێکیان رەش دەکاتەوە و هەندێکیشیان دەسەلمێنێ. خۆ پرسیار لەخۆی دەکات و هەر خۆیشی وەڵامەکانی دەداتەوە. هەندێ لە وەڵامەکانی بەدڵ دەبێ و ئەوانی دیکەش دەداتە دواوە. زانیارییانەی کە لە بیرەوەری خۆی دەیانهێنێتەوە، هەندێکیان قبوڵ دەکات و بەرپەرچی هەندێکیشیان دەداتەوە، هەروەها زۆر لە زۆرانبازییە دەروونییەکانی خۆی کە چەندەی لای مرۆڤ عەمبار کرابێ بیری گەورە گەورە و تاقیکردنەوەی لە بووارەکە ڕێژەیەکی هەست و ئیدارکی بۆ شتەکان و فەلسەفەی پێکهات دەبێ، چەندەی شوێنیان لەچوارچێوە مەنتیقی و دڵنیاکەرەکان هەبێت ئەوەندە توندوتیژییەکانی خاوتر دەبنەوە.

لەوانەیشە ئەو کردارە، بەر لەوەی داهێنەر بیگەیەنێتە قۆناغی رازیبوونی دەروونی و دڵنیایی لەوەی کە لە خەیاڵی خۆی وێنای کردووە، ماوەیەکی زۆری پێ بچێت. ئەو کاتیش رۆڵی جێبەجێکردنی کردەیی دێت تاوەکو شیلەی رەنجی بیری لەسەر لاپەڕە راستەقینەکان دادەنرێ تا ببێتە واقیعێکی هەست پێکراو و ئەوانی دیکە وەریبگرن و بیبەخشنەوە.

داهێنەر، تاوەکو بتوانێ ئەوانی دیکە لەوەی بەدەستی هێناوە دڵنیا بکات، دەبێت کۆمەڵێک مەرجی تێدا هەبێت تا بیگەیەنێتە سەرکەوتنی کاری داهێنانەکە، لە هەمووشیان گرنگتر ئەمانەن: (**بێدەنگی، حەسانەوەی تەواو، بیلایەنی، چالاکی، راهاتن، کارتێکردنی درێژ**).

هەموو ئەو مەرجانەش مەفا و بەرپەرچدانەوەی ئەرێنی خۆیان لە کرداری داهێنان و هەڵهێنان و دەرخستندا دەبێ، لەوانە:

١ ـ بێدەنگی ـ لێرە ـ واتە قورتاربوون لە هەموو کاریگەرییەکانی دەرەکی و ناوەکی، وەکو بیرکردنەوە لە بابەتی وا کە هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتی لێ وردبوونەوە نییە (**ناوەکی**)، هەروەها بە کاربردنی هەردوو ئامرازی قسەکردن و بیستن (**دەرەکی**) تاوەکو ئەو کاریگەرییە لە ناوەڕۆکی هێڵی وردبوونەوە نەکەن، نەبادا رێچکەکەی بگۆڕن

و ئەنجامەکان تێکبدەن.
٢. دەبێ حەسانەوە بە تەواوی هەبێت، ئەو حەسانەوەیەش نابێ هەر دەروونی بێت، بەڵکو دەبێ حەسانەوەی جەستەییشی لەگەڵ دابێ، کە رۆڵێکی کارلێکەری لە سەرکەوتنی کرداری راماندا هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە ناکرێ جەستەیەکی پڕ ئێشوئازار لەکاتی راماندا هەموو وزەی خۆی ببەخشێ.
٣. لەکاتی دۆزینەوەی هەندێ ئەنجامی کۆتایی رامان یان گەیشتن بە هەندێ چارەسەر، نابێت بەتەواوی لایەنگیری بۆچوونەکانی کەسێک بێت کە زیاتر خۆویستی و هۆگری بۆ بیروباوەڕی خۆیدا سنووررداری بەسەریدا زاڵە، کە ئەوەش لەگەڵ بیری ئەوانی دیکە پێچەوانە دەبێتەوە یان لەگەڵ واقیع و مەنتیق تێک ناکەنەوە، مرۆڤ هزری، کە لە ئەوانی دیکە دوورەدەست دەبێ یان بۆی نەگونجێ بیروباوەڕەکانی خۆی لەگەڵ سروشتی شتەکان تێک بکاتەوە، بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.
٤. هەرچی چالاکییە ئەوە تەواوکەری توخمی حەسانەوەیە، لەوانە مرۆڤێک لە ماندووبووندا بتوانی وزەی خۆی بخاتە کار. ئەو هۆکارە پەتاکەیان بۆ جیهازی هزری دەگوازێتەوە ماندووی دەکەن و خاوی دەکاتەوە و فەرمانەکانی تووشی بارکەوتن دەکات، بەوەش تەواوی تووشی خاوبوونەوەی دەکات.
٥. بۆ تەواوبوونی ئەو رەگەزانەی پێشوو رۆڵی ئاگاداربوون روانینی دی هەموو هاتوو و هەڵاتوویەک دێت کە سوود بە بابەتی تێرامانەوە هەیە. ئەوەش بەو مەرجەی لە چوارچێوەی خۆی دەرنەچووبێ، هیچیشی تێدا نابێ ئەگەر ئاگاداری هەندێ پەراوێز بین، کە بابەتی راڤەکردن و وردەکاری زۆرتر دەوڵەمەند بکات و بەشێک لە تەواوکارییەکەی بێنێتە دی.
٦. مەشق کردن لەسەر کرداری ئافراندن وا لە ئافرێنەر دەکات توانای لە راهێنان پتر بێت. بەمەش ـ ئەوە ـ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ پیشەسازی ماددی ناکات، کە وا لەبەکاربەری بکات شارەزایی باشتری هەبێت. ئەوەش ئەگەر بە مەشق کردن و دۆزینەوەی نهێنیی نەبێت بە ماوەیەکی دیاریکراو نابێت.
٧. دواجاریش مەسەلەی راهاتنی درێژخایەن لە کاری رامان دێت. کە ئەوەش یەکێکە لە ئەنجامەکانی مەشق و بە لێهاتوویی و وەرگرتنی شارەزایی دێت. تا وای لێدێت وەکو بڵێی پیشەیەک بێت و زۆر بە ئاسانی لەخۆیدا جێبەجێی دەکات، دواجار لە ئەنجامی کۆتایی بیرۆکەکە رەنگ دەداتەوە.
هەموو ئەو مەرجانە، یان ئەو توخمانە، کە دەبێ بەناوی کرداری وردبوونەوە هەبن، هەموو داهێنەرەکان بەر لە دەست کردن بە جێبەجێکردنی دەبێ هەر کارێکی داهێنان هەبێ، کە ئامانجی بزواندنی لایەنەکانی هەست کردنە بە هونەر لای مرۆڤی وەرگر، هەروەها چێژ و تامی جوانی و تێنوێتی شکان لەکانییە بێگەردەکەی دابینکردنی ئەو بارە دەروونییەوە وەرگرێ کە بەبێ شەفافیەتی گیانی و هەست ناسکی نابێت کە مرۆڤی هونەرمەند چێژی لێ وەردەگرێ، ئایا چ داهێنەر بێ یا وەرگر.

**هۆکارە دەرەکییەکان:**

هۆکارە دەرەکییەکان لە رێگەی سەرنجدانی بابەتی The objective observation بەکارهاتوو لە تۆژینەوەی دیاردە دەرەکییەکانی کردارە دەروونییەکان لای خەڵکی خۆی دەنوێنێ. ئەو تۆژینەوەیەش سەرنجی شارەزا و زانایانی دەروونی بۆ لای خۆی وا راکێشاوە کە یارمەتیدەرمان دەبێت لە تێبینی کردنی رەفتاری خەڵک و هەڵسوکەوتیان و چاودێریکردنی رووداوەکانی سروشت، ئەو تێبینیانەش وا لە تۆژەر دەکات باروزروفی شارەزایی لە رەفتارەکانی بزانێ، لە بوواری هونەریشدا داهێنەر ئەو جۆرە تۆژینەوانە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەکات بەو ناوەی کە وەرگری بەرهەمە هونەرییەکانن، ئەو تۆژینەوانە زیاتر تێبینی رەفتار و هەڵسوکەوت و ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەنجامە ئابوورییەکان و

ئاستی هەستکردنیان بە شوێنەکانی جوانی و توانایی چێژ لێ وەرگرتنی. دوای هەموو ئەوانەش تێگەیشتنیان لەبایەخی کارە هونەرییەکە و ڕێزی ئەوانە دێت کە کاری تێدا دەکەن.




تێبینی ئەوەش کراوە ـ بە تاقیکردنەوە ـ ئەو کارە هونەرییەی پێشکەش بەردەستی تاکەکەی کۆمەڵێکی دوور لە شارستانی و ڕۆشنبیری، زۆر بە ئاسایی جێ پەنجەی هونەری ڕەگەزەکانی داهێنانی تێدا نابێت. ئەوەش بەو باوەڕەی کە دەستکورتی ڕۆشنبیری و وشکی ژیاری نیشان دەدا کە ئەو کۆمەڵە سەرەتاییە کوێرانە تیایدا هەڵسوکەوت دەکات. لە بارێکی وادا کۆمەڵ ورە بە ڕۆشنبیران و داهێنەرانی دەدا و هانیان دەدات هۆیەکانی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بیری خەڵک و پەروەردەی چێژ لەبەرچاو بگرن، دابەکانی جوانییان لە مێشک بچەقێنن و لەوبارە سەرەتاییە دەریان بێنن و بەرەو ئەو ئازادییەی ببەن کە خوا بۆی فەراهەم کردوون.

ئەگەر چارەنووس وایکرد کارێکی هونەری بەدەست هاتوو لە وڵاتێکی ژیار دواکەوتوو لەنێوان خەڵکی کۆمەڵێکی شارستانی بڵاوبکرێتەوە ئەوەندە بایەخەی پێنادرێ، بەڵکو بە هونەرێکی چرووک و هەژاری دادەنێن و لەوانەشە وای دابنێین کە پیشەی قوتابیانی سەرەتایی لەوە باشتر بێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە بوو وا تەماشای کارە هونەرییەکانی کۆمەڵی پێشکەوتوو دەکەن وەکو بڵێی نموونە بێت و دەبێ پەیڕەوی لێ بکرێ، دیارە ئەوەش یەک لە ئەنجامەکانی تێکەڵبوونی ژیاری نێوان گەلان و کۆمەڵەکانە کە هەلی وا بۆ هەر کۆمەڵێک دەڕەخسێنێ لای خۆیەوە لەبەرچاوی عورفی کۆمەڵایەتی خووڕەوشتی گشتی باو توخمەکانی پێشکەوتنی هونەر و بەرزکردنەوەی چێژی گشتی هەڵبژێرن.

کەواتە، تێبینی دەرەکی یەک لەو فەرمانانەیە کە داهێنەر ـ لە ڕێگەیەوە ـ لە سروشتی تاکەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەکۆڵێتەوە و لە هەست و نەستیان و تێدەگا و توانایان تێیدا دەدۆزێتەوە لە تێگەیشتنی لایەنەکانی ئەو کارە داهینانەی پێشکەشیان دەکرێت لە بۆچوونیان لەو ماندووبوونەیەی تیایدا بە خەرج دراوە و ڕێزگرتنی ئەوانەی سەرپەرشتییان کردووە و دەکات، ئەوەی بە کردەیی و زانستی سەلمێنراوە داهێنانە هزرییەکان ـ چ ئەدەبی و چ هونەری ـ ڕۆڵێکی

گەورەیان لە مشتوماڵ کردنی رەوشتی گشتی و ئـاکاری تاکەکان و رێکخسـتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانـی نێوانیان بنیـوە، لەوانەیە توێژی رۆشـنبیران، لە نووسـەر و ئەدیب و شـاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسان ئەو جۆرە بەرپرسـیارییەتییەیان بکەوێتە ئەستۆ. بەو ناوەی کە کۆڵەکەی پەیکەری کۆمەڵایەتی و دەردانی شیلەکەیەتی.

دەرهێنـەری رۆژنامەنووسـیی یـان نەخشەسـازی هونەریـی لای خەڵـک بەیەک لـەو جەمسـەرە گرنگانـە دادەنـرێ کـە پەروەردەکردنی چێژ و هەستی هونەری لای گشتی دەخولقێنێ، ئەوەش لە رێگەی ئەو کارە رۆژنامەنووسـییەوەیەتی کـەوا چاوەڕوانـی دەکرێ بە شێوەیەکی دڵنیاکەرەوە پێشکەشی بـکات، دیـارە ئـەوەش بـەم دوو مەبەسـتە دەبێت:

١) ئەگـەر ئـەو کۆمەڵـەی کارە رۆژنامەنووسییەکەی پێ دەگات پێشکەوتوو بن و پلەیەکی بەرزی لە چێژی گشت هەبێت، زۆر بـە گران بە هەموو ئەو کارەی لەسـەر لاپەڕەکان پێشکەشـیان دەکـرێ رازی دەبن، ئـەوەش وا لـە دەرهێنـەر یان نەخشەسـاز دەکات لەمـە زیاتـر مەشـق بـکا و فێربێ و بیری خـۆی بگەیەنێتە ئەو ئاسـتەی خوێنەر پێیگەیشـتووە، بەڵکو لەوەیش سەرکەوتووتر بێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە توانای هونەری خۆی لە خولقاندن و داهێنان و نوێکردنەوە پیشـان بدات و بەسەرسـوڕمانەوە دەسەڵاتی بەسەر خەڵکدا بکێشـێ و لە باروزروفێکی دەروونی ئاسایی و دوور لە نیگەرانی و بێز لێ بوونەوە سەرنجیان بۆ کەرەستە رۆژنامەنووسییەکان رابکێشێ.

٢) بـەڵام ئەگەر ئاسـتی ژیاری ئـەو کۆمەڵە لـە خـوارەوە بێت. لەسـەر ئـەو دەرهێنەرە یان نەخشەسـازەی کاری رۆژنامەنووسـییە پێویسـتە وەکـو هـاوکارە داهێنەرەکانـی دیکـەی بکات و بـە هەموو لایەکیان چێژ لای کەسـانی کۆمەڵەکەیـان پـەروەردە بکـەن و وردە وردە لەسەر وەرگرتنی کاری هونەری و تێگەیشـتن لە جوانییەکـەی و رێزگرتن لە نرخە هونەرییەکەی رایان بێنن. بەو مەرجەی ئـەوەش لەناکاو و بەیەک چـاو نەبێت، بەڵکو لە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە بەرەو قۆناغێکی پێشـکەوتووتر بێـت، کـە دیارە ئەوەشـیان ئاسـانترین رێگایـە بـۆ قووڵکردنـەوەی ئەو چەمکانـە و چاندنـی رەگەکانـی لە مێشـکی خەڵکدا.

ئەو تۆژینەوەیەش، کە متمانە دەکاتە سەر تێڕامانی دەرەکی و تێبینی بابەتی، ئاسانترین کارە کـە داهێنـەر بـەر لـە تەواوکردنـی کارە هونەرییەکـەی دەیـکات. لەوانەیشـە تۆژینەوەیەکی هاوشـێوەبەر لـە دەرچوونی هەر چاپەمەنییەکی نوێ ـ جا چ رۆژنامە بێ و یا گۆڤار، پێویست بکات ئەوەش بۆ دیارکردنی ئامانجـەکان و دەستنیشـانکردنی کەسـانی توێژی رۆشـنبیر کە بابەتەکانیـان دەگاتێ و چەندە شـێوازە هونەرییەکەی قبووڵ دەکەن. هەروەهـا زۆر لـەو رامانانەی کـە چاوەڕێ دەکرێ خوێنەران سوودی لێ وەربگرن.

کاری رامانی دەرەکی هەر ئەوەندە نییە کە تۆژینـەوەی رەفتار و شـارەزایی مرۆیی بێ. بەڵکو لەسروشت دەکات و تێبینی پێکهاتەکانی رادەمێنـێ و ئیلهـام لە داهێنانـە خواییەکەی وەردەگـرێ و جوانییەکـەی دەخـوازێ و لە کارپێکردنی سوودی لێ دەبینێ.

مرۆڤیـش ئـەوە بە گونـاە نازانـێ ئەگەر لاپـەڕەی نەخـش کـراو لـە چوارچێوەیەکی هونەری جوان بە باخچەیەکی پڕ لە دارودرەخت و بەگـوڵ رازاوە بچوێنێ، کە ئەوەش بەڵگەی سـەرکەوتنی تێبینییە بابەتییەکانی روانین بۆ سروشـتە کە دەبێتـە سـەرچاوەی ئیلهام و کاتی دەرخسـتن ئاسـمانێکی بە پیـت بینینی داهێنـەران گـەش دەکاتـەوە و توخمەکانـی هونەر و جوانی لێ دەخوازنەوە.

لە دووتوێی هەندێ لەسەرنجەکاندا روون دەبێتـەوە کە هونەرمەند بـە تەنیایی کەبایەخ بە سروشـت دەدا و لێی ورد دەبێتەوە، بەڵکو نووسەری رۆژنامەنووسییش، بەو ناوەی کە لە بوواری خۆیدا لە سروشت ورد دەبێتەوە، داهێنەرە و ناوەڕۆکی بابەتەکەی لێ بەدەست دەهێنـێ. هەڵبژاردنـی دەرووە نەگۆڕەکانیش

بەڵگەی ئەوەن، ئەو ناوی توخمە سروشتییەکان بۆ ناوونیشانی ئەو دەورانە بەکاردەبات: مێرگی شیعر، باخچەی وشە، بەهەشتی منداڵان، گوڵی بەهار، زۆر لە پێکهاتەی دیکەی وشە کە لە سروشتەوە وەرگیراون.

بەڵکو ئەو کارە زۆر لەلاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبەزێنێ، ئەوەتا ناوەکانی وەکو: بەیانی نوێ، خۆر، مانگ، القبس، ئەستێرە، ڕۆژ، بەیانی و زۆر ناوونیشانی دیکە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و بیانییەکاندا هەن، کە زۆر بە پوختی و سەرکەوتوویی دانراون و پێناسەی ئەو چاپکراوانەی پێ کراوە. هەروەها بۆ ئەوەیە کە کاریگەریی دەروونی ناولێنانەکە بەهێزتر بێ و بیری خوێنەران ئاوەها بپۆشێ هەواڵی دڵنیاکردنەوەیان لە دروستی ئەوەی تێیدا بڵاودەکرێتەوە و لەلا بەهێز بکات.

**کاریگەریی لایەنی دەروونی بەسەر لایەنی جەستەییەوە**

دەروونی مرۆڤ، لە ڕێگەی پێنج هەستە ناسراوەکەوە، بە ڕووداوە گوازراوەکانەوە کاریگەر دەبێ، بەڵام هەردوو هەستی بینین و بیستن لە هەموان زیاتر لەگەڵ فرمانی دەروونی و جەستەیی کارلێک دەکەن و وەڵام دەدرێنەوە، مرۆڤ پتر دەبینێ و دەبیستێ لەوەی دەستی لێ دەدا و بۆن دەکات و چێژی لێ وەردەگرێ - بینین و بیستن، چ لە قازانج و چ لە زیان، لای یەکسانن. دیارە مرۆ بە بیستنی هەواڵێکی خۆش و دڵڤەکەر، یان بینینی دیمەنێکی گەش و جوان، دڵخۆش و کامەران دەبێت. بە پرسەی خزم یان دۆستێکیش یان بینینی ڕووداوێکی دڵتەزێن و جەرگبڕ دڵتەنگ دەبێت.

کاریگەری ئەو هەستانە، لەنێوان ئەم و ئەویاندا بەرەو قۆناغی جەستەیی و بابەتی دەگۆڕێن، ئەوەتا تووڕەبوون - بە نموونە - بوونی نابێ (**ئەگەر گۆڕانی خوولی خوێن و هەناسەدان و لێدانی دڵ و شتی دیکە ئەنجامی هەندێ پەیامی کیمیاوییان لەگەڵدا بێ کە پێی دەگوترێ هۆرمۆن**).(٥)

ئا بەم شێوەیە لەبیری ئێمەدا بڕیار دەدرێ کە جەستە و دەروون یەکەیەکی گشتین و وێنای ڕواڵەتی گشتی لە کەسێتی تاک دەکا.

لەبەر ئەوەش کە بابەتەکەی ئێمە پەیوەندیدارە بەوەی کە هەستی بینین بۆ هۆش دەگوازێتەوە و بەشەکانی دیکەی ئەندامی جەستەی مرۆڤ پێیەوە کاریگەر دەبێ، بۆیە هەموو ئەرکی ئێمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ تۆژینەوەی توخمە وروژێنەرەکانی هەستی خۆشی و کامەرانی نەک پێچەوانەکەی. ئەو هەستانەش بووار نادەنە هۆرمۆناتی توڕەبوون و پەستی کە بچنە ناو کەناڵەکانی خوێن و لەوێوە ڕوو بکەنە هەموو لایەکی جەستە، دیارە ئەوەش بە ڕێگەی

**"ئەگەر بابەتەکانی ڕۆژنامەنووسیی شێوەکانی بە خراپی هەڵبژاردران و لەلایەنی هونەریشەوە بە ناگەیشتوو و نابەرامبەر بێ جێ پەنجەی جوانی لەلایەنی شێوەوە پێشکەش کرا، ئەوسا چاو لە گواستنەوەی ئەو وێنە تێکەڵ و پێکەڵانە، ماندوو دەبێ، ئەمەش بەرپەرچدانەوە و وەڵام نەدانەوەی لێ دەکەوێتەوە"**

دەستنیشانکردن و دروست پیشاندانی هونەری و دروست دەرهێنان، بەشێوەیەکی وا کە چاو پێی خۆشبێ و لە خۆیەوە و زۆر بە هێمنی بۆ هۆش بیگوازێتەوە، نەبێ بەدی نایێ، دواتریش دەمارەکانی جەستە پێشوازی لێ دەکەن و بە بێ شلەژان و گرژبوون بۆ ئەندامەکانی دیکە دابەشی دەکەن، ئەوسا خوێنەر هەست بە حەسانەوەی دەروونی و جەستەیی دەکات، ئەوە لە کاتێکدا جیهازی بیر و کەرەستەی زانستی و رۆشنبیری نووسراوە خەریکن، پاراستنی زانیارییەکان و وردەکارییەکان لە بیرەوەریدا بە رێکوپێکیەکی زۆر ورد جێگیر دەبێ کە ئەوەشیان ئامانج و مەبەستە.

بەڵام ئەگەر بابەتەکانی رۆژنامەنووسیی شێوەکانی بە خراپی هەڵبژاردران و لەلایەنی هونەریشەوە بە ناگەیشتوو و نابەرامبەر بێ جێ پەنجەی جوانی لەلایەنی شێوەوە پێشکەش کرا، ئەوسا چاو لە گواستنەوەی ئەو وێنە تێکەڵ و پێکەڵانە، ماندوو دەبێ، ئەمەش بەرپەرچدانەوە و وەڵام نەدانەوەی لێ دەکەوێتەوە، لەمەوەش ـ لە ئەنجامی ئەوە ـ هەندێ پێشینەی ژانی جەستەیی، وەکو چاوتێکچوون و گرژبوونی دەمارەکان و سەرئێشە سەرهەڵدەدەن، بەمەش جیهازی بیر نایپەرژێتە سەر ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان پڕ بکاتەوە.

بۆیە سوودەکان لەبیر جێگیر نابن، دواجاریش هەموو زانیارییەکان هەر ئەودەمی لە شوێنی خۆیان لەبیر دەکرێن کە ئەوەی ئێمەش لێی دەترسین ئەمەیە.

ئێمە لێرەشدا کە کێشەی نێوان گیان و جەستە دەوروژێنین داوای نوێبوونەوە و خستنە سەری بۆ ناکەین، چونکە ئەوانە ئەوەندەی بیری مرۆڤایەتی کۆنن، بۆیە نامانەوێ بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بیانخەینە ناو بابەتەکەمان.

> **هونەر رۆڵێکی گەورە لە چارەکردنی هەندێ لە جۆرەکانی نیگەرانی و کەبت و خەمۆکی دەبینێ. دیارە ئەوانەش هەندێ لەو نەخۆشیانەن کە لەوانەیە لەکاتی بێ ئیشی، یان لەکاتی ئیشکردندا، تووشی خەڵک هاتبن، بەمەش هونەرمەند وای لێ دێت وەکو بڵێی پزیشکی دەروونی بێت**

بەڵام ئەوەمان لەبەر هەستکردنمانە کە لە ئەو چەرخەی ئێمەدا زاناکان وەکو چۆن سەیری جەستە دەکەن ئاوەهاش لە دەروون دەڕوانن. تەنانەت وای لێهاتووە نۆڕینگە دەروونییەکان، شانبەشانی نۆڕینگە تەندروستییەکانی دیکەی جەستە، دەکرێنەوە، زۆر جاریش وابووە ـ لێرە و لەوێ ـ بیستوومانە نەخۆشییەکی ئەندامی جەستەیی هەبووە تەنیا لە رێگەی دواندن و دڵنیاکردنەوەی دەروون و بە لەبیرکردنی هەست کردن بە ئازار: چارە کراوە. ئەوسا ئەندامەکانی جەستە بەرەو چاکبوونەوە بوونەوە. لە بەرامبەریشدا هۆکاری دەروونی هەبووە کاریگەری وای بەسەر ئەو ئەندامانە هەبووە جوولە و کارکردنی لاواز کردووە و پەکی خستووە.

ئەوەش بەڵگەی گەیشتنی دەروونی مرۆڤە بە ئەو قۆناغەی هەستی پێ دەکرێ، بۆیە وا مامەڵەی لە تەکدا دەکرێ وەکو بڵێی ئەندامێکی ماددی بێت: ئەوەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا رووی دەدا کە تیایدا دەروون نەگەیشتبووە

پلەیەکی هەستیار، بۆیە رووی لە سروشتی ئاژاڵی دەکرد و بە دەوروبەرەکەی کاری تێ دەکرد. زیاتر ژیانی سادە و لەخۆوەی دەگرتە بەر. هەرچی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە ئەوا بەرەوپێشچوونی ژیار و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژی جۆرێکی ئاڵۆزی لە داهێنانەکانی ژیان لەسەر فەرز کردووە، کە ناکرێ بگەینە هەمووی و دەست لە هۆیەکانی بدەین تەنیا بەوە نەبێت کە مرۆڤایەتی ـ بە گیان و جەستە تا ئاستێک پێش بخرێ کە رێگەی ئەو جۆرە فەلسەفە دەدا، هێماکان شی بکاتەوە و گرێکانی بکاتەوە.

هونەر، بە هەمووو لقەکانییەوە لەوانەیە یەک لەو هەنگاوانە بێ کە مرۆڤی لە بووارەکانی زانست و زانیاری هاوچەرخ گەیاندۆتە قۆناغێکی وا، پزیشکی نەشتەرگەری وایلێهاتووە بە بەکارهێنانی کەرەستەی ورد و پەنجە نەرمەکان لە بوواری خۆیدا نەشتەرگەری جوانیش ـ خۆی لە خۆیدا ـ بە خۆشییەوە بە هونەرێکی بەرز دادەنرێ. ئەوەش وا پاساوی بۆ مرۆڤ هێنایەوە ئەوەی شانبەشانی بایەخدانی بابەتییانە بایەخ بە لایەنی دەروونی بدات. مەبەستیش لە نەشتەرگەری جوانی ئەوە نییە کە بە برینی ئەندامێک نەخۆشیی لە دەروون دەربکرێ. بەڵکو هۆیەکەی خەوشێکی دیاری جەستە بووە.

لەوەش پتر، هونەر رۆڵێکی گەورە لە چارەکردنی هەندێ لە جۆرەکانی نیگەرانی و کەبت و خەمۆکی دەبینێ. دیارە ئەوانەش هەندێ لەو نەخۆشیانەن کە لەوانەیە لەکاتی بێ ئیشی، یان لەکاتی ئیشکردندا، تووشی خەڵک هاتبن، بەمەش هونەرمەند وای لێ دێت وەکو بڵێی پزیشکی دەروونی بێت و بە بەدواچوونی نەخۆشەکان پەیوەست بێت، دەرمانی پێویستیان بۆ دابنێ و نەخۆشیەکانیان چارەسەر بکات. لەبەر ئەوەی گۆڤار و رۆژنامەش زۆرترین ئەو ئامرازانەی بینینە کە خەڵک دەستا و دەستیان پێ دەکەن. مامەڵەش لەگەڵ توخمەکانی هونەر و جوانی دەکەن، بۆیە زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین: ئەوەی لەپاڵ دواندنی هۆش رۆژانە یان هەفتانە دەبنە خۆراکی دەروونی مرۆڤ. بەمەش دەبنە بەشێک لە چارەکردنی دەروونی و جەستەیی خوێنەران.

### هۆکاری خواست و ئارەزووەکان

ئاستەمە زاناکانی دەروونزانی بتوانن ئەو پاڵنەرانە دیار بکەن کە دیاردەکانی ئارەزوو لای هەرکەسێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی راڤە دەکەن. بەڵام راڤەیەکی گشتیشی هەر بۆ دەکەن، ئەوەیش دەگەڕێننەوە بۆ دوو توخم، یان ئەوەتە میراتێکی فسیۆلۆجی ئاژەڵی، یان میراتێکی کۆمەڵایەتی گشتییە، زۆریش لەوانە بۆ ئەوە دەچن کە پرسی خواست و ئارەزوو هاندانی داب و نەریتی گشتی هاوبەشە پتر لەوەی پاڵنەرێکی جێگیری غەریزەیی هەبووبێت.

ئا لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە خواستی کەسەکان بۆ شتێکی دیاریکراو لە پاڵنەرێکی رۆشنبیری و عورفی کۆمەڵایەتی دەماودەمەوە بەدەست هاتبێ. نەک هەموو لەو سکماکییەوە هەبووبێ کە خوا بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە، ئەوەتا ئارەزوو هەبوون بۆ خواردن و غەریزە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە نێوان کەسەکانەوە نییە، هەرچی بە پەسەندتر زانینی خواردنێکە لەسەر ئەوەی دیکەیان هەڵبژاردنی ئافرەتێک لەنێو ژنان ئەو خواستانەن کە ئەزموون و فێربوون و راهاتن دەیسەلمێنن، ئەوەش ـ بە گشتی ـ رۆشنبیری بەدەست هاتووە.

ئێمەش ـ کە ئەو دەرگایە دەقوتین ـ دەمانەوێ ئاگاداری ئەو پاڵنەرە سکماکی و دەستکەوتووە بین کەوا دەزانین کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەرهێنانی رۆژنامە ـ لەلایەکەوە ـ خوێنەری وەرگر ـ لەلایەکی دیکەوە ـ دواجاریش لەسەر شێوەی رۆژنامە یان گۆڤارەکەدا دەبێ.

ـ لەم لایەنەوە ـ تێبینی ئەوەیش دەکەین کە هەندێ لە داهێنەران زۆرتر خواستی ئەوەیان هەیە بینینی خۆیان لەسەر کاروبارەکان ئاڵۆز بکەن، بۆ بەدوای ئەو ئارەزووانەی

خۆیـان دەکەون کـە هێنانە دی مەحاڵ دەبێ. پاساویشیان بۆ ئەو بۆچوونە وایە کە ئەوەی ئەوان دەیبینن و دەیزانن ئەوانی دیکە نایزانن. رەخنەگرانی خۆشیان بە نەزان و دەستکورت دادەنێـن. ئەو وێنەکێشـەی کـە تابلۆیەکی لە پێکهاتە جوان و لە مانا نادیار پێشـان دەدات ناتوانـێ بەبـێ شـرۆڤەکردنی مەرامەکان بۆ بینەرانی جێبێڵێ. ئەوەی لەسەر وێنەکێشێکی شـێوەکار جێبەجێ دەبـێ ئەوانەش زۆرجار بەخاوەنـی ئـەو جـۆرە خەونـە نموونەییانە دادەنرێـن کـە هەرچەنـد بۆیان بـە پەرۆش بیـن، بـەڵام نایەنە دی، کە ئـەوەش هۆیەکی فەشەلهێنانی بەرهەمە داهێنراوەکانە.

داهێنەر، بۆ ئەوەی لە بازنەی کۆمەڵەکەی نەخرێتـە دەرەوە، لەسـەریەتی داواکـەی پێشـکەوتن لە پێناوی پێشکەوتن نەبێ، بەڵکو دەبـێ لەپێناوی چاکسـازی کۆمەڵایەتی بێت، دیارە ئەوەش نابێ ئەگەر بە میانڕەوی لە بیر و پێشکەوتنی بەرهەمی هونەری لە سنووری ئـارەزووی کەسـان و ئـارەزووی ناوەوە و دەوروبەرەکـەی نەبێت. هەروەها لە رێگەری میراتی رۆشنبیری و ژیاری خۆیەوە دێتەدی، ئەوەتا لەوانەیە تابلۆکانی (**بیکاسـۆ**) بە دڵمان نەبووبێ چونکـە تێیان ناگەین، شـیعرەکانی (**شکسـپیر**)یش پێچەوانـەی داب و نەریتـی کۆمەڵایەتیمان بـێ، کۆمیدیاکانی (**مۆلێر**)یش ئەونـدەی فەڕەنسـییەکان نەمانخاتە پێکەنین، شـریتەکانی (**دراکـۆلا**)ش دژی بیروباوەڕی ئایینیمـان بـێ. بـەڵام بەگشـتی ـ ئەمانـە هـەر هەموویـان کولتـووری مرۆڤایەتین و ئاگاداریمان لەسـەریان بەپێی رۆشـنبیری و سـوود وەرگرتن لە ئەزموونـی خەڵکی دیکە و خواسـتمان بۆیان ئارەزوویان لێ دەکەین، ئەوەش بەو مەرجـەی نەیانکەین بە ئامانجی باڵامـان و ملـی هونەرمەندانـی بەرامبـەر بچەمێنینەوە... یان بیکەینە نموونەی بێ هاوتا کە بە ئاسـانی دەسـتی تـازە پێگەیشـتوانی ناگاتـێ بەڵام هیچی تێـدا نییە کە هەموو ئەو کارانـە لەلایەنی پرۆگرامەوە بخوێندرێن و بە قوتابیانی هەر پسپۆڕییەک بناسرێن.

کاری رۆژنامەنووسـییش، وەکـو زۆر لـە داهێنانەکانـی دیکـە، دیاردەی خواسـت کاری تێـدەکات. لەوانەیـە ئـەو رۆژنامە یان ئـەم گۆڤارە–کە کەسـێتی ـ خـۆی لە رێگەی بابەتە رۆژنامەوانەکانی و رواڵەتی دەرهێنانی دروسـت بووبـێ، بـەڵام لەوانەیشـە بە دڵی هەندێک بێت و هی دیکە بە دڵیان نەبێ، دیسان ئەوەش بەپێی جیاوازی بیر و رۆشـنبیری و غەریزە دەبێ، ئا لێرەدایە بیردۆزی تێکەڵکردنی پاڵنەرە سـکماکی و بەدەستهاتووەکان، کە لە پێشەوە باسیان لێوەکرا، دێتە دی.

هـەر بـە نموونـە دەبینیـن ئارەزوومان بـۆ گۆڤارێـک دەچـێ، کـەوا راهاتـووە وێنەیەکـی رەنگاورەنـگ لەسـەر بەرگەکەی بڵاودەکاتەوەکـە ئـەوەش چەنـد پاڵنەرێکـی هەیـە لەوانەیە وا سـەیری بکرێ ئەو کیژۆڵە جوانی و شاکاری داهێنانی خوای خوڵقێنەرە. لەوانەیشـە پاڵنـەری غەریـزەی رووتـی سەرجێیی و زەوی و نیشتمان و دایک بکات. لەوانەیشـە بـە پاڵنەرێکی روونتر تەماشـای بکرێت، گوایە خەون و خەیاڵێکی بێ سنوورە. شانبەشـانی هەموو ئەوانەش بـە پاڵنەرێکی واقیعی تەماشـای دەکرێ بەوەی وێنەی فڵان هونەرمەندە.

هەرچـی لایەنـی بەرپەرچدانەوەکەیەتی، کـە هەندێـک پاسـاوی وای بۆ دێنـەوە، کە لەگـەڵ داب و نەریت و رەوشـتمان نایەتەوە و دژی بنەما ئایینیەکانن، هەندێکی دیکەش وا تەماشـای دەکەن کە ئەوە بۆ بێ بایەخکردنی ئافرەت و دەستخەڕۆکردنی توخمەکەیەتی بۆ وروژاندن و غەریزە و بکێشکردنی خوێنەران، کە ئەوەیش ـ خۆی لە خۆیدا ـ ئامانجێکی نادیار و ناشـەریفە، هەروەهـا دەسـتەیەکی دیکەی لە بەرپەرچـدەرەکان وای دەبینن، دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە لەهـەر ژمارەیەکـدا وەکـو پاسـاو بـۆ بڵاوکردنـەوەی وێنەکەی لەسـەریەک میوانداری هونەرمەندێک دەکات، کـە ئەوەش بـۆ دانپێنانی بە توانـی هونەری لێهاتوویی نییە.

لەوانەیـە لـە رۆژنامەکانـی بەریتانیا ـ بە نموونـە ـ نموونـەی زۆر بێنین کـە دیاردەی ئـارەزووی غەریزەییمـان لای کۆمەڵـە بـێ

پــەرواکان بۆ راڤە دەکات، ئەوەتا لە رۆژنامە میللیــەکان Tabloid دەبینین بابەتی رواڵەتی دەرهێنانی غەریزە لــە هۆش زیاتر دەدوێن، بە نموونەی ئــەو هەواڵانەی بڵاو دەکرێنەوە، زیاتــر پەیوەندییــان بــە تاوان و ســووتان و ئابڕوچوون و غەریزەی سێکســی People Intresting هەیە، درێخیش لە بڵاوکردنەوەی وێنــەی کچۆلان، بە رووتی یــان نیوەڕووتی، ناکــەن. دیــارە ئــەو جــۆرە رۆژنامانــەش لای هەندێــکان زۆر پەســەند دەکرێــن و قازانجــی زۆریش دەکەن. هەرچــی رۆژنامە ســەنگینەکانن، کە کەسایەتی حکومی و چینی بورژوازی دەدوێنن هەر ئەوندە ژمارەیان لێ چــاپ دەکرێ کە پێویســتن. هەرچی کۆمەڵی موحافیزەکارەکانــن دەرچــوون لــە ئاییــن و عورفی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت لە بازنەی رەوشتدا نابینن، بەڵکو زۆر بە توندی هەوڵی بــۆ بەربەســتی غەریزە دەدا و لەو خواســتە هونەرییە کە ئامانجییان هۆش بێت قەدەغەی دەکات. ئەویش هەستی جوانی دەوروژێنی و هێمنی و ئاسوودەیی بە دەروون نادات.

مەسەلەی میانڕەوی لە پاڵنەری خواست و ئارەزووەکانی خۆی بەسەر داهێنەر و وەرگر بەیەکسانی فەرز دەکات، داهێنەر لەسەریەتی رێگــە بە خۆی بدات خواســتی ئەو ئامانجانە بکات کە لە توانــای مرۆڤبوونی بەرزتر بێت. ئەوەندە ئــارەزووی هێنانەدی مەحاڵ نەکات، جڵــەوی ئەوەنــدە بــۆ خەیاڵی خــۆی بەرەڵا نــەکات و مەلــەی ماقــوڵ بــکات ئــەوەش لە بەرهەمەکــەی رەنگ دەداتــەوە کە یەکێکی وا نادۆزییەوە خواســت و ئــارەزووی لێی بێت، بەڵکو کار بۆ پێشکەش کردنی کاری مەنتیقی و نائاڵۆز دەکات کە تاوەکو وەرگر تێی بگات و مامەڵــەی لەگــەڵ بکات و بە ئــارەزووەوە قبوڵی بکات.

دیــارە ئــەوەش لــە باوەشــی کۆمەڵێکی میانــڕەو دەبێت کە کەســەکانی ئەو ئێشــانە تێدەپەڕێنن واقیعی مرۆڤایەتی دیاری دەکات. دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بڕیاری لێ دەدەن و بەهاکانی ئایین پێویستی دەکات رۆشنبیری بــە میرات بــۆ مــاوەی حوکمی تێــدا دەکات بەمەش وەرگر لە ئارەزووەکانی نموونەیی و میانڕەوی ئارەزووەکانی دەبێت.

**هۆکاری زیرەکی**

لەوانەیــە مــرۆڤ تاوەکــو ئەمڕۆکــە لێکدانەوەیەکــی بــۆ دەســتەواژەی زیرەکــی نەبــێ، لەوانەیشــە ئــەو دیــاردە مرۆڤایەتییە ســنووردارە، کــە تاوەکــو ئێســتا زاناکانــی سەرسام کردووە، راڤەیەکی سەرتاسەری بۆ نەدۆزرابێتەوە. ئەوەش بۆ ئەو ئاکارە گیانیانە و جیهــازە پەنهانــە دەگەڕێتەوە کــە تاوەکو ئێستا دەســتی مرۆڤی نەگەیشتۆتێ، لەوانەیە پزیشکێکی جەستە لە ماوەیەکی کەمدا ئێسکە شــکاوێک بگرێتەوە، یان ئەندامێکی جەســتە ببڕێتەوە و هی دیکەی لە شــوێندا بچێنێتەوە، بەڵام پزیشــکێکی دەروونی نەک هەر ناتوانێ گێلەمرۆڤێــک بکاتە مرۆڤێکی زیــرەک، بەڵکو ئــەو کارە هەر نابێ و نایەتــە دی، بەتایبەتی لەسەر مرۆڤێک کە بە تەمەندا چووبێ.

زیرەکیش بە پلە دەبێ، کۆمەڵێک هۆکار کە لای مرۆڤ هەن حوکم کار لە بەرزی و نزمی ئەو دیاردەیە دەکەن، ئەوانیش بە شــێوەیەک لــە شــێوەکان لە کاریگــەری دەوروبەر و بۆ ماوەیی دەرناچن، لەوانەیە مرۆڤی وا هەبن کە دێنە جیهانەوە لەگــەڵ فرچکدانیان بلیمەتییان پێوە دیاربێ، لەوانەیشــە ئــەو میراتە لەکاتی پەروەردە و فێرکردن و گەورەکردنی پێیەوە دەرنەکەوێ یــا نەزانرێ. ئا لێرەدایە هۆکاری بۆماوەیــی حوکم لــە ئاســتی کۆمەڵایەتی و بژێوی و رۆشنبیری خێزانی دەکات.

تێبینــی ئــەوە دەکــرێ هەیــە بــاس لەوە دەکات گوایــە زیرەکە، بەڵام مــەرج نییە ئەو زیرەکییــەی لــە هەموو شــتێک بێــت. مرۆڤ هەیە ئەگەر لەلایەکــەوە زیرەک بێ، لەوانەیە لەلایەکــی دیکەوە بە هەمان پلــە زیرەک بێ، بەڵام لەوانەیشە لەلایەنی سێیەمەوە بە رەهایی ئــەو زیرەکییەی هەر تێدانەبێ ئەوەتا تاوانبار هەیــە ئەوەنــدە زیرەکــە زۆر بــە لێهاتوویی کارەکانــی خۆیان ئەنجــام دەدەن و تەنانەت زۆر بە لێهاتوویی ســەر لەپیاوانی ئاســایش دەشــێوێنێ و هیچ بەڵگەیەک لە دوای خۆیان

هەواڵنامەی کتێب

جێ ناهێڵن، بەڵام لەناکاو زۆر بە بەسەزمانی هەڵـەی وادەکەن کـە هیـچ زیرەکییەکی تێدا نەبـێ، بۆیە زووبەزوو دەگیرێن و بە سـزای خۆیـان دەگەیەنرێن. لەپاڵ ئەوانەشـدا ئەوان ئـەو زیرەکییەیـان لـە کارێکـی پیـرۆزی وا بەکارنەهێناوە کەسـوودی بـۆ کۆمەڵەکەیان تێدابـێ. کەواتە زیرەکـی دیاردەیەکی خواییە شـایانی ئەوەیە بایەخی پێبـدرێ و وا بەکار بهێنرێ کە سوودی بۆ کۆمەڵ هەبێ، داهێنەر و هونەرمەندانـی زیـرەک ـ لەپـاڵ کەسـانی زیرەکـی دیکـە ـ لـە خولقاندنـی کۆمەڵێکـی بەتوانای وا سەرکەوتوو دەبن کە شانبەشانی پێشکەوتنی ژیاری بێ. هەموو بنەماکان بە بێ خۆگنخاندن یان پێشێلی بخولقێنێ.

راگەیەندنکارەکان ـ بە جیاوازی پسپۆڕییان ـ داوایـان لێ دەکـرێ خۆ بگەیننـە ترۆپکەی پلەی زیرەکی. چونکـە راگەیاندنکار ئامرازی پەیوەنـدی رۆژانـەی بە جەمـاوەرەوە هەیە، ئـەوەش بە پێچەوانەی هەندێ فرمانی دیکەیە بە چاوپۆشـین لە بایەخەکەی. ئەوەیە دکتۆر هەیـە ـ بە نموونە ـ جگە لە نۆڕینگە و لەکاتی پشکنیندا نەبێ نیشانەیەکی پەیوەندی ئەوتۆی لەگـەڵ خەڵکـدا نییە، هەرچـی راگەیەندنکارە بەردەوام و لە هەموو شـوێنێک پەیوەندی بە خەڵکـەوە دەکات و دەیانبینـێ. دیارە ئەوەش ـ خـۆی لـە خۆیدا ـ کارێکی قـورس و تاقەت پڕوکێنە، پێویستی بە ئارامی و لەخۆبووردەیی زۆر و زیرەکییەکـی بـێ وێنە لە پێشـەکەیدا هەیە.

لێـرەدا دەکـرێ کەمێـک رێ بـە خۆمان بدەین لە راڤەی زاناکان و شارەزایی دەروون دوورکەوینەوە کە لەبارەی دیاردەی زیرەکی و ئـەو خەباتەی لـە پێناویدا لـە تۆژینەوە و ئەزمـوون خەرج کراوە و ئـەو ئەنجامەیان دەرهێناوە کە ئەو دیاردە بە هەردوو رەگەزی سکماکی و بەدەستهێنان کاریگەر دەبێت، هیچ زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە زیرەکـی پەیوەندی بە هـۆش و ئەو جیهازی بیـرەوە هەیە کە خوا بەهۆیانـەوە بەندەکانی خـۆی لە بونەوەرەکانی دیکـە جیاکردۆتەوە، کەواتـە ئەوەش لە ئەندامێکـی مادددییەوە، کە

پێشتر لە مرۆڤدا خولقاوە، هاتووە کە ئەویش مێشـکە، دوای ئـەوەش قۆناغـی جـووڵان و گەشـەکردنی خانەکانـی ئـەو ئەندامـە و چالاککردنی بەکاری راهێنان و فێربوون دێت، لەمەشـەوە کۆمەڵێک دیاردەی دیکەی وەکو: خێرابێژی و زووپەلەکـردن و بیرکردنەوە و وردبینـی و زۆر ئـاگاداری و لەبیرنەچوون، هەروەهـا زۆر دیـاردەی دیکـەش هـەن کە بەڕاهاتنی مێشک لەسەری نەبێت نایەنەدی.

رۆژنامەنووسـیش ـ بە حوکمی پەیوەندی بـە خەڵکـی جیاجیـاوە ـ ناتوانـێ خـۆی لـە بەدەسـتهێنانی ئـەو چالاکییـە بگـرێ و چێژ لەم توانایە وەربگرێ کە ئاسـتی زیرەکی لەلا سـنووردار دەکات، واشـی لـێ دەکات کە بە هیچ شـێوەیەک ـ لەسـەر پارچە کاغەزێکیش بـوواری ئـەوەی نـادات راڤەی بیـرەکان بە وردی و تەواوی بکات، کەواتە باشترین قسە ـ لای ئەو ئەوەیە لـە کورتی بیبڕێنێتەوە، لەم لایەنـەوە دەڵێـن: رۆژنامەنووسـی دنیادیدە بۆ نووسـینی سـتوونێک دەبـێ لەوانی دیکە بەتواناتربـێ. ئـەوەی لەبـارەی سـتوونیش زانـراوە کورتکـراوەی کۆمەڵـە هزرێکـە لە شـوێنێکی زۆر تەسـکدا. دیـارە ئـەوەش نیشانەی زیرەکی و شـارەزایی و ئەزموونی نووسەرەکەیە.

هەرچـی دەرهێنانـی رۆژنامەیـە، وەکـو زۆر کاری داهێنانـی دیکە بەبێ جێ پەنجەی زیرەکـی دەسـتەبەری و دڵنیاکردنـی خەڵک نرخی هونەرییەکەی دیار نابێ.

لەوانەیە دەرهێنەری رۆژنامەنووسیی ـ بە زیرەکی خۆی ـ بە راوێژکردن بتوانێ سەرنجی خوێنەرانـی بـەلای خوێندنـەوەی بابەتێـک رابکێشـێ و کـە وروژانەی تێـدا نەبێ کە لە وتاری رۆژنامەنووسیدا دەبێ هەبێ. ئەوەش بـە رێگەی دانانی بابەتەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە شـێوازێکی سـنوورداری وا دەبـێ کە خوێنەر وا لێ بـکات بەبێ دوودڵی هەمـووی بخوێنێتەوە، دیـارە ئەوەش جۆرە یاریەدانێکـە لـە راوێژکـردن بـە کەسـانی کۆمەڵەکەی و سەرکەوتنیشـی لـە کارەکەی دەبێتـە ئەزموونی کردەیـی زیرەکییەکەی و

تاقیکردنەوەی هونـەری، ئینجا پاڵنانێ بەرەو بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێگایە.

بەڵام ـ لـە بەرامبەر ئەوەیشـدا ـ لەوانەیە بلیمەتـی و زیرەکـی خەتەرێک بێت لەسـەر گـەلان، ئەوەش لـەو حاڵەتانـەدا دەبێ کە بە خراپـی بۆ کاولکردن و تێکـدان بەکاردەبرێن و تەرخـان دەکرێـن. مێـژووش ئـەوەی فێرکردووین کـە تاوانبارانی جەنگـەکان لە بناغـەدا زیرەک بوون، بـەڵام زیرەکییەکەیان نەک هەر لە سنووری خۆی تێپەڕاندووە، بەڵکو بۆتە نەخۆشـییەکی بە ترس کە ئەنجامەکەی شـەڕی وابـووە مرۆڤایەتـی کاوڵ کـردووە و چەنـد سـەدەیەک ڕەوڕەوەی ڕۆژگاریـان بەرەو دوواوە بردووەتەوە.

لەوانەیـە ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن ـ بەتایبەتـی ڕۆژنامەوانـی ـ بـەم لایەنـە بـێ ڕەوشـتییە کاریگەر بێ، ئەوەش لەو کاتانەدا دەبێ کە توانای ڕۆژنامەنووسیی لە فریودانی ڕای گشـتی بەکار دەبرێ، ئـەوەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، نەخاسمە لـە کۆمەڵە پێشـکەوتووەکان، کە کەسـەکان پلەیەکـی بـەرزی زیرەکییان تێدایـە. کەواتە کـە هەواڵێکی دروسـتکراو یان وتارێک لەناو چوارچێوەیەکی زێڕین دەئاخنرێ، بەڵام دیارە ئەوەش کە فڕوفێڵێکـی زیرەکانە و لە هەمان کاتیشدا زیانبەخش، ئەو قسەیە دەگرێتەوە کە دەڵێ: ژەهری بە هەنگوینی تێدایە.

ئـا لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئەو ڕۆژنامەنووسـەی بابەتێکـی ڕێنمایی وشـک لـە چوارچێوەیەکـی ڕازاوە و جـوان دابنـێ لەڕاسـتیدا ئـەوە مەبەسـتێتی خوێنەرانی بە خوێندنـەوەی بابەتەکـە فریو بـدا و بەمەش هـەر خـۆی سـوودی لـێ ببینێ، بـەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسـەی کە هەواڵێکی درۆ دەخاتە چوارچێوەیەکـی زێڕیـن، ئـەوە مەبەسـتی زیاتر دەسـتخەڕۆکردن و زیان گەیاندنە ئەو ڕاسـتییەش نکۆڵـی لەوە ناکات کـە هەردوو ڕۆژنامەنووسـەکە زیرەکـن، بـەڵام ئـای کە ئەوانە چەندە جیاوازن.

**هۆکاری داهێنان:**

هـەر مرۆڤێـک ژیانـی خۆی، تا سـیفەتی داهێنانـی تێـدا بێتـە دی، دەبـێ بـە چەنـد قۆناغێکدا تێپـەڕێ، دیارە قۆناغەکانیش چەند هەوڵێکـی هەڵەی تێدەکەوێ تا دەگات بەوەی ئەنجامـی چاوەڕوانکراوی تێدا بێتە دی. بۆیە بەردەوام وا پێویست دەکات جارێکی دیکە بە ژیانی خۆیاندا بچنەوە، تا سوود لە هەڵەکانی پێشـوو وەربگیرێ. ئا بەم شـێوەیە هزرەکە دەگاتە پلەیەکـی ماقووڵ لە داهێنانی تەواو و بەهەمان شێوەش باشـتر دەبێ... هونەرمەند ـ بـە وێنـە ـ هەوڵەکانی بەرایی خـۆی، لەپاڵ خسـتنە ژێـر ئەزموون و دەسـت پیاهێنان و مشتومالّ کردن و ڕاستکردنەوە، چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە تا دەیگەیەنێتە قۆناغێک کە لێـی دڵنیا دەبێ و دڵی ئـاوی پێدەخواتەوە و ئینجا نیشانی خەڵکی دیکەی بدات.

لەبـارەی هەوڵـی دۆزینـەوەی بنەماکانی داهێنانیش، وا ڕێککەوتوون کە (**بیرکردنەوەی زاناکانیش داهێنەرانە بە سێ یان چوار قۆناغی روون تێدەپەڕێ کـە ئەوانیش ئامادەکردن و هەڵهێنان و سروشی خوایی و هاتنە دی**)[٦]:

١. ئامادەکـردن، کـە دەکاتـە وریابـوون و زۆربوونی زانست و زانیبێ تایبەتمەندییەکانی. نیگارکێـش ـ بـە وێنە ـ ئەگەر بـە تەواوی لە هونەرەکانی نیگارکێشان نەگەیشتبێ، شارەزای نیگارکێشـان و قوتابخانـە و مەزهەبـەکان نەبێت،ناتوانـێ تابلۆیەکـی شـێوەکاری بـە شـێوەیەکی وا بکێشـێ کـە هەمـوو لایەنـە هونەرییەکانـی تەواو و بـێ کەموکوڕی بێت، هەروەهـا ئەگەر دەرەقەتی تۆژینەوەی ڕەنگ و پێکهاتە و هەموو ڕەگەزەکانی وێنەکێشان/ چ سروشـتی بێت یان تەجریدی ـ نەهاتبێ. لە تەک هەموو ئەوانەشـدا توانـای بەکارهێنانی کەرەسـتەکان، لـە فرچە و قەڵـەم و چەقۆ و شفرە و شتی دیکەی نەبێ.

٢. هەڵهێنان: فکرەیەکی داهێنانی دیاریکراو بۆ هاتن کە لەلایەن خۆی لە بیردا بەبێ نیشاندانی هەر هەوڵێکی جێبەجێکردن هەولّی بۆ درابێ، ئـەوەش لەو کاتانەدا دەبێ کە خاوەنەکەی بە ئیـش و کاری دیکەوە خەریکـە، زۆرجاریش هەندێ لە داهێنـەران دەڵێن کە ئەوان فکرەی

کارێکیان چەند مانگێک لەلا ماوەتەوە. بەڵام بە درەنگەوە کاتی ئەوەی هاتووە بخرێتە بەردەستان. دیارە ئەوەش مانای ئەوە نییە کە بە درێژایی مانگێک بیری لە شتی دیکە نەکردبێتەوە، بەڵکو لەو ماوەیەدا چەند شتێکی دیکەی جێبەجێ کردووە. ئەگەر وەختی خۆی هاتبێ فکرەی یەکەمی لە رواڵەتدا کە دەیهێنێتە دی دەکەوێتە چالاکی.

٣. سروشی خوایی، ئەوەش وەکو وردبوونەوە و بینین یان لەناوچوونی بینین، لەوانەیە پێش کاری هەڵهێنان بکەوێ لەوانەیشە لەدوای بێت. چونکە هزر هەروا لە خۆیەوە نابێ، بەڵکو بە سروشی بیرەکە دەبێ و جێبەجێکردنیشی نابێ ئەگەر سروشی بە کردەیی نەبێت. لە راستیشدا سروش شتێکی خوایی پەنهانی وایە کە ئادەمیزاد نازانێ لە کام لاوە سەرهەڵدەدا، تێبینی ئەوەش کراوە کە بیرۆکەی سەیر لە ساتەکانی نێوان خەو و زیندەخەوندا، بۆ ئینسان دێن، ئەوەش لەوانەیە لە ئەنجامی خەریکبونی بە کارێکەوە بێت، بەڵام ئەم جۆرە بیرانە چەندەی پلەی وریایی هزر بەهێز بێت، ناکرێ لەکاتی گەڕان بە دواییدا بدۆزرێتەوە.

٤. هەرچی هاتنە دییەکەیە ئەوە نوێشکی کاری داهێنانە، کە بە هۆیەوە بەدەستهاتووەکانی بیرێکی خووساو لە مێشکیدا تەواو دەبێت ئەوە سەرباری لێکۆڵینەوەی لایەنەکانی نزیکبوونەوەی لە واقیع و مەنتیق، دواتریش دۆزینەوەی خەوشەکان و لابردنی ئەو کۆسپانەی لەوانەیە ترس لە رەخنەگرتن و لێکدانە پاڵنەرێکی دیکەی بن لە پاڵنەرەکانی هاتنە دی ئەو قۆناغانەی باسکران و ئەوانەش کە زاناکانی دەروون دەسنیشانیان کردووە هەر هەموویان هۆکاری دەروونین و توانای داهێنانی مرۆڤ تەواو دەکەن و کەسێتی دیار و کاریگەری هەموو کاروکردەوەکانی پێکدینێ.

ئەوەی گومانی تێدا نییە سیفەتی داهێنان هەروا لە خۆیەوە نایێ، بەڵکو شیلەی بیرێکی تیژە کۆی ئەزموونێکی درێژ و ئەنجامی ماندووبوونێکی زۆرە، مرۆڤی داهێنەر بەو مۆمە دەچوێنرێ کە لە پێناو شادومانی خەڵکی دیکە دەسووتێ.

ناکرێ دەرهێنەری رۆژنامەنووس لە لیستی داهێنەران دەربهاوێن، چونکە واقیع لەسەرمانی فەرز دەکات لەگەڵ ئەو هونەرمەندە داهێنەرانە دابنرێن کە پەیوەندی راستەوخۆ و رێکوپێکیان لەگەڵ جەماوەر هەیە. رەگەزەکانی داهێنانیش لای ئەو لەو جێ پەنجە نەرم و بینراوانە خۆی حەشار داوە کە هەست و دەروون دەحەسێنێتەوە و شێوەکەشی جوانە. دواتر ئەو رەگەزی داهێنانە خولقێنەرە بەرگێکی جوان و سەنگین بەبەر بابەتی رۆژنامەنووسدا دەکات کە خوێندنەوەی بەبێ دوودڵی بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ. دیارە ئەوەش نایەتەدی ئەگەر دەرهێنەری رۆژنامەنووس بە زانین چەکدار **(ئامادە)** نەبێت و خاوەنی توانایەکی دابینکردنی پێوەر و پارسەنگ نەبێت. لای ئەو هەڵێنانەش، جێ بەجێکردنی هزر واقیعێکی دروستە، پێداچوونەوەی ورد و راستکردنەوە ئەوەش بەپێی یەکڕایی زانایانیی دەروون، رەگەزێکی قۆناغەکانی داهێنانە.

**هۆکاری بەهرە و ئارەزوو:**

یەک لە سیفاتەکانی داهێنان زیرەکییە، زاناکان لەکاتی بەسەرکردنەوەی زیرەکی هەندێ لە منداڵان، بۆیان ئاشکرابووە کە سەرکەوتووەکان بەهرەیەکی باشیان لە خوێندنەوە و نووسین، هەروەها سەرکردنە سەر لقەکانی زانست و پێگەیشتنی و بەشێوەیەکی وا لەبەرکردنییان هەیە کە گەورەکان پەی پێ نابەن، کەواتە بەهرەی سکماکی لە مرۆڤدا بە فێربوون بە دەست نایەت، بەڵکو ئەوە بەخششێکە خوا بە هەندێ لەبەندەکانی خۆی بەخشیوە کە مەبەستێتی. بەڵام ئەو بەهرەیەش، ئەگەر زوو لە مرۆڤ نەدۆزرایەوە، یان دوای دۆزینەوەی پشت گوێ خرا هیچ بایەخێکی نابێت. ئەوەش سەرەتای ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە دەکەوێتە سەرشانی خێزان و دواتر کۆمەڵ.

ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر بەهرە لە قۆناغی

منداڵی نەدۆزرایەوە تا کاتی دۆزینەوەی هەر ئاوەهـا دەمێنێتەوە. لەوانەیشـە بە ڕێککەوت یان لە قۆناغی گـەڕان بەدوای خوودا، ئەوە لـە کاتێکدا مـرۆڤ خۆی دەبینـێ حەزی لەو مەیدانەیـە نەک ئەوی دیکە، یان لەو بووارەدا باڵادەسـتە نەک یەکێکی دیکـە، هەرچەندیش ئەو ساڵانەی تێپەڕاندبێ کە پێشتر بێ هودە بە جۆرە خوێندنێک خەریک بووبێ و حەزیشـی لێی نەکردبێ.

لەوانەیشە هۆکاری بەهرە لەگەڵ هۆکاری حـەز و ئـارەزوو تێکەڵاو بـێ و یەک بگرێ، بەمـەش هێڵێکـی نـوێ پێکبێنـێ و مـرۆڤ بەپەیڕەوکردنی جۆرە چێژێکی لێ ببینێ، یان ببێتە خولیا و ئامانجێکی بەرز و لەو ڕێگەیەوە حەزەکانی بێتە دی. لەوانەیشە ئەو هێڵە نوێیە ڕێڕەوەکانی ژیانی مرۆڤی بەهرەمەند بگۆڕێ و سەراوبنی بکات. ئەوەتا زۆر جاران گوێمان لـێ دەبێ کـە کیمیاگەرێک بۆتـە ئەکتەرێکی بەناوبانـگ، یان پزیشـکێک بۆتـە ئەدیب یان شاعیر، هەروەها پارێزەرێک بۆتە موزیکژەن یـان گۆرانی بێژ یان دەرمانسـازێک ئەوەندە نامە بۆ ڕۆژنامەیـەک دەنێرێ و دواتر خۆی دەبێتە یەک لە نووسەرە دیارەکانی.

لـەم نموونانـەی سـەرەوە تێبینـی ئەوە دەکرێ کە کەسانی ئاماژە بۆکراو لەسەرەتای خوێندنی پسپۆڕی زانستییان هەر هەموویان حـەز و ئارەزوویەکیـان هەبووە بـەڵام پێی نەزانـراوە ئـەوەش جەخت کردنەوە لەسـەر بوونـی بەهـرەی سـەردەمی منداڵییـان، کە زووبەزوو لێیـان نەدۆزراوەتـەوە. ئەوەیش پەیوەسـتە بە فێربوون و سووربوون لەسەر تێگەیشـتن تاپلـەی زانایـی و بلیمەتی. بەڵام ئەگەر ئاشـکرابوو یەکێک ئارەزووی شتێکی دیکـەی هەیە دەبێ وازی لێبێنێ تا بەرە بەرە بـەدوای ئـارەزووە نوێکەیـدا دەچـێ، ئینجا لەوێش تا پلەی بلیمەتی تێیدا کارامە دەبێ.

هەروەهـا - لـەم نموونانـەی پێشـوو - تێبینـی ئەوە کراوە پسـپۆڕییە زانسـتییەکان بـەرەو کایەیێـک یەکیـان گرتـووە، چونکـە کایـەی داهێنـان و خزمەتـی کەسـانی نێـو کۆمـەڵ دەکـەن لەهـەر لقێـک لـە لقەکانـی ڕۆشـنبیری کۆمەڵایەتی یەکدەگرن کە ئێستا بۆتـە گرنگتریـن کۆڵەگەکانی پێشـکەوتن و بەرەوپێشـچوونی ژیاریی باڵا. توانای میللەتە پێشـکەوتووەکانیش بەتوانـای ئەو کەسـانە دەپێـورێ کە بایەخی هونەر دەزانن و چێژی لێ وەردەگرن، شـیعر و مۆسـیقا و نواندن و نیگار و شـتی دیکە چییە یەک لەو بووارانەی داهێنان نەبێ کە مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزەکانی هونەر و جوانی بۆخۆی کردۆتە بەرگ.

لەبەر ئەوەی هەموو هونەرە ناسراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتـی کۆنن. بۆیە ناکرێ ئێمە هونـەری دەرهێنـان - جا هـەر جۆرێک بێ - بخەینە ناو لیسـتی ئـەو هونـەرەوە، کەواتە ناتوانین لەسەر یەکێک بڵێین ئەو وەکو چۆن لە منداڵییەوە لە شیعر و نیگار و گۆرانی بەهرەی پێـوە دیارە، بڵێین فلان کەسـیش - بە نموونە - لە دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسـیی بەهرەدارە، هۆیەکـەی ئـەوەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە هونـەری دەرهێنانـی ڕۆژنامەنووسـیی سـیماکانی لە ڕۆژی پێشکەوتنی ئامرازەکانی چاپەمەنی و بەرفراوان بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە لەسەر ئاستی جیهان وایلێهاتووە قوتابخانە و مەزاهبی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام دەکرێ ممارسـی ئەو پیشـەیە لە بووارەکانی دیکەی هونەری هاوشـێوە بەهرەدار بووبێ. کەواتە لەبووارێ شـانۆ و **(سـینەما)** و **(تەلەفزیۆن)** لە ڕاسـتیدا ئەکتەر لە هەمووان زیاتر دەبێتە دەرهێنـەر، واتـە لەوانەیـە بەهرەدارێـک لە نوانـدن هـەر لـە منداڵییـەوە بەهرەکـەی بە خوێندنـی زانسـتی دەوڵەمەند بـکات تا ببێتە دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو.

هەروەها دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسـیی کە مرۆڤ لە تەمەنێکی زوو، لەڕێگەی دۆزینەوەی بەهرەی وێنە - بەنموونە - یان خۆشنووسـی یـان کارامەیی و لێهاتوویی دیکەیی دەسـتی نەبێ ناتوانین زاراوەی دەرهێنانی هونەری بۆ دابنێین بەڵکو دەستەواژەی - ڕۆژنامەنووسیی - خـۆی لـە خۆیـدا - هـەر ناشـگاتە ئاسـتی تێگەیشتنی منداڵێکی بەهرەدار.

ئەوەی تێبینی کراوە - هەڵبەت لە ئەزموونی زاتی - زۆربەی دەرهێنەرە سەرکەوتووەکان یا

ئەوەتا ـ لە بنەڕەتدا وێنەکێش و خۆشنووس و هونەرمەندی شێوەکار یان ئەندازیار ـ بەتایبەتی میعماری ـ بوون. لەهەردوو حاڵەتیشدا بەراوردی مەنتیقی نێوان پسپۆڕییەکان دێتە دی. وێنەکێشان و خەت دوو لقی بنەڕەتی هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیین. بەڵکو یەک لە بنەماکانی ڕواڵەتی ڕۆژنامە یان گۆڤارە. هەرچی ئەندازەی میعماریشە لەگەڵ دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیی دەگونجێ، چونکە لەبنەڕەتەوە بایەخ بە خوێندنی رووبەرو پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و دابەشکردنی ڕەگەزەکان لەسەر دیاریکردنی ئەندازە و لایەنەکان دەدات. ئەوەش دیارە نەک هەر گرنگترین فرمانی دەرهێنانی کاری ڕۆژنامەنووسییە، بەڵکو یەکێکە لە بەهێزترین کۆڵەگەکانی دروستبوونی لاپەڕە.

بەڵام لەگەڵ ئەو درەنگ تەقینەوەی بەهرەی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسییە، ئەگەر خاوەنەکەی تەنیا متمانە بکاتە سەر شارەزایی پێشووی، جا چ وێنەی شێوەکاری بێ یا وێنەی ئەندازە پێی ناکرێ بەردەوام بێ، بەڵکو ئەگەر ڕێگەی مشتوماڵکردن بەهرەی نەکرێ نەخرێتە بارێکی ڕاستی وا کە خوێندنی پرۆگرامی تایبەتی ئەو هونەرە دیار دەکات. قەت بەرەو باشتر ناچێ. ئەوەی لەم بارەیەوە تێبینی کراوە، کۆلێژ و پەیمانگا عەرەبییەکان دەرهێنانی هونەری دەخەنە ناو پرۆگرامی هەموو لقەکانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسیی، ئا لێرەدا ئارەزووەکانی قوتابی ئاشکرا دەبێ و لە کۆتاییەکەشی کە و قورسایی خوێندنی خۆی دەخاتە سەر پڕۆژە دەرچوون، بەڵام کەم وادەبێ دەرهێنانی ڕۆژنامەنوسیی بگاتە ئاستی ئەو خوێندنە. خۆ ئەگەر هەر نەشیگاتێ هەر لە دووتوێی لاپەڕەی لێکۆڵینەوەکاندا دەمێننەوە و کەم وابووە لە کتێبێکدا بڵاوکرابێتەوە. لەکایەی زانستیدا سوود لە خاوەن پلەی ئەکادیمییەکان وەرناگیرێ. بۆیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەردەوام هەر متمانە دەکەنە سەر ئەو کەسانەی لە هونەرێکی دیکە بەهرەدارن، بە نموونە هونەری شێوەکاری و نەخشەسازی دیکۆر و نیگاری ئەندازەیی و شتی دیکە.

هەرچی لەبارەی پرس و ئارەزووە ئەوا ئێمە ـ بەردەوام ـ دەمانەوێ ڕۆژنامەنووسیی و پیشە داهێنانەکانی دیکە وا دابنێین کە هەموویان پیشەی وان لە بازنەی ئارەزوو دەرناچن، ئەوە چەندیش خاوەنەکانی بەساڵدا چووبن یان ئاستی زانستییان بەرز بێ و ماوەی شارەزاییان زۆر بن، بەڵام دەبینی هەندێ لە قوتابییانی دەرچووی کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی قاهیرە پێکەنینیان بەم ڕایەی ئێمە دەهات و سووربوون لەسەر ئەوەی گوایە قۆناغی ئارەزوو لەگەڵ کۆتایی پرۆگرامی خوێندن و سەرەتایی ژیانی کارگێڕی و دەستبەکاربوون کۆتایی دێت، ئەوەبوو بەرگریمان لە بۆچوونی خۆمان کرد و چەمکی ئارەزوومان بۆ باس کردن و گووتمان: لای ئێمە ئارەزوو و خۆشەویستی و عیشقی پیشە لە هەمووی گرنگترە. هەر کەسێک کە پیشەکەی خۆی لەلا دەبێتە عیشق و خولیا دەبێ لەسەر جێبەجێکردنی سوور بێ و داهێنانی تێدا دەکات و بەدوای هەموو شتێکی نوێدا دەگەڕێ تا زۆرتری لەبارەوە بزانێ. بەڵام ئەگەر ڕەگەزی ئارەزووی تێدا نەما و پەیوەندی گیانی نێوان خۆی و پیشەکەی پشتگوێ خست ئەوە جێبەجێکردنەکەی ڕۆتینی بێزارکەر دەبێ و ژیانی تێدا نابێ.

**هۆکاری دیکە:**

هەموو ئەو هۆکارانە، کە لەسەرەوە هەوڵمان داوە بەسەریاندا بچین و شرۆڤەیان بکەین پێشتر ـ لەلایەن زانایانی دەروونەوە ـ پێشنیازکراو بوون، دوای ئەوەش زۆر تۆژینەوەیان لەسەرکراوە و ئەوەی مەبەستی ئێمەش بوو پەیوەندی بە پیشە و کاریگەری کارزانەکانەوە هەیە.

بۆ تەواوکردنی ئەو هۆکارانەی پێشووش ـ هەرچەند بە کورتیش بێت ـ باس لە هەندێ هۆکاری دیکەی دەروونی شرۆڤە دەکەین کە وای بۆ دەچین کاری داهێنان توندوتۆڵتر بکا و بەهرەش مشتوماڵ بکات و جەختیش لەسەر ڕاستگۆیی پیشەکە بکاتەوە.

ـ ئەندێشــە: بینینــی ئــەو شــتانەیە کــە لەلایــەن مرۆڤــەوە بەچــاو نابینــرێ. کەواتە زۆر بەکورتــی ـ ئەوە بینینــی ناوەوەیە وەکو رامانی ناوەوەی ـ شاعیرێک بە نموونە ـ زۆر بــە وردی باســی خۆشەویســتەکەی دەکات چەنــدە لێیــەوە دووربێ یــان هونەرمەندێکی شێوەکار تابلۆیەکی لەبارەی دەریا و گەشتی و نەورەســەکانی دەکێشــی، کەچی ئەو خۆی لەناوچەیەکی چیایی یا بیابانێک ژیان بەســەر دەبــا، وێنەکێشــیش ناتوانــێ وێنــەی زەریــا بکێشــێ، ئەگەر جارێکیان دەریــای نەدیبێ و لە لێوارەکانی دانەنیشــتبێ ئەوەش وامان لێ دەکات کــە بڵێین دیاردەی ئەندێشــە شــەوق دانەوەی ئــەوە کە لەناوەوە دایە، هەر کاتێ خواســتی مرۆڤ دڵی لێ بــوو، کەواتە ئەوە رۆشــنبیرییەکی دەســتکەوتووە، زانیارییــە پارێزراوەکانیــش لەکاتــی پێویســتدا لەلایەن داهێنەرەکــەوە داوا دەکرێنــەوە بــۆ ئــەوەی لەبیــری خۆیــدا چالاکــی بکاتــەوە تــا ببێتە سەرچاوەی سروش و کاری داهێنان.

دەرهێنــەری رۆژنامەنووســیش ـ وەکــو داهێنەرێــک لە بوارەکەی خۆیدا ـ ئەندێشــەی تایبــەت بــە خــۆی دەبــێ و شــێوەکانی لــە رەگەزەکانــی ســروش وەردەگرێتــەوە، لــە چاکەکانــی ورد دەبێتەوە و جولێنەکەی وەکو هــەر شــاعیر و وێنەکێــش و موزیکزانێــک دەبێتە ســروش بــۆی. هەرچی رۆشــنبیرییە گشتییەکەیە دەبێ لە ناوەوەی پسپۆڕییەکەی تەرخان بکرێ کە راســتەوخۆ رێی نەتەوە و رەگەز و باســی وردی شــتەکان بگوازێتەوە. لەوانەیشــە بەســەرکردنەوەی بەردەوامــی شێوازی پێڕەوکراو لەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە بەدەســتی دەگات رۆشنبیرییەکی ئەوەندە فراوانی لە بووارەکەی خۆی پێ بدات، پشتیوانی زانســتی بەهێز و تێگەیشتنی فراوان بکات تا بیری تیژ ببێنێ و وای لێ بکات لەوانەی پێش خــۆی تێپەڕبێ. کاتــی میرگوزارێکــی بەپیت دەدۆزێتــەوە و پاوانــی دەکات، یان کانییەکی تەقیــو تینوێتی دەشــکێنێ، ئــەوە کاریگەری بەســەر هەمــوو جوولەیەکــدا دەبــێ کــە وێنەکەی دەکێشێ، ئەوە کاریگەریشی لەسەر هەمــوو لاپەڕەیــەک دەبێ کــە دەری دێنێ و لەسەر دروســتبوونی کەسێتییەکەشی رەنگ دەداتەوە.

* **راستگۆیی:**

هەنــدێ لــە پــەروەردەکاران دەڵێــن: ئەو منداڵانەی کە هەندێ چیرۆک دەگێڕنەوە: ئەوە بــە درۆزن دانانرێــن ـ چونکە ئەندیشــەیەکی فراوانــی ئەوتۆی دەبــێ چاوەڕێی دەکرێ لە گەورەییــدا ببێتە شــاعیر یــان چیرۆکنووس، بەڵام بە چاوپۆشین لە هەڵسەنگاندنی ئەو رایە بــەڵام ئێمە پێداگری دەکەین؟ کە راســتگۆیی هەر لەگەڵ فرچکدانی یەکەم بە منداڵ بگوترێ ئــەوە بەبــێ لێکدانــەوەی فەلســەفەی مانای راستگۆیی و ئەندێشە.

راستگۆیی ـ بەمانا رووتەکەی ـ گێڕانەوەی شــتێکە بە بێ زیــاد و کەمی و بە ئەمانەتەوە لەســەرچاوەیەکەوە بــۆ کەسێک،لەوانەیشــە ئەو شــتە ماددی بێت و چاو و گوێی بیزانێ، لەوانەشە گیانی بێت و هەست پێی بزانێ. ئەو چیرۆکنووســەی باس لــە رووداوێک دەکات کــە لە بەرامبەری رووی داوە هەســتی خۆی بەرامبــەر بە کێشــە کۆمەڵایەتــی دیاریکراو دەردەبڕێ کــە لە چیرۆکەکەیدا ویســتبووی چــارەی بــکات، ئەوەیــش بەبەکارهێنانــی زمانــی تایبەتــی خۆی کــە وەکــو ئامرازێک بــۆ دەربڕینــی ناخۆشــییەکانی دەروون کــە لــە ئەنجامی ئەو کێشــەیە پێیــەوە دەتلێتەوە. لەکاتــی خوێندنەوەی چیرۆکەکــە خوێنەر بە هەســتی چیرۆکنووســەکە دەزانێ لەوانەیشە هیچی لێ تێنەگات.. ئا لێرەدا حوکمدان لەسەر راســتگۆیی حوکمێکی بە هەست دەبێت، ئەوە بە چاوپۆشین لە رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە کــە لەوانەیــە لــە خەیــاڵ وەرگیرابــن یان لە واقیــع گوازرابێتەوە. ئا لێــرەدا پەیوەندییەک لــە نێوان ئەندێشــە و راســتگۆیی پەیدا دەبێ . لەوانەیە ئەوە بە مێشــکدا بێت کە ئەندێشــە بە سەرچاوەی راستگۆیی دانەنرێ چونکە لە واقیعێکی هەست پێکراو رانەگوێزراوە.

بــەڵام لــە برگەکانــی پێشــوودا گووتمان ئەندێشــە پاشــکەوتێکی هزرییــە بــە تێبینــی

بەردەوام و وردبوونەوەی بەردەوام لەبارەی هەندێ مەبەست، کە لە بناغەدا واقیعێکی هەست پێکراو بووە، هەموو توخمە جەستەیی و دەروونییەکان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە ئینجا بە ئەمانەت و راستگۆییەوە گواستوویەتییانەوە سەر لاپەڕەکانی یادەوەریی و بە شێوەیەکی وا هەڵیانگرتووە کە بە ئاسایی بە بیربێتەوە و بگێڕدرێتەوە. ئەو رەگەزانەش بە هەر شێوە یان دەنگێک بن ئەگەر خاوەنەکەی لە راگواستنی راستگۆ نەبێ و لە گەیاندنی بۆ خەڵکی دیکە ئەمین نەبێ، نرخی خۆی لە دەست دەدا.

هەرچەندە دەرهێنەری رۆژنامەنووسیی ئەو واقیعە لەشێوەی نیگار و وێنە و نووسین و هێڵ دەگوازنەوە سەر پەڕە کاغەزەکان. بەڵام هەرچەندیش شێوازی دانان و دەرهێنانی وشکی واقیعەکە دەبەزێنێ و دەگاتە روونی دەروون و بە ئاسمانی ئەندێشەدا دەفرێ، بەڵام ناچێتە دڵی خەڵکەوە ئەگەر هەستی خاوەنەکەی راستگۆیی تێدا نەبێ و دڵسۆزی نەستی خۆی نەبێت و لە راگواستنی رەگەزەکانی رۆژنامەنووسیی بۆ خوێنەرانی ئەمین نەبوبێت.

لەوانەیە نەک هەر نووسەرێکی رۆژنامەنووسیی، بەڵکو هەموو ئەندامانی دەستەی نووسین بەشداری تەواوکردنی ئەڵقەکانی راستی بکەن و جەخت لەسەر راستگۆیی هەواڵ و هەموو ئەو نووسینەی سەر لاپەڕەی گۆڤار یان رۆژنامەکەیان بکەنەوە.

ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە باوەڕی خوێنەرانیان بەدەست بێنن و بۆیان ببنە سەرچاوەی هەڵێنجانی زانیاری، هەروەها تایبەتی و گشتی و دوورونزیک لە ناوەوەودەرەوە بیقۆزنەوە، ئەویش بەبێ دڵەڕاوکێ و دوودڵی وای دابنێن هەموو ئەوانەی بڵاودەکرێنەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرن و دەسخەڕۆکردن و سەرلێشێواندنیان تێدا نییە، بەبێ دوودڵیش دەڵێین ئەوەیە راستگۆیی کاری رۆژنامەنووسیی و ئەمانەتی راگەیاندن.

**لەخۆباییبوون:**

دەڵێن لەخۆباییبوون گۆڕستانی بەهرەیە. ئێمەش دەڵێین لەخۆباییبوون ناکرێ ـ لە بنچینەدا ـ ببێتە منداڵدانی لە دایکبوونی بەهرەکان. هەتا ئەگەر تێیدا لەدایک بووبێ هەر لەلانەکەی خۆیدا حوکمی مردنی بەسەردا دەسەپێ. کەواتە لە خۆباییبوون و بەهرە دوو تەوەری دژی یەکن و ئەگەر بشگەنە یەکدی هیچ سوودێکی لێ نایەتە دی، بەڵکو وا لە جەستەی نێوانیان گینگڵ دەدا و بەبێ هیچ پێشکەوتنێک، خۆی دەدا، ناتوانین بۆ ئەوە بچین واقیعەکە چی لێ دێ ئەگەر ئەو واقیعە بکەوێتە ژێر کاریگەرییان دەبێ خاوەنەکەی تووشی ناهاوسەنگی هزری و دوودڵییە لە کەسێتی راڕا کە ئەوەیش دەبێتە پووکانەوەی لە بەخشش و شپرێوی لە جێبەجێکردن.

هەروەها لەخۆباییبوون ـ بەڕای ئێمە ـ نەخۆشییەکی دەروونییە تووشی هەندێ لە بەهرەدار و زیرەک و سەرکەوتووان و باڵادەستانی هەموو بووارەکانی ژیان دەبێ. ئەوان هەروا دەزانن. ئەوەندە بەرزن کەس نایانگاتێ، یاخود ئەوان لەسەر ترۆپکی هەرەمێک دانیشتوون کە کەس ناتوانێ بیانگاتێ. کەواتە لەخۆباییبوون زێدەڕۆییە لە شانازی بەخۆکردن، هەروەها زێدەڕۆییشە بۆ بەخۆ نازین و شانازی بەخۆکردن.

لەراستیشدا لەوانەیە هەستی لەخۆباییبوون هەموو بەهرەداران بگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی حەکیمن دەتوانن چاری بکەن و سنوورێک بۆ تەنینەوەی دادەنێن.دەشێ بێ فیزی باشترین چارەی لە خۆباییبوون بێ، مرۆڤی ئاسایی چەندەی بەرز بێتەوە و چەندەش لە پلەی زانست و زانیاریدا بگاتە بەرز بێتەوە ئەوەندە بێ فیز دەبێ و پلەی وەکو دانی شانە یەکسان بێ کە خوا بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە. دیارە هەرکەسێک لە ئێمە چەندەی فێربووبێ هێشتا بێ کەموکوڕی نابێت. ئێستا وا جەنگێکی نێوان لەخۆباییبوون و بێ فیزیم هاتەوە بیر، کە لەکاتی وەستانی (**مایکڵ ئەنجیلۆ**) لەبەرامبەر پەیکەرێکی خۆی بەناوی موسا (**علیه السلام**)، رووی داوە، ئەو

کە بەرامبەر پەیکەرەکە وەستابوو و لێی ورد دەبۆوە خەوشێکی ئەوتۆی لێ نەدۆزیبۆوە. بۆیە وایلێهات بە شانوباڵی کارەکەیدا هەڵبدا، ئەوندەی نەبرد لە سنووری ئادەمی و مرۆڤایەتی دەریکرد، تا بیرکردنەوەی گەیشتە پلەیەک گیان بەبەر پەیکەرەکەیدا بکات و پاشان بیهێنێتە پژمین و بێتە جوولە و دەست بە قسە بکات. ئا لەوکاتەدا بوو مایکڵ، کە تا ئەوکاتە چەکوشەکەی بە دەستەوە بوو، هەستێکی سەیری بەسەردا هات و خۆی بە ئاگا هاتەوە و لەجیاتی گیان بەبەردا کردنی پەیکەرەکە، هەتا هێزی تێدابوو چەکوشەکەی راوەشاند. ئەوەبوو بەر لووتی پەیکەرەکەی کەوت و هەندێکی شکاند. ئەوەی لە تەوەری کەلەپووری جیهانیدا زانراوە لووت هێمای خۆ بەزل زانین و لەخۆباییبوونە. ئا لەو کاتەدا ئەنجیلیۆ تێگەیشت کە چەکوشەکەی ئەو ئامرازە بچووک و وشکە وانەیەکی بێ فێزی لە مرۆڤایەتی پێدا، بۆیە سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێ پەیکەرەکەی هەر ئاوەها وەکو خۆی بە لووت شکاوی بهێڵێتەوە. ئەویش وەکو دانپیانانێکی ئاشکرا بەو ساتەی کە لەو رووداوەدا بەسەریدا هاتووە[٧].

ئەو چیرۆکە و چەند چیرۆکی دیکەش کە دەریدەخەن لە خۆباییبوون ـ هەر بەراستی ـ دوژمنی داهێنەران و هەموو خەڵکیشە، بەڵام دەکرێ قەڵاچۆ بکرێ یان بەسەریدا زاڵ بن ئەوەیش لە رێگەی پشت بەستن بە نموونە و بەها مرۆییەکان و مانەوە لە سنووری مرۆڤایەتی و پێشێل نەکردنی یاسا و رێسا سروشتییەکان. هیچ داهێنەرێک نابینیتەوە، کاتێ داهێنانەکەی لە بازنەی کۆمەڵەکەی دەرچووبێت. بایەخێکی ئەوتۆی هەبێت. یا لەکاتی بەرهەمەکەی دەباتە بورجێکی وا گوایە لەسەر هیچەوە دروست بووبێ، یان هەر لە خۆیەوە وا بیر بکاتەوە کە ئەو گەیشتۆتە ئاستێک کەسی دیکەی ناگاتێ. بێ فیزی بێ فیزییە. بەبێ فیزی بیروداهێنان و هونەر و زانست پێش ناکەون، هەر ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە لەناوەوە بەهێزن و لە دەرەوەشدا بەرزن، لە هەموو ئەمانەشدا رەوشت و مامەڵەی باش لە نێوان کەسان و کۆمەڵەکاندا دەبینرێ، ئەگەر وا رێککەوت داهێنەرێک بگاتە پلەیەکی بەرز لە بەخششی ورد، گوێکانیشی بە پیاهەڵدان و سوپاسکردنی خۆشەویستانی هونەرەکەی ئاخنرابێ، خۆیشی لەو کەسانە نەبووبێ کە سەنگینن و وەکو شاخ لە شوێنی خۆیان دەچەقن، بەڵکو وەکو پەڕەمووچی سووکی لێ دێ کە دەکەوێتە بەر با، بێگومان لەسەر ئاوازی ئەو هەموو سوپاس و پیا هەڵدانە و مەرایی بۆ کردنە دەکەوێتە هەڵەکەسەما تا وای لێ دێت لەخۆی دەردەچێ و ئاگای لە هونەر و داهێنان و بەخششەکەی پێشووی نامێنێ، بۆیە لەجیاتی بەرزتربوونەوەی هەر بەوەندەی پێشوو وازدێنێ و تا وای لێدێت ئاشقانی گۆرەپانی هونەرەکەی لێی بتەکێنەوە و وازی لێ بێنن. ئەوەندە نابات ئەو مۆمە، کە دەبوایە بەشێک لە رێبازی نەوەکانی دوای خۆی رووناک بکاتەوە، دەکوژێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**ئەم بابەتە لەکتێبی (الاخـــراج الصحفي والتصميم، عبدالعزيز الصويعي، دار الملتقى، طبعة الأولى ١٩٩٨ بيروت – لبنان)دا وەرگیراوەو کراوە بە کوردی.**

# وێستگەی

ڕۆژنامەنووس

### ئەوەش دەستەچیلەی من بۆ ساخکردنەوەی ژمارەکانی گۆڤاری

# هتاو کرد

د. ئازاد عوبێد ساڵح

مێــژووی ڕۆژنامەوانیــی کــوردی، کەلێــن و کەلەبــەری زۆری تێــدا مــاون، ئەگەرچــی لەم ســاڵانەی دوایــدا کاری زۆر گــەورەو جوان کــراون بۆ دۆزینەوەو ســاخ کردنــەوەو لەچاپدانەوەی گۆڤــار و ڕۆژنامە کوردییــەکان[1]، بەتایبەتیش ئەوانی ســەرەتا، ئــەوە بــوو (**کوردســتان**) یەکەمیــن خەریکە تــەواو دەبــن، جگە لــە ژمــارە (١٩)[2]، چوار ژمارەکەی ڕۆژی کــورد، جارێکی دیکە چاپ کرایەوە، دوای دۆزینەوەی ژمارە(٤)ی[3]، بەو هیوایەی ئەوانی دیکەش لە داهاتوویەکی نزیکدا بدۆزرێنەوە و جارێکی دیکە بکەونەوە دەست خوێنەران و توێژەران و پتر باری ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژگارە خۆیدا بنووێنێت.

لــەو کورتە وتــارەدا، بەخێرایــی خەریکی ساخکردنەوەی ژمارەکانی گۆڤاری (**هەتاوی کورد**) دەبین کە لە ڕۆژگاری خۆی کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد لە ئەستەنبوڵ، لە دوای داخستنی (**ڕۆژی کورد**) دەریانکردووە.

ئــەوەی تائیســتا زانــراوە ئــەم ژمارانەی گۆڤاری(**هەتاوی کورد**) لەبەردەستن:

ژمارە (١) ٢٣ ذی القعده سنه ١٣٣١ /١١تشرین اول سنه ١٣٢٩

(٢) ٤ محــرم الحرام ســنه ١٣٣٢/ ٢١تشــرین ثانی سنه ١٣٢٩

(٣) ١٣ صفــر الخیر ســنه ١٣٣٢ / ٢٩ کانون اول سنه ١٣٢٩

(٤) ٥ جمادی الاول ١٣٣٢ / ١٩ مارت ١٣٣٠

(٤ـ٥) ٢٧ جمادی الاخیر ١٣٣٢ / ١٠مایس ١٣٣٠

(١٠)٩ شعبان ١٣٣٢ / ٢٠ حزیران ١٣٣٠[4]

ئــەم ژمارانەشــی بە هەوڵ و کۆشــش و خەمخۆری عەبدوڵڵا زەنگەنە و بە دواداچوون و ســۆراخکردنی بەردەوامــی توانیویەتــی بەردەســتیان بکات و بەرگی هەموویان بڵاو بکاتــەوە. دیارە مێژووی یەکەمی ئەم ژمارانە کۆچییــە و مێــژووی دووەمیــش ڕۆمییە، کە مانگەکانــی (١٣) ڕۆژ لەگــەڵ مانگــی زایینی جیــاوازی هەیــە،[5] واتــە ئەگــەر ژمــارە (١)




ی(**هەتـاوی کورد**)بە مێـژووی زایینی لێک بدەینـەوە: دەبێ ١٣ ڕۆژ بخەینەسـەر(١١) ی تشـرینی یەکەمی ١٣٢٩ و دەبێتە (٢٤ی تشـرینی یەکەمـی ١٩١٣)، بۆیە مێژووی هەمـوو ژمارەکانـی بە مێـژووی زایینی ئاوای لێ دێت:

ژمارە (١) ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩١٣
ژمارە (٢) ٤ کانوونی یەکەمی ١٩١٣
ژمـارە (٣) ١١ کانوونـی دووەمـی ١٩١٤
ژمارە (٤) ١ نیسانی ١٩١٤
ژمارە (٤ـ٥) ٢٣ مایسی ١٩١٤
ژمارە (١٠) ٣ تەمموزی ١٩١٤

جا ئەگەر لـە ڕۆژ و مانگەکاندا وردبینـەوە، دەبینیـن کەمتریـن ماوەی دەرچوونی ژمارەکان بەو شێوەیە:


(٤١)ڕۆژ لەنێوان ژمارە(١و٢) و (٤ـ٥) و (١٠)، درێژتریـن مـاوەش (٨٠) ڕۆژە لەنێـوان (٣و٤)دا. ئەمەیـان وا. بـەڵام ئەوەی جێـی سـەرنجە ژمـارە (٤ـ٥)ی ٢٣ی مایـس ١٩١٤ یـەو ڕاستەوخۆش دوای ئەوە ژمارە (١٠)ی ٣ی تەمموزی ١٩١٤ دێـت، واتـە ماوەیەکی ئەوەندە لە نێوانـی ژمارەکانی (٤ـ٥) و (١٠) دا نییە تا بڵێین ژمارەی دیکەی لێ دەرچووبێت.

دوای چەندیـن لێکدانـەوە و هێنـان و بـردن و سـەنگ وسـووکردن، گەیشـتینە ئەو ئەنجامەی کەوا ئـەو ژمارانەی گۆڤـاری (**هەتـاوی کورد**) کە شەشـن تەواوکـەری گۆڤاری (**ڕۆژی کورد**) ی پێش خۆیەتی، کە بەم شێوەیە دەرچوونە:

ژمارە (١) ١٤ رجب ١٣٣١ /٦ حوزەیران ١٣٢٩/ ١٩حوزیرانی ١٩١٣
ژمارە (٢)١٤ شعبان ١٣٣١ /٦تەمموز ١٣٢٩/ ١٩ تەمموزی ١٩١٣
ژمارە (٣) ١١ رمضان ١٣٣١ /١اغستوس ١٣٢٩ /١٤ئابی ١٩١٣
ژمارە (٤)١٠شوال ١٣٣١ /٣٠ اغستوس ١٣٢٩ /١٤ ئەیلوولی ١٩١٣

(**ڕۆژی کورد**)، یەکەمین گۆڤاری کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کـوردەو سەرنووسـەرەکەی عەبدولکەریم سـلێمانی بووەو کاتی خۆی مشـتومڕێکی زۆری نایەوە، مامۆسـتایان کەمال ڕەئـووف محەمەد و سـدیق سـاڵح و دواتریش زەنگەنە بە لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی سـاخکردنەوەی ناسـنامەی خاوەنی ڕۆژی کورد ١٩١٣ نووسی.(*)

بۆ زیاتر حاڵی بوون، فەرموون ژمارەکانی هەردوو گۆڤاری (**ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد**)تەنیا بە مێژووی زایینی:




**ڕۆژی کورد:**
ژمارە (١) ١٩حوزەیرانی ١٩١٣
ژمارە (٢) ١٩ تەمموزی ١٩١٣
ژمارە (٣) ١٤ ئابی ١٩١٣
ژمارە (٤)١٤ ئەیلوولی ١٩١٣

**هەتاوی کورد:**
ژمارە (١) ٢٤ تشرینی یەکەم ١٩١٣
ژمارە (٢) ٤ کانوونی یەکەمی ١٩١٣
ژمارە (٣) ١١ی کانوونی دووەمی ١٩١٤
ژمارە (٤) ١ نیسانی ١٩١٤
ژمارە (٥-٤)٢٣ مایسی ١٩١٤
ژمارە (١٠) ٣ تەمموزی ١٩١٤

ئەوە بۆچوونی ئێمەیە[*]، بەو هیوایەی زەنگەنەش هەرچی زووە، جارێکی دیکە بەچاپکردنەوەی گۆڤاری (**هەتاوی کورد**)، چاوی خوێنەرانی کوردی پێی روون بکاتەوەو و چی دیکە راگیری نەکات.

**پەراوێزەکان:**

(١) لێرەدا دەبێ دەستی ڕێزو پێزانین بۆ کارە جوانەکانی، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی رۆژنامە و بەڵگەنامەی کوردی لە سلێمانی، هەردوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس و موکریانی لەهەولێر، درێژ بکەین کە تائیستا چەندین کاری زۆر جوانی لەو بووارەدا خستۆتەوە بەردەست.

(٢) کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەو پێشەکی د.کەمال فوئاد، دەزگای چاپ و پەخشی بەدرخان، تاران ٢٠٠٦.

(٣) عەبدوڵلا زەنگەنە، رۆژی کورد گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابییانی کورد ١٩١٣ئەستەمبووڵ. پێشەکی د.ئیسماعیل شوکر، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

(٤) کوردێکی یەکڕەنگ (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**) دیاری ژمارە، هتاوکرد، رۆژنامەنووس (**گۆڤار**) هەولێر، ژمارە (١٣)، بەهاری ٢٠٠٨، ل١٣-٢٢ لێرەدا زەنگەنە دەڵێت حەوت ژمارە، بەڵام لە راستیدا شەش ژمارەیە.

(٥) ئەحمەد تاقانە، رۆژژمێری (**رۆمی**) و نەخشەکانی بەرامبەر کردنی لەگەڵ رۆژژمێری کۆچی و زایینیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١،ل٥.

(٦) عەبدوڵلا زەنگەنە، ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی رۆژی کورد ١٩١٣، رامان (**گۆڤار**)، هەولێر، ژ٥٦، ٥ی شوباتی ٢٠٠١.

(٧) ئەم لێکدانەوە و گەیشتنە ئەنجامە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٠ بوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک تا ئەمڕۆ بێ دەنگ بووم.

# لە پەراوێزی دەستە چیلەکەی (د. ئازاد عوبێد ساڵح)دا

بۆ وردەکار و بڕبڕەی پشتی جارانی گۆڤاری (**رۆژنامەنووس**)، تۆژەر و مامۆستای ئەمڕۆی زانکۆ.

دەستخۆشانەتان لێ دەکەین لەسەر ئەو لێکدانەوەتان لە بارەی گۆڤاری (**هەتاوی کورد**). بە بیرمان نایەتەوە کاتی خۆی ژمارەکانی ئەو گۆڤارەتان لە کتێبخانەکەی ئێمە هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردووە یان نا؟ بەڵام بە بیرمانە هەموو جار کە ئێوە دەهاتنە ناو کتێبخانەکەمان یان سەر ئەو کۆمپیوتەرەی ئەرشیفی ئێمەی تێدا پارێزرابوو، دەمانگوت سەیری ئەملا و ئەولا مەکە!

لاشمان سەیر نییە کە پێتان وابێت ژمارە (١٠)ی گۆڤارەکە وەرسوڕاوی خولی یەکەم بێت. چونکە لەم ژمارەیەدا ئاماژەیەکی ئەوها هەیە، ئەم بۆچوونەشتان سەرەتا گومانی لا دروست کردبووین، بەڵام دواتر کە دووەم جار وتارەکەتمان خوێندەوە، هەموو گومانەکەمان لەلا رەوییەوە و بە تەواوی بۆمان دەرکەوت بەڵێ ئێوە لەم لێکدانەوەتان سەرچیغ چوونە و ژمارەکانی ئەو (**هەتاوی کورد**)ە، لە لایەنی ژمارەوە، درێژەپێدەری (**رۆژی کورد**) نییە، بەڵکو گۆڤارێکە بە هەموو لێکدانەوەیەک دەبێ بە لای کەمییەوە هەر (١٠) ژمارەکەی لێ دەرچووبێ، بەڵام ئێوە ئەمجارەیان وەکو هەندێ مامۆستاکانی زانکۆتان کردووە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەکەی خۆتان وەکو خۆتان دەتانەوێ ئاوەها دەربچێت، هاتوون ئەو بۆچوونەی ئێمە کە لە ژمارە (١٢)ی بەهاری (٢٠٠٨)ی (رۆژنامەنووس)دا نووسیومانە ((**وا هەر (٧) ژمارە دۆزراوەکەی (هەتاوی کورد) بە رەنگی خۆی بڵاو دەکەینەوە**)) لە پەراوێزی وتارەکەتاندا بە هەڵە دەخەنەوە و دەنووسن: (**لێرەدا زەنگەنە دەڵێت حەوت ژمارە، بەڵام لە راستیدا شەش ژمارەیە**)) ئا لێرەدا بە (**کاکە ئازاد**) دەڵێین: تکایە نەیەڵن مامۆستاییەکەتان لە زانکۆ ئەو وردەکارییەی جارانتان لێ بسەنێتەوە، ئێمە کە (٦) بەرگەکەمان بە (٧) ژمارە داناوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە ژمارەکەی پێش (١٠)، ژمارە (٤ ـ ٥)ی لەسەر نووسراوە، خۆ ئەگەر ئێمە لێرەشدا بە سەهووو چووبین، وەکو ئێوە دەڵێن، ئەوە دیسان لێکدانەوەتان کورتی دەهێنێ و هەر ئێمە راستین، وادیارە دەبێ لەبیرتان چووبێت کە کاتی خۆی (**مەحموود زامدار**) وتارێکی لە ژێر ناوونیشانی (**هەتاوی کورد و سەردەمی راپەڕین**) نووسیوە و لە گۆڤارێکی سەرەتای هەشتاکان بڵاوی کردۆتەوە، دواتریش ئێمە هەمان ئەو وتارەمان هێناوە و دووبارە لە ژمارە (٩)ی زستانی ٢٠٠٦ی هەر ئەم (**رۆژنامەنووس**)ە بڵاومان کردۆتەوە، لەوانەیشە لەبیرتان چووبێ هەر خۆتان هەڵەبژێریتان تێدا کردووە، دیارە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەشمان لە پاڵ ژمارە (٣)ی هەمان گۆڤار بووە، دە کەواتە دوکتۆر گیان (**هەتاوی کورد**) دەبێ (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە، پێی ناوێ ژمارەکانی لەگەڵ (**رۆژی کورد**) تێکەڵ و پێکەڵ بکرێ ژمارەکانیش زۆر لێکدانەوەی دیکەی هەڵدەگرن.

ئەگەر ئێمە مەبەستمان خزمەتی تۆژینەوەی زانستی نەبووایە و هەر مەبەستمان ناو و ناوبانگ بووایە، دەمێک بوو مەرامەکەتمان بۆ دەهێنایە دی و (**هەتاوی کورد**)ەکەمان بۆ چاپ دەکردییەوە، بەڵام بڕوا بکەن هەوەسمان بەو جۆرە چاپ کردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە کۆنەکان نایەت و ئەم جۆرە چاپ کردنەوەنەمان وەکو (**بەرماوەخۆر**)ی و (**مشەخۆری**)ی دێتە بەرچاو، خوداش ئەوانە راستەڕێ بکات تا چیتر کە هەر خۆیان نەوێت.

**لەگەڵ رێزی زۆری**
**عەبدوڵڵا زەنگەنەدا**

# باری ڕۆژنامەوانیی و ڕووناکبیریی لە شاری کەرکووکدا

## لە ساڵانی پەنجاکان تاکو حەفتاکان*

سمکۆ جەباری

ئەم بابەتە بە وردبوونەوە لە ناوونیشانەکەی دەمانباتەوە سەر ئەو قۆناغە مێژووییە لە بزاڤی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەوانی شاری کەرکووک، کە کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب، لەوانە نووسەری شەهید **(جەبار جەباری)**، تیایدا چاویان هەڵهێناوە بۆ دونیای نووسین و ئەفراندن و خولیا و کەڵکەڵەی ڕۆچوونە ناو دونیای خامە و وشە کەوتۆتە کەللەیان و سەوداسەری بڵاوکردنەوە و خۆناساندن بوون بە مەیدانی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی. بەپێی وتەی نووسەری شەهید **(شێرزاد جەباری)** لە لاپەڕە (٥٣-٥٤) لە دیوانی شعری **(گوڵزار، ١٩٧٠)** باس لەوە دەکات لە ساڵی ١٩٦٠ زاینییەوە دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا **(ڕووناکی، پێشکەوتن، ڕاپەڕین، دەنگوباس، کل شیء، کەرکووک، هەتاو، کاری میللی)** لەژێر ناوی خوازراوی **(دڵپاک جەباری)** بەزۆری دەربارەی وێژە و کۆمەڵاً و شیعر و ڕەخنە و هونەر و چیرۆک و پەخشاندا، لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت ناوبراو لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە کەوتۆتە دونیای نووسین و بڵاوکردنەوە، هاوچەرخی ئەو قۆناغە مێژووییەی سەرەوەی کردووە. لەژێر باڵ و کاریگەریی ئەو واقیعە ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانییەدا گیانی داهێنان و نووسین تیایدا چەکەرەی کردووە و خانەی دەستی دەمەزەرد کردۆتەوە.

ئەم نووسینەمان دابەش دەبێتە سەر (٢) تەوەری سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- باری ڕۆژنامەوانی لەم قۆناغەدا.

٢- باری ڕووناکبیری لەم قۆناغەدا.

**١) باری ڕۆژنامەوانی لەم قۆناغەدا:**
ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەم قۆناغە مێژووییەدا لە شاری کەرکووک دەرچوون، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. گۆڤاری (شەفەق): خاوەن ئیمتیازی شێخ عەبدولقادری بەرزنجی عەقیدی خانەنشین بوو، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لە ١٥ کانوونی دووەم ١٩٥٨ زاینی دەرچووە، لێپرسراوی بەشی کوردی (**مارف خەزنەدار**) و لێپرسراوی بەشی عەرەبی (**عەبدولسەمەد خانەقا**) بوو.
سەرەتا گۆڤارێکی ئەدەبی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و وتار و ڕەخنەی ئەدەبی و چیرۆک و شیعر بوو. لەپاش شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ ١٩٥٨ زاینی مۆرکێکی سیاسییانە و ڕۆژنامەی وەرگرت. هاوینی ١٩٥٨ زاینی گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و بەناوی (**بەیان = شەفەق**) لەژێر چاودێری (**گۆران**) دەردەچوو و بووە گۆڤارێکی سیاسی زمانحاڵی ئاشتیخوازان. پاش دەرچوونی (٣) ژمارە لەوێ، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەی گەڕانەوە کەرکووک و لە سەروبەندی کودەتای ساڵی ١٩٦٣ داخراوە[١].

٢. ڕۆژنامەی (ئازادی): ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بووە وەکو ئۆرگانی حیزبی شیوعی عیراق/ لقی کوردستان، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری پارێزەر نافیع یونس بوو. ژمارە (١)ی لە ١ مایسی ١٩٥٩ دەرچووە و ماوەی دووساڵ بەردەوام بووە و (١٥٦) ژمارەی لێدەرچووە. لەمانگی ئابی ١٩٥٩ ئەم ڕۆژنامەیە گواستراوەتەوە بۆ بەغدا[٢].

٣. ڕۆژنامەی ڕای گەل (رأي الهالي): زمانحاڵی پارتی نیشتمانی دیموکرات بوو، ژمارە (١)ی لە ٦ ئەیلوولی ١٩٥٩ دەرچووە. بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی پارێزەر (**سدیق بلۆکینی**) بوو. لەماوەی ١٣ مانگدا زیاتر لە ٧١ ژمارە لێ دەرچووە بە تیرۆرکردنی خاوەنەکەی لە دەرچوون کەوتووە[٣].

٤. ڕۆژنامەی کەرکووک-گاورباغی: مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (**کەرکووک**) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو. یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٦/١٠/١٢ وەکو ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و کومەڵایەتی بە زمانی تورکی بە ٤ لاپەڕەی قەوارە گەورە دەرچووە، تا ماوەیەک هەفتەی دووجار دەردەچوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە ژمارە (٣٠٩) یەوە بەشی کوردی بۆ زیاد کراوە کە لە ١٩٣٠/٦/٣٠ دەرچوو، تا ژمارە (٣٧٤) کە لە ڕۆژی ١٩٣١/١٠/٩دا دەرچووە ئەم بەشە بەردەوام بووە. لە ساڵانی پەنجاکاندا بەشی عەرەبی بۆ زیاد کراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ ژمارەی لاپەڕەکانی بۆتە ٨ لاپەڕە.
لەدوای ئەوەی شاعیر (**عوسمان مستەفا خۆشناو**) کراوە بە سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکە، ناوی ڕۆژنامەکە لە (**کەرکوک**) ەوە گۆڕاوە بۆ (**گاورباغی**) بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەرچوو. بەشە تورکییەکەی بە سەرپەرشتی (**عەبدوڵلەتیف بندراوغلو**) بووە. لەپاش دەرچوواندنی (٣٤) ژمارە لەم ڕۆژنامەیە، دووبارە ناوە کۆنەکەی بۆ گەڕاوەتەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (**گاورباغی**) لە ٢٩ی حوزەیران ١٩٥٩ دەرچووە.
ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتای شەستەکانەوە واتا لە ساڵی ١٩٦٠ەوە وردە وردە بەشە عەرەبییەکەی بەسەر بەشە تورکییەکەی زاڵ بووە و دواتر تەنیا بەو زمانە دەرچووە[٤].

٥. گۆڤاری (پێشڕەو – الطليعة): زمانحاڵی یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق-لقی کەرکوک بووە. یەکەم ژمارەی بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە، دواتر دوو ژمارەی تری بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرچووە. تایبەت بووە بە دەنگوباس و چالاکییەکانی قوتابیانی ئەم شارە[٥].

٦. گۆڤاری (بشیر): ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و کولتووری هەفتانە بوو. یەکەم ژمارەی لە

٢٣ ئەیلوولی ١٩٥٨ بە زمانی تورکمانی و عەرەبی دەرچووە. سەرجەمی ژمارەکانی ٢٦ ژمارەیە[٦].

<u>٧. گۆڤاری (مەشخەڵ):</u> گۆڤارێکی سیاسیی رۆشنبیرییە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لقی ٣ بووە. بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی دەرچووە. ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچووە. دوا ژمارەی لەدوای رێکەوتننامەی ١١ ئادار ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە. لەنێوان (٧-٨) ژمارەی لێ دەرچووە[٧].

<u>٨. رۆژنامەی (العامل):</u> رۆژنامەیەکی کرێکاران بوو، سەندیکای کرێکارانی کەرکووک دەری دەکرد، ژمارە یەکی لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ بە چوار لاپەڕە دەرچووە[٨]**.

<u>٩. گۆڤاری (دەنگی قوتابیان):</u> زمانحاڵی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی گشتی عیراق بووە. (٣) ژمارەی لێ دەرچووە لە ساڵی ١٩٥٩ بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی[٩].

<u>١٠. گۆڤاری (ئاڵای سوور):</u> زمانحاڵی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە گەڕەکی ئازادی، کەرکووک دەرچووە. سەرپەرشتیار شەهاب شێخ نوری و هاوکارانی فەرەیدون عەبدولقادر، ئەبو شەهاب و حەمیدە سوور بوون. (٣) ژمارەی لێ دەرچووە و بە رۆنیۆ چاپ کراوە[١٠].

<u>١١. گۆڤاری (بابە گوڕگوڕ):</u> زمانحاڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکووک بووە. یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەم/ ١٩٧٣ زاینی دەرچووە. (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە (٣)ی لە تشرینی دووەم/ ١٩٧٣ دەرچووە. ژمارە (٤)ی ئامادە بووە بۆ چاپ لەشاخدا بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە[١١].

<u>١٢. گۆڤاری (گزنگ):</u> زمانحاڵی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی کەرکووک بووە، یەکەم ژمارە لە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن (**رەزا شوان**)ەوە دەرچووە، دواتر لە شاخ لە لایەن (**حەمە کەریم عارف، محەمەد موکری، ئەحمەد عارف**) دەست دەکاتەوە بە دەرچوونەوە و لەپاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی دوو ژمارەی لێ دەردەچێت. کۆی ژمارەکانی (١٧) ژمارەیە[١٢].

٢) **باری رووناکبیری لەم قۆناغەدا:**
ئەوەی لەم تەوەرەدا تیشکی دەخەینە سەر ئەو چالاکییە رووناکبیرییانەیە کە لەم قۆناغە لە شاری کەرکووک روویاندا، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

**١. دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی لقی کەرکووک لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ:**
لەدوای بەرپابوونی ئەم شۆڕشە، رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان دەستیان بە دامەزراندن و سەرهەڵدان کردەوە. دیارە بوونی هەردوو تەوژمی ئەنتەرناسیۆنالیستی کوردی کە لە گێژاوی ململانێ و کێبڕکێی توندا بووە سەبارەت بە سەپاندنی رەوتی عیراقی یاخود کوردستانی لەناو ریزەکانی ئەم رێکخراوانەدا. یەکێتی نووسەرانیش بێبەش نەبووە لەم کێشمەکێش و ململانێیە. یەکەم سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی عیراق و یەکێتی رۆژنامەنووسانی عیراق (**محەمەد مەهدی جەواهری**) بووە.
لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەران مارف خەزنەدار و سەمەد خانەقا دەوری دانان و رێکخستنیان هەبووە. ژمارەی ئەندامانی لقی کەرکووک (٧) کەس بوون کە ئەمانەن: (**مارف خەزنەدار، سەمەد خانەقا، عەزیز خانەقا، مارف بەرزنجی، زوهدی داوودی، محەمەد سابیر مەحموود و ئەنوەر مەحمود سامی**). ئەم لقە لە یەکەم ساڵیادی شۆڕی ١٤ی گەلاوێژ بەشداری ئەو رێپێوانە جەماوەرییە کرد کە بەو بۆنەیەوە رێکخرابوو، شەڕ و هەلاو رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی لێ کەوتەوە[١٣].

**٢. گرووپی کەرکووک-جماعە کرکوک:**

گرووپی کەرکووک مانای برایەتی نەتەوەییان لە شارێکدا بەرجەستە کرد کە سیمای دیار و دەرکەوتووە لە پاش نەوت، فرەپێکهاتە نەتەوەییەکەیەتی کە شارەکەی بەرەو رووداوگەلێکی خوێناوی برد، شێر و رێوی هێنانەوە بۆی ئاسان نەبێت. سەرباری تایبەتمەندی شار و فرەپێکهاتە نەتەوەییەکەی، ئەم پۆلە لە رۆڵەکانی کەرکووک لە دەوری ئیستاتیکای شیعر کە پێیان دەنووسی و خۆزگە و خورپەی شیعر و ئەدەب کە هەوڵیان دەدا لە رێیەوە گۆڕانکانی لە بیر و هزرە بەسەرچووە باڵادەستەکان بکەن، بە جیاوازیی نەتەوە و ئاینییانەوە، ئەندێشە و خولیای ئەفراندن و یاخیبوون بوو لە دژی هەرچییەکی لاسایی کەرەوە و سواوە.

ئەم گرووپە لە تێکهەڵکێشێکی کوردی-عەرەبی-ئاشووری پێکهاتبوو، سەرباری هەوڵ و کۆششی ئەم گرووپە نازاوێە بۆ پایە بڵندی شیعر و ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی ئەمانی لەوانی تری وەچەی شەستەکان جیا دەکردەوە فرەنەتەوەیی و ئاینی ئەم گرووپە بوو هەر یەکێکیان میرات مێژوویی و زمانەوانی و کولتوورییەکەی جیاواز لەوی تر هەڵگرتبوو بۆئەوەی بیخاتە سەر خەرمانی ئەو زمانەی کە پێی دەنووسی ئەویش زمانی عەرەبییە، دواجار بۆ ئەوەی ئەدەبێکی مرۆڤانە بەرهەم بهێنێت بەیت و بالورەی تایەفی نەتەوەی و ئاینی خەوشو لێڵی نەکات. فرە رەنگی و جۆری لێرەدا بۆ خستنەسەر و دەوڵەمەندکردن هات، بەپێچەوانەی دونیای سیاسەت ئەم فرە رەنگی و جۆرییە بۆپێکدادان و خوێنرشتن دەخاتە گەڕ. لێرەشەوە ئەگەر ئەرکی سەرەکی و پەیامی سەرەکی رووناکبیری بەدەست ئاڵا هەڵگرانەیەوە دەردەکەوێت. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی رووناکبیری و ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤ و ژیاندا بووە.

فازڵ عەززاوی، سەرگۆن پولس، یوسف حەیدەری، ئەنوەر غەسانی، موئەیەد راوی، محێدین زەنگەنە، سەلاح فایەق، جەلیل قەیسی، جان دەمۆ، ئەبونا یوسف سەعید. ئەم ناوانە سەرباری چەند ناوێکی تر لە چوارچێوە فراوانەکەیدا، کە بە گرووپی کەرکووک ناسراوبوون لە شەستەکانی سەدەی رابردوو جێ دەستی دیاری خۆیان لە بواری شیعر و چیرۆک و شانۆگەری عیراقیدا بەجێهێشت، بوونە پێشەنگی دیاردەیەکی لەبەرچاو و لەبیرنەکراو و لەمێژووی رووناکبیری و ئەدەبی وڵاتدا[١٤].

**٣. دامەزراندنی لقی کەرکووک-یەکێتی نووسەرانی کورد:**

لەرۆژی ١٩٧١/٨/٣٠ لقی کەرکووک لە ئوتێلی **(کەرکووک)** بە بەشداری (٣٨) شاعیر و ئەدیب و نووسەر دامەزرا. لە ئەنجامی هەڵبژاردنی کاندیدەکان، ئیشوکار بەم جۆرەی خوارەوە دابەشکرا بەسەریاندا:

١. شێخ ئەنوەر خۆشناو- سەرۆک. دەنگی دووەمی هێنابوو لە هەڵبژاردن. لەبەر تەمەن گەورەیی کرا بە **(سەرۆک)**.
٢. عوسمان خۆشناو-جێگری سەرۆک. دەنگی یەکەمی هێنابوو لە هەڵبژاردن.
٣. فوئاد تاهیر سادق-ژمێریار.
٤. رەزا شوان-راگەیاندن.
٥. تاهیر سادق-ئەندام.
٦. عەزیز خانەقا-ئەندام.
٧. شێخ حسێن بەرزنجی- ئەندام[١٥].

**٤. میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکووک ٢٢-١٩٧٢/٣/٢٣:**

سەیدا **(ساڵح یوسفی)** دەستێکی باڵای هەبوو لە گێرانی ئەم میهرەجانە لە کەرکووک لەژێر دروشمی **(شیعر و نەورۆز و ئادار)**. بەڕێوەبردنی میهرەجان لەسەر شانی بەهەشتی **(د. مارف خەزنەدار)** بووە. ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجان خۆپیشاندانێکی گەورەی رۆشنبیری و خوێندەواری کوردی بوو، هەموو شتێک عیراقی بوو، بەڵام بۆ کورد بوو. زۆربەی وتەکان بە زمانی عەرەبی

بوون کەچی لەسەر کورد بوون. کوردیش بەشی خۆی لە وتارەکاندا هەبوو بە تایبەتی وتەی (**کۆمەڵی رۆشنبیری کوردی**) کە لە لایەن بەهەشتی (**د. مارف خەزنەدار**)ەوە خوێندرایەوە.

سێ کۆبوونەوەی شیعر خوێندنەوە ساز کرا، نزیکەی سی شاعیری بەتەمەن و لاو بەشدارییان تێدا کرد. کاکەی فەلاح و ع. ع. شەونم و ئەحمەد دڵزار و ع. ج. ب و ساڵح هەژار و جەمال شارباژێڕی و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا عەباس و سەیدا ساڵح یوسفی و هێمن و حەسیب قەرەداغی و د. ئیحسان فوئاد و عەبدوڵڵا پەشێو لەو شاعیرانە بوون کە بەشدارییان لەم میهرەجانە کرد.(١٦)

دوا وتەی پێویست دەربارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە شاری کەرکووکدا دەرچوون ئەرکێکی پێویست و بنەڕەتی (**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی کەرکووک**)ە جارێکی دیکە کۆیان بکاتەوە و لە چاپیان بداتەوە، بەندە لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی ئەم ئەڵقەوە لە گەڵ کۆمەڵێک خەمخۆری ئەم بوارە ئەو بانگەوازە و داواکارییانەیان بۆی بەرز کردۆتەوە بەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی خوولی یەکەم و نزیکبوونەوەی کۆتایی هێنانی خوولی دووەم تاکو ئێستا هیچ شتێکمان بەرچاونەکەوتووە.

هاوکات ئەرکێکی تر کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کەرکووکە کە ئەویش هەر دەکەوێتە ئەستۆی (**یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووک**).

* ئەم وتارە بۆ رێوڕەسمی یادی نووسەری شەهید (**جەبار جەباری**) لە ٢٠١٠/١٢/٢١ لە کەرکووک ئامادەکرابوو، بەکورتی ناواخنەکەی خوێنرایەوە. (س. ج).

**پەراوێزەکان:-**

**١. رۆژگاری من، دروست بوون ١٩٤٩-١٩٦٠، یاداشتی مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، هەولێر. ٢٠٠٩، ل ٢٣١-٢٣٥، ٢٧٧-٢٧٨.**
**٢. مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، جەبار جەباری، سلێمانی، ١٩٧٠ لە (سەرجەمی بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی شەهید جەبار جەباری، ئامادەکردن و پوختەکردی عەبدوڵڵا زەنگەنە، ل ١٠٢).**
**٣. سەرچاوە پێشوو، ل ١٠٥.**
**٤. رۆژنامەی کەرکووک بەتەمەنترین رۆژنامەیە لە کوردستاندا، جەبار جەباری، بڵاوکراوەی (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٤٣-٤٤)، ١٩٧٥/٩/٢٢، ل ٣٢، ع. ز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٢.**
**کەرکووک لە ئامێزی مێژوودا، عوسمان مستەفا خۆشناو، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٦-٣٨ ٥- گۆڤاری (بەیان)، (٢٥)، ساڵی ١٩٧٤، ل ١٢-١٨، ع.ز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٤.**
**٦. عوسمان مستەفا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.**
**٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ وریا جاف، رۆژی دووشەممە، ٢٠١٠/١٢/٢٠.**
**٨. عوسمان مستەفا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.**

هەواڵنامەی کتێب

** گومانم لە رۆژی دەرچوونەکەی هەیە، بەڵام بەهۆی ناونەهێنانی لەهیچ سەرچاوەیەکی تر هەروەکو خۆی نووسیومانەوە.
٩. چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسیی کوردی، حەمە ساڵح فەرهادی، هەولێر، ١٩٨٨، لا ٩٠.
١٠. رۆژنامەگەری کوردی لە کەرکووک، لەتیف فاتیح فەرەج، گۆڤاری (دۆز)، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ٢٠١٠، لا ٣٧.
١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ وریا جاف، ٢٠/١٢/٢٠١٠.
١٢. جەبار جەباری، سەرچاوەی ژمارە (٥).
عوسمان مستەفا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٣.
لەتیف فاتیح فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٧.
١٣. د. مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٧–٢٨٢.
١٤. کەرکووک (المدینه الچاحکه بالنار والنور) ٢–٣، عونی الداودی، صحیفه (الاتحاد)، العدد ٤٧٩.
١٥. کەرکووک لە ئامێزی مێژوودا، عوسمان مستەفا خۆشناو، هەولێر، ٢٠١٠، لا ١٠١–١٠٣.
١٦. رۆژگاری من، کەمێک ئاشتی و برێک هێمن ١٩٦٧–١٩٧٥، یادداشتی د. مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم، هەولێر ٢٠١٠، لا ٨٩–٩٤.

# ڕوونکردنەوەیەک لەمەڕ
# (پێشگووتن)ەکەی کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە

سمكۆ جەباری

لەم ماوەیەی دواییدا لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) کتێبێک بەناوونیشانی **(سەرجەمی بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی شەهید جەبار جەباری)** لە ئامادەکردنی بەڕێز کاک **(عەبدوڵڵا زەنگەنە)** کەوتە بەردەست و چاوی خوێنەران، دیارە ئەم بەڕێزە لە کاتێکدا سەرقاڵی کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی سەربردەی ژیان و بەرهەمەکانی نووسەری شەهید بووم، وێڕای دەستخۆشی کردن و هاندانم بۆ کارەکەم و هاوڕایی خۆی پیشاندا سەبارەت بەو پەراوێزانەی بۆ کتێبی **(مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی)** نووسیبوومەوە و پێشتر لەگەڵ زانای گەورەی کۆچکردوو پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار قسە و باسی ئەوەمان لەسەر کردبوو بکرێتە پرۆژەی کتێبێکی سەربەخۆ وەکو بەدواداچوونێک بۆ کتێبی ناوبراو. دیارە ئەم بەڕێزە تا ئێرە ئاگاداری هەوڵ و تەقەڵلام بوو سەبارەت بەم کارە.

کاتێک لە خوێندنەوەی پێشگووتنەکەی ئەم بەڕێزە بوومەوە لە کتێبی ئامادەکراوی، هەندێک خاڵ و باسی ئاماژەیان پێدرابوو بە پێویستم زانی ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم لەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- لە دوای لەچاپدانی **(کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید جەبار جەباری)** چەند دانەیەکم لە شاری هەولێر پێشکەش بەو نووسەر و خەمخۆرانەی نووسینەوەی **(مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی)** کرد لەوانە ئەم بەڕێزە کە لە بارەگای **(سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)** بۆم دانا لەبەر ئەوەی لەوساتەدا بەڕێزی لە دەرەوەی سەندیکا بوو. جا نازانم گەیشتۆتە دەستی یان نەء؟ یاخود گەیشتۆتە دەستی و لێیان خواستووە و نەیانگەیاندۆتەوە و وای بە مێشک و خەیاڵدا هاتووە کە دانەیەکم لەو کتێبە پێشکەش نەکردووە.

٢- لە کاتی خۆشیدا بەم بەڕێزەم و برادەرانی ترم ڕاگەیاند و هەروەکو لە پێشەکی ئەو کتێبەم ئاماژەم پێداوە، کۆی بەرهەمە کوردی و عەرەبییەکانی نووسەری شەهیدم لە دوو بەرگدا کۆکردۆتەوە و پێداچووەمەتەوە و لەسەرم نووسیوە. لەچاپدانی بەرگی یەکەمی چەند ساڵێکی خایاند هەروەکو لە مێژووی پێشەکەییەکم بۆی و ساڵی لە چاپدانی دەردەکەوێت، سەرەتا ڕووبەڕووی **(بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە)** کرایەوە و کەوتە ناو سەرە و سەرەکارییەوە، بە بەردەوامی بنەماڵەی شەهید بە تایبەتی کوڕە گەورەکەی جەختی لێم دەکردەوە، کە پەلەیان لێ بکەم، هەموو جارێکیش کە ئەو ڕاستییەم پێ دەوت کە ئەرکی بەندە تەنیا نووسینەوەیە و لە چاپدانی ئەکەوێتە

ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، قەناعەتی نەدەهێنا و لە جیاتی ئەوان زۆری بۆم نەهێنا. بەندەش لە پێناوی حورمەتی نووسەری شەهید کە سەرباری ئەم کارە لە زۆر بواری تردا لە خزمەتی خانەوادەکەی بووم، کاتێک بایەخنەدانم بە چاپکردنی درک پێکرد، ناچار مەسەلەکەم لەگەڵ کۆچکردوو پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار باس کرد، لەسەر پێشنیازی ئەم زاتە سەرجەم دەستنووسەکە و بەرهەمەکانی نووسەری شەهیدم گەیاندە بەردەستی و لەسەر راسپاردەی ئەم زاتە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر بەڵێنی بەچاپ گەیاندنی دا و تایپ کردنی بەشێکی تەواو بوو.


لە پرێکدا لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی تایبەت دەزگای ناوبراو عوزر و خواهی چاپ نەکردنی هێنایەوە و پرۆفیسۆری کۆچکردووم لەم رووەوە ئاگادار کردەوە، ئەوسا ئەم زاتە رێنمایی کردم بۆ بردنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەی سلێمانی و راسپاردەیەکی زارەکی پێ راسپاردم بۆ بەڕێوەبەری (**گشتی**) لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە هەر کاتێک دەست کرا بە تایپ ئەویش پێشەکییەکەی بۆ بنووسێتەوە، هەر وەکو لە بەرواری پێشەکییەکەی ئەو زاتە دەرئەکەوێت. لێرەشدا ئەرکی هەڵەبڕی کەوتە ئەستۆم بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو ئەو پەراوێزانەی بۆ کتێبی (**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**) و ئەو کتێبە دەستنووسەی وەکو بەدواداچوونێک بۆ ئەو کتێبە نووسیومەتەوە هەروەکو لە پێشەکییەکەی خۆم ئاماژەم پێداوە، لەم بێنەوبەرەیە و هێنان و بردنەوەی سلێمانی و هەولێر تیاچوو، تا ئێستایش لەگەڵدا بێت جێی داخ و کەسەرە. سەرباری پەلە پروزەیی و لەکۆڵخستنەوە کە تەنانەت (**پێڕست**)ی کتێبەکە لەبیر کرابوو.

سەبارەت بە بەرهەمە عەرەبییەکانی **(لە دوای کۆکردنەوە و پێداچوونەوە و لەسەر نووسینی لەگەڵ خۆم و کۆڵەکەم لە سلێمانییەوە بەرەو کەرکووک و دووبارە ئاوارەبوونەوە جارێکی تر بەرەو سلێمانی و لێرەش لەم ماڵ و بۆ ئەو ماڵ هەر لە کۆچ و گوێزانەوە دایە).**

٣- سەبارەت بەو بەڵگە و پەڕانەی کە بەڕێز (**کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە**) باسی دەکات لەسەر زمانی کوڕی نووسەری شەهید گوایە لە لام گل درابێتەوە، پێشەکی پرسیارم ئەوەیە کام بەڵگە و پەڕە؟ کاتێک دەستم داوەتە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی، تەنیا دەفتەرێکی بچکۆلانە کە چەند پارچە شیعرێکی تێدا بوو، لە کتێبەکەمدا لەژێر ناونیشانی (**شیعرە دەستنووسەکانی، لا ٣٤٢-٣٤٨**) بڵاوکراوەتەوە چیترم نەدیوە.

جا نازانم مەبەستی بەڵگە و پەڕە چییە؟!!

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە خەمخۆری مێژووی رۆژنامەوانی کوردی برای بەڕێزم (**کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە**) دەکەم بۆ ئەو کارە بە نرخەی و نموونەیان هەر زۆر بێت.



## فەرید زەکەریا:

# ئەگەر بتەوێت لەهەر بوارێکدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنی، دەبێت نزیکەی دە هەزار کاتژمێر خەریکی بیت

**سازدانی: محەمەد شافیعی**
**وەرگێڕانی: بارام سوبحی**

فەرید زەکەریا، یەکێک لەو کەسایەتیانەیە کاریگەریی زۆری بەسەر ڕاگەیاندنی ئەمریکاوە هەیە و لەو وڵاتە و دەرەوەیدا خاوەنی جەماوەرێکی فراوانە، لە پێگەکەی خۆی وەکو سەرۆکی نووسینی چاپە نێودەوڵەتیەکانی «نیوزویک»، کە بەسەر نزیکەی ٢٤ ملیۆن کەس لە جیهاندا دابەش دەکرێت. پێشکەشکاری بەرنامەی «جی پی ئێس» لە سی ئێن ئێن، کە میوانداری سیاسەتکار و ئابوریزانەکان لە جیهاندا، دەکات.

فەرید زەکەریا (٤٦ ساڵ)، بیرمەندێکی ناسراو و دانەری کتێبێکی گرنگە لە بارەی ئایندەی دیموکراتی و پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا، لە زانکۆی هارڤارد بیرمەندی کۆچکردوو ساموێل هانتیگتۆن خوێندکار بووە، بە وتار و ڕاپۆرتە درێژەکانی ناوبانگی دەرکرد. دوای بەدەستهێنانی دکتۆرا لە زانکۆی هارڤارد و پاشان لە تەمەنی ٢٨ ساڵی، خوولی یەکەمی سەرۆکایەتی نووسینی **(فۆرین ئەفیەرز: سیاسەتی دەرەکی)** لە ئەستۆ گرت، کە ئەنجوومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا دەری دەکرد، لەوێوە بووە خاوەنی پلەیەکی نزیک و دیار لە فەرمانگەکانی دروستکردنی بڕیار لە واشنتۆندا.

لەم گفتوگۆیەدا، د.زەکەریا، باس لە پێگەیشتنی لە هیند و ناسنامەکەی وەکو موسڵمانێکی کۆچکردوو بەر لە کەمتر لە سی ساڵ، بۆ ئەمریکا دەکات. ئەو، کە چووە ئەوێ، ئاسۆیەکی نوێی لە زانست و ناوبانگ لەبەردەمدا کرایەوە. هەروەها باس لە ئامۆژگارییەکانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی لاو، ئایندەی ڕۆژنامەنووسی نووسراو لەبەردەم هێرشی ئینتەرنێت، ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵینەوەیی ڕاسپێدراو، وەسفی بۆ سەرنووسەرێکی سەرکەوتوو، بەهرەی ڕۆژنامەنووسی زیرەک، گرنگترین وتار کە لە ژیانیدا نووسیویەتی «**بۆچی ڕقتان لێمانە؟**» لە هەشت هەزار وشە پێکهاتبوو، بە چەند کاتژمێرێک نووسی دوای پەلاماری ١١/ئەیلوول، دەکات.

ئەمەش دەقی گفتوگۆکەیە:

*** چۆن ژیانی پیشەییت وەکو ڕۆژنامەنووسێک دەست پێکرد، لەو ساتە دیاریکراوەدا دڵنیابووی کە پیشەیەکی گونجاوت هەڵبژاردووە؟**

– **زەکەریا:** نەخێر، لەو ساتەدا ئەو باوەڕەم نەبوو. ژیانی پیشەیم لە جیهانی ڕۆژنامەنووسی بە ڕێگەیەکی زۆر نامۆ دەستی پێکرد. دایکم وەکو ڕۆژنامەنوس کاری دەکرد، یەکێک بوو لە نووسەرانی گەورەترین گۆڤارەکانی هندستان، پاشان بووە نووسەر لە ڕۆژنامەی تایمز لە هیند، لەبەرئەوە لە نێوان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێگەیشتم. ئەوەش بە نزیکەیی چالاکی بازرگانی خێزانەکەمان بوو، بە تێڕوانین لەوەی باوکم یەکێک بوو لە سیاسییەکان و دایکیشم ڕۆژنامەنووس بوو. لەبەرئەوە دۆسییە سیاسییەکان، بووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەم.

کاتێک لە قۆناغی ناوەندی دەمخوێند، گۆڤارێکم دامەزراند، بەڵام بڕوام وانەبوو کە بەشێوەیەکی پیشەیی ئەم کارەم کردووە. لەڕاستیدا بڕوام وابوو کە لەبوارێکی ئەکادیمی کار دەکەم. لە کاتی خوێندنم لە زانکۆی هارڤارددا، گۆڤاری (**فۆرین ئەفیەرز**) پەیوەندییان پێوەکردم، لە سەرەتای کارەکەدا من گرنگیم پێنەدا، لەبەرئەوەی بڕوام وابوو، کە کارێک دەکەم زیاتر بەبایەخ و گرنگ بێت، بەڵام کاتێک بیرم لە کارەکە کردەوە، درکم بە وێنەیەکی گەورە دەکرد کە من پێی شەیدابووم، لەبەرئەوە ئەنجامدانی ئەو کارەم خۆشویست. بە شێوەیەکی پلەبەندی، لە جیهانی ئەکادیمی دوورکەوتمەوە و ڕووم کردە جیهانی ڕۆژنامەگەریی. لە گۆڤاری (**فۆرین ئەفیەرز**) چومە (**نیوزویک**) و لەوێشەوە بۆ سی ئێن ئێن(CNN). لە ئەنجامدا ئێستا ١٠٠٪ بومەتە ڕۆژنامەنووس، بەڵام خاڵێکی دیاریکراو نییە کە بڕیارم لێوەی دابێت. وا دەردەکەوێت شتێک بەم ئاراستەیە هاندەرم بووە.

*** ئایا هیچ کام لە خوشک و براکانت لە بواری ڕۆژنامەگەریی کار دەکەن؟**

**زەکەریا:** نەخێر.

*** چۆن لە دابەشکردنی کاتەکانتدا لە نێوان نووسینی وتارەکانت، بەڕێوەبردنی یەکێک لە گۆڤارەکان و بەرنامەیەک کە لە (سی ئێن ئێن) ەوە پێشکەش دەکرێت، سەرکەوتوو دەبیت؟**

– **زەکەریا:** کارێکی تابڵێی قورسە، بەڕێوەبردنی کات بە بەشێکی زۆر قورس لەژیانی پیشەییم دادەنێم، لەبەرئەوەی ستوون و وتار دەنووسم و ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ڕوومال دەکەم، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکەم، کاردەکەم بۆ نووسین لە گۆڤاری نیوزویک، هەروەها موحازەرەی جۆراوجۆر دەڵێمەوە. لەبەرئەوە لە سەرەتای کارەکەدا پێویستە بڵێم تیمێکی کارکردنی تابڵێی باشم لەگەڵدایە، دوو لە یاریدەدەرە بەتوانا و تێکۆشەرەکان، بەڵام لەڕاستییدا پێویستە لەسەرم، لەبارەی بەڕێوەبردنی کاتەوە زۆر ڕێکوپێک بم.

لە بارەی ئەو کارە گرنگانەی پێویستە تەواوی بکەم، لە خۆم دەپرسم. لەم چوارچێوەیەدا، لە زۆر کاتدا پێویستە لەسەرم کاتێک بۆ بیرکردنەوەم دیاری بکەم، لەبەرئەوەی دەتوانم ڕۆژەکەم بە تەواوی بە کۆبوونەوە و مەوعیدەکان، بینینی ئەو کەسانەی دەیانەوێت قسەم لەگەڵدا بکەن، پڕ بکەمەوە. بەڵام بڕوام وایە بەشی زۆری لە پیشەکەم بیرکردنەوەیە. لەبەرئەوە لە بەیانیان، یان لەکاتێکی دیاریکراوی ڕۆژدا، هەوڵ دەدەم چەند کاتژمێرێک بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە تەرخان بکەم، لە خۆم دەپرسم ئاراستە زۆر گرنگەکان چییە و پاشخانی شیکاری ئەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات چییە، بە چاوپۆشین بەو کارەی ئەنجامی دەدەم، بە چاوپۆشین لەو کارەی کە دەبێت ئەنجامی بدەیت، لە ژیانی جەنجاڵدا پێویستمان بە تەرخانکردنی هەندێک کاتە تەنیا بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە.

*** هەفتانە چەند کاتژمێر کاردەکەیت، ئایا ئەوە کاتێکی زۆرت بۆ دەهێڵێتەوە تا لەگەڵ خێزانەکەتدا بەسەری ببەیت؟**

– **زەکەریا:** کاتژمێرێکی زۆر کاردەکەم، بەڵام لەبەرئەوەی چێژ لە کارەکەم دەبینم، شادمانم. بۆیە کاتژمێرەکانی کارکردنم

ناژمێرم. بەزۆری لە ماڵەوە، لەبری نووسینگەکەم کاردەکەم. بەڵام سوورم لەسەر هەوڵدان بۆ پاراستنی بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە لەگەڵ خێزانەکەم، بە دڵنیاییەوە هەوڵی تەواودەم بۆ وەرگرتنی ماوەی مۆڵەت و پشوو لە ماوەی ساڵدا. من لەو کەسانە نیم کە بەردەوام سەرقاڵی کارکردنن و مۆڵەت وەرناگرن، ساڵانە مۆڵەت لە کارەکەم وەردەگرم. بڕوام وایە تاک پێویستی بە حەوانەوەیە.

بەر لەهەر شتێک، هەموو ئەندامانی خێزان پێویستیان پێتە. تاکیش پێویستی بە کەمێک دوورکەوتنەوەیە لە گۆڕەپانی پێشبڕکێدا. هەروەها هۆشی تاک پێویستی بە حەوانەوەیە، لەبەرئەوە ساڵانە لانی کەم سێ هەفتە پشوو بەسەردەبەم. سێ منداڵم هەیە، شتی جوان ئەوەیە منداڵی بچووکت هەبێت و کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ کاتیان لەگەڵ بەسەردەبەی، لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا بە تەواوەتی لەکار دوور دەبم، لەبەرئەوەی کاتێک لەگەڵ منداڵەکانت دەبیت، گرنگ نییە پاشا یان پاشاژنی یان بە ناوبانگترین نووسەری، ئەوان دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ بایەخ پێدانەکانی ئەوان بکەیت، بۆیە ئەمە باشترین ئامرازە بۆ حەوانەوەی خۆت، لەبەرئەوەی دەچیتە جیهانی ئەوانەوە. عومەر گەورەترین منالمە، لەیلا دووەمە و سۆفیا بچووکترینە.

*** ئایا تیمێکی کارکردنی تایبەتت لەگەڵدایە، کە لە بەرنامەکەت و گۆڤارەکەتدا هاوکاریت بکەن؟**

– زەکەریا: لە تەلەفزیۆن تیمێکی کارکردنی زۆرباشم لە نموونەی دەرهێنەران، لەگەڵدایە. بەڵام بە پێچەوانەی بڕوای خەڵکییەوە تیمێکی توێژەرانم لەگەڵ نییە. من لەو جۆرە تیمەم لەگەڵ نییە و بۆخۆم بە کاری توێژینەوە و گەڕان هەڵدەسم. ئایا تا ئێستا دۆزیوەتەوە کە خەڵکێکت لەگەڵدا بێت، لەپێناوی تۆ بخوێننەوەوە؟ لە راستیدا لەو دۆسیێیانە ناگەن کە تۆ لێی تێناگەی. بۆیە چەند کەسێکم لەگەڵدایە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەدا هاوکاریم دەکەن، لە نموونەی پەیوەندیکردن بە میوانەکە و هەستان بەکاری نووسینەوە، بەڵام ئەو کارانەی خۆم بەدوایاند دەگەڕێم و دەینووسم، بۆ خۆم دەیانکەم و نایبەخشم بە هەر کەسێکی دیکە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. تەنیا لە رێگەی خوێندنەوە و توێژینەوە و قسەکردن لەگەڵ خەڵکی، تێگەیشتنی راستەقینەوە بۆ ئەوەی کە روویداوە بەدەستدەهێنی.

*** بە تێڕوانینی تۆ، ئەو راپۆرتە هەواڵییە چییە کە رووماڵکردنی زۆرترین خەرجی و کاتێکی درێژی دەوێت، لە گۆڤاری نیوزویک؟**

– زەکەریا: کارەکە، پشت بەو رێگەیە دەبەستێت کە تاکەکە تێچوونەکەی دەژمێرێت، بەڵام بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم هەندێک لەو هەواڵانەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لەعێراقەوە هاتوون، ئەو هەواڵانە بوون کە زۆرترین تێچوونی هەبووە. لەڕوی رووماڵکردنەوە، جەنگی عێراق، جەنگێکی زۆر قورس بوو، ئەمە سەرباری تێکچوونی باری ئاسایش. بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی لەگەڵ ئێمە کاریان دەکرد، پاسەوانی تایبەتمان بۆ دابینکردبوون، کە لە لایەن هێزی مارینزی پێشووی پاشایەتی بەریتانیاوە راهێنانیان پێکرابوو، کرداری پاراستنی رۆژنامەنووسەکان و دابینکردنی ئەو پاسەوانانە، سەدان هەزار دۆلار لەسەر ئێمە کەوتووە.

***ئەو راپۆرتانەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی درێژ مەوداوە هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی لەوڵاتانی دیکە ئەنجام دەدرێت، لەنموونەی عێراق، تێچووی مادی زۆری دەوێت. کێ تێچووی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە دابین دەکات؟ ئایا هیچ بیرۆکەیەکی پێشنیارکراو لە گۆڤاری نیوزویک بەهۆی زۆری تێچوونەوە رەتکراوەتەوە؟**

– زەکەریا: ئێمە بڕی تێچوونەکان دابین دەکەین. پێشتر بەهیچ شێوەیەک هەوڵمان نەداوە، جۆرێک لەجۆرەکانی تەمویل کردن بەدەست بخەین. هەرگیز بیرۆکەیەکمان بەهۆی زۆری تێچوونەوە رەت نەکردۆتەوە.

بــەڵام لە ماوەی دە ســاڵی رابردوودا بــۆ ئەنجامدانی هەمان کار، هەوڵــی دۆزینــەوەی ئامــرازی کەمتر تێچوومــان داوە. هەوڵــی دۆزینەوەی پەیامنێری خۆجێــی لێهاتوومان داوە، بە تایبەتــی ئەوانــەی خاوەنی ئاســتێکی بــەرزی لێهاتووییین، لە نموونــەی هــەر پەیامنێرێکی ئەمریکی، کە تــەواوی کاتەکەی لای ئێمە و لە شوێنەکانی بە نموونە وەکو بەیروت و قاهیرە، کاردەکەن. هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی یەکێک لەدانیشتوانی ناوچەکە، یان هەر تاکێک راهێنانی لە ئەمریکا بینیبێت دەدەین، بۆیــە بــۆ رووماڵکردنی هەواڵــەکان، بەدوای رێگــەی بەدیلدا دەگەڕێین، بەڵام ئەوەندەی من بزانم هەرگیز بڕیارمان نەداوە، بەدواداچوونێک بەهۆی زۆری تێچوونەکەی، رەت بکەینەوە.

*** تــا چ ئاســتێک رووماڵکردنــی هەواڵەکانــی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لای ئێوە گرنگە؟**

– **زەکەریا:** رووماڵکردنی هەواڵەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای ئێمەوە گرنگە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کێشەی زۆر لــەو ناوچەیەدا هەیە. ئەمەش بەکارێکی دڵخۆشــکەر بۆ گەلانــی ئەو ناوچەیــە ناژمێردرێت. من بــە هەواڵی یەکێک لە هاوڕێ سوورییەکانم، راهاتبووم، کە شانازی بەوە دەکرد کە **(وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وارین کریســتۆفەر)** ٢٣ گەشــتی بۆ ســوریا ئەنجامداوە، پێویســت بوو ئــەو هاوڕێیەم بزانێت، هــۆکاری ئەو ئــەو ســەردانانە، لەبەرئــەوە نییە کە ســوریا وڵاتێکــی دەوڵەمەنــدو ســەقامگیرە یان ئەو وەزیــرە حەزی بەخۆشــگوزەرانییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ســوریا ناسەقامگیرو مەترســیدارەو گرفتــاری چەنــدان کێشــەیە. ئەمە نیشــانەی بەهێزی نییە.

تا ئێســتاش ناوچــەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، شــوێنێکە ئاڵــۆزی جۆراوجــۆری تیایــە و بــە ناوچەیەکی زینــدوو بۆ ســەرچاوەکانی وزە دەژمێردرێت. بەو مانایەی تێکەڵاوییەک لــە نێوان مادە هەبووەکانی و گرفتەکانی کە پێوەی دەناڵێنێت هەیە، لەبەرئەوە دەبێتە ئەو شــوێنەی کــە مایەی گرنگیپێدان و جێــی تەرکیــزی ئێمە بێــت. دواین دوو جەنــگ کە ئەمریکا تێوەی گلا، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بوو **(عیراق و ئەفغانستان)**، ئەگەر جەنگێکی دیکە هەبێت ئەمریکا بچێتە ناوی، تا رێژەیەکی زۆر پێدەچێت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبــدات. ئەمــەش جگــە لە واقیعێکــی مایــەی نیگەرانی، بۆ دینامیکیەتی ئاڵۆز لەم ناوچەیە، هیچی تر نییە.

**پرســیار: ئایا بــڕوات وایە بە شــێوەیەکی تایبــەت گرنگە رۆژنامەنووست هەبێت لە رووماڵکردنی هەواڵێکی دیاریکراو، پســپۆڕبن. بەنموونە زانیاری تایبەتیان لەبــارەی رێکخراوی قاعیدە، ئەفغانستان یان عێراق، هەبێت؟**

– **زەکەریا:** بڕوام وایە گرنگە کەســانێکت هەبن، کە توانای

**رووماڵکردنی هەواڵەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای ئێمەوە گرنگە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کێشەی زۆر لەو ناوچەیەدا هەیە. ئەمەش بەکارێکی دڵخۆشکەر بۆ گەلانی ئەو ناوچەیە ناژمێردرێت.**

قووڵبونەوەیــان لەهــەر وڵاتێــک، هەبێــت. لە هەندێــک کاتدا، لەوانەیــە ئەو کەســانە بــۆ ماوەیەکی درێژ لــەو وڵاتە ژیابن، یاخــود بەپێچەوانەوە. پێموایە لێرە ڕێســایەکی دیاریکراو لەو بارەیەوە نییە. کاتێک نیکۆلاس کریســتۆف ڕۆیشــت بۆ چین، لەســەرەتاوە شــتی زۆری لەبــارەوە نەدەزانی، بەڵام ئێســتا لــە رووماڵکردنــی هەواڵەکانی چین، بۆتە ڕۆژنامەنووســێکی سەرکەوتوو، تەنانەت خەڵاتی پۆلیتەرزشی بردەوە.

بە شــێوەیەکی گشــتی، بەلامەوە گرنگە، کەسانێکت هەبن توانایەکی بەرزی بیرکردنەوەیان هەبێت و بە شێوەیەکی زۆر توانــای قووڵبونەوەیان هەبێــت. وای نابینم کە ئەمەش مانای پێویســتی بەســەربرنی هەموو ژیانیان بــۆ ئەنجامدانی تەنیا کارێک بێت.

*** ئامۆژگارییت بۆ ڕۆژنامەنووسانی گەنج چییە؟**

– **زەکەریا:** نووســین، پاشــان نووســین، پاشان نووسین. لــە کتێبــی (**دەرچــوون لــە چاوەڕوانکــراوەکان outliers**)، مالکۆم گلادوێلی نووســەر، دەڵێت: لەڕاستیدا ئەگەر دەتەوێت ســەرکەوتنێکی گــەورە لەهــەر بوارێکــدا بەدەســت بهێنــی، ڕێســایەکی سادە هەیە، کە بریتییە لە خەریک بوون بەم کارە بۆ نزیکــەی دە هەزار کاتژمێر، بۆ ئەمــەش نموونەی گروپی مۆزیکــی بیلتــز دەهێنێتــەوە، کە بــەر لەوەی ببنــە گروپێکی مۆزیکــی بەناوبانگ، نزیکەی دەهــەزار کاتژمێر خەریکی ئەم کارەیان دەبوون.

لەهــەر بوارێکــدا لــە ژیانــدا، تــاک لەڕێگــەی کارکردنی بەردەوامەوە باشتر و باشتر دەبێت. لەبەرئەوە ئامۆژگاریم بۆ ڕۆژنامەنووســانی گەنج ئەوەیە زۆربەو زۆرترین کاتەکانیان لە نووســیندا بەسەرببەن، لە ســەرەتاوە لە بڵاونەبوونەوەی ئەوەی دەینووسن، هەست بە دوودڵی نەکەن. بەڵکو لە هەوڵدان بەرەوام بن. ئەگەر لە ســەرەتاوە (١٩) پەیامی ڕەتکردنەوەت وەرگــرت، ئەوا پاشــان دەبێتە هەژدە و لە جــاری داهاتوودا ژمــارەی جارە ڕەتکــراوەکان دەبێتە حەڤدە، بەڵام پێویســتە لەسەرت لە هەوڵدانت بەردەوام بیت.

*** ئەو مەرجانە چییە پێویستە لە ڕۆژنامەنوسێکدا هەبێت، بۆ ئەوەی لە گۆڤاری نیوزویک کار بکات؟**

– **زەکەریــا:** بەدوای تاکــی زۆر زیرەک و ئەوانەی توانای شــیکاری بەهێزیــان هەیــە دەگەڕێین، ئەمــەش کارێکی زۆر گرنگە، پاشان بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێین کە بە پەرۆشن، ئەوانەی دەیانەوێت ســەرکەوتن بەدەســت بهێنن، دەیانەوێت ڕاهێنــان ببینن و بــە توانای کارکردنــی بەردەوامیان هەبێت. گەورەتریــن هەڵــە لە دامەزراندنــی تاکێکدا ئەنجــام بدرێت، بریتییە لەوەی تەنیا تەماشــای پلەی زانســتی یان ئەسڵی ئەو کەســە بکەیت کە داواکەی پێشکەشکردوە، لەبەر ئەوە ئەوانە

> **ئــامــۆژگــاریــم بۆ ڕۆژنامەنووسانی گەنج ئەوەیە زۆربەو زۆرترین کاتەکانیان لە نووسیندا بەسەرببەن، لە سەرەتاوە لە بڵاونەبوونەوەی ئەوەی دەینووسن، هەست بە دوودڵی نەکەن. بەڵکو لە هەوڵدان بەرەوام بن.**

شتی زۆرت لە بارەی ئەو کەسانەوە پێ ناڵێن. دەگونجێت یەکێک بێت لە دەرچووانی زانکۆی هارڤارد، بەڵام گڕوتینێکی بەهێزت نەبێت و بەردەوام نەتوانی ئەو بە گڕوتینەوە کار بکەیت، لەبەر ئەوە لێرەدا ئەو پلە زانستییەی بە دەستت هێناوە، بەسوود نییە.

کارێکی ئاساییە سەرنجی ئەو زانکۆیە بدەیت کە تیایدا خوێندوویەتی و ئەو دەسکەوتانەی بە دەستی هێناوە، بەڵام من هەوڵ دەدەم بگەمە شیکارێکی بێلایەن، لە بارەی ئەوەی ئایا ئەو کەسە لە واقیعدا کەسێکی زیرەک و بە پەرۆشە یان نا.

*** لە سایەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان، بڕوات وایە چاپی کاغەزی رۆژنامەکان رووبەڕووی هەڕەشە بێتەوە؟ رات چییە لەبری ئەوەی وەکو ئێستا دەست گەیشتن بە زانیارییەکانی ئینتەرنێت بەخۆڕاییە، پڕۆژە بڕیارێک پێشنیار بکرێت بۆ سەپاندنی باج بەسەر ئەو کەسانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن؟**

– زەکەریا: بەڵێ، گومانی تیا نییە مەترسی و هەڕەشە هەیە. بەکاربردنی ئینتەرنێت لە برەوسەندن و بەردەوامی دایە، ئەوەش بە شێوەیەکی تەواوەتی دەبێتە هۆی گۆڕینی پیشەسازی رۆژنامەگەریی. هەواڵی خۆش ئەوەیە هیچ داوایەکی داشکاندن لە بەرهەمهێن نییە، لەسەر ئەو بەرهەمانەی پێشکەشی دەکەین، بەو مانایەی بە بەراورد بەهەر کاتێکی رابردوو، ژمارەی ئەو کەسانەی رۆژانە وتار دەخوێننەوە، ژمارەیەکی گەورەیە. گرفتەکە ئەوەیە ئێمە دوای ئەوە بەنموونەیەکی بازرگانی پەسەند نەهاتووین، بە دەربڕینێکی دیکە، چۆن لە رێگەی ئەو کارانەی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێت و خەڵکی دەخوێننەوە، پارە بەدەست دێت؟ چۆن دەتوانرێت ئەم نموونەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە کاتێکدا ریکلام و نموونەی کۆنی چاپی کاغەز لە کەم بوونەوەدایە؟ چۆن دەتوانرێت ئەم کردارە لەسەر ئامێری ئایپاد یان بلاکبێری و ئای فۆن، جێبەجێ بکرێت.

**بەکاربردنی ئینتەرنێت لە برەوسەندن و بەردەوامی دایە، ئەوەش بە شێوەیەکی تەواوەتی دەبێتە هۆی گۆڕینی پیشەسازی رۆژنامەگەریی.**

**هەواڵی خۆش ئەوەیە ئێمە لە رۆژنامەدا شتی نەویستراو پێشکەش ناکەین. ئێمە کارێک پێشکەش دەکەین کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە گرنگییەوە دەیخوێننەوە.**

هەواڵی خۆش ئەوەیە ئێمە لە رۆژنامەدا شتی نەویستراو پێشکەش ناکەین. ئێمە کارێک پێشکەش دەکەین کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە گرنگییەوە دەیخوێننەوە. لەبەرئەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێویستە لەسەرمان، بە کارێکی دیکە بکەین، جگە لە هەواڵ. لە ئێستادا هەواڵ وەکو کاڵای لێهاتووە و موڵکی هەموو کەسێکە، ئەم کارە لە پێشکەشکردنی (**کاچاپێک**) لە یەکێک لە چێشتخانەکاندا دەچێت، هەمووی (**کاچاپی**) لایە، کەسێک نایەت بۆ چێشخانەکە تەنیا لە پێناوی (**کاچاپ**)، لەبەر ئەوە پێویستە شتێکی تایبەت پێشکەش بکەیت. دەبێت ئەو بابەتەش شیکاری هەواڵ یان بەدواداچونێکی قووڵ بێت،

یـان وتار بێت لە لایـەن نووسـەرە بەناوبانگەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێـت تێکەڵێکی دەگمەن بێـت. خوێنەرانیش درک بـەوە بکەن، کـە ناتوانن ئەو بابەتانە لە ڕێگـەی ئینتەرنێتەوە بەدەسـت بخەن، ئەمەش ئەو بەها زیادکراوەیە کە خوێنەران لە بەرانبەر دەسـکەوتنی ئارەزووی پارەدان دەکەن، پێویستە ئەمەش هەمـوو ڕۆژێک و لەهەموو لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەدا هەبێت.

*** ئایـا دەتوانـی بۆمانی وەسـف بکەیت کە چـۆن دەبیتە سەرنووسەرێکی سەرکەوتوو؟**

**- زەکەریا:** بڕوام وایە گرنگترین شـت ئەوەیە کە ڕامان و وردبوونـەوەت بۆ گۆڤارەکە یـان ڕۆژنامەکەت هەبێت: خاڵی جیاکـەرەوەی ئەو ڕۆژنامەیەی سـەرۆکایەتی دەکەیت چییە، ئەو بابەتانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت و هیچ کەسێکی دیکە پێشکەشـی ناکات، چییە؟ پێویسـتە دڵنیابیـت لەوەی کە ئەوە هەموو ڕۆژێک و لە هەموو لاپەڕەیەکدا پێشکەشـی دەکەیت. بـڕوام وایـە بەشـێک لەمـەش، خۆی لـە دۆزینـەوەی تاکی لێهاتـوودا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئـازادی پێدانیان و لەو کارانەی بەرهەمی دەهێنن، هەروەها ڕاسـپاردنیان بەوەی بەشـێک لە پیشەی سەرنووسەری مومارەسـە بکەن، چونکە من ناتوانم هەموو وتارەکان بنووسم.

دەبێت تاکی لێهاتوو شارەزا بدۆزیتەوە، ئەگەر ئازادیت لە کارکردن پێ بەخشین و بەڵام لە ئاستی لێهاتووییەدا نەبوون، کـە تـۆ چاوەڕوانی دەکەیت، پێویسـتە لەسـەرت لـە بارەی گۆڕینیان بڕیاری خێرا وەرگری. ئەگەر بینیت هەر کەسێک بە شێوەیەکی باش کارناکات، پێویستە بڕیاری خێرا وەرگری لە بـارەی ئەوەی دەگونجێت دووبـارە ڕاهێنانی پێ بکرێت، یان ئەگەر پێویستی کرد، لەسەرت ئەو تاکە بگۆڕی.

**ئـەگـەر بینیت هەر کەسێک بـە شێوەیەکی باش کارناکات، پێویستە بڕیاری خێرا وەرگـری لە بـارەی ئـەوەی دەگونجێت دووبـارە ڕاهێنـانی پێ بـکـرێـت، یـان ئەگەر پێویستی کـرد، لەسەرت ئەو تاکە بگۆڕی.**

*** بە بۆچوونی تۆ، سەرکەوتووترین چیرۆکە هەواڵ چییە کە پێشکەشت کردبێت؟**

**-زەکەریا:** بە دڵنیایی تەواوە ئەو چیرۆکە بوو بەناوونیشانی **«بۆچـی ڕقتـان لێمـان دەبێتـەوە؟»**. کـە دوو هەفتـە دوای ڕووداوی ١١/ئەیلوول/٢٠٠١ بڵاوم کردەوە، نزیکەی هەشـت هەزار وشە بوو، نووسینی ڕۆژ و نیوێکی خایاند، دووبارە لە سەرانسـەری جیهاندا بڵاوکرایەوە. بڕوام وایە هۆکاری پشت ئـەو سـەرکەوتنە ئەوەبوو ئەو ڕاپۆرتـە هەواڵییە لە عەقڵ و دڵەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوە بەرهەمی فیکر و عاتیفە بوو. پێـم وابوو کە زۆر گرنگە لەبارەی ئەوەی لە جیهانی عەرەبی ڕوودەدات، بـە خەڵکی بڵێـی، بۆچی ئەم هێـزە زۆر بەهێزە، ڕۆژئاوا چۆن کارلێک لەگەڵ جیهانی عەرەبی دەکات.

بە بڕوای من ئەمە ئەو شـتەیە کە پێویستە لەسەر خەڵکی لێـی تێبگەن، لەبەرئەوە بەجۆرێک نووسـیم کـە هاوڵاتییەکی

سادە لە ئەوروپا و ئەمریکا بتوانێت لێی تێبگات. لە وتارەکەدا باسی ئەوەم کردبوو کە پێویستە هەموو خێزانێکی ئەمریکی ئەم بابەتە بخوێنێتەوە، ئەو بیرۆکەیە سەرسامی کردم، لەبەرئەوە نووسیم ئەم بابەتە بۆ ئەوەی هەموو خێزانێکی ئەمریکی بیخوێنێتەوە.

*** ئایا ئەو وتارەت بە سیفەتی موسڵمانێکی ئەمریکی یان ڕۆژنامەنووسێکی پیشەگەر نووسی؟**

– **زەکەریا:** هەوڵمدا بە سیفەتی ڕۆژنامەنووسێکی پیشەگەر بینووسم، بەڵام گومانی تیانییە موسڵمان بوونم عاتیفەیەکی گەورەتر و مەعریفەیەکی زۆرتر گشتگیری پێبەخشیم. خاڵێک لە وتارەکەدا هەبوو، لە نزیکەی دوو دێڕدا هاتبوو، ئاماژەم بە ئەزموونی تایبەتی خۆم دابوو. لە ماوەی هەفتەی یەکەم و دووەم پاش ڕووداوەکانی یانزەی ئەیلوول، باسی ئەوەم کردبوو ئەم ڕووداوە، پەیوەندی بە ئیسلامەوە چییە و چۆن بەدین و ناوەڕۆکی قورئانەوە پەیوەستە؟

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو وتارە ئەو وتەیە بوو کە پەیوەندی بەدینەوە نییە، جەختم لەوەکردبۆوە ئەو ئیسلامەی کە لە سایەیدا هیندستان گەشەی کرد، لەو ئیسلامەی لەناوچەکانی دیکەی جیهاندا هەیە، تەواو جیاوازە. ئەوەی لەسایەیدا پێگەیشت زۆرتر لێبوردەو کراوە بوو بەسەر ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا. هەوڵمدا تەنیا پشت بەئەزموونی تایبەتی خۆم نەبەستم، لەبەرئەوەی بڕوام وایە لەسەر تاک پێویستە هەوڵبدا و خەڵکی لەڕێگەی بەڵگە و سەلماندن، نەوەکو تەنیا ئەزموونی تایبەتی، قەناعەت پێ بکات.

*** ئایا دەتوانی وەسفی ڕۆژێکی کارکردن لە (نیوزویک) بکەی، چۆن بیرۆکەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان دادەڕێژن و کەی کۆبوونەوە ڕەسمییەکان و کۆبوونەوەی نووسەران ئەنجام دەدرێت و کەی کۆتایی بە پرۆسەی دەسکەوتنی کۆپی کۆتایی هەواڵەکان، دەهێنن؟**

– **زەکەریا:** پێت دەڵێم گرنگترین بەش لە ڕۆژدا، ئەو گفتوگۆ و کارلێککردنانەیە کە لە نێوان نووسەران و موحەریرەکان ڕوودەدات، کە لەڕێگەیەوە لە گروپی بچووکدا لەگەڵیاندا دادەنیشم و گفتوگۆی کۆی ئەو بیرۆکانە دەکەین، کە پەیامنێران پێشکەشی دەکەنو هەروەها گفتوگۆی باشترین ڕێگەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانو گەیشتن بە بابەتو خاڵە گرنگەکان دەکەین. پاشان دەست دەکەین بە پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەو ڕێگەیەی کە بەهایەکی نوێ پێشکەش دەکات.

جگە لەوانە، زۆرێک کۆبوونەوەی ڕۆتینی هەیە، کە هەمووان لەو کارە ئاگاداردەکرێنەوە کە کەسێک کردوویەتی، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو وێنە فۆتۆگرافییەی کە بەکاردەبرێت باشە یان نا؟ یاخود سەرنج لە نەخشەی گۆڤارەکە دەدەین. جەوهەری ئەو کارەش پەیوەستە بە بابەتە سەرەکییەکان و بیرۆکەکان و جەوهەری پشت چیرۆکە سەرەکییەکە.

*** ئایا هیچ جارێک هەستت بەوەکردوە کە لەژێر چاودێری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی یان ئاژانسە ئەمنییەکانی دیکە (FBI، CIA)دا بیت؟**

– **زەکەریا:** نەخێر، پێشتر ئەوە ڕووی نەداوە. ئەمریکا بەدەست کێشەکانەوە گرفتارە، بەڵام ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی گشتی ئازادەو دەتوانێت هەموو ئەوەی دەتەوێت بەبێ ترس ئەنجامی بدەیت. بەڵام کاتێک لەدەرەوەی ئەمریکا دەبم، گومانم نییە لەوەی لەهەندێک جێگەی دیاریکراودا لەژێر چاودێریدام، لەوانەش جیهانی عەرەبیو چین، بەڵام لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان نا.

*** وتارێکت نووسیوە بەناونیشانی «فێربوونی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوەکەمان لە ئەفغانستان، کارزای»، بە بۆچوونی تۆ چارەسەر بۆ ئەفغانستان چییە؟**

– **زەکەریا:** بڕواناکەم چارەسەرەکە ئاسان بێت، بەڵام پێویستە چارەسەرێکی سیاسی هەبێت، چارەسەرێکی سەربازی پەتی نەبێت. لەوێ ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدەو

بزووتنەوەی تاڵیبان هەیە، هەیە کە هاوڵاتیان دەکوژن، پێویستە لەو کارانەیان بوەستێنرێنو هەندێکیشیان دەستگیر بکرێن، تەنانەت ئەگەر هاتوو پێویستیشی کرد بکوژرێن.

لەوێ بزووتنەوەیەکی زۆر فراوانتری لە تاڵیبان هەیە، کە تێکەڵەیەکە لەنەتەوەی پشتون لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایینداری ئیسلامی، پێویستە ئەوانە بەڕێگەیەک لەوانە چارەسەرێکی سیاسی کۆتایی قبوڵ بکرێن. ئێمە لەهەندێک کاتدا ئەوە لەبیردەکەین کە ئەو کەسانە بەشێکن لە ئەفغانستان، بۆیە ناتوانی چارەسەرێک پێشکەش بکەیت و گریمانەی ئەوە بکەیت کە ئەوان هەڵدێن و لەئاسایی ناوەڕاست خۆیان دەشارنەوە، ئەوان لەئەفغانستان دەژین، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان چارەسەرێکی سیاسی بدۆزینەوە، کە جۆرێک لە ئیتیلاف دروست بکات، کە هەندێکیان بگرێتەوە. ئەگەر بڕوامان وابێت کە بزووتنەوەی تاڵییان هەموویان توندڕەون و ناتوانرێت بگەینە تەوافوق لەگەڵیاندا، هەڵەیە. بڕوام وایە لەهەر کلتورێک لە کلتورەکاندا، بۆ گەیشتن بە تەوافوق لەنێوان هەردوولادا، پێویستە لەسەرت کۆتایی بەشەڕی ئەهلی بهێنیت.

*** سەرچاوە: رۆژنامەی شەرقولئەوسەت**

# بەرکولێکی مێژووی ڕاگەیاندنی عەرەبی لە عیراق
## (١٨٦٩-٢٠٠٧)

*لاوک

ڕەوتی ڕاگەیاندنی عەرەبیی لە عیراق لە سەرەتای دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەوە تا دەگاتە کۆتایی سەدەی بیستەم، بۆ چەندین قۆناغی سیاسیو ئاراستەی ئەکادیمیو ناوەرۆکەو فۆرمی جیاواز پۆلێنبەندی دەکرێت.

-پۆلێنبەندی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانی عەرەبی لە عیراقدا لەسەردەمی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەوە تائێستا، بریتین لە (٣) ئاراستە:

١-ڕۆژنامەی هەواڵ: ئەو ڕۆژنامانە دەگرێتەخۆ کە گوتاری سەرەکیان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەوە دەگەیەنن، ژانری هەواڵ بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێتو بە سەرچاوەی سەرەکی خوێنەر هەژمار دەکرێت.

٢-ڕۆژنامەی ڕاوبۆچوون: بریتین لەو ڕۆژنامانەی کە گوتاری سەرەکیان بریتیە لە گەیاندنی بیروبۆچوون، تێروانینو تێزی تایبەت بەخۆیان لەڕێگەی وتار، چاوپێکەوتنو بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانییەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەربڕینی بیروبۆچوون بەسەر سەرجەم ڕەگەزە ڕۆژنامەوانییەکانیتری ڕۆژنامەکەدا زاڵە.

٣-ڕۆژنامەی کۆمەڵگا: بەگشتی ئەو ڕۆژنامانە دەگرێتەوە کە بابەتی جۆراوجۆر بۆ خزمەتکردن بە چینو توێژەکانو هۆشیارکردنەوەیان لە پەیامی ڕۆژنامەکە، بڵاودەکەنەوە.

-پۆلێنبەندی سیاسی ڕۆژنامەوانی لە عیراقدا دەکرێ بە (٦) قۆناغەوە

١-قۆناغی بەرلە دروستبوونی عیراق بەهەمان نەخشەی ئێستای کە لە ساتی دەرچوونی ڕۆژنامەی (الزوراء)ی یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی لە عیراقەوە دەست پێدەکاتو ئەم قۆناغە بە داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە کۆتایی دێت. لەم قۆناغەدا دەکرێ ڕۆژنامەوانی عەرەبی لە عیراق بەپێی هەڵکەوتەی جیۆگرافی ویلایەتەکانی بەسرە، موسڵو شاری بەغداد دابەش بکرێن.

٢-قۆناغی داگیرکاریی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٤ دەست پێدەکاتو تا سەربەخۆبوونی عیراقو دامەزراندنی سوپاکەی لە (١٠ی ئابی ١٩٢٠) دەخایەنێت.

٣-قۆناغی سەربەخۆبوونی عیراق لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە تا کۆتایی سیستەمی پادشایی لە عیراق لە (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨).

٤-قۆناغی کۆماریی کە بەهاتنەسەرکاریی جەنەڕاڵ (عەبدولکەریم قاسم) لە (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)ەوە دەست پێدەکاتو بەهاتنەسەرکاریی بەعسیزم ئەم قۆناغە کۆتایی دێت.

٥-قۆناغی دەسەڵاتداریێتی بەعسیزم لە ساڵی (١٩٦٣-٢٠٠٣) کە سانسۆری توند لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی داندراو تەنها ڕێگا بە ڕۆژنامەی حیزبی دەسەڵاتدارو سەربەحکومەت دەدرا بڵاوبکرێنەوە.

٦-قۆناغی ڕزگاریی کە لە دوای کەوتنی بتی دیکتاتۆر لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣) دەست پێدەکاتو تاوئێستاش بەردەوامە، ئەم قۆناغە

هەواڵنامەی کتێب

بە بەراورد لەگـەڵ قۆناغەکانیتردا بە ئازادی ئامرازەکانی میدیا ناوزەد کراوە.
ئەمەش ئەو قۆناغە ڕۆژنامەوانیە عەرەبیانەن کە ئاماژەیان بۆ کرا.

***قۆناغی یەکەم:**
**ڕۆژنامەوانی عەرەبی عیراقی بەپێی ویلایەتەکان**

*** شاری بەغداد**
**- ئەلزەورا (جریدە زوراء)**
یەکەمیــن ڕۆژنامەی عەرەبییــە لە عیراقدا، بە قەوارەی (٨) چوار لاپەڕەو بەهەردوو زمانی (عەرەبــی)و (تورکمانــی) (٢٦٠٧) ژمـــارەی لــێ بڵاوکراوەتــەوە، یەکەمیــن ژمـــارەی لـــە (١٨٦٩/٦/١٥) لە شـاری بەغدادو دواژمارەی لە (١٩١٧/٣/١١) دەرچووە.

**-ڕۆژنامەی (بغداد)**
یەکەمیــن ڕۆژنامـــەی سیاسـییە لــە بەغـداد بڵاوکرابێتەوە، یەکەمین ژمارەی لە (٦ی ئابی ١٩٠٨) لەلایەن (موراد سـلێمان)ەوە هەفتەی سـێ جـار بــە زمانەکانــی عەرەبیــو تورکی بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (الحقیقة )**
یەکەمیــن ژمارەی لــە (٩ی تەمموزی ١٩٠٩) بڵاوکراوەتــەوە، خاوەنــو بەرپرســەکەی (ئەبوســەفا تەڵعەت ئەفەندی) بووەو نزیکەی (٤١) ژمارەی لێدەرچووە.

**-ڕۆژنامەی (برق)**
یەکەمیــن ژمـــارەی لــە (٣ی کانونی دووەمی ١٩٠٩) لــە شــاری بەغـداد بڵاوکراوەتــەوە، خاوەنــو بەرپرســەکەی (شــەریف نەجمــی) بووەو (٢) ژمارەی لێدەرچووە.

**-ڕۆژنامەی (بین النهرین)**
یەکەمیــن ژمارەی لــە (٦ی کانونــی یەکەمی ١٩٠٩) بەهــەردوو زمانــی عەرەبیــو تورکی لــە شــاری بەغــداد بەشــێوەی هەفتانــە بڵاوکراوەتــەوە، خاوەنــو بەرپرســەکەی (ئیســحاق حسـقیل مناحیـم) بــووە، لەدوای ژمــارە (٣٢)ەوە (مەحمــود نەدیــم) بۆتــە سەرپەرشــتیاری ڕۆژنامەکە. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بووەو (١٦٤) ژمارەی لێدەرچووە.

**-ڕۆژنامەی (تعاون)**
یەکەمیــن ژمـــارەی لـــە (٢٥ی نیســـانی ١٩٠٩) بەهــەردوو زمانــی عەرەبیــو تورکی بڵاوکراوەتــەوە، خــاوەن ئیمتیازەکــەی (مەلا ڕەشید ئەفەندی)و سەرنوسەرەکەی (شوکری فەزڵــی) بووەو بە زمانحاڵــی حیزبی یەکێتیو پێشکەوتن هەژمار دەکرا، تەمەنەکەی نزیکەی ساڵێک بوو و دواتر ڕاوەستا.

**-ڕۆژنامەی (وجدان)**
یەکەمیــن ژمارەی لــە (١٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٠) بەهــەردوو زمانــی عەرەبیــو تورکی بڵاوکراوەتــەوە، خاوەنــو بەرپرســـەکەی (ئەبوسەفا تەڵعەت ئەفەندی) بووە.

**-ڕۆژنامەی (الرقیب)**
یەکەمیــن ژمـــارەی لـــە (١٩٠٩) لەلایــەن (عەبدولەتیف تنیان)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (تفکر)**
یەکەمیــن ژمارەی لە (٢١ی شــوباتی ١٩١٢) بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بەشــێوەی هەفتانــەو بــە قــەوارەی (٤) چــوار لاپــەڕە بڵاوبۆتەوە، خــاوەن ئیمتیازەکەی (ســەلمان عەنبــەر ئەفەنــدی) بــووەو پشــتیوانی لــە سیاســەتەکانی حیزبــی یەکێتیو پێشــکەوتن دەکرد.

**-ڕۆژنامەی (الحوادث)**
یەکەمیــن ڕۆژنامــەی عوســمانی بــووە لــە شــاری کەرکوک، ژمارەی یەکەمی لە ســاڵی (١٩١١)دا بڵاوبۆتــەوە، خــاوەن ئیمتیازەکەی (محمد زکی قدســی زادە)و سەرپەرشــتیاری بەشــی ڕووناکبیری (احمد مدنی قدسی زادە) بووە، ئەم ڕۆژنامەیــەک یەکەمین ڕۆژنامەی تورکمانییە لە شــاری کەرکوکداو تەمەنەکەی (٧) ســاڵ بــوو دوای داگیرکردنــی کەرکوک لەلایــەن ئینگلیزەکانــەوە لــە ســاڵی (١٩١٨) ڕۆژنامەکە راوەستا.

***ویلایەتی بەسرە**

دیارترین ئەو رۆژنامانەی کە لە ویلایەتی بەسرە بڵاودەکرانەوە بریتی بوون لە:

**-رۆژنامەی (البصره)**

یەکەمین ژمارەی لە (٩ی ئابی ١٨٩٩) لە شاری بەسرە بڵاوبۆتەوەو تا داگیرکردنی بەسرە لەلایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە بەردەوام بوو، سەرنوسەرەکەی (محەمەد عەلی ئەفەندی چەلەبی زادە) بووە.

**-رۆژنامەی (اللاتى)**

یەکەمین ژمارەی لە (١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨) لە شاری بەسرە بە قەوارەی (٤) لاپەڕە بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بڵاوبۆتەوە، خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرەکەی (عومەر فەوزی زادە کەرکوکلی) بووە، دواژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە (٢٩ی تەمموزی ١٩١١)دا دەرچووە.

**-رۆژنامەی (الایقاظ)**

یەکەمین ژمارەی لە (٢ی ئایاری ١٩٠٩) لە شاری بەسرە بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بڵاوبۆتەوە، بەرپرسی بەشی عەرەبی (سلێمان فەیزی موسڵی)و بەرپرسی بەشی تورکی (عومەر فەوزی زادە کەرکوکلی) بووە، دواژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە (کانونی یەکەمی ١٩١٠)دا دەرچووە. بەهۆی ڕێبازی ڕەخنەگرانی ئەم رۆژنامەیەوە، تیراژەکەی چەندینجار لە (١،٠٠٠) هەزار دانە تێپەڕیوە.

**-رۆژنامەی (الفیظ الجدید)**

یەکەمین ژمارەی لە (٢٧ی ئایاری ١٩١٠) بەشێوەی هەفتانەو بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بڵاوبۆتەوە، خاوەن ئیمتیازەکەی پارێزەر (داود نیازی ئەربیللی) و سەرنوسەرەکەی (عومەر فەوزی زادە کەرکوکلی) بووە، رۆژنامەکە (١٢) ژمارەی لێدەرچووەو دواژمارەی لا بڵاوکراوەتەوە.

**-رۆژنامەی (الرشاد)**

رۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسیو هونەری بووە، خاوەن ئیمتیازەکەی (یوسف سامەرائی) و سەرپەرشتیارەکەی پارێزەر (محەمەد سائب) بووە، یەکەمین ژمارەی لە (٢٩ی ئابی ١٩١٠) بڵاوبۆتەوەو تا (١٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٣) بەردەوام بووە.

***ویلایەتی موسڵ**

دیارترین ئەو رۆژنامانەی کە لە ویلایەتی موسڵ بڵاودەکرانەوە بریتی بوون لە:

**-رۆژنامەی موسڵ (جریده الموصل)**

یەکەمین ژمارەی لە (١٨٨٥/٦/٢٥) لە موسڵ بە قەوارەی (٤) لاپەڕە بەسەرپەرشتی (محمد علی افندی) بڵاوکراوەتەوەو زمانحاڵی حکومەتی عوسمانی بووە.

**-رۆژنامەی (النجاح)**

یەکەمین ژمارەی لە (١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٩) بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بڵاوبۆتەوە، خاوەن ئیمتیازەکەی (محەمەد عەلی ئەفەندی)و سەرنوسەرەکەی (ئەحمەد مەدحەد ئەفەندی) بووە، تاکاتی ڕاوەستانی لە (٢ی کانوونی دووەمی ١٩١١) نزیکەی (٧٨) ژمارەی بڵاوبۆتەوە.

**-رۆژنامەی (چەنەباز)**

رۆژنامەیەکی هەفتانەی تەنزئامێز بووەو بە قەوارەی (٤) لاپەڕەی گچکە بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکی بڵاوکراوەتەوە، خاوەن ئیمتیازو سەرپەرشتیارەکەی (عەبدولمەجید ئەلزیایی ئەفەندی) بووە، دوای کشانەوەی سوپای تورکیا لە موسڵ لە (٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) ڕاوەستا.

***قۆناغی دووەم: رۆژنامەوانی عەرەبی لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزدا**

لەسەردەمی داگیرکاریی ئینگلیزو ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم واتا لە ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨) چەندین رۆژنامەی عەرەبی بڵاوکرانەوە، دیارترینیان بریتی بوون لە: (الاوقات العراقیه ezTim qIra ) و (الاوقات البصریه ezTim soraBa) لە ساڵی (١٩١٥) لە شاری بەسرە، (العرب) و (دارالسلام) لە

ســاڵی (١٩١٧) لە بەغداد، (النــادی العلمی) لە موسڵ، (النجم) لە کەرکوک بڵاودەبوونەوە.

**-ڕۆژنامەی (دارالسلام):**
ڕۆژنامەیەکــی سیاســی، ئەدەبیــو مێژوویی بووە، یەکەمین ژمارەی لە شــاری بەغداد لە (٢٣ی حوزەیرانــی ١٩١٨) دەرچووە، لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پشتیوانی لێکراوە،

**-ڕۆژنامــەی (الاوقــات البصريــة** ezTim
(soraBa
ڕۆژنامەیــەک ڕۆژانــەی ئەدەبیــو سیاســی وێنــەدار بــووە، یەکەمیــن ڕۆژنامەیــە لەســـەردەمی داگیرکاریی ئینگلیزدا لە شاری بەســرە بە چوار زمانــی (عەرەبــی، تورکی، فارســیو ئینگلیــزی) بڵاوکراوەتــەوە، خاوەن ئیمتیــازو سەرپەرشــتیارەکەی (سلێمان بن ئەزهیر) بووەو تا ساڵی (١٩٢١) بەشێوەیەکی بەردەوام بڵاوبۆتەوە.

**- ڕۆژنامەی (العرب)**
ڕۆژنامەیەکــی ڕۆژانــەی سیاســیو هەواڵیــو ئەدەبی زمانحاڵی ڕەسمی ئینگلیزەکان بوو کە بە زمانی عەرەبی لە ســاڵانی (١٩١٧-١٩٢٠) لە بەغداد بڵاودەکرایەوە.

**-قۆناغی سێیەم:**
**راگەیاندنی عەرەبی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە (١٩٢٠)**
ئەم قۆناغەی ڕاگەیاندنی عیراقی، سەرەتاکانی لەدایکبوونی ڕاگەیاندنی حیزبیو ئەهلی ناوزەد دەکرێــت بەتایبەت لەڕووی ڕۆژنامەوانییەوە، چەندیــن ڕۆژنامــە لەدوای ســەربەخۆبوونی عیراقــەوە هاتنەئــارا کە گرنگترینیــان بریتی بوون لە:

**-ڕۆژنامەی (الشرق)**
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بووە، لە ساڵی (١٩٢٠) لەلایــەن (حســێن ئەفنــان ئەلبەهائی) یەوە لە شاری بەغداد بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (الفرات)**
زمانحاڵــی (شۆڕشــی عیراقی مــەزن) بووەو لەلایەن (محەمەد باقر ئەلشــەبیبی) لە ســاڵی (١٩٢٠) لە شاری نەجەف بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (النهظة العراقية):**
حیزبی (النهچە) لە (١٩ی ئابی ١٩٢٢) دامەزرا، ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی بەناوی (النهچە العراقیە) لە (١٠ی ئابی ١٩٢٧) بڵاوکردەوە کە تا ساڵی (١٩٢٩) بەردەوام بوو.

**-ڕۆژنامەی (كناس الشوارع)**
ڕۆژنامەیەکــی هەفتانــەی ئەدەبیــو کۆمیدی ڕەخنەگــر بــووە، یەکەمیــن ژمــارەی لــە (١٩٢٥/٤/١) لــە شــاری بەغــداد دەرچــووە، خــاوەن ئیمتیــازو بەڕێوەبــەری بەرپــرس (میخائیل تیستی المعروف بأبی احمد) بووە.

**-ڕۆژنامەی (البلاد)**
ڕۆژنامەیەکی سیاســی ڕۆژانەبووە، یەکەمین ژمارەی لــە (١٩٢٩/١٠/٢٥) لە شــاری بەغدا بڵاوکراوەتــەوە. دامەزرێنەرەکــەی پارێــزەر (روفائیــل بگــی) بــووە دوای کۆچــی دوایی ناوبراو میراتگرەکانی بوونەتە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە، سەرنوســەر (کمال روفائیل بگی) بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانە (دارالبلاد) بە قەوارەی (٨) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (العاصمة)**
حیزبــی (العــراق الحر) لــە ئەیلولــی (١٩٢٢) دامــەزراو ڕۆژنامەی (العاصمە)ی لە ســاڵی (١٩٢٩)دا بڵاوکردەوە.

**-ڕۆژنامەی (صدى عهد)**
حیزبی (العهد)ی (نوری سەعید) لە (٧ی ئابی ١٩٣٠) ڕۆژنامەیەکــی بەنــاوی (صــدی عهد) بڵاوکردەوە، خاوەن ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە (الرزاق الحصان) بوو.

**-ڕۆژنامەی ئەلئیخلاس (جريدة الاخلاص)**
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی گشتی بووەو هەفتــەی ســێجار بڵاوکراوەتــەوە. یەکەمیــن ژمارەی لە شــاری موســڵ لــە (١٩٣١/١/١٧) چاپ کــراوە، خــاوەن ئیمتیاز (متــی فتح الله

سرسـم) و بەڕێوەبەری بەرپرس (سعدالدين زياده المحامی) و سەرنوسەرەکەی (عبدالمجيد حجاوی) بووە.

**-ڕۆژنامەی (البغداد)**

هەفتەنامەیەکی سیاسی بووە، یەکەم ژمارەی لە (٢٠ی تەمموزی ١٩٣١) لە شاری بەغداد لەلایەن (عبدالرحمان البناء)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی ئەلحەزارە (جريده الحچاره)**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووەو یەکەمین ژمارەی لە (١٩٣٧/١٠/١٥) بڵاوکراوەتەوە، لە چاپخانەی (الراعی)ی شاری بەغداد چاپ کراوەو نرخەکەی (٥) فلس بووە.

**-ڕۆژنامەی ئەبونەواس (جريده أبو نواس)**

ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی تەنزئامێزو وێنەداری ڕەخنەیی بووە، هەموو ڕۆژانی چوارشەممەیەک بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین ژمارەی لە ١٩٤٨/٣/٢٥ لە بەغداد چاپ کراوە. خاوەن ئیمتیازەکەی (عبدالحمید مجید التحافی)، بەڕێوەبەری ئیدارە (علی طاهر الخیاط)و بەڕێوەبەری بەرپرس (اسحاق لاوی المحامی) بوە.

ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانەی (الاعتماد) چاپ کراوەی نرخەکەی (١٠) فلس بووە.

**-ڕۆژنامەی (کەرکوک)**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ڕۆشنبیری بووە بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبیو تورکمانی لە شاری کەرکوک بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە لە (١٩٢٦/١١/١٥) لەلایەن شارەوانی کەرکوکەوە دەرچووەو لەدوای ژمارە (٦٧)ەوە شاعیری ناوداری کورد (هیجری دەدە) سەرپەرشتی کردووە تاساڵی (١٩٢٨). ئەم ڕۆژنامەیە (٢٠٣٦) ژمارەی لێدەرچووەو لە ساڵی (١٩٧٢) ڕاوەستاوە.

**-ڕۆژنامەی (العراق)**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبیو ئابوریی بووە، هەفتەی سێ جار بڵاوکراوەتەوەو یەکەمین ژمارەی لە (١٩٢٠/٦/١) لە شاری بەغداد چاپ کراوە، خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس (رزوق داود غنام) بووە. بەپێی بەڵگەنامەکان، ژمارە (٧٣٤٩)ی لە (١٩٤٧/١١/٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (الدفاع)**

یەکەمین ژمارەی لە (١٣ی تەمموزی ١٩٥٢) لە شاری بەغداد بڵاوکراوەتەوە، خاوەن ئیمتیازی (صادق البصام) و سەرنوسەرەکەی پارێزەر (قدری محمود عزت) بووە.

***ڕادیۆو تەلەفزیۆن**

پەیدابوونی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو (ڕادیۆو تەلەفزیۆن) لە عیراقدا، دوای ئەو گەشە خێرایەی تەکنەلۆژیای پەیوەندی دێت کە لەو سەردەمەدا سەرتاسەری جیهانی گرتبۆوە، بەتایبەت کە ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو لە چەندین ڕووەوە بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەدا کاریگەریی زیاتر لەسەر پەیاموەرگر دادەنێت، دیارترین ئەو کاریگەرییانەش بریتی بوون لە:

١-ڕادیۆو تەلەفزیۆن پێویستیان بە خوێندەواریی نییە، لەسەرەتای پەیدابوونیشیدا لە عیراق ئاستی خوێندەواریی زۆر کز بووە، بە پێچەوانەی ڕۆژنامەوە کە پێویستی بە خوێندەوارییە.

٢-بڕی تێچوونیان هەرزانە، بەتایبەت ڕادیۆ کە دەتوانرێ بۆ شوێنە دوورەدەستەکانیش ببردرێت بەڵام ڕۆژنامە بڕی تێچوونی زۆرەو دەبێ لەکاتی دەرچوونیدا بکڕدرێت.

٣-ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەردەوام زانیاریی نوێ دەبەخشنە وەرگر، بەپێچەوانەی ڕۆژنامەوە کە زوو زانیارییەکانی کۆن دەبن.

لەگەڵ ئەم خەسڵەتانەشدا گرنگترین کەموکوڕی ڕاگەیاندنی بیستراو لەوەدایە کە ئەرشیفکردنی لای وەرگر ئەرکێکی گرانەو دەکرێ بوترێ کە پەیامێکی ڕەوتەنییە.

**١-ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە سەردەمی پادشایی لە عیراق**

***ڕادیۆ لە عیراقدا**

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٣٦)

بۆیەکەمینجار ڕادیۆ لە شاری بەغداد لە عیراق دامەزرا، دوای مانگێک پەخشی ئەزموونی، لە مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا بەشێوەیەکی ڕەسمی پەخشی خۆی لەسەرتاسەری عیراقدا دەستپێکرد. لەسەرەتای کاری ڕادیۆکەدا، هەفتەی سێ ڕۆژو دواتر هەفتەی چوار ڕۆژ بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد. لە (١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩)دا بۆیەکەمینجار بۆ ماوەی (١٠-١٥) خولەک بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغداد کرایەوە کە تیایدا وتار، شیعرو هەواڵی لەخۆگرتبوو. بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی پەیامێکی سیاسیو زمانحاڵی سیاسەتەکانی ڕژێمی ئەوکاتەی عیراق بووە.

***تەلەفزیۆن لە عیراقدا**

بۆیەکەمینجار لە مێژووی ڕاگەیاندنی عیراقدا، تەلەفزیۆنی عیراق لە ژێرناوی (ئیستگەی تەلەفزیۆنی بەغداد) ساڵی (١٩٥٤) لە شاری بەغداد دامەزرا، هەڵگری پەیامێکی سیاسی بوو و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو عیراقدا دەکرد، ڕۆژانە لایەنی کەم ماوەی دووکاتژمێرو نیو بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکردو تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨) بەردەوام بوو.

*** قۆناغی چوارەم: ڕاگەیاندنی عەرەبی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨**

دوای ئەوەی لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم) لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە لە شەوی (١٣-١٩٥٨/٧/١٤) بەهاریکاریی کۆمەڵێک سەرکردەی سەربازیی، دەستیانبەسەر کۆشکی شاهانەی بەغداد گرت، کۆتایشیان بە سیستەمی پادشایەتی لە عیراقدا هێناو سیستەمی کۆمارییان هێنایەئارا. ئەم شۆڕشە ئومێدێکی لای گەلانی عیراق دروست کرد کە ڕژێمی نوێی وڵاتەکە مافە بنچینەییەکانی گەلانی عیراق دابین بکاتو بوژاندنەوەیەکی فرەلایەن لە سەرجەم بوارەکاندا دروست بوو کە دیارترینیان بواری ڕۆژنامە بوو، گرنگترین ئەو ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆیانەی لەدوای ئەم شۆڕشە لەدایک بوون، بریتی بوون لە:

**-ڕۆژنامەی (اليقظة )**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی ئێواران بووە، بە قەوارەی (٤) لاپەڕە لەلایەن (سلمان الصفواني)ییەوە بە ئاراستەیەکی ناسیۆنالیستی بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (الحوادث)**

ڕۆژنامەیەی سیاسیو نەتەوەیی ئێواران بووە، بە قەوارەی (٤) لاپەڕەو لەلایەن (عادل عوني) یەوە بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (الاخبار)**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بەیانیان بووە، بە قەوارەی (٤) لاپەڕەو لەلایەن (جبران ملكون)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕۆژنامەی (البلاد)**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە، لەلایەن (یەحیا قاسم)ەوە بۆ پشتیوانی لە لە سیاسەتەکانی بەریتانیا لە عیراق بڵاوکراوەتەوە.

***قۆناغی پێنجەم: ڕۆژنامەوانیی عەرەبی دوای کودەتای بەعسییەکان ٨ی شوباتی ١٩٦٣**

حیزبی بەعسی عەرەبی لە (١٩٦٣/٢/٨) لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە توانیان بەکۆتایی بە حکومڕانی چوارساڵونیوی جەنەراڵ (عەبدولکەریم قاسم) بهێنن و دەسەڵات بگرنەدەست، لەوسەردەمەشدا بۆشاییەکی دەسەڵات لە چەندین ناوچەی عیراق دروست ببوو و ژینگەیەکی باشی بۆ لەدایکبوونی چەند ڕۆژنامەیەکی عەرەبی ڕەخساند کە دیارترینیان بریتی بوون لە:

***ڕۆژنامەی (الجماهير)**

زمانحاڵی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو، یەکەمین ژمارەی لەدوای هاتنەسەرکاری بەعسییەکانەوە لە ساڵی (١٩٦٣) بڵاوکرایەوە، خاوەن ئیمتیازەکەی (كريم شنستاف) و سەرنوسەرەکەی (طارق عزيز)بووە.

***ڕۆژنامەی (الفكر العربي)**

هەفتەنامەیەکی سیاسی بووەو لە ساڵی (١٩٦٣) لە شاری موسڵ بڵاوکراوەتەوە، خاوەن

ئیمتیازی (احمد حسو) و سەرنوسەرەکەی (عمادالدین خلیل) بووە.

***ڕۆژنامەی (الغد)**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بووە بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکمانی لە (١٣ی ئازاری ١٩٦٣) لە شاری بەغداد بڵاوکراوەتەوە، خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرەکەی (شاکر صابر الضابط) بووە.

***ڕۆژنامەی (النور)**

زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بووە، یەکەمین ژمارەی لە (٢٦ی ئەیلولی ١٩٦٨) بڵاوکراوەتەوەو تا ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازاری (١٩٧٠) بەردەوام بووە، خاوەن ئیمتیازو سەرپەرشتیارەکەی (عومەر مستەفاو حیلمی شەریف) بوون.

***ڕۆژنامەی (الثورة)**

زمانحاڵی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی عیراق بووە، یەکەمین ژمارەی لە (١٧ی ئابی ١٩٦٨)وە بەسەرپەرشتی (کریم شنتاف) بڵاوکرایەوە.

***ڕۆژنامەی (الجمهوریه)**

یەکێک بوو لە ڕۆژنامەکانی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی عیراق، یەکەمین ژمارەی لە دوادوای ساڵی (١٩٦٧)ەوە بڵاوکرایەوە، سەرنوسەرەکەی (احمد فوزی عبدالجبار) بوو.

*** گۆڤاری (الف باء)**

یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ئایاری (١٩٦٨)یەوە لەلایەن ئەمینداریتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی سەربە حکومەتی عیراقەوە بڵاوکراوەتەوە.

***ڕۆژنامەی (طریق الشعب)**

زمانحاڵی حیزبی شیوعی عیراق بوو، یەکەمین ژمارەی لە (١٦ی ئەیلولی ١٩٧٣) بڵاوکرایەوە، سەرنوسەرەکەی (عبدالرزاق الصافی) بووەو تا پاشەکشەی حیزبی شیوعی لە حکومەتی عیراق لە ساڵی (١٩٧٨) ئەم ڕۆژنامەیە هەر بەردەوام بوو.

**-ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە سەردەمی کۆماریی لە عیراق**

دوای کۆتایهێنان بە سیستەمی پادشایەتی لە عیراقو پاشان کودەتای حیزبی بەعس بۆ هاتنەسەر دەسەڵات، ڕادیۆو تەلەفزیۆنیش بەهۆی کاریگەرییەکانی پێشکەتنی خێرای تەکنەلۆژیاو دامەزراندنی چەندین کۆمپانیای تایبەت بە دامەزراندنو بەرهەمهێنانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەسەر ئاستی جیهاندا، حیزبی بەعسیش سودی لەم پێشکەوتنە بینیو بۆ گەیاندنی پەیامەکانیو جێگیرکردنی بەرنامە شۆڤێنیستییەکانی خۆی لە سەرتاپای عیراقدا، چەند وێستگەیەکی تەلەفزیۆنو ڕادیۆ لە عیراقدا دامەزراند.

حیزبی بەعس ڕادیۆی بەغدادی بەرفراوانتر کردو بەرنامەی کوردیش بایەخی زیاتری پێدرا بۆ برەودان بە سیاسەتی بەعسیزم لە ناوچەکانی کوردستاندا. لە (١ی ئایاری ١٩٧٠) ڕادیۆی (صوت الجماهیر)ی لەپێناو بانگەشەکردن بۆ بەرنامە فکریی، ڕووناکبیری، پەروەردەییەکانی حیزبی بەعس دامەزراند.

لە ساڵی (١٩٨٠)دا ڕادیۆیەکی نوێ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە دامەزرا ئەویش (ڕادیۆی FM) بوو.

هەروەها لە بواری بایەخدان بە دامەزراندنی ویستگەی تەلەفزیۆنیدا، حیزبی بەعس دوای شۆڕشی (١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)، بایەخێکی تایبەتی بە بواری ڕاگەیاندنی بیستراو، بینراو داو چەندین ویستگەی تەلەفزیۆنی بەزمانی عەرەبی دامەزراند کە لۆکاڵی بوونو هەندێکیان بەرنامەی کوردیشیان گرتبووەخۆ، دیارترینیان بریتی بوون لە:

١-ویستگەی تەلەفزیۆنی لە پارێزگای بەسرە: لە ساڵی (١٩٦٩) لە لایەن حیزبی بەعسەوە دامەزرا، گرنگترین پەیامی بریتی بوو لە هاندانی خەڵک بۆ خۆڕێکخستنیان لەناو حیزبی بەعسدا.

٢-ویستگەی تەلەفزیۆنی لە پارێزگای کەرکوک: لە ساڵی (١٩٦٧) لە لایەن حیزبی

بەعســەوە دامەزراو لە ســاڵی (١٩٦٩) بەشی هەواڵــی کوردیش لە تەلەفزیۆنەکەدا کرایەوە. دواتر لە ســاڵی (١٩٧٤) بەشــە کوردییەکەی بەرفراوانتر کراو تا ســاڵی (١٩٩٨) بەردەوام بــوو. لــە ســاڵی (١٩٨٠)دا ئــەم تەلەفزیۆنــە بــە چــوار زمــان بەرنامەکانی خــۆی پەخش دەکرد:

-بەرنامە کوردییەکان ٦ کاتژمێر.
-بەرنامە تورکمانییەکان ١ کاتژمێر.
-بەرنامە سریانییەکان نیو کاتژمێر
-بەرنامــە عەرەبییــەکان کــە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانــو هەندێ بەرنامــەی جۆراوجۆری دەگرتەخۆ

٣- ویستگەی تەلەفزیۆنی لە پارێزگای موسڵ: لە ســاڵی (١٩٦٨) لە شــاری موسڵ دامەزرا، گرنگترین ئەرکی برەودان بوو بە سیاســەتی بەعســیزمو تەعریبکردنــی زمانــو کلتوریــی کــوردو کەمینەکانیتری دانیشــتووی شــاری موسڵ.

٤- ویستگەی تەلەفزیۆنی لە پارێزگای میسان: لە ساڵی (١٩٧٤) لە شــارۆچکەی (عەمارە)ی ناوەندی پارێزگای میسان دامەزرا.

٥- ویســتگەی تەلەفزیۆنــی لــە پارێــزگای موسەننا: لە ساڵی (١٩٧٥) دامەزرا.

٦- ویســتگەی تەلەفزیۆنــی لــە ناوچــەی حەدیســە: لە ساڵی (١٩٧٩) دامەزراو پەخشی بەرنامەکانی پارێزگای ئەنباریشی دەگرتەوە. زۆرینــەی ئــەم وێســتگە لــە تەلەفزیۆنیانــە چەندین ئەرکی گرنگیان گرتبووە ئەســتۆ کە بریتی بوون لە:

١-بایەخدانو بڵاوکردنەوەی بیری بەعســیزم لەناو دانیشتواندا.
٢-بانگەشــەکردن بــۆ کارو چالاکییەکانــی حیزبی بەعس لە عیراقدا.
٣-پەروەردەکردنــی خەڵــک بــە گیانــی دژایەتیکردنــی وڵاتانــی ئەمریکا، ئیســرائیلو ئیران.
٤-تەرخانکردنــی بەرنامــەی جۆراوجــۆر بۆ پەیداکردنی ئینتیما بۆ حیزبی بەعســو سەدام حسێن.

بەشــێکی زۆری ئــەم وێســتگە تەلەفزیۆنیانە تــا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە (٩ی نیســانی ٢٠٠٣) بەردەوام بوون.

***قۆناغــی شەشــەم: ڕۆژنامەوانیــی عەرەبــی دوای کەوتنی بتی دیکتاتۆر لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣**

دوای کەوتنــی بتی دیکتاتۆر لە (٩ی نیســانی ٢٠٠٣)و هاتنەئــارای ئازادییەکــی بەرفراوان لە ناوچەکانی ناوەڕاســتو خــوارووی عیراق، زۆرینەی نەتەوەو کەمینەکان، پارتو ڕێکخراوە سیاسییە عەرەبەکانی عیراق بۆ کاریگەریدانان لەســەر ڕایگشــتی عیراقــو ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە پەیرەو و پرۆگرامو سیاسەتەکانیان، چەندیــن ڕۆژنامــەی حیزبیــو جەماوەرییــو ســەربەخۆ، رادیــۆی هەمەجــۆر لــە عیراقدا هاتنەئارا.

بەپێــی ڕاپۆرتــی فیدراســیۆنی نێودەوڵەتــی ڕۆژنامەنوسان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ڕاگەیانــدن دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عیــراق، نزیکەی (٨٠) ویســتگەی ڕادیۆ، (٢١) ویستگەو کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیو ئاسمانیو (١٤٨) ڕۆژنامەو گۆڤار دەستیان بڵاوکردنەوە کرد. بەشێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنی عەرەبی دوای ڕووخاندنــی ڕژێمی بەعــس لە عیراقدا دابەش دەبن بەسەر چەند ئاراستەیەکدا:

١-میدیا(ڕۆژنامە،ڕادیۆ،تەلەفزیۆن،ئینتەرنێت)ی حیزبە نەتەوەییەکان کە گرنگترینیان بریتین لە (جریده التأخی، العداله، الاتحاد، بغداد، گریق الشعب، الدعوه...)و چەندین کەناڵیتر کە پتر لە هەوڵی کێشــکردنی ڕایگشتی خەڵکدا بوون بۆ ئاراستە حیزبییەکانیان.

٢-ڕۆژنامــەو کەناڵەکانیتــری ئــەو ناوەنــدە ڕاگەیاندنانــەی کە بە پشــکی چەند کەســێک یاخــود هەنــدێ لایەنــی عیراقــی لــە عیراقدا دەردەچن وەک ڕۆژنامەکانی: (الحیاه، الشرق الاوسط، الزمان...).

٣-ڕۆژنامە ئەهلیو جەماوەرییەکان کە لە پێناو بایەخدان بە چەمکەکانــی دیموکراتیزەکردن، کۆمەڵــی مەدەنیــو پێکەوەژیانو هۆشــیاریی هەمەجۆردا دەردەچن.

لەکاتێکدا هەواڵی نوێی گۆڕانکارییەکانی عیراق ببووە هەواڵی ســەرەکی زۆرینەی ئاژانســو

دەزگا رۆژنامەوانییەکانی جیهانو مەودایەکی ئازادیی بەرفراوانیش بۆ هاتنەئارای چەندین کەناڵی ئاسمانیو لۆکاڵی، ئاژانسی هەواڵ، سایتی ئینتەرنێتی، رۆژنامەو رادیۆ دروست ببوو، زۆر لایەنی سیاسی ئەم هەلەیان قۆستەوەو بەم چەشنە بوارەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کرد.

***گرنگترین خەسڵەتەکانی رۆژنامەوانی عەرەبی لە دوای کەوتنی بتی دیکتاتۆر بریتین لە:**

١-پەڕینەوە لە قۆناغی رۆژنامەوانی دیکتاتۆریی (١٩٦٣-٢٠٠٣) بۆ قۆناغی رۆژنامەوانی بێسانسۆر.

پەیدابوونی پاشاگەردانی لە بواری رۆژنامەوانیو نەبوونی هیچ جۆرە ئیتیکو یاسایەک بۆ رێکخستنی رۆژنامەوانی.

٢-لایەنە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان کە تازە هاتبوونە سەردەسەڵات، لە سەرجەم بوارەکانی راگەیاندندا بوونە خاوەنی زمانحاڵی خۆیان.

٣-ململانێی فکریی تادگاتە تەشهیرو یەکتر تۆمەتبارکردن لە ناو کەناڵەکانی راگەیاندندا رەنگدانەوەی سەرەکی هەبوو.

٤-زیادبوونی دیاردەی تیرۆری رۆژنامەنوسان، هەواڵنێرانی عیراقیو جیهانی بەجۆرێک کە بەپێی ئامارەکانی رێکخراوەکانی تایبەت بە رۆژنامەنوسان، عیراق بووە مەترسیدارترین ناوچە بۆ رۆژنامەنوسان.

٥-هاتنەئارای رۆژنامەوانی سەربەخۆ، ئەهلیو کەرتی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی، بانگەشەی سیاسی ناڕاستەوخۆو گوێزانەوەی هەواڵو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە عیراق بۆ ناوەوەو دەرەوە.

*** دیارترین کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانی عیراق**

ئەو کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنیانی دوای رووخانی رژێمی بەعس پەیدابوون، بریتی بوون لە:

گرنگترین ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانەی لەدوای کەوتنی بتی دیکتاتۆر لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣) وە لە عیراق هاتنەئارا، بریتی بوون لە:

*** کەناڵی (الفيحاء)**

کەناڵێکی ئاسمانی عیراقییە تایبەتە بە هەواڵو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە گۆڕانکارییەکانی عیراق، خاوەنی گوتارێکی سیاسیانەیە.

-ماڵپەڕی ئینتەرنێت (www.alfayhaa.tv)

-ئیمەیڵی ئینتەرنێت (info@ alfayhaa.tv)

***کەناڵی (الحره)**

کەناڵێکی ئاسمانی عیراقییە بە زمانی عەرەبی بەرنامەکانی پەخش دەکات، تەوەرەی سەرەکی کارکردنی بریتییە لە مەسەلە سیاسییەکانی عیراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن دامەزراوەی تۆڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پەیوەندی (Middle East Broadcasting Networks)ەوە کە دامەزراوەیەکی نابازرگانییە هاریکاریی دەکرێت.

- ماڵپەڕی ئینتەرنێت (www.alhurra.com)

-ئیمەیڵی ئینتەرنێت (comments@alhurra.com)

-پەیوەندی لەرێگەی تەلەفۆن (٠٠٩٦٤١٧٠٣٨٥٢٩٠٠٠) فاکس (٠٠٩٦٤١٧٠٣٨٥٢٩٠٠٢)

***کەناڵی (فورات)**

کەناڵێکی ئاسمانی عیراقییەو دوای رووخانی سەدام حسێن لە (٢٠٠٣)دا بنیات نراوە، خاوەنی پەیامێکی سیاسییەو زۆرینەی بەرنامەکانی تەرخانە بۆ بوارە سیاسییەکان. چەندین بەرنامەی هەمەجۆری وەک ئاینی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابوریو وەرزشی هەیە، لەژێر دروشمی (رەسەنایەتیو دادپەروەری)دا کار دەکات.

- ماڵپەڕی ئینتەرنێت (www.alforattv.net)

-ئیمەیڵی ئینتەرنێت (info@alforattv.com)

***کەناڵی (السومرية )**

کەناڵێکی ئاسمانی تایبەت بە مەسەلە

سیاسـییەکانی عیراقـە، لـە سـاڵی (٢٠٠٤)دا بەشـێوەیەکی کاتی لە (بەیـروت) دامەزراوە، لـە کارکردنیـدا بایـەخ بـە یەکپارچەیـی عیـراق، هاونیشـتیمانی لـە عیراقو مەسـەلە سیاسـیو ئایینییـەکان دەدات. بـە یارمەتـی کۆمپانیـای (Jump TV) توانویەتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی پەرە پێبدات.
- ماڵپەڕی ئینتەرنێـت (www.Alsumaria.tv)

*کەناڵی (الاشوریة)
کەناڵێکی سیاسـی تایبەت بە مەسەلەو دۆزی ئاشـوورییەکانە لە عیراقـدا، هەڵگری پەیامێکی سیاسـییەو داکۆکـی لە مافەکانی ئاشـوورییو بوژاندنەوەی کلتورو رۆشـنبیریان لە عیراقدا دەکات،
- ماڵپەڕی ئینتەرنێت (www.ashurtv.org)
-دیارتریـن رۆژنامەکانـی دوای ڕووخانـی ڕژێمی بەعس بریتین لە:
*رۆژنامەی (العشتار):
رۆژنامەیەکـی سیاسـی و ڕووناکبیـری هەفتانەیە، (مەنسور ئەلکەنعان) سەرنوسەرو (باسـم حسـێن) بەڕێوەبـەری نوسـینییەتی. یەکێکـە لـەو رۆژنامـە لیبراڵانەی لـە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە لە شاری بەسرە دەردەچێت.
-ئیمەیـڵ: info@alasharnewspaper.com
-سـایتی ئەلیکترۆنـی: www.alasharnewspaper.com
-ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٤٠٦١٤٨٦٣

*رۆژنامەی (السیادة):
رۆژنامەیەکـی سیاسـی رۆژانەیە لە شـاری بەغداد دەردەچێت، (سـەعد عاسم ئەلجەنابی) سەرنوسەرییەتی.
-ئیمەیڵ: alssiyada_np@yahoo.com
-سـایتی ئەلیکترۆنی: www. Alssiyada.com
-ژمارەی تەلەفۆن: ٧١٩٢٨٠٤-٧١٨٦٥٠٨

*رۆژنامەی (العراق الیوم):
رۆژنامەیەکی سیاسیو رۆشنبیریی سەربەخۆیە لە شـاری بەغداد دەردەچێت، (ئەسرا شاکر) سەرنوسەرو (مسـار عەبدولموحسین رازی) سکرتێری نوسینییەتی.
-ئیمەیڵ: www.iraqalyoum.net
-سایتی ئەلیکترۆنی: @iraqalyoum٢٠٠٦yahoo.com
-ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٩٠١٣٥٨٤٩٥

*رۆژنامەی (المدی):
رۆژنامەیەکی سیاسیو رۆشنبیرییە، یەکەمین ژمـارەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عیراقەوە لـە (٥ی ئابـی ٢٠٠٣)ەوە دەرچووە، (فەخری کەریم) سـەرۆکی ئەنجومەنو سەرنوسـەرو (عەبدولزوهـرە زەکـی) بەڕێوەبـەری نوسینییەتی.
- ئیمه یـڵ : fakhri_kareem@almadapaper.com
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.almadapaper.com

*رۆژنامەی (صوت الاهالی):
رۆژنامەیەکی سیاسـیو رۆشنبیرییە لەلایەن حیزبـی نیشـتیمانی دیموکراتییـەوە لە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی عیراقەوە شـاری بەغداد دەردەچێت.
-ئیمەیڵ: yahoo.com@al_ahali٢٠٠٤
-سـایتی ئەلیکترۆنـی:.www.sawtalahali.com
-ژمارەی تەلەفۆن:٥٣٧٢٠٨٥-٥٣٧٣٢٦٩

*رۆژنامەی (الصوت الاخر):
رۆژنامەیەکـی سیاسـی، رۆشـنبیریو کۆمەڵایەتییە لە شـاری هەولێـر دەردەچێت، (ماجد دەباغ) سەرنوسەرو (سوبحی سالەییو عەبدولرەحمـان پاشـا) سـکرتێری نوسـینی رۆژنامەکەن.
-ئیمەیـڵ: majid_noraldin@yahoo.com
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.sotakhr.com
-ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٦٢٠٣٧

*ڕۆژنامەی (الاتجاه الاخر):
هەفتەنامەیەکی سیاسی سەربەخۆیە لەلایەن دامەزراوەی (الاتجاه الاخر) بۆ ڕۆژنامەوانیو بڵاوکردنەوە دەردەچێت، ئەم دەزگایە لە ساڵی (٢٠٠٠) لە هۆڵەندا لەلایەن (مشعان الجبوری)یەوە دامەزراو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش بووەیەکێک لە هەفتەنامە سیاسییە بەهێزەکانی بواری ڕۆژنامەوانی لە عیراق.
(مشعان الجبوری) سەرۆکی ئەنجومەن، (یزن المشعان) سەرنوسەرو (روعە الاسگە) جێگری سەرنوسەریی هەفتەنامەکەیە.
-ئیمەیڵ: mj_group@hotmail.com
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.alitjahalakhar.com
-ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤١٧٧٦٣٣٣٤

-دیارترین ڕادیۆکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بریتین لە:
*ڕادیۆی (الحریة)
دەنگی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لە بەغداد، لە (٢٧ی نیسانی ٢٠٠٣) دامەزراوەو سەربە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)ە، ناوەندی کارکردنی لە شاری بەغدادو پتر ڕادیۆیەکی سیاسیو ڕووناکبیرییە، (ئەیاد ڕەسوڵ) سەرپەرشتی دەکات.
-ئیمەیڵ:ayadrasul@yahoo.com
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.hurriya.com

*ڕادیۆی (المربد)
ڕادیۆیەکی سیاسی، ڕۆشنبیریو موزیکی هەمەڕەنگە، لە شاری بەغداد بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات.
-ژمارەی تەلەفۆن: ٦١٤٧٧٢-٦١٧٢٤٢-٦٢٠١١٤
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.almirbad.com

*ڕادیۆی (صوت العراق):
ڕادیۆیەکی سیاسیو ڕۆشنبیری هەمەڕەنگە، لە (٢٠٠٣/٧/١٥) لە شاری بەغداد دامەزراوەو بەرنامەکانی بەهەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی پەخش دەکات.
-ئیمەیڵ: www.voiraq.com
-سایتی ئەلیکترۆنی: webmaster@voiraq.com

*ڕادیۆی (العراق الحر)
ڕادیۆیەکی تایبەت بە بارودۆخی سیاسی عیراقەو بایەخ بە دیدە ڕۆژنامەوانییەکانی جیهان بۆ عیراق دەدات، سەرەڕای پێشکەشکردنی چەندین دۆسییەی پەیوەندیدار بە مەسەلەکانی عیراق چەند بەرنامەیەکی هەمەڕەنگیشی هەیە، بەرنامەکانی خۆی لە شاری بەغدادەوە پەخش دەکات.
-ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٢٥٧٧٠
-ئیمەیڵ: iraq@rfer.org
-سایتی ئەلیکترۆنی: www.iraqhurr.org

*ڕادیۆی (البلاد)
ڕادیۆیەکی هەواڵیانەی تایبەت بە بارودۆخی سیاسی عیراقە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ڕاستەوخۆ بەرنامەکانی لە شاری بەغدادەوە پەخش دەکات.
-ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٠١٥٤١٨٨٦١-٠٠٩٦٤٠١٥٤١٨٨٢٧-٠٠٩٦٤٠١٥٤١٨٨٤٠
-ئیمەیڵ: albilad@albilad.org
-سایتی ئەلیکترۆنی:www.albilad.org

*ڕادیۆی (الناس)
ڕادیۆیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری، زانستی، وەرزشیو هەمەڕەنگە لەژێر دروشمی (دەنگی ئەمڕۆ بۆ سبەینێیەکی باشتردا) لە شاری بەغداد کاردەکات.
-ژمارەی تەلەفۆن: ٧١٨٣٣٩٨
-ئیمەیڵ: radioalas@yahoo.com
-سایتی ئەلیکترۆنی:.www.radioannas.com

*ڕادیۆی (الدجلة)
ڕادیۆیەکی ڕووناکبیری گشتی هەمەڕەنگە، لە شاری بەغدادەوە بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

-ژمارەی تەلەفۆن:٠٠٩٦٤١٥٥٦١٤٧١-٠٠٩٦٤١٥٥٦٠٠٤٥

-ئیمەیڵ: webmaster@radiodijla.com

-سایتی ئەلیکترۆنی:.www. radiodijla com

-دیارترین دامەزراوەو ئاژانسەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بریتین لە:

***دامەزراوەی عیراق بۆ ڕاگەیاندنو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەییو هەواڵییە بایەخ بە مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگەیاندنو کاروباری نێودەوڵەتی عیراقو ناوچەکە دەدات، گرنگترین کارەکانی بریتیە لە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی مەسەلە سیاسییەکانی عیراق، ڕێکخستنی بەرنامەو ئەجێندای ئەو ڕۆژنامەنوسو هەواڵنێرانەی سەردانی عیراق دەکەن.

-ژمارەی تەلەفۆن:٠٧٩٠١٣٠٢٠٩٩-٠٠٤٤٧٩٥٦١٨٨٠٦٢

-ئیمەیڵ: mossawi@iraqmc.com

-سایتی ئەلیکترۆنی:www.iraqmc.com

***ئاژانسی هەواڵی عیراقی نوێ (The New Iraq News Agency)**

ئاژانسێکی تایبەت بە هەواڵەکانی عیراقو جیهانە، تۆڕێکی بەربڵاوی پەیامنێرانی لە سەرتاسەری عیراقدا هەیەو چەندین ئاژانسی بەناوبانگی جیهانیش هاوبەشێتیان لەگەڵدا هەیە.

-ئیمەیڵ: alghadeernews@yahoo. con

-سایتی ئەلیکترۆنی:.www.ninagency net

***ئاژانسی هەواڵەکانی عیراق**

ئاژانسێکی تایبەت بە هەواڵەکانی عیراقە، ناوەندەکەی لە شاری بەغدادە.

-سایتی ئەلیکترۆنی:www.iraq-na.com

***تۆڕی (العین) بۆ ڕاگەیاندن**

تۆڕێکی عیراقی تایبەت بە کاروباری ڕۆژنامەوانیو ڕاگەیاندنە، کارە سەرەکییەکانی بریتییە لە پێشکەشکردنی نوێترین هەواڵ، شیکردنەوەی مەسەلە سیاسییەکانی عیراق، توێژینەوەو ڕاپرسی لە بوارە ڕۆشنبیری، سیاسیو ئابورییەکاندا.

-سایتی ئەلیکترۆنی:www.eyeiraq.com

***تۆڕی (الفراتین)**

دامەزراوەیەکی تایبەت بە هەواڵو ڕاگەیاندنە، تۆڕێکی بەربڵاوی پەیامنێرانی لە زۆرینەی ناوچەکانی عیراقدا هەیە.

-ژمارەی تەلەفۆن:٠٠٤٦٧٣٧٦٢٤٣٥٣

-ئیمەیڵ: foraten@alforat.org

-سایتی ئەلیکترۆنی:www. alforat.org

***ئاژانسی نیشتیمانی عیراقی بۆ هەواڵ (National Iraqi News Agency)**

تایبەتە بە هەواڵو دەنگوباسەکانی عیراق، تۆڕێکی بەرفراوانی هەواڵنێرانی لە زۆرینەی شاروشارۆچکەکانی عیراقدا هەیەو ناوەندە سەرەکییەکەی لە شاری بەغدادە.

-ژمارەی تەلەفۆن:٠٠٩٦٤١٧١٩٣٤٥٩-٠٧٩٠٣٣٣٥٨٦٦

-ئیمەیڵ: news@ninanewscom

-سایتی ئەلیکترۆنی:.www.ninanews com

# کورتەیەکی مێژووی ئێزگەی رادیۆو تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

بەهادین ئەحمەد*

هەواڵنامەی کتێب

*** دەسپێک:**

لەراستیدا مێژوونووسان و نووسەرانی کورد لە ماوەی سالآنی رابردوودا زیاتر بایەخیان بەنووسینەوەی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی داوە و کەمتر خۆیان لەقەرەی نووسینەوەی مێژووی ئێزگە و تەلەفزیۆن و مێژووی رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنی کوردی داوە، هەرچەندە هەندێ بابەت بە شێوەی پەڕاگەندە و لابەلا نووسراوە بە شێوەی کەموکوڕ و ناتەواو و بەشی (جزئی) نەک گشتگیر و هەمەلایەنە؟!

بۆیە دەمێک بوو خولیا و تامەزرۆی ئەوەبووم، کە بابەت یان کتێبێکی سەربەخۆم بە زمانی کوردی دەستبکەوێت، کە سەرجەم مێژووی ئێزگە[1] و تەلەفزیۆنە کوردییە ئاسمانییەکانی لەخۆگرتبێت، تاوەکو بتوانیت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی باوەڕپێکراو سوودی لێ وەربگریت یان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بخوێندرێت و بە خوێندکارانی بواری راگەیاندن بووترێتەوە، بەلآم ئەوەم چنگ نەکەوت، بۆیە خۆم کەوتمە بیری سۆراغ وکۆکردنەوەی سەرچاوە و بابەتی جیاجیا، لێرە و لەوێ و گەڕان بەدوای پێگە ئەلکترۆنە کوردییەکان و کەموزۆر ئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەر و هەڵسوڕاوانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، تاوەکو سەرەنجام بەخۆشحاڵییەوە ئەم بابەتەی لێ بەرهەمهات.

هیوادارم خوێنەرانی کورد بە گشتی وخوێندکاران و توێژەرانی کورد بەتایبەتی لێ سوودمەند و بەهرەمەند بن.

* **کورتەیەکی مێژووی ئێزگە کوردییەکان:**

بەم شێوەیەی لای خوارەوە ناو و مێژووی ئێزگە کوردییەکان بە شێوەی ریزبەندی دەخەینەروو:

**یەکەم/ بەشی کوردی لە ئێزگەی بەغداد:**

ئێزگەی بەغداد یەکەمین ئێزگەیە، لە عیراق لە رۆژی (١٩٣٦/٧/١) دامەزراوە، سەرەتا بە (٣) کارمەند (بێژەرێک و بەرێوەبەری ستودیۆ و ئەندازیار)ێک دەستی بە پەخش کردووە، کە رۆژانە تەنیا (٣) کاتژمێر پەخشی کردووە[٢].

سەرەتای راگەیاندنی بیستراوی کوردی لە کردنەوەی بەشی کوردی ئێزگەی بەغدادەوە دەستپێدەکات، کە لە ڕۆژی ١٩٣٩/١١/١٩دا دەستی بەکار کردووە، یەکەمین بێژەری کورد و بێژەر و بەرێوەبەری بەشی کوردی ئەم ڕادیۆیە (**کامیل کاکەمین**) بوو، کە لە (١٩٣٩/١١/١٩) وە تاوەکو (هاوینی ١٩٥٨) لەم ئێزگەیەدا کاری کردووە. دواتر (عبدالقادر قەزاز) بۆ ماوەی (٣) ساڵ بەرێوەبەری رادیۆ بووە و لە ساڵی (١٩٤٤) بەرێزان ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید نەجیب و ئەنوەر سائیب لەم ڕادیۆیەدا کاریان کردووە.

لە پاش (**کامیل کاکەمین**)یش هەریەکە لە (**عبدالقادر قەزاز، عادل عیرفان، شێخ حسێن قەرەداغی، شێخ رەئووفی کەریم بەگ، کەریم سەعید بەگی زانستی و ڕەفیق چالاک و...هتد**) لە ماوەی جیاوازدا لەو ئێزگە کاری بێژەریان کردووە.

سەبارەت بە کار و بەرهەمی هونەرمەندان لەم ئێزگەیەدا، هونەرمەند (**عەلی مەردان**) یەکەم کەس بوو، کە لە سەرەتای چلەکاندا گۆرانی لەم ئێزگەیەدا چڕیوە و پاشان (**حەسەن جەزراوی**) و دواتریش (**لەیلا عەزیز و فەوزیە محمد و نەسرین شێروان و مەریەم خان**)یش گۆرانیان بۆ ئەم ڕادیۆیە وتووە و دەنگیان تۆمارکراوە. لە ساڵانی پەنجاکاندا (**شەماڵ سائیب و محەمەد عارف جەزیری و باکووری و ڕەسوڵ گەردی و هەردوو خوشک ئەسمەر و نازدار فەرهاد**) گۆرانیان لەم ئێزگەیەدا تۆمارکردووە، لە ساڵانی شەستەکانیشدا هونەرمەندان (**حەسەن زیرەک و تایەر تۆفیق و سێوە و محەمەد عارف جەزراوی و کاوێس ئاغا و مەلا کەریم و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی**[٣] **و گوڵبەهار و عیسا بەرواری و کەریم کابان و دیلان و زاهیر محمد کۆیی و پیرگرو شەنگاری و خەلیل ئاکرەیی و ئیبراهیم حسن بامەڕنی و ئەحمەد خلیل و بەشار زاخۆیی و سەعید سەناتی و محەمەد قەدری و فوئاد ئەحمەد و فەخری بامەڕنی و عوسمان عەلی شارباژێڕی و خەلیل هەمەوەندی و عومەر ڕەزا و جەمال جەلال و...چەندین هونەرمەندی تر**) گۆرانیان لەم ڕادیۆیە تۆمار کردووە. هەروەها لەساڵانی حەفتاکاندا (**محەمەد شێخۆ و مەحموود عەزیز شاکیر و عایشەشان و سەمیر زاخۆیی و عەبدوڵڵا زێڕین و سابر عەبدولڕحمان و خەلیل وەندی و جەعفەر حەسەن و قادر داود و کەمال ئاکرەیی و غانم محەمەد سیتۆ و ساڵح ئامێدی و محەمەد تەیب تاهیر و ناسری ڕەزازی و مەزهەری خالقی و نادر سپینداری بەرگارەیی و خەلیل باکۆزی و یوسف عەبۆ خورتا و سەلاح داودە و...چەندین گۆرانی بێژی تر**) گۆرانیان وتووە.

هەروەها لە ساڵی پەنجاکاندا ئەم کەسانە وەکو بێژەر و وەرگێڕ و ئامادە و پێشەکەشکاری بەرنامە، لەم ڕادیۆیە کاریان کردووە (**تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، علائەدینی سەجادی، شێخ محەمەد خاڵە کریم، عادل عیرفان، شێخ حسێن قەرەداغی، شێخ حەسەن شێخ حەمە مارف، کەریم سەعید زانستی، ئەحمەد مەحموود دەنگ گەورە، عەبدولحەمید ئەتروشی، صادق بەهائەدین ئامێدی، شەهید ئەنوەر مایی، محەمەد قزڵجی، ڕەمزی قەزاز، جەمال بابان، ئەبو زەید مستەفا سندی، ڕەفیق چالاک**).

لە ساڵی ١٩٥١، ڕەفیق چالاک تیپێکی تەمسیلی لە ڕادیۆدا دروستکردبوو کە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە (**ئەحمەد لاوە، ئەحمەد مەحموود دەنگ گەورە و نوری عەنبەر**) ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٥٥ بەردەوام

بوو.
ئەم ئێزگەیە لە رووی کارگێڕییەوە بەشێک بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکردن (**پروپاگەندە**) و ئێزگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە و گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و رۆشنبیری بە ناوی ئێرە بەغدایە (**هنا بغداد**) بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٥٨) دەرکردووە، کە زیاتر لە (١٦٠) ژمارەی لێ دەرچووە. مانگانە خشتە (**تیلیتێکست**)ی هەواڵ و بەرنامەکانی ئێزگەکەی بە عەرەبی و کوردی بڵاوکردۆتەوە.

**دووەم/ بەشی کوردی لە ئێزگەی یەریڤان :**
بۆ یەکەمجار بەشی کوردی لەم ئێزگەیە لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا لە ساڵی ١٩٤٣ بە زمانی کوردی شێوە زاری کرمانجی سەروو دامەزراوە، سەرەتا (**جاسمی جەلیل**) و دواتریش لە شەستەکاندا (**خەلیل مرادۆڤ**) بەڕێوەبەری بوو. پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ (١٩٨١ – ١٩٩٥) ئەحمەد وسوییان بەڕێوەبەر بووە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠٥ (**کەرەمی سەیاد**) بەڕێوەبەری ئەم ڕادیۆیە بووە.
لە ١٥/ ١٢/ ١٩٥٥دا جارێکی دیکە بەشی کوردی لە ڕادیۆی یەریڤان دەستی بەکار کرد، لە سەرەتادا ماوەی پەخشەکەی (١٥) خولەک بوو، دواتر لە سەردەمی (**خرۆشۆف**)ی سەرۆکی ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، ماوەی پەخشەکەی بوو بە (**نیو کاتژمێر**) و لە ساڵی ١٩٦١وە تا ساڵی ١٩٩١ ماوەی پەخشەکە بوو بە دوو کاتژمێر، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١وە تا ساڵی ٢٠٠١ لەبەر خراپی باری دارایی پەخشی ئەم ڕادیۆیە ڕاوەستا، بەڵام بە هۆی هەوڵ و لێبڕانی (**کەرەمی سەیاد**) جارێکی دیکە لە هاوینی ٢٠٠١دا پەخشی ئەم ئێزگەیە کەوتەوە کار و تا ئێستاش بەردەوامە و ماوەی پەخشەکەی لە ڕۆژێکدا تەنیا (**نیو کاتژمێرە**).
لە ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتا و هەشتاکاندا زیاتر لە ٣٠ کارمەند لەم ڕادیۆیە کاریان دەکرد، بەڵام پاش هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت زۆربەی کارمەندەکانی بەشی کوردی لە ڕادیۆی یەریڤان وازیان لە کارەکانی خۆیان هێنا و بەرەو ئەورووپا و ئوستورالیا کۆچیان کرد، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٩١وە تاکو ئەمڕۆ تەنیا کەرەمی صەیاد و کورەکەی تیتالی کەرەم و هەروەها کچەکەی لەیلا کەرەم و گوڵیزاری مەمێ و میری مێردیان لەم ڕادیۆیە کار دەکەن.

**سێیەم/ بەشی کوردی لە ئێزگەی بەیروت (لوبنان):**
بەشێک بوو لە ڕادیۆی فەرمی لوبنان، کە لە ڕۆژی ١٩٤١/٣/٥ پەخشی بەشی کوردی لە ڕادیۆی لوبنان دەستی پێکرد. ماوەی ئەم بەشە تەنیا دوو کاتژمێر بوو، لە ئێوارەی ڕۆژەکانی (**چوارشەممە و هەینی**) لەم دوو کاتژمێرەدا گۆرانی هەواڵ و وتار بە زمانی کوردی پەخش دەکران، تا ڕادەیەک کوردانی لوبنان و سوریا سوودیان لێ دەبینی.
ئەم ڕادیۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، هەندێک لە کارمەندەکانی ئەم بەشە پێکهاتبوون لە (**د. کامەران بەدرخان و د. نورالدین زازا**).

**چوارەم / بەشی کوردی لە ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە فەلەستین (یافا):**
ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە شاری یافای فەلەستین لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە کەوتبوویەکار، ئەم ڕادیۆیە سەر بە دەسەڵاتی ئینگلیز بوو کە لە بەهاری ١٩٤٢دا دامەزرابوو و تایبەت کرابوو بە پڕۆپاگەندە دژی دەسەڵاتی نازی و هیتلەر، لە سەرەتاوە ئەم ڕادیۆیە بە تەنیا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣دا بەشی کوردی لەو ئێزگەیە کرایەوە، کە بەشەودا کاتژمێرێک و بەڕۆژیشدا یەک کاتژمێر بەرنامەی بە کوردی هەبوو، بەرنامەکانیش بریتیی بوون لە گۆرانی کوردی و هەواڵ و گوتاری سیاسی، گۆرانیەکانی ئەم ئێزگەیە بریتیی بوو لە (**دەمی ڕاپەڕین و گوڵە گەنم و گوڵی خوێناوی**) ڕەفیق چالاک و چەندین گۆرانی حەسەن زیرەک و حەسەن جەزراوی

و مریەم خان، هەروەها هونەرمەندی ناوداری عەرەبی (**محمد عبدالوهاب**) زۆر سروودی بۆ ئەم ئێزگەیە داناوە.

کارمەندەکانیشی بریتیی بوون لە شاعیری ناودار (**گۆران**) و (**ڕەفیق چالاک**) تا شوباتی ١٩٤٥ و ڕەمزی قەزاز و ڕەوف کەریم بەگ، شایانی باسە ئەم ڕادیۆیە تا ئەیلوولی ١٩٤٥ بەردەوام بوو.

**پێنجەم / ئێزگەی کوردستانی کۆماری مهاباد :**

ئەم ئێزگەیە رادیۆی رەسمیی حکومەتی کۆماری مهاباد بووە، بە پێشەوایەتی قازی محەمەد رۆژی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ی هەتاوی (واتە: ساڵی ١٩٤٦) لە شاری مهابادی کوردستانی رۆژهەڵات وەکو یەکەمین ئێزگەی حکوومەتێکی کوردی دامەزراوە و دەستی بەپەخش کردووە.

ئێزگەی ناوبراو لەگەڵ سینەمایەکی گەڕۆک و چاپخانەیەکدا لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە وەکو دیاری پێشکەشی کۆماری کوردستان کراوە، لە رووی کارگێڕییەوە ئێزگەکە سەر بە وەزارەتی تەبلیغات (**راگەیاندن**)ی حکوومەتی کۆماری مهاباد بووە، عەلی خوسرەوی جێگری وەزیری تەبلیغات بەڕێوەبری ئێزگەکە بووە و هەریەکە لە (**عەلی گەلاوێژ و رەحیمی قازی**) وەکو بێژەر کاریان تێداکردووە.

ئێزگەکە لە ماوەی حوکمڕانی کۆماری مهاباد و تەمەنی کورتی یانزە مانگیدا، رۆژانە ٦ کاتژمێر بە زمانی کوردی پەخشی هەواڵ و بەرنامەکانی کردووە. هەواڵ و چالاکییەکانی کۆماری مهاباد و دامودەزگاکانی و سیاسەت و بیر وبۆچوونی ئەو حکوومەتەی لەسەر رووداو و بابەت و گۆرانکارییەکانی ناوچەکەی بە جەماوەری کوردستانی رۆژهەڵات و دەرەوەیدا راگەیاندووە. لەگەڵ روخانی کۆماری مهاباددا ئەویش داخراوە و دەنگی نەماوە.

**شەشەم / بەشی کوردی لە ئێزگەی دەنگی عەرەب لە قاهیرە:**

بەشی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە لە (١٩٥٧/٦/١) کەوتۆتە کار، ماوەی کارکردنی لە ڕۆژێکدا تەنیا یەک کاتژمێر بووە، بارەگاکەی لە شەقامی (**شەریف**) بووە لە قاهیرە، ئەم ڕادیۆیە بەشێک بوو لە ڕادیۆی (**اذاعة الجمهورية العربية المتحدة - البرامج الموجهة**) کە بەراسپاردەی سەرۆکی ئەوکاتەی میسر جەمال عەبدولناصر دانرابوو وەک بایەخدانێک بە بزاڤی ڕۆشنبیری گەلی کورد و ناساندنی کەلتووری کوردی بە گەلی عەرەبی و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە، هەروەها مەبەستێکی دیکەی ئەم ڕادیۆیە دژایەتی کردنی ڕژێمی پاشایەتی و نوری سەعید بوو.

بەرپرسی بەشی کوردی ئەم ڕادیۆیە (**عومەر وەجدی**) بوو، کە لە هەمان کاتدا بەرپرسی بەشی قوتابیانی کورد بوو لە (**الرواق الكوردي**) لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە.

**حەوتەم / ڕادیۆی کوردی لە تاران:**

ئەم ڕادیۆیە لە ناوەراستی پاییزی ساڵی ١٩٥٨دا و لەسەر داوای دەزگای هەواڵگێری و ئاسایشی ئێران (**ساواک**) لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی کەوتە کار، سەرەتای دەست بەکار بوونی ئەم ڕادیۆیە ماوەکەی نیو کاتژمێر بوو، پاشان بوو بە کاتژمێرێک و دواتر بوو بە دوو کاتژمێر، ئەم ڕادیۆیە بە هەردوو شێوەزاری (**سۆرانی و بادینی**) بەرنامەی پێشکەش دەکرد، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٢دا بە فەرمانێکی حکوومەتی ئێرانی، پەخشی ئەم ڕادیۆیە ڕاگیرا و هەموو کارمەندەکانیشی بە میلاک گوازرانەوە بۆ سەر ڕادیۆی کرماشان، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩دا جارێکی دیکە ئەم ڕادیۆیە کەوتەوە کار تا ساڵی ١٩٨٣ز، بەڵام جارێکی دیکە دەوڵەتی ئێران لە شوباتی ١٩٨٣دا پەخشی ڕادیۆی کرماشانی ڕاوەستاند، بەڵام لە هاوینی ١٩٨٣دا ڕادیۆی کوردی تاران کەوتەوە کار و تا ئەمرۆکەش بەردەوامە.

لەو کەسانەی کە لەو ئێزگەیەدا کاریان کردووە، لەوانە (**دکتۆر سدیق موفتی زادە،**

**دکتۆر عەبدولڕەحمان موفتی زادە، ئەحمەدی موفتی زادە، میدیای زەندی، شوکروڵڵای بابان، عوسمان ئەحمەدی، خسرۆ شێخکاتلو، حسامەدین ئەمین، دکتۆر عابد سراجەدین، جەعفەری نەژاد، محەمەدی کەمانگەر و... هتد).**

**هەشتەم / بەشی کوردی لە ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق (بولگاریا):**

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ز بەشی کوردی لە ڕادیۆی (**دەنگی گەلی عێراق**) لە صۆفیای پایتەختی بولگاریا کەوتە کار، ئەم ڕادیۆیە دەنگی بەرهەڵستکارە عیراقییەکان بوو لە دژی ڕژێمی عەبدولسەلام عارف دانرابوو بە پشتیوانی دارایی حکومەتی شیوعی بولگاری، کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی شیوعی عیراقی لە بەشی عەرەبی ئەم ڕادیۆیە کاریان دەکرد، ماوەی پەخشی ئەم ئێزگەیە یەک کاتژمێر بوو بە شەو و هەندێک لە کارمەندەکانی بەشی کوردی لەم ڕادیۆیە بریتیبوون لە (**د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، کەریمی حیسامی، د.عبدالرحمن قاسملۆ**)، بەشی کوردی لە ڕادیۆی بولگاریا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو.

**نۆیەم / بەشی کوردی لە ئێزگەی پەیکی ئێران- دەنگی ئێران (چیکوسلۆفاکیا):**

لە ساڵی ١٩٦٢دا و لە (**پراگ**)ی پایتەختی چیکوسلۆفاکیای جاران ئێزگەیەک دانرا بە ناوی (**پەیکی ئێران**) یان دەنگی ئێران، ئەم ڕادیۆیە بە پشتیوانی دەوڵەتی شیوعی شۆسیالیستی دانرابوو، یان تایبەت کرابوو بە بڵاوکردنەوەی بیری مارکسی لینینی لەناو ئێراندا، کە ئەوکات محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بوو، بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیە بە زمانەکانی ئازەری و فارسی و کوردی پەخش دەکران، ئەم ڕادیۆیە تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو.

**دەیەم / ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق:**

بە یەکەم ئێزگەی کوردی دادەنرێت کە زمانحاڵی شۆرشێکی چەکداری کوردیی بێت کە ئەویش شۆرشی ئەیلوولی ساڵی[٤] ١٩٦٣ی هەرێمی کوردستانی باشور بوو لە دژی دەسەڵاتی ڕژێمی (**عەبدولسەلام عارف**) بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەری (**مەلامستەفای بارزانی**). هەروەکو (**د.ئەرسەلان باییز**) لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوونیشانی (**ڕاگەیاندنی شۆرش و بزووتنەوەی شیعری کوردی**) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: « **تا هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول ئێزگەیەکی کوردی نەبووە تەعبیر لە خواست و ئارەزووی شۆرشی کوردستان بکات**». بۆیە لە ڕۆژی (٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٣) ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق دامەزرا و دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی لە شاخ کرد. بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و هەندێ جاریش بە زمانی ئینگلیزی بەرنامەکانی پەخش دەکرد بۆ دەرەوە.

بەرێوەبەری ئێزگەکە لە سەرەتادا (**حەبیب محەمەد کەریم**) بووە و هەریەکە لە بەرێزان (**هۆمەری دزەیی، عوسمان عوزێری، بورهان قانع، شێخ حسێن قەرەداغی، هێمنی شاعیر، کامەران خەفاف و بارزانی مەلا خالد و...هتد**) کاری بێژەریان تێداکردووە.

ئەم ئێزگەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شۆرشی ئەیلوولدا هەبووە لە جۆش وخرۆشدانی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان لە دەوری شۆرش و هاوکاریکردنی پێشمەرگە. هاوکات ئێزگەی ناوبراو بڵاوکراوەیەکی بە شێوەی پەخشنامەی هەواڵی هەفتانە بە ناوی (دەنگی کوردستان) دەرکردووە کە بەداخەوە تەنیا وێنەی ژمارە (٢)ی لەبەردەستدایە کە لە ڕۆژی (١٩٦٣/١٠/٩) بە (٨) لاپەڕە بە زمانی کوردی دەرچووە. ئەمیش بەهۆی ئەوەی بارەگای ئێزگەکە وچاپخانەی (**خەبات**) کە ڕۆژنامەی خەبات و بڵاوکراوەکانی دیکەی پارتی پێ چاپکراوە، پێکەوە لە ئەشکەوتی (**گردە ڕەش**) بوون لە ناوچەی (**ماوەت**)ی نزیک بە شاری سلێمانی.

لە دوای ڕێکەوتننامەی نێوان ڕژێم وسەرکردایەتی شۆرشی کورد و دەرکردنی

بەیاننامـەی (١١ی ئـازاری ١٩٧٠)، بارەگای سەرەکی ئێزگەکە براوەتە ناوچەی سنووریی نێـوان (چۆمـان و گونـدی مەمـی خـەلان) تاوەکو شکستهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٧٤)[٥] هـەر لەوێ ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا بەرپرسـی بەشـی کوردی ئێزگەکە (مستەفا سـاڵح کەریم) و بەرپرسـی بەشـی عەرەبی (کامـەران قەرەداغـی) و بەرپرسـی بەشـی ئینگلزی (سـەلاح عەلی عیرفان) بوون. پاشان ئێزگەکـە لـە ١٩٧٥ وەکو کەلوپەل و دەزگا و ئامێرەکانی دیکەی شۆڕش بۆ ئەوەی دەستی ڕژێم نەکەوێت تەقێنراوەتەوە و لەناوبراوە.

پـاش دامەزراندنـەوە و پێکهێنانـی سـەرکردایەتی کاتـی (قیـادە موەقەتـە)ی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، بـۆ جارێکی دیکـە ئێزگەکە بە دەزگایەکی پێشـکەوتووتر و گەورەتـر سـەرلەنوێ خراوەتـەوە گـەڕ و لـە سـاڵی (١٩٨٠) لـە ناوچـەی (ڕاژان)ی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) دامەزراوە.

ئـەم ئێزگەیـە لەگـەڵ ئێزگـەی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی دیکـەی سـەر گۆڕەپانـی خەباتی کوردسـتان ڕۆڵی کارا و بەرچاوی لە ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان لە دژی ڕژێمی ستەمکاری بەعس و دامـودەزگا سـەرکوتکەر و خوێنڕێژەکانی بنیـوە، لـە ڕووی جۆشـدانی جەمـاوەر لە دەوری پێشـمەرگە و شـۆڕش و کۆکردنەوە و ڕێکخسـتنیان بـۆ ڕاپەریـن و ڕامالینـی ڕژێمی ناوبراو بەیەکجاری لە خاکی هەرێمی کوردستان.

**یازدەیەم / ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان:**

لـە دوای ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێراقـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بە دووەم ئێزگەی شۆڕش دادەنرێت کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

لـە دوای دامەزراندنـی یەکێتـی لە ڕۆژی (١٩٧٥/٦/١)، ئـەم ئێزگەیـە لـە مانگـی ١٠ی ١٩٧٦ لـە دەرەوە هێنراوەتـە نـاو خاکـی هەرێـم و لە گوندی (نۆکان) شـاردراوەتەوە و مـاوەی (٣)سـاڵ کاری پێنەکـراوە و سوودی لێ وەرنەگیراوە.دواتر کاتژمێر ٦ ی سـەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢٠ بەبۆنەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دزلی و هاتنـی بۆنەی نەورۆزەوە یەکەم پەخشی خۆی بە وتارێکی (مام جەلال) دەستپێکردووە بـە ناوی (ئێـرە دەنگی گەلی کوردسـتانە)[٦]. دواتر لەسـەر پێشنیاز و داوای ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (دەنگی شۆڕشی عێراق) لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ.

ئـەو کەسـانەی کـە کادێر و بەرپرسـی گەورەی سیاسـی و سـەربازی و پێشمەرگە بوون ولەم ئێزگەیەدا کاری بێژەریان کردووە بریتین لە: (مەلا بەختیار، فەرهاد سـەنگاوی، حاکم فەرهاد، شێخ جەمال، باست حەمەغەریب، ئازاد چالاک، پشکۆ ناکام، وشیار عابد، نەرمین مستەفا، پەیمان عیزەدین، زێرەڤان و...هتد).

ئەم ئێزگەیە بەهۆی ناسەقامگیری ئاسایشی کوردستان و هێرشی ڕژێم و بۆردومانکردنی کوردسـتان بە تایبەتی ناوچە سنوورییەکان لەمیانەی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق–ئێران لـە (١٩٨٠–١٩٨٨) زیاتر گـەڕۆک بووە و بە شـێوەی کاتی لە هاویندا لە نێو چادر وکەپر و لـە زسـتاندا لـە خانـووی گڵدا دانـراوە و ستۆدیۆیەکی سـادەی لە ژوورێکی بچووکی قورینی (٣–٤م)دا بۆ سازکراوە.

ئـەم ئێزگەیـە لـە پـاڵ ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق و ئێزگـەی پارتـە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵی و بەرچاوی لە ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردسـتان لـە دژی ڕژێمـی بەعـس و دامودەزگاکانـی هەبووە لە جۆشدانی جەماوەر بۆ ڕاپەرین.

*** بیبلۆگرافیـای هەندێـک لەڕادیـۆ کوردییەکانـی جیهان:**

١. ئێزگـەی کوردی لە ئوسـترالیا لە بەهاری ١٩٨٤ کەوتۆتە کار و تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بووە.

٢. بەشـی کوردی لە ڕادیۆی (**صوت الجبل–لبنـان**) لـە سـاڵی ١٩٨٥ دامەزرا و تا سـاڵی ١٩٩٢ بەردەوام بووە.

٣. بەشـی کـوردی لـە ڕادیـۆی (**دروتموند–**

ئەڵمانیا) لە ١٩٨٧/٢/١ کەوتۆتە کار و هەر لەو سەردەمەدا بڕیاری دانانی بەشی کوردی تێدا دراوە.

٤. بەشی کوردی لە ئێزگەی دەنگی ئەمریکا لە ١٩٩٢/٤/٢٦ لە واشنتۆن دامەزراوە و تاکو ئێستاش بەردەوامە.

٥. ئێزگەی کوردی لە (**سیدنی- ئوستراليا**)، لە ١٩٩٢/٩/٧ وەک بەشێک بۆ ئێزگەی سیدنی پایتەخت زیاد کرا و بەهەردوو شێوە زاری سۆرانی و کرمانجی بەرنامەیان بڵاو دەکردەوە.

٦. ئێزگەی دەنگی گەلی کورد- سوید: ئەم ڕادیۆیە لە ١٩٩٢/٣/١٦ لە ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، دامەزرا بە ناوی (**کۆچەر**).

٧. ئێزگەی ئاشتی- سوید: دەنگی کۆمەڵەی دیموکراتیک و کەلتوورییە لە ستۆکۆڵمی پایتەختی سوید، لە بەهاری ١٩٩٤ کەتۆتە کار و لەسەر شەپۆلی FM و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە.

٨. ئێزگەی ئاوارە — سوید: لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردەوە لە وڵاتی سوید دامەزرا.

٩. ئێزگەی مۆڵتی کۆڵتی — ئەڵمانیا: بەشی کوردی لەم ڕادیۆیە لە ١٩٩٤/٩/١٨ دامەزراوە.

١٠. ئێزگەی دەنگی میدیا —بەلجیکا: ئەم ڕادیۆیە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە. لە ٢٠/١٠/ ١٩٩٥ لە بەلجیکا دامەزراوە.

١١. بەشی کوردی لە ئێزگەی دیترۆیت — ئەمریکا: بەشی کوردی لە ڕادیۆی شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٥دا دامەزرا.

١٢. ئێزگەی ئاوات لە شاری مالمۆ- سوید: لە ١٩٩٥/١١/٥دا بەشی کوردی لە ڕادیۆی شاری مالمۆی سویدی دامەزرا.

١٣. ڕادیۆی سەردەم- سوید: لە ١٩٩٦/١/١٣ لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دامەزرا.

١٤. بەشی کوردی لە ڕادیۆی ئەلبرستۆن- دانیمارک: لە بەهاری ١٩٩٦دا دامەزرا.

١٥. ئێزگەی بۆتان —دانیمارک: لە هاوینی ١٩٩٦دا و وەک بەشێک لە ڕادیۆی شارێکی خوارووی دانیمارک کەوتە کار.

١٦. ئێزگەی کوردی لە پاریس: بەشی کوردی لە ڕادیۆی پاریس لە بەهاری ١٩٩٢دا بە ناوی (**ئێزگەی دەنگی کوردستان**) دامەزراوە.

١٧. بەشی کوردی لە ڕادیۆی موهل هاوز- فەرەنسا: ئەم ڕادیۆیە وەک بەشێک لە ڕادیۆی شاری (**موهل هاوز**) لە ساڵی ١٩٩٢ز لە فەرنسا دامەزرا.

١٨. بەشی کوردی لە ڕادیۆی (**ویڤن**)- فەرەنسا: ئەمەش وەک بەشێک لە ڕادیۆی شاری (**ویڤن**) لە ساڵی ١٩٩٣ لە فەرەنسا دامەزرا.

١٩. بەشی کوردی لە ئێزگەی گەل- لوبنان: ئەم ڕادیۆیە وەک بەشێک لە ڕادیۆی گەل لە ساڵی ١٩٩٦ لە لوبنان کرایەوە.

٢٠. بەشی کوردی لە ڕادیۆی ئازەربایجان: ئەم ئێزگەیە وەک بەشێک لە ڕادیۆی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٩٢دامەزراوە و تاکو ئەمڕۆکەش بەردەوامە.

*** کورتەیەکی مێژووی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:**

سەرەتای ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی (**تەلەفزیۆن نەک سینەما**) لە تەلەفزیۆنی (کەرکووک)ەوە دەستپێدەکات، کە لە ڕۆژی ١٩٦٧/١١/١٨دا پەخشی هەواڵ و بەرنامەکانی بە زمانەکانی (**کوردی، تورکی، سریانی، عەرەبی**) دەستپێکرد کە هەریەکە لە (**هاشم جەباری، جەبار جەباری، دڵپاک تاهیر، ئیسماعیل گەیلانی و حەمەدەمین و...هتد**) وەکو بێژەر کاریان تێداکردووە.

پاشان لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری کوردستان دژی ڕژێمی بەعس و دامودەزگاکانی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، هەرێمی کوردستانی باشوور، وەرچەرخانێکی مێژووی و سیاسی و کارگێڕی گرنگ و بەرچاوی بەخۆوە بینی. لە پاڵ ئەمانەشدا جۆرێک لە کرانەوە و ئازادی و زەمینەی ڕۆشنبیری و

ڕاگەیاندن سەریانهەڵدا و هەر لەم دەرفەت و قۆناغە ناوازەیەدا یەکەم تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کوردی لە شاری سلێمانی لە ڕۆژی (١٩٩١/٩/١١) بە ناوی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە لایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە لە مەراسیمێکی جەماوەریدا لە لایەن (**مام جەلال**)ەوە کرایەوە.

دواتر چەندین کەناڵی دیکەی تەلەفزیۆنی لە کوردستان لە شار و شارۆچکەکان دامەزران، کە تەنیا لە شاری سلێمانیدا زیاتر لە ١٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆی هەیە لەوانە (**ئازادی، یەکگرتوو، زاگرۆس، پەروەردە، کۆمەڵ، سپۆرت...هتد**).

هەروەها لە هەولێری پایتەخت زیاتر لەو ژمارەیە تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەیە. لە ئێستادا گەلی کورد خاوەنی ٢١ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم، کە بەسەر هەرچوار پارچەی کوردستاندا (**باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا**) دابەشبوون و زۆرینەیان لە لایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی ناوەندی تورکیا و ئێران و سووریاوە بەڕێوەدەچن. جگە لە هەرێمی کوردستان کە خاوەنی حکومەت و قەوارەی سیاسی خۆیەتی و زۆرترین ئەو کەناڵانە لە ناوخۆی هەرێمن.

سەرباری بوونی ٣ کەناڵی دیکەی تەلەفزیۆنی ئاسمانی، کە بەشێک لە ماوەی بەرنامەکانیان بە زمانی کوردی (**زاری کرمانجی سەروو و خواروو**)ە وەکو کەناڵی ئاسمانیی (**سەحەر**)ی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کەناڵی (٦)ی .(Ishtar)تورکیا و کەناڵی عەشتار.

**• یەکەم تەلەفزیۆنی ئاسمانیی بە زمانی کوردی لە جیهاندا:**

**• میدیا تی ڤی** (mediya.tv)

یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی لە جیهاندا، کە دامەزرا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو) بە ناوی (**میدیا تی ڤی**) لە ڕۆژی ٥/١٥/ ١٩٩٥ لە وڵاتی (**بەلجیکا**) وەکو زمانحاڵ و ئۆرگانی ڕەسمیی پارتی کرێکارانی کوردستان (**پەکەکە**). ئەم کەناڵە پاش ماوەیەک داخرا و دواتر لە (**پاریس**)ی پایتەختی فەرەنسا سەرلەنوێ دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی خۆی کردەوە، سەرەنجام بە هۆی پاڵپەستۆی بەردەوامی حکومەتی تورکیا و بە بیانووی پابەند نەبوونی ئەم کەناڵە بە یاساکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی ئەوروپاوە داخرا. پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ تەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیا (Me.tv).

ئێستا بارەگاکەی لە پاریسە و گرنگی بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد دەدات لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و باکووری ئەفریقیادا ڕۆشنبیری ء کولتووری کوردی و ژیانی کورد دەگوێزێتەوە بەرنامەکانی تەنیا بە زمانی کوردی پەخش دەکات.

**٢. تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤی** (KurdistanTV)

بە یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردی دادەنرێت کە لە ناوخۆی خاکی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. یەکەم پەخشی ئەزموونیی خۆی لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٥ دەستپێکردووە.

لە ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٧ پەخشی ئاسایی لە شاری هەولێر دەست پێ کردووە و بارەگای سەرەکی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە لە هاوینەهەواری (**پیرمام**)ە نزیک بە شاری هەولێر، کە بودجەکەی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ دابین کراوە لە پاڵ پەخشکردنی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی، کە زمانی سەرەکی کەناڵەکەیە، بەرنامەی بە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و سریانی و ئینگلیزی هەیە.

**٣. تەلەفزیۆنی کوردسات** (Kursat):

یەکەم پەخشی بەرنامەکانی لە ٢٠٠٠/١/١دا دەست پێکرد، پەخشی بەرنامەکانی بە درێژایی کاتەکانی ڕۆژ بەردەوامە، لە پاڵ زمانی کوردیدا بە زمانی عەرەبی و فارسی

و ئینگلیزی و تورکی پەخشی بەرنامەکانی دەکات، بودجەی ئەم کەناڵە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دابین دەکرێت. یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردییە کە لە شاری سلێمانی دامەزراوە.

**٤. تەلەفزیۆنی زاگرۆس**(Zagros TV):

کەناڵی تەلەفزیۆنی زاگرۆس، کە بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرە، پەخشی بەرنامەکانی لە ٢٠٠٥/٦/١٢دا دەست پێکرد، کە بودجەی لە لایەن حکومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ دابین کراوە، بەرنامەکانی تەنیا بە زمانی کوردییە، ئەم کەناڵە زیاتر گرنگی بە توێژی لاوان و خەمی هاوولاتیان و بەرنامەی گاڵتەوگەپ و سەرنجراکێش دەدات.

ئەم کەناڵە بە دووەمین کەناڵی ئاسمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت، کە بەرنامەکانی جەماوەرییە و بایەخی تایبەتی بە هەواڵ دەدات و ستۆدیۆی هەواڵ و نووسینگەی تایبەتی لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک هەیە.

**٥. تەلەفزیۆنی ڕۆژهەلات** (Rojhelat TV):

ئەم کەناڵە لە لایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان و زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە پاڵپشتی و هاوکاری دەکرێت، بارەگای سەرەکی لە سلێمانییە، پەخشی بەرنامەکانی بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی دەکات و لە ٢٠٠٦/١/١ دامەزرا، ئامانج لەم کەناڵە گەیاندنی دەنگی گەلانی کوردستانی ئێرانە، ناساندنی کولتووری کوردییە بە دەرەوە.

**٦- تەلەفزیۆنی ڤین** (Vin.TV):

ئەم کەناڵە گرنگی بە موزیک و گۆرانی و هونەری کوردی دەدات لە ٢٠٠٧/٧/١٥ دامەزراوە. بارەگای سەرەکی لە شاری دهۆکە، خۆی وا ناساندووە کە (**یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی سەر بەخۆیە و ئامانج لە دروستکردنی خزمەت کردنە بە هونەری کوردی**)، ئەم کەناڵە گرنگی دەدات بە گۆرانی و کلیپە کوردییەکان.

**٧. تەلەفزیۆنی کورد** (KURD TV):

ئەم کەناڵە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاوکاری دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٧دا پەخشی بەرنامەکانی دەست پێکردووە و بارەگای سەرەکی لە شاری کۆیەیە، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کەناڵە دەرخستنی خەباتی شۆڕشی کوردە لە ئێراندا، بە تەنیا بە زمانی کوردی بەخشی بەرنامەکانی دەکات.

**٨. تەلەفزیۆنی نەورۆز** (NEWROZ TV):

ئەم کەناڵە ئاسمانییە کە یەکەم کەناڵی حکومییە لە کوردستانی عێراقدا لە ٢٠٠٧/٩/١ دا پەخشی بەرنامەکانی دەستپێکرد. بارەگای سەرەکی ئەم کەناڵە لە شاری هەولێری پایتەختە و سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. پەخشی بەرنامەکانی تەنیا بە زمانی کوردی دەکات و ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کەناڵە بۆ دەرخستنی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردییە ودەنگ و ڕەنگی گەلی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە جیهانی دەرەوە.

**٩. تەلەفزیۆنی نەورۆز** (Nawroz TV):

ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە هەرچەند ناوەکەی وەکو ئەوەی پێشووە، بەڵام لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان (p.k.k)وە لە ئەورووپا لەم ساڵانەی دواییدا دامەزراوە.

ئەم کەناڵە زمانحاڵی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانی ئێران ناسراو بە (**پژاک**)ە، کە درێژەپێدەری (پ.ک.ک)یە و لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەباتی سیاسی و چەکداری دەکات بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕژێمە و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان.

**١٠- کەناڵی ئاسمانیی پەیام** (Payam TV):

یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی کوردیی

ئیسلامییە، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١ پەخشی ئەزموونی خۆی لە شاری سلێمانی دەسپکردووە، کەناڵێکە لە لایەن کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانەوە بەڕێوە دەچێت، بە زمانی کوردی (**شێوەزاری سۆرانی ء کرمانجی سەروو**) بەرنامەکانی پێشکەش دەکات، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کەناڵە بەرزڕاگرتنی دروشمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و ناساندنی گەلی کوردە وەک گەلێکی ڕەسەنی موسوڵمان بە جیهانی دەرەوە ء گەیاندنی دیدی ئیسلامییانەیە لەسەر مەسەلەی کورد ء ڕووداوە هەنووکەییەکان و داکۆکیکردنە لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد، ئەم کەناڵە بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە.

ستۆدیۆی هەواڵ و بەرنامەی لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر هەیە و تۆڕی پەیامنێرانی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک و شارۆچکەکانی دیکەی هەرێم و ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی و ئەوروپاییدا هەیە.

**١١- تەلەفزیۆنی ڕۆژ** (Roj TV):

ئەم کەناڵە زمانحاڵی پارتی کرێکارانە و لە ساڵی ٢٠٠٤دا دامەزراوە، بارەگای سەرەکی، لە شاری (**کۆپن هاگن**)ی لە پایتەختی دانیمارکە. بێجگە لە پەخشی زمانی کوردی، بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی و سریانی و ئاشوری بەرنامەکانی پەخش دەکات بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا.

کەناڵی ناوبراو بە شێوەیەکی تایبەت و بە بەرنامەی جۆربەجۆر کار لە سەر بارودۆخی تورکیا و ناوچەکە (**کوردستانی تورکیا و سووریا و عیراق**) دەکات بە زمانی تورکی و کوردی (**کرمانجی سەروو و خواروو**) پێشکەش دەکرێن، هەروەها هەواڵ و چەند بەرنامەیەک لە هەفتەیەکدا لەسەر باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لەم کەناڵەدا بە زمانی کوردی (**سۆرانی وبادینانی**) و زمانی عەرەبی پەخش دەکات، کە بە شێوەیەکی گشتی لە سەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردیین.

**١٢- تەلەفزیۆنی تیشک** (Tishk TV):

ئەم کەناڵە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٤ وە دەستی کردووە بە پەخشی بەرنامەکانی و لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە (**دیموکرات**) هاوکاری دەکرێت و بارەگاکەی لە (**پاریس**)ی پایتەختی فەرەنسایە و پەخشی بەرنامەکانی بەهەردوو زمانی کوردی و فارسیە و ئامانجی زیندووکردنەوەی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردییە بە تایبەت لە کوردستانی ئێراندا و دەرخستنی مەینەتیەکانی گەلی کورد بە گشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی.

**١٣- تەلەفزیۆنی کۆمەڵە** (Komala tv):

ئەم کەناڵە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی کریکارانی ئێران ناسراو بە (**کۆمەڵە**)وە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٦وە دامەزراوە و بارەگاکەی لە شاری (**ستۆکهۆڵم**)ی پایتەختی سویدە، بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی پەخشی بەرنامەکانی دەکات، ئامانجی خزمەت کردنە بە کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی و ناساندنی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران.

**١٤- کەناڵی سپێدە** (Speda TV):

ئەم کەناڵە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە لە شاری هەولێری پایتەخت دامەزراوە، وەکو دووەم کەناڵی ئاسمانیی کوردیی ئیسلامی لە دوای کەناڵی ئاسمانیی پەیام.

کەناڵەکە لە لایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە وەکو زمانحاڵی ئەو پارتە ئیسلامییە بەڕێوەدەبرێت و پاڵپشتی دارایی دەکرێت و دەربڕی بۆچوون و سیاسەتەکانی ئەو پارتەیە سەبارەت بە ڕووداو و بابەتە هەنووکەییی و چارەنووسسازەکان و خەبات دەکات بۆ بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە دید و تێڕوانینێکی ئیسلامییانە و گەیاندنی وێنە و دەنگی کورد بە جیهانی

دەرەوە وەکو گەلێکی کوردی ستەملێکراوی جیهان.

**١٥. کەناڵی کۆرەک** (KOREK TV):

ئەم کەناڵە لە شاری هەولێر لە لایەن کۆمپانیای مۆبایلی (**کۆرەک تیلیکۆم**)ەوە لەم ساڵانەی دواییدا دامەزراوە. کەناڵێکی بازرگانییە زیاتر بایەخ بە بابەتی کات بەسەربردن و موزیک و گۆرانی و هەروەها ریکلام دەدات.

**١٦. کەناڵ چار** (KANAL 4):

ئەم کەناڵە لە شاری هەولێر لەم ساڵانەی دواییدا دامەزراوە. کەناڵێکی بازرگانییە زیاتر بایەخ بە بابەتی کات بەسەربردن و موزیک و گۆرانی و بابەتی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ریکلام دەدات.

**١٧. کەناڵی** KNN- Kurdistan News Network:

کورتکراوەی تۆڕی هەواڵی کوردستانە. ئەم کەناڵە لە لایەن کۆمپانیای (**وشە**)وە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری سلێمانی وەکو زمانحاڵی بزووتنەوەی (**گۆڕان**) دامەزراوە. زیاتر بایەخ بە هەواڵ و بابەتە سیاسییەکان دەدات بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و شیکارییانە، وەکو رەوتێکی نەیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە و تۆڕی پەیامنێرانی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و موسڵ و کەرکووک و شارۆچکەکانی کوردستان هەیە. بەهەردوو زمانی کوردی (**سۆرانی وبادینی**) و عەرەبی هەواڵ و بەرنامەکانی پێشکەش دەکات.

**١٨- کەناڵی جەماوەری کوردستان** (Jamawar Kurdistan):

ئەم کەناڵە لە لایەن حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (**حسک**)ەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری سلێمانی وەکو زمانحاڵی ئەو حیزبە دامەزراوە. هەواڵ و بەرنامەکانی بەهەردوو زمانی کوردی (**سۆرانی**) و عەرەبی پێشکەش دەکات.

**١٩. تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان** (Gali Kurdistan):

لە سەرەتادا کەناڵێکی ناوخۆیی بوو لە رۆژی (١٩٩١/٩/١١) لە شاری سلێمانی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە وەکو یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی لە دوای راپەڕین دەستی بە پەخشکردن کردووە. لە رۆژی (٢٠٠٨/٦/١) بووەتە کەناڵی ئاسمانی و بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە و نووسینگەی لە شاری هەولێر و کەرکوک هەیە و تۆڕی پەیامنێرانی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم هەیە.

کەناڵی رەسمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و لە لایەن یەکێتییەوە بەڕێوەدەبرێت و پاڵپشتی دارایی دەکرێت و دەربڕی بۆچوون و سیاسەتی ئەو حیزبەیە سەبارەت بە رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان و زیاتر گرنگی و بایەخ بە هەواڵ و بابەتی سیاسی دەدات.

هەواڵ و بەرنامەکانی بە زمانی کوردی (**سۆرانی و بادینی**) پێشکەش دەکات.

**٢٠- تەلەفزیۆنی (الحریە)**:

ئەم کەناڵە لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وەکو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە شاری بەغداد وەکو زمانحاڵی مەڵبەندی بەغدای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دامەزراوە. پاشان لە رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٥ سیستەمی پەخشکردن و ناوەکەشی گۆڕا بۆ کەناڵی ئاسمانیی (**الحریە**).

یەکەم و تەنیا کەناڵی ئاسمانیی کوردییە کە سەرجەم هەواڵ و بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی پێشکەش بە جەماوەری عیراق و وڵاتانی عەرەبی دەکات و کەناڵی رەسمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و لە لایەن یەکێتییەوە بەڕێوەدەبرێت و پاڵپشتی دارایی

دەکرێت و دەربڕی بۆچوون و سیاسەتی ئەو حیزبەیە سەبارەت بە رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان و زیاتر گرنگی و بایەخ بە هەواڵ و بابەتی سیاسی دەدات.

**٢١. تەلەفزیۆنی ئاسۆ** (ASO TV):

زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی کوردستانی ئێرانە و لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاردەکات.

*** مامۆستای بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی و خوێندکاری دکتۆرا لە راگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی.**

**(١) بەندە بۆ بابەتی مێژووی رۆژنامەوانی کوردی، لە بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات، چوار ساڵە زانیاریم لە بارەی ئێزگەکان کۆکردۆتەوە، هەروەها بەر لە نووسەر، ئەم سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی ئێزگەکان کردووە، بۆ زیاتر چاوڕوونی نووسەر و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان ئاماژەیان پێ دەکەین:**

**– (بابی لالۆ) کەمال رەئوف محەمەد، دەستەواژ نان بۆ مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٤، بابەتی «یۆبیلی زێڕینی یەکەم رادیۆی کوردی، ساڵی ١٩٣٩، ل٤١٩–٤٢٦.**

**– وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و تەلەفزیۆنێن کوردی ١٩٣٩–٢٠٠٢، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.**

**– أمانج کاکەسور، لمحات تاریخ ازاعە صوت شعب کردستان، منشورات مکتب فکر والتوعیە، سلیمانیە، ٢٠٠٢.**

**– باکووری، ئیزگە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**– وریا جاف، دەنگی کوردستان، هەولێر.**

**– کەمال رەئوف محەمەد، هونەری درامای کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**– ئەمیر نامق، رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٥.**

**ئەمە جگە لە گۆڤارەکان، کە چ وەک وتاری سەربەخۆ، چ لە نێو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانەی کاریان کردووە و لەو بوارەدا ئاگادارن و زانیاریان لابووە.**

**(٢) پەخشی کوردی ١٠–١٥ دەقیقە دوای نیوەڕۆیان، سەرەتا دوو رۆژ لە هەفتەیەکدا بووە. باکووری، ئێزگە، ل٤٠.**

**(٣) ئەوانە کەی لە شەستەکاندا مابوون!**

**(٤) شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١/٩/١١ هەڵگیرسا**

**(٥) ١٩٧٥**

**(٦) سەرەتا ناوی**


*** سەرچاوەکان:**

**١– ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆرش و بزووتنەوەی شیعری کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠١.**

**٢– ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆرشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی (١٩٦١–١٩٧٥)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**٣– ئازاد خانەقینی، مادێنا، مێژووی بیبلۆگرافیای راگەیاندنی (ی.ن.ک) ١٩٧٥–١٩٩١، سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**٤– تاریق جەوهەر سارمەمی، بێژەری کورد لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا، گۆڤاری رایەن، ژ.١١، زستانی ٢٠٠٤.**

**٥_ نەوشیروان مستەفا ئەمین، راگەیاندنی بیستراو بە کوردی (١٩٣٩–١٩٥٨)، گۆڤاری رۆژنامەنووسان، ژ(٢)، هاوینی ٢٠٠٢.**

6. www. radio.irib.ir
7. www.mawhopon.net
8. www.metv.dk
9. www.kurdistan tv.net
10. www.zagroz tv.net
11. www.vein tv.net
12. www.payam tv.net
13. www.roj.tv
14. www.speda tv.com
15. www.knn tv.net
16. www.pukmedia.com
17.www.RojhelatTv.com
18. www.tishtv.com
19. www.kurdsat.tv

**٢٠– چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ بەرێز (ئاوات نەجمەدین ئیسماعیل) بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات، لە بارەگای تەلەفزیۆن لە سلێمانی لە رۆژی**

# میدیا و رۆشنبیریی منداڵان

غازی حەسەن

کاتێک بمانەوێت باسی میدیا بکەین دەبێت بیر لەو پرۆژە و پرۆگرامانە بکەینەوە، کە تەلەڤیزیۆن پێشکەشی دەکات. هەروەها ئەو هۆکار و دەرەنجامانە ئاماژە پێبکەین کە دەبنە هاندەر و هاوکاری منداڵان. میدیا لە سەردەمی ئێستادا رۆلێکی گرنگ لە سەرجەم بوارەکانی گۆمەلگا دەبینێت و تەنیا لە زۆر رووەوە نەبۆتە دەسەڵات، بەڵکو بەشداری لە دەسەڵات دەکات و لە هەمان کاتیشدا چاودێریێکی گرینگ و جێگەی بایەخیشە بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

بێگومان ئەم رۆلە لە بواری بەرنامە و پرۆژەکانی منداڵانیشدا جێ پەنجەی دیارە و منداڵان بەتەنیا سەیرکەر و دواکەوتووی میدیا نین، لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و کۆمپیۆتەر و ئەنتەرنێت، بەڵکە منداڵان خۆیان بەشدارن و هاوبەشن لەسەرجەم ئەم پرۆگرامانەی بۆیان تەرخان کراوە.

کاتێک باسی میدیا دەکەین، بوارە هەمەجۆرەکانی وەکو تەلەڤیزیۆن و رادیۆ و سینەما و شانۆ و نواندن و رۆژنامە و گۆڤار و سەردان و لێکۆلینەوە و پرۆگرامی تایبەتی فێرکردن بەبیرخۆمان دێنینەوە. رۆشنبیری منداڵان دەنێو پرۆگرامەکاندا بەرچاوە.

بێگومان لە دونیای دواکەوتووی، منداڵ دابڕاو لە پێشکەوتنی سەردەمانە، منداڵ هێشتا گوێگر و جێبەجێکەری سەرەکی ئەو رۆشنبیر و دابونەریت و هەڵسوکەوتەیە کە گەورەکان بۆی دادەرێژن. وەلێ لە دونیای دیموکرات و پێشکەوتوودا منداڵان پێ بە پێی گەشەکردنیان پتر پتر بەشداری لە پرۆگرامەکان دەکەن، بەمەش جۆرێک لە رۆشنبیری منداڵانە بەرهەم دێنن، کە خێراتر و سادەتر دەتوانن تێکەڵی بن و کاری پێبکەن.

ئێمە دەزانین تەلەڤیزیۆن داهێنراوێکی زۆر کۆن نییە، لە ناوەراستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمیشدا وەکو بەکارهێنراوێکی میللی کەوتە دەستی خەڵکی لە کوردستانی باشووردا. راستە ئەوکاتە خەڵکانێکی زۆر تەنیا لە رێگەی چایخانە و چایخانە

چکۆلەکانی نێو گەڕەکەکان ئاشـنای تەلەڤیزیۆن بوون، بەڵام ئەمە سـەرەتای ڕۆشـنبیرییەکی تازە بوو. کارتۆن و بەرنامە تایبەتەکانی منداڵان، کە بە زمانی بێگانە بوون و منداڵی کورد لە رووی زمانەوە هیچی لێ تێنەدەگەیشت، بەڵام سەرەتاییکی گرینگ و جێگەی سـەرنجی منداڵان بـوو، کە دەیان بینی ئەم سندوقە پڕ سەیر و سەمەرەیە، هەست و نەستیان دەجولێنێت. تەنیـا رژێمی داگیرکەری بەعس تا روخاش رێگەی نەدا فلیمە کارتۆنییەکانی منداڵان دۆبلاژی زمانی کوردی بکرێت.

ئەمـرۆ لە رێگـەی بەکارهێنانی شاشـەی بچوکـی ڤیدیۆ و ئامرازەکانـی یاریکـردن دەتوانرێت لە هەموو شـوێنێک و کاتێکدا سـەیری شاشـەی ئەو تەلەڤیزیۆنە چکۆلانە بکرێت و دەگەڵیدا ئاشـنا بیت. لە کاتی ئاودەست و سواری ترۆمبیل و پشـودان لە باخچە گشتییەکان و تا دەگاتە کاتی سواربوونی فرۆکەش. ئەم ڕۆشـنبیرییە تازەیە وا لە منداڵ دەکات لەتەک خێرا گەشـەکردنی ئامرازەکانی سـەیرکردن و بەرهەمهێنانی میدیادا، ئەویش ئاستی ڕۆشنبیری بەکارهێنان و تێگەیشتن و لەزەت وەرگرتن لەم پێشکەوتنەی پتر بێت.

لـە کاتێکدا ئێمە بە شـادییەوە سـوود لەم گەشـەکردنەی میدیا لە بوارە هەمەجۆرەکان وەردەگرین و پێی شـاد دەبین، دەبێـت فێـری ئەوەش بین چۆن رێز لەم گەشـەکردنە گرنگە بگریـن، کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات. گوتمان تەلەڤیزیۆن و ئامێرەکانـی تـر ئەمڕۆ لە هەمـوو شـوێن و ماڵیکدا هەن، تەنانەت لە شـەقامە گشتیەکانیشـدا دەبیرنێن و سـەرنجیان بـۆ رادەکێشـرێت. مەبەسـت ئەوەیە، کە ئاسـتی بەکارهێنان و ئاشـنابوون دەگەڵ میدیای سـەردەمدا لە لایەن منداڵانەوە زۆر جیاوازە لە گەڵ ئەو سـەرەتایەی کـە تەلەڤیزیۆن وەکو ختوکەدان دەگەڵیدا دەژیان.

میدیا ئەمرۆ پەیامێکی جیا لە سـەردەمی رابردووی هەیە، کار بۆ ئەوە دەکات منداڵان رابکێشیت بۆ ئەوەی بیرلەخۆیان بکەنـەوە. واتـە ڕۆشـنبیرییەک پیکبهێنـن کە خۆیـان وەکو بوونەوەرێکـی کۆمەلایەتـی تێدا بەشـدار دەبـن و ئەو کیان و کەشـوهەوایە دروسـت دەکەن کە منـداڵ خۆیان لە رووی خودیەوە بەشداری تێدا دەکەن.

مەسـەلە گەیشتۆتە ئاسـتێکی زۆر بەرز بۆ نموونە بەپێی سـەرچاوەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەر ماڵێکی ئەمەریکادا رۆژانە ٧ کاتژمێر سـەیری تەلەڤیزیـۆن دەکەن. ٪٦٠ خێزانە ئەمەریکاییـەکان لـە کاتی نان خواردندا سـەیری تەلەڤیزیۆن دەکـەن، بە تایبەتیـش منداڵان لە تەمەنی ١٨ سـاڵیدا لە کاتی نانی ئێوارە سـەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن. منداڵان دوقاتی ئەو کاتانەیان سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن لەوەی لەماوەی ١٢ ساڵدا لـە قوتابخانە بەسـەری دەبەن. هەمان سـەرچاوە دەربارەی

**ئـاستی بـەکـارهێـنـان و ئاشنابوون دەگـەڵ میدیای سـەردەمـدا لـە لایـەن منداڵانەوە زۆر جیاوازە لە گـەڵ ئـەو سـەرەتـایـەی کە تەلەڤیزیۆن وەکو ختوکەدان دەگەڵیدا دەژیان.**

منداڵانــی ئەمەریکا لە قۆناغی باخچەی ســاوایان و دایەنگەدا دەڵێت ئەم منداڵانە پتر لەکاتی چوار ســاڵیدا قوتابیەکی کۆلیژ کە بۆماوەی خوێندن تەرخانی کردووە، ســەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن.(١٣)

ئێســتا گفتوگــۆی زۆر لەســەر چۆنیەتــی بەکارهێنانــی تەلەڤیزیــۆن و بوارەکانی دیکەی میدیــادا لە لایەن منداڵانەوە دەکرێــت، هەرچەنــدە منــداڵان ئاســتی رۆشــنبیریان لــە بەرزبوونەوە دایە و گەشەکردنێکی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، بــەڵام ژمارەیەکــی زۆری خێزانەکان لەســەر ئــەم بۆچوونە کۆکــن، کــە دەڵێــت زۆربەکارهێنانــی تەلەڤیزیــۆن لــە لایەن منداڵانەوە باش نییە.

فێرکــردن و راهێنانی منداڵان لەســەر رۆشــنبیری میدیا، جۆرێکــە لە توانا و لێهاتوویی، پێویســتی بە کات و راهێنانی زۆرە. کاتێک منداڵ گەمەکانی نێو ئەنتەرنێت بەکاردەهێنێت و دەیەوێت دوایین فیلمی هۆلیوود ســەیر بــکات و لە پرۆگرامە تازەکانــی منداڵان دانەبڕێت و یاری بە ڤیدۆ گێیم و گێم بۆی و دی سی و هتد بکات، لەتەک پەرەسەندنی توانا و لێهاتووی و فرەبوونی رۆشــنبیری لە بەکارهێنان و دۆزینەوەی بیرۆکە و شــتی نوێ، رووبەرووی جۆرێک لە کاردانەوە و کێشــەی رەوشــتی (هەڵســوکەوت و لاوازبوونی هەســتی گوێگرتن و بەدواداچــوون و بایــەخ پێــدان دێت). بەڵام ئەم رۆســنبیرییە خاوەنی توانایە بۆ گەشەپێکردنی زمان و دەوڵەمەند بوون لە رووی زاراوە و پەیوەندیکردن و دواندن و بیرکردنەوە.

ئێمــە لەســەردەمی (بیرکردنــەوە و گەشــەکردن و بەشداریکردندا) دەژین، کاتێک میدیای کوردی لەم بیرکردنەوە دادەبڕێــت ناتوانێــت هاوتایی بــۆ منداڵان لە نێوان شاشــەی گــەورە و بیرکردنەوە و هەســت و نەســتی منداڵ دروســت بــکات. ئەمەش کاتێک دێتە ئاراوە کــە منداڵانی کورد توانیان خۆیان ببنە بەشێک لە پرۆگرام و بەرنامەکانی میدیا. واتە تەنیا گوێگــری دوور لە بیرکردنەوە نەبن و توانای گەشــەکردنیان لە رێگەی تێکەڵبوون دەگەڵ رۆشنبیری سەردەمانەی میدیای منــداڵان رێرەوی ئاســایی خــۆی وەربگرێــت و دواتر بەرەو بەشداریکردن بچن.

لەبیرمان نەچێت رۆشــنبیری خوێندنەوە و نووســین زۆر لە رۆشــنبیری ســەیرکردنی وێنە و بینینی شاشــە گەورە و بچووکــەکان جیایــە. چۆنیەتــی بەکارهێنــان و تێگەیشــتن و لێکدانەوەی شتە سەرنجکێشەکانی نێو ئەم تەکنەلۆژیایە نوێیە، لەکردەوەدا رۆشنبیری میدیایە. چونکە منداڵان لەم رێگەیەوە ئاســتی بیرکردنەوە و تێگەیشــتنیان بۆ بەکارهێنان و ناسینی ئەم جۆرە میدیایە پەرە دەستێنێت.

دەبێــت منداڵ فێری ئــەوە بکرێن چۆن ئــەم تەکنەلۆژیایە

**"رۆشــنبیری خوێندنەوە و نووســین زۆر لە رۆشــنبیری ســەیرکردنی وێنە و بینینی شاشــە گەورە و بچووکەکان جیایە."**

نوێیە بەکاردەهێنن، چونکە ئاشنایەتی لەلایەک و بەکارهێنانی میدیای سەردەم خۆی لەخۆیدا رۆشـنبیرییە. لە کاتێکدا منداڵی کورد هێشـتا نەبۆتـە خودانـی پرۆگرامـی وەبەرهێنراوی تایبەتـی خۆی، کەچـی دەتوانێت لـە ڕێگەی ئەنتەرنێتـەوە ئـاگای لـە زۆر بەرهەمـی سینەمایی و تەلەڤیزیۆنی و چاپ وبلاوکراوەی جودای دونیا هەبێت، دەتوانێت دەگەڵ خەڵکی تر لە ڕێگەی ئەنتەرنێتـەوە پەیوەندی بگرێت و قسـەبکات و کامیریـای ڤیدیـۆی بۆ بینینی یەکتـر بەکاربهێنێت. بەکارهێنانـی ئەم میدیا تازەیە خوی رۆشنبیرییەکی سەردەمانەیە، کە دەکرێـت دەرگای دونیای جودا و هەمەرەنگ بەسـەر منداڵاندا بکاتەوە، کە هێشتا بە زمانی زگماکی خۆیان بەرنامەی پەروەردەیی و فیلم و پرۆگرامی تەلەڤیزیۆنیان نییە.

# سەبارەت بە وتوویژ و دیمانە

و: رەسووڵ سوڵتانی

**لە سازدانی هەر دیمانەیەکدا، ئەم خاڵانە، پێویستە رەچاو بکرێن:**

١. ئەو کەسەی دەتانەوێ دیمانەی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر خۆی بوارد و نەیویست قسان بکات، پێی بڵێن، قسە بکات و نەیکات ئێوە هەواڵ و زانیارییەکانتان بڵاو دەکەنەوە و بۆیەش هاتوونەتە لای ئەو، بۆ ئەوەی هەواڵەکەتان پشت قایمتر بێت و چەندی بکرێ دادپەروەرانە بێت. بۆ قایلکردنەکەیان هێمن بن و دان بە جەرگتاندا بگرن و زوو وازمەهێنن. ئەگەر کاتێکی خراپ تەلەفۆنتان کردووە؟ ئەوا دیسانەکە پەیوەندی بکەنەوە. لەو کەسانە مەبن کە دەمودەست مل کەچ دەکەن و دەبەزن.

٢. وەک رێسایەکی گشتی، هەوڵ بدەن لە شوێنی کارکردنیان بیاندوێنن ـ ئەوان لە شوێنی کارکردنیاندا کەمتر هەست بە مەترسی و هەڕەشە دەکەن. هەروەها لە شوێنی کارکردنی مرۆڤەکان دەتوانن سەرنجی زۆر شتی وردتر بدەن و بیاننووسنەوە. سەیر دەوروپشتی خۆتان بکەن و چاو لە رەنگ و وردەکارییەکان بگێڕن. دیمەنی دەرەوەی پەنجەرەکە، وێنەکانی سەر مێزەکەی، ئەو وێنەیەی سەردەمی گەنجێتییەکەی لەگەڵ یاریزانە هاوتەمەنەکانی خۆی بە جلوبەرگی وەزرشییەوە کێشاوێتی. دیارە بۆ دیمانەکردن لەگەڵ کەسایەتە ناودارەکانی وەک ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان ماڵەوەیان باشترین شوێنە بۆ وتوویژ. سەرنج: کاتێک بە شوێن وردەکارییەکانا دەگەڕێن، ئاماژە بە شتگەلێک بکەن کە پەیوەندییان بەو چیرۆکە هەواڵەوە هەبێت وا دەینووسن. بۆ وێنە ئەگەر لەسەر بازرگانێکی سەرکەوتوو دەینووسن و نووسینگەکەی ئەو لە نهۆمی سی و سێیەمی

هەواڵنامەی کتێب

باڵاخانەیەکی مۆدێرنە، دەکرێ ئاماژە بەو خاڵە بکەن و...

٣. ئێوە ئەستێرە نین.. مەگەر ئەوەی کە بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بن و ناوبانگتان لەو کەسە زیاتر بێت کە وتوویژی لەگەڵدا دەکەن. کەوابوو هەوڵ بدەن لە کاتی وتوویژەکەدا بڕێک بکشێنە دواوە و ئیزن بدەن بەرامبەرەکەتان زیاتر بەرچاو بێت. واتە کارێکی وا مەکەن پرسیارەکانتان ببنە راگەیێنراوگەلێکی ئیدانەکردن یان ئەوەی کە بتانەوێ زانیارییەکانی خۆتانی بۆ بخەنە روو. ئەو تاکتیکانە زیاتر لەوەی تیشکاویژ بن، گەرما بەرهەم دێنن، گاڵتە بەو کەسە مەکەن وا دیمانەی لەگەڵدا دەکەن، هەروەها وای لێ مەکەن کەفوکوڵی هەڵبچێت و بەگشتی مەیبزوێنن. کام پرسیار دژوارە ئەوەی لێ بپرسن بەڵام بە رێز و ئەدەبەوە.

٤. گوتنی ئەوەش زۆر پێویست نییە، بەڵام بە گشتی لە وتویژێکا وەڵامەکان لە پرسیارەکان گرنگترن. تەکنیکێک بێننە کایەوە کە ببێتە هۆی ئەوەی کە خۆ ببوێرن لەوەی تەنیا لەسەر ئەو پرسیارگەلە بوەستن وا پێشتر ئامادەتان کردوونە. ئیزن بدەن وتوویژەکە بە پێی وەڵامەکان بڕواتە پێشەوە. بەو شێوەیە لەوانەیە بگەنە شوێنی ئەوتۆ، کە هەر چاوەڕوانیشتان نەکردووە.

٥. ئەوە رێنوێنیی فرانسوا رەیت بەرگەرە. ئەو یەکێکە لە پەیامنێرە ناودارەکانی پێشووی رۆیتەرز، ئێستا بووەتە یەکێک لە مامۆستاکانی.

دوایین قسەی من لەو دیمانەیەدا ئەوەیە، ئاخۆ قسەیەکت بۆ وتن ماوە؟ زۆر جاران کابرا بە دڵ حەزی لێیە باسی بابەتێک بکات، بەڵام هەڵنەکەوتووە.

٦. بیر بکەنەوە و بیر بکەنەوە و بەردەوام بیر بکەنەوە. بەر لەوەی دیمانەکە دەست پێ بکات، کاتێک بە رێگەوەن، بیر لەو بابەتە بکەنەوە وا گەرەکتانە دیمانەکەی لەسەر بکەن. بەر لە دەستپێکی دیمانەکە دەبێ بە گوێرەی پێویست لە بابەتەکەت و ئەو کەسەت کۆڵیبێتەوە وا دیمانەی لەگەڵدا دەکەیت.

**"بیر بکەنەوە و بیر بکەنەوە و بەردەوام بیر بکەنەوە. بەر لەوەی دیمانەکە دەست پێ بکات، کاتێک بە رێگەوەن، بیر لەو بابەتە بکەنەوە وا گەرەکتانە دیمانەکەی لەسەر بکەن"**

### سێ یاسای زێڕین بۆ پێکهێنانی دیمانەیەک:

دیمانە چەکی کاریگەری هەموو پەیامنێرێکە. ئەم بەشە دەتوانێ یارمەتیتان بدات بۆ دیمانەیەکی باشتر.

**١. خۆ ئامادەکردن:**

خۆ ئامادەکردن مەرجی یەکەمی دیمانەیەکی باشە. وای

دانیـن ماوەیەکـی زۆر کـورت و کەمت لەبەردەسـتدا ماوە، بەرپرسەکەت دەتنێرێتە فرۆکەخانە بۆ ئەوەی لەگەڵ باڵوێزێکا دیمانە بکەیت. دەبێ لە پێشدا زانیاریی تەواو لەسەر رابردووی کابرا بەدەست بێنی و هەتا دەگەیتە فرۆکەخانە ئەو زانیارییانە دەورە بکەیتـەوە، چەنـد بابەتێک بۆ قسـەکانت هەڵبژێریت و پرسیارەکانیشت دەستنیشان بکەیت. ئەگەر کاتت لەبەردەستا مـاوە، لە رۆژنامـە و کتێب و ماڵپەڕەکانـدا -هەڵبەت هەموو ماڵپەڕێک بـڕوە نابێ متمانەی پێ بکەیت- زانیاری کۆ بکەوە و دواتر پرسـیارەکانت بنووسـە. هەوڵ بدە بڕێک ئەو هەواڵە لە مێشکتا بێنە و بەرە، کە گەرەکتە بینووسیت.

ئەگەرچی وا باشـترە لە پێشدا پرسیارەکانی خۆت ئامادە بکەیـت، بـەڵام هـەوڵ بـدە نەبیتە کۆیلـەی بەردەسـتی ئەو پرسـیارانەی کە لەپێشـدا داترشـتوونە، چونکە لەوانەیە ئیتر زەیـن نەدەیتە وەڵامـەکان و ئەو پرسـیارانەت لەکیس بچێت کە دەکرێ لە قسـەکانی دەریانکێشیت. بەردەوام چاوەڕوانی گۆشەی نوێ و گۆڕانی چاوەڕواننەکراو بن.

**٢. قەول و قەراری دیمانەکردن:**

کاتێک دەتانەوێ کات و شـوێنی دیمانەکەتان دەستنیشان بکەن، بە جوانی دیاریی بکەن کە گەرەکتانە لەسەر چ بابەتێک بدوێن. هەروەها شـوێن و کاتـی دیمانەکەیش دیاری بکەن و لەسـەر کاتەکەی رێک بکەون. ئەگەر پێویسـتیتان بە وێنەگر هەیە لە پێشـدا دەستنیشـانی بکەن. هەمیشـە لە کاتی خۆیدا یان بڕێک زووتریش خۆتان بگەیێننە شـوێنی مەبەسـت. ئەو کەسـەی دیمانـەی لە تەکیا دەکـەن هەرگیز لـە چاوەڕوانیدا رایمەگرن.

هەوڵ بدەن هێمن و لەسـەرخۆ بن، شـوێنی دیمانەکەتان تـا دەکـرێ هێمـن و ئـارام و بـێ دەنـگ بێت (**لـە هۆتێل و ریستورانتەکانا دیمانە و وتوویژ مەکەن**). هەڵسوکەوتەکانتان خۆمانە بێت، سـەیرێکی دەوروپشـتی خۆتان بکەن. کۆمەڵێک وردەکاریـی کـە بەرچاوتان دەکـەون لەوانەیـە دیمانەکەتان رەنگاڵتر و زیندووتر بکەنەوە. بەر لەوەی دیمانەکەتان دەست پێ بکات، بڕێک جەفەنگ لێ دەن و سوعبەت بکەن بۆ ئەوەی ساردی و سڕییەک لە نێوانتانا نەمێنێت و ئەوەی دیمانەی لە تەکیا دەکەن هەسـت بە نامۆیی نەکات. ئاگاتان لە خۆتان بێ زمانێکی بڕیاردەرانە و دوژمنکارانەتان نەبێت.

باشـتر و بە ئەدەبترە ئەگەر بەر لە بەکارهێنانی تەسجیل ئیـزن وەرگـرن و روونی بکەنـەوە کە گەرەکتانە یادداشـت هەڵگرنـەوە یان دەنگەکە بڵاو بکەوە. شـریتی بەتاڵ و پاتریی زێدەشتان پێ بێت.

> **کاتێـک دەتانـەوێ کات و شـوێنی دیمانەکەتـان دەستنیشان بکەن، بە جوانی دیاریی بکەن کە گەرەکتانە لەسـەر چ بابەتێک بدوێن. هەروەهـا شـوێن و کاتـی دیمانەکەیـش دیـاری بکەن و لەسـەر کاتەکـەی رێـک بکەون**

هەواڵنامەی کتێب

**٣. ڕێککەوتنەکانی سەرەتا**

ئاخــۆ بەر لــە دەســتپێکی دیمانە دەبێ بپرســن کە ئەرێ دەتوانن قسەکانی بەرامبەرەکەتان لە زمانی خۆیەوە بگێڕنەوە یــا ئەوەی کە پێویســت نییە و دەبێ دەقاودەق بینووســنەوە. بە رای ئێمە ئەو پرســیارە زۆریش پێویســت نییە. وای دانێن دەتوانن هەموو ئەو شتانە بگێڕنەوە کە دەیلێت، مەگەر ئەوەی کە کابرای دیمانەی لەگەڵدا دەکەیت حەزی لێ نەبێت لە زمانی خۆیەوە بەشــێک لە قســەکانی بگێڕینەوە. لــەو حاڵەتەدا لێی بپرسن ئاخۆ ئەو ئیزنتان پێ دەدات بەبێ ئاماژە بە سەرچاوە قسەکانی بگێڕنەوە؟

**پەرجۆ (موعجزە)ی بێ دەنگی:**

ئەگەر پێتان وایە ئەو وەڵامەی دیمانەکراو پێتانی داوەتەوە قایلی نەکردوونە، چەند چرکەساتێک بێ دەنگ بن و هیچ مەڵێن. بە شێوەیەک لە شێوەکان ئیزنی پێ بدەن ئەو وەڵامەی پێتانی داوەتــەوە هــەر وا بمێنێتەوە، جار هەیە ئەو شــتانە تەریقیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە درێژە بە قسەکانیان بدەن و بابەتەکــە زیاتر شــی بکەنــەوە و پەردە لەســەر هەندێ لە راستییەکانیش لادەن.

پرســیاری وا مەکــەن کابــرا بــە «نەخێر» یــان «بەڵێ» وەڵامتــان بداتەوە. پرســیاری وای لێ بکەن ئــەو ناچار بێت قسە بکات و بابەتەکە زیاتر شیی بکاتەوە.

خۆ ئامادەکردن بەو واتایەیە، کە ئەوەندەی بۆتان دەکرێت زانیاری لەســەر رابردووی ئەو کەســە یان ئەو دامەزراوەیە بەدەست بێنن، کە دەتانەوێ دیمانەی بکەن. ئەگینا کاتەکانتان بە پرسیاری سادە و بەڵگەنەویست لە کیستان دەچن. ئەگەریش خۆتــان ئامادە کردبێت بــۆ بەرامبەرەکەتانی دەســەلمێنن کە ئێوەیــش خەرمانی خۆتان هەڵخســتووە، لێــرەوە دیمانەکراو زیاتــر متمانــە بە لێهاتووییتــان دەکات و زانیاریی پتر دەداتە دەست ئێوە.

> **لە چەند ساتی سەرەتادا لەگەڵ کەسی دیمانەکراو باسی شتی گشتی بکەن، ئەگەر بە باشی خۆتان ئامادە کردبێت، ئیتر باش دەزانن بەرامبەرەکەتان حەزی لێیە باسی چی بکات و کەیفی بە چ بابەتێک دێت**

ئەو کەســەی دیمانەی لەگەڵدا دەکەن لەوانەیە پێ دابگرێت لەســەر ئەوەی کە پێشتر چاوی بە پرســیارەکانتان بکەوێت، ئەگەر هیچ چارێکتان نەبوو پرسیارەکانی پێ بدەن بەڵام ئیتر ئــەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە دواتر هەر ئەم پرســیارانەی لێ بکەن.

ســڵاو و دەستپێک: لە چەند ساتی ســەرەتادا باسی شتی گشــتی بکــەن. ئەگەر بە باشــی خۆتان ئامــادە کردبێت، ئیتر بــاش دەزانن بەرامبەرەکەتان حەزی لێیە باســی چی بکات و کەیفی بە چ بابەتێک دێت، بۆیە باشترە سەبارەت بەو باسانە لەگەڵیــدا بیکەنە گۆنگەڵی خۆتان، ئەوە دەبێتە هۆی کرانەوەی کەشــوهەوای دیمانەکەتــان و چاوپێکەوتنەکەتــان خۆمانەتر

دەبێتەوە.
گرنگی بە شێوەی روانین و جووڵەی دەست و دەموچاوتان بدەن. کورسییەکەتان وا دامەنێن کە رێک بەرەورووی ئەو دابنیشن. چونکە لەوانەیە پێی ناخۆش بێت. کورسییەکە برێک بکێشنە دواوەتر و هەندێک بچنە لای گۆشەکەیەوە و پاڵ بدەنەوە و جاروبارەش چاوێک لە نێو چاوەکانی بکەن.
-یادداشت گرتنەوە- ئیزن وەرگرن بۆ ئەوەی کەڵک لە ریکۆردەر وەرگرن. ئەگەر ریکۆردەرتان بەکار هێنا، رێک بەرەورووی کابرای دامەنێن، چونکە لەوانەیە ئیتر ئەو بەردەوام بیر لەوە بکاتەوە کە خەریکە دەنگەکەی خەزن دەکرێت. ریکۆردەرەکە لە قەراغەوە دابنێن. هەرلەگەڵ دانیشتن لەرێوە دەفتەرۆکەی یادداشتەکانتان دەرمەهێنن. وا باشترە لەسەر ئەژنۆتان دایبنێن نەک ئەوەی کە لەسەر مێزەکە و لەبەردەم کابرای دیمانەکراو دایبنێن.
-با پرسیارەکانتان کورت و پوخت بن- ئێوە گەرەکتانە زانیاریی لە بەرامبەرەکەتان وەربگرن نەک ئەوەی کە خۆ رابنێن و خۆتان هەڵکێشن کە بەڵێ ئێوەش زیرەکن و شتێک دەزانن.
-لەسەرەتادا پرسیارە دژوارەکانتان مەپرسن- لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی ئەزیەتبوونی دیمانەکراو و بخزێتە قاوغی خۆیەوە و بکەوێتە بەرگریکردن لە خۆی یان ئەوەی کە خۆ ببوێرێ لە قسەکردن. پرسیارە دژوارەکان رابگرن تا ئەو کاتەی لانیکەم چەند پرسیارێکتان کردبێت و شتێکتان لە قسەکانی هەڵگرتبێتەوە.
بۆ هێنانەی ئارای پرسیاری دژوار وا باشترە لە زمانی کەسانی دیکەوە بیانکەین. بۆ وێنە: **«هەندێ لەوانەی رەخنەیان لێت هەیە دەڵێن»**. لە ئەستۆی خۆتانی داڕنن و پرسیارەکان بخەنە زاری کەسانی دیکەوە.
-کەڵک لە پرسیاری کراوە وەربگرن نەک داخراو - پرسیاری داخراو زۆربەیان بە **«فرمان»** دەست پێ دەکەن و وەڵامەکانیشان زیاتر یان بەڵێیە یان نەخێر. هەوڵ بدەن پرسیاری کراوە بێننە گۆڕێ. بۆ وێنە: چ هەستێکت بەرامبەر بەو بابەتە هەیە؟ ئەو بابەتە لەبەرچی ئەوەندە گرنگە؟ ئەوە چۆناوچۆن لێک دەدەیتەوە؟
بۆ پرسیاری داخراو، هەمیشە کات و شوێن هەیە. بە تایبەتی کاتێک دەتەوێ لەسەر بابەتێکی زۆر سەرەکی و گرنگ تەنیا وەڵامی بەڵێ یان نەخێر وەربگری.
- قەت چەند دانە پرسیار بەسەر یەکەوە مەکەن. چونکە پرسیارلێکراو زۆر سادە و ساکار کێهەیان بێ کێشەتر و سادەترە ئەویان وەڵام دەداتەوە.
-کەڵک لە بێدەنگ بوون وەرگرن- هەر لەگەڵ بێدەنگ

> **لەکاتی دیمانە، بۆ هێنانە ئارای پرسیاری دژوار وا باشترە لە زمانی کەسانی دیکەوە بیانکەین، بۆ وێنە: «هەندێ لەوانەی رەخنەیان لێت هەیە دەڵێن»، لە ئەستۆی خۆتانی داڕنن و پرسیارەکان بخەنە زاری کەسانی دیکەوە**

هەواڵنامەی کتێب

بوونی دیمانەکراو دەمودەست پرسیارێکی دیکە مەهێننە گۆڕێ. زۆرجاران کابرا خەریکە بیر دەکاتەوە ئاخۆ دەتوانێ چ وەڵامێکی دیکەش بداتەوە یان ئەوەی کە بیر لەوە دەکاتەوە زانیاریی زیاتر و گرنگتر بێنێتەگۆڕێ یان لەخێروبێری بچێتە دەرێ. دەرفەتی پێ بدەن.

ـــ ئەگەر لێی تێنەگەیشتوون ـــ ئەگەر پەلەقاژەی ئەوەتانە بزانن ئەو دەڵێ چی، کەڵک لە دەستەواژە و رستەی وەک **«ئەگەر باش تێگەیشتبێتم...»** وەربگرن یان ئەوەی کە پێی بڵێن **«ئەو بابەتە بۆ خەڵکی ئاسایی و رەشۆک چۆن شی دەکەیتەوە؟**.

–شتێکی دیکەش هەیە بە پێویستی بزانی بیڵێی؟ ـ لە کۆتایی هەر دیمانەیەکدا ئەو پرسیارە لە خۆتان بکەنەوە. زۆر جاران ئەوانەی دیمانەیان لە گەڵدا دەکەن کۆمەڵێک زانیارییان هەیە کە ئێوە ئاگاتان لێیان نییە.

ـــ بە ناوەکاندا بچنەوە ـ زۆربەی ئەوانەی بەشدارن لە دانیشتنە میدیاییەکاندا ناوی خۆیان دەنووسن. لە دەفتەرۆکەی یادداشتەکانی خۆتانا نەخشەیەک بکێشنەوە و دیاریی بکەن کێ لە کوێ دانیشتووە. ئاوا باشتر دەتوانن تێ بگەن ئاخۆ کێیە قسان دەکات.

–بە گروپ کار بکەن– لە کۆبوونەوە میدیاییەکاندا زۆر ئەستەمە بتوانن بە دوای ئەو پرسیارانەی کردووتانن دیسانیش پرسیاری دیکە بکەنەوە. هەر بۆیە خراپ نییە ئەگەر بە دوای ئەو پرسیارەدا کە ئەوانیتر کردوویانە لە درێژەی ئەواندا پرسیارێک بێننە گۆڕێ کە زیاتر بابەتەکەی پێ بکرێتەوە. ئەگەر بە گروپ کار بکەن، زانیاریی زیاتر بەدەست دێنن هەتا ئەوەی کە بە تاکەکەسی کار بکەن.

–لەبەر دەرگا– هەوڵ بدەن کاتێک ئەندامانی کۆنفرانسێک یان سمینارێکی راگەیاندن لە هۆڵەکە دەچنە دەرەوە، یان بەر لەوەی بێنە نێو هۆڵەکەوە، بچنە لایان. زۆر کەس حەزیان لێیە و پێی خۆشحاڵ دەبن ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانتان بدەنەوە و وردەکاریی زیاترتان پێ بدەن.

–بچنە لای ئەو پەیامنێرانەی لە بوارەکەی خۆیانا پسپۆڕن– ئەگەر ویستتان باسی بابەتێکی وا بکەن کە شتێکی ئەوتۆی لێ نازانن، یان بابەتێکی ئاڵۆز و پێچەڵپێچتان تووش بووە، سۆراغی ئەو پەیامنێرانە بکەن کە لەو بوارەدا لێهاتوون. وەشوێن کەسانێک بکەون کە لە پرسیارەکانیانەوە دیارە ئاگاداری رووداوەکانی ئەو بوارەن. پێش دەستپێکی سمینار یان دواتر، بچنە لایان و قسەیان لەگەڵدا بکەن. پسپۆڕەکان زۆربەی جاران کەیفیان بەوە سازە زانیارییەکانی خۆیان بدەنە خەڵکانی دیکەش.

**سەرچاوە: دامەزراوەی رۆیتەرز**
**وەرگێڕانی بۆ فارسی: بەرمەک بەهرەمەند**

# دەستپێکێک
# بۆ ناسینی راگەیاندنی حکوومی

**نووسینی: عەبدوللەتیف یاسین**

لەسەر داوای ڕێکخراوی (AGEF) هەر وەزارەتێک کەسێکی راگەیاندنکاری ناردن بۆ خوولێکی تایبەت بە پێگەیاندنی ووتەبێژی فەرمی لە وەزارەتەکان، بێ گومان ئەو هەنگاوە بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە جۆرێک لە شلگیری لە راگەیاندنی وەزارەتەکان هەیە، ئەوەش وا دەکات دووری و ناحاڵی بوونێک لە نێوان مێدیای حکوومی و ناحکوومی دروست ببێت، زۆر جار گرفت و چەواشەکردنی هاولاتیانی لێ دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بەندەش لە هەردوو راگەیاندن کارم کردوە و باش هەست بەو کەلێن و کەلەبەرە دەکەم، بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بخەمە بەر دەستی خوێنەر و خۆمی پێوە ماندوو بکەم، بە ئومێدی ئەوی بتوانین بە هەردوو میدیا خزمەتی ئەو وڵاتە بکەین و ئازادی و دیموکراسی بەرقەرار ببێت.

بۆ ئەم خوولە دوو راهێنەری سویدی ئامادەبووبوون:

یەکەمیان: peter weiderud، کە پێشتر راوێژکاری وەزیری دەرەوەی وڵاتی سوید بووە و رۆژنامەنووسێکی ناسراوی ئەو وڵاتەیە.

دووەم: peter Englen، کە راوێژکاری وەزیری پەروەردە بوو، ئەویشیان شارەزای بواری رۆژنامەنووسی سیاسی و ئابوورییە.

تا ئێستا ٥ تا ٦ خوولیان لە کوردستان بەڕێوەبردووە، کە نزیکەی ١٢٠ رۆژنامەنووس بەشداریان تێدا کردووە.

ناوەڕۆکی خوولەکە بریتی بوو لە راهێنانی راگەیاندنی وەزارەت و حکوومەت لەسەر چۆنیەتی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکانی دیکە، واتە میدیا ناحکوومی و حزبی و ئازاد هتد. واتە هەر ناوێکی میدیایی، کە لە دەرەوەی حکوومەت کار بکات.

هەروەها چۆنیەتی دارشتن و ئامادەکردنی هەواڵ و دابەشکردنی لە ناو دەزگایەکانی دیکە.

peter weiderud لە وتەیەکی ئاماژەی بە خاڵێکی زۆر گرنگ کرد، ئەگەر بکرێت زانیارییەکان بەهێز و دارشتنێکی باش ئامادەبکرێت، ئەوە راگەیاندنێکی ئەکتیڤی کارا دێتە ئاراوە، ئەوەش کۆمەڵێک هەلومەرجی

تایبەتـی دەوێـت تاوەکو بێتە کایـەوە لەوانە: دەبێت سـتافی راگەیانـدن بزانێت وەزیر چی دەوێت و بیر لەچی دەکاتەوە و چۆن بیر دەکاتەوە، ئەوەش پشت بە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان وەزیـر و سـتافی راگەیاندن دەبەسـتێت، هـەر چەندە وەزیر و سـتافی راگەیانـدن، پەیوەندییەکی تونـد و تۆڵ و بەهێزیان هەبێـت، ئەوەندە لێک تێ گەیشـتن دەبێت. بـە پێچەوانەوەش ئەگـەر دووری بکەوێتـە نێوانیـان و ئـاگاداری یەکتـر نەبن، ئەوە دەرەنجامەکەی دەبێتە ناحاڵی بوون لە یەکتری و کاری راگەیانـدن لاواز دەکات، هـاوکات کار و چالاکـی وەزیریـش پشت گوێ دەخرێت.


کەواتە:

پەیوەندی نێوان وەزیر + وتەبێژ یان (سکرتێری راگەیاندن) + ستافی راگەیاندن = وەزارەتێکی کارا و ئەکتیڤ

بە نێوانی ئەم سـێ توخمە هەر لێک ناحاڵی بوون دروست بێـت، ئـەوە وەزارەتێکـی لاواز کز دەردەکەوێـت و ئەگەر لە خـودی خۆشـی کارا بێت، چونکە پەیوەندی بـە جەماوەرەوە نییە. جەماوەر هیچ لە بارەی ئەم وەزارەتە نازانێت.

خاڵێکـی دیکەی بەهێزبوونـی راگەیاندنی حکوومی بریتییە لـە پێدانـی زانیاری پێویسـت بە میدیـاکان، چونکـە لە کاتی پێنەدانـی زانیاری و حەشـاردانی یان بەخشـینی بە جیاوازی (واتـە جیاوازی کردن لە نێوان دەزگاکان)، ئەوە گرفت دەخاتە بەردەمـی راگەیانـدن، چونکە میدیـای ئازاد کاتێـک زانیاری دروسـت لە شـوێنی خۆی بەدەسـت نەهێنی، ناچارە پەنا بۆ شـوێنی دیکە دەبات بۆ بەدەسـت هێنانی زانیـاری. هەرچەند کار ئاسـانی بۆ میدیای ئـازاد بکرێت ئەوەندە کاری وەزارەت ئاسان دەبێت.

نابێـت لـە بیرمان بچێـت کـە رۆژنامەنووس ئـازادە چی دەنووسـێت و چی دەڵێـت، بۆیە دەبـێ راگەیاندنی وەزارەت



بزانێت چ جۆرە زانیارییەکی پێ دەدات و چۆن پێــی دەدات، ئەگــەر نا ســەرکەوتوو نابێت لە گەیاندنــی پەیامەکــەی، تۆ ناتوانــی زۆری لێ بکەیــت، بــەڵام دەتوانــی بە جــۆرێ هەواڵ و تۆکمەیی، وای لێ بکەی هەواڵی وەزارەتەکەت بڵاو بکاتەوە.

خاڵێکی دیکە، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ڕاگەیاندنــی وەزارەت بریتیــە لــە تەنسیق کردن لەگــەڵ میدیا ئازادەکان یان ئەوانەی لە دەرەوەی میدیای حکومی کار دەکات.

peter Englen ئاماژەی بە چەند خاڵێک کرد، کە ئەوەشــیان بە ڕاســتی جێگەی قســە لەسەر کردنە ئەویش:

سەرەتا وتی ئەم ڕاهێنانە فێری وتەبێژیتان دەکات، مەبەســتی ئەوان لەم بابەتە دروســت کردنــی وتەبێژی وەزیر بوو، یان ســکرتێری وەزیــر بــۆ ڕاگەیانــدن یــان بەڕێوەبــەری ڕاگەیاندن، کە کاری وتەبێژی دەکات، ئەوەش هەر وڵات و حکومەتێک سیستمی تایبەت بە خۆی هەیە لەم شــێوازانەی کە باســمان کرد دیــارە لە کوردســتان بەڕێوەبەری نووســین وتەبێژی وەزارەتیشە.

بــۆ ئــەوەی وتەبێــژ یــان هەر یــەک لەم ناوانەی باســمان کــرد بتوانێت ببێتــە کەناڵی پەیوەندی وەزیر لەگەڵ میدیاکان. بۆیە دەبێت وەزیــر ئاگادار بکرێتەوە لــە هەموو باروودۆخ و زانیارییەکانــی دەرەوەی وەزارەت، هــەر بابەتێک یــان ووتارێک لە بــارەی وەزیر یان وەزارەت نووســرا بێــت، دەبــێ وەزیــری لێ ئــاگادار بکرێتەوە، ئەمەش وا دەکات لە نێوان وەزیر و ستافی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی پتەو هەبێت، ئەوەش لە ڕێگەی کەســێک دەبێت کە پێی دەوترێت وتەبێژ، ســەلاحیەتی تەســریح دانی هەبێت.

بۆیــە ئامانجی ئەو ڕاهێنانــە یارمەتیدان و هاوکاریکردن و ئاســانکردنی دروست بوونی پەیوەنــدی و دۆزینــەوەی میکانیزمی توند و تۆڵە بــۆ پتەوکردنــی پەیوندی نێــوان وەزیر و ســتافی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی سکرتێر یان بەڕێــوەری ڕاگەیانــدن کــە کاری وتەبێژیش دەکەن.

ئــەوەی جێگای قســە و باســە، تا ئێســتا وتەبێژ لە وەزارەتەکان دیاری نەکراوە لەگەڵ ئــەوەی بــە بڕیــار بەڕێوەبــەری ڕاگەیانــدن وتەبێژی فەرمــوو وەزارەتە بۆیە زۆر گرنگە ئەم پۆســتانە ئامادە بکرێن و کارا بکرێن، ئەم خوولــەش بۆ ئەوە بــوو، دوای فێربوون ئەو پۆســتانە بەم کەسانە بدرێت، پیتەر وتی: ئێمە کار دەکەین لەسەر ئەوەی ئێوە چۆن ببن بەو کەسە، زانیاری بە ئێوە و وەزیرەکانیش دەدەین بۆ چۆنیەتی بەگڕخستنی ئەم پرۆژەیە.

بەڵام لە کۆتایدا ئەو کارە پشت بە پەیوەندی نێــوان ئێوە و وەزیر دەبەســتێت، کاتێک ئێوە هەڵبژێــردراون دەبــێ ئێوەش خۆتــان ئامادە بکەن، وتیشــی لە لای ئەوان لە ســوید وتەبێژ لە هەمان پارتی وەزیر دەبێت، تاوەکو بتوانێت بــە تەواوی ئــاگاداری هەموو هەڵســوکەوتی وەزیــر بێــت لە هەر شــوێنێک بێــت، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە دەبێ وتەبێژی وەزیر تایبــەت بە خۆی بێــت، چونکە وەزارەت وەک ئەزموون لەســەر وەزیر حســابە هەر هێز و ســەروەرییەک هەبێت، ئەوە بــۆ کابینەی ئەو حکومەتە هەڵبژێــردراوە دەگەڕێتەوە، کە بۆ جاری داهاتوو پێگەی بەهێزتر دەکات.

ئامــاژەی بەوەش کــرد، کە ئــەم ڕاهێنانە بەشــێکی زۆری عەمەلی تێــدا دەبێت، چونکە ئــەو کارە دەبێ بــە عەمەلی بکرێت، بزانین بە ڕاســتی ئێوە توانای ئەم ئەرکەتان هەیە. دیار بــوو هــەر لە ســەرەتاوە داوای لــە ئێمە کرد بە شــێوەی عەمەلی کۆنگــرەی ڕۆژنامەوانی ئەنجام بدەین.

جەختیان لەســەر ئەوە کــردەوە، کە دەبێ ئەو ســتافە بەردەوام بێت تا کۆتایی خولەکە، کە مانگی سێ تەواو دەبێت.

موعیدەکانیشیان دیاری کرد.

تۆماس جیفرسۆن کە یەکێکە لە نووسەری دەستوری ئەمریکی دەڵێ: «ئەگەر لە من گەڕێن ئایا حکومەت هەبێت بەبێ ڕۆژنامەوانی یان ڕۆژنامەوانــی بەبــێ حکوومــەت مــن دووەم هەڵدەبژێرم».

لای جیفرسۆن گرنگی ڕاگەیاندن بە قەدەر هەرسێ دەسەڵاتەکەی دیکە بوو (کە تەشریعی

و تەنفیــزی و قەزاییــە)، چونکــە ڕاگەیاندنــی ئازاد پارسەنگ دەخاتە نێوان ئەو دەسەڵاتانە، هەروەهــا ئەو پەیوەندی و پارســەنگی نێوان حکومــەت و گەلانە لەم کەناڵــەوە حکوومەت و گەل بە یــەک دەگەن و لە یەک حاڵی دەبن، هەروەها میدیا پەیوەستی بە دەستەبەر بوونی دیموکراســیەت، واتە لەگەڵ بوونی میدیا ئازاد دیموکراسیەت بەرقەرار دەبێت، چونکە گفتوگۆ هەڵدەگرێت و قسەوباس دەخوازێت بە هەمان شــێوە ڕۆژنامەوانیش ئەم شــتە هەڵدەگرێت، هەروەهــا کاریگــەری لەســەر ئابوورییەکــی چالاک و کارا دەبێت، چونکە بە پێچەوانەوەش دیکتاتۆریــەت تەنیا زیانی بۆ سیاســەت نییە، بەڵکــو بــاری ئابووریــش تێکــدەدات و دوای دەخات و خراپی دەکات .

میدیاش ئەگەر بە خراپ بەکاربێت هەڕشە لــە دیموکراتــی دەکات، ئەگــەری توندوتیژی بڵاودەکاتەوە .

بۆیــە دەبینــی لــە وڵاتــە پێشــکەوتوو و کراوەکان ڕاگەیانــدن ڕۆڵی کارا و کاریگەری هەیە، بەشێکە لە مەرکەزی قەرار و ژمارەیەکی دیــارە لە هاوکێشــەکە، کە هەرگیز پشــتگوێ ناخرێت.

کابینــەی وەزارەت لــەم چــوار بەشــە پێکدێت:

١- سکرتێری ڕۆژنامەوانی.
٢- ووتەبێژ.
٣- ستافی ڕاگەیاندن.
٤- بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن.

بێگومان دەکرێت کەسێک لەم چوار بەشە، زیاتر لە پۆستێک وەربگرێت و بەڕێوەی ببات، وەک باســمان کــرد ســکرتێری ڕۆژنامەوانی دەبێتــە خاڵی بەیەکگەیشــتن و کۆبونەوەی لە نێوان وەزیر و ســتافی ڕاگەیانــدن و میدیای ئازاد، دەبێ ئەو توانایەی هەبێت ببێتە جێگەی متمانە و مەرجەعی میدیاکان.

ســەبارت بە میدیای ئازاد لە کوردســتان وتــی: میدیا لە کوردســتان لە گــۆڕان دایە و بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات، کۆمەڵێک میدیای نێودەولەتــی هەن، بە ســتاندەری جیهانی کار دەکــەن وەک (العربیە، الجزیرە و بی بی ســی هتــد) میدیــای کوردیش بــەرەو ئــەو حاڵەتە دەڕوات، دەتوانم بڵێم بەرەو نزوج و پێگەیاندن دەڕوات. ئەم حاڵەتەش هەموو دامودەزگاکانی میدیای کــوردی گرتۆتەوە هەمــوو میدیاکان حزبــی و حکوومــی و ئازاد هەمــووی بەرەو گۆڕان و ســەربەخۆیی دەچێت.

لەگەڵ ئەم گۆڕانە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە هەموو لایەک هاوشانی ئەم گۆرانە شارەزایی و ئاگاداری پرەنســیپەکانی ڕۆژنامەگەری بن، ئەوەش وا دەکات کەناڵی لێکحاڵی بوون زیاتر بێت لە نێوانیــان (حکوومی و حزبی و ئازاد)، بۆیــە ناســینی ئــەو پرەنســیپانە زۆر گرنگە: پرەنسیپەکان وەک:

یەکەم: گواستنەوی راستیەکان ڕۆژنامەی ئازاد ســەیری ڕاگەیاندنــی حکومی دەکات تا چەنــد ڕاســتییەکانی بۆ دەگوازێتــەوە، کاتێک بزانێــت وتەبێــژ درۆی لەگەڵــدا دەکات تورە دەبێــت، یان گومانی بۆ دروســت بکات وەک گورگ تاوی دەدەن، میدیای سەربەخۆ لە دوای ڕاســتی هەوڵ دەدەن دەیانەوێت بە دەســتی بێنن و ئــەو ماندوبوونەشــیان بۆ حکوومەت نییە، بەڵکو بۆ خەڵکە، چونکە حکومەت لە لایەن گەلە هەڵبژێردراوە بۆیە کاری ڕۆژنامەی ئازاد چاودێری کردنی حکوومەتە..!!

دەرەنجامــی ئــەو چاودێریــەش بــە گەل ڕادەگەیەنێت تاوەکو ئاگاری ئەدای حکوومەت بێــت، بۆیە دەبــێ میدیای حکوومی ســنگیان زۆر فــراوان بێــت لەگەڵیان چونکــە لەوانەیە کەســێکیان زۆر مزعــج بێت، بــەڵام تۆ دەبێ قەبوڵ بکرێت ئاسایی بێت.

دووەم: سەربەخۆی ڕۆژنامەنووس لە کاتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری بەبێ لایەنگری زۆر پێویستە بەڵام دەبێ ڕۆژنامەنووس بزانێت چی دەکات،peter weiderud دەڵێت کاتێک دەســتم بــە کاری ڕۆژنامەگەری کــرد دوای تەواوکردنــی خوێندنم، بە ڕۆژنامەنووســێکی ســەربەخۆ ناســراو بووم، بەڵام کاتێک داوام لــێ کــرا لە لایــەن وەزیری دەرەوەی ســوید و بــووم بــە ســکرتێری ڕاگەیاندنی دەســتم لــە کاری ڕۆژنامەنوســی ئــازاد هەڵگرت، بە

ئەقڵی حکوومەت بیرم دەکردەوە. ئەوەش کاری ڕاست و دروستە دەبێ ئاراستەی بیرکردنەوەم بگۆڕێت.

سێیەم: شتێکی دیکە ئەویش جۆراوجۆری لە زانیاری زۆر گرنگە بۆ خوێنەر، هەروەها ئاگاداری شتێکی گرنگ بن ڕۆژنامەنووسانی ئازاد فێڵتان لێ نەکەن چونکە زۆر جار زانیاری تەواویان نییە، بەڵام لە لای تۆ دەڵێن: لە لایەکی دیکە ئەو هەواڵەمان پشت ڕاست کردۆتەوە بۆ ئەوەی زانیاریت لێ وەربگرن.

چوارەم: شتێکی دیکەی گرنگ هەیە ئەویش ویژدان زیندویی لە کاتی کارکردندا، هەر کەسێک بە کارێکی کرد، با گوێ لە وێژدانی خۆی ڕابگریت و بە دڵی زیندوو کار بکات.

کەواتە ئێوە ڕۆڵی سەرەکیتان هەیە لە بەرەو پێش بردنی ڕۆژنامەی ئازاد ئەگەر بەرامبەریش ڕێزی لە پرنسیپەکان نەگرت، ئەوە تۆ دەستی پێوە بگرە و بەردەوامبە لەسەر ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری.

پێنجەم: دەبێ ئەوە کەسەی لە میدیای حکوومی کار دەکات پێشینەیەکی هەبێت لە کاری ڕۆژنامەی ئازاد و سروشتی بناسێت دەبێ بزانێ ڕۆژنامەی ئازاد لە کەم و کورتی حکوومەت دەگەڕێت، ئەم شوێنانەی کەم و کورتی تێ دەکەوێت ئەو زەقی دەکاتەوە..!! لای ئەو گرنگ ئەوەیە کاتێک پردێک دەکەوێت، بەڵام دروست کردنی پرد بۆ ئەو هەواڵ نییە.. کەواتە ئەو لە دوای هەواڵی خراپ دەگەڕێت کارەکەی گەڕانە لە دوای پەنا و پەسێو و ژوورە تاریک و نادیارەکان، دەبێ ئێوە ئەوە بزانن، هەروها ناکرێت ڕۆژنامەی ئازاد ئەجەندای دیاری کراوی هەبێت ناکرێت وەک میدیای حکوومی بێت.

شەشەم: خاڵی گرنگی دیکە، ناکرێت بیروڕا لەگەڵ زانیاری و ڕاستییەکان تێکەڵ بکرێت، واتە نابێت هەواڵ بە ئایدیولۆژیا بکرێت مەبەست تەنیا گواستنەوەی ڕاستییەکانە.

تەوەریەکی دیکە، ئەویش بەرەو ڕێکخستنی کاری وتاربێژ هەر وەک لەمەوبەر ئاماژەمان پێی کرد:

Different Roles

1-Press secretary
2-Spoke sperson
3- Media departments
4- media Directar

تێبینییەک هەیە ئەویش ئەوەی زۆر گرنگە بە تایبەتی لە سوید نابێت بە هیچ شێوەیەک سەرچاوەی زانیاری ئاشکرا بکرێت، چونکە ئەگەر سەرچاوەی زانیاری ئاشکرا بکرێت، ئەوە بە دەستکەوتنی زانیاری بەرەو ئەستەم دەچێت و هەرەشە لە ئازادی دەکرێت.

لە کاتی بەستنی کۆنفراس، پێویستە پشتگیری وەزیر لە کاتی بەستنی کۆنفراس، هەروەها پارمەتی ستافەکەش بدرێت. بەم هەیکەلی لە سەرەوە باسمان کرد، سکرتێری ڕۆژنامەوانی ئەم وەزیفەیە لە وەڵاتی سوید هەیە و جیاوازیشی لەگەڵ وتەبێژ.

یەکەم: سکرتێر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیر هەیە.

دووەم: هەورەها کارەکانی لە دوای کامیرایە.

سێیەم: زۆر لە وەزیر نزیکە، دەبێ زۆربەی کاتەکانی لەگەڵی بێت و سایکلۆژیای وەزیر بناسێت، ڕۆبرت وتی: وەزیرەکەی من کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر و لێهاتوو و کاریگەر بوو، توانای وتاری زۆر بەهێزی هەبوو، بە شێوەیەک نووسینەکانی خوێنەری زۆری هەبوو، بەڵام خاڵی لاوازی ئەم وەزیرە، کە وەزیری پەروەردە بوو زۆر لەخۆی بایی بوو، ئەوەش وای کردبوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان پەیوەندی خۆش نەبێت، بۆیە بە هەموو هێزم ڕیگریم لێ دەکرد بۆ ئەوەی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام نەدات، بەڵکو بۆ ئێمەی بەجێ بێڵێت.

چوارەم: وەک باسمان کرد دەبێ خاڵی گرێدانی وەزیر و ستافی ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد بێت.

پێنجەم: نووسینی ڕاپۆرت و وتاری وەزیر بە تەنسیقکردن لەگەڵ وەزیر و بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی ناوە وەزارەت لە ڕێگەی ستافی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتییەکان، چونکە زۆر خراپە وەزیر تەسریحی سەرپێی

بدات، بەڵکو دەبێ نووسراو بێت تاوەکو نەکەوێتە هەڵە و کاردانەوەی خراپ بەرامبەر پرسیاری رۆژنامەنووسان.

شەشەم: هاوکات کاوکاری راپۆرت نووسین هەواڵ دەکات و زانیاریش دەدات بە وەزیر.

حەوتەم: هەروەها جیاوازی لەگەڵ ستافی راگەیاندن ئەوەیە ئەو تەنیا گرنگی بە وەزیر دەدات، بەڵام ستاف گرنگی بە هەموو وەزارەت دەدات.

**سیفاتی سکرتێر**

یەکەم: کەسێکی رێکخەر بێت.

دووەم: کەسێکی خۆش مەشرەب و سینە فراوان بێت و توانای خۆراگرتنی هەبێت لەژێر فشارەکان، کە لەوانەیە رۆژانە تووشی بێت.

سێیەم: خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکان هەموو بەیانیان تاوەکو وەزیر ئاگادار بکاتەوە لە هەواڵەکان و بابەتەکانی رۆژانە، پەیوەندی بە وەزیر و وەزارەت هەیە.

چوارەم: دەبێ پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان هەبێت، و جێگەی متمانەیان بێت.

پێنجەم: نابێت جیاوازی لە نێوان هیچ رۆژنامەیەک بکات دەبێ بەیەک چاو سەیریان بکات.

شەشەم: وەک باسمان کرد کاری لە رۆژنامەی ئازاد کرد بێت.

حەفتەم: نابێت تموحاتی سیاسی هەبێت ئەگەر تموحاتی هەبێت لە کارەکانی سەرناکەوێت .

هەشتەم: یەکلابووبێتەوە بۆ وەزیر کەسایەتی خۆی تواندبێتەوە لەناو کەسایەتی وەزیر تا ماوەی کابینەکە بەسەر دەچێت.

نۆیەم: دەبێ حەز لە دەرکەوتنی خۆی نەکات هەموو مەبەستی دەرکەوتن و سەرکەوتنی وەزیر بێت.

دەیەم: خۆی لەبەری فشار رابگرێت.

یازدە: کەسێکی لەسەرخۆبێت.

دوازدە: ئیجابی بیر بکاتەوە.

سێزدە: کەسێکی نەفس بەرز و چاوی لە دەست کەس نەبێت.

چواردە: دەبێ کەسێکی بوێر و ئازا بێت و بتوانێت بەرەنگاری وەزیر بێتەوە لە کاتی ئەنجام دانی کارێکی هەڵە، چونکە پێویستە تۆ رێگە نەدەی وەزیر بکەوێتە هەڵە. نابێت لە هەموو شت هاورای وەزیر بێت، چونکە بەم شێوە تووشی هەڵەی دەکەیت.

پازدە: دەبێ بەر لە هەموو کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری پرسیاری سەخت و توند لە وەزیر بکات بەر لەوەی رۆژنامەنووس ئیحراجی بکەن هەر پرسیارێک کە دەکرێت لە وەزیر بکرێت دەبێ تۆ بیکەیت ئەگینا لە دەرەوە لێی دەکرێت و بەرنگاری پرسیاری رۆژناموسان دەبێتەوە. ئەگەر وەزیریش بەمە رازی نەبێت ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەکات، پێویستە وتەبێژ هەفتانە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ئەنجام بدات.

هەندێکیش لە وڵاتان تەنیا وتەبێژی هەیە وەک کوردستان. وڵاتەکان لەم شتە جیاوازن، ئەمەریکا و ئەلمانیا وتەبێژیان هەیە، هەر حکومەتێکیش ئازادە چ سیستەمێک بەکار دێنێت.

دەبێ وتاربێژ ئەم شتانەی لای ئامادەبێت، ئامادە بێت لە بەردەمی رۆژنامەنوسان قسە بکات. بە جوانترین شێوە بابەتەکەی دابرێژێت لە رووی زمانەوانیدا، هەروەها زۆر کورت و پوخت بێت، ئەگەر کەمتەر خەم بێت ئەوە زیان بە وەزیر دەگەیەنێت، جورئەتی رەخنەگرتنی لەخۆی هەبێت.

هەروەها ئاگاداری خاڵە لاوازە و بەهێزەکانی وەزیر بێت.

وەک باسمان کرد ستافی راگەیاندن ئەو گرنگی دانەیان بە وەزیر نییە، هەروەها پەیوەندیشیان کەمترە بە وەزیر، لە ڕووی بابەتیش گرنگیان گشتگیرترە.

سکرتێر دەبێ قەناعەت بە میدیا بێنێت، بەڵام ستاف راستیەکان دەگوازنەوە، ستاف خەریکی بابەتی جۆراوجۆرە، بەڵام سکرتێر تەنیا وتاری وەزیر.

سکرتێر کۆبوونەوەی لەگەڵ ستاف دەبێت.

دەبێ سکرتێر بەر لە کۆنگرەی

رۆژنامەوانی هەموو شتێکی ئامادە کردبێت وەک ئالا و پرسیارە ئەگەرەکان، ئامادەکردنی ستاف، دەعوەتنامە، بیرکردنەوە لە هەموو پرسیارەکان) هەروەها رۆڵەکان بە وردی دابەش بکات و ئەرکەکان بەسەر ستافی وەزیر دابەش بکات هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەر ئاگاداری یەکتر بن.

بەڵام بەرپرسی راگەیاندن بەرپرسە لە دانانی پلانی ستراتیژی گشتی راگەیاندن تاوەکو چالاکی و دەستکەوتەکانی وەزیر وەزارەت بزر و ژێر ئاو نەکەوێت. چونکە هەرچەندی چالاکی و بەرهەمی گرنگ هەبێت ئەگەر راگەیاندن بڵاوی نەکاتەوە و هاووڵاتی لێی بێ ئاگا بێت، ئەوە دادی نییە. لەوەش گرنگتر پێویستە راوێژکاری پسپۆر هەبێت بۆ دانانی پلانی ستراتیژی چونکە مەرج نییە هەموو جار سیاسیەکان لە باری راگەیاندن حاڵی بن، بۆیە دەکەوێتە هەڵە.

زۆر گرنگە لە نێوان ستاف و سکرتێر وتەبێژ و بەڕێوەبەر پەیوەندی توندوتۆڵ هەبێت. هەروەها گرنگە رۆژانە وتەبێژ یان سکرتێر و بەڕێوەبەر لەگەڵ وەزیر چەندین دانیشتن ئەنجام بدەن.

**کەسایەتی بەڕێوەبەر**

١- کەسێکی سەرکردەبێت.
٢- زۆر کراوەبێت لە هەموو بوارەکان.
٣- نوێکاری لای ئاسان بێت.
٤- دیدگایەکی گشتی هەبێت.

لە بەشێکی دیکەی بابەتەکە تیشکی خستە سەر دانانی پلانی ستراتیژی لە کاتی تەنگەتاویدا، کە کۆمەڵێک میکانیزم و کەرستە بگرێتە خۆ.

هەروەها تێبینیەکی دیکە، دەبێ وتەبێژ ئەم چەند خاڵە تێبینی بکات:

١- بزانیت کە رۆژنامەنووسان چاوەڕێی راستی لە ئێوە دەکەن.
٢- ئەگەر پرسیارێکیان لێ کردووی، مەڵێ نازانم، چونکە نابێ حکوومەت شت نەزانێت، دوای بێ متمانەیی دروست دەبێت.
٣- نابێت بە هیچ شێوەیەک درۆ لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو راستیەک بگوترێت.
٤- خۆ دوور گرتن لە تەعقید و تەکلیف لە قسە کردندا.
٥- ئاسان بکەویتە بەردەستیان نەوەک تەلەفۆن دابخەیت یان وەڵامیان نەدەیتەوە.
٦- ئەوان لەدوای هەواڵی گەرم و کاریگەر دەگەڕێن.
٧- لە کاتی نەبوونی زانیاری بۆیان ئەوە بۆ خۆیان قسەی سەرجادە دەکەنە هەواڵ و دەڵێن دەزگای بەرپرس وەڵامی نەبوو.
٨- هەر شتێک لەم شتانە شاراوە بێت قسەی خراپ دروست دەبێت وەک تەمبەڵ و بێ ئاگا و لەخۆبایی و ترسنۆک، بۆیە دەبێ زۆر بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکرێت.
٩- دەبێ ئەوە بزانن جار هەیە رۆژنامەنووسان پێویستیان بە هەواڵێکی بەپەلە هەیە، بۆیە دەبێ زۆر ئازایانە تەعامول لەگەڵ کات بکرێت و ئەگەر دەقەیەکیش بێت.
١٠- جاریش هەیە پێویست ناکات وەزیر یان وتەبێژ قسە بکات، بەڵکو یەکێک لە ستافی راگەیاندن بابەتەکە دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە.
١١- هیچ موبەریرێک نییە بۆ ئەوەی تۆ ناخۆشی لەگەڵ رۆژنامەنووسان پەیدا بکەیت، تۆ پێویستە راستییەکان بگەینیت و بەبێ جیاوازی لەگەڵ رۆژنامەکان، چونکە ئەوە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکات، چونکە کاری تۆ روون و ئاشکرایە و دیارە، هیچ بیانوویەکیش بۆ ئەم شتە نییە .

دەبێ زوو ئاوڕ لە رابردوو بدەینەوە تاوەکو بزانین چەند هەنگاو چوینە پێشەوە و بەراورد لە نێوان ئێستا و رابردوو و قۆناغەکانی دیکە بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین چەند بزاڤمان کردووە، بێگومان بازدە ساڵ بەر لە ئێستا زۆر خراپ و لە دواوە بووین بەڵام ئێستا لە قۆناغێکی دیکەین بەرەو باشتر دەڕۆین.

ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی گەورە بۆ ئەم جیهانە بەهێز و کاریگەرە.

# راگەیاندنی ئیسلامیی

## لە نێوان تیۆر و واقیعدا

هەژار حاتەم

**ناساندنی راگەیاندنی ئیسلامیی**

رەنگە راگەیاندنی ئیسلامی، بەو سیفەتەی لە واقیعی کوردستاندا وجودی فیعلی هەبووە و هەیە، ئەوەندە نامۆ نەبێت، کە پێویست بە ناساندن بکات، بەڵام، گەر ناساندن، یان پێناسێکی بکەین، رەنگە گرنگ و پێویستیش بێت، هەم وەکو پێویستییەکی توێژینەوەکە، هەم بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەو بارەوە شتێک بزانن.

راگەیاندنی ئیسلامی، لە پێش راپەڕیندا، لەگەڵ دروستبوونی پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکاندا، بە نهێنی و ئاشکرا، لە شێوەی گۆڤار و رۆژنامەدا، وەکو گۆڤارەکانی: (**بانگی هەق، راپەڕین، النفیر، ئاسۆی ئیسلام، ئاڵای ئیسلام....**) هەروەها وەکو رۆژنامەی (**النفیر**) کە دواتر گۆڕا بە گۆڤار، هەروەها بە شێوەی بڵاوکراوەی زنجیرەیی، بە ژمارەی یەک لە دوای یەک، وەکو: (**دەنگی شەهیدان، بەندەکانی خوا، هەڵکەوتوان و ناودارانی ئیسلام...**) دەرچوون و بڵاوکراونەتەوە.

بەڵام لەو زەمەنەدا (**پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١**) شتێک نابینین بە ناوی کەناڵی تەلەفیزیۆن، یان رادیۆی ئیسلامی، تاکو دوای راپەڕین، کە هەلێکی باش رەخسا بۆ دەرکەوتنی چەندین کەناڵی میدیا، لە بیستراو و بینراو و خوێندراو، کە لەوسەری ئیسلامیی بۆ ئەو سەری چەپی تێدایە، بێگومان هەر یەکەشیان لە رێگای ئەو کەناڵە میدیایانەی دروستیان کردووە، هەوڵدەدات ئەو پەیامە بگەیەنن، کە خۆیان مەبەستییانە، ئەوەش وابزانم مافێکی سەرەتایی هەڵگرانی هەر ئایدیا و فیکرەیەکە، کە خۆی چۆن قەناعەتی پێیەتی، ئاوا بەو شێوەیە ئاراستەی، یاخود پێشکەشی کۆمەڵگاو جەماوەری بکات، دواجار جەماوەر و کۆمەڵگاش بڕیاری خۆیان دەدەن، بە وەرگرتن، یاخود بە رەتکردنەوەی، کە پێی دەوترێت فیدباک (feedback).

بۆیە لەم توێژینەوەدا، هەوڵدەدەین لەو ڕاگەیاندنە بدوێین، کە پێیدەوترێت ڕاگەیاندنی ئیسلامییو دیارترین خاسییەتی، گوتارەئیسلامییەکەیەتی.

## چەمکی ڕاگەیاندنی ئیسلامیی

ناساندن و پێناسەکردنی چەمکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بۆچوون و ڕای جیاوازی لە سەرە، چونکە شوێنکات و سەردەمەکان و تێڕوانینی نووسەر و شارەزاکان، پێناسەی چەمکی ناوبراوی گۆڕیووە و دەیگۆڕێت، بۆیە چەند پێناسەک لەو رووە دەخەینەڕوو، کە لە روانگەیەکی زانستیی راگەیاندنەوە بۆ چەمکی راگەیاندنی ئیسلامی کراوە و لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویشەوە هەڵمانهێنجاوەووەرمانگرتوون:

بە بۆچوونی (**دکتۆر عەبدولوەهاب کەحیل**) مەبەست لە راگەیاندنی ئیسلامی: **«پڕۆژەیەکی ئامانجدارە، پەیامەکەی گشتگیرە، بێ جیاوازیی، ئامانجی لێی هۆشیار و بێدارکردنەوەی وەرگرەکانییەتی. بە هیچ شێوەیەکیش مەبەست لە چەمکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، زانست و چەمکێکی نوێ نییە، هەروەها ڕەتکردنەوەی شێوازە باوەکانی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو ڕاگەیاندن هەر راگەیاندنە، بەڵام ئەوەی دەیگۆڕێت و مەبەستی ئێمەشە، ئەو راگەیاندنەی ئێستا هەیە بە شێوازێک بیگونجێنین، کە هاوکوف بێت بە سروشتی کۆمەڵگاکەمان، وەکو کۆمەڵگاییەکی ئیسلامی».**(١)

هەروەها دکتۆر عەبدولوەهاب، پێیوایە ئامانج لە خوێندن و توێژینەوە لە ڕاگەیاندنی ئیسلامی، بانگەواز نییە بۆ دواکەوتن و چەقبەستن و بەکارنەهێنانی هۆکارە هاوچەرخو پێشکەوتووەکانی ڕاگەیاندن.

هەر لەو بارەیەوە و لە پێناسەیەکی گشتگیرتردا، (دکتۆر عەبدولوەهاب) دەڵێت: **«ڕاگەیاندنی ئیسلامی بەکارهێنانی ڕێباز و بەرنامەی ئیسلامە، بە شێوازی هونەری ڕاگەیاندن، کەسی زانا و شارەزا و تێگەیشتوو، لە دین و سروشتی ڕاگەیاندن و هۆکارە پێشکەوتووەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەر (وەرگر) پێیهەڵدەستن، ئەو هۆکارە پێشکەوتووانەش بۆ بڵاوکردنەوەی: بیروبۆچوون، هەواڵ، بنەما و بەها ئەخلاقییەکان بەکاردەهێنن... لە چوارچێوەی بابەتیبوونی تەواودا و بە ئامانجی ئاڕاستەکردن و هۆشیارکردنەوە و ڕێنومایی کردن، ئامانجی سەرەکییش دروستکردنی کاریگەرییەکی مەبەستدارە».**(٢)

هەندێک توێژەری تر لە دیدو تێڕوانینێکی مێژووییەوە، بۆ چەمکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی دەڕوانن و لە چوارچێوەیەکی زەمەنیی تەسکدا پێناسەی دەکەن، لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا، کە ماناو مەدلولێکی کەلەپووریی دەگەیەنێت، لە هەمانکاتدا مومارەسەیەکی سنووردارە لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا (**بە بڕوای کەسانێک**)، هەر وەکو ئەو توێژینەوانەی، کە لە بارەی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی لە سەردەمی پێغەمبەردا (**دروودی خوای لێبێ**) و جێنشینەکانیدا، ئەنجامدراون.

پەیڕەوانی ئەو جۆرە تێڕوانینە، بەوە نموونە دەهێننەوە: **«کە لەو سەردەمدا** (سەردەمی پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت و دواتریش) **چەند شاعیرێکی وەکو حەسانی کوڕی سابت و کەعبی کوڕی مالیکو ..تاد، هەبوون، هەر کاتێک شاعیرە بێباوەڕ و موشریکەکان، هێرشیان بکردایە سەر مسوڵمانان** (بە شیعر)، **پێغەمبەر** (دروودی خوای لێبێت) **فەرمانی پێدەکردن، کە بە هەمان شێوەی ئەوان وەڵامییان بدەنەوە، کە ئەوەش جگە لەوەی پراکتیزەکردنی شێوازێکی ڕاستەوخۆی ڕاگەیاندنە، لە هەمانکاتدا جۆرێکیش بووە لە بانگەواز و پڕوپاگەندەلەوکاتەدا».**(٣)

هەروەهــا تێڕوانینــی تریــش، لــە ڕووی واقعییــەوە بۆ چەمکی ڕاگەیاندنی ئیســلامی دەڕوانێــت، ئەویــش بــە پشــت بەســتن بــە مومارەســەی واقعیی چەند لایەن و بوارێکی ســنووورداری ڕاگەیاندنــی ئیســلامیی، بــەو پێیــەش کە ئــەو ڕاگەیاندنــە «**ڕاگەیاندنێکی دینیی تایبەتە**» پەیامەکەی لە سنووری چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراودا کۆ دەکاتەوە، یاخود لە ســنووری ئەو ڕۆژنامــە و گۆڤارانەی کە خۆیان بە «**ئیســلامیی**» دەناسـێنن.

بەرامبــەر ئــەو تێڕوانینــە جیاوازانــەی ئاماژەمان بۆیــان کرد، تێڕوانینێکی تر هەیە، کە لە ســەر بنچینەی ڕەهەندی جوگرافی بۆ ڕاگەیاندنی ئیســلامیی دەڕوانێت و پێیانوایە ڕاگەیاندنی ئیسلامیی هەموو ئەو ڕاگەیاندنانە دەگرێتــەوە کــە لە وڵاتــە ئیســلامییەکانەوە دەردەچــن.(٤)

بــەڵام بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئــەو تێڕوانینانەی ســەرەوە، (**دکتــۆر عەبدولقادر گاش**) پێیوایــە ڕاگەیاندنــی ئیســلامیی بــەو شــێوازەی ئێســتا هەیــە، کــە بــە ئاڕاســتە ئیسلامیی و ئینتمابوونی بۆ پارتو ڕێکخراوە ئیســلامییەکان دەناسرێتەوە، سەرەتای ئەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵی (١٨٨٨)، کاتێــک لە سەر دەستی جەمالەدینی ئەفغانیو موحەمەد عەبــدە، بــۆ یەکەمجــار ڕۆژنامــەی (**العروة الوثقى**)یــان بڵاوکــردەوە.(٥)

لــە ڕاســتیدا تێگەیشــتنی تەواو وشــیاو بــە ڕاگەیاندنــی ئیســلامیی، دەتوانیــن بڵێین (**تێگەیشتنی مەنهەجی**)یانەیە، کە پێوەرەکانی ڕاگەیاندنــی ئیســلامیی، نە لە ســەر بنچینەی سنووورە جوگرافییەکان و نە لە سەر ئەساسی ســنووورە مێژووییــە دەســتکردەکان و نە لە سەر بنچینەی پیادەکردنێکی واقعیانەی هەڵە لە ژیاندا بینا دەکات، بەڵکو پێوەرە ئیسلامییە ئیعلامییەکانــی لــە ســەر بنچینــەی ڕوانگــە ســەرەکی و فیکریی و کۆمەڵایەتی و مرۆییە هەڵێنجراوەکان لە ڕۆحی ئیسلام و تێڕوانینە سەرەکییەکانی ئیسلام، دەربارەی گەردوون و ژیــان و مــرۆڤ بینــا دەکات، تێگەیشــتن و ئاشــنابوون لــە ڕاگەیاندنــی ئیســلامیی بەو تێڕوانینە گشــتگیرییە لەگــەڵ حەقیقەتی ئیســلامدا یەکگرێتــەوە، بەوەی کە ئیســلام بەرنامەیەکــی گشــتگیرە بــۆ ژیــان.(٦)، بەڵام (**محمد رشدى عبيد**)، کە نووسەرێکی کوردە و ئیسلامییشە، ڕەخنە لە هەر دوو تێڕوانینی مێژوویــی و جوگرافیــی دەگرێــت و پێیوایە، دیــد و تێڕوانینــی جوگرافیــی بۆیــە هەڵەیە، گوایە» **ڕاگەیاندنی ئیســلامی ئــەوە نییە، کە لــە وڵاتــە ئیســلامییەکاندا، بە پێی پێویســت بەرهــەم دەهێنرێــت، کە ئــەوەش تێڕوانینی توێژینەوە بیانییەکانــە»**. هەروەها تێڕوانینی مێژووییــش بۆیــە هەڵەیــە، چونکــە «**ئــەو شــێواز و تێڕوانینە کتومت بەرجەستەکردنی ئیســلام و پێغەمبــەرە (درودی خوای لێبێت) بە شــێوازێک تەوزیف و پەخش دەکرێت، کە ناگونجێت لەگەڵ شــوێنکاتە هاوچەرخەکاندا وکاریگەرییەکەشــی ســنووردار دەبێت**».(٧)

کەواتــە لە ڕوانگەی ئەو پێناســە و دید و تێڕوانینــە جیاوازانەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە چەمکی ڕاگەیاندنی ئیســلامیی مەبەســت لــەو پرۆســە ئیعلامییــە ئامانجدارەیــە، کــە ســەرچاوەی داڕشــتن و پێبەخشــینی مانــا بــە پەیامەکــەی، ئایینــی پیرۆزی ئیســلامە، دەشێت وەرگرەکانی لە ڕووی ئایین و زمان و نەتەوایەتییــەوە جیاوازبــن، باکگراونــدە ئیســلامییەکەی ڕێگــر نابێــت و نەبــووە لە بەکارهێنانی هۆکارە نوێ و پێشکەوتووەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، دەشــێت گوزارشت لە بیرو بۆچوونی: حکومەت، حزب، ڕێکخراو، یاخــود کۆمەڵەیەکی ئیســلامیی بــکات، یان ڕاگەیاندنێکی ســەربەخۆی ئیسلامیی ئەهلیی بێــت

**ڕاگەیاندنی ئیسلامیی لە واقیعدا**

زۆرێک هەن، لە نووسینو قسەکردنیاندا زاراوەی «**ڕاگەیاندنی کوردیی**» بۆ هەموو مۆدێل و کەناڵ و دەزگامانی ڕاگەیاندنی کوردستانیی بەکار دەهێنن، بە جیاوازیی ئایدیا و باکگراوندی سیاسییو فیکرییانەوە، پێشیان هەڵەیە، گەر بووترێت، یان بنووسرێت «**ڕاگەیاندنی ئیسلامیی**» یاخود بۆ مۆدێلە فیکرییو سیاسییەکەی تری ڕاگەیاندن، زاراوەی «**ڕاگەیاندنی عەلمانی**» بەکار بهێنرێت، بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەو بۆچوون و تێڕوانینە، کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، کاتێک ڕاست و دروست دەردەچێت، کە بابەتییەت (**الموضوعیة**) پێش خودیەت (**زاتییەت**) بکەوێت لە ڕاگەیاندنی کوردییدا، بەو مانایەی کە هەموو کەناڵ و دەزگا و هۆکانی ڕاگەیاندنی کوردیی، لە هەڵبژاردنی هەواڵ و زانیارییەکاندا و پێشکەشکردن و پەخشکردنەوەیاندا، ڕەچاوی لایەنی بابەتیی بکەن و لایەنە حزبییەکە پێش نەخەن و نەیکەنە هەواڵی یەکەم و لە لای ڕاستی هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکاندا، وێنەیەکی سەرکردەیەکی حزبەکان و مەکتەبی سیاسییەکانیان دابەزێنرێت، بەڵام بە سەرنجدانێکی خێرای هەموو کەناڵ و دەزگا و هۆکانی ڕاگەیاندنی کوردیی، بە (**بیستراو، خوێندراو و بینراو**)یەوە، بە جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و باکگراوندی فیکریی و سیاسییان، تەنانەت ئەوانەشیان، کە بە ناوی ئەهلیبوون و سەربەخۆییەوە، درێژە بە کاری ڕۆژنامەوانییان دەدەن، ئەوانیش نەیانتوانیوە، یان نەیان ویستووە، خۆیان لەو هاوکێشەیە بکەنە دەرەوە، هەموویان٨ زاتییەت پێش بابەتییەت دەخەن و گرنگییان پێداوە، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو هەندێکیان (**هەندێک کەناڵو دەزگای ڕاگەیاندنی حزبیی**)، لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پێشبڕکێیان کردووە، لەوەدا، کە پێش ڕاگەیاندنی حزبەکانی دیکەی بەرابەریان بدەنەوە، بەوەی جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وێنەی سەرکردەکانیان لە لاپەڕەی یەکەمدا، دابەزێنن، بیستووشمانە، کە لێپرسینەوە لەگەڵ فۆتۆگرافەر، یان کامێرامانەدا کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی، کە گۆشەی وێنەگرتنەکەی بە دڵی فلان بەرپرس نەبووە، یاخود فلان بەرپرس بە ڕوونیی و سەرنجڕاکێشی دەرنەکەوتووە.[٩]

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، کە دەتوانین بڵێین: ڕاگەیاندنی کوردیی دابەش بووە بە سەر حزب و ئایدۆلۆژیا و فیکرییاندان، نەک بە سەر لایەنی بابەتییەت و هەستی نیشتمانیی و نەتەوایەتییاندا، بۆیە دەتوانین بڵێن: زۆر گونجاوە کە زاراوەی «**ڕاگەیاندنی ئیسلامیی**» بۆ ئەو ڕاگەیاندن و دەزگا و کەناڵانەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی بەکاربهێنین، کە سەرچاوەی پەیام و ئاڕاستەکردنیان ئایینی ئیسلام و سەرکردایەتی حزبە ئیسلامییەکانە، بە پێچەوانەشەوە زاراوەی «**ڕاگەیاندنی عەلمانیی**» بۆ ئەو ڕاگەیاندن و کەناڵانەی ڕاگەیاندن بەکار بهێنین، کە سەرچاوەی پەیام و ئاڕاستەکردنیان جیهانبینییەکی عەلمانی و سەرکردایەتی پارتە عەلمانییەکانە.

کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە هەر یەکێک لەو مۆدێلە سیاسیی و فیکریی و ئایدۆلۆژییانەی ڕاگەیاندن، کە هەنووکە لە کوردستاندا هەن، سەرجەمیان بوونەتە دیاردەیەکی واقیعی و گرنگی کۆمەڵگە، کە بوونیان هەیە و ڕۆڵ و جێپەنجەیان لە سەر هەموو بوار و لایەنەکانی ژیاندا داناوە.

بۆیە نەک هەر زۆر ئاساییش دەبێت، گەر بەو شێواز و میتۆدە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا بکەین، بەڵکو زەروورەتێکی هەنووکەیی و پیشەییشە، چونکە ئەمڕۆ لە دنیادا، چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی و دەستەجەمعیی نابینیت، کوێرانە ئیش بکات و توێژینەوە لە ڕادەی سەرکەوتوویی کارەکەی و بە دەستهێنانی ئامانجەکانی نەکات، چ جای کەناڵ

و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە دەبێت هەمیشــە لــە هەڵســەنگاندنی کارەکانیان و گەیشــتنی پەیامەکانیــان و پێکانــی ئامانجەکانیانــدا، لێتوێژینــەوە و بــە دواداچوون و ڕاپرســی بکــەن، چــوون کاری ئــەوان (**دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن**) لــە ڕووی مەبدەئییەوە، هەر بۆ وەرگران (**خوێنەران، بینەران و بیسەران**)ەو مەبەستیش لێی، هەر خزمەت بە هاوولاتیان و هۆشیارکردنەوەیانە، کەوابوو هەرگیز نابێت و ناگونجێــت، کەنــاڵ و هۆکانــی ڕاگەیاندن بەردەوام پەیام، یان بڵێین هەواڵ و زانیاریی، ئاڕاستەی وەرگرانییان بکەن، بەلام ئاگاداری ڕادەی سەرکەوتوویی، یان ناسەرکەوتوویی، کارەکانیــان نەبن. بە مانایەکــی دیکە نەزانن و ئاگاداری دروســتبوونی کۆمۆنیکەیشن[10]، یــان دروســتنەبوونی، نەبــن، چونکــە گــەر کۆمۆنیکەیشــن دروســت نەبــوون، کەواتــە ئامانجمــان‌نەپێــکاوە.[11]

لێــرەدا، پرســیار ئەوەیــە، چــۆن بزانین کۆمۆنیکەیشــن دروست بووە؟ بێگومان ئەو کاتــە دەزانیــن و بۆمــان دەردەکەوێــت، کە کۆمۆنیکەیشن دروست بووە، کە هاوولاتیان، یــان وەرگران، کەناڵ و هۆیەکانی ڕاگەیاندن بــە ئاوێنــەی خۆیــان بزانــن و خۆیــان و کێشــەکانیانی تێدا ببیننەوە، هەر ئەو کاتەش دەبێت، کــە کاردانەوە و فیدباکیان دەبێت[12]، بــەلام بــە نیســبەت ڕاگەیاندنی ئیســلامیی، وەک دیاردەیــەک لــە واقیعــدا، انشــاالله لــە توێژینەوەیەکــی دیکــەدا، زیاتــر لــە بارەی گرفــت و ئیشــکالییەتەکانییەوە دەدوێیــن، تاکــو گرفــت و کێشــە و کەموکوڕییەکانــی دەســت نیشــان بکەیــن و بزانیــن تــا چەند ســەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، ئایا توانیویەتی پڕۆســەی کۆمۆنیکەیشــن بە ئەنجــام‌بگەیەنێــت؟

بــە مانایەکــی دیکــە ئــەو پەیامــەی، کە مەبەســتی بووە لە ڕێــگای کەناڵ و هۆکانی ڕاگەیاندنــەوە، بــە وەرگر، یــان جەماوەری، بگەیەنێت و ئامانجە دیارییکراوەکانی خۆیشی پێ بەرجەســتە بــکات و بیانهێنێتــە دی، ئایا توانیویەتی بیکات؟ گەر بە پێچەوانەشــەوەیە بۆچــی؟

## پەراوێزەکان:

١. الدكتــور عبدالوهاب كحيل: الاســس العلمية والتطبقية للاعلام الاســلامى، الطبعــة الاولى، لبنان ١٩٨٥، ص٢٩.

٢. الدكتور عبدالوهاب كحيل: نفس المصدر السابق، ص٢٧.

٣. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو بابەتە دەتوانیت بگەڕێتەوە بۆ:

– الدكتور محمد عبدالقادر حاتم، الاعلام فى القرآن الكريم.

– محمد على التسخيرى، الصحوة الاسلامية والاعلام.

– الدكتور رياض نعسان آغا، بين السياسة والاعلام.

٤. بڕوانە: حامد محمد على، حول الاعلام والاعلام الاسلامى، الطبعة الاولى، اربيل –١٩٩٨، ص٢٨-٢٩.

٥. الدكتور عبدالقادر طاش، الاعلام وقضايا الواقع الاسلامى، الطبعة الاولى، الرياض -١٩٩٥،ص٦١.

٦. حامد محمد على: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩ - ٣٠.

٧. محمد رشدي عبيد: مدخل الى الاعلام الاسلامى، الطبعة الاولى ٢٠٠٤، دار القادرى - دمشق، ص٧٩,٨ مەگەر لەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە «ئەهلیی و سەربەخۆ»یەی کە لە واقیعی کوردستاندا بوونیان هەیە، یەک دوانێکیان خۆیان لەو هاوکێشەیە کردبێتە دەرەوە، ڕەنگە ئەوەش بە هەوڵ و قوربانییەکی زۆر بۆیان فەراهەم بووبێت.

٩. لــەو چیرۆک و بەســەرهاتانە زۆرێکی دیکەم لە هاوپیشــەکانم لە بەشــی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ســلێمانی بیستووە، کاتێک ئێمە باســی پرۆفیشناڵیی–مان لە ڕاگەیاندندا دەخوێند و ئەوانیــش ئەو چیــرۆک و بەســەرهاتانەیان، وەکو نوکتە، هەندێــک جاریش، وەکــو یادگارییەکی تاڵ دەگێڕایەوە.

١٠. «کۆمۆنیکەیشــن ئەو کاتە دروســت دەبێت، کــە پەیامێک لە ڕێگای کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە، ئاڕاســتەی وەرگر بکرێت و ئەویش، واتە وەرگر، بەو شــێوەیەی کە نێرەر مەبەســتییەتی تێبگات و کاردانەوە و فیدباکی هەبێت». مامۆستا هێرش هیرانی: موحازەرەی پێشکەشکراو بە خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥.

١١. مامۆستا هێرش هیرانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢. مامۆستا هێرش هیرانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## سەرچاوەکان:


١– عبدالقادر طاش (الدكتور): الاعلام وقضايا الواقع الاسلامى، الطبعة الاولى، الرياض – ١٩٩٥.

٢– عبدالوهاب كحيل (الدكتور): الاسس العلمية والتطبقية للاعلام الاسلامى، الطبعة الاولى، لبنان ١٩٨٥.

٣– محمد عبدالقادر حاتم (الدكتور): الاعلام في القرآن الكريم.

٤– حامد محمد على: حول الاعلام والاعلام الاسلامى، الطبعة الاولى، اربيل –١٩٨٨.

٥– محمد على التسخيرى: الصحوة الاسلامية والاعلام.

٦– محمد رشدي عبيد: مدخل الى الاعلام الاسلامى، الطبعة الاولى ٢٠٠٤، دار القادري– دمشق.

٧– رياض نعسان آغا (الدكتور): بين السياسة والاعلام.

٨– هێرش هیرانیی (مامۆستا): پێناسەی چەمکی کۆمۆنیکەیشن، موحازەرەی پێشکەشکراو بە بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥.

# واقیع و ئاییندەی مەسیحییەکان لە عیراق

## لە کۆڕێکی گفتوگۆدا لەگەڵ ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەڤانانی سریان ـ عەنکاوا

رەوەند پۆڵس

لە کۆڕێکی دیالوگ ئامێزدا، بژاردەیەک لە پیاوانی ڕێزداری ئایینی و پەرلەمانتار و ڕۆشنبیر و میدیاڤان و ئەکادیمیزان و چالاکوانانی بواری مرۆڤ، داوایان کرد دارشتنێکی بابەتییانە بکرێ سەبارەت بە واقیعی مەسیحییەکان لە عیراق لە پێناو دواڕۆژێکی ئاسوودە بۆ ئەم پێکهاتە رەسەنەی عیراق.

ئەوەبوو لە میانەی کۆڕێکی تایبەتمەند کە یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی سریان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری سریان لە عەنکاوا سازی دا، گفتوگۆیان لە بارەی واقیع و ئاییندەی مەسیحییەکانەوە لە عیراق کرد لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی ئەو کارە تیرۆریستانەی لە دژی خێزان و خانەوادەی مەسیحییەکان ئەنجام دراون و دەکرێن، بەتایبەت لە بەغدا و موسڵ زۆر بە توندی ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاندووە و وایان کردووە هەزارەها بنەماڵە و خێزانی مەسیحی شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ بهێڵن و روو بکەنە ئەو ناوچانەی زیاتر ئارام و ئاسوودەترن.. ئەو کردەوە تیرۆرستییە نامرۆیی و قێزەونانە خۆی لە خۆیاندا گوزارشت لە قڕکردنێکی بە کۆمەڵی دەکەن کە ئەم پێکهاتە نیشتمانپەروەر و ئاشتیخواز و بێ وەیە رووبەڕوویان بۆتەوە بە بێ ئەوەی حکوومەت و لایەنە ئەمنییە پێوەندیدارەکان بتوانن کۆنترۆڵیان بکەن یان سنوورێکیان بۆ دابنێن و گیانی هاوڵاتیانی بێتاوان لەو میحنەتە بپارێزن کە ڕۆژانە لە گێژاوی ئەو کردەوە توندوتیژییە ئاڕاستەکراو و بەرنامەڕێژییانەی لە دژیان دەکرێن، چەندەها مرۆی بێگوناهیان دەبنە قوربانی.

کۆڕەکە لەسەر پێنج تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی چڕ کردەوە بە ئامانجی بەشداری لە دیاریکردنی روخسارەکانی واقیعی مەسیحییەکان لە عیراق و روونکردنەوەی وێنەکە لە قۆناغی هەنووکەیی و توانای وێناکردنی دواڕۆژ و دیاریکردنی ئەو هۆکارە خودییانەی مەسیحییەکان لە عیراق هەیانە و تا چەند کاریگەرییان هەیە بۆ سەر ئەم واقیعە، بەر لە هەمووشیان: (**میدیا، ڕۆشنبیر، دامەزراوەی ئایینی، پەیمان و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان**) و ئاڕاستەکردنی ئەم

هۆکارانە بە شێوەیەک بگونجێن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەو مەترسییە گەورانەی رووبەڕووی مەسیحییەکان بوونەتەوە و بە کاراکردنی رۆڵیان و هاندانیان بەرەو یەکخستن و تەواوکاری رۆڵەکان.

تەوەری یەکەمی کۆڕەکە بە ناوونیشانی (**رۆڵی کڵێسا و گوتاری لە تەنگانەدا**)، بەڕێز (**بەشار مەتی وەردە**) سەرۆکی قەشەکانی کڵێسای کلدانی لە هەولێر پێشکەشی کرد.

لە میانەی تاوتوێکردنیدا بەوپەڕی شەفافییەت و بابەتییانەوە ئاخاوت و ئاماژەی دا بەو پرەنسیبە ئەخلاقییەی کڵێسا پاڵی پێوە داوە لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و گوتار و روانگەکەی لە رۆژانی سەخت و ناخۆشیدا کە جەختیان کردۆتە سەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و هاوبەشی و بەشداربوون و پرەنسیبی گۆڕینەوە لە نێوان دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵەکان و مافی هەر مرۆڤێک بۆ بەشداریکردن لە خێر و چاکەی گشتی و تەئکیدی کردە سەر بەکاربردنی شێوازە رەواکان، وەکو: میدیای خاوەن هەڵوێست و کاری چالاکانە لەگەڵ کەسانی خاوەن ویست و ئیرادەی چاک لە پێناو کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی ئازاردیدە و ستەمدیدەکان بە بێ جیاوازی و روونی کردەوە کە گوتاری کڵێسا لە کاتی تەنگانەدا بانگەشە دەکات بەرەو ئاساییکردنەوە و لێبوردەیی و تۆبەکردن، وێڕای وەبیرهێنانەوە و تۆمارکردن و دیکۆمێنتکردنی پێشێلکارییەکان و زۆر جار ئەوە وا شرۆڤە دەکرێ کە لاوازییە یان سوودی نییە. بەڕێزی ئاماژەی دا ئەوەی جێی رەخنەیە لە راگەیاندنی کڵێسای ناوخۆییمان زۆربەی گوتارەکان وەک کاردانەوەیەک دێت دەستپێشخەریی راستەقینەی تێدا نییە. فرەیی و جیاوازیی لێدوانەکانی کڵێساکان هەرچەندە یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵام کڵێسایەک یاخود ئەنجوومەنی تایفەکان و سەرۆکانی کڵێساکان وتەبێژێکی رەسمییان نییە، بە بیریشی هێنایەوە کە چەندین بەیاننامە لە کڵێساوە دەرچووە هەڵوێستی کڵێسایان ئاشکرا کردووە بەرانبەر ئەو تەنگژە ناخۆشییانەی رووبەڕووی گەلەکەمان بە تایبەت گەلی مەسیحیمان لە عیراق بوونەتەوە و روونی کردەوە ئەو راگەیاندنەی لە دەزگاکانی ڤاتیکانەوە دەرچووە تایبەتمەندیی بوێری و راشکاویی پێوە بووە ئەمەش بووبووە هۆی نیگەرانی حکومەتەکان تەنانەت لە عیراقیش و لە سەروبەندی رژێمی لەناوچوویش.

تەوەری دووەم (**کەمایەتییەکان لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا**) لە لایەن بەڕێز حەمید موراد سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عیراق لە ئەمەریکا، خرایە بەر باس و چەندین پەیمان و بەڵێننامەی نێودەوڵەتی وەبیرهێنا کە لە لایەنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون و جەختیان کردۆتە سەر زامنکردنی ماف و بوون و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کەرامەتی مرۆڤ بە تایبەت کەمایەتییەکان و ژمارەیەکی زۆریش لەو رێککەوتنامە و پەیمانانە دەوڵەتی عیراق مۆری کردوون، بەڵام لە بەرژەوەندیی مرۆڤی عیراق کارا نەکراون.

باسیشی لە بارەی کەمایەتیەکانەوە لە دەستوورەکانی عیراق کرد و ئاماژەی بە چەند پێشێلکارییەک دا دەرهەق بە کەمایەتییە جیاجیاکان و تەئکیدی کردە سەر زەرورەتی فشار کردن بەرەو کاراکردن و پراکتیزە کردنی ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنامە و پەیمانە نێودەوڵەتییانەی عیراق ئیمزای کردوون بە شێوەیەک لە خزمەتی بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عیراق بن نەخوازە کەمایەتییەکان.

سێهەمین تەوەری کۆڕەکە بە ناونیشانی (**واقیعی گەلەکەمان لە عیراقی نوێ**) لە لایەن بەڕێز (**جەمال شەمعون**) نوێنەری پێشووی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کرا و لە ئەزموونی خۆیەوە وەکو پەرلەمانتارێک باسی لەو یاسا و رێسایانە کرد کە تایبەتن بە گەلی مەسیحییانەوە لە عیراق نەخاسما لە هەرێمی کوردستان و تیشکی خستە سەر هەردوو بواری ئایینی و نەتەوەیی، وەک: جەژن و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان و کۆتا و گرفتی ناو و میکانیزمی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان نوێنەرانی مەسیحی سەر بە فراکسیۆنە

جیاجیاکانی پەرلەمان و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانــە بەســەر ژیانی ڕۆژانــەی هاوڵاتییانی مەسیحی لە هەرێم.

بــەش بە حاڵی تەوەری چوارەمیش کە بە ناوونیشــانی (**ڕۆڵی ڕۆشــنبیرانی گەلەکەمان لــە هــەل و مەرجــی هەنووکەییــدا**) بــوو، لە لایەن ئەکادیمیزان دکتۆر سەمیر خۆرانییەوە خرایە ڕوو و بەڕێزی لە باســەکەیدا تیشــکی خستە ســەر گرفتی ڕۆشــنبیری مەسیحی و ئــەو دەزگا ڕۆشــنبیرییانەی کە وا لە قەڵەمی دان گیــرۆدەی پەرتەوازەیی و گرێی ترس و کلکایەتی سیاســی و هەواداریی ناوچەگەریی ـ ناوخۆیــی و ڕوانیــن بــەرەو ڕابــوردوو و بزربوونی کاری هاوبەش و گەلێ مەســەلەی تــری پەیوەســت بە پرســی ڕۆشــنبیرییەوە بوونە.. پاشــان چەند ڕێگاچارەیەکی پێشنیار کــرد، لەوانە: ڕوانین بــەرەو ئایینده و بەرەو پێشــەوە و ڕێکخســتنی ئەولەوییــات لــە نووســین و پرســەکان، وەک: بابەتی کوشتن و چەوســاندنەوەی مرۆڤی مەســیحی لەسەر بنەمای ئایینی نەوەک بنەمایەکی تر. ڕوونیشی کردەوە کە دەبێ ڕۆشنبیر هەڵوێستی ڕوونی پێ بێت و لە بە سیاســیکردنی ڕۆشنبیرییەوە دوورەپەرێــز و لــە هەمبەر ئــەوی تر کراوە بێ و ســایتەکانی بڵاوکردنەوە فراوان بکرێن بەتایبەت سایتەکانی دۆستەکان.

تــەوەری پێنجەم و دواییــش لە کۆڕەکەدا بــە نێــوی (**میدیا و ڕووداوەکانــی ڕۆژ**) بوو، ڕۆژنامەنــووس (**موەفەق حەداد**) پێشکەشــی کرد و لە باســەکەیدا چەند پرســێکی خســتە ڕوو، وەک: دیــد و بۆچوونــی بەرامبــەر بــە میدیای ســریان و گوتار و ئەدای دەزگاکانی لــەم قۆناغە هەســتیارەدا و تیشــکی خســتە ســەر ڕەوی ڕۆژنامەڤانانی خاوەن ئەزموون و لێوەشــاوەی گەلەکەمان بــەرەو دەرەوەی وڵات و کارتێکردنــی نەرێنــی بەســەر ئەدای ڕاگەیاندندا، سەرەڕای پەرتەوازەیی و ناڕوونی دیــد و تێڕوانیــن لــەم گوتــارە، هەیمەنەت و کەڵەگایەتــی سەرنووســەران و ســکرتێرانی نووســین و ســەپاندنی بیــر و بۆچوونیــان بەســەر بڵاوکراوەکان و دەس بەسەراگرتنی بیر و ڕای ئەو نووســەرانەی لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا کار دەکەن. پاشــان لە باســەکەیدا هاتە سەر گرفتی زمان لە گوتاری ڕاگەیاندنی ئاراســتەکراو بۆ ئەوی تر لە ئێســتادا وێڕای گرنگی زمانی سریانی و زەرورەتی ئەم زمانە، چڕین لە دەرەوەی پۆل واتە تەسکبوونەوەی گوتاری ڕاگەیاندن لە ناوچەکەی و نەکراوەیی بەســەر گوتاری نیشــتمانی. لە چوارچێوەی چارەســەرییە گرنگەکانیشــدا جەختــی کردە ســەر پــڕۆژەی دامەزراندنــی هاوبەندیــی میدیاڤانانــی ســریان کە لــە ڕاســپاردەکانی کۆنگرەی یەکەمی ڕاگەیاندنی سریان خرابووە ڕوو و بەڕێوەبەرایەتی گشــتیی ڕۆشنبیری و هونەری سریان لە عەنکاوا سازی دا.

لــە میانەی کۆڕەکــەدا کە بەڕێــز ڕەوەند پۆڵس سەرۆکی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی سریان بەڕێوەی برد، بە درێژی سێ کاتژمێر مشــت و مڕێکی تێروتەســەل کرا لــە بارەی چەند لایەنێکی ئەم تــەوەرە گرنگانەوە و بیر و ڕا ئاڵوگۆڕ کرا و ئامادەبووان لەسەر چەند خاڵێکــی ســەرەکی ڕێککەوتــن، گرنگترینیان بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە:

١. گرنگــی کاراکردنــی ڕۆڵــی کڵێســا لــە قووڵکردنــەوەی هەوڵــە نیشــتمانی و نێودەوڵەتییەکانــی بــە ئامانجــی پاراســتنی پێکهاتــەی مەســیحی و مســۆگەرکردنی شــادبوونی ئــەم پێکهاتەیە بە مافــی تەواوی هاوڵاتییەتــی و هان نەدانی بــۆ کۆچکردن لە نیشتمانی خۆی و زێدی باوباپیرانی.

٢. کارکردن لە پێناو پتەوکردن و یەکخســتنی گوتــاری ڕاگەیاندنــی مەســیحییەکان بــە ئاراســتەی لادانــی هەمــوو ئابڵۆقەیەکــی ســەپێنراو بەســەریدا بــۆ گەیاندنــی دەنگــی مەســیحی و کێشــەی مەســیحییەکان بــە کۆمەڵگەی مرۆیی و نێودەوڵەتی و ناساندنی ڕای گشتی بە مەترسییەکان و مافی نیشتمانی مەسیحییەکان.

٣. گرنگیــدان بــە پرۆسێســی گەشــەپێدانی کلتــووری ســریان و گرێدانــی بــە غــەم و داخوازییە ڕۆژانەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی پانتایــی ڕەخنــەی واقیعیانــەی بەرامبــەر بە

مومارەسەی هەڵەی خاوەن دەسەڵات لە پێناو بنیاتنانی کلتوورێکی مەسیحییانەی نیشتمانی پتەو لە توانایدا بێ گوزارش بکات لە خواست و غەمی مەسیحییەکان و گرفتەکانیان، هەروا ئامادەکردن و بیناکردنی رۆشـنبیری کارامە و خاوەن هەڵوێسـتی ئـازاد و بوێرانە کە پڕ چەک بن بە خامە و قەڵەمی بە برسـت بە بێ سـازش و موجامەلە کردنی کەسـێک لەسەر حسێبی بار و واقیعەکە.

٤. زەرورەتـی کاراکردنـی ئـەو پەیمـان و رێککەوتنامـە نێودەوڵەتییانەی عیراق ئیمزای لەسـەریان کـردووە و جـێ بە جـێ کردنی بەندەکانی تایبەت بە ماف و ئازادی کەرامەتی کەمایەتییەکان.

شایەنی گوتنە کۆڕەکە جیاوازی تێکەڵبوون و بـە دەنگەوە هاتنێکی گـەورەی پێوەبوو لە لایـەن ئامادەبووانی بـژاردەوە کە توانیان بە بابەتـە بە پێـز و واقیعیەکانیـان تەوەرەکانی دەوڵەمەند بکـەن، دەزگا میدیا جیاجیاکانیش بـە شـێوەیەکی چـڕ و پـڕ چالاکییەکانیـان گواستەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس بۆ (ئیحسان موفتی)

د.نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو، چەند جاران بە گوێیدا دەچرپاندم، کە ئەو لەسەر ئینتەرنێت خوێندوویەتییەوە کە تا ٢٠١١/٢/٢ لە کوردستان باران و بەفر دەبارێ، دیارە ئێمە چەند ساڵێکە حەز دەکەین جارێکی دیکە بەیانیان لە خەو هەستینەوە و ببینین شەقامی شارەکانمان ((**وەکو بەڵقیس تارای زیوینی پۆشیوە**))، لە ڕاستیدا وا بۆ هەفتەیەک دەچێ دەبینین ڕۆژانە لە هەولێر و دەوروبەری شارەکانی دیکەی کوردستاندا بەردەوام باران دەبارێ، بەڵام بە داخەوە مەگەر لە شاخەکان، ئەگەر نا بۆ سوێندیش کڵوە بەفرێک نەهاتۆتە خوارەوە، دوێنێ ئێوارەکەی لە سەندیکا دەرکەوتم و بەرەو لای ماشێنەکەم چووم، لەبەر باران بە حاڵ خۆم گەیاندە ناوییەوە، لە ڕێگا فلچە بەبەر ڕانەدەگەیشت، کە گەیشتمەوە بەردەرگا دەستم بەهۆڕن لێدان کرد، تا لەم دیوەوە دەرگاکەم لێبکەنەوە، بەڵام کەس بە هانامەوە نەهات، دواتر بە بیرم هاتەوە لەوانەیە دەرگاکە زەقاتە نەدرابێ، ئەوەبوو هاتمە خوارەوە و دەستم بۆ ئەودیوی دەرگاکە برد، هەروا دەرچوو، دوای نیوەرۆ چۆنم چێ هێشتبوو هەروەکو خۆی بوو، کاغەزەکانم لەباوەش گرت و بە ڕاکردن چوومە بەر هەیوانەکە، من هەر لە هەوەڵەوە وا ڕاهاتووم زۆر لەگەڵ ڕاگرتنی حیسابی ڕۆژانی هەفتە و مانگ و ساڵ نێوانم نییە و حەزدەکەم بەبەردەوامی ئیش بکەم، بۆ کاتیش هەر لەم و لەو دەپرسم، کاتێ لە هاوسەرەکەم پرسی ئەمڕۆ چەندی مانگە؟ دیار بوو ئەویش، بەپێچەوانەی ڕۆژانی دیکە، زۆر دڵنیا نەبوو، یەکسەر چوومە لای کۆمپیوتەرەکە تا هەڵەچن بۆ ئەو (**پێشەکی**)یە بکەم کە بۆ کتێبی (**ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم**)ی کاک فەرهاد عەونی نووسیوومەو برادەران تایپیان کردووە، دیار بوو ئەو(CD)یەی بابەتەکەی لەسەربوو نەدەکرایەوە، بۆیە خەمی ئەوەم لێ نیشت، بەم بارانە بە خوڕەو تاریکە شەوە،دەبێ جارێکی دیکە بچمەوە سەندیکا، سەیری تەلەفۆنەکەم کرد سێ جار زەنگم بۆ لێدرابوو، بەڵام وا دیار بوو ئاگام لێ نەبووە، یەکێکیان کاک فەرهاد عەونی خۆی بوو، کە وەڵامیم دایەوە وەکو جاران تەعلیقی خۆی لێدام، چونکە پێشتر کە چوومە ژوورەکەی ئەو، وا دیار بوو لەگەڵ مامۆستا حامیدی سکرتێری سەندیکا و ئەیوب محەمەد بابەکری نەخشەسازی گۆڤارەکەمان، خەریکی ئیش و ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەی سێی ڕۆژنامەنووسان بوون، بۆیە نەمویست لە کاریان بکەم، بە تایبەتیش لە خۆ بە دوورگرتنم لە توانج و تەعلیقەکانی کاک (**شێرکۆ حەبیب**)، کە ئەویش هەر لایان دانیشتبوو. زۆر بەخشکەیی بۆی دەرچووم.

ئەوەبوو لە تەلەفۆنەکەدا کاک فەرهاد دیسان تەعلیقی لێدام، گوتم: کاکە بەسەر چاوان هەر ئیستا دیمەوە، دیاربوو جارێکی دیکەش هەموو دواکەوتنی کارەکان و دەرچوونی گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**) دەکەوێتە ئەستۆی من، ئەی خوایە بەم ماوە کورتە چۆن ژمارەیەکی دیکە ئامادە دەکرێ، لە ڕاستیشدا من هەر بە تەبیعەتی خۆم وا فێربوومە و فێرکراوم، لە هیچ ڕۆژێکدا شتی عەیبدار نەخەمە بەردەستی کەس، ئێ خۆ نابێ ئەم ژمارەیەی (**ڕۆژنامەنووس**) بە کرچ و کاڵی بکەوێتە بەردەست، بەتایبەت ئەم ژمارەیە (**ژمارەی خوا حافیزی**) دەبێ و بابەتەکانیش زیاتر پەیوەندیدارن بە مێژووی سەندیکا و کاروباری کۆنگرە. کاتێ سیدییەکەم لەسەر کۆمپیوتەری سەندیکا بەسەر کردەوە، دیاربوو لەوێ عەیبی نەبوو، بۆ دڵنیابوون فایلێکی دیکەم لەبەر بابەتەکە گرتەوە، دیسان کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوە هەر نەیکردەوە. دەستم هیچ ئیشێکی دیکەی نەدەگرت، بۆیە ویستم بخەوم، بە تایبەتی

که ماوەیەکە هاوسەرەکەم لەبەر شەو درەنگ مانەوەی من و پڕ ئیشیم باری تەندروستیشی پارسەنگ نییە، گەلێک خۆم وەرگێڕاوو ئەو دیو و دیوم کرد، هەر سوودی نەبوو، خەوم لێ نەکەوت، دواجار جارێکی دیکە هەستامەوە و چراکەم پێ کردەوە، گویم نەدایە پرتە و بۆڵەی ژنەکەم و کەوتمەوە سەر تەواوکردنی خوێندنەوەی بەشی حەوتەمی (**ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم**)ەکەی کاک فەرهاد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد وەنەوز دەیبردمەوە و چەند جار پەڕەکانم لە دەست دەکەوتنە خوارەوە، بەڵام من هەر وازم نەدەهێنا، لەو دەمەدا کارەبای مولیدە کوژایەوە و سەرەکیش هێشتا نەهاتبووەوە، نازانم لە تەمبەڵیان بوو یان لەبیرم کرد، هەستم سویچی کارەباکە بگۆڕم، بیخەمە سەر کارەبای سەرەکی، دوای نیوەشەو خەبەرم بۆوە وا دیار بوو حەوشەکەمان ڕووناک بوو، تومەز ماڵەوە هەستابوون سویچەکەیان گۆڕیبوو، چەندی کردم غیرەتم نەبزوا هەستم باری خۆم سووک بکەم، هەر بەم وەزعە جارێکی دیکە خەوم لێ کەوتبووەوە، ئەمجارەیان وا دیاربوو تەمبەڵی وەئاگای هێنامەوە. زوو خۆم گەیاندە شوێنی مەبەست. ئەی خوایە ئەوە ٤:٥٠ دەقیقەیە، ئەگەر نەخەوم ئەوە بەیانی ماندووبوون بە ڕەنگ و ڕووخسارمەوە دیار دەبێ، ئەگەر بخەومەوە لەوانەیە کاتی دیاری کراو وەئاگا نەیەمەوە و نوێژەکەشم دەچێ و لە دەوامیش دوادەکەوم، دیسان چەند جارێک خۆم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، هەر خەوم لێ نەکەوت کاتێ هەستام چراکەم داگیرساند سەعات ٥:٧ دەقیقە بوو بەسەر بابەتەکانی ئەو چەند ساڵەی پێشووی (**ڕۆژنامەنووس**) داچوومەوە. تا ئەوانەیان تێدا بدۆزمەوە، کە بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵدەگیرێن، وا دیار بوو بابەتێکی لەسەر (**کوردستان**) ی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی تێدابوو، پێشکەش بە شەهید مەهدی خۆشناوم کردبوو، کە لە١ی شوباتی ٢٠٠٤دا لە کردەوەیەکی تیرۆریستی لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانی شەهید بوون، بەڵام هەر دڵنیا نەبووم، کە ئەو ڕۆژە یادی شەهیدبوونی ئەو بێت، کاتی نقوومی ناو بابەتەکان ببووم لە لایەکەوە شانازیم بە خۆم دەهات، کە (**کوردستان**) بە پیاوی لەخۆبردووی وەکو ئێمە هەر سەرفراز دەبێت.

لەو دەمەشدا، کە کۆخەیەک بەرۆکی گرتبووم و لەتاو هەناسە تەنگیم و بەرچاو تاریکبوونم، شێوەی دەم و چاوو سمێڵە گەورەکەی (**حسێن نازم**)ی سەرنووسەری (**ئومێدی ئیستیقلال**) ی سەردەمی حوکمەتەکەی شێخ مەحموود و دواتریش مودیر مەتبەعەی ڕۆژنامەی (**ژیان**) ی سەرەتای سییەکان، کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لە دوای نیوەشەودا بە کۆخەیەکی ئاوەها گیانی سپاردبوو، کۆخەکە دەهات زیاتر پشتم لێ بستێنێ و بەر لەوەی هەمان شێوەمەرگی (**حسێن حوزني موكرياني**)شم بێتە بەرچاو، کە ئەویش لە ساڵی ١٩٤٧دا بە کۆخەو ڕشانەوە کۆچی دوایی کردووە. ئا لێرەدا یەک دوو جار زەنگی مەسیجی تەلەفۆنەکە لێیدا. دڵم داخورپاو بەرچاوم ڕوون بووەوە، ئەی خوایە بەم بەیانییە زووە دەبێ چی بووبێ. کە نامەکەم کردەوە نووسرابوو:

**((لە یادی گشت شەهیدان و شەهیدانی (١) ی شوبات، فاتیحەیەک ڕەوان بکەین بۆ ڕوحی پاکی ئەوان و ئەو دۆست و کەس و کارانەمان کە ماڵئاواییان لێ کردووین، خوا ئێوە و شاری هەولێر و کوردستان بپارێزێ)).**

لە ژێرەوەشی نووسرابوو: براتان: ئیحسان موفتی، ٢٠١١/٢/١ هەولێر
تم الأرسال: ٢٠١١/٢/١
٥،٥٣

ئا لەو کاتەدا قورگم پڕبوو لە گریان ئەوەندەی هەوڵم دەدا نەمدەتوانی هەستم دەستنوێژێک بگرم و ڕوو لە خوا بکەم، هەر بیرم دەکردەوە بۆ دەبێ مرۆڤ ئاوەها لەگەڵ یەکدی ویژدان مردوو بێ لە ڕۆژی جەژنی هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەک بێت ئاوەها یەکدی پارچە چارچە و کەل و کلۆم بکات دواتر تینم دایە بەرخۆم هەستام دەستنوێژێکم گرت و دوعام بۆ هەموو ئەوانە کرد، خوا هیدایەتیان بدات و ئەوانەش کە بە خۆرایی و بەبێ گوناه چوون بە بەهەشتی خۆیان شاد بکات، ئەوەندەی نەبرد هاوسەرەکەشم هەستا نوێژی خۆی کرد و نانی بەیانی ئامادە کرد، جارێکی دیکە و بە گوروتینێکی گەرمتر لە جاران دەستم بە ئیش کردەوە، تا ولات بۆ هەموو لایەک ئاوەدان بکەینەوە.

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**
**٢٠١١/٢/١**

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

# بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەندیکا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای ڕاگەیاندنی کوێتی دەکات

ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٠١١/١/٥، لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین، بە ئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی باڵای ڕاگەیاندنی وڵاتی کوێت، بە سەرۆکایەتی عەدنان خەتیفە ڕاشد ئیبراهیم و ئەندامیەتی ئەحمەد یوسف بەهبەهانی سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کوێتی و جێگری سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و فەریق عەلی محەمەد باڵیۆزی دەوڵەتی کوێت لە عیراق و محەمەد حوسێن بەحرلعلوم باڵیۆزی عیراق لە کوێت و ژمارەیەک لە سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکانی (الوان، الدار، الوطن، الانباء، الجریدة، القبس، النهار) کرد.

لە دیدارەکەدا، سەرۆک بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی ئەندامانی شاندەکە، جەختی لەسەر قووڵی پەیوەندییە مێژووییەکانی هەردوو گەلی کوردستان و گەلی کوێتی کردەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە ویستێکی بەهێز لە لایەن سەرکردایەتی هەرێمەوە هەیە، بە مەبەستی گەشەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە نێوان هەردوولادا.

هەروەها ڕایگەیاند، کە وڵاتی کوێت پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە لای خەڵکی کوردستان و لە ئێش و ئازارەکانی ڕابردووی خەڵکی کوێت دەگەن. گەلی کوێتیش بە هەمان شێوە لە ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردستان دەگات و ئێستاش دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو دەرفەتێکی مێژوویی هاتۆتە پێش، کە پێویستە هەردوولا ئەم هەلە بقۆزنەوە و هەنگاو بەرەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکان بنرێت. لە لایەن خۆشیانەوە، شاندی میوان پێشکەوتنەکانی گەلی کوردستانی بەرز نرخاند و خوازیاری ئەوەبوو ئەم پێشکەوتنانە هەردەم لە هەڵکشاندا بن.

جەختیشیان کردەوە کەوا دەوڵەتی کوێتیش سوورە لەسەر قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان و سوود وەرگرتن لە هەلی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا. هەروا یەکێک لە بەرێوەبەرانی نووسینی یەکێک لە ڕۆژنامەکان گووتی: من وەکو عەرەبێک داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکەم بەرامبەر ئەو تاوانانەی ڕژێمی دیکتاتۆری کە دەرحەق ئەم گەلەی کردووە.

# لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا سەرۆکی هەرێمی کوردستان: بە یەک چاو سەیری هەموو لایەنەکان دەکەم

لە رۆژی ٢٠١١/١/٨، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە سەلاحەددین، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد، کە تیایدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکەی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرانی داد و ناوخۆ و ئەوقاف و سەرۆکی لێژنەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و سەرۆک و نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و نەقیب و جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و راوێژکاری یاسایی سەرۆکی کوردستان ئامادەی بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان، راگەیاند کە ئەوەی هەموومان شانازی پێوە دەکەین یەکڕیزی ماڵی کوردستانییانە، کە ئەمڕۆ هەست دەکەم خەریکە درزێکی تیا بکەوێ کە ئەویش خۆی لە ئیرهابی فیکری دەبینێتەوە، بۆیە ویستم لە نزیکەوە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا پێکەوە باسی ئەم رەوشەی خۆمان بکەین و گوێ لە بیر و بۆچوونەکانتان بگرم، بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەم درزە پڕ بکەینەوە و لەمە زیاتر بوار بە ناحەزان نەدەین سوود لەو درزە وەرگرن، نابێ یاسایەک ئۆپۆزسیۆن لەسەری رێک نەبێ من رەتی بکەمەوە، من کە ئیمزای یاسایەک دەکەم وەک رێزگرتنێکە لەسەر ئەو دەنگە زۆرەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەنگی پێ دراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێستا ئایا لە ناو پەرلەمان و بەرلەوەی یاساکە بۆ من بەرزر بکرێتەوە گفتوگۆی پێویستی لەسەر نەکراوە؟ بەراستی من مەجبورم ئەوەی بە زۆرینەی دەنگ دەنگی لەسەر دەدرێ ئیمزای بکەم و ئەگەر لایەنێک پێی وابێ دەتوانێ دە هەزار کەس دژی یاساکە کۆبکاتەوە خۆ زۆرینەش دەتوانێ لە بەرامبەر ئەو دە هەزار کەسە سەد هەزار کەس بێنێتە سەر شەقام، بەڵام ئایا دروستە؟ من بە هیچ شێوەیەک یاسایەک ئیمزا ناکەم کە قەدەغەکردنی خۆپیشاندان بکات، بەڵام بە رای هەمووان رێکخستنەوە شتێکی باشە، ئێمە وەکو هەرێم و وڵات هەمیشە ئامانجی ناحەزانین ئەوانەی کە چاویان بەو ئەزموونە هەڵنایەت، بۆیە هەندێ شتی ئیحتیرازی پێویستە لەسەر شانمان بیکەین، لەوانەیە زۆر کەس ئەوە نەزانێ کە لەسەری ساڵدا کۆمەڵە تیرۆرستێک گیران کە خەریک بوون ئەمنیەتی هەرێم تێک بدەن، بۆیە کە دەڵێم هەندێ شتی ئیحتیزاری پێویستە من دەزانم چی دەڵێم. ئەگەر دەسەڵات مافی خۆپیشاندانی قەدەغە کردبێت هەقی

هەمــوو کەسـێکە دژی بوەسـتێت، بەڵام کە یاساکە ئەو هەقەی لە کەس قەدەغە نەکردبێ، پێویستە ئەو لایەنەی کە تێبینی لەسەر هەندێ برگەی ناو یاساکە هەیە پاش ماوەیەک داوای هەموارکردنی بکات. من بە یەک چاو سەیری هەموو لایەنەکان دەکەم، من لەبەردەم خوا و میللەت سـوێندم خواردووە و بە پێی یاساش من نوێنەرایەتی میللەت دەکەم، باشــە ئەگەر لایەنێـک کە ٢٥ کورسـی لــە پەرلەمان هەبێ ئایا دروستە خۆی بە نوێنەری هەموو میللەت بزانێ؟ ئەگەر وابێ ئەی کورسـییەکانی دیکە نوێنەرایەتـی کێ دەکەن. من پێم سـەیرە کە دەڵێن ئازادی بەرتەسـک کراوە، باشە ئەگەر ئازادی بەرتەسک کرابێ؟ ئەی چۆن ئەو هەموو نووسینانە بڵاو دەکرێنەوە کە هەندێکیان هێڵی سووریشـیان بەزاندووە؟ رۆژنامەنووسی لە هەرێم ئازادە و لەوپەڕی ئازادیشـدایە، بەڵام ئەگەر یەکێک تەشـهیر بە یەکێک یان لایەنێک بـکات، ئایا مافی ئەو یەکە یان ئەو لایەنە نییە سکاڵا دژ بەو کەسە تۆمار بکات؟ بوونی رای جیاواز شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام بە مەرجێ ئـەو را جیاوازییە نەبێتە هۆی دروسـتبوونی کەلێنێـک کەوا لە ناحەزانمان بکات سـوودی لـێ وەربگـرن، ئایـا شـتێکی ئاسـایی نییـە پۆلیس لە خۆپیشـاندان ئـاگادار بێت، پۆلیس هێزێکـی خۆتە و کوڕی ئـەو میللەتەیە و کە دێـت بۆ پاراسـتنی ژیانی تۆ دێـت. خۆ ئەمە لــە هەمــوو وڵاتانی جیهانـدا بـاوە و بەر لە هەموو خۆپیشـاندانێکیش پێشتر رەزامەندی وەردەگیرێ، شتی سیاسی نابێ تێکەڵی شتی دیکە بکرێ، کە تۆ ئەو دەسەڵاتەت بە دڵ نییە، هــەوڵ بدە لە هەڵبژاردنەکانـی داهاتوودا ئەو دەسـەڵاتە وەربگرییەوە، ئێستا بە هەڵبژاردن زۆرینە شـەرعیەتی خۆی هەیـە و دەبێ رێز لەو شەرعیەتە بگیرێ.

ئێمە دەبێ رووی گەشـی وڵاتەکەمان نیشانی جیهـان بدەین، ئەگـەر هـەر گیروگرفتێکیش رووبـدات، پێویسـتە پێکـەوە و لـە ناوخـۆ چارەسـەری بکەین. نـەک وەک ئەو لایەنەی کـە پەنـا دەباتە بـەر یەکێک و پێـی دەڵێ لە بەرکەوتـدا حیسـابێکی جیـا لـە تەکەتولـی فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکانم بـۆ بکـە، من پێشتریش ئاگاداری گۆڕانم کردبوو کە ئەگەر لە ناو فراکسیۆنەکە مایەوە بەرکەوتی زیاتری دەدەینـێ و تا دوا چرکەش چاوەڕوانی وەڵام بووین، بەڵام گۆڕان پێی خۆشـبوو بە جیا و راسـتەوخۆ لە بەغدا کەرتی هەبێ و خۆی لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان جیا کردەوە، خۆ ئێمە ئەوەشمان پێ خۆش بوو کە ئەوان مادام خۆیـان جیا کردەوە با لــە بەغدا بەرکەوتیان هەبـێ، چونکە پێمان وابـوو کە ئەمە هێزێکی دیکـە بە کوردسـتان دەبەخشـێ، بـەڵام کە نەیاندرایـێ ئیتر بۆ گلەییەکە ئاڕاسـتەی ئێمە دەکەن؟ مـن داوا لە پەرلەمان دەکەم بۆ هەر یاسایەک زاراوەی کوردی بەکاربێنێ واتە ئەو زاراوانـە بەکاربێنێ کە خەڵک لێی تێ دەگەن، نـەک ئـەوەی کـە بیروبۆچوونی جیـاوازی لەسەر دروست بکرێت وەکو وشەی (جێندەر)، داواش لــە زانایانی ئایینـی دەکەم کەس رای خۆی بەسـەر کەسانی دیکەدا نەسەپێنێ و لە خۆیەوە فەتوا نەدات، دەسـتەی فەتوا هەیە و ئەو دەتوانێ بڕیار بدات بە هەماهەنگێ لەگەڵ وەزارەتـی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی، لە هەمــان کاتدا ئێمــە دژی تەشـهیرکردنین بـە ئایین، ئایین شـتێکی موقەدەسـە و دەبێ هەموو کەس رێزی لێ بگرێ و ئەو کەسـەی تەشهیریش بە ئایینی ئیسلام دەکات، پێویستە بە توندترین شێوە بێتە سزا دان، ئەمەیش نەک هەر بۆ ئایینی ئیسـلام، بەڵکو بـۆ ئایینەکانی دیکەشـە، مامۆسـتای ئایینـی دەبـێ رۆڵـی ئامـۆژگاری ببینێ و هەوڵبدات گیانی برایەتی و ئاشتی لە ناو گەلەکەماندا بچەسپێنێ، چونکە کوردستان بە فرەنەتەوەیی ئایینەکەی جوانە.

ئەمــەو لە کۆتایـی کۆبونەوەکەدا، سـەرۆکی پەرلەمـان و جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان و سـەرۆکی یەکێـی زانایـان و سـەرۆک و نوێنەرانـی فراکسـیۆنەکانی نـاو پەرلەمانـی کوردستاو ئامادەبووانی دیکە را و بۆچوونی خۆیان سـەبارەت بەو مەسەلانە خستە روو و تەئکیدیش لەسەر بایەخی یەکریزی و یەک هەڵوێستی گەلی کوردستان کرایەوە.

# رانیە.. خوولێک بۆ رۆژنامەنووسان



رۆژانی ٢١-٢٢/١٠/٢٠١٠ لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نوێنەرایەتی رانیە خوولێکی بۆ رۆژنامەنووسانی شاری رانیە کردەوە، لەو خوولەدا چوار وانە لە لایەن مامۆستایانی ئەو بوارە وترانەوە و ٢٦ رۆژنامەنووسی دەڤەرەکە بەشداریان تێدا کردبوو، هەروەها وانەکانیش بریتی بوون لە (هەواڵ، ئاکار، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن) و هەر یەکە لە مامۆستایان هێمن مەجید، عەبد عارف، هێرش رەسوڵ، مەم بورهان قانع، وانەکانیان وتەوە.

دوای تەواوبوونی خوولەکەش بڕوانامە بەسەر بەشداربووواندا دابەش کرا.

# وۆرک شۆپێک بۆ رۆژنامەنووسانی مێینە لە کەرکووک

رۆژی ١٠/١١/٢٠١٠ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی و لە هۆڵی کەناڵی عیراقییە لە کەرکووک لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسانی مێینە، بە بەشداریکردنی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکارانی دەزگاکان لە نەتەوە جیاوازەکانی شاری کەرکووک، بە مەبەستی زیاتر کاراکردن و رۆڵ پێدانی رۆژنامەنووسانی ئافرەت، ۆرک شۆپێکی رێکخست.

شایانی باسە دوو بابەت پێشکەش کران کە ئەوانیش بریتی بوون لە (جەندەر و راگەیاندن و شێوازی تەکنیکی نووسینی هەواڵ لە لایەن پسپۆڕانی تایبەتمەند (د. عالیە فەرەج مستەفا مامۆستا لە بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و مامۆستا سارا موحسین قادر مامۆستای بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین) جێی ئاماژە پێدانە هەردوو مامۆستا بە شێوەیەکی زانستییانە و ئەکادیمیانە بابەتەکانیان پێشکەش کرد. کە هەردوو بابەتەکە گرنگی و بایەخی هەبوو لە لایەن بەشداربووانەوە لە باسی جەندەردا ئاماژە کرا بە رۆڵی راگەیاندن و راگەیاندنکاران لە بەرجەستەکردنی یەکسانی جەندەری لە پێدانی دەرفەت و رۆڵ بە هەردوو رەگەز بە بێ جیاکاری و هەروەها رۆڵی نووسەران لە خستنەڕووی واقعی راستەقینەی مرۆڤایەتی و تێکشکاندنی هەموو ئەو ئاستەنگ و کێشانەی

کـە رووبـەڕووی رۆژنامەنووسـانی مێینـە دەبێتەوە لە میانەی پیشەی رۆژنامەنووسیدا، هەروەهـا هەوڵـی خودی رۆژنامەنووسـانی مێینە خۆیان لە خسـتنەڕووی توانا و چالاکی خۆیـان لـەو بـوارەدا و جیاکردنـەوە رۆڵی بایۆلۆجـی و کۆمەڵایەتی لـە یەکتر لە لایەن کۆمەڵـگاوە، لە لایەن مامۆسـتا سارایشـەوە سەبارەت بە بابەتی هەواڵ کە ئەویش بایەخی خۆی هەیە، چونکە بریتییە لە دەستپێکی کاری رۆژنامەنووسی بە روونی و زانستییانە باس لە رەگـەز و بایەخ و توخمەکان و شـێوازی نووسینی بابەتیانە و داڕشتنەوەی بێلایەنانەی هەواڵ کرا.

# لقی موسڵ.. ئیدانەی شەهیدکردنی رۆژنامەنووس (مازن بەغدادی) دەکات

لـە بەیاننامەیەکـدا، کـە رۆژی ٢٠١٠/١١/٢١ دەرچـووە، لقـی موسـڵی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، بـە تونـدی ئیدانــەی شــەهیدکردنی رۆژنامەنووس مازن بەغدادی بێژەری کەناڵی ئاسمانی (الموصلیة) دەکات..

کـە لـە لایـەن تیرۆرسـتانەوە بە غـەدر لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا.

لقـی موسـڵ داواکاری ئـەوەش بـوو کـە سنووورێک بۆ ئەم تاوانە تیرۆرستییانە دابنرێت و تاوانباران دەستگیر بکرێن بۆ ئەوەی سزای عادیلانەی خۆیان وەرگرن.

هەروەها پرسـە و سـەرەخۆشـی ئاڕاسـتەی خێزانی شەهید و کەناڵی ناوبراو کرد.


# موحازەرەیەک بۆ ئەندامانی لقی کەرکووک و موسڵ لە هەولێر ساز دەکرێت

لـە چوارچێـوەی چالاکییەکانـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و بـە سەرپەرشـتی رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب لێپرسـراوی نووسـینگەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی سـەندیکا، رۆژی ٢٠١٠/١١/٢٥، لە هۆڵی سەندیکا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە لایەن پارێزەر فەهد هورمزیاری موحازەرەیـەک لـە بـارەی لەکەدارکـردن و تەشـهیر کـردن گوترایـەوە و ئەندامانی لقی کەرکووک و لقی موسڵ ئامادەی موحازەرەکە بوون. لە دەستپێکی موحازەرەکەدا لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سـەندیکا لە بارەی بابەتی موحازەرەکە دوا.

ئینجـا پارێـزەر، هورمزیـاری بابەتەکـەی پێشـکەش کرد و هەردوو یاسـای سـزادانی عیراقی و یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان بەراورد کرد.

لـە کۆتاییـدا گفتوگۆیەکـی تێروتەسـەل کرا و پارێـزەر هورمزیـاری وەڵامی پرسـیاری ئامادەبووانی دایەوە.

# گۆران عومەری ڕۆژنامەنووس ماڵئاوایی لە شارەکەی کرد



دوای ئـەوەی ڕۆژنامەنـووس گۆران عومەر حوسێن لە ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٣٠) لە ئەنجامی ڕووداوی ئۆتۆمبیلـدا بریـندار بـوو و کەوتە نەخۆشـخانە لـە ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/١٠) کۆچـی دوایی کـردو ماڵئاوایی لە هاوڕێیان‌و کەسوکارەکەی کرد.
لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردسـتان وێـڕای دەربڕینـی خـەم و پـەژارەی خـۆی و هەڵواسـینی لافیتەیەک و بەشداریکردنی نوێنەرایەتی لقی کەرکووک لە پرسەکە، لە ڕێگای شاندێکی لقەوە هاوکاریی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان بە خانەوادەکەی گەیاند.
بەمـەش ڕۆژنامەنووسـانی کەرکـووک هاوڕێیەکـی ڕاگەیاندنکاری ڕەوشـتبەرزیان لەدەست دا.

# کەرکووک... خولێکی بەهێزکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان

بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیریی سلێمانی بـە هـاوکاری لقی کەرکووکـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و بنکـەی ڕۆشنبیریی هەتاو، بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکارانی کەرکووک، خولێکـی (١٠) ڕۆژی ڕۆژنامەنووسـییان لە هۆڵـی خەندان لە ڕێککەوتـی ٢٠١٠/١٢/٤ تـا ٢٠١٠/١٢/١٤ ڕێکخسـت، کە تیایـدا (٤٥) ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار بەشدار بوون.
خوولەکـە بەسەرپەرشـتی ڕۆژنامەنـووس خەلیل زێوەیی و بە وانە وتنەوەی ژمارەیەک لە مامۆسـتایانی پسـپۆڕی بواری ڕاگەیاندن ئەنجام درا کە بریتی بوون لە:
١. مامۆسـتا بەهـات حەسـیب قەرداغـی، بە شـێوەیەکی ئەکادیمیانە باسی (هەواڵ) و ئەو بنەما و ڕەگەزانەی کرد کە هەواڵیان لەسـەر بنیات دەنرێت.
٢. مامۆسـتا نەجـات ڕوسـتایی، ئەخلاقـی کاری ڕۆژنامەگەریی کـردە بابەتی وانەکەی و بە شێوەیەکی زانسـتییانە بابەتی وانەکەی شرۆڤەکرد.
٣. مامۆستا ماردین عەبدولکەریم، ڕیپۆرتاژی کـردە بابەتـی وانەکەی و بـە دوورودرێژی باسـی ڕیپۆرتـاژ و جـۆر و چۆنیەتـی ئامادەکردنی ڕیپۆرتـاژ و ئەو بنەمایانە کرد، کە ڕیپۆرتاژیان لەسەر بونیاد دەنرێت.
٤. مامۆسـتا خەلیـل زێوەیـی، ئەتەکێتـی ڕۆژنامەنووسـی بـۆ ڕۆژنامەنووسـانی ئامادەبوو شرۆڤەکرد و زۆر بە وردی باسی ئـەو خـاڵ و بنەمایانـەی کرد کـە دەبێ لەو بوارەدا بگیرێنەبەر.
٥. ڕۆژنامەنـووس لەتیـف فاتیـح فـەرەج،



میدیـا و خەڵکــی هەڵبژارد و بە شـێوەیەکی مێژووییانە تیشکی خستەسەر میدیا و ئەرکە هەنووکەییەکانــی میدیـا و ئەوەی پێویسـتە لەسەر میدیا بەرامبەر خەڵکی ئەنجامی بدات.

٦. د. مەغدیـد سـەپان، (چاوپێکەوتـن)ی هەڵبـژارد و کردییـە بابەتی وانەکەی و تیایدا باسـی بنەماکانـی چاوپێکەوتـن و چۆنییەتی ئەنجامدانی بۆ بەشداربووان کرد.

٧. د. سـەباح موسـا، مێژووی رۆژنامەوانیی کـوردی وتـەوە و تیایـدا بـە شـێوەیەکی مێژووییانـە هـەر لـە دەرچوونـی یەکـەم رۆژنامەی کوردییەوە، تا رۆژگاری ئەمرۆمان بۆ ئامادەبووان باس کرد.

ئەمــەو لــە دوا رۆژی خوولەکــەدا، داوا لــە رۆژنامەنووسـانی ئامادەبـوو کـرا کـە هەر یەکـە و بابەتێکی رۆژنامەنووسـییانە ئامادە بکـەن، تاکـو لـە بابەتـی رۆژنامەنووسـانی ئامادەبووی خوولەکـە رۆژنامەیەکی تایبەت دەربکەن، تا بزانن ئاسـتی سـوودوەرگرتنی رۆژنامەنووسـانی ئامادەبوو لە چ ئاستێکدایە و ئایا سوودمەند بوون، یان نا؟

زۆربـەی رۆژنامەنووسـانی ئامادەبـوو خۆشـحاڵی خۆیـان بـۆ سـازدانی خوولەکە دەربڕی و بە هەنگاوێکی باشیان دانا و داوای درێژەدانیان بە سـازدانی خوولـی لەوجۆرە کرد.



# پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەرێوەچوو





لە دەسپێکی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە بڕیارە لە ٢٢-٢٠١١/٢/٢٤ لە شاری هەولێر ببەسترێت، ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجامدران:

*رۆژانی٢٢-٢٠١٠/١١/٢٦ لە سنووری لقی سلێمانی سەندیکا و لە کەش و هەوایەکی ئازاددا و بە سەرپەرشتی لیژنەی باڵای کۆنگرە، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران بە بەشداری سەدان رۆژنامەنووسی ئەندامی کارای سەندیکا بەرێوەچوو، هەڵبژاردنەکە لە زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندندا کێبرکێی بەخۆوە بینی و سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات.

دەرەنجام

لە سنووری لقی سلێمانی سەندیکادا (٤٧) رۆژنامەنووس هەڵبژێردران بۆ بەشداری کۆنگرە..

*رۆژانی ٢٧-٢٠١٠/١١/٢٨ بەپێی ئەو خشتەیەی کە دانرابوو، هەڵبژاردنی نوێنەران لە سنووری لقی کەرکووکی سەندیکادا بەرێوەچوو. کە تێیدا زۆربەی ئەندامانی کارای سەندیکا بەشدارییان کرد و لە پرۆسەیەکی کراوە و ئازاددا، کە کێبرکێی بەخۆوە بینی (١٨) رۆژنامەنووس بە نوێنەری رۆژنامەنووسانی کەرکووک بۆ کۆنگرە هەڵبژێردران.

*رۆژی ٢٠١٠/١١/٣٠ بەپێی خشتەیەکی ئامادەکراو لە سنووری هەردوو نووسینگەی گەرمیان (کەلار) و خانەقین بە هەمان شێوە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران بەرێوەچوو..

دەرەنجام

پاش کێبرکێی پاڵێوراوان، لە سنووری نووسینگەی گەرمیان (٧) رۆژنامەنووس بە نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسانی کەلار و کفری هەڵبژێردران. لە نووسینگەی خانەقینیش بەهامان شێوە پرۆسەکە بەرێوەچوو، دەرەنجام (٤) رۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی رۆژنامەنووسانی خانەقین و جەلەولا هەڵبژێردران جێی ئاماژە پێدانە بەپێی ئەو خشتەیەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا دایناوە، بڕیارە لە رۆژانی داهاتوودا تا ناوەراستی ئەم مانگە، لە سنووری (نووسینگەی سۆران و لقەکانی موسڵ و دهۆک و بەغدا و هەولێر)، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران درێژەی هەبێت.

لە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکا و بەپێی ئەو خشتەیەی کە دانرابوو، رۆژی ٢٠١٠/١٢/٤ لە سنووری لقی موسڵی سەندیکا و نووسینگەی سۆرانی سەندیکا پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێوەچوو، بە





سەرپەرشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان لە هەردوو دەڤەرەکە بەشداری گەرموگوڕیان لە پرۆسەکەدا کرد و هاوشێوەی لق و نووسینگەکانی (سلێمانی، کەرکووک، گەرمیان و خانەقین) کە ڕێژەی بەشداربووان ٩٨٪ بوو.

لە سنووری لقی موسڵی سەندیکادا ڕۆژنامەنووسان (٥) ڕۆژنامەنووسیان بە نوێنەرایەتی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد.

لە سنووری نووسینگەی سۆرانیش دا (٥) ڕۆژنامەنووس بە نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی دەڤەرەکە هەڵبژێردران.

لە ڕۆژانی ٥-٢٠١٠/١٢/٧ کە بەپێی خشتەی دیاریکراو بۆ ڕۆژنامەنووسانی سنووری لقی دهۆک دانرابوو، پرۆسەی هەڵبژاردن بە سەرپەرشتی نەقیب و سکرتێری سەندیکا و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، لە کەش و هەوایەکی دیموکراسی و ئازاد دا، ڕۆژانی ٥ و ١٢/٦ لەناو شاری دهۆک و شاری زاخۆ دواتریش ڕۆژی ١٢/٧ لە هەردوو شاری ئاکری و ئامێدی، بە بەشدارییەکی گەرموگوڕی ئەندامانی کارای سەندیکا بەڕێوەچوو، کە لە ئەنجامدا لە تێکڕای سنووری لقی دهۆک دا (٣٨) ڕۆژنامەنووس بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی دەڤەری بادینان هەڵبژێردران.

شایانی وتنە پرۆسەکە وێڕای بەشداری گەرم و گوڕی ڕۆژنامەنووسان، کێبڕکێیەکی دیموکراسیانەی بەخۆوەبینی و پرۆسەکە لەو دەڤەرەش بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

بۆ هەفتەی سێیەم لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکا، بەردەوامە، بۆ ماوەی ٢ ڕۆژە پرۆسەکە لە سنووری لقی هەولێر ئەنجام درا، کە تێیدا ڕۆژنامەنووسانی دەزگا جۆر بەجۆرەکانی ئەو سنوورە ئازادانە لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیانەدا بە بوونی کیبڕکێ، پرۆسەکە




















بەڕێوەچـــوو. ڕۆژنامەنووســـانی بەشـــداربووی پرۆســـەكەش، بـــە ڕێژەیەكـــی زۆر و بەرچـــاو بەشداریی پرۆســـەكەیان كرد، تاكە تاكەش لێرە و لـــەوێ هەنـــدێ ڕۆژنامەنـــووس نەیانتوانیـــوە بەهـــۆی كاری دەرەوەی ســـنوورەكە ســـەرقاڵی كردوون و بەشـــدارییان نەكردووە، بەڵام ڕێژەی بەشـــداربووان لـــە ســـەرووی ٩٥ ٪ لـــە هەمان كاتیشدا ٢٠١٠/١٢/٩ هەمان پرۆسە بە پەرپەرشتی ئەندامێكی ئەنجوومەن، لە سنووری لقی بەغداش بەڕێوەچوو، بە كۆتاهاتنی پرۆسەكە لە سنووری لقی هەولێر، كۆتایی پێهات.

**لیژنەی باڵای كۆنگرەی سێیەمی**
**سەندیكای ڕۆژنامەنووسان**
**٢٠١٠/١٢/٢**

# کەرکووک دیداری ڕۆژنامەنووس و نووسەری شەهید جەبار جەباری لە ئامێز دەگرێت




هەر لە دوای کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دەسبەکاربوونی دەستەی نوێی لقی کەرکووک و دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرو لە دەرگادانی چەندان بەرپرسی گەورەو لایەنی پەیوەندیدار چ لەناو شاری کەرکووک و لە دەرەوەی کەرکووک بۆ سازدانی فیستیڤاڵێکی شایستە بە کەسایەتی نووسەری شەهید جەبار جەباری، یان هەتا ئەگەر دیدارێکیش بێت بۆ یادکردنەوەی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرەی کورد، کەچی بە داخەوە هەموو دەرگاکان بەڕووی لقی کەرکووکدا دادەخران، بەڵام سووربوونی لق لەسەر سازدانی ئەو فیستیڤاڵە، یاخود دیدارە، وایکرد کە ئەو خەونە بێتەدی و دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بە توانای خودی لقی کەرکووک، توانرا لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٠/١٢/٢١ لە هۆڵی لایف ستی لە کەرکووک بە ئامادەبوونی پارێزگاری کەرکووک و نەقیب و سکرتێری سەندیکاو ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانی کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان و نوێنەری حکومەت و حزبی دیدارەکە بەڕێوەبچێت.

سەرەتا دیدارەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز لەلایەن مەلا محەمەدەوە خوێندرایەوەو ئینجا بۆ چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ گیانی نووسەری شەهید جەبار جەباری و سەرجەم شەهیدانی قەڵەم لە کەرکووک و کوردستان، دەست بە دیدارەکە کرا.

ڕۆژنامەنووس فاروق نەسرەدین وتاری بەخێرهێنانی لقی کەرکووکی خوێندەوەو دواتر لەلایەن بەڕێز فەرهاد عەونییەوە وتاری ئەنجومەنی سەندیکا پێشکەش کرا، کە تیایدا گەورەیی شەهیدی نووسەر جەبار جەباری و ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە تایبەتیش لقی کەرکووک لە یادکردنەوەو سازدانی ئەوجۆرە دیدارانە بەرز نرخاند.

وتاری پارێزگاری کەرکووکیش لەلایەن بەڕێز عەبدولڕەحمان موستەفا پێشکەش کرا کە ئەویش وێڕای دەستخۆشانەی لە لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی



کوردستان، ئاماژەی بە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەو کوردپەروەرانەی شەهید جەبار جەباری داو خۆشحاڵی خۆیشی بە سازدانی دیدارەکە دەربڕی. دواتر بەڕێز مامۆستا جەمال خەزنەدار یادەوەری خۆی لەگەڵ شەهیددا گێڕایەوەو ئاماژەی بە چەندان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو دڵسۆزانەی نووسەری شەهید جەبار جەباری دا کە چۆن لە ڕۆژگارە سەختەکانی حەفتاو هەشتاکاندا لە خەمی کوردایەتی و وشەی کوردیدا بووە، تا گەیشتە کاروانی نەمران.

وتاری وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوانیش لەلایەن بەڕێز شێخ کامیلەوە خوێندرایەوە. ئینجا فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و هەڵوێست و نووسینەکانی و ڕۆڵی لە تەلەفزیۆن و بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیریدا پێشکەش کرا، کە لەلایەن تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە ئامادەکرابوو، تیایدا چەندان کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی و کەسوکارەکەی ئاماژەیان بە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی ئەم مرۆڤە خۆبەختکەرەو چۆنیەتی دەستگیرکردن و دواتریش لە سێدارەدان. دوای فیلمە دیکۆمینتارییەکە پشوویەکی کورت درایە ئامادەبووان و دوای خواردنی شیرینی و ساردەمەنی، ئینجا ژمارەیەک توێژینەوەی کورت لەلایەن ژمارەیەک لە نووسەرو ڕووناکبیرانەوە لەسەر بەرهەم و نووسینەکانی مامۆستای شەهید جەبار جەباری پێشکەش





کران کە لەلایەن بەڕێزان (د. ئازاد عەبدلواحێد کەریم و ستران عەبدوڵلا و ئەسعەد جەباری و عەبدوڵلا زەنگەنەو سمکۆ جەباری و لەتیف فاتیح فەرەج)ەوە بوو. دواتر وتاری بنەماڵە لەلایەن بەڕێز شێرکۆ جەباری کوڕی شەهید جەبار جەباری پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

دوا برگەش دابەشکردنی مێداڵی رێزنامەی دیداری جەبار جەباری بوو بە سەر ژمارەیەک لە نووسەرو رووناکبیرو رۆژنامەنووسانەوە کە سەرجەمیان لەلایەن نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێز فەرهاد عەونییەوە دابەشکران.

# لە هەولێر کۆنگرەی (لە پێناو ئایندەی رۆژنامەگەریی لە عیراقدا) رێکخرا

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە هۆڵی ئوتێلی سیاکۆ لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەی (لە پێناو ئایینەدەی رۆژنامەگەریی لە عیراقدا) بە سەرپەرشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و بە بەشداری هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی و عیراقی دەستی بە کارەکانی کرد.

لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەش کرد، تێیدا بەخێرهاتنی میوانانی کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کەوا رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و دوو فاقی لە پێوەرەکانی پیشەیی دەژین و داواشی لە کۆنگرە ئەوەبوو بە مەبەستی تێگەیشتنی پێوەرە پیشەییەکان پێشکەش بە رۆژنامەنووسان بکات. لە کۆتایی گوتەکەیدا سوپاسی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی کرد بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە.

ئینجا موئەیەد لامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراقی گوتەیەکی خوێندەوە و سوپاسی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەم میوانانەی کە لە (برۆکسل)ەوە هاتبوون. کرد،




هەروەها جەختی لەســەر ئەوەش كردەوە كە دیموكراتیەت هەر بە تەنها بە سیاسەتمەداران ناچەســپێت، بەڵكو پێویســتە ڕۆژنامەگەریی ڕۆڵی لەم بوارەدا هەبێت و ڕۆژنامەنووسانی عیراقیش ســەلماندیان كە ســەرەڕای ئاڵۆزی رەوشــەكە خاوەنی بوێــری و پابەندبوون بە پێوەرەكانی پیشەكەیانن.

پاشــان (ئارنــی كویــج) ســەرۆكی لێژنــەی ڕێنمایی لە یەكێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا، لــە گووتەكەیــدا خوازیــاری ئەوەبــوو كــە ڕۆژنامەگەریی عیراقی هەر لە پێشــكەوتن و گەشەســەندندا بێت، ئاماژەی بەوەش كرد كە لە ئەوروپادا (٢٦٠ ٠٠٠) دوو سەد و شەست هــەزار ڕۆژنامەنــووس هەیــە و هەرچەنــدە كێشەكانی ئەوروپا و عیراق جیاوازییان هەیە، بــەڵام خاڵی هاوبــەش لە نێوان هــەردوولادا بوونیان هەیە؟

هەروەهــا گووتی: لە ســاڵی ڕابــردوودا، (٦) ڕۆژنامەنــووس لــە باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ئەوروپــادا كــوژراون، ئەم بەشــەی ئەوروپا خراپترین شــوێنە بۆ ڕۆژنامەنووسان، هیوام وایە لە گفتوگۆی جیدی سەبارەت بە ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی لەم كۆنگرەیەدا بكەین.

داوتر (مونیــر زەعرور) ڕێكخەری كاروباری ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و جیهانی عەرەبــی لــە فیدراســیۆنی نێودەوڵەتــی ڕۆژنامەنووسان، هیوای ئەوەی خواست كە بیر لە چۆنیەتی بەرەوپێشــبردنی ڕۆژنامەگەریی عیراقی بكەینەوە و ژینگەیەكی شــیاو و ئارام بــۆ ڕۆژنامەنووســانی عیراقــی دابین بكەین، ئەمەش بە پاڵەپەســتۆ خستنە سەر حكومەت و پەرلەمان دێتە دی.

هەروەهــا جەختــی لەســەر ئەخلاقــی ڕۆژنامەگەریی و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووســان و یاســاكانی ڕاگەیانــدن كــردەوە و بە خاڵی گرنگی دانان و داواشــی كرد بۆ پێشخســتنی ئەم بوارانە كۆشش بكرێت.

دوای ئــەم گووتانــە، دانیشــتنی یەكــەم لــە سەعات یانزە دەستی پێكرد و ڕۆژنامەنووس (جنان پۆڵس) لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردســتان، بابەتێكی پێشــكەش كرد، تیایدا ئامــاژەی بە دەرچوون لــە پێوەرەكانی كاری ڕۆژنامەگەریی كرد، كە ئەمەش لە ئەنجامی بێ سەروبەری و زۆربوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و هۆیەكانی ڕاگەیاندن وەكو دیاردەیەك سەری هەڵداوە، چەندین داواكاریشی خستە ڕوو، لە نێویانــدا: فراوانكردنی پانتایــی ئازادییەكان و پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان و پابەندبوون بە ڕاستگۆیی و بابەتی بوون.

دواتر د. ســەعید لەتیف مامۆســتای كۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانكۆی بەغدا، لە بابەتەكەیدا باسی لە ڕۆڵــی ڕاگەیاندن لە بواری چاودێریكردنی دام دەزگاكانــی حكومــەت و پێكهێنانــی ڕای گشــتی كرد و ئەركــە هەنووكەییەكانی كاری

رۆژنامەگەریی خستە روو، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی دابینکردنی ئازادی رادەربڕین و گەیشتن بە زانیارییەکان کردەوە.

هەر لەم تەوەرەدا مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان، لە موداخەلەیەکدا گووتی: بابەتی ئەخلاقی پیشەیی بابەتێکی ئاڵۆز و زەحمەتە و فرە لایەنە، رۆژنامەنووسی پابەندبوو بە ئەخلاقی رۆژنامەگەریی، کەسایەتییەکەی زۆر زێدەترە لە هاوکارانی دیکەی بە دیار دەکەوێت، رۆژنامەنووسی پابەند نەبوو ناکرێ وەک هاوکارێکی پیشە سەیر بکرێت.

هەروەها ئاماژەی بە زۆری و بۆری هۆیەکانی راگەیاندن دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری کرد و گووتی: ئا لێرەدا کێشەکانی رۆژنامەگەریی سەرهەڵدەدەن.

سەبارەت بە رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە بواری هاوکاریکردنی ئەندامەکانی، گووتی: سەندیکای کوردستانی چەندین کۆڕ و سیمیناری بە مەبەستی روونکردنەوەی چەمکەکانی پیشە رێکخستووە و لێژنەی داکۆکیکردنی لە رۆژنامەنووسان پێکهێناوە و یاسای رۆژنامەگەریی دەرچوواندووە، هەروەها د. سەعید لەتیف لە بابەتەکەیدا جەختی کردەوە کەوا راگەیاندن کەوتۆتە بواری چاودێریکردنی کاروباری حکوومەت و پێویستیشە راگەیاندن لە بواری پەروەردەدا رۆڵی کاریگەری هەبێت و گوێبیستی خەڵک بێت.

دواتر سەعدی سەبع سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق، بابەتێکی پێشکەش کرد و تێیدا ئاماژەی بە فراوانبوونی ئازادییەکان کرد، کە بۆتە هۆی ئەوەی رۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی بنەماکانی پیشە دەربچن، ئەم کێشانەش بە بێ ژینگەیەکی راگەیاندنی گونجاو هەر بەردەوام دەبن.

دوای ئەویش (ئارنی کوینج) لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی ئەورووپا گووتی: ئێمە لە یەکێتییەکەمان بەڵێننامەی شەرەفی جیهانیمان هەیە، وا باشتریشە ئێوەش بەڵێننامەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی خۆتان هەبێت.

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، کە لای ئەوان لێژنەی سکالا هەیە، ئەم لێژنەیە بڕیار دەدا، کە رۆژنامەنووس لە بنەماکانی بەڵێننامە دەرچووە یاخود نەء؟

لەم تەوەرەشدا هاوکاران: حیسامەدین سەرداری و ئەکەد موراد و لیدیا بابا و حامید محەمەد عەلی و جومعە حلفی و موئەیەد لامی و فەرهاد عەونی، تێبینی و سەرنجەکانیان خستە روو.

لە دانیشتنی دووەمدا محەمەد عەقراوی سەرنووسەری گۆڤاری (زهرة نیسان) لە بابەتەکەیدا گووتی: بۆ ئەوەی بنەماکانی ئەخلاقی رۆژنامەگەریی بچەسپێت پێویستە





ئەزموونی دیموکراتیەت بەهێز بێت. هەروەها فراوانکردنی پانتاییەکانی گفتوگۆ لە نێوان ڕۆژنامەگەریی و دەسەڵاتدا کەشێکی گونجاو بۆ هەردوولا دێنێتە کایەوە.

پاشان جومعە حلفی نوێنەری دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن، لە بابەتەکەیدا باسی دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی کرد و گووتی: ئەم دەستەیە پەیوەندە بە پەرلەمان و گەڵاڵەنامەی پێوەرەکانی ئەخلاقی و پیشەیی هەیە و لێپرسراویەتی ئەم دەستەیەش لە پشتگیریکردنی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بەرجەستە دەبێت.

ئینجا ئەکەد موراد ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا پێویستیمان بە (کات)ە، بۆ ئەوەی بە تەواوی چارەسەری کێشەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی بکەین، هەروەها ئاماژەی بەم هەنگاوانە کرد کە بۆ چەسپاندنی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی لە لایەن سەندیکاوە کراون.

دوای ئەویش د. هاشم حەسەن مامۆستا لە کۆلیژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا لە دەستپێکی بابەتەکەیدا چەند پێشنیارێکی خستە ڕوو، لە نێوانیاندا: (گفتوگۆ لە بارەی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی لە سەندیکا، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەنجام بدرێت، مافی گەیشتن بە زانیارییەکان دابین دەکرێت، یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن پەسەند بکرێت، خەڵات بۆ داهێنانی ڕۆژنامەنووسی دابنرێت، پەرەپێدانی ڕۆژنامەگەریی پسپۆڕی).

دواتر (شیتیل هانس) ئەندامی ئەنجوومەنی ڕێکخراوی (یونسکۆ)، خوازیاری ئەوەبوو، کە بەڵێننامەی کارکردنێکی تایبەت بە عیراق دابڕێژرێت و باسی لە ئەزموونی نەرویجیش کرد، کە ئەنجوومەنی ڕۆژنامەگەریی لەم وڵاتەدا هەیە و هەر ئەویش داڕێژەری بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی و لێژنەی سکاڵاشی هەیە و لە ساڵی ڕابردووش (١٠٠) سکاڵا بەم لێژنەیە گەیشتووە.

لەم دانیشتنەدا هەر یەک لە (د. فاتیمە سەلومی،

سـەنا نەقاش، جومعە حلفـی، موئەیەد لامی) بیروڕاکانیان خستە ڕوو.
لـە ڕۆژی دووەمدا، لە دانیشـتنی سـێیەمدا، حەسـەن عەبـوودی لـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عیراقـی، جەختی کردەوە کـەوا عیـراق دوای (٢٠٠٣)، بۆتە جێگەیەکی نائـارام بـۆ ڕۆژنامەنووسـان، گووتیشـی: سـەندیکای عیراقی بە بەردەوامی ڕاهێنەرانی سـەلامەتی پیشـەیی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکات.
لە بارەی ئـەم بابەتەش (مونیـر زەعرور، د. فاتیمە سـەلومی) سـەرنجەکانیان پێشـکەش کرد.
ئینجـا ئیسـماعیل عەلـی لـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان سـەبارەت بـە ڕۆژنامەگەریـی لـە کوردسـتاندا و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دوا.
دواتریـش (سـەنا نەقـاش، مونیـر زەعرور، د. هاشـم حەسـەن، مسـتەفا سـاڵح کەریم، حیسـامەددین سـەرداری، حامیـد محەمـەد عەلی، هودا عەباس، د. فاتیمە سـەلومی، عەلا حەسـەن، سەعید موتەشەر، فەرهاد عەونی).. بە بیروڕاکانیان بابەتەکانیان دەوڵەمەند کرد.
هـەر لـە ڕۆژی دووەمـدا، لـە دانیشـتنی چوارەمـدا، (سـارە بوشـتوب) لێپرسـراوی پـرۆژەکان لـە فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتـی ڕۆژنامەنووسـان، لـە بابەتەکەیـدا جەختـی لەسـەر بایەخدان بە سـەلامەتی پیشەیی کە بەشـێکە لە پرۆژەکانی فیدراسـیۆن کردەوە و گووتیشـی: بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگـەڵ ناوچەکانی دیکەی عیراق باشـترە و ڕۆژنامەنووسـانی ئەم هەرێمەش یاسای ڕۆژنامەگەرییان هەیە.
ئینجـا حیسـامەددین سـەرداری، باسـی لە یاسـاکانی عیراقی و کوردسـتانی و یاسـای ڕۆژنامەگەریـی ژمارە (٣٥) و یاسـای ژمارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٨ و یاسـای ژمـارە (١٣)ی ٢٠٠١ و یاسـای ژمـارە (١٠)ی تایبـەت بـە چاپکراوەکان و هەموارەکانی.. کرد.
دوای ئەویـش ماجیـد فازیـڵ لە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عیراقـی، چەنـد خاڵێکـی پێشـنیارکراوی خسـتە ڕوو، لـە میانیانـدا: دووبـارە داڕشـتنەوەی مـاددەی (٣٨)ی دەستووری عیراقی و داڕشتنی یاسای گەیشتن بە زانیارییەکان، نەهێشـتنی ئەو یاسـایانەی ڕێگرن لە بەردەم ئازادی ڕادەربڕین، داڕشتنی یاسایەکی نوێ بۆ کاری ڕۆژنامەگەری.
دواتـر خاتـوو جاکـی سـاتن بەڕێوەبـەری پرۆگرامـەکان لـە ڕێکخـراوی (ئایرێکس) لە بابەتەکەیدا گووتی: (ئایرێکس) ڕێکخراوێکە لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن و فێرکردن و توێژینەوە) کاردەکات و کاریـش بـۆ پشـتگیریکردنی ڕاگەیاندنی پیشـەیی و هاندانـی بەکارهێنانی تەکنیـک لـە نێوەنـدی لاوان و هەڵبژاردنـدا





دەکات.

لە هەمان رۆژدا، دانیشتنی پێنجەم بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا، (ئارنی کونیج)، بابەتێکی پێشکەش کرد، تیایدا دوو نموونەی هێنایەوە، یەکێکیان رۆژنامەنووسان لە ئەورووپا گرێبەستەکانیان ناوەڕۆکێکی تایبەتییان هەیە، بەڵام لە (کۆڵۆنیا) رۆژنامەنووسان لە دەرەوەی پایەختدا مووچەیان نییە، بەڵکو ئەوان پارە بەو دەزگایانەی کاری تێدا دەکەن، دەبەخشن.

پاشان (شتیل هانس)، لە بابەتەکەیدا، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کەوا لە عیراقدا رۆژنامەنووسان پێویستیان بە رێککەوتننامەی بە کۆمەڵ هەیە و رۆژنامەنووسانی مێینەش پێویستیان بە دەستەبەرکردنی مافی مرۆییان هەیە و بۆیە پێویستە ئەم مافانە لە رێککەوتنەکانی بە کۆمەڵ بەرجەستە بکرێت.

ئینجا د. هاشم حەسەن، ئاماژەی بە چەند خاڵێک کرد، لە نێوانیاندا: دانانی پلانێکی درێژخایەن و دیاریکردنی ئامانجەکان رێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجانە، رۆژنامەنووس ناتوانێ داهێنەر بێت، گەر برسی و تۆقاو بێت.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەشدا، دکتۆر رەزوان بادینی سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بابەتێکی بەپێزی لە بارەی گفتوگۆ و رێککەوتننامەی بە کۆمەڵ خستە روو.

پاشان هەر یەک لە (مستەفا ساڵح کەریم، د. رەزوان، مونیر زەعرور، د. سەعدی سەبع، جاکی ساتن، عەلا موحسین، ئارنی کونیج، شتیل هانس) سەرنج و بیروڕاکانیان خستە روو.

لە رۆژی سێیەمدا و لە دانیشتنی شەشەمدا، د. هاشم حەسەن لە بارەی یاسای تۆڕی راگەیاندنی عیراقی دوا و جەختی کردەوە کەوا ئەم تۆڕە لە خزمەتی گەلی عیراقدایە بە بێ جیاوازی.

د. (سەعد موتەشەر)یش ئاماژەی بەوە کرد، کە ئێمە بەشێکین لە پرۆسەی گۆڕاندا، بەڵام رۆژنامەنووسی تۆقاو ناتوانێت دیموکراسیەت بڵاو بکاتەوە، ئێمە ترساوین لە هەموو کەس دەترسین، ئەمەش بارگرانییەکە بەسەر دیموکراتیەتدا.

پاشان هەریەک لە (د. سەعد لەتیف، مستەفا ساڵح کەریم، فەرهاد عەونی، ئارنی کونیج، د. فاتیمە سەلومی، هانی ئەلعەقابی، عەلا موحسین، ئەکەد موراد، جنان پۆلس، د. هاشم حەسەن، د. سەعد موتەشەر) بیروڕای خۆیان خستە روو.

لە هەمان رۆژدا، دانیشتنی حەوتەم بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بە رۆژنامەنووسانی مێینە، سەنا نەقاش لە بابەتەکەیدا، گووتی: رۆژنامەنووسانی مێینە لە عیراقدا زۆر ئازاریان چەشتووە، ژمارەی شەهیدانی

گەیشتۆتە (٢٣) رۆژنامەنووسی ئافرەت، لە سەندیکای عیراق هاوبەندییەکمان (رابیتەمان) بۆ پێکهێنان و پێویستە مافی رۆژنامەنووسانی مێینە بپارێزرێت.
ئینجا لیدیا بابا لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بابەتێکی پێشکەش کرد و هەریەک لە (سارە بوشتوب، شتیل هانس، د. یەحیا رەشاوی، فەرهاد عەونی، حامید محەمەد عەلی، مستەفا ساڵح، سەنا نەقاش، لیدیا بابا) لە بارەی بابەتەکە دوان.
لە کۆتایی کۆنگرەکەدا، بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە کە چەندین راسپاردەی لەخۆ گرتبوو، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**(دەقی بەیاننامەکە)**

**کۆنگرەی (لە پێناو ئایندەی رۆژنامەگەریی لە عیراقدا)**

هەولێر/ (١٦ ـ ١٨)ی کانوونی یەکەم/ ٢٠١٠ بە چاودێری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و بە هەماهەنگی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆنگرەی (لە پێناو ئایندەی رۆژنامەگەریی لە عیراقدا)، لە (١٦ ـ ١٨)ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ رێکخرا، کۆنگرەکە چەندین تەوەری لە بابەتەکانی سەلامەتی رۆژنامەنووسان و دەربازبوونی بکوژانی رۆژنامەنووسان لە سزا یاساییەکان و ئەخلاقی رۆژنامەگەریی و ئەو یاسایانەی سەپێنراون بەسەر راگەیاندنی عیراقی، هەروەها کۆنگرە باسی لە ئالیەتەکانی چاککردنی رەوشی کاری رۆژنامەنووسان لە رێگای بەستنی رێککەوتنامە بە کۆمەڵەکان و کارکردن بۆ دانانی ئالیەتێکی دیموکراتی بۆ راگەیاندنی ئازاد دوور لە دەستێوەردانی سیاسی کرد، سەرەڕای باسکردنی چۆنیەتی دژ وەستان بەرامبەر جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەزی یاخود بیروڕای سیاسی لە نێو دامودەزگاکانی راگەیاندندا.
لە نێوان دانیشتنەکانی کۆنگرەدا، گفتوگۆی تێروتەسەل کرا، سەرکردایەتی هەردوو سەندیکا و پسپۆران و کەسانی ئەکادیمی و پیشەیی و یاسایی و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و سەرکردایەتی یەکێتییەکانی رۆژنامەنووسانی جیهانی تیایا بەشدار بوون.
کۆنگرە بڕیاری لەسەر کۆمەڵێک راسپاردە دا:
یەکەم: سەلامەتی رۆژنامەنووسان و کارکردن بۆ دەستگیرکردنی بکوژانی رۆژنامەنووسان.
ـ فشار خستنە سەر نووسینگەکانی لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراوە و تا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەنجام و رێگەش نەدرێت بکوژان لە سزادان دەرباز بن.
ـ رێکاری توند و یەکلاکەرەوە وەربگیرێت، بە مەبەستی رێگەگرتن لە ئەنجامدانی کرداری توندوتیژی بەرامبەر رۆژنامەنووسان و دەستگیرنەکردنی رۆژنامەنووسان بە هۆکاری پەیوەندیدار بە پیشەکانیانەوە.
ـ فشار خستنە سەر پەرلەمان بۆ ئەوەی یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی خێزانانی رۆژنامەنووسانی شەهید و کەم ئەندامانی کردارە تیرۆرستییەکان دەربکات.

**ئەخلاقی رۆژنامەگەریی**

* لە نێوان دام و دەزگاکانی راگەیاندندا، پێویستە گفتوگۆی جیدی بە هاوکاری هەردوو سەندیکا ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی دانانی پرۆژەیەکی بەڵێننامەی شەرەفی نیشتمانی ـ عیراقی، کە لائیحەیەکی رەفتار و ئەخلاقییە گشتییەکان بۆ هەردوو سەندیکا و لائیحەیەکی دیکەی تایبەت بە دامودەزگاکانی راگەیاندن لە خۆ گرتبێت.
* دۆزینەوەی رێگە و شێوازی دروست بۆ هێنانە دی هۆشیاری پیشەیی و دیموکراتی، کە لەسەر بنەماکانی رۆژنامەگەریی ئازاد بنیات نرابێت.
* دژ وەستان بەرامبەر گەندەڵی ئەخلاقی و کارگێڕی و دارایی لە دام و دەزگاکانی راگەیاندندا و رەتکردنەوەی بەهەدەردانی دارایی گشتی لە پرۆژە بێ سوودەکان و ئەو پرۆژانەی دام و دەزگاکان لە پێناو بەردەوام

بوونیان دایدەمەزرێنن.
* بابەتیبوون و بێ لایەنی هاوکێشەیی بکرێتە بەرنامەی کارکردنی رۆژنامەنووسانی کارکردوو لە گشت دامودەزگاکانی راگەیاندندا.

کارکردن بۆ هێنانە دی ژینگەیەکی یاسایی، کە رۆژنامەنووسان و سەربەخۆییان بپارێزێت.

* کاراکردنی گفتوگۆ بە مەبەستی پێکهێنانی هێزێکی فشار لە ناو پەرلەمانی عێراقی و دەرەوەیدا، بە بەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن و کوتلە بنچینەییەکاندا، بۆ ئەوەی یاسای سەرکەوتوو رێکبخەن و دەربکەن، وەک: یاسای پاراستنی رۆژنامەنووسان و یاسای گەیشتن بە زانیاری و یاسای سەربەخۆیی دەستەکان کە پەیوەندیدارن بە کاروباری راگەیاندن و دەستەبەری و خانەنشینی راگەیاندکاران و گرێبەستی کارەکانیان.

## پەرەپێدانی کاری سەندیکایی

* هەردوو سەندیکا هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکەن، بە مەبەستی دانانی کارە بەراییەکان و پێویستییەکان و ئەو کارانەی لە لایەن راگەیاندنکارانەوە بایەخدارن، لە بەر تیشکی دەرهاویشتە واقیعیانەکان و ئامارە دروستەکان لە بارەی کەرتی راگەیاندنی عێراقیدا.
* کارکردن بە مەبەستی جوانکردن و تەرشیفکردنی جەستەی رۆژنامەگەریی، بە دانانی بنەما بەرزەکانی پیشە وەکو مەرج لە کاتی وەرگرتنی رۆژنامەنووسان لە سەندیکادا.
* پێویستە لێژنەی باڵای هەماهەنگی لە نێوان سەندیکادا لە پێناو بەرژەوەندی رۆژنامەنووسانی عێراقی، لە کارەکانی بەردەوام بێت.

* مووچە لە سەر بنەماکانی شارەزایی و لێهاتوویی پیشەیی دیار بکرێت و ئیمتیازاتی تایبەتی کە جیاکاری لە نێوان رۆژنامەنووساندا پەیدا دەکات، نەمێنێت.
* فشار خستنەسەر دامودەزگاکانی راگەیاندن، بە مەبەستی رێکخستنی گرێبەستی روون و دیاریکراو لەگەڵ رۆژنامەنووسانی کارکردوو لە نێوەندەکانیاندا و مافی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکرێت.
* کارکردن بۆ ئەوەی هەردوو سەندیکا دانوستانی بە کۆمەڵ ئەنجام بگەیەنن، لە پێناو چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و پیشەیی رۆژنامەنووسان و رۆڵی رۆژنامەنووسانی مێینە لە بەرنامەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لە ئاییندەدا، کاراتر بکرێت.

## سەربەخۆیی راگەیاندنە گشتییەکان

* دژ وەستان بەرامبەر جیاکاری رەگەزی و ئینتیمای سیاسی لە ناو دەزگا راگەیاندنە گشتییەکاندا.
* کارکردن لە پێناو پشتگیری کردنی تۆڕی راگەیاندنی عێراقی، بۆ ئەوەی ببێتە دەزگایەکی راگەیاندنی گشتی و سەربەخۆ و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکات، ئەمەش بە دانانی یاسایەک کە دەربڕی ئەم بۆچوونە بێت و گەشەسەندنی توانا پیشەییەکانی کارمەندەکانی لەخۆ گرتبێت.
* کارکردن لە پێناو پشتگیری کردنی دەستەی راگەیاندن و گەیاندن و چەسپاندنی سەربەخۆییەکەی لە بواری کارکردنیدا لە بواری رێکخستنی راگەیاندن لەسەر بنەماکانی رۆژنامەگەریی ئازاددا.
لە کۆتاییدا بەشداربووانی کۆنگرە، سوپاسی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ کۆششەکانیان لە پێناو سەرکەوتنی کۆنگرەدا دەکەن.

# بەریکانا چنینا هزران ل دهۆکێ دەستپێکر




بۆ کاراکرنا شیانێن رۆژنامەنڤیسێن خانم د وارێ نڤیسینا گوتارێ دا و گرنگی دان ب ڤێ تەخا گرنگا میدیایێ ل سنوورێ پارێزگەها دهۆکێ ئێکەم روونشتنا بەریکانا چنینا هزران یا لیژنا خانمێن رۆژنامەنڤیس یا سەرب لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ڤە ل هۆلا کومبۆنان ل جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ ل رۆژا ٢٠١١/١/٦ دەستپێکر و چاڤەرێ یە ل سەر سێ قووناغان یا بەردەوام بیت.

بەرپرسا لیژنا ناڤبری ڤیان عەباس راگەهاند کو جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ هەڤکاریەکا باش دگەل لیژنا وان کریە بۆ ئامادەکرنا ڤێ بەریکانێ و گوت «زێدەتر ژ (٦٠) رۆژنامەنڤیسێن خانم ژ «٢٥» دەزگەهێن راگەهاندنێ ل سەرانسەری پارێزگەها دهۆکێ د بەریکانێ دا دپشکدارن و گوت : ژمارەکا باشا پشکداران ژ ئاکرێ و سێمێل و زاخو و ئامێدی یێ هاتبوون ».

هەمان ژێدەر گوت ژی «باشترین دەه گوتارێن پشکدار دبەریکانێ دا دێ هێنە خەلاتکرن و لیژنەکا تایبەتمەندا چارکەسی بۆ سەرپەرشتی و دانا نمران هاتیە پێک ئێنان و چاڤەرێ یە د دوو قوناغێن بهێت دا گوتار ژلایێ لیژنێ ڤە بهێنە هەلسەنگاندن و گوتارێن سەرکەفتی دنامیلکەکا تایبەتدا بهێنە چاپکرن و د دەمێ هەفتیەکێ دا دێ خەلات هێنە راگەهاندن ».

بەرپرسا لیژنا خانمێن رۆژنامەنڤیس هەر وەسا ئاماژە دا کو رۆژنامەنڤیسێن دێرین و شارەزا «زۆزان سادق و چنار عەلی مەندی و خەدیجا عەبدولخالق و ڤیان عەباس » هاتینە دەست نیشانکرن وەک لیژنا سەرپەرشت بۆ دیتن و سەنگاندن و دانا نمران ب گوتارێن پشکدار و دیار کر کو «ئەنجام ل هەفتیا دووێ ژ ڤێ مەهێ دێ د رێ و رەسمەکێ دا ل سەر رۆژنامەنڤیسێن خودانێن باشترین دەه گوتاران هێنە بەلاڤکرن.

هەژی گوتنێ یە کو لیژنا خانمێن رۆژنامەنڤیس ل دهۆکێ لیژنەکا چالاکە و ل دووماهیا سالا بۆری پێنج بازنێن بەرنامێ چنینا هزران ل دهۆکێ ئەنجامدابوون و پشتی وێ سەرکەفتنا وان ب دەستڤەئینایی ئەڤ بەریکانە ب شێوەکێ باشتر و بەرفرەهتر هاتیە بجهئینان.

# خولا میدیا پریّس ل دهۆکێ ب دووماهی هات



ب هلكەفتا ب دووماهی هاتنا خۆلا میدیا پریّس و ب پشکداریا پتری «٤٠» رۆژنامەنڤیسان رێ و رەسمەکێ تایبەتێ بەلاڤکرنا باوەرنامێن خۆلێ ل سەر پشکداران ل رۆژا ٣٠ – ١٢ ل باخچێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ هاتە گێران.

شێرزاد موختار ئەندامێ دەستەیا کارگێریا لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ و سەرپەرشتێ خۆلێ راگەهاند «خۆلا ناڤبری بۆ دەمێ چوار رۆژان یا بەردەوام بوو و نزیکی چل رۆژنامەنڤیسان تێدا د پشکداربوون و لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ مە ب هەڤکاری دگەل رێکخراوا میدیا سەربخو ل کوردستانێ ب رێکخستنا خۆلێ رابوو».

هەمان ژێدەر گوت ژی «دڤان رێ ورەسمان دا دوو پەیڤ ب ناڤێ لقێ دهوک و رێکخراوا میدیا هاتنە خواندن و د دووڤدا باوەرنامێن خۆلێ ل سەر پشکداربوون» و ئاماژە دا «دوو رۆژێن خۆلێ بۆ رۆژنامەنڤیسێن رۆژنامە وکۆڤاران ل دهۆکێ هاتبونە تەرخانکرن و دوو رۆژ بۆ رۆژنامەنڤیسێن رادیو و تێلەڤزیونان».

هەروەسا سەرپەرشتێ خۆلێ گوت «راهێنەرێ هولەندی کییس ساخپمان هەشت وانە ل دۆر میدیا سەردەم و ئەرکێن رۆژنامەنڤیسێن مەیدانی و پەیامنێران د ڤێ خۆلێ دا پێشکێش کرن کو تایبەت بۆ برێڤەبرنا خۆلێ قەستا کوردستانێ کربوو».

# کۆڕێک بۆ رۆژنامەنووسانی مێینە

لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە، بە هاوکاری لقی سلێمانی سەندیکا، لە رۆژی ٢٠١١/١/٦، کۆڕێکی فراوانی لە ژێر ناوونیشانی (رۆژنامەگەریی مێینە و ئەو تەگەرانەی دێنە پێش رێگەی پێشکەوتنی)، ساز کرد.

لە سەرەتای کۆڕەکەدا، محەمەد نوری تۆفیق سکرتێری لقی سلێمانی، لە گووتەیەکیدا، کاروچالاکییەکانی لیژنەی پشتیوانی بەرز نرخاند.

دواتر خەرامان محەمەد سکرتێری لیژنەکە لە سلێمانی، ئاماژەی بە چالاکییەکانی لق لە بواری کردنەوەی خوول و سازدانی کۆڕ و سیمینار کرد.

دوای ئەویش شوان داوودی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا، گووتەکی ئەنجوومەنی پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژەی بەوە کرد، کەوا پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لەسەر راسپاردەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بوو.

لە کۆڕەکەدا دوو بابەت پێشکەش کرا، یەکەمیان بە ناوونیشانی (ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم پێشکەوتنی رۆژنامەگەری مێینە)، لە لایەن د.عالیە فەرەج پێشکەش کرا، کە توێژینەوەیەکی زانستی بوو.

پاشان عەلی کەریم بابەتێکی بە ناوونیشانی (رۆڵی ژنان لە بواری راگەیاندندا)، پێشکەش بە ئامادەبووان کر، تێیدا جیاوازی لە نێوان ژنان وەک دروستکەری راگەیاندن و ژنان وەک بابەتێکی راگەیاندن کرد و جەختیشی لەسەر ئەوەی یەکەمیان کردەوە.

# سکرتێری سەندیکا بەشداری لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە یاسای رۆژنامەگەریی دەکات



رۆژانی ١١ و ٢٠١١/١/١٢ رێکخراوی ئایرێکس بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم سەر بە سەفارەتی ئەمریکا لە عێراق، کۆنفرانسێکی دوو رۆژەیان لەژێر ناوونیشانی (یاسایەکی دیموکراسی و جێبەجێکردنی، گەرەنتی ئازادی رۆژنامەنووسییە) لە هۆڵی ئوتێل (اربیل رۆتانا) لە شاری هەولێر سازکرد.

لە میانەی هەردوو رۆژی کۆنفرانسەکەدا چوار بابەت لەسەر یاسای رۆژنامەگەری ژمارە

(٣٥) لە کوردستان و رەوشی رۆژنامەگەریی و کێشە و گرفتەکانی لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کران.

١. حامید محەمەد عەلی/ سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

٢. عەبدولباسیت فەرهادی/ وتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە کوردستان.

٣. عەلی کەریم/ بەڕێوەبەری ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

٤. د.هەڤاڵ ئەبوبەکر/ مامۆستای زانکۆی سلێمانی.

هەروەها لە میانەی کۆنفرانسەکەدا، کە چەندین پەرلەمانتار و مامۆستای زانکۆ و یاساناس و رۆژنامەنووس ئامادەییان هەبوو، گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر بابەتەکان کرا و کۆمەڵێک را و سەرنج خرانە روو، هەروەها لە کۆتاییدا پێشنیازکرا لە داهاتوودا بە هاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسان کۆڕ و سیمیناری لەو جۆرە ساز بکرێت.

سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان لە میانەی وەڵامی پرسیار و سەرنجی ئامادەبوواندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە یاسای ژمارە (٣٥) یاسایەکی پێشکەوتووە لە رووی ناوەڕۆکەوە ئەگەرچی بێ کەموکورتیش نییە، بەڵام بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند نابن بە جێبەجێکردنییەوە و پێشێلی دەکەن.

## راگەیەندراوێکی هاوبەش

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١١/١/١٣ لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان هەر یەکە لە (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی نووسەرانی کورد، هەردوو لێژنەی ئەوقاف و رۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) بەڕێوەچوو.

ئامانج لە کۆبوونەوەکە بەشداری هەموولا بوو لە گفتوگۆ لەسەر ئەو بار گرژییەی کە ماوەیەکە خەریکە لەنێوان نووسەران و رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی ئایینیدا دروست دەبێت.

بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە، کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە رێگە لەهەر پەرەسەندنێکی زیاتری ئەو مەسەلەیە بگیرێ و رێگە نەدرێت کە زیان بە یەکڕیزی و تەبایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بگات.

کۆبوونەوەکە داوای لەهەمووﻻ کرد کە بە گیانی بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا بکەن و بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی لەبەرچاو بگرن و بەگیانی یەکتر قبوڵکردن و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی خەڵکی کوردستان و لەبەرچاوگرتنی هەستیاری قۆناغە هەڵسوکەوت بکەن.

هەروەها کۆبوونەوەکە جەختی کردەوە لەسەر زەروورەتی رێزگرتن لە پیرۆزییە ئایینییەکان و لەهەمان کاتدا رێزگرتن لە ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری لە چوارچێوەی دەستوور و یاساکاندا.

بەشداربووانی کۆنگرەکە داوایان کرد کە هەم مامۆستایانی ئایینی و هەم نووسەران و رۆژنامەنووسان دوور لە کردار و پەرچەکردار (فعل و ردفعل) و یەکتر ئیستفیزاز کردن نووسین و وتارەکانیان دابڕێژن و دوور بن لە سەنگەر لە یەکتر گرتن و تۆمەتبار کردنی یەکتر، کە ئەمەش لە یەکترازان و خوانەخواستە کێشەی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا، کە ئەو جۆرە دانیشتن و دیدارانە درێژەیان هەبێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە یەکتر حاڵیبوونی زیاتر دروست ببێت و رێگە لەهەر دەرهاویشتەیەکی خراپ بگیرێت.

**هەولێر**

**٢٠١١/١/١٣**

هەواڵنامەی ئێمە

## لقی کەرکووک.. کۆڕێک لە بارەی ڕاگەیاندن و پێکەوە ژیان

لقی کەرکووکی سەندیکا، کۆڕێکی ڕۆشنبیری بۆ نووسەر ئەبوبەکر کاروانی لە بارەی (ڕاگەیاندن و پێکەوەژیان لە کەرکووکدا)، لە یانەی خاکی وەرزشی، لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٥ ڕێکخست.
ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و ئەدیبان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادەی کۆڕەکە بوون.
نووسەر کاروانی لە بابەتەکەیدا ئاماژەی بە چەندین تەوەرەی هەستیار، وەک: ڕونکردنەوەی نوێ لە بارەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و چۆنیەتی لێک تێگەیشتن لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کەرکووکدا.

## کەرکووک.. کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

لقی کەرکووکی سەندیکا، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٥ ڕێکخست، لەم کۆبوونەوەیەدا سکرتێری لق چەند مەسەلەیەکی گرنگی خستە ڕوو، کە پەیوەندیدار بوون بە کاری ڕۆژنامەنووسی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا، هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەم پارێزگایەدا.

## ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازی لە شاندێکی قوتابیانی زانکۆی (تافتس)ی ئەمەریکی دەکات



سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/١/١٨ لە بارەگای ئەنجومەنی سەندیکا لە هەولێر، فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بە ئامادەبوونی حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا و زیرەک کەمال ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازییان لە ژمارەیەک قوتابی زانکۆی (تافتس) لە ویلایەتی (بۆستن)ی ئەمریکی، کرد.
سەرەتا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان وێڕای بەخێرهێنان و هیوای بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کوردستان، لە وتەیەکیدا تیشکی خستە سەر مێژوو و پێکهاتەی سەندیکا

و گرنگترین کار و چالاکییەکانی، لە پێشەوەیان هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان.
دواتر لە گفتوگۆیەکی یەک سەعاتیدا ئەندامانی شاندەکە چەند پرسیارێکیان ئاراستە کرد و نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنیش بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.

هەر لەو دیدارەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان ئارمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی وەک دیارییەک پێشکەش بە سەرۆکی شاندەکە کرد، ئەویش لە لای خۆیەوە ئارمی زانکۆی (تافتس)ی بەخشییە سەندیکا و لە لایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بە سوپاسەوە وەرگیرا.

# راگەیەنراوێک لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە



ئێوارەی رۆژی سێ شەممە ٢٠١١/٢/٨ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دوایین کۆبوونەوەی خۆی لەم خولەدا کە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٠)یە لە بارەگای ئەنجوومەن لە هەولێر ئەنجامدا.
لە کۆبوونەوەکەدا کە تایبەت بوو بە ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی گشتی سێیەمی سەندیکا کە لە رۆژانی ٢٢-٢٠١١/٢/٢٤ لە هەولێر دەبەسترێ، ئەنجوومەن بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرد و بڕیاری پێویستی لەبارەیانەوەدا:-
یەکەم/ راپۆرتی گشتی ئامادەکراو بۆ کۆنگرە بە هەردوو بەشی (کارگێڕی و دارایی) خوێندرایەوەو پاش گفتوگۆی تێروتەسەل بەکۆی دەنگ پەسەند کرا..
دووەم/ بڕیاردرا رۆژی شەممە ٢٠١١/٢/١٩ سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی سکرتێر و بەرپرسی ئیدارەی لق و نووسینگەکان لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا لە هەولێر ئامادەبن بە مەبەستی وەرگرتنی دۆسیەی کۆنگرە بۆ ئەندامان بۆ ئەوەی هەمان رۆژ و رۆژی دواتر ٢/٢٠ لە شوێنەکانی خۆیان دابەشی سەر ئەندامانی کۆنگرەی بکەن بۆ ئەوەی پێش کۆنگرە زانیاری تەواویان لەسەر راپۆرت و وەرەقە ئامادەکراوەکان بۆ کۆنگرە هەبێت.
سێیەم/ ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە بریتییە لە

(٢٩٦) ئەندام کە لە کۆنفرانسـەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەدا هەڵبژێردراون لەگەڵ ستافی ئۆرگانەکانی سەندیکا کە دەستنیشانکراون.
چوارەم/ بەرنامەڕێژی تەواو بۆ ڕۆژانی کۆنگرە کراو بڕیاری لەسەر وەرگیرا.
پێنجەم/ ئەنجوومەن بڕیاری دا کە دەرماڵەیاکی دیاریکـراو بۆ ئەندامانی کۆنگرە تەرخان بکرێت بەپێی دوور و نزیکی شوێنەکانیان.
شەشـەم/ بۆ میوانداری کۆنگرە چەند شاندێکی ڕۆژنامەنووسـی لە دەرەوە بانگێشت کراون بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەکە.
حەوتەم/ کۆبوونەوەکە چەند بڕیارێکی پێویستی لەبـارەی خاڵەکانـی دیکـەی کۆبوونەوەکـەوە دەرکرد..
ئەنجوومەنی سـەندیکا هیواخوازە کە ئەندامانی کۆنگـرە بەشـداری گـەرم و گـوڕ و کارا لـە کۆنگرەکەیـان بکـەن بـە مەبەسـتی وەرگرتنی بڕیار و ڕاسـپاردەی گونجاو لەلایەن کۆنگرەوە بۆ زیاتر چەسـپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسـی و دابینکردنـی مافـی ڕۆژنامەنووسـان لەکوردستاندا.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر /٢٠١١/٢/٨**

# ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی یەکێتی نووسەرانی کورد دەکات



کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی یەکشـەممە ٢٠١١/٢/١٣ شـاندی ئەنجوومەنی سـەندیکا کـە پێکهاتبوو لـە (فەرهاد عەونـی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسـان و (حامیـد محەمەد عەلی) سـکرتێری سـەندیکا و (ئەکـەد مـوراد) ئەندامـی ئەنجوومـەن، بـە مەبەسـتی پێشکەشـکردنی پیرۆزبایـی یـادی (٤١) ساڵەی دامەزراندنییەوە، سەردانی یەکێتی نووسـەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی-یان کرد. شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا لە لایەن بەڕێزان مامۆسـتا (کاکە مەم بۆتانی) سـەرۆکی یەکێتی نووسـەرانی کـورد و (د.هیمـداد حوسـێن) و (محەمەد سـاڵح فەرهادی) ئەندامانی دەسـتەی باڵاوە پێشوازییان لێکرا.
لـە سـەردانەکەدا وێـڕای پیرۆزبایـی و هیوای سـەرکەوتن بۆ یەکێتی نووسـەران، گفتوگۆ لە بارەی هەندێ مەسـەلەی تایبەت و هاوبەشـی نێوان ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ئەدیبان کرا، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان نیشتەجێن.

# راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ کۆنگرەی گشتی سێیەم

**پێشەکی**

پاش تەواوبوونی کۆنگرەی گشتی دووەمی سەندیکا، کە لە نێوان ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩، لــە هەولێــری پایتەختی هەرێمی کوردســتان بەڕێوەچوو، کــە (٣٥٥) ڕۆژنامەنووس لە ڕێگەی پرۆســەی هەڵبژاردنــی نوێنەرانەوە بوونــە ئەنــدام تیایدا، کۆنگرە چەند بڕیار و راســپاردەیەکی پەســند کرد، کە بوونە بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی ســەندیکا لە نێوان دوو کۆنگرەدا، لــە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠١١/١/١، ئەوەبوو ئەنجوومەنی ســەندیکاش لە ژێر رۆشــنایی ئەو بڕیار و راســپاردانە و کۆبوونــەوە مانگانەییەکانی خۆیدا، بــە پێی بەرنامەیەکــی داڕێژراو، کەوتە هەوڵــی پیادەکردنی بڕیارەکان بە جۆرێک کە رۆژانە لە دوو دەوامی بەیانی و ئێوارەدا زیاتر لە (٧) سەعات بارەگای ئەنجوومەن والآ بووە بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکان، کە دەتوانین بڵێین تاکە ســەندیکا و رێکخراو بووە لە کوردستان، کە بەم شێوەیە ئیش و کارەکانی راپەڕاندووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە، بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئیش و کاری لق ونوســینگە و لیژنەکانی ســەندیکا کــراوە، کە بریتین لە (٦) لق: (**ســلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دهۆک، موسڵ، بەغدا**)، هەروەها هەر (٣) نووســینگەی (**گەرمیان و ســۆران و خانەقین**) و هەردوو لیژنەی (**چاودێــری و بەرزەفت**) و لیژنەکانی دیکــەش کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە پێکهێنراون، کە بریتین لە (**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان، لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی، لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە**) و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە...

ئەمە ســەرەڕای کاروباری رۆژانەی رۆژنامەنووسان و نوێکردنەوەی ناسنامە و تۆمارکردن و متمانەپێدانی رۆژنامە و گۆڤارەکان بە پێی مادەی (٣)ی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان. هەروەها بەدواداچوونی کێشە و گرفتی رۆژنامەنووسان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشــوازی لــە نوێنەرانی رێکخــراوە بیانییەکان و شــاندە پەرلەمانی و رۆشنبیریە جیاجیاکان..

سەبارەت بە بڕیارەکان و راسپاردەکانی کۆنگرەی پێشوو و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان لەو ماوەیەدا، ئەنجوومەنی سەندیکا بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ئەو بڕیار و راسپاردانەدا کردووە:-

**دکەم/**

**بڕیارەکان**

**١- ((کۆنگـرە ئەنجوومەنی نوێی سـەندیکای پابەنـد کـرد بـە ئامادەکردنـی ڕاپۆرتێک لە بارەی ئەو پێشـێلکارییانەی کـە دەرحەق بە ڕۆژنامەنووسـان دەکرێ، هەر شـەش مانگ جارێک بڵاودەکرێتەوە))**

**٢- ((لیژنەیـەک بە ناوی لیژنەی داکۆکیکردن لـە مافـی ڕۆژنامەنووسـان لە پـاڵ هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن لە یاسـای سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان ژمـارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ زیاد بکرێت))**

بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئـەم دوو بڕیـارە، ئەنجوومەنـی سـەندیکا لـە یەکـەم کۆبوونەوەی خۆیدا، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١٥ ئەنجامی دا، لیژنەیەکی فراوانی لە (٦) ئەندامی ئەنجوومەنی سـەندیکا و سـکرتێری لیژنەی بەرزەفـت پێکهێنـا، بـە مەبەسـتی چاودێری کردنی ڕەوشـی ڕۆژنامەگەریـی لە هەرێمی کوردستان و تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکرێت و ئامادەکردنـی ڕاپۆرتێکـی شـەش مانگـی لەوبارەیـەوە و بڵاوکردنـەوەی بـە هەردوو زمانی (**کوردی و عەرەبی**).. لیژنەکەش بریتی بوون لە:

١- زیرەک کەمال/ سکرتێری لیژنە.
٢- ئەنوەر حوسێن/ ئەندامی لیژنە.
٣- بەهجەت هروری/ ئەندامی لیژنە.
٤- شوان داوودی/ ئەندامی لیژنە.
٥- جەمال حوسێن/ ئەندامی لیژنە.
٦- شوان هەورامی/ ئەندامی لیژنە.
٧- ئاکۆ محەمەد/ ئەندامی لیژنە.

لـە ڕاگەیەنراوێکـدا، کە لە هەمـان ڕۆژدا ئەنجوومەنی سـەندیکا بڵاوی کردەوە، داوای لە سـەرجەم ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان کرد، کە لە کاتی ڕوودانی هەر پێشێلکارییەک، لـە چوارچێـوەی کاری ڕۆژنامەنووسـیدا پەیوەندی بە لیژنەی داکۆکییەوە بکەن.

پاشـتر کـە (**زیـرەک کەمـال**) پۆسـتی ڕاوێـژکاری لـە ئەنجوومەنـی وەزیـران وەرگرت، ئەنجوومەنی سـەندیکا بەگونجاوی زانـی یەکێکـی دیکـە لـە ئەندامانـی لیژنەی داکۆکـی ببێتە سـکرتێری لیژنەکـە لەجێگای ئەو، ئەوەبوو پاش گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە، لە ٢٠٠٩/١١/٣ ئەنجوومەنی سەندیکا (**ئەنوەر حوسێن**)ی بەسـکرتێری لیژنەکە دەستنیشان کرد.

لیژنەکـە لەبـەر ڕۆشـنایی بڕیارەکانـی ئەنجوومەن، بەوپەڕی بێلایەنی و پیشـەییانە، هەمـوو شـەش مانگێـک، ڕاپۆرتەکـەی ئامـادە دەکـرد و ئەنجوومەنی سـەندیکاش لـە کۆبوونـەوەی مانگانـەی خۆیـدا پـاش تاوتـوێ کردنـی وردی ڕاپۆرتەکـە، بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدا.

لە نێوان هەردوو کۆنگرەی گشتی دووەم و سێیەمدا، لیژنەی داکۆکی (٦) ڕاپۆرتی خۆی ئامادە و بڵاوکردۆتەوە، کە تا ئاسـتێکی باش جێی بایەخ و متمانەی ڕای گشتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە و زۆر جار سـوودیان لێ وەرگرتووە و ئاماژەیان پێداوە.

جێـی وەبیرهێنانەوەیـە، کـە لیژنـەی داکۆکی بەدەم سـەرجەم سـکاڵا و کێشـەی ڕۆژنامەنووسانەوە چووە، تەنانەت ئەوانەش کە ئەندامی سەندیکا نەبوون.

جێـی ئامـاژە پێدانە، کە بەڕێز سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لە ڕێگـەی ڕاوێژکاری یاسـایی خۆیەوە، پـاش دەرچوونی ڕاپۆرتی چوارەمـی لیژنـەی داکۆکـی، پەیوەنـدی بە ئەنجوومەنـی سـەندیکاوە کـرد و ئەویـش بەشداری بەشێکی کۆبوونەوەیەکی مانگانەی ئەنجوومەنی سـەندیکای کرد، بە مەبەسـتی هەندێ ڕوونکردنەوە و هەڵوێسـتی سەرۆکی هەرێم لە ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی یاسا، لەسەر ڕاسـپاردەی بەڕێزیان، ڕاوێژکاری یاسـایی سـەرۆکی هەرێم و نەقیبی ڕۆژنامەنووسـان کۆبوونەوەیەکـی تایبەتییـان لەگەڵ وەزیری ناوخـۆ ئەنجام دا و تیایـدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتیان دا، کە نوێنەری سەندیکا تیایدا ئەندام بێت، بە مەبەستی بەدواداچوونی

تێکرای ئەو پێشێلکارییانەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە.

ئەوەبوو پاش پێکهێنانی، لیژنەکە سەردانی ئەو دەڤەرانەی کرد، کە پێشێلکاری تێدا کراوە بەرامبەر رۆژنامەنووسان و بە راپۆرتێک وەزیری ناوخۆی لێ ئاگادار کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، تاکو ئێستا بە فەرمی وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجوومەنی سەندیکای لە دەرەنجامی ئەو راپۆرتە ئاگادار نەکردۆتەوە.

**(تێبینی:- دەقی هەر شەش راپۆرتەکەی لیژنەی داکۆکی بە زمانی کوردی و عەرەبی، پێکەوە لەکتێبێکدا چاپکراوە و لە دۆسیەی تایبەتی ئەندامانی کۆنگرە دانراوە)**

**٣-((درێژەدان بە یارمەتیدانی رۆژنامەنووسان لە کاتی نەخۆشی و لێقەومان و تووشهاتنی کارەساتدا بە گوێرەی توانای سەندیکا))**

سەندیکا وەکو نەریتێکی هەمیشەیی خۆی لە کاتی دامەزراندنییەوە و بە بەردەوامی یارمەتی رۆژنامەنووسانی داوە، بە پێی توانای ماددی خۆی.

لەم خوولەشدا لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا ئەنجوومەنی سەندیکا لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، بە پێی ئەو داواکارییانەی کە پێی گەیشتووە، چ لە رێگەی لق و نوسینگە و لیژنەکانەوە، یان راستەوخۆ لە لایەن خودی رۆژنامەنووسانەوە، دریغی نەکردووە لە یارمەتیدانی ماددی ئەو رۆژنامەنووسانە، لە کاتی نەخۆشی و پێویستیدا.

تا ٢٠١٠/١٢/٣١ بە پێی ئەو لیست و دەرخستەی کە لە راپۆرتی داراییدا هاتووە و پێشکەش بە کۆنگرە کراوە، (٤٧٢) رۆژنامەنووس لەم بڕیارە سوودمەند بوونە و بڕی یارمەتییەکانیش گەیشتۆتە (١٥٨,١٠١,٥٠٠) ملیۆن دینار، ئەمە سەرەڕای ئەو بڕە یارمەتیانەی کە بە جیا لە لایەن لق و نووسینگە و لیژنەکانی سەندیکاوە بە رۆژنامەنووسان دراوە.

جێی ئاماژەپێدانیشە، چەندین جار ئەنجوومەنی سەندیکا راستەوخۆ بە نووسراوی رەسمی داواکاری هەندێ رۆژنامەنووس کە پێویستییان بە یارمەتی زیاتر هەبووە و لە سەرووی توانای سەندیکاوە بووە، پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و ئەوانیش بە سوپاسەوە داواکانیانی جێبەجێکردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بەم دوو خاڵەی خوارەوەش بکەین:

**أ/ یارمەتیدانی خانەوادەی رۆژنامەنووسە شەهیدەکان لە بۆنە جیاجیاکاندا.**

ب/ یارمەتیدانی رۆژنامەنووسانی خانەنشین بە هۆی کەمی مووچەکەیانەوە لە لایەک و بە هۆی تەواوبوونی بووجەی سندوق لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠دا، لە لایەکی دیکەوە.

**٤- ((کردنەوەی لقی هەولێر پاش دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی نوێ))**

پاش تەواوبوونی کۆنفرانسی لقەکانی دیکەی سەندیکا (موسڵ، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک)، ئەنجوومەنی سەندیکا بە پێی ئەو پلانەی کە دایڕشتبوو بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی هەولێری سەندیکا، کە تاکو ئەو کاتە ئیش و کارەکانی ئەندامانی سەندیکا لە سنووری پارێزگای هەولێر لە لایەن ئەنجوومەنەوە جێبەجێ دەکرا. رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٢ لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین بە بەشداری (١٨٩) ئەندام بە نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکا لە سنووری پارێزگای هەولێر کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی هەولێر لە نێوان دوو دانیشتندا بەڕێوەچوو.

لە کۆتایی دانیشتنی دووەمدا پرۆسەی هەڵبژاردنی لیژنەی لق بە سەرپەرشتی دادوەر (**گەیلان خالید مستەفا**) و ئامادەبوونی ئەنجوومەنی سەندیکا بەڕێوەچوو، کە تێیدا بە شێوازی لیست پرۆسەکە جێبەجێ کرا و **(لیستی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان)** لەبەر نەبوونی لیستی رکابەر

بە کۆی دەنگ متمانەی پێدرا.
جێی وەبیرهێنانەوەیە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٣ بە ئامادەبوونی (**سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و سکرتێر و ئەندامانی لقی هەولێر**)، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بارەگای لقی هەولێری سەندیکای کردەوە.

**٥- ((هەوڵدان بۆ کردنەوەی خوولی راهێنان بۆ رۆژنامەنووسان بە مەبەستی پێشخستنی ئاستی پیشەییان بە پێی توانا))**
هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەرکی پێگەیاندن و پەرەپێدانی توانای پیشەیی رۆژنامەنووسان لە ئەستۆی دەزگاکانی راگەیاندن دایە و دەکرێ سەندیکا هاوکاری پێویست پێشکەش بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنی سەندیکا و لق و نووسینگە و لیژنەکانی سەندیکا بە پێی توانا و بۆ گونجان لەو بوارەدا درێغییان نەکردووە.
گرنگترین ئەو خولانەش کە بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی سەندیکا کراونەتەوە، ئەمانە بوون:

* رۆژانی ٢٤ و ٢٠٠٨/٢/٢٥ بە بەشداری (٣٢) رۆژنامەنووس یەکەمین خوولی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە شاری هەولێر کراییەوە، کە لە لایەن لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشییەوە رێکخرابوو.

* رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٧ لە هۆڵی ئەنجوومەنی سەندیکا بەڕێوەبەری سەنتەری سەلامەتی پیشەیی لە سەندیکای رۆژنامەنووسان خوولێکی پیشەیی یەک رۆژی بۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی مێینە ئەنجام دا، کە ناوەرۆکی کۆڕەکە بریتی بوو لە (**گرتنەبەری هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان بیگرنەبەر بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان و هاوکارانیان**).

* رۆژانی ٢٧-٢٠٠٨/٧/٣١ سەندیکای رۆژژنامەنووسانی کوردستان بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری، خیوەتگایەکی بۆ (٦٠) رۆژنامەنووس و راگەیاندکار لە سەیرانگای کەمپی خوار لە دەربەندیخان کردەوە، کە رۆژنامەنووسەکان لەسەرجەم لق و نووسینگەکانی سەندیکاوە هاتبوون، تێیدا گفتوگۆ لە بارەی ئاسۆکانی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان و هەلومەرجەکانی ئێستای کرا، بە بەشداری نەقیب و جێگری نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا.

* رۆژی ٢٠٠٨/٩/٧ نەقیبی رۆژنامەنووسان بابەتێکی بە ناونیشانی (**پەرەپێدانی توانای پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئافرەت**) لە دهۆک پێشکەشکرد، لەو خوولەدا کە رێکخراوی (**نۆژین**) بە هاوکاری رێکخراوی (RRT) کردبوویەوە (٣٠) رۆژنامەنووسی مێینە بەشدارییان تێدا کرد.

*لە نێوان ١٠/١٨ تاکو ٢٠٠٨/١١/٣ بە بەشداری (٣٠) رۆژنامەنووسی لاوی (**کوڕ و کچ**) لە سەنتەری لاوانی میدیا لە هەولێر خوولێک لە لایەن سەنتەری ناوبراوەوە بە هاوکاری ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بە پەرەپێدانی توانای پیشەیی رۆژنامەنووسان و چەندین بابەتی جۆراوجۆری پیشەیی لەخۆگرتبوو.

* رۆژی ١٨ و ٢٠٠٩/٣/١٩ لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی خوولێکی بۆ ئامادەکردنی (معلق)ی وەرزشی لە هۆڵی سەندیکا کردەوە، کە (٣٠) رۆژنامەنووس بەشداربوون تێیدا.

* لە رۆژانی ١٥ و ٢٠٠٩/١٢/١٦، ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە هاوکاری و بەشداری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان وۆرکشۆپێکی فراونی بۆ

بەرپرســە باڵاکانــی بواری رۆژنامەنووســی ساز کرد، کە تیایدا دوو پسپۆری بواری کاری رۆژنامەگەری، کە ئەوانیش **(ئوفا ویستبەریک لە دانیمارک)** و **(یــۆزۆن ئۆکیف لە بەریتانیا)** کە هەردووکیان دوو شــارەزای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووســانن، دوو بابەتیان لە بــارەی (**دەستپێشــخەریی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی و دانوستانی بە کۆمەڵ و گرێبەستی نێــوان رۆژنامەنووســان و دەزگاکانــی راگەیانــدن**) پێشــکەش کــرد، کــە زانیــاری بەسوودیان تێدابوو بۆ بەشداربووان.

* رۆژی ٢٠١٠/٤/١٠ خوولــی (**پەرەپێدانــی ئاســتی رۆژنامەنووســان**) بــۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە هۆڵی سەنتەری ئــاڵا لــە هەولێــر بەڕێوەچــوو، کــە لیژنــەی رۆژنامەنووســانی وەرزشــی بــە هــاوکاری (یەکێتــی ناوەنــدی تۆپــی پێی کوردســتان) سازی کردبوو.

* رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٠ لیژنــەی پشــتیوانی لە رۆژنامەنووســانی مێینــە، خوولێکی لەژێر ناوونیشــانی (**پەرەپێدانی توانا پیشــەییەکانی رۆژنامەنووســانی مێینە**) بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هۆڵی ئوتێل سیاکۆ لە هەولێر ئەنجام دا، کە تیایدا چەندین بابەت و محازەرە پێشکەش کرا و زیاتر لە (٣٠) رۆژنامەنووس بەشــدارییان تێداکرد.

٦- **((پێکهاتنــی لیژنەیــەک لــە ئەندامانــی کۆنگرە و خەڵکانی پســپۆر بۆ بەدواداچوونی هەموارکردنــی یاســای رۆژنامەگەریــی لــە کوردستان، بە جۆرێک کە لەگەڵ پێشنیازەکانی کۆنگرە و پــرۆژە بنەرەتییەکەی ســەندیکای رۆژنامەنووساندا بگونجێت)).**

بــە مەبەســتی جێبەجێکردنــی ئــەم بڕیــارە گرنگە:

* ئەنجوومەنــی نوێی ســەندیکا لــە یەکەمین کۆبوونــەوەی خۆیــدا لــە پــاش کۆنگــرە لە ٢٠٠٨/١/١٥، یاداشــتێکی ئامــادە کــرد و پێشکەشــی پەرلەمانــی کوردســتانی کرد لە بــارەی هەموارکردنی هەندێ برگە و ماددەی یاساکە لەبەر رۆشــنایی بڕیاری کۆنگرە، کە ئەویــش بە پێی دەقــی راپۆرتەکــەی لیژنەی هەموارکردنی یاسای ناوبراو ئامادە کرابوو.

* رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لــە بــارەگای مەکتەبــی راگەیاندنــی حیزبــی شــیوعی کوردســتان، کۆبوونەوەیەکــی فــراوان بــە بەشــداری ئەنجوومەنــی ســەندیکا و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندن ئەنجام درا، لە کۆبوونەوەکەدا دوا ســەرنج و پێشنیارەکان وەرگیران و پاشان ئەنجوومەنی ســەندیکا یاداشــتێکی بە نووســراوی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٠٨/٢/١١ پێشــکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد.

* بــە مەبەســتی کۆکردنەوەی پاڵپشــتی بۆ یاداشتەکەی سەندیکا، کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردبوو، ئەنجوومەنی سەندیکا بە پێی پلانێک لە نێوان شوبات و ئازاری ٢٠٠٨دا ســەردانی بارەگای مەکتەبی سیاســی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد، کە فراکسیۆن و ئەندامیان لە پەرلەمانی کوردســتان هەبوو، بەو ئومێــدەی کە هەموولایەکیان پشــتگیری یاداشتەکەی سەندیکا بکەن.

* ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (٢٥١) لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشــنبیری پەرلەمان کرد ســەبارەت بەو دەنگۆیەی کە لە ئارادا بوو بە تێکەڵکردنی پرۆژەکەی سەندیکا لەگەڵ پرۆژە یاســایەکی دیکــەدا بە نــاوی پرۆژە یاســای راگەیاندن، تیایدا نارەزایی سەندیکای دەربڕی بەرامبەر هەموو جۆرە تێکەڵکردنێک.

* رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢١ ئەنجوومەنی ســەندیکا جارێکــی دیکــە یاداشــتێکی ئاراســتەی ســەرۆکایەتی پەرلەمــان و هــەردوو لیژنەی یاســایی و رۆشــنبیری کرد، تیایــدا جەختی

لەسەر پێشنیاز و سەرنجەکانی پێشووی کردەوە.

* ئێوارەی ٢٠٠٨/٩/٢١ ئەنجوومەنی سەندیکا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لە بارەگای خۆی لە هەولێر بۆ رۆژنامەنووسان ساز کرد، بە مەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێستی سەندیکا لە سەروبەندی گفتوگۆ کردنی کۆتایی پەرلەمانی کوردستان لەسەر یاسای ناوبراو.

* رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەرلەمانی کوردستان پاش گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردنێکی تێرتەسەلی پرۆژەی یاساکە بە زۆرینەی هەرەزۆری دەنگ یاسای ژمارە (٣٥)ساڵی (٢٠٠٧)ی پاش هەموارکردن پەسند کرد.
بەم بۆنەیەوە رۆژی دواتر، ٢٠٠٨/٩/٢٣ ئەنجوومەنی سەندیکا بەیاننامەیەکی دەرکرد، تیایدا سەرەڕای هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤانەی یاساکە و وەسفکردنی وەک دەستکەوتێکی نیشتمانی و مێژوویی، ئەویش بە لادانی ئەو برگە و خاڵانەی کە پێشووتر ببووە جێگای نیگەرانی و ناڕەزایی سەندیکا و رۆژنامەنووسان.
هەر لە بەیاننامەکەدا ئەنجوومەنی سەندیکا ئاماژەی بە زۆری بڕی ئەو پارە (غرامە)یە کردووەکە لە یاساکەدا دانراوە، چونکە لەگەڵ ئاستی گوزەران و بژێوی رۆژنامەنووساندا ناگونجێت، کە دەکرێت لە داهاتوودا کاری جیددی لە پێناو هەموارکردنی ئەو دوو بڕگەیەشدا بکرێت.

**٧- ((ئەنجوومەنی سەندیکا لیژنەیەک پێکبهێنێت بۆ بەدواداچوون و دارشتنەوەی ئەو بڕگە و ماددە پێویستانەی لە یاسای هەموارکراوی ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی سەندیکادا هاتووە))**

لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا، ئەنجوومەنی سەندیکا لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ پێداچوونەوەی یاسای سەندیکای هەموارکراو بە مەبەستی ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ هەموارکردنی ئەو مادده و بڕگانەی کە لە کۆنگرەدا پێشنیاز کرابوون. لیژنەکە لە ماوەی چەند مانگێکدا و لە چەند دانیشتنێکدا کە ژمارەیەک پسپۆری یاسایی و رۆژنامەنووس بەشدارییان تێدا کرد، پرۆژەیەکی گەڵاڵە کرد و رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٠ بە نووسراوی ژمارە(٤١١) پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کرد.
پاشتر بۆ جاری دووەم، بە نووسراوی (٤٣٧) لە ٢٠٠٨/١١/٥ ئەنجوومەنی سەندیکا پرۆژەکەی دایەوە پەرلەمانی کوردستان و داوای کرد کە کاری لەسەر بکات بۆ هەموارکردنی.
بۆ جاری سێیەم ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (١٦٣٥) لە ٢٠١٠/٩/١٤ هەمان دۆسیەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد و داوای لە پەرلەمان کرد کە پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم پرۆژەکە بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و هەمواری بکات، بەڵام بە داخەوە ئەمجارەش تا ئێستا بێ ئاکامە.
لێرەدا جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە هەندێ دەستکاری دیکە کراوە، دەخرێتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە بۆ پەسندکردنی.

**٨- ((کۆنگرە پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، وەک بەڵگەنامەیەک پەسند دەکات و پابەند بوونی خۆی بەو پەیماننامەیە دووپات دەکاتەوە))**

ئەنجوومەنی سەندیکا کاتی خۆی دەقی بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی لەگەڵ دەقی پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد، پەرلەمانیش لە کاتی پەسندکردنی یاسای رۆژنامەگەرییدا بە پێویستیزانی بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاساکە و دەوڵەمەندکردنی، بەڵێننامەکەی کردە پاشکۆی یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەری

لە کوردستان و لە هەردوو ماددەی (٢) و (٩) دا ئاماژەی پێداوە.

جێی ئاماژەپێدانە کە ئەنجوومەنی سەندیکا لەبەر رۆشنایی بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و خوێندنی واقعی ئەمڕۆی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کەوردستاندا، پرۆژەی بەڵێننامەیەکی شەرەفی کوردستانی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا تاوتوێ بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی پەسند کردنیدا ببێتە بنەمایەک بۆ هەموو ئەندامێکی سەندیکا، کە لەو چوارچێوەیەدا کاری رۆژنامەگەریی بکات.

**٩- ((گرنگیدانی زیاتر بە بواری رۆژنامەگەریی وەرزشی و چاوخشاندنەوە بە ناو و پێکهاتەی (کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی) لەبەر رۆشنایی یاسای سەندیکادا))**

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی کۆنگرەی پێشوو، پاش چەند دیدار و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ناو و پێکهاتەی کۆمەڵەکە، رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٤ ئەنجوومەنی سەندیکا دوا کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشیدا ئەنجام دا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی و دانانی بەرنامەی کاری داهاتووی و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێک بۆ رۆژنامەنووسانی وەرزشی، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار و راسپاردەی پێویست بەو ئامانجە وەرگیرا.

ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٨/١١/٥، ئەنجوومەنی سەندیکا کۆنفرانسێکی بۆ رۆژنامەنووسانی وەرزشی، کە پاڵێوراوی سەرجەم دەزگا رۆژنامەنووسییەکانی کوردستان بوون، ئەنجام دا، بۆ یەکخستنی ناو و دەستەواژەکانی کۆمەڵەکە.

پاش گفتوگۆیەکی بابەتیانە و خستنە رووی چەندین پێشنیاز و سەرنج و پرۆژە، ئەنجوومەنی سەندیکا هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی دا بۆ سەرپەرشتی کردن و رێکخستنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە کوردستان بە ناوی (**لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە کوردستان**) کە جێی (**کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی**) پێشووی گرتەوە.

لیژنەکە پێکهات لە سکرتێر و (١٠) ئەندام.

جێی ئاماژەپێدانە کە لیژنەی ناوبراو بەبێ هیچ گیروگرفتێک لە ماوەی ئەو دووساڵەی تەمەنیدا کار و چالاکییەکانی بە رێکوپێکی و بە دەستە جەمعی ئەنجام داوە.

**١٠- ((کۆنگرە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ماڵی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەزانێت بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان))**

لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەدا، ئەنجوومەنی سەندیکا لە رێگەی لق و نووسینگە و لیژنەکانییەوە دەرگای والا بووە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان، تەنانەت ئەوانەش کە ئەندامی سەندیکا نەبوونە و راپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان و ئەو کار و چالاکییانەی کە لە میانەی ئەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە و لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە، باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو راستییە، تەنیا ئەو بوارانە نەبێت کە بەپێی یاسا تایبەتن بە ئەندامانی سەندیکا.

**دووەم/**

**راسپاردەکانی کۆنگرە**

وەکو لای هەموان ئاشکرایە، کە راسپاردە حوکم و هێزی بڕیاری نییە، بەو مانایە کە بڕیارەکان دەبنە بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی سەندیکا و پێویستە ئەنجوومەن پابەند (ملزم) بێت بە جێبەجێکردنیانەوە، چونکە لە سنووری دەسەڵاتی ئەنجوومەن تێپەڕ ناکات.

بەڵام هەرچی راسپاردەکانە، لەبەر ئەوەی

که جێبەجێ کردنی زۆربەیان لە دەرەوەی توانا و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەندیکایە و دەبێ سەندیکا هەوڵی جێبەجێ کردنیان بدات لە ڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو ڕاسپاردانە دەکەین، کە سەندیکا توانیویەتی لە نێوان هەردوو کۆنگرەدا کاری بۆ بکات و بە هاوکاری دەزگاکانی دیکە جێبەجێیان بکات:-

١- سەبارەت بە چارەنووسی ڕۆژنامەنووس (**محەمەد ئەشکەنەیی**) کە تا ئێستاش دیار نییە، پاش کۆنگرە بە چەندین جار شەخسی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و سکرتێری پێشووی لیژنەی داکۆکی (**زیرەک کەمال**) لە هەولێر و سلێمانی پەیوەندییان بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسەوە کرد، بەڵام بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئاکامێک، چونکە هەموو ئەو دەزگایانە بێ ئاگایی تەواوی خۆیان لە چارەنووسی ناوبراو دەربڕی.

٢- لە بارەی کردنەوەی خولی تایبەت بە هۆشیاری یاسایی بە مەبەستی شارەزابوونی زیاتر لە یاسا و سروشتی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

لە نێوان هەردوو کۆنگرەدا چەندین جار کۆڕ و دیدار و سیمیناری جۆراوجۆر چ لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە یان لە لایەن لقەکانەوە سازکراوە، کە فراوانترینیان سیمیناری ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ بوو لە هەولێر، کە تێیدا بەرپرسانی باڵای هەرسێ دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری بەشدارییان تێدا کرد و ئەنجوومەنی سەندیکا بە تێروتەسەلی باسی کێشەکانی بەردەم جێبەجێ کردنی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی کرد و داوای لە بەرپرسان کرد کە فەرمان و ڕێنمایی پێویست دەربکەن بۆ ڕێزگرتن لە یاساکە و لە پیشەی ڕۆژنامەگەریی.

هەروەها بۆ چەند جارێک لە هۆڵی ئەنجوومەنی سەندیکا سیمیناری دیکەی هاوشێوەی بۆ بەرپرسانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگای دادوەری ئەنجام دا، کە تێیدا گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و ئەو بەرپرسانەدا بەڕێوەچوو، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە ژمارەیەکی کەم لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بانگ کرابوون، بەشدارییان تێداکرد.

٣- ((**سەندیکا هەوڵ بدات بە پێی توانا هاوکاری چاپکردنی ئەو کتێبانە بکات کە تایبەتن بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە**))

سەرەڕای سنووورداری بوودجەی سەندیکا و هەروەها کردنەوەی لق و نووسینگەی نوێ و پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی تازە، کە هەموو ئەمانە پێویستیان بە بوودجەی مانگانە هەیە بۆ بارەگا و کار و چالاکییەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا سەندیکا توانیویەتی لەچاپدانی هەندێ کتێب و نامیلکە لە ئەستۆ بگرێت و هاوکاری لەچاپدانی ژمارەیەکی دیکەش بکات بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ/ ئەم کتێبانەی خوارەوە لەسەر بوودجەی سەندیکا لەچاپدراون:-**

١- ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی (بەرگی یەکەم)/ جەمال خەزنەدار.

٢- الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقي/ د.سعدی المالح.

٣- سەرجەم بەرهەمەکانی جەبار جەباری/ ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە.

٤- کورد و پێویستی دیپلۆماسی میدیایی/ مادیح ئەحمەدی.

**ب/ هاوکاری کردنی لەچاپدانی نامیلکەی (الصحافة العراقية في ذاكرة روادها/ ئامادەکردنی تارق ابراهیم شریف).**

سەرەڕای ئەو کتێب و نامیلکانە، سەندیکا بۆ جاری دووەم پاش ساغکردنەوە و ڕێکخستنی (**یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان- هەموارکراو**) سەرلەنوێ لە دووتوێی بەرگێکی جوانتر بەهەرسێ زمانی (**کوردی و عەرەبی**

و ئینگلیزی) لە چاپی داوە.
هەروەها **(یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)** ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی لە بەرگێکی قەشەنگدا لە سێ بەرگی جیادا بە **(کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی)** لەچاپ دا.

**٤- ((تا ئەو کاتەی کە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨) هەموار دەکرێ، هەوڵ بدرێ نووسینگەی سەندیکا لەو دەڤەرانە بکرێتەوە، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تێدایە))**

ئەنجوومەنی سەندیکا پاش تاوتوێ کردنی ئەم ڕاسپاردەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لقەکاندا، لە سێ قۆناغی جیاوازدا نووسینگەکانی (گەرمیان و سۆران و خانەقین)ی کردەوە و بوودجەی گونجاویشی بۆ دابین کردن.
هەروەها بۆ ئاسانکردنی کاروباری ڕۆژنامەنووسان، لەو شارانەی کە زیاتر لە (١٥) ڕۆژنامەنووسی ئەندامی سەندیکای تێدایە، ئەنجوومەنی سەندیکا بە هاوکاری لقەکان و بە میکانیزمی هەڵبژاردن ڕێکخەر (منسق)ی داناوە، ئەویش لەم شوێنانەی خوارەوە:-
**(شەقڵاوە، کۆیە، سەیدسادق، ڕانیە، ئاکرێ، زاخۆ، ئامێدی، شەنگار، چەمچەماڵ)**

**٥- ((هەوڵدان بۆ دابینکردنی زەوی نیشتەجێ بوون بۆ ئەندامانی سەندیکا و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی بۆئەندامانی لقەکانی کەرکووک و بەغدا و موسڵ))**

لە چوارچێوەی هەوڵ و کۆششەکانی سەندیکادا، سەرەڕای ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی کە لە دابینکردنی زەوی نیشتەجێ بووندا هاتۆتەڕێ، سەندیکا توانیویەتی لە کۆنگرەی گشتی دووەمەوە، ئەو (١٨٩) پارچە زەویەی کە پێشتر لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی سەندیکاوە داواکاریان پێشکەش کردبوو و ڕەزامەندی کابینەی پێنجەمی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێ وەرگیرابوو، دابین بکات، کە ڕۆژنامەنووسانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و لە دەزگا ڕاگەیاندنە جیاجیاکانی هەولێری لەخۆگرتبوو، ئەوە بوو لە پرۆسەیەکی ئاشکرادا، بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و لقی هەولێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٨ دابەشکران..
جێی ئاماژە پێدانە کە ژمارەیەک لەو ڕۆژنامەنووسانە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) لە ڕێگەی دیکەوە سوودمەند بووبوون، بۆیە بە لیستێک شارەوانی هەولێر ئاگاداری ئەنجوومەنی سەندیکای کرد و ئەنجوومەنی سەندیکاش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە لە لیستی یەدەگی ڕۆژنامەنووسان، کە پێشتر بە نووسراو داواکارییان هەبووە و مەرجی پێویستیان تێدابووە، جارێکی دیکە بە نووسراوی ڕەسمی داوای لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کابینەی شەشەم کرد، کە ڕەزامەندی بدات لەسەر دانانی ناوی ئەو یەدەگانە لە شوێنی ناوی سوودمەندەکان، ئەوە بوو ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەری دا و بە نووسراو ئاگاداری وەزارەتی شارەوانییان کرد بۆ جێبەجێ کردنی.
هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دابینکردنی زەوی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون، فۆرمێکی تایبەت بەسەر لق و نووسینگەکانی سەندیکادا دابەشکرا و تێکڕای ئەو ئەندامانەی کە سوودمەند نەبوون، فۆرمەکەیان پڕ کردەوە و پاش ئەوەی هەموو فۆرمەکان گەیشتنەوە ئەنجوومەنی سەندیکا، کە (٩٨١) فۆرم بوون، بە نووسراوی ژمارە (١٥٦٥) لە ٢٠١٠/٨/٣ لە دیدارێکی تایبەتدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.
جێی وەبیرهێنانەوەیە، کە جارێکی دیکە و لە دیدارێکی دیکەدا ڕۆژی ٢٠١١/١/٥ نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بە ئامادەبوونی

جێگری نەقیب هەمان داواکاری خستە بەردەم سەرۆکی حکوومەتی کوردستان و بە تایبەتیش پێداگری لەسەر دابینکردنی (١٩٢) پارچە زەوی رۆژنامەنووسانی سەر بە لقی سلێمانی کرد.

سەبارەت بە رۆژنامەنووسانی سەر بە لقەکانی (**کەرکووک و موسڵ و بەغدا**) وەک هەموو لا ئاگادارن، کە لەم قۆناغەدا لە توانای سەندیکای رۆژنامەنووساندا نییە، کە زەویان بۆ دابین بکات، لەبەر هۆکاری سیاسی و ئیداری.

**٦- ((هاندان و پشتگیریکردنی رۆژنامەی ئەهلی وەکو دیاردەیەکی شارستانی))**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئەو دروشمەی کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەرزی کردۆتەوە، هەروەها لە روانگەی یاسای سەندیکاوە، بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە نێوان رۆژنامەنووساندا نەکردووە، لەسەر بنەمای ئینتما بۆدەزگاکانی راگەیاندن بەڵکو بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ ئەندامانی سەندیکادا کردووە و بەدەم داواکاری و کێشەکانیانەوە چووە.

هەروەها لە بواری داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسیدا جیاوازی لە نێوان رۆژنامەنووسانی دەزگا حیزبی و ئەهلییەکاندا نەکردووە، بێگومان راپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی و بەدواداچوونی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ کێشەکانی رۆژنامەنووسان، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو قسەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ، هەندێ لە رۆژنامەنووسان سەر بە دەزگا حیزبییەکان و هەروەها ئەهلییەکانیش، دووره پەرێز بوون لە سەندیکا و بەشداری چالاکییەکانی سەندیکا ناکەن و بگرە ئامادە نەبوون هەندێ هەواڵ و ئاگاداری سەندیکاش کە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووساندایە بڵاوبکەنەوە. تەنانەت هەندێکیان بە دێرێکیش ئاماژەیان بە راپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی نەکردووە، سەرەڕای بەسەرکردنەوەی بارەگای ئەو دەزگایانە و بانگهێشتکردنیان بۆ بەشداری لە هەندێ چالاکی.

**٧- ((یادکردنەوەی رۆژنامەگەریی کوردی و سازکردنی ڤیستیڤاڵی ساڵانە لەو بۆنەیەدا لە ئەستۆی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت))**

وەک نەریتێکی ساڵانە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یادکردنەوەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەستۆ گرتووە و لە هەرسێ ساڵی پێشووی نێوان دوو کۆنگرەدا (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ و ٢٠١٠) سەندیکا ئەو یادەی بەرز راگرتووە و بە شێوەیەکی فراوان ڤیستڤاڵ و سیمینار و چالاکی جۆاوجۆری ساز کردووە. تێیدا چەندین نەقیب و سەرۆکی رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکان و رۆژنامەنووسی ناسراوی بیانی بانگهێشت کراون، لەوانە (**جیمس دوهارتی**)ی سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا و (**رەجەب مەزروعی**) سەرۆکی ئەنجوومەنی سنفی رۆژنامەنووسانی ئێران و ماشاءالله شمس الواعظین رۆژنامەنووسی ناسراوی ریفۆرمخوازی ئێرانی و محەمەد حەسەن بەننا بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (**الاخبار**)ی میسری و (**رەجائی فاید**)ی نووسەری ناسراوی میسری و ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەکادیمی و رۆشنبیرانی عێراقی..

ساڵی پار لە چوارچێوەی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەرنامەیەکی هەفتەییدا رۆژی ٢٠١٠/٤/٢١ بە مەراسیمێک لەبەردەم دیواربەندی شەهیدان لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان دەستی پێکرد، دواتر ئەو یادە رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٢ لە ئەشکەوتی جاسەنە بە ئامادەبوونی (**د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**) سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرز راگیرا، کە هەر بە فەرمانی بەڕێزیان و لەسەر داوای ئەنجوومەنی سەندیکا رێگای

نێوان شەقامی گشتی سلێمانی-دوکان بۆ ئەشکەوتەکە رێکخرا و قیرتاو کرا. لە مەراسیمێکی شکۆداردا لەبەردەم ئەشکەوتەکە یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی بەرێوەچوو.

پاشان لە ماوەی دوو رۆژدا لە هەولێر چەند کۆڕ و سیمینارێکی تایبەت بە بواری رۆژنامەگەریی ساز کرا و رێز لە ژمارەیەک لە میوانانی دەرەوە گیرا، لە هەمان کاتدا و لە چوارچێوەی هەمان بەرنامەدا، ئەنجوومەنی سەندیکا یارمەتی بەسەر رۆژنامەنووسە خانەنشینەکاندا دابەشکرد.

دوارۆژی ڤیستیڤاڵی (٢٠١٠) رۆژی ٤/٢٥ لە رواندز لە ماڵی (**حوسێن حوزنی موکریانی**) و شوێنی دەرچوونی گۆڤاری (**زاری کرمانجی**) و چاپخانەکەی کە لە حەلەبەوە هێنابووی، بە کردنەوەی پیشانگایەکی فۆتۆگرافی دەستی پێکرد و پاشان بەشداربووان لە هۆڵی سەیرانگای پانک لە رواندز سیمینارێکیان ساز کرد بۆ یادی (**زاری کرمانجی و حوسێن حوزنی**) و چەند باسێک لەو بارەیەوە پێشکەش کران.

شایانی گوتنە هەر لەو شوێنەدا هەواڵی بریاری ئامادەکردن و چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە راگەیەنرا، کە مامۆستا (**جەمال خەزنەدار**) ئامادەکردنەکەی لە ئەستۆ گرتبوو.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەنجوومەنی سەندیکا بە بڕی (٣٥) هەزار دۆلار ئەو خانووەی (**حوسێن حوزنی موکریانی**) لە رواندز کڕی و لەسەر سەندیکا تاپۆی کرد، کە دواتر بە سوپاسەوە لە لایەن بەرێز (**د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**) سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕە پارەیە گەڕێنرایەوە بۆ سەندیکا.

بەو ئومێدەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانرێت باڵەخانەیەکی شیاوی وەک مۆزەخانەیەک لەسەر زەوی خانووەکە دروست بکرێت، وەک یادەوەرییەک بۆ (**حوسێن حوزنی موکریانی**) و (**گۆڤاری زاری کرمانجی**).

**٨- ((هەوڵدان بۆ زیادکردنی بڕی مووچەی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە شێوەیەک کە لەگەڵ باری ژیان و گوزەرانیان بگونجێت))**

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە رێگەی چەند یاداشت و نووسراوێکەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، داوای زیادکردنی ئەو بڕە مووچەیەی کردووە و تەنانەت لیژنەی هاوبەشی نێوان سەندیکا و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داد پێکهات بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە داخەوە بێ ئاکام بوو، دوابەدوای کۆنگرەی گشتی دووەمیش بۆ جێبەجێکردنی ئەم راسپاردەیەی کۆنگرە، ئەنجوومەنی سەندیکا هەوڵەکانی درێژەی هەبووە و تەنیا ساڵی پار پاش سەرلەنوێ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ هەموارکردنی یاسای خانەنشینی و زیادکردنی بڕی مووچەکە، لە (١٠٨) هەزار دینارەوە بۆ (٧٥٠) هەزار دینار دووجار بە نووسراوی رەسمی داواکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرد.

دواجاریش لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمدا لە دیدارێکی نەقیبی رۆژنامەنووسان لەگەڵ بەرێز د.بەرهەم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جارێکی دیکە داوای لە بەرێزیان کرد، کە رەزامەندی بدات لەسەر زیادکردنی بڕی مووچەکە و بە سوپاسەوە سەرۆکی حکوومەتیش رەزامەندی دەربڕی و ئیمزای لەسەر زیادکردنی بڕەکە کرد بۆ (٥٠٠) هەزار دینار، کە ئومێد وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت.

**٩- ((هەوڵدان بۆ زیاد کردنی بوودجەی سەندیکا بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئاستی پێداویستی کارەکانی سەندیکا و پانتایی چالاکییەکانیدا بێت))**

لە ئاکامـی فراوانبوونی لق و نووسـینگە و لیژنەکانـی سـەندیکادا سـەرەڕای کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی، سەندیکا پێویستی بـە بوودجەیەکی گونجاوتر هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێـت ئیـش و کارەکانـی بە شـێوەیەکی ئاسانتر بەڕێوەببات.

بۆ ئەم مەبەسـتە لـە دیدارێکـی تایبەتیدا نەقیبـی ڕۆژنامەنووسـان لەگـەڵ بەڕێـز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان ئەو داوایەی خسـتە بەردەمیـان، ئەویش بە سوپاسـەوە ڕەزامەنـدی دەربـڕی لەسـەر زیادکردنـی بوودجەکـە لە (٣٥) ملیۆنـەوە بۆ (٨٥) ملیۆن دینار لە مانگی مایسی ٢٠٠٨وە..

جێـی ئاماژەپێدانـە سـەرەڕای زۆری و بەربـڵاوی خەرجییەکانی سـەندیکا وەکو لە ڕاپۆرتی داراییدا بە درێژیی و بە وردی هاتووە، بـەڵام ئەنجوومەنـی سـەندیکا توانیویەتـی بـڕی (٣٤٥٠) ملیـۆن دینارو (١٣١،٦٩١،٥٣٥) دۆلار، پاشەکەوت بکات، کە تەرخانە تەنیا بۆ لەچاپدانی بەرگەکانی دیکەی ئینسـکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە داهاتوودا.

**گرنگترین کار و چالاکییەکانی دیکەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە نێوان هەردوو کۆنگرەدا**

**أ/ کـۆڕ و سـیمینار و کۆنگـرە و وۆرکشۆپەکان**

١- ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢١، ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری کۆبوونەوەیەکی فراوانی تایبەت بە گفتوگۆکردن لەسـەر یاسـای ڕۆژنامەگەری لە کوردسـتان کرد، کە لە لایـەن ڕێکخراوی (ASK)وە لە هۆڵی ئوتێل چوارچرا لە هەولێر ساز کرابوو.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٥، سـکرتێری سـەندیکا بەشـداری لە سیمینارێک کرد، کە ڕێکخراوی (**ئایرێکس**)ی ئەمەریکـی بـە مەبەسـتی گفتوگۆکردن لە بارەی یاسای ڕۆژنامەگەری و چۆنیەتی هەموارکردنی، لە شـاری هەولێر سازی کردبوو.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٩، لەسـەر بانگهێشـتی کۆمەڵـەی (**هاوپەیمانـی لە پێناو گەیشـتن بە زانیاری**) سـکرتێری سـەندیکا بەشداری لەو کۆڕە کرد،کە لە بارەگای ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان لە عەنکاوە سازی کردبوو.

٤- ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٣١، سـکرتێری سـەندیکا بەشـداری لەو کـۆڕە فراوانە کـرد، کە (٥٠) ڕۆشـنبیر و ڕۆژنامەنـووس لـە سـەرتاپای هەرێم بەشـدارییان تێدا کردبـوو، کە تایبەت بوو بە مەرجی بنەڕەتی دەسـتەبەری ئازادی را و ئازادی ڕۆژنامەنووسی، لە هۆڵی چراخان لە هەولێر ساز کرابوو.

٥- ڕۆژانـی ١٩-٢٠٠٨/٥/٢١، نەقیبـی ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و سکرتێری پەیوەندییەکانـی دەرەوە بەشـدارییان کرد لە کۆبوونەوەیەکی هەرێمایەتی، کە بۆ سەندیکا و ڕێکخـراوە ڕۆژنامەنوسـییەکانی جیهانـی عەرەبی و ئێران لە لایەن (IFJ) لە (**دار البيضاء**) سـاز کرابـوو، لـە کۆبوونەوەکـەدا جەخـت لەسـەر هەڵمەتـی جیهانی بـۆ وەرگرتنەوەی (**حصانە**) لەسـەر بکوژانی ڕۆژنامەنووسـان کرایـەوە، بوودجـەی کۆبوونەوەکە لە لایەن ڕێکخراوی (**فریدریـش ئیلبرت**)ی ئەڵمانییەوە دابین کرابوو.

٦- ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٦، ئەنجوومەنی سەندیکا سەرپەرشـتی کۆبوونەوەیەکـی فراوانـی سـەندیکای کـرد، کـە سـکرتێر و ئەندامانی لیژنەی لقەکانی سەندیکا تیایدا بەشداربوون.

٧- ڕۆژی ١٣-٢٠٠٨/٨/١٥، لـە بـارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا لە هەولێر بە ئامادەبوونی (**مونیـر زەعرور**) ڕێکخـەری (IFJ) و (**سـارە بوشـطوب**) بەرپرسـی پرۆژەکانـی (IFJ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیمینارێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردسـتان و عێراق ئەنجـام درا، کە تایبەت بوو بە بوارەکانـی (**ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی، سـەربەخۆیی نووسـین- یەکسـانی جـۆری**

**کۆمەڵایەتی- ئاسایشی رۆژنامەنووسان- مەشقی سەلامەتی پیشەیی- داڵدەدان و وەدەربازبوونی بکوژان لە سزا)...**

٨- رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٣، لە باخچەی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا کۆڕێک بۆ رۆژنامەنووس (**فرانسۆ گزاڤالۆڤا**) ساز کرا، لە بارەی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شۆرشی کوردستان لە سەرەتای شەستەکانەوە.

٩- رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٧، لە هۆڵی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا کۆڕێکی تایبەت بە سەلامەتی پیشەیی لە لایەن بەرێوەبەری سەنتەری سەلامەتیەوە بۆ رۆژنامەنووسانی مێینە ساز کرا.

١٠- لە نێوان ٧-٢٠٠٨/١٠/١٠، لە بارەگای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە شاری برۆکسل کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەرایەتی سەندیکا و رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرێوەچوو، تیایدا سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بەشداربوو.

لە کۆبوونەوەکەدا بە درێژیی باس لە ئازادی رۆژنامەگەریی و چۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی کیشەکان کرا.

بەشداربووانیش چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان بەرز نرخاند و گۆڤاری (**الصحفی**)یان بە گۆڤارێکی دیکۆمێنتی لە قەڵەم دا.

١١- رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٩، سەنتەری رۆشنبیری رەواندز کۆڕێکی بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ساز کرد، لە بارەی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان.

١٢- رۆژانی ١٠-٢٠٠٨/١١/٢٠، ئەنجوومەنی سەندیکا و نووسینگەی سەلامەتی پیشەیی لە سەندیکا چەند خوولێکی تایبەت بە سەلامەتی پیشەییان سازکرد. خوولەکان لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک بەرێوەچوون و تێیدا (٣٨) رۆژنامەنووس لە دهۆک و (٢٢) رۆژنامەنووس لە هەولێر و (٦٠) رۆژنامەنووس لە سلێمانی و (٤٢) رۆژنامەنووس لە کەرکووک و (١٠) رۆژنامەنووس لە موسڵ و (١٠) رۆژنامەنووس لە سۆران بەشداربوون، بابەتەکانی خوولەکە بریتی بوون لە چەند وانەیەک لە بارەی پابەندبوون بە بنەماکانی سەلامەتی پیشەیی و رۆشنبیری یاساییەوە.

١٣- رۆژانی ٨-٢٠٠٩/٢/١٠، لە شاری دوبەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان **(دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی)** لەسەر ئاستی هەرێمی راگەیاند، کە تیایدا سەرۆکی سەندیکا و کۆمەڵە و فیدراسیۆنەکانی رۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوای ئاسیا و کیشوەری ئەفریقیا ئامادەبوون، لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەبوون.

١٤- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨، لە هۆڵی ئوتێل چوارچرا لە ژێر دروشمی **(با یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی هاندەری چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و سەروەریی یاسا بێت)**، ئەنجوومەنی سەندیکا سیمینارێکی فراوانی بۆ نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و ژمارەیەک دادەوەر و یاساناس و رۆژنامەنووس سازکرد، ئامانج لە سیمینارەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر زەرورەتی پیادەکردنی یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥).

١٥- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩، هەر لە چوارچێوەی یادی رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئامادەبوونی بەرپرسی دەزگاکانی راگەیاندن و سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤارەکان لە هەولێر، سیمینارێکی فراوانی ساز کرد بۆ میوانانی دەرەوەی ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردی.

١٦- رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣، ئەنجوومەنی سەندیکا

هەولێر نامەی کتێب

بەشـداری کـرد لـە سـیمیناری (**جاڕنامەی هەولێـر بـۆ ئـازادی ڕۆژنامەنووسـی**) کـە چەندین سـەنتەر و ڕێکخراو بەشدارییان تێدا کردبوو.

١٧- ڕۆژانـی ١٥ و ٢٠٠٩/٩/١٦، شـاندێکی ئەنجوومەنـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان کـە پێکهاتبوو لە جێگری نەقیب و سـکرتێری سەندیکا و سکرتێری لقی هەولێر و ڕاوێژکاری یاسـایی سـەندیکا، بەشـدارییان کرد لە دوو وۆرکشـۆپدا کە بـە سەرپەرشـتی (IFJ) لە بەغدا بەڕێوەچوو.

١٨- ڕۆژانـی ٢٥ و ٢٠٠٩/٩/٢٦ نەقیبـی ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـە داوەتـی ڕەسـمی بەشداری لە وۆرکشـۆپێکی تایبەت کـرد، بـە نـاوی (**قەدەغەکردنـی هانـدان لە ڕۆژنامەگەریـی عێراقـدا**) کە لە ئەسـتەمبوڵ بەڕێوەچوو.

١٩- لـە ڕۆژانی ٥-٢٠٠٩/١٠/٧، شـاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان کە پێکهاتبـوو لـە جێگـری نەقیب و سـکرتێری پەیوەندییەکانـی دەرەوە و ئەندامێکـی لیژنەی پشـتیوانی لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە بەشـدارییان کرد لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە عەممان، هەر یەک لە سەرۆک و سکرتێری گشـتی (IFJ) بەشدارییان تێیدا کرد و تایبەت بوو بـە گفتوگۆ لەسـەر ئـەو ڕێگریانەی کە ڕووبـەڕووی ڕاگەیاندنـکارە پیشـەییەکان و ڕێکخراو و دەزگاکانیان دەبنەوە، سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕەوشـی ژنانی ڕۆژنامەنـووس و جموجۆڵ و چالاکی گـروپ و لیژنەکانـی ژنـان کە باسـیان لێوە کرا.

٢٠- ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧، لـە هۆڵی پێشـەوا لە هەولێـر ڕێکخـراوی ئاسـۆی مەدەنییەت بـە هـاوکاری وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی فراوانـی ڕێکخسـت لـە بـارەی (**زمانی زبر لـە ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا**) تێیـدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسـان وتەیەکی پێشـکەش کرد و ئاماژەی بە ڕەشنووسـی پرۆژەی بەڵێنامەی شـەرەفی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، کە لە لایەن سکرتێری سەندیکاوە ئامادە کرابوو و بڕیاری ئەنجوومەنی لەسەر درابوو.

٢١- لـە ڕۆژانـی ١٥ و ٢٠٠٩/١٢/١٦، ئەنجوومەنی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسـان (IFJ) و لەژێر دروشـمی (**ڕاگەیانـدن لە پێناو چەسـپاندنی دیموکراتیـدا**) وۆرکشـۆپێکی لـە بـارەی (**دەستپێشـخەریی ئاکاری ڕۆژنامەگەری**) لە هەولێر بـۆ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان ئەنجـام دا. لـە وۆرکشـۆپەکەدا هـەر یەکـە لـە ڕۆژنامەنـووس خاتـوو (**سـۆزان ئوکیفی**) لە فیدراسـیۆنی نیشتمانی ڕۆژنامەنووسـانی بەریتانیـا و ئێرلەنـدا و شارەزا لە بواری ئەخلاقی ڕۆنامەنووسیدا و ڕۆژنامەنووس (**ئوفە ویستبرگ**) لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی دانیمارک پسپۆر لە بواری گرێبەسـت و دانووسـتانی بە کۆمـەڵ، دوو بابەتی تێر و تەسـەلیان پێشـکەش کرد و لە لایەن بەشداربووانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا.

٢٢- ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٨، ئەکـەد مـوراد ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەندیکا کۆڕێکی بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری سـریانییەوە لە هۆڵی خەندان لە کەرکووک ساز کرد.

٢٣- ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٦، سـکرتێری سەندیکا لـە هۆڵی چوارچرا لە هەولێر بەشـداری کرد لـە سـیمینارێکی فراوانـدا لەژێر ناونیشـانی (**سـتراتیجییەتی بانگەشـەی هەڵبژاردن**)، کە (**سەنتەری ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی**) سازی کردبوو.

٢٤- ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٧، سـکرتێری سەندیکا بەشـداری کـرد لـە سـیمینارێکی تایبەت بە (**یاسـای ڕۆژنامەگـەری ئەلیکترۆنـی**)، کە لە

لایەن (**ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ**) ساز کرابوو.
لە کۆتایی سیمینارەکەدا، را و سەرنجی سەندیکا بە هەند وەرگیران و بڕیار درا لیژنەیەک پێک بیت بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلانە.

٢٥- ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٢٤، تۆڕی (**شەمس**) بە هاوکاری سەندیکای ڕۆنامەنووسانی کوردستان خوولێکی دوو ڕۆژی بۆ (١٨) ڕۆژنامەنووسی ئەندامی سەندیکا کردەوە، کە تایبەت بوو بە ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.
سکرتێری سەندیکا بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا لە بابەتێکی تایبەتدا تیشکی خستە سەر بنەماکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و پابەندبوون بە یاسای ڕۆژنامەگەری و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنەوە.

٢٦- ڕۆژانی ٢-٢٠١٠/٥/٣، شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە (**حامید محەمەد عەلی**) سکرتێری سەندیکا و (**ئەکەد موراد**) ئەندامی ئەنجوومەن بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا بەشدارییان کرد لە ئاهەنگ و چالاکییەکانی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە بەغدا.
ڕۆژی یەکەم شاندەکە بەشداری لەو ڕێورەسمە کرد، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی لە هۆڵی (**مەنسوور میلیا**) سازی کردبوو.
ڕۆژی دووەمیش ٥/٣، شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری کرد لە ڕێورەسمێک، کە ڕێکخراوەکانی (**یونسکۆ، یو ئێن دی پی، ئایرێکس**)، لە هۆڵی (**یانەی علویە**) ڕێکیان خستبوو بۆ ئەو یادە، لە ڕێورەسمەکە سکرتێری سەندیکا وتارێکی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەنووسییەوە پێشکەش کرد، هەروەها (**ئەکەد موراد**) بابەتێکی لە دانیشتنی دووەمدا پێشکەش کرد.
٢٧- لە ڕۆژانی ٢٥-٢٠١٠/٥/٢٨، شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە پێکهاتبوو لە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن، کە ئەمانەبوون: (**فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، حامید محەمەد عەلی، زیرەک کەمال، بەهجەت هروری، ئەکەد مواد**)، بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی (٢٧)ەمینی (IFJ)، کە لە باشووری ئیسپانیا بەڕێوەچوو.
شیاوی باسە هەریەکە لە (**شوان داوودی، جەمال حوسێن، ئەنوەر حوسێن**) ئەندامانی ئەنجوومەن، بە هۆی بەدەست نەهێنانی ڤیزاوە، نەیانتوانی بەشداری لە کۆنگرەی ناوبراو بکەن.

٢٨- ڕۆژی ٦/٣٠ تاکو ٢٠١٠/٧/٢، شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە سکرتێری لقی هەولێر و ڕاوێژکاری یاسایی ئەنجوومەنی سەندیکا، بەشدارییان کرد لە وۆرکشۆپێک کە لە لایەن (IFJ) و ڕێکخراوی (**ئارتیکل**) لە شاری ئەستەنبووڵ ساز کرابوو، ناونیشانی وۆرکشۆپەکە بریتی بوو لە (**پاراستنی یاسایی بۆ ڕۆژنامەنووسان**).

**ب/ بەیاننامە و ڕاگەیەنراوەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا**

١- ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٢، ئەنجوومەنی سەندیکا بەیاننامەیەکی لە بارەی ئابلۆقەدانی چیای قەندیل بە ڕووی ڕاگەیاندن و ڕێگرتن لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، دەرکرد و داوای کرد ڕێگە بە ڕۆژنامەنووسان بدرێت کە سەردانی ناوچەکە بکەن بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی.

٢- ئەنجوومەنی سەندیکا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک بەشداری کرد لە هەڵمەتێکی جیهانی دژ بە هەڵوەشاندنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی رووسیا لە لایەن حکومەتی روسیاوە، کە لە لایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانەوە ڕاگەیەنرابوو.

٣- ڕۆژانــی ٢٣ و ٢٠٠٨/٢/٢٧، ئەنجوومەنی سەندیکا لە دوو بەیاننامەدا هەوڵی تیرۆرکردنی شــەهاب تمیمــی نەقیبــی ڕۆژنامەنووســانی عێراقــی مەحكــووم کرد و بــە بۆنەی كۆچی دواییەوە سەرەخۆشــی لە ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و بنەماڵەی شەهید كرد.

٤-بە بۆنەی یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردییــەوە ئەنجوومەنــی ســەندیکا ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٢، بەیاننامەیەکــی دەرکرد و تیایدا وێــڕای پیرۆزبایی ئەو یادە، جەختی لەســەر زەروورەتی چەســپاندنی ئازادی و ڕێزگرتن لە یاسا کردەوە.

٥- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئــازادی ڕۆژنامەگەرییــەوە ئەنجوومەنــی سەندیکا بەیاننامەیەکی دەرکرد.

٦- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکــدا هەوڵی تیرۆرکردنی هێرۆخان سەرنووســەری گۆڤــاری (**خــاک**)ی لە بەغدا مەحكووم کرد.

٧- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤، ئەنجوومەنی ســەندیکا لە بەیاننامەیەکدا تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (**ســروە عەبدولوەهاب**)ی لە شــاری موســڵ مەحكووم کرد.

٨- لــە ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١١، ئەنجوومەنــی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە سەرجەم ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان و هەڵگرانــی بیــروڕا و قەڵەمــە تێکۆشــەرەکان و تێکڕای ڕۆشــنبیرانی کوردســتان کرد، کە شــێوازی دایەلــۆگ لە نێوان بیر و بــاوەڕە جیاجیاکان قبوڵ بکەن و بیکەنە بنەمای لە یەک تێگەیشتنی هاوبەش.

٩- ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢، ئەنجوومەنی سەندیکا ڕاگەیەنراوێکــی لــە بــارەی شــەهیدکردنی ڕۆژنامەنــووس و ئەندامــی کارای ســەندیکا (**ســۆران مامە حەمە**) بڵاوکــردەوە. هەروەها شــاندی ئەنجوومەن بەشــداری لە پرســەی خوالێخۆشبوو لە کەرکووک کرد.

١٠- ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦، لــە بەیاننامەیەکــدا ئەنجوومەنی ســەندیکا هەوڵــی تیرۆرکردنی (**ســادق جەعفەر بەشیر**) ســکرتێری گۆڤاری (**اراء**)ی لە بەغدا و تیرۆرکردنی خوشکەکەی مەحكووم کرد.

١١- ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٠، ئەنجوومەنــی ســەندیکا لە بەیاننامەیەکــدا هەوڵی ئەو کردە تیرۆرســتییەی دژ بــە بــارەگای ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی عێراق لە بەغدا مەحكووم کرد.

١٢- لە ٢٠٠٨/١٠/١٢، ئەنجوومەنی ســەندیکا لە بەیاننامەیەکدا تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (**دیــار عەبــاس**)ی لــە کەرکــووک مەحكووم کرد.

١٣- ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٥، لیژنــەی داکۆکــی لە ئەنجوومەنی ســەندیکا، لــە بەیاننامەیەکدا هەوڵــی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (**ئەحمەد میــرە**) سەرنووســەری گۆڤــاری (**لڤیــن**)، ئیدانــە و مەحكــووم کــرد و داوای لە لایەنە پەیوەندیــدارەکان کــرد بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوە بکەن.

١٤- لە ٢٠٠٨/١١/٥، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووس (**شــوان داوودی**) ئەندامــی ئەنجوومەنــی سەندیکای بە نایاسایی وەسف کرد.

١٥- لــە ٢٠٠٨/١١/٥، ئەنجوومەنی ســەندیکا لە بەیاننامەیەکدا داوای ئازادی بۆ ســەرجەم ڕۆژنامەنووســانی جیهان کــرد کە لە زیندان دان، وەک پشــتگیرییەک بۆ هەڵمەتێکی (IFJ) لەو بارەوە.

١٦- ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٣، ئەنجوومەنــی ســەندیکا لە بەیاننامەیەکدا یادی (٩٨) ساڵەی

رۆژنامەگەری تورکمانی پیرۆز کرد.

١٧- لە ٢٠٠٩/٤/٢٢، بە بۆنەی یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیەوە ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد.

١٨- رۆژی ٢٠٠٩/٤/٣٠، ئەنجوومەنی سەندیکا لە راگەیەنراوێکدا بە دروشمی (**با هەڵمەتی راگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ئاست بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و مێژووییدا بێت**)، داوای لە رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، کە بە گیانی بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بکەن.

١٩- رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣، ئەنجوومەنی سەندیکا بەیاننامەیەکی بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەنووسییەوە دەرکرد.

٢٠- رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا، ئیدانە و مەحکوومی رووداوەکەی شەوی ٢٠٠٩/٧/٢٧ی کرد، کە کۆمەڵێک کەسی گێرەشێوێن، چووبوونە سەر بارەگای کەناڵی KNN لە هەولێر و داوای لە دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان کرد، کە لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن کە بەو رەفتارانە هێمنی و ئارامی وڵات دەشێوێنن.

٢١- لە ٢٠٠٩/٨/٢٧، ئەنجوومەنی سەندیکا راگەیەنراوێکی دووروودرێژی بڵاوکردەوە، تیایدا وێڕای وەڵامدانەوەی هەندێ لەو قەڵەمانەی کە بە شێوەیەکی ناڕەوا و هەڵە باسیان لە رۆڵ و چالاکییەکانی سەندیکا کردووە، ئاماژەی بە گرنگترین دەسکەوت و چالاکییەکانی سەندیکا کرد، کە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان ئەنجامی داون.

٢٢- لە ٢٠٠٩/٩/١، ئەنجوومەنی سەندیکا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا داوای لە رۆژنامەنووسان کرد، کە زمانی نووسین لە تانە و تەشەر و ناوزڕاندن بپارێزن.

٢٣- لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا پیرۆزبایی لەسەرجەم رۆژنامەنووسانی سریانی کرد بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری سریانییەوە.

٢٤- رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٤، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا هەوڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (**حەیدەر عەبادی**) لە بەغدا مەحکووم کرد.

٢٥- رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٣، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی رفاندنی رۆژنامەنووس (**عیرفان داوودی**) بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری ئاژانسی راگەیاندنی عێراقی کرد، کە لە رێگای بەغدا رفێنرابوو.

٢٦- رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٣٠، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا بە نیگەرانییەکی زۆرەوە هەواڵی دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسی ناسراوی ئێرانی (**ماشاءالله شمس الواعظین**) راگەیاند و داوای کرد چەند زووترە ئازاد بکرێت.

٢٧- لە سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٠ ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن کرد، کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پابەند بن بە یاسا و رێنماییە تایبەتییەکانەوە.

٢٨- رۆژی ٢٠١٠/٢/١٠، ئەنجوومەنی سەندیکا روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە لەسەر بابەتێکی رۆژنامەی هاوڵاتی، کە لە ژمارە (٦٠١)ی رۆژی ٢٠١٠/٢/١٠ لە لاپەڕە (١٧)دا لە ژێر ناونیشانی (**بەرێزان وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێم، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**)، لە روونکردنەوەکەدا ئەنجوومەنی سەندیکا داوا دەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە رێساکانی وەرگرتنی قوتابیان لە بەشەکانی

ڕاگەیاندندا بچێتەوە.

٢٩- ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٨، ئەنجوومەنی سەندیکا لە ڕێگەی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ڕەفتارەکانی نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقی لە بەریتانیا دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسانی کورد ئیدانە و ڕیسوا کرد.

٣٠- ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٠، ئەنجوومەنی سەندیکا ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی وەرگرتنی ڕۆژنامەنووسان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە کۆلیژ و پەیمانگاکانی کوردستان دەرکرد، تیایدا ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر شێواز و میکانزمی وەرگرتنی ڕۆژنامەنووسان لەو بەشانە.

٣١- بە بۆنەی یادی (١١٢) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە ئەنجوومەنی سەندیکا ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا بە دوورودرێژی بەرنامە و ڕێورەسمی زیندوو ڕاگرتنی ئەو یادە کە لە ٢١-٢٠١٠/٤/٢٥ی خایاند، بڵاوکردەوە.

٣٢- ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٣، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەنووسییەوە ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا وێڕای پیرۆزبایی ئەو یادە جەختی لەسەر پشتگیری خۆی بۆ چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان کردەوە.

٣٣- ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٦، لیژنەی داکۆکی لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکدا تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس و فێرخوازی زانکۆی سەلاحەدین (**سەردەشت عوسمان**)ی مەحکووم و ڕیسوا کرد و داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد، کە بەدواداچوون بۆ ئەم تاوانە بکات.

٣٤- ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢١، ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا حووکمدانی ڕۆژنامەنووسی باکووری کوردستان (**ئۆزان کیلچ**) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (**ئازادیا وڵات**)ی ئیدانە کرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری حووکمدانەکەی کرد.

٣٥- ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٤، ئەنجوومەنی سەندیکا ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە تیایدا گوزارشتی لە نیگەرانی ڕۆژنامەنووسان کرد، لە بارەی ڕێگەنەدان بە تیمەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕووماڵ کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە هۆڵی کۆبوونەوەکان و داوای کرد پەرلەمان ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

**ج/ چالاکی جۆراوجۆر**

١-ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٧،نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێری سەندیکا لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازی لە شاندێکی ڕێکخراوی ئایرێکس کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی هاوکاری ڕێکخراوی ناوبراو کرا بۆ کردنەوەی خوولی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسان.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن، لە ئوتێل شیراتۆن لەگەڵ شاندی کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان (C.P.J)، کە بارەگاکەی لە شاری نیۆیۆرکە، کۆبووەوە.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١٩، سکرتێری سەندیکا و بەرپرسی دارایی سەندیکا پێشوازییان کرد لە شاندێکی ڕۆژنامەنووسی ئیتالی (**جیاوە لۆکا و ئیرنیکا سبیرۆنی**) لە ڕۆژنامەی (**لاگازیتا سپۆرت**).

٤- ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١، شاندێکی ڕۆژنامەنووسی بەریتانی بە یاوەری (**بەیان سامی عەبدولڕەحمان**) سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای کرد و لە لایەن سکرتێر و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاوە

پێشوازی لێ کرا.

٥- رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٥، ئەنجوومەنی سەندیکا نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق کرد، بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری عێراقەوە.

٦- لەسەر بانگهێشتی کونسوڵی بەریتانیا لە کوردستان و باکووری عێراق رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٦، لە ئوتێلی خانزاد لە شاری هەولێر نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری سەندیکا لەگەڵ (**روبرت ولسن**) کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا کۆبوونەوە.
هەر بە هەمان مەبەست رۆژی ٢٠٠٨/٨/٤، نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە لە هەمان شوێن لە لایەن (**روبرت ولسن**)ەوە پێشوازی کران، بە مەبەستی بەشداری کردنی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان لە وۆرکشۆپێکی تایبەت لە عەممان، کە دواتر بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا.
٧- رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٧، شاندێکی سەندیکا لەگەڵ شاندێکی (**رێکخراوی یونامی**) کۆبوونەوە بە مەبەستی خستنە رووی ئەو پێشێلکارییانەی کە دەرهەق بە رۆژنامەنووسان کراوە.

٨- رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٩، ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری لە خۆپیشاندانێک کرد لە هەولێر بە مەبەستی رەتکردنەوەی ماددەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان و پارێزگای کەرکووک.

٩- لە ٢٠٠٨/٨/٢٥، ئەنجوومەنی سەندیکا لە راگەیەنراوێکی رۆژنامەنووسیدا کردنەوەی سەنتەری سەلامەتی پیشەیی رۆژنامەنووسانی راگەیاند، کە خۆبەخشانە لە لایەن رۆژنامەنووس (**شێرکۆ حەبیب**)ەوە بەڕێوەدەبرێت.

١٠- رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٨، شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری کرد لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ رۆژنامەنووسان ساز کرابوو.

١١- لە رۆژانی نێوان ١٨-٢٠٠٩/١/٢٤، شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ ژمارەیەک لە سکرتێری لقەکان، سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد، لەسەر داوەتی رێکخراوێکی خێرخوازی ئێرانی.

١٢- رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٨، (**پاتریس مۆنی**) وەزیری رۆشنبیری کانتۆنی (**جنێڤ**) لە سویسرا سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای کرد و لە لایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانەوە پێشوازی لێ کرا.

١٣- رۆژی ٢٠٠٩/٣/٥، بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ (**ستیڤ ئەسکام**) سکرتێری دووەم لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە هەولێر و (**ریتشارد پیرس**) رێکخەری دەوڵەتی عێراق لە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا گرفتی رۆژنامەنووسان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی تاوتوێ کرا.

١٤- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٧، لە چوارچێوەی بەرنامەی یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی، ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئامادەبوونی میوانانی بیانی رێورەسمێکی بۆ رێزلێنان لە خانەوادەی رۆژنامەنووسانی شەهید ئەنجام دا.

١٥- رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٥، شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری لە کۆڕبەندی ئەدیبی شەهید (**شێخ مارف بەرزنجی**) کرد، کە لە گوندی چیمەن لە پارێزگای کەرکووک لە لایەن لقی سەندیکاوە سازکرابوو.

١٦- رۆژی ٢٠٠٩/٦/١، نەقیبی

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی (**ایدن وایت**) سکرتێری (**IFJ**) کرد لە بارەی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و زامنکردنی زیاتری ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١٧- ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٣٠، (**مادسیون کۆنۆلی**) سەرۆکی بەشی دیبلۆماتی گشتی تیمی ئاوادانکردنەوەی ئەمریکی لە کوردستان سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکای کرد و لەگەڵ نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا باسی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کرا.

١٨- ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠، خاتوو (**بیڤرلی سامپستون**) جێگری قونسڵی گشتی بەریتانیا لە کوردستان و باکووری عێراق سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای کرد، لە میانەی دیدارەکەدا لەگەڵ نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکادا باسی یاسای ڕۆژنامەگەری و ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان کرا.

١٩- ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣٠، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پێشوازیان لە شاندێکی نەرویجی کرد، کە لە چەند ڕۆژنامەنووس و ئەندام پەرلەمان و خاچی سووری نەرویجی پێکهاتبوو.

٢٠- ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١، سەرۆکی بەشی دیبلۆماتی گشتی تیمی ئەمریکی (RRT) سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکای کرد و لە دانیشتنێکدا شاندەکە داوای کرد کە ئەنجوومەنی سەندیکا ڕێگەیان بدات بۆ ئەوەی سوود لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی وەربگرن لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا.

٢١- ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٨، شاندێکی پارتی چەپی سویدی سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا کرد، کە پێکهاتبوو لە ئەندام پەرلەمان و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و ڕێکخەری ژنان و ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی (**فلامان**).
مەبەست لە سەردانەکە لە نزیکەوە ئاگاداربوون بوو لە ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

٢٢- ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٨، ئەنوەر حەسێن ئەندامی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی بەشداری کرد لە مێزگردێک سەبارەت بە (**چۆنیەتی خۆبەدوورگرتنی ڕۆژنامەنووسان لە کێشەی یاسایی**)، کە لە لایەن پەیمانگای ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی (IWPR) بە هاوکاری (**سەنتەری میترۆ**) سازکرابوو.

٢٣- ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٩، لە ڕێورەسمێکی تایبەت و شایستەدا دیاری بەڕێز مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدرال لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا و بارەگای لقەکانی (**کەرکووک و سلێمانی و موسڵ**) بەسەر خانەوادەی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکاندا دابەشکرا، کە ژمارەیان (٢٨) ڕۆژنامەنووس بوو.

٢٤- ڕۆژی ٢٠١٠/١/٦، ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازی کرد لە خاتوو (**مارگریت من**) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و سەرۆکی گروپی پشتیوانی لە کوردستانی عێراق و (**کاری کینت**) ڕاوێژکاری پەرلەمانی بەریتانیا کە بە یاوەری خاتوو (**بەیان سامی عەبدولڕەحمان**) نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا سەردانی سەندیکایان کرد.
لە دیدارێکدا گفتوگۆ لەسەر ئەو یاسایانە کرا، کە تایبەتن بە کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

٢٥- ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٤، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان پێشوازی کرد لە شاندێکی ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەورووپا، کە پێکهاتبوو لە

(کلۆدیا ئاراند و سۆزان جیندال)، لە دانیشتنێکدا باسی ڕۆڵی میدیا لە هەڵبژاردنەکانی عێراق کرا، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

٢٦- ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٥، ئەنجوومەنی سەندیکا بە بەشداری سکرتێری لیژنەی چاودێری و سکرتێری لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی، پەناگیرییەکی بۆ ماوەی (٥) خولەک ڕاگەیاند بەرامبەر بەو پێشێلکارییانەی کە دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان کران لەسەرووبەندی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا لە هەمان کاتیشدا ئەنجوومەن لیژنەی داکۆکی ڕاسپارد کە ئەوانیش ڕاگەیەنراوێکی تایبەت بەو پێشێلکارییانە بڵاوبکەنەوە.

٢٧- ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢٤، نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازییان لە شاندێکی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی کرد، کە پێکهاتبوو لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری ناسراوی فەرەنسی (**جان کلود**) و (**ڕۆزماری**) لە ڕۆژنامەی ڕۆیتەرز.
لە دیدارەکەدا شاندی ناوبراو پاش گفتوگۆکردن لە پێکهاتە و ڕۆڵی سەندیکا ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکادا بە مەبەستی کردنەوەی خوول و وۆرکشۆپی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی.

٢٨- ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٢١، لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراقدا ئەنجام درا.
لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی شەهید (**شەهاب تمیمی**) نەقیبی پێشووی ڕۆژنامەنووسانی عێراق، باس لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو سەندیکا کرا، لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنووسان.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکرا و تیایدا بنەماکانی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە جێگیر کران.

٢٩- ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٩ ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازی کرد لە نوێنەری سەندیکاکانی بەریتانیا خاتوو (**ڤیکی کان**) کە بە یاوەری نوێنەری سەندیکاکانی عێراق لە بەریتانیا و نوێنەرانی سەندیکاکانی کوردستان هاتبوون.

٣٠- ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٨، لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازییان کرد لە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان، تەوەری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گۆڕینەوەی را و بۆچوونەکان لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پێنجەمی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان.

٣١- ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢١، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە لە بارەگای ئەنجوومەن پێشوازییان لە شاندی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور کرد، کە پێکهاتبوو لە (**سوازیک دۆڵی**) و (**ڕەزا معینی**) لە دیدارەکەدا باسی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و ناوچەکە کرا.

٣٢- ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە نامەیەکدا بۆ ڕۆژنامەنووس (عبدالرحمن الراشد) بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی (**العربیە**) نارەزایی خۆی بەرامبەر هەوڵی تەقاندنەوەی نووسینگەی کەناڵی ئەلعەرەبییەی لە بەغدا پێ ڕاگەیاند.

٣٣- ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی وەزارەتی ناوخۆ کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پێنجەمی لیژنەی داکۆکی

کرا.

٣٤- رۆژی ٢٠١٠/٨/١١، نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری سەندیکا پێشوازییان کرد لە (**دیل پریس**) سەرۆکی بەشی دیبلۆماتی گشتی لە تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق.

ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەبوون، لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەری لە کوردستان و راپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و گرنگی دان بە میدیای ئازاد و سەربەخۆ.

٣٥- رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٣، خاتوو (**ئوڵا ژیکا**) پەرلەمانتاری ئەڵمانی لەگەڵ شاندێکی یاوەری لە برایانی کوردی باکوور و رۆژئاوای کورردستان سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد.

لە لایەن نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازییان لێ کرا. لە دیدارەکەدا خاتوو ژیکا هیوای خواست کە لە ئایندەدا بتوانێت یارمەتی سەندیکا بدات بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە هەیە.

٣٦- رۆژی ٢٠١٠/٩/٨، بە بۆنەی هاتنی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا هاوکاری بەسەر ئەو خانەوادانەدا دابەشکرا، کە لە سندووقی خانەنشینی مووچەیان هەیە، بەڵام مووچەکەیان دواکەوتووە.

٣٧- لە ماوەی نێوان ٧/٢٥ تا ٢٠١٠/٨/٢٩، بەڕێوبەری سەنتەری سەلامەتی پیشەیی لە سەندیکای رۆژنامەنووسان چەندین کۆڕ و دیدار و کۆبوونەوەی بە هاوکاری ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی پەیوەندییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان و یاساناسان و پارێزەران و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەنجام دا. تەوەرەکانی ئەو دیدار و کۆبوونەوانە بریتی بوون لە (**ناوزڕاندن و زمانی زبر لە دەزگاکانی راگەیاندن**) و (**بەڵێننامەی شەرەف**) و (**گرێبەستی نێوان رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن**) هتد..

٣٨- رۆژی ٢٠١٠/١٠/٥، شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە بریتی بوون لە (**نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری سەندیکا**) و (**جەمال حوسێن**) ئەندامی ئەنجوومەن سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر رووماڵکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمان بە شاندی سەندیکای راگەیاند، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو گرفتە بە پێی میکانزمی گونجاو چارە دەکرێت.

٣٩- بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دووەم جار لە بارەگای ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی نەقیب و سکرتێری سەندیکا و بەرپرسی دارایی سەندیکا یارمەتی بەسەر خانەوادەی رۆژنامەنووسە خانەنشینەکاندا دابەشکرد.

٤٠- رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١، شاندێکی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە نەقیب و سکرتێری سەندیکا و سەرنووسەری گۆڤاری (**رۆژنامەنووس**) بە یاوەری مامۆستا جەمال خەزنەدار بەشدارییان کرد لە ئاهەنگێکی تایبەت بە رێزلێنان لە یادی شەهید (**جەبار جەباری**) نووسەری (**مێژووی رۆژنامەگەری کوردی**)، کە لە لایەن لقی کەرکووکی سەندیکاوە بە هاوکاری بنەماڵەی شەهید رێکخرابوو..

شایانی گوتنە بۆ ئەو یادە ئەنجوومەنی

سەندیکا سەرجەم بەرهەمەکانی شەهیدی بە چاپ گەیاندبوو، کە لە لایەن رۆژنامەنووس (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**)وە ئامادە کرابوو.

## کار و چالاکی لیژنەکانی سەندیکا

ئەنجوومەنی سەندیکا بە بەردەوامی دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرجەم لیژنەکانی سەندیکادا کردووە، چ ئەو دوو لیژنەی کە لە کۆنگرە بەپێی یاسای سەندیکا هەڵبژێردراون (**لیژنەی چاودێری و لیژنەی بەرزەفتکردن**)، چ ئەو لیژنانەی کە بەپێی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە بە میکانزمی هەڵبژاردن پێکهێنراون، کە بریتین لە (**لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە و لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی**)..

سەبارەت بە (**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**)، ئەو لیژنەیە لە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن، بە پێی بڕیاری کۆنگرە پێکهاتووە، گرنگترین کار و چالاکییەکانی لە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەدا لە دووتوێی (٦) راپۆرتدا تۆمار کراوە و بە تێکڕایی لەکتێبێکدا چاپکراوەو لە دۆسیەی ئەندامانی کۆنگرە دانراوە.

### أ/ لیژنەی چاودێری

ئەم لیژنەیە بە پێی ماددەی (١٥) لە یاسای سەندیکا ئەرکی سەرەکی بریتییە لە (تەدقیقی خەسڵەتی ئەندامێتی بکا و بزانێت تا چەند لەگەڵ شەرت و شروتی یاساییدا یەکدەگرێتەوە)..

لیژنەی ناوبراو لە ماوەی سێ ساڵی رابردووی کارکردنیدا (٤٧٧) دۆسیەی لە لقەکانەوە لە رێگەی ئەنجوومەنەوە پێ گەیشتووە، بە مەبەستی پشکنین و هەڵسەنگاندنی، کە بەم شێوەیە بووە:-

١- (١٦٧) دۆسیەی لقی کەرکوک.
٢- (١٨١) دۆسیەی لقی سلێمانی.
٣- (١٠٠) دۆسیەی لقی هەولێر.
٤- (٢٩) دۆسیەی لقی موسڵ.

هەروەها دواتر بە چەند قۆناغێک دۆسیەی (٧٠) رۆژنامەنووسیان لە لایەن ئەنجوومەنەوە پێ دراوە، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر گۆڕینی پلەی ئەندامیەتییان، کە تێکڕای ئەو دۆسیانەی کە لەو ماوەیەدا کاری لەسەر کردووە، دەکاتە (٥٤٧) دۆسیە..

### ب/ لیژنەی بەرزەفت

بە پێی هەمان ماددەی پێشوو، ئەم لیژەنەیە ئەرکی سەرەکی بریتییە لە (لێ پێچینەوە لەو سکاڵایانەی کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە بۆی دەچێت بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەیان)..

هەرچەندە بە پێویستی دەزانین کە ئەم لیژنەیە کارا بێت و بە پێی یاسای سەندیکا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی کە هاتوونەتە پێش، زیاتر پەیوەندییان بە ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەی داکۆکییەوە هەبووە و لە لایەن ئەوانەوە چارەسەر کراون، بۆیە ئەم لیژنەیە لەم خولەدا کار و چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووە و پێویستە کۆنگرە گفتوگۆ لەسەر میکانزمی کاری ئەم لیژنەیە بکات بۆ خوولی داهاتوو..

### ج/ لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە

بە خوێندنەوە و رەچاوکردنی بارودۆخی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و رێژەی بەشداری رۆژنامەنووسانی مێینە لەم پرۆسەیەدا، بە پێویست زانرا کە لیژنەیەکی تایبەت بۆ پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە و کارا کردنی رۆڵیان لەم ناوەندەدا پێکبهێنرێت.

ئەوەبوو بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا لە رێگەی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسانی مێینە، لە لق و نووسینگەکانی سەندیکا، رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٠، لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا ئەم لیژنەیە پێکهات، کە بریتین لە سکرتێری لیژنەکە و (٦)

کوردستان بۆ رۆژنامەوانی

ئەندام، کە بەسەر لقەکانی سەندیکادا دابەش بوون.

لیژنەکە لە ماوەی تەمەنیدا دەیان سیمینار و ۆرکشۆپ و خول و کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجام داوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسانی مێینە و گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکەیان و هەروەها بۆ پەرەپێدانی توانای پیشەییان، لە هەمان کاتدا لیژنەکە لە بۆنە و یادەکاندا بە پێی پێویست بەیاننامە و راگەیەنراوی دەرکردووە و هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە.

ئەمە سەرەڕای بەشداری کردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکە لە چەند وۆرکشۆپ و چالاکییەک کە لە دەرەوەی کوردستان لە لایەن (IFJ)وە سازکراوە، لەوانە دوو چالاکی لە (**عەممان**)ی پایتەختی ئوردن و چالاکییەکیش لە (**بەحرەین**) و چالاکییەکی دیکە لە (**سویسرا**)..

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لیژنەی پشتیوانی رۆژنامەنووسانی مێینە بە هاوکاری چەند رێکخراوێکی بیانی خولی پەرەپێدانی تواناکانی بۆ ئەندامانی لە شارەکان کردۆتەوە.

### د/ لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی

پاش دەست بەکاربوونی لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی بە ناو و پێکهاتەی نوێوە، کە بە پێی بڕیاری کۆنگرە لە ٢٠٠٨/١١/٥ ئەنجام درا و بریتییە لە سکرتێری لیژنەکە و (١٠) ئەندامی لیژنە، کە لە هەر چوار پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک) لە لایەن رۆژنامەنووسانی وەرزشییەوە هەڵبژێردراون، لیژنەی ناوبراو لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی تەمەنیدا وەک لیژنەیەکی تەبا و کارا و چالاک، ئەرکەکانی خۆی زۆر بە باشی ئەنجام داوە و لەو ماوەیەدا:-

١- ئەنجامدانی (٢٥) کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی رۆژنامەنووسانی وەرزشی.

٢- کردنەوەی (١٠) خولی تایبەت لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک، کە بریتی بوون لە خولی رۆژنامەگەریی وەرزشی.

٣- کردنەوەی خولێکی سەرتاسەری بە بەشداری زیاتر لە (١٠٠) رۆژنامەنووس.

٤- ناردنی (٢٥) رۆژنامەنووسی وەرزشی بۆ ئێران، بە مەبەستی بەشداری کردن لە خوولە جۆراوجۆرەکاندا.

٥- ناردنی (٢) رۆژنامەنووسی وەرزشی بۆ تورکیا، بە مەبەستی بەشداری لە خوولێکی پەرەشووت.

٦- ناردنی (٥) رۆژنامەنووسی وەرزشی بۆ ئێران لەگەڵ تیپی تایکواندۆی کوردستان.

٧- بەشداری کردنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە خوولی تۆپی سەبەتەی ئاسیا لە دهۆک.

٨- هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی رۆژنامەنووسانی وەرزشی عێراق بە مەبەستی کاری هاوبەش بۆ پەرەپێدانی توانای رۆژنامەنووسانی وەرزشی هەردوولا.

٩- یارمەتیدانی چەند رۆژنامەنووسێکی وەرزشی لە کاتی نەخۆشی و هاوسەرگیریدا.

١٠- رێزلێنان و خەڵاتکردنی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە لقەکانی سەندیکا.

١١- بە ئەندامبوونی (١١٣) رۆژنامەنووسی وەرزشی کوردستان لە رێکخراوی (ئیپس)ی جیهانی.

### نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

ئاشکرایە کە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بریتییە لە تەنیا رۆژنامەنووس (**شێرکۆ حەبیب**) کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی سەندیکاوە هاوکاری سەندیکای کردووە بە مەبەستی ناساندنی بە سەندیکا و رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکان، لەسەرووشیانەوە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) تاکو رۆژانی ئەمڕۆش ئەڵقەی ناوەندی نێوان سەندیکا و (IFJ) و

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەیە و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە پێناسی (IFJ) بۆ ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەگاتە ئەنجوومەنی سەندیکا..

لە هەمان کاتدا سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی (IFJ) کردووە لە دەرەوە بەبێ ئەوەی خەرجی تێچوونی ئەو سەفەرانە بکەوێتە ئەستۆی سەندیکا.

لە پاش کۆنگرەی گشتی دووەمەوە ئەنجوومەنی سەندیکا لە بیری ئەوەدا بوو نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە فراوانتر بکات و کەسانی دیکە بکاتە هاوکاری سکرتێری نووسینگەکە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەی وردتر بۆ ئەو مەسەلەیە نەتوانرا کەسانی گونجاو بۆ ئەو ئەرکە دەست نیشان بکرێت، ئەمە وێرای پێویستی ئەو هەنگاوە بە بوودجە و خەرجیەکی تایبەت، ئەمە جگە لەوەی کە ئیش و کارەکانی دەرەوە ئەوەندە زۆر نەبوون کە لە توانای سکرتێری نووسینگەکەدا نەبێت، دیارە بوونی تۆڕی ئینتەرنێتیش پەیوەندی و ڕاپەڕاندنی کارەکانی زیاتر ئاسان کردووە.

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە، وێڕای ئەو کار و چالاکییانەی کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئەنجوومەندا ئاماژەیان پێدراوە، ژمارەیەک کار و چالاکی دیکەی ئەنجام داوە، گرنگترینیان ئەمانەن:-

١- لە سەردانێکدا بۆ وڵاتی میسر، سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە چەند دیدارێکی لەگەڵ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی میسر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (**الاهرام**) و جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (**الاخبار**) و ناوەندی (**الاهرام**) بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ ئەنجام دا و بیروڕای لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا ئاڵوگۆڕ کرد سەبارەت بە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو سەندیکا و ناوەندە ڕۆژنامەنوسییەکان.

٢- لە نێوان ٧-٢٠٠٨/١٠/١٠، لە بارەگای (IFJ) لە برۆکسل بەشداری کرد لە کۆبوونەوەیکی فراوانی سەندیکاکانی جیهانی عەرەبی، لە میانەی کۆبوونەوەکەدا باس لە کێشە و گرفتەکانی بەردەم ئازادی ڕۆژنامەنووسی کرا و بە تێروتەسەلی باسی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و ڕۆڵی سەندیکا لە چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی کرد.

٣- لە ئاکامی کۆبوونەوەکانی کازابلانکا (**الدار البيضاء**) و (**برۆکسل**) بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر کاری توندوتیژی دژی ڕۆژنامەنووسان و پشتگیری سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی زیندانیکراو لە جیهاندا، نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە خۆپیشاندانێکی هێمنانەی بە هاوکاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستانی لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن سازکرد و یادداشتنامەیەکیان ئاراستەی هەڵسووڕێنەری باڵیۆزخانەکە کرد و تیایدا داوا کرابوو گیانی ڕۆژنامەنووسان لە عێراق بپارێزرێت.

٤- لەسەر بانگهێشتی نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە بەریتانیا، سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨، ئامادەی ئێوارە کۆڕێک بوو، کە تێیدا بابەتێکی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پێشکەش کرد.

٥- لە ٢٠٠٨/١٠/٣٠ سکرتێری پەیوەندییەکان بەشداری لەو خۆپیشاندانە کرد کە لەبەردەم باڵەخانەی باڵیۆزخانەی عێراقی فیدراڵ سازکرابوو بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (**کامل شیاع**).

٦- لە ٢٠٠٩/١/١٦، سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەی کۆبوونەوەیەکی فراوان بوو لە بارەگای یەکێتی نیشتمانی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا، بە ئامادەبوونی سەرۆک و سکرتێری (IFJ)، کە تیایدا پێشوازی لە کەسوکاری چەند قوربانییەکی بواری

ڕۆژنامەگەری کرا.

٧-لە ٤-٧/١٠/٢٠١٠ سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە بەشداری کۆبوونەوەی نوێنەرانی پەیوەندییەکانی سەندیکاکانی جیهانی عەرەبی کرد لە (**کۆپنهاگن**)، بە مەبەستی شارەزابوون لە چۆنیەتی پیادەکردنی یاسا و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان پێیەوە بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتی دانیمارک.

**تۆمارکردنی یاسایی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

پاش بڵاوکردنەوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) لە ٢٠/١٠/٢٠٠٨، ئەو یاسایە بە ڕەسمی کەوتە واری جێبەجێ کردنەوە، بە پێ ماددەی (٣)ی یاساکە مافی تۆمارکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان درایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کورستان، کە پێشتر بە پێی یاسای ژمارە (١٠)ی چاپەمەنی ساڵی (١٩٩٣) و هەموارکردنی، وەرگرتنی مۆڵەت لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بوو.

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی برگە (٣) لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەری، ئەنجوومەنی سەندیکا فۆرمێکی تایبەت و تۆمار (**سجل**)ێکی ئامادەکرد بۆ تۆمارکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و پێدانی ژمارەی متمانە لەو فۆرمەدا بە بێ هیچ بەرامبەرێک.

لە ماوەی دەرچوونی یاسای ناوبراوەوە تاکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی متمانەیان وەرگرتووە (٤٧٠) ڕۆژنامە و گۆڤارە.

شایانی وتنە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێک کە تۆمار دەکرێت، دۆسیەیەکی تایبەت و لاپەڕەیەکی لە تۆماری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ تەرخان کراوە.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا لیستێک بە ناوی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە و ژمارەی متمانەکانیان لەگەڵ ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکانیان دانراوە.

**هەردوو گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) و (الصحفي)**

لە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەی سەندیکادا و لە درێژەی چالاکییە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسییەکانی ئەنجوومەنی سەندیکادا، وێڕای چاپکردنی چەند کتێب و نامیلکەیەک، کە لەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێدراوە، دەرکردنی هەردوو گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**) بە شێوەیەکی وەرزی و (**الصحفي**) بە شێوەیەکی مانگانە و بەردەوام و بەبێ دواکەوتن درێژەی هەبوو، لەو ماوەیەدا (١٢) ژمارە لە گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**) دەرچووە، کە تاکە گۆڤاری بواری ڕۆژنامەنووسییە لە قەبارە و ناوەرۆکدا بەبێ ڕاوەستان دەربچێ و بۆتە جێی بایەخی ڕۆژنامەنووسان و ناوەندە ئەکادیمییەکانی بواری ڕاگەیاندن و لەهەر ژمارەیەکی (١٢٥٠) دانەی لێ چاپکراوە، کە لەو ژمارەیە تەنها (٥٠) دانەی لە کتێبخانەی سەندیکا دانراوە و ژمارەکانی دیکەی بە پێی لیستێک بەسەر لق و نووسینگەکانی سەندیکا و کتێبخانەکان و بەشەکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییە ڕۆشنبیرییەکاندا بە دیاری دابەشکراوە.

گۆڤاری (**الصحفي**)یش کە مانگانە بە زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕەنگاوڕەنگ دەردەچێ و هەر ژمارەی (١٢٥٠) دانەی لێ چاپ دەکرێت، لە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەدا (٣٩) ژمارەی لێ دەرچووە، کە ئەمیش بە هەمان شێوە و بەبێ بەرامبەر دابەش دەکرێت بەسەر لق و نووسینگەکان و بەشەکانی ڕاگەیاندن و کەسانی ڕۆشنبیر و چەند ژمارەیەکیشی بۆ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان دەنێردرێت.

شیاوی باسە هەردوو گۆڤارەکەش بە چەند دانەیەک بە بەرگکراو (**مجلد**)ی لە کتێبخانەی سەندیکادا پارێزراون، لەگەڵ تێکڕای ئەو کتێب و نامیلکانەی کە لە کتێبخانەی سەندیکا دایە و بە لیستێکی تایبەت لە راپۆرتی کارگێڕیدا تۆمارکراون.

**ئەژمارکردنی راژەی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ**

### ڕۆژنامەنووسان

به پێی برگەی (٢) له ماددەی (١٩)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە (٤)ی (١٩٩٨)ی هەموارکراو.. ئەنجوومەنی سەندیکا لەم خوولەشدا وەکو خوولەکانی پێشوو، بە نووسراوی ڕەسمی داواکاری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دامەزراون، بەرز کردۆتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە مەبەستی حیسابکردنی خزمەتی ڕۆژنامەنووسی یان بۆ سەر خزمەتی وەزیفی، کە بە پێی یاساکە هەر سێ بواری (سەرمووچە و بەرزکردنەوەی پلە و خانەنشینی) دەگرێتەوە.

له ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا (٣٨٦) ڕۆژنامەنووس لەم برگە یاساییە سوودمەند بوون. جێ ئاماژە پێدانە لە ساڵانی پێشوودا (٦٠٢) ڕۆژنامەنووسی دیکە بە هەمان شێوە خزمەتی ڕۆژنامەنووسییان بۆ کراوە و سوودمەند بوون. بەو شێوەیە کۆی گشتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاژەی ڕۆژنامەنووسیان بۆ حیساب کراوە لە ڕێگەی سەندیکاوە گەیشتۆتە (٩٨٨) ڕۆژنامەنووس.

### ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

وەک ئاشکرایە بە پێی یاسای سەندیکا هەر ڕۆژنامەنووسێک داوای ئەندامێتی سەندیکا بکات، پێویستە لە ڕێگەی لق و نووسینگەکانەوە داواکارییەکەی پێشکەش بکات، ئەوانیش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە تاوتوێی دۆسیەی داواکارییەکان دەکەن و پێشکەشی ئەنجوومەنی سەندیکای دەکەن. ئەنجوومەنیش لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و سەرنجەکانی لق و نووسینگەکان و وردبینی تەواوی دۆسیەکان، بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات، پاش ئەمەش هەر ڕۆژنامەنووسێک کە بڕیارەکەی لا پەسند نەبوو، یان هەستی کرد مافی خۆی پێ نەدراوە، مافی ئەوەی هەیە کە جارێکی دیکە داوای پێداچوونەوە بە دۆسیەکەیدا بکرێت..

پاش ئەوەی کە جارێکی دیکە ئەو داواکارییانە دەگاتەوە ئەنجوومەن، ئەویش بۆ زیاتر وردبینی و لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکان بە نووسراو دەیانداتە لیژنەی چاودێری، ئەویش بە پێی یاسا مافی لێکۆڵینەوەی لە ڕاستی و دروستی ئەندامێتی هەیە، لە دوا قۆناغیشدا ئەنجوومەن لەبەر ڕۆشنایی سەرنجەکانی لیژنەی چاودێریدا، بڕیاری کۆتایی دەدات..

ژمارەی ئەندامانی سەندیکا بە هەرسێ پلەی ئەندامێتییەوە تا ٢٠١٠/١٢/٣١ بەم شێوەیە:

یەکەم/ ئەندامی کارا (٥١٥٨) ئەندام.
دووەم/ ئەندامی بەشدار (١٧٨٩) ئەندام.
سێیەم/ ئەندامی مەشقکار (٣٢٣) ئەندام.

تێبینی:

أ/ هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ئەندامانی سەندیکا بە پلەی یەکەم بۆ زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەرسێ بوارەکەی (**بینراو- بیستراو- چاپکراو**) دەگەڕێتەوە، کە تەنیا بۆ نموونە لە ماوەی دوو ساڵی پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەری، ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراون گەیشتۆتە (٤٧٠)، وەک لە لیستی سەربەخۆی هاوپێچدا هاتووە.

ئەمە جگە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە پێشتر دەرچوون و بەردەوامن بەڵام لە سەندیکا تۆمار نەکراون، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان، کە ئەوانیش بەردەوام لە زیادبووندان.

ب/ زۆری و فراوانی ناونیشانە ڕۆژنامەنووسییەکان، کە لە ماددەی (٢٣)ی یاسای سەندیکادا هاتووە کە (١٤) ناونیشانە، ئەمەش وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆرتر لە کارمەندانی ڕاگەیاندن ببنە ئەندامی سەندیکا.

ج/ وەک لای هەمووان ئاشکرایە (**یەکێتی**

**نووســەرانی کورد)** لە پــاش راپەڕینەوە تاکو ســاڵی ٢٠١٠ کۆنگــرەی نەبەســتووە، بــەو هۆیەشــەوە دەرگای ئەندامێتــی بــە رووی نووســەراندا داخرابــوو، ئەمــەش هۆکارێکی دیکە بوو، کە ژمارەیەک لە نووسەرانیش روو لە سەندیکای رۆژنامەنووسان بکەن، ئەویش پــاش وەرگرتنــی پشــتگیری لــە کەناڵەکانی راگەیاندن بە مەبەســتی بەدەســتهێنانی پلەی ئەندامێتی.

د/ ئاشــکرایە ئەندامێتــی لــە ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان، وەک ســەندیکایەکی پیشــەیی، تەنیــا مافــی رۆژنامەنووســانی کورد نییــە، بەڵکو هەموو رۆژنامەنووســێک کــە لە کوردســتان کاری رۆژنامەنووســی دەکات، بەبێ رەچاوکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی و سیاســی، مافی ئەوەی هەیە داوای ئەندامێتی سەندیکا بکات.

ئاشکراشــە کــە ســەندیکا (٦) لــق و (٣) نووســینگە و (٥) لیژنــەی ســەرەکی و (٩) رێکخــەری لــە شــار و شــارۆچکەکانی کوردستان و عێراق هەیە، کە ئەمەش هەموو هــۆکاری دیکەی بوونە ئەندامە لە ســەندیکا، سەرەڕای ئەو رۆژنامەنووسانەی کوردستان کە لە دەرەوەی وڵات کاری رۆژنامەنووســی دەکەن و ئەندامی سەندیکان..

هــ/ بێگومــان پــاش ئــەوەی کە ســەندیکای رۆژنامەنووســان، چ لــە رێــگای یاســای ســەندیکاوەو چ بە هەوڵ و خەمخۆری خۆی توانی چەندین دەستکەوت بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دابین بکات، هەر لە ئەژمارکردنی خزمەتــی رۆژنامەنووســی، تــا دابینکردنــی زەوی نیشــتەجێبوون و کورســی خوێنــدن بۆ رۆژنامەنووســان و دەستکەوتی دیکەش، هەمــوو ئەمانە هۆکارن کە رۆژنامەنووســان و راگەیاندکاران و نووسەران زیاتر روو لەم سەندیکایە بکەن و داوای ئەندامێتی بکەن.

لێرەدا بەپێویســتی دەزانین کە راستییەک بەبیری هەمــوولا بهێنینــەوە، ئەویش ئەوەیە کە ســەندیکا لە وەرگرتنی رۆژنامەنووســان بــە ئەنــدام، پــاش پشتبەســتن بــە بەڵگــەو دۆکیومێنتــەکان، بەپلــەی یەکــەم رەچــاوی پشتگیری دەزگاکانی راگەیاندنی کردووە، واتە ئەوان داوا دەکەن و ئیمزا بۆ رۆژنامەنووسان دەکەن، بۆیە بەرپرســیاری بەئەندام بوون بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەزگاکانی راگەیاندن دایــە، بەتایبــەت بەرپرســی یەکەمــی ئــەو دەزگایانە.

ئەنجوومەنــی ســەندیکا خوازیــارە کــە ئــەم کۆنگرەیــە زۆر بــە وردی و واقیعبینانە گفتوگۆی تێروتەســەل لەسەر ئەم مەسەلەیە بــکات و بڕیاری گونجاوی لە بــارەوە بدات، بۆ ئــەوەی ئەنجوومەنی داهاتووی ســەندیکا کاری پێویستی لەسەر بکات.

### کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا

لەبــەر رۆشــنایی یاســای ســەندیکا و پەیــڕەوی ناوخــۆ و بــە مەبەســتی دانانــی پــلان و نەخشــەڕێگای کار و چالاکییەکانــی سەندیکا و راپەڕاندنیان و پاراستنی دسپلینی پەیوەنــدی لە نێوان ئەنجوومەنی ســەندیکا و رۆژنامەنووســان، لە رێگەی لق و نووسینگە و لیژنەکانــەوە و ئاگاداربــوون لــە رەوشــی پیشــەیی و داواکاری ئەندامانــی ســەندیکا و پیادەکردنی بڕیار و راســپاردەکانی کۆنگرە، ئەنجوومەنی ســەندیکا مانگانە کۆبوونەوەی ئاســایی ئەنجامداوە و -هەندێ جاریش چەند رۆژێک لەکاتی مانگانە تێپەڕی کردووە ئەویش بەهــۆکاری جیاجیــا- تیایدا بە تێروتەســەلی گفتوگۆ لەســەر هەموو ئەو پــرس و بابەتانە کراوە، کە لە کارنامەی کۆبوونەوەکەدا دیاری کراون.

جێی ئامــاژە پێدانە زۆربــەی هەرەزۆری بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوەکان بە کۆی دەنگ بووە، تەنیا چەند مەسەلەیەک نەبێت، کە لە پاش دەنگدان لەسەری یەکلاکراوەتەوە.

پاش هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەن، لەبــەر رۆشــنایی بڕیــار و راســپاردەکاندا، نەقیبــی رۆژنامەنووســان و ســکرتێری ســەندیکا، نووســراو و رێنمایــی و فەرمانی کارگێڕی پێویســتیان ئامادە کردووە و بۆ لق

و نووسینگە و لیژنەکان نێردراوە، سەرەڕای نووسـراوی پێویست بۆ ئەو دامودەزگایانەی حکوومەتی هەرێمی کوردســتان، کە بەشێک لەو بڕیار و ڕاسپاردانە پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە.

ژمــارەی کۆبوونەوەکانــی ئەنجوومــەن، لە مـاوەی نێـوان هـەردوو کۆنگـرەدا (٣٠) کۆبوونەوەیە، کە کۆنووسەکانی لە تۆمارێکی تایبەتدا ئیمزا کراوە و پارێزراوە.

شـیاوی وتنە لە مـاوەی نێـوان هەردوو کۆنگـرەدا ئەنجوومەنـی سـەندیکا، دەیـان سەردان و کۆبوونەوە و دیداری لەگەڵ ستافی (لـق و نووسـینگە و لیژنە)کانـی سـەندیکادا ئەنجام داوە، بە مەبەسـتی گەیاندنی ڕێنمایی و چاکتر ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان.

### ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی گشتی سێیەمی سەندیکا

لەبــەر ڕۆشــنایی بڕیارەکانــی کۆنگرەی گشـتی دووەمـی سـەندیکا، کـە جەخـت لەســەر بەســتنی کۆنگـرە لە کات و سـاتی خـۆی دەکاتـەوە، ئەنجوومەنی سـەندیکا لە کۆبوونەوەی مانگانەی خۆیدا لە ٢٠١٠/١٠/٢٩ بڕیــاری دا، کە کۆنگرەی گشــتی ســێیەم لە ٢٢ی شــوباتی ٢٠١١ ببەســترێ، لێرەدا جێی ئاماژەپێدانە کە دواخســتنی کۆنگرە بۆ چەند هەفتەیــەک پەیوەنــدی بە ڕاپۆرتــی دارایی و ڕاپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکاوە هەیە، کە پێویســتە سێ ســاڵی تەواو لە خۆ بگرێت، چونکە تەسویەکردنی حیساباتی هەر مانگێک بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، مانگی دواتر دەبێت.

بــە پێی بڕیــاری ئەنجوومــەن لیژنەیەکی باڵا و وتەبێژی ڕەســمی بۆ ئامادەکارییەکانی کۆنگرە پێکهات و خشــتەیەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنــی نوێنەرانی ڕۆژنامەنووســان بۆ کۆنگرە دانرا، کە لە ١١/٢٢ تاکو ٢٠١٠/١٢/٢٢ پرۆســەکە درێژەی هەبوو و لە لایەن لیژنەی بـاڵای کۆنگـرە و لـق و نووسـینگەکانەوە سەرپەرشــتی دەکرا و بە شێوەیەکی هێمنانە و شەفافانە بەڕێوەچوو. جێی ئاماژەپێدانە کە ڕۆژنامەنووســانی ئەندامی سەندیکا لە دەزگا و کەناڵە جیاجیاکانی کوردســتاندا بەشداری گــەرم و گوڕیان لە پرۆســەکەدا کــردوو، لە زۆر دەزگاش پرۆســەکە ڕکابەری (**منافســە**) گەرمی تێدابوو..

پـاش تەوابوونـی پرۆســەی هەڵبژاردنی نوێنەران و یەکلابوونــەوەی ناوی ئەندامانی کۆنگـرە، ژمـارەی بەشـداربووانی کۆنگـرە لەگەڵ ئۆرگانەکانی ســەندیکادا (**ئەنجوومەن، لق و نووسینگەکان، لیژنەکان**) گەیشتە (٢٩٦) ئەندام..

هــەر لــە چوارچێــوەی ئامادەکارییەکانی کۆنگــرەدا لیژنەی باڵا بە شــێوەیەکی چڕوپڕ لەگەڵ بەشی کارگێڕی ئەنجوومەنی سەندیکادا، ســەرقاڵی ئامادەکــردن و دابینکردنی تێکڕای پێداویستییەکانی کۆنگرە بوون، کە بە هەوڵی هەموو لا توانرا لە کات و ساتی خۆیدا هەموو ئامادەکارییەکان تەواو بکرێن.

هەولێرنامەی کتێب

# ناوی ئەندامانی
# کۆنگرەی گشتی سێیەمی
# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

| | |
|---|---|
| 1 | ئۆبان جەوهەر |
| 2 | ئارەزوو نوری |
| 3 | ئاری عەبدول لەتیف مەولود |
| 4 | ئاری غازی |
| 5 | ئاری محەمەد هەرسین |
| 6 | ئازاد جهور |
| 7 | ئازاد جوندیانی |
| 8 | ئازاد حەمە دەمین |
| 9 | ئازاد سادق عەبدوڵڵا |
| 10 | ئازاد غەریب ئەحمەد |
| 11 | ئازاد محەمەد خورشید |
| 12 | ئازاد مستەفا محمد |
| 13 | ئاسۆ حەمید ڕەزا |
| 14 | ئاسۆ عەلی فەرەج |
| 15 | ئاسۆ کەریم |
| 16 | ئاکۆ محمد |
| 17 | ئانۆ جەوهەر |
| 18 | ئاوات عەبدولخالق بابان |
| 19 | ئایار ئیسماعیل |
| 20 | ئایلین ئیشایا نیسان |
| 21 | ئەبوبەکر حوسێن مستەفا |
| 22 | ئەحمەد ئیبراهیم |
| 23 | ئەحمەد وەرتی |
| 24 | ئەردەڵان ڕەحمان تۆفیق |
| 25 | ئەسعەد محەمەد جەباری |
| 26 | ئەڤین مەجید سدیق |
| 27 | ئەفرام فەزیل بەهرو |
| 28 | ئەکەد موراد |
| 29 | ئەکرەم سلێمان |
| 30 | ئەنوەر حوسێن |
| 31 | ئومێد خەلیفە |
| 32 | ئومێد سوبحی شوکر |
| 33 | ئومێد محەمەد ساڵح |
| 34 | ئیبراهیم ئەحمەد هەواس |
| 35 | ئیبراهیم محەمەد ئەمین |
| 36 | ئیدریس غازی |
| 37 | ئیسماعیل ئیبراهیم ڕەسوڵ |
| 38 | ئیسماعیل تاهیر |
| 39 | ئیسماعیل سلیم |
| 40 | ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەسەن |
| 41 | اسحاق عیسا اوراها |
| 42 | اکرم جوقی درویش |
| 43 | البرت اودیشو شابا |
| 44 | باوان عومەر عارف |

| | |
|---|---|
| 45 | بەختیار جەمیل عەلی |
| 46 | بەختیار شاخی |
| 47 | بەدران ئەحمەد حەبیب |
| 48 | بەسۆز تۆفیق ئەحمەد |
| 49 | بەهجەت هروری |
| 50 | بەیار زاوێتە |
| 51 | بژار حەکیم |
| 52 | برکات سلیمان عبداللە |
| 53 | بڕیار نامق حەمە خورشید |
| 54 | بێستون شەوکەت عەلی ژاڵەی |
| 55 | بێستون نوری سابر |
| 56 | تۆفیق سەعید تۆفیق |
| 57 | تۆنی جۆنسن |
| 58 | تارق جامباز |
| 59 | تارق جەوهەر سەرمەمی |
| 60 | تەها تەیفور |
| 61 | تەها عەبدوڵڵا موشیر |
| 62 | توانا ئەحمەد عەبدوڵڵا |
| 63 | پۆلس شمعون اسحاق |
| 64 | پەروین عەبدولعەزیز |
| 65 | پەروین مەجید |
| 66 | پەیوەند عومەر( عوسمان عومەر ئەحمەد ) |
| 67 | پشتیوان فەتاح قادر |
| 68 | جاندارك خۆشوحنا |
| 69 | جبار قادر ئەحمەد |
| 70 | جەلال پەرێشان |
| 71 | جەلال سەعید ئیسماعیل |
| 72 | جەمال ئەکبەر ناوخاس |
| 73 | جەمال حوسێن |
| 74 | جەنان پۆڵس |
| 75 | جرجیس یۆنان خوشابا |
| 76 | جعفر سمو خلف |
| 77 | جلال حوسێن سادق |
| 78 | جهاد محەمەد |
| 79 | جواد قادر عەلی |
| 80 | جواد کازم عەباس |
| 81 | جوان رەئوف عابد |
| 82 | جیهان محەمەد ئیبراهیم |
| 83 | حامد محەمەد عەلی |
| 84 | حەسەن مستەفا جەعفەر |
| 85 | حەسەن یاسین عەبدولرەحمان |
| 86 | حەسیبە ئیبراهیم |
| 87 | حەمید ئەبوبەکر بەدرخان |
| 88 | حەیدەر جەمیل |

| | |
|---|---|
| 89 | حسام الدین یاسین سەرداری |
| 90 | حکیم عوسمان |
| 91 | حمزە رەزیکی |
| 92 | حوسێن محەمەد ئەحمەد |
| 93 | خالد محەمەد حمادە( حاجی عفرین ) |
| 94 | خالید محەمەد محەمەد ئەمین |
| 95 | خەرامان محەمەد عبدالکریم |
| 96 | خەلیل حەسەن حمد |
| 97 | خەولە عبدالرحمن |
| 98 | خوشناف جمیل |
| 99 | د. دلێر ئەحمەد |
| 100 | د. رەزوان بادینی |
| 101 | تۆرین ئەحمەد ئیبراهیم |
| 102 | د. سابیر بۆکانی |
| 103 | دڵشاد ئەحمەد حەمەد ئەمین |
| 104 | دڵشاد مستەفا وەسانی |
| 105 | دلێر جلال ئەحمەد |
| 106 | دلێر فازڵ |
| 107 | دلێر محەمەد شەریف |
| 108 | ژیلە کەریمی |
| 109 | رۆدی ئەنوەر |
| 110 | رابەر ئەحمەد کەریم |
| 111 | رەئوف سابر سەعید( رەئوف بێگەرد ) |
| 112 | رەئوف سدیق ئەحمەد |
| 113 | رەزا واحید عەباس |
| 114 | رەعد نجم الدین امین |
| 115 | رەقیب مەحمود ئەحمەد |
| 116 | رەنجبەر قادر شێخ |
| 117 | رزگار فایەق محەمەد |
| 118 | ریاز عەزیز حەسەن |
| 119 | ریسان حەسەن جندی |
| 120 | زانا خەلیل خزر |
| 121 | زانکۆ سەردار رەزا |
| 122 | زەردەشت ئەحمەد خورشید |
| 123 | زەکی قەبلان( زکی رەمەزان قبلان ) |
| 124 | زیاب عبدالهادی( زیکۆ ) |
| 125 | زیرەك کەمال |
| 126 | سۆزان یۆخەنا یوسف |
| 127 | سۆنیا سدیق خلیل |
| 128 | سالار عوسمان |
| 129 | سالم ئیسماعیل نورکە |
| 130 | سامان حەمە کەریم ئەحمەد |
| 131 | سامان حمدامین عەلی |
| 132 | سامان نەجم نەریمان |

| | |
|---|---|
| 133 | سامی سەعید قادر |
| 134 | ستار تەها فەتاح |
| 135 | سەرۆ قادر |
| 136 | سەرباز سالّح حەمە |
| 137 | سەربەست جیهاد سالّح |
| 138 | سەرەتا محەمەد وسو |
| 139 | سەردار جاف |
| 140 | سەلاح الدین بابکر |
| 141 | سەلاح محەمەد ئەمین گەرمیانی |
| 142 | سەلام سعدی هادی |
| 143 | سەلام مستەفا سالّح |
| 144 | سەمیر سلوکە |
| 145 | سەمیرە ئەحمەد حەسەن |
| 146 | سەمیرە عەزیز کانوون |
| 147 | سعد محمد حسن |
| 148 | سلام بالآیی |
| 149 | سمکۆ عەبدلکەریم |
| 150 | شاهین بەدللا عەبدولا |
| 151 | شڤان تۆفیق |
| 152 | شلیمون داود اوراهم |
| 153 | شوان داودی |
| 154 | شوان عوسمان مستەفا |
| 155 | شوان محەمەد کەریم |
| 156 | شوان هەورامی |
| 157 | شێرزاد جەعفەر رەسولّ |
| 158 | شێرزاد موختار محەمەد |
| 159 | شێرکۆ حەبیب |
| 160 | شێروان سلێمان فەرەج |
| 161 | چیا نوری محەمەد |
| 162 | چیا هاوار جەلال |
| 163 | چیمەن عەلی |
| 164 | گۆلّان سەلیم حەسەن |
| 165 | گوران جلال |
| 166 | ڤیان عەباس عومەر |
| 167 | عائیشە شوکت |
| 168 | عابید عبدالرحمن احمد |
| 169 | عارف قوربانی( عارف کەریم قوربانی ) |
| 170 | عامر پولص زیا |
| 171 | عبد عارف |
| 172 | عبدالرحمان کاکل عبداللە |
| 173 | عبدالفتاح عەلی قادر |
| 174 | عبدالقادر زیائی |
| 175 | عبدالکریم ئەحمەد قادر |
| 176 | عبید رشاقەیی |

| | |
|---|---|
| 177 | عەبدولرەزاق عەلی محمود |
| 178 | عەبدوللّا زەنگەنە |
| 179 | عەبدوللّا محمود محمد |
| 180 | عەبدوللەتیف یاسین |
| 181 | عەتا کەریم محەمەد |
| 182 | عەدالەت عەبدوللّا محەمەد |
| 183 | عەدنان مزوری |
| 184 | عەزیز رەشید هەریری |
| 185 | عەزیز عەبدوللّا رەسولّ( ئالانی ) |
| 186 | عەزیز وجدی عەلی |
| 187 | عەلی حوسێن محەمەد فەیلی |
| 188 | عەلی سالّح کەریم |
| 189 | عدنان یوسف |
| 190 | عدی حسن خدر |
| 191 | عوسمان ئەبوبەکر سەعید |
| 192 | عوسمان ئیبراهیم سلێمان |
| 193 | عیماد رەفعەت جەمیل |
| 194 | غەریب شێخ رەئوف |
| 195 | غەسان سالم |
| 196 | فاخر عەلی عارف |
| 197 | فاروق جەمیل کەریم |
| 198 | فاروق عەلی ئەحمەد |
| 199 | فاروق نەسرەدین |
| 200 | فازلّ رەشید |
| 201 | فازلّ عەباس حوسێن |
| 202 | فازلّ عەباس خەلیفە |
| 203 | فەخری ئەمین |
| 204 | فەرمان سالّح |
| 205 | فەرهاد ئەکرەم عەبود |
| 206 | فەرهاد حاجی |
| 207 | فەرهاد عەونی |
| 208 | فەرهاد محەمەد حەسەن |
| 209 | فەرید ئەسەسەرد |
| 210 | فەرید بەکر ئەیوب( فەرید زامدار ) |
| 211 | فەریق حەبیب تۆفیق |
| 212 | فەریق محەمەد سالّح |
| 213 | فریاد محمد سابیر |
| 214 | فرید یعقوب ایلیا |
| 215 | قاسم شێروانی |
| 216 | قدری شێرۆ( قدری عوسمان شێرۆ ) |
| 217 | کۆسار عوسمان ئەمین |
| 218 | کارمەند عەباس هۆمەر |
| 219 | کاروان ئەنوەر فەرەج |
| 220 | کاروان عەلی |

| | |
|---|---|
| 221 | کاروان عەلی یارویس |
| 222 | کامەران حەسەن فەتاح |
| 223 | کاوە ئالیخان |
| 224 | کاوە تۆفیق حەمە |
| 225 | کاوە محەمەد مولود |
| 226 | کاوێز مەلا پەروێز |
| 227 | کەمال جومعە ئەمین |
| 228 | کەمال حەمە عەلی |
| 229 | کمال دانیال میخە |
| 230 | کوێستان سالح حەسەن |
| 231 | لاوەند نەوزاد محەمەد عەلی |
| 232 | لەتیف پۆلا |
| 233 | لەتیف فاتح فەرەج |
| 234 | لوقمان خەلیل ئەحمەد |
| 235 | لوقمان رەئوف عەلی |
| 236 | لوقمان محەمەد رەشید |
| 237 | لیدیا بابا مشۆ |
| 238 | ماجد نورالدین عبدالرزاق |
| 239 | مادیح محمود ئەحمەد |
| 240 | مەجید فەرەج قادر |
| 241 | مەریوان عەلی سالح |
| 242 | مەریوان مەسعود عەلی |
| 243 | مەغدید حاجی ئەمین |
| 244 | مەلا تەحسین گەرمیانی |
| 245 | مەهدی مەجید گلی |
| 246 | محەمەد ئاکرەیی |
| 247 | محەمەد ئیبراهیم ئامێدی |
| 248 | محەمەد جەلال محەمەد |
| 249 | محەمەد حاجی کەریم |
| 250 | محەمەد رەئوف قادر (کوردۆ) |
| 251 | محەمەد سالح |
| 252 | محەمەد شەریف محەمەد |
| 253 | محەمەد عوسمان ئەمین |
| 254 | محەمەد عومەر سالح |
| 255 | محەمەد نوری تۆفیق |
| 256 | محەمەد وەسمان عەزیز |
| 257 | مستەفا سالح کەرەم |
| 258 | مسعود رەشید فارس |
| 259 | مسلیح یاسین |
| 260 | ملکو خوشابا عودیشو |
| 261 | منیرە مەخموری |
| 262 | موحسین یاسین کاکەرەش |
| 263 | موزەفەر عبدلوەهاب |
| 264 | مومتاز حەیدەری |

| | |
|---|---|
| 265 | میکائیل ئیبراهیم ئیسماعیل |
| 266 | میناس یوسف سیفۆ |
| 267 | نەرمین نزار محەمەد شەریف |
| 268 | نەشوان سامی |
| 269 | نسرت هادی |
| 270 | نصرالله نجم الدین سورچی |
| 271 | نوری ئیبراهیم عەلی بێخاڵی |
| 272 | نوری بریمو |
| 273 | نوشیروان شەریف سەعید |
| 274 | نوشیروان قادر حمد |
| 275 | نیگار محەمەد عەلی |
| 276 | هۆشیار عەزیز مەحمود |
| 277 | هانا شوان |
| 278 | هاوڕێ حەمە سالح |
| 279 | هەژار ئەنوەر جەوهەر |
| 280 | هەژار حاتەم حەمە کەریم |
| 281 | هەلالە محەمەد ئەلماس |
| 282 | هەلگورد جەلال حەمە غریب |
| 283 | هەلکەوت زەنگەنە |
| 284 | هەندرێن ئەحمەد |
| 285 | هێرش مەغدید |
| 286 | هێمن ئەمین جەلال شوانی |
| 287 | هیوا جەمال فارس |
| 288 | هیوا مستەفا |
| 289 | وریا جاف |
| 290 | ولیم تیۆدۆر |
| 291 | یادگار عومەر فەرەج |
| 292 | یەحیا عومەر یشاوی |
| 293 | یوسف تۆفیق محەمەد ئەمین |
| 294 | یوسف خالید حسین |
| 295 | یوسف عەبدولکەریم عارف(بەختیار حەساری) |
| 296 | یونان هۆزیا |

# راپۆرتی شەشەم

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**(لە بارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان)**
**(٢٠١٠/٧/١ – ٢٠١٠/١٢/٣١)**

- **پێشەکی**
- **پێشێلکارییەکان**
- **هەڕەشە**
- **دەستگیرکردن**
- **سزادان (غرامە)**

پێشەکی
وەک بەڵێنی هەمیشەیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەپاڵ هەوڵەکانیدا بۆ داکۆکی لەماف و ئازادییەکانی رۆژنامەنووسی بەردەوامە و پاش پێنج راپۆرتی رابردووی لیژنەی داکۆکی، لەم راپۆرتەدا کە راپۆرتی شەشەمی لیژنەکەیە پێدەچێت راپۆرت و هەوڵەکانمان لەخزمەت رۆژنامەنووسان و پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمدا کاریگەری بەرچاوی هەبووبێ و تارادەیەکی باش هەنگاوەکانمان شوێنی خۆی گرتبێ. بەو پێیەی بەپێچەوانەی راپۆرتەکانی پێشوترەوە. ئەم جارە رەوشی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان رووی لەباشی کردووە و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی تیرۆر و توندوتیژی رووی نەداوە، جگە لەچەند حاڵەتێک و گرتنی رۆژنامەنووسان کەم بۆتەوە و لێدان بەهیچ شێوەیەک نەبووە.
بەڵام نیگەرانین لەوەی کە هەندێک لایەن و کەسایەتی چەندین سکاڵایان لەسەر کەناڵەکانی میدیا و رۆژنامەنووسان تۆمارکردووە، بەدەر لە یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان، کە دەکرا بۆ چەسپاندنی یاسای رۆژنامەگەریی، کە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم پەسند و ئیمزایان کردووە، یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان بکرایەتە پێوەری سەرەکی بۆ سکاڵا و کاری یاسایی نەک یاسای دیکە.
جگەلەوەی دەبێ گلەیی ئەوەش لە وەزارەتی ناوخۆ بکرێ کە سەرەرای پێکهێنانی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆسییەی رۆژنامەنووسان و بوونی نوێنەری سەندیکا لەو لیژنەیە، بەڵام وەک پێویست ئیجرائاتیان نەکردووە لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە لە راپۆرتەکانی پێشوودا پێشێلکارییەکان دژی رۆژنامەنووسان ئەنجامداوە کە بڕیاربوو ئیجرائات بکەن، داواشی دەکەین لەم راپۆرتەدا هەوڵی گرنگی خۆیان بدەن بۆ بەرگرتن لەو پێشێلکاریانە و ئیجرائات کردن لەگەڵ لایەنی بەرپرس.
پێمان باش بوو لە کەیسی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) نوێنەری سەندیکا لە لێکۆڵینەوەکان بەشداربووایە.
لیژنەی داکۆکی لە راپۆرتی شەشەمی خۆیدا و لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا هەموو پشتگیرییەکی رۆژنامەنووسانی کوردستانی

کردووە لە شار و شارۆچکەکان بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دەستگیرکراون یان پێشێلکاریان بەرامبەر کراوە یان لە کاتی دادگایی و بنکەکانی پۆلیس ئەندامی لیژنەکە یان پارێزەری تایبەت بەردەوام لەگەڵیاندا بووە و پشتیوانی لە مافەکانیان کردووە و یاساشی بۆ پاراستنی مافی هەموو لایەک، بە سەروەر زانیووە.

تەنانەت لە هەندێک لەو کێشانە لە بابەتی سکاڵاکانی دادگای هەولێر لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چەند کێشە و گرفت لە (دهۆک - کەرکووک). نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (فەرهاد عەونی) خۆی ڕاستەوخۆ بەشداریکردووە و پشتیوانی لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان کردوە و گلەیی بەرانبەر بەو پێشێلکارییانە دەربڕیووە.

هەموو کێشەکانی ڕۆژنامەنووسانیش لە سنووری لق و نووسینگەکانی سەندیکا پارێزەری تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان، لە لیژنەی داکۆکی، داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان کردووە.

دەبێ ئەو گلەیەش لە هەندێک ڕۆژنامەنووس بکەین، کە بە دەنگ داواکانی دادگا، سکاڵاکان و بانگهێشتەکانی بنکەکانی پۆلیسەوە نەچوون و زۆرجار تووشی تەوقیف و بانگکردن بوونەتەوە بۆ بنکەی پۆلیس یان دادگا و دەستگیرکردنیان. کە دەبێ ڕۆژنامەنووس لە هەموو کەس زیاتر ڕێز لە یاسا بگرێ و جێ بەجێی بکات، بەڵام لیژنەی داکۆکی نیگەرانە لەوەی کە بەشێک لەو دەستگیرکردنانە ڕۆژانی پێنج شەممە بووە، وای کردووە ڕۆژنامەنووسەکە سێ ڕۆژ دەستگیر بکرێت، لە کاتێکدا یاسا ڕێگا بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان نادات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەبێ بڵێین ئامارەکانی ئەم ڕاپۆرتە پێمان دەڵێ کە خۆشبەختانە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ڕوو لەباشبوونە و هیوادارین باشتربێ تا بەیەکجارکی پێشێلکارییەکان کۆتایی بێت و کاری ڕاگەیاندن ئازادتر و سەربەخۆتر و چالاکتربێ لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم و بەهێزکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، کە لەقازانجی هەموو لایەکدایە، پێویستیشە هەموو لایەکمان پابەندی یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان بین، کە ماف و ئەرکی هەموو لایەکی دیاریکردووە.

لەم ڕاپۆرتەدا (٦) حاڵەتی پێشێلکاری و (١١) حاڵەتی هەڕەشەلێکردن و (٣) حاڵەتی دەستگیرکردن و (٣) حاڵەتی سزادان هەیە.

لیژنەی داکۆکی
لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان
٢٠١٠/١٢/٣١

### نووسراوی ڕەسمی دادگاکان بۆ زانیاری لەسەر ڕۆژنامەنووسان

لە ماوەی ٢٠١٠/٧/١ - ٢٠١٠/١٢/٢٥، (٧٩) نووسراوی ڕەسمی لە لایەن دادگای لێکۆڵینەوە و سنووری لق و نووسینگەکانی سەندیکا، ئاراستەی سەندیکا کراون، کە داوای زانیاری لەسەر پێدانی ژمارەی سپاردن بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ئەندامیەتی ڕۆژنامەنووسان دەکەن، سەرجەم ئەو نووسراوانە لە لایەن سەندیکا وەڵام دراونەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە ماوەی ٢٠١٠/٧/١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٢٥ (٦١) نووسراوی ڕەسمی لە لایەن دادگاکان ئاراستەی سەندیکا کراون بۆ ئاگاداربوون و ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان کە لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، یان ڕۆژنامەنووسان لەسەر یەکتری تۆماریان کردووە و سەرجەم ئەم نووسراوانەش لە لایەن لیژنەی داکۆکی وەڵامیان دراوەتەوە.

**یەکەم:**

**پێشێلکارییەکان**

١. ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢ ڕۆژنامەنووس (کارزان کەریم) لە ئاژانسی (ئاکانیوز) لە ڕێگای گەڕانەوەی لە قەندیل، لە لایەن بازگەی ئاسایشی سەنگەسەر. کامێراکەی لێ دەستێندرێت و وێنەکانی دەسڕنەوە، ئەو کارەش پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لە

کوردستان.

٢. رۆژی ٢٠١٠/٧/١٧ دوای رووداوێکی ئاگرکەوتنـەوە، پەیامنێری هەفتەنامەی زاری کرمانجی، سـەنگەر سـتار بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکە سـەردانی نەخۆشـخانەی سـۆران دەکات، سـەرەڕای ئـەوەی رەزامەنـدی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشـخانە و کەسـوکاری قوربانـی ئـەو رووداوە وەردەگـرێ، کەچی دوو لە ئەفسـەرانی بنکەکە رێگای لێدەگرن و وێنەکانی نێو کامێراکەشی دەسڕنەوە.

٣. بەپێی سـکاڵایەک رۆژی ٢٠١٠/٧/١٩ تیمی کەناڵی ئاسـمانی زاگرۆس، کـە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسـان (پشتیوان حوسێن و فاخیر جەمیـل) لە کاتی ئەنجامدانـی ریپۆرتاژێک لە بـازاڕی چـەک فرۆشـان لە شـاری هەولێر، لە لایەن کەسـێکەوە پێشـێلکارییان بەرامبەر دەکرێـت، بە (CD)یـش وێنەی کەسـەکە لە کاتی هەڕەشەکانی لە لایەن تیمەکەوە دراوەتە لێژنـەی داکۆکی و بۆ ئەم مەبەسـتە لێژنەی داکۆکـی دەقـی سـکاڵاکە و (CD)یەکەشـی داوەتە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشـی هەولێر بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون.

٤. رۆژی ٢٠١٠/٨/٦ (شـاخەوان عەلـی دەرویـش) لـە تەلەفزیۆنـی پەیام، لـە لایەن ئاسایشـی بازگـەی (عەربەت-سـلێمانی) لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ دەکـەن بەبێ ئـاگادار کردنـەوەی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، بـە مەبەسـتی گەڕان بـەدوای ناوی چەنـد رۆژنامەنووسـێک (بەپێی وتەی ناوبراو).

٥. رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٤ لە یاری نێوان برایەتی و زاخۆ، لە لایەن پاسەوانەکانی یاریگا هێرش کراوەتـە سـەر رۆژنامەنووسـان (مامەیارە ئەحمـەد و ئـەردەلان قـادر) پەیامنێرانـی رۆژنامـەی هەولێر و (هۆشـەنگ عەبدوڵڵا و جاسـم محەمەد) پەیامنێر و وێنەگری کەناڵی ئاسمانی کوردستان.

٦. رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٠ رۆژنامەنـووس (فەرەیـدون بێـوار) لە گۆڤـاری راڤە لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتێـک لەبەردەم پەرلەمانی کوردسـتان. بەهـۆی خۆپیشـاندانێکەوە لـە لایەن کۆمەڵێـک قوتابییـەوە پەلامار دەدرێ و هەرەشـەی لێدەکـەن و پـاش لێسـەندنی کامێراکەی و سڕینەوەی وێنەکان سووکایەتی پێدەکەن.

**دووەم:**

**هەڕەشە**

١. رۆژی ٢٠١٠/٧/٦ (م. نیازی عەلی هەورامی) سەرنوسـەری گۆڤاری (کۆنترۆڵ) بە لیژنەی داکۆکی راگەیاند، لە شاری سلێمانی لە لایەن چەنـد کەسـێکی نەناسـراوەوە، هەڵدەکوتنە سەرماڵەکەی و هەڕەشـەی لێدەکەن و زیان بە ئۆتومبێلەکەشی دەگەیەنن، بەڵام کەسەکان نەناسراون.

٢. رۆژی ٢٠١٠/٨/٩ رۆژنامەنووس (یاسـین حسـێن وەلی) لە کوردستانی نوێ بە لیژنەی داکۆکـی راگەیانـد، کـە کەسـێک بـە نـاوی رێکخـراوی دەوڵەتی ئیسـلامی تیرۆریسـت هەرەشـەی کوشـتنی لێکـردوە و بەوتـەی ناوبراو، هاوڕێ رۆژنامەنووسەکەی شاهیدی ئەو هەڕەشـانەیە و داوای پاراستنی گیانی لە سەندیکا کردوە.

٣. بەپێـی سـکاڵای رۆژنامەنـووس (هیـوا فریادڕەس) ئەندامی کارای سـەندیکا، رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٠ لـە شـارۆچکەی خەباتی سـەر بـە پارێزگای هەولێر لە لایەن (مقدم شـوان) بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بەشی رۆژئاوا، لەنـاو بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیـس هەڕەشـەی کوشـتنی لێکـراوە، لـەم بارەیـەوە لێژنـەی داکۆکی پەیوەندی بەلایەنی پەیوەندیدار کرد، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە کێشەکە کۆمەڵایەتی و پەیوەنـدی بـە کاری رۆژنامەنووسـییەوە نییـە، چونکـە (مقدم شـوان) ئامـۆزای (هیوا فریاڕەس)ە.

٤. رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٣ بە قسەی رۆژنامەنووس (ئەحمەد مسـتەفا) لە کاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسـی، گوایـە لـە لایـەن جێگری سـەرۆکی لێژنـەی ئۆلۆمپـی هەڕەشـەی لێکراوە.

٥. بەپێـی سـکاڵایەک، کـە دراوەتـە لقـی

کەرکووکی سەندیکا، رۆژی ٢٠١٠/٩/١٣ چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی رۆژنامەنووس (سەیوان سەمەد) رۆژنامەنووس لە کەناڵی (العراقیە) بە دەمانچەی بێدەنگ (کاتم)، لە خێزانەکەیان داوە، ئەمە جگە لەوەی پێشتر بە مۆبایل هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

٦. بەپێی سکاڵایەک کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژی ٢٠١٠/٩/١٨ رۆژنامەنووس (بەختیار سەعید ساڵح) لە فەیسبووک لە لایەن (محەمەد سەلیم مزوری) بە قسەی ناخۆش هێرشی کراوەتە سەر، لەم بارەیەوە لێژنەی داکۆکی دەقی سکاڵاکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم بەرزکردۆتەوە.

٧. بەپێی سکاڵایەک، کە دراوەتە لێژنە داکۆکی رۆژی ٢٠١٠/٩/٢١ رۆژنامەنووس (هاوار ئەحمەد) سەرنووسەری گۆڤاری هەڵبوون، بە ئیمەیلی (yahoo.@peramagrwn٢٠٠٥ com) هەڕەشە و سووکایەتی پێکراوە، لەم بارەیەوە لێژنەی داکۆکی دەقی سکاڵاکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەرز کردۆتەوە.

٨. بەپێی سکاڵایەک کە لە لایەن رۆژنامەنووس (لاوە عوسمان زەنگەنە) ئاراستەی لقی کەرکووک کراوە، جگە لەوەی بە مۆبایل هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراویش هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی.

٩. بەپێی سکاڵایەک لە لایەن نووسینگەی هەولێر کەناڵی (KNN) ئاراستەی سەندیکا کراوە، بەڕێوەبەری کۆمپانیای سەوسەن، کە بریکاری هێلی فرۆکەوانی سویدە، دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لە کەناڵی (KNN) لەسەر دواکەوتنی گەشتە فرۆکەوانییەکانی کۆمپانیای ناوبراو بە ژمارە مۆبایلێک، کە لە لای سەندیکا تۆمارکراوە، هەڕەشەی لە تیمی نووسینگەی کەناڵی (KNN) کردووە، کە بریتین لە رۆژنامەنووسان (١. شەوقی کانەبی/ بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێر، ٢. بارزان حەسەن/ پەیامنێر، ٣. ئەحمەد یونس/ وێنەگر).

١٠. بەپێی سکاڵایەک کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژنامەنووس (تەیار عادل گۆران) لە شارۆچکەی بەردەرەش چەندین جار لە لایەن گروپێکی ئیسلامی توندڕەو هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، بە قسەی خۆی چەند کەسێک لەو گروپە خزمی نزیکی خۆیەتی، لەم بارەیەوە لێژنەی داکۆکی دەقی سکاڵاکەی رۆژنامەنووسی ناوبراوی بە نووسراوی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش بەرزکردۆتەوە.

١١. رۆژنامەنوووس (هەژار بابان) کە سەرنووسەری رۆژنامەی (چەرمو)یە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە لێژنەی داکۆکی راگەیاند، کە چەند کەسێک هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوە و دواتریش ئاگریان لە ماڵەکەی بەرداوە، دواتر نامەیەکی هەڕەشە ئامێزیان بۆ ناردۆتە ماڵەوە.

* جێگای باسە لە ماوەی ٢٠١٠/٧/١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٣١ چەندین رۆژنامەنووس بە مۆبایل هەڕەشەیان لێکراوە و ژمارە و سکاڵاکانیان دراوەتە ئاسایشی شارەکان و بەدواداچوونی بۆ کراوە.

**سێ یەم:**

**دەستگیرکردن**

١. شەوی ٢٠١٠/٨/١٠ هەردوو رۆژنامەنووس (ئاری لوقمان کەریم و هێمن حەمە کەریم) لە کەناڵی (KNN) لە لایەن پۆلیسی چەمچەماڵ دەستگیردەکرێن و دەخرێنە ئوتومبێلی پۆلیسەوە، بەوتەی خۆیان سووکایەتییان پێ کراوە و کامێراکەیان شکێندراوە، هەر سەبارەت بەم رووداوە و پێشلکاری بەرانبەر رۆژنامەنووسان لە چەمچەماڵ – لقی کەرکووکی سەندیکا بەیاننامەیەکی نارەزایی دەرکرد و پشتیوانی لە کاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسان کردووە.

٢. رۆژی ٢٠١٠/٨/١٨ رۆژنامەنووس (جەمال عەبدوڵڵا) سەرنووسەری گۆڤاری (بەڵگە) لە لایەن پۆلیسی (١٠٤) لە شاری سلێمانی بە بڕیاری دادوەر بۆ ماوەی سێ

ڕۆژ دەســتگیردەکرێت، بە هۆی ســکاڵایەکی سەرنوســەری پێشوتری هاوڵاتی، بەڵام پاش چەنــد ڕۆژ زیندانیکردنی لە لایەن دادگاوە بە هاوکاری لیژنەی داکۆکی ئازادکرا.

٣. ڕۆژی ٢٠١٠/٩/٥ ڕۆژنامەنــووس (بڵنــد مستەفا) سەرنووســەری گۆڤاری ململانێ لە لایەن بنکەی پۆلیســی کوردســتان و دادگای هەولێــر بڕیــاری دەســتگیرکردنی دەدرێــت بەهــۆی تۆمارکردنــی ســکاڵایەکی ئەمیــری کۆمەڵــی ئیســلامی و ئــارام قــادر نوێنەری یەکگرتوو لە تاران، دواتر ئازاد دەکرێت.

**چوارەم:**

**سزادان**

١. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢ دادگای دهــۆک بەپێــی مــاددەی (٩) لــە یاســای ڕۆژنامەگەریــی لە کوردستان، بڕیاریدا هەریەک لە ڕۆژنامەنووس (عبدالرحمــن بامەڕنــی) سەرنووســەری ڕۆژنامەی چاڤدێر و هۆزانڤان (هۆشەنگ شێخ محەمەد) بە بــڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار، غەرامــە بکرێن، دوای ئەوەی لە دادگا ســکاڵا لە دژیان تۆمار کرابوو لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعرێک لە ڕۆژنامەی ناوبراو.

٢. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٢ دادگای بەرایــی (٤)ی هەولێر، بڕیاریدا سزای غرامەی ڕۆژنامەنووس (ســۆران عومــەر) وەکــو سەرنووســەری گۆڤاری ڕێــگا مەگەزین، بە بڕیی (٣٥) ملیۆن دینــار بەپێی یاســایی شارســتانی عیراقی بە تۆمەتی تەشهیرکردن بە کەسایەتی پ.د.ک.

٣. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٨ دادگای کەتنــی (٢) ی ســلێمانی، ســزای غرامەکــردن بەســەر ڕۆژنامەنووس (شوان داودی) سەرنووسەری هــەواڵ، بە بــڕی (٣) ملیۆن دینار ســەپاند و (١٨) ملیــۆن دیناریش بــۆ ڕۆژنامەی هەواڵ، بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥).


| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. ئەنوەر حوسێن | ٢٩ ٥٠ ١٥٣ ٠٧٧٠ | سکرتێری لیژنە | a_bazgr@yahoo.com |
| ٢ جەمال حوسێن | ٠٧٥٠٤٠٢٦٨٧٨ | بڕیاردەری لێژنە | jamal_khailani@yahoo.com |
| ٣ زیرەک کەمال | ٠٧٥٠٤٤٨٧٠٨٥ | ئەندام | zerakkamal@yahoo.com |
| ٤. شوان داودی | ٢٦ ٣٩ ١٥٣ ٠٧٧٠ | ئەندام | shwandaudi@yahoo.com |
| ٥. بەهجەت هروری | ٥٨ ٩٢ ٤٤٥ ٠٧٥٠ | ئەندام | behcet.hirori@yahoo.com |
| ٦. شوان هەورامی | ١٠ ٢١ ١٤٣ ٠٧٧٠ | ئەندام | shwan67@yahoo.com |
| ٧. ئاکۆ محەمەد | ٧٨ ٠٩ ٤٤٥ ٠٧٥٠ | ئەندام | akopress74@yahoo.com |

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسان**
**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**٢٠١٠/١٢/٣٠**

# بەسەرچڵی ژیانی ناکام

لە رۆژی ۲۰۱۱/۲/۱، رۆژنامەنووس و نووسەری ناوداری گەلەکەمان سـەعید ناکام لە دوای ژیانێکی پڕ چەرمەسـەری و هەوراز و نشێو و چێشتنی تاڵأ و سوێری ژیان،ماڵئاوایی لێ کردین. دیارە ناکام لەو چەند ساڵەی دواییش بە تەواوی لە ژیانی رۆژانە دابڕابوو.

نـاکام یەکێکە لـە قەڵەمە بـە بڕشـتەکانی نێو بزاڤی رۆشـنبیریی کـوردی. سـەرەتای دەسـتپێکردنی کاری رۆژنامەنووسـیی، لای حوسـێن حوزنی موکریانـی لە چاپخانەی **(زاری کرمانجی)** لە رەواندز بووە، پاشان چۆتـە سـلێمانی هـاوکاری **(پیرەمێـرد)**ی کـردووە لـە رۆژنامـەی **(ژیـان)**، هەروەها بۆ رۆژنامەی **(الأهالی)**ش وەک پەیامنێر دەنگوباسـی شاری کەرکووکی ناردووە. لە چلەکانیشـدا بە دەستنووس بڵاوکراوەیەکی بـە ناوی **(زەردەواڵە)** لە سلێمانی دەرکردووە. لە ساڵی ۱۹٤٦یشدا چۆتـە پـاڵ کۆمـاری کوردسـتان و لەچاپخانـەی رۆژنامـەی کوردسـتان کاری کـردووە و دەوری دیـاری لـە چاپکردنی رۆژنامـە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە.





دوای رووخانـی کۆمـار و گەڕاوەنـەوەی بـۆ عیـراق، گۆڤـاری **(ئازادی، ئازادی کوردستان)**ی پارتی کۆمۆنسـتی عیراقـدا لـە کەرکووک بەڕێوەبـردووە و هـەر ئەویـش دەستەواژەی **(کوردستان)** خستۆتە سەر **(ئازادی)**یەکە.

لە رۆژنامەی **(الثـورة)**ی یونس تائی، سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشـدا کاری رۆژنامەنووسی کردووە.


لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلوولی ۱۹٦۱دا، بە تایبەتیش لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، لە ئێزگەی **(دەنگی کوردستانی عیراق)**دا بەشدار بووە.

لە ئاداری ۱۹٦۸یشدا لە چاپخانەی شۆڕش کاری کردووە و **(دەنگی پێشمەرگە)**ی وەک گۆڤارێکی رێکوپێک دەرکردووە، تا تشرینی دووەمی ۱۹٦۹ دوانـزە ژمـارەی لـێ دەرکـردووە و ئەم گۆڤـارەش یەکێکە لە بڵاوکراوە دیارەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕش.

لـە دوای رێککەوتنـی ۱۱ی ئـاداری ۱۹۷۰یـش لـە گۆڤارەکانـی



٢٠٠١/٩/٢٩ بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان



(**نووسەری کورد**)ی یەکێتی نووسەرانی کورد و (**رۆژی کوردستان**)ی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و هەروەها گۆڤاری (**برایەتی**) ١٩٧٠ دەوری زۆرباشی گێڕاوە و جێ پەنجەی بە سیمای ئەو ژمارانەی کاری تێدا کردوون زۆر بە روونی دیارە، بە تایبەتی زمان پاراوی، چونکە کوردینووسێکی کەم وێنە بوو و لە بوواری نووسین و وەرگێڕانیشدا قەڵەمێکی بە بڕشت بوو.

سەعید ناکام لە بوواری وەرگێڕانیشدا، کتێبی (**کورد لە مێژووی دراوسێیەکاندا**)ی ئەولیا چەلەبی، کە کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بۆی چاپ کردووە، شاکارێکی دیاری وەرگێڕانی ئەوە و لە زمانی تورکی وەریگێڕاوە، هەروەها کتێبی (**بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد**)ی کاک مەسعود بارزانیش لە دوو بەرگدا لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە و لە دهۆک چاپ کراوە. لە بواری نووسینی رۆمانیشدا دەوری خۆی هەبووە.

سەعید ناکام لە ساڵی ١٩١٨دا لە گوندی (**دەوەشار**)ی رۆژهەڵاتی سابڵاخ لە دایک بووە، خوێندنی لە حوجرە و کەمێکیش لە قوتابخانەی میری بووە، هەرچەندە زیرەک و لێهاتوو بووە، بەڵام بە هۆی ناگزوری ژیان، نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، دووچاری ژیانێکی دەربەدەری بووە لە هەردوو دیوی عیراق و ئێران بە زەحمەت جێی بۆتەوە، لە بواری سیاسیشدا رۆڵی خۆی گێڕاوە.

**راستی ئازاد**

# (زامداریات) (*)

لەم رۆژانەدا هەواڵی خۆش خۆشمان لەبارەی هەردوو رۆژنامەنووس محەمەدی مەلا کەریم و مەحموود زامدارەوە پێ دەگات. بەڕاستیش ئەو دووانە جێ پەنجەیان بەسەر رۆژنامەنووسی و رۆژنامەوانانی کوردەوە دیارە، بەردەوام دووعای خێریش بۆ ئێمە دەکەن.
ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ برادەرێک بەیەکەوە چووینە لای زامدار، نەخۆشییەکەی ئەوەندە کاری تێکردبوو بە چوار پێیانیش هەر ئەوەتە دەیتوانی بڕوا، ئەوێ رۆژیش کە بەلای ماڵیان دا تێپەڕین، بینیمان وا لە پەنادیوارەکەی ماڵەوەدا پیاسە دەکا باشتریش دیار بوو، چونکە ئەمجارەیان وەکو لە وێنەکەدا دەیبینن بە سێ لاقان دەڕۆیی، برادەرەکەمان لە خۆشیان کامیراکەی دەرهێنا و چرتەی لێوە هێنا، دڵنیاین ئەو دیمەنەی دواییان دڵی هەوادارانی (**داروین**) خۆش دەکات.
پێشتریش هەر ئەو رۆژنامەنووسە لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمدا، لە حەوشەی بارەگای حیزبی شیوعی کوردستاندا وێنەیەکی دیکەی زامدار و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادەو نووسەری ئەم دێڕانەی گرتبوو.
وا دیارە بەم دواییە (**بەشیر موشیر**)ی هاتۆتە خەون و پێی گوتووە بەم بۆنەیەوە هەردوو وێنەکە لەگۆڤاری «**رۆژنامەنووس**»دا بڵاو بکاتەوەو ئەو چەند دێڕانەی بۆ ژێر وێنەکە بۆ نووسیوین(**)

**ئەوەی دەیبینن لەم پەنا دیوارە**
**هەبێ و نەبێ ئەوە مەحموودی زامدارە**
**خوایە بۆمانی بهێڵی لەم وڵاتەدا**
**تا مەحموود نەخوا عارەق بەبێ جغارە**

(*) خوالێخۆشبوو خالید جووتیار کاتی خۆی گۆشەیەکی بەم ناوەوە لەسەر (**زامدار**) هەبوو و لە گۆڤار و رۆژنامەکان لەسەری دەنووسی.
(**) ئەوەی شایانی باسیشە، خانەوادەکەی زامدار چەند جاران باسی هەڵوێستی نەقیبی رۆژنامەنووسان و ئەنجوومەنی سەندیکایان، لە بەسەرکردنەوەی (**زامدار**)ەکەیان بۆ نووسەری ئەو دێڕانە باس کردووە و رایانسپاردووە لەجیاتی ئەوان سوپاسیان بکەین و پێیان بڵێین خوا لە وێنەیان زۆر بکات، بەداخەوە وادیارە لەبیرمان کردووە پەیامەکەیان بگەیەنین.





لاپەڕە 296 بخوێنەوە

24-23

# ROZHNAMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2011

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر
0750 445 9848